

تارمایی
هەڵەبجە
ڕێبوار ڕەشید



سوپاس بۆ
حەسەنی قازی. نەبی زەندی. جوانە و کوێستان. سوپاسی بن پایانم بۆ هاوڕێی دڵسۆز
بەو. م. ر. کە چاوی لە "نووسینە" خاڵ نەکرد.

تارمایی هەڵەبجە

چاپی یەکەم
سوید
1998
IBSN 91-630-6429-4

ڕێوار ڕەشید

تارمایی هەڵەبجە

تارمایی هەڵەبجە

ڕێبوار ڕەشید

"تارمایی هەڵەبجە" بە دەنگی هاوژین زیبا خوێندراوەتەوە و بە شێوەی کتێبی دەنگیی هەیە (گوڵانی ٢٠٢٥).

بۆ ئەوانەی لە دەردی غوربەتی نالی و لە خەمی دڵی سالم دەگەن!

سوپاس بۆ:

حەسەنی قازی، نەبی زەندی، جوانە و کۆیستان.

سوپاسی بێ پایان بۆ براو هاوڕێی دڵسۆز ب م ڕ کە چاوی لە "فریشتە" خافڵ نەکرد.

چاپی یەکەم/ سوید ١٩٩٨

ژمارەی سپاردن IBSN 91-630-6429-4

چاپی دووەم بە شێوەی پ د ف/ ٢٠٢٥/٣/٣٠

"خۆم چۆن بڕووا دەکەم؟ قەرزداری وەڵامەکەم. تەنها باوەڕێک خاوەنیم ئەوەیە کە شارستانیەکەمان بێ مانایە و لە هەر شتێکیش بێ مانا تر ئەوەیە کە ئەمە بە گشتی ناسەلمێندرێت."

ئولوف لاگەرکرانتز

کتێبی "بازنەی یەکەمم Min första krets"، چاپی سالی ١٩٨٢

تارمایی هەڵەبجە

© بێ ئاگاداریی و ڕەزامەندیی نووسەر مافی چاپکردن و کار لە سەرکردن بۆ نووسەر پارێزراوە.

© بە شێک لە دیالۆگەکان بە لەهجەی سلێمانی نووسراون.

- نەخەڵەتابی قسەی ناشیرین و بێ سەروبن بە دایک و خوشکم بڵێی

سلێمانی: تووپیەلیک چوارشەممە، ١٩٩١/٤/٣

سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ بوو. وژەوژ و دەنگ و هەرا تێکەڵ بە گرمەگرمە هەمیشەییەکەی شار بووبوو. هۆڕنی ئوتومبێلەکان لە جاران خێراتر و ناشازتر و پترتر لە دووڕەوە دەگەیشتنە گوێ. دەنگی جۆراوجۆری بڵندگۆی مزگەوتەکان لە نێو هاژەهاژەکەدا دەتوایە و سەدای نائارامیی دەنگەکان باڵی بە سەر شاردا کێشا بوو. لە نزیک گەڕەکی ئەمانیشەوە غەڵبەغەڵبێکی ناقۆڵا تا دەهات زیاتر دەبوو و زۆرتر پەرەی دەستاند. شەقەی باڵەفڕکێ و باڵەتەپێی بەردەوامی پاسارییەکان کە هەر بە هەوادا دەهاتن و دەچوون و نەیاندەتووانی ئۆقرە بگرن سەرنجی مرۆڤاکانی جارێک دوور و جارێک نزیک فڕێ دەدا. دانیشتووان لە ماڵ دەهاتنە دەرەوە و بێ ئاوەڕ دانەوە ملی ڕێگەیان دەگرت. لە کۆڵانەکانەوە جۆگەی بە پێچ و دەوری خەڵک ڕێچکەیان بەستبوو پەیتا پەیتا پەڕژانە ناو شەقامەکانەوە.

هەرچەندە ئازاد پێش ئەوەی بڕووات داوای لێبووردنی لێ کرد، بەڵام ئەم هەر ئەوەندەی مەلی خەیاڵی بە ڕووداوەکەی بەیانییەوە بگیرسایەتەوە یەکسەر قوڵپە هەنسکی گریان لە سەر سینگ و گەرووی نۆرە بڕێیان لە یەک دەکرد و فرمێسکی قەتیسماوی گەرمیان دەزاندە چاوی. ژانێکی گورچکبڕ خۆیی تێوە دەئاڵاند و جێی خۆیی لە ناخیدا خۆش دەکرد.

لە ئەوە نەدەچوو ئەم جارەیان لە ئازاد ببووریێت.

تا ئێستا دەیان جار لێی بوورا بوو.

یەکەم جار ئازاد لێی دا تەنیا مانگێک بوو گواستبوویەوە. ئەم بە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی خۆیی دادەنا. هەرە هێوەرە بچکۆلەکەی نەبێت کە تەمەنی ٩ ساڵانە بوو و دڵی پڕ بووبوو لە گریان، باقی خێزانەکە لێیان دەدا. یەکێک پرچی ڕادەکێشا، ئەوی تر زللەی لێ دەدا،

یەکێکی تر نووکەشەق ێ هەڵ دەدا، دەستێک نوقورچی توند و دەستێکی تر مستەکۆڵەی قورس و باسکێکیش سیخورمەی خێرا خێرا.

ئازارێک برووسکەیی، ئازارێک بە پێچ و ئازارێک خاو، بەڵام پتەو، بە هەموو ئەندامێکی لەشیدا تێپەڕ دەبوون و ماوەیان نەدەدا ئەگەر بۆ چرکەساتێکیش بوو بێت بەرەنگاری یەکێک لە ئازارەکان ببێتەوە. هەر خۆی ڕادەپسکاند و بە دەم ڕۆیشتنێکی نابیناوە لە سووچێک دەگەڕا تا تێیدا کوشکەڵە بکات، بەڵکم ماندوو بین و دەستی لێ هەڵ بگرن.

ئازارەکان تاویان بۆ هینابوو، بەڵام دەمی خۆیی گەیاندبووە کلیلە و نەیدەهێشت نووزەش لە دەمی بێتە دەرێ. بە هێواشیش دەڕۆیشت و هەنگاوەکانی بە پەلە نە دەنا. نەیدەوسیت لە بەردەمیاندا بگری، نەشیدەوسیت لە بەردەستیاندا هەڵ بێت و فێری ئەوەیان بکات دووای بکەون.

تەنیا مێردەکەی ئایشی ڕیشن کە ئەحەکەریان پێ دەگوت بەشداریی لە گەلەکۆمەکیەکەدا نەکرد. ئەحەکەر بە بەزەییەوە دەیڕووانیە فریشتە و هەروەک ئەسپێکی ماندووی شانومل کوتراو لە دوورەوە یەک دوو جار بە هێمی پێڵووی چاوەکانی خۆیی دەتروکاند، دەستێکی بە ئەسپایی بۆ لای سەریەوە بەرز دەکردەوە و هەروەک مێش لە خۆی دەر بکات بە نیوە کەوانەیەک بای دەدا و زوو دەستی دەخستەوە سەر کۆشی. پاشان دووبارە هەمووی دووپات دەکردەوە.

کە ماڵ چۆڵ دەبوو هەردووکیان بە تەنیا لە ماڵەکەدا دەمانەوە. لە سەرەتادا فریشتە لە بێدەنگیی و واقورماویی ئەم مرۆڤە زۆر دەترسا. کاتێک بە لایدا ێ دەپەڕی هەنگاوەکانی بە ئەسپایی، هێدی هێدی لە سەرخۆ دادەنا. لە ئەو کاتەدا لەشی بە ڕاستیی دووای قاچی دەکەوت و سەریشی پێچی دەخوارد بە لای ئەحەکەردا و چاوەکانی پڕ ترس و نادڵنیاییەتی و گومان یەکانگیری چاوەکانی ئەحەکەر دەبوونەوە. وای هەست دەکرد پەلاماری دەدات، ونجن ونجنی دەکات و لە پاشاندا لاشەکەی دەشارێتەوە و بە خێزانەکە دەڵێت: باری کردووە، ڕای کردووە، یان ڕەدووی پیاوێک کەوتووە.

هەر درۆ زۆر بوو بیانکات.

ئەحەکەریش وەک لە بیچمێکی غەیبی بڕووانێت کە تازە خۆی بۆ ئاوەڵا کردبێت، بە چاوە کزە ئاولێهاتووەکانی وردەوردە دووای هەنگاوەکانی فریشتە دەکەوت و چاوی دەبڕیە چاوی و بە هەمان ئاراستەی ڕۆیشتنی ئەم، سەری، کە هەمیشە نەرمە لەرزینێکی تێدابوو، با دەدا و تێی دەڕووانی.

ئیدی وای لێ هات ئەگەر ئەوانیش لە ماڵەوە بوونایە ئەوا ئەمان، فریشتە و ئەحەکەر، هەروەک دەستێکی نە بینراو لە دووڕەوە ملیان بجووڵێنێت، تەماشای یەکیان دەکرد و لە یەکتریان دەڕووانیی.

بۆ یەکەم جار ڕۆژێکیان زەردەخەنەیەکی پڕ خۆشەویستیی و سۆزی گەرمی بە مەبەست لە سەر لێوی ئەحەکەر بزووت. زەردەخەنەیەک کە گەرمایی ناخی مرۆڤایەتیی دەبەخشی و وەک هی منداڵ پاک و بێ گەرد بوو. لە سەرەتادا فریشتە لە جێی خۆیدا وشک بوو. بەڵام ئەمیش زۆر خۆڕسکیانە هەر وەک ناخی پێشبڕکێی لەگەڵدا بکات، بەڵام بە سووکە ترسێکی کەمێک ختوولکەدەرەوە، زەردەخەنەیەکی ناسکی گەرمی بۆ سەندەوە و چاویان لە دووڕەوە یەکانگیریی یەکتر بوو.

بەیانیەکیان هەموو ڕۆیشتنە دەرێ. بە تەنها کاکە ئەحە و فریشتە لە ماڵەوە بەجێهێڵران. وەک هەموو جارێکی تر نانکردنەکە بە فریشتە درا بوو. هێشتا دەستی لە ناو هەویرەکەدا بوو کە کاکەئەحەی بینی بە کاوەخۆ بەرزبووەوە و هات بە دیار فریشتەوە کەمێک ڕاوەستا. فریشتەش دەستی لە ناو هەویرەکەدا بە شلی دەجووڵا و لە جێی خۆیەوە لە کاکەئەحەی دەڕووانی کە کەمێک بە چەماوەییەوە بە سەر ئەمدا شۆڕ بووبووەوە.

چاوەکانی وەک هی ئاژەڵ تەڕ. سەری و باڵەکانی لە ئانیشکیدا کەمێک بە لەرز. تۆزێک لێوی خۆی جووڵاند و ئەوجا هەر بە ڕەوتی خۆی دەستی کرد بە یارمەتیدانی فریشتە. بە شقارتەکەی دەستی پەرەمێزەکەی داگیرساند و پەرەمێز کڵپەیەکی نەرم بەڵام لە پڕی لێ هەستا. لەگەڵ کڵپەکەدا ڕاچڵەکی و تەکانێکی بۆ دوواوە دا. بەڵام زوو لەنگەری گرتەوە. فریشتەش لە ئەوکاتەدا بە دەم بەرزکردنەوەی تەشتە هەویرەکەوە هێندەی پێی کرا خۆی

ڕاست کردەوە، وەک داچڵەکابێت، بەڵام هەر زوو هەر دووکیان دەستیان بە پێکەنین کرد.

کاکەئەحمە لە پێکەنینێکی نەرمی قووڵی بە تەکاندا، پڕ گومان و ترس، کەمێک سەری بە خۆباوەڕیی لەقاند و بە هێنانی پنە و کەوڵی نانکردنەوە خەریک بوو.

- من گونکەکانت بۆ بگرم؟
- ها؟ نا، نا، نا، تۆ چۆن زەحمەتی وا ئەکێشی؟
- نا، ڕۆڵە، زەحمەتی چی! هەر ئەوان نەیەنەوە، هەر ئەوان دوور بن.

هێندەی گوت و لە فریشتە نزیکتر بووەوە و دەستی کرد بە هەویرەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە لەش ماندوو بوون وەک دیلی زیندانی ناو قەڵایەک یەکتریان بە ناو سەرگوزشتەکانی خۆیاندا بە کێش دەکرد. کات لە نێوان کار و بەسەرهاتدا وەک مەلێکی سرک بەجێی دەهێشتن.

ڕۆژێکی جلکشووشتن کە هەریەکەیان لە ئەوی تر زیاتر خۆی ماندوو دەکرد، هەردوو بە نیوەکوورەیی هەروەک خۆیان بە پۆزی کارەکەوە راهێنابێت سەیری یەکیان دەکرد و لە نێوان تەنافە بە جلکشۆڕەبووەکانی چواردەوریانەوە لە یەکیان دەڕووانی. هەروەک جلکە تەڕەکان شل و سارد و سڕ داهاتبوون. بۆنی ئەو برنجەی لێیان نابوو بە سووتاوی دەگەیشتە لووتی هەردووکیان، بەڵام بە دەستەوەستانی لە یەکیان دەڕووانیی و هێزیان نەمابوو بە پەلە بگەنە سەری و ئاگرەکەی بنی خامۆش بکەن. لە ئەو ترسەدا کە بە لێدانی سەر گەڕوویان دەبینرا و لە یەکیان دەڕووانیی وەبیریان هاتەوە کە هێشتا کراس و پانتۆڵەکانی ئازاد و تالەیان ئوتو نەکردووە و ماڵەکەشیان گسک نە دابوو. هاکا ئەوانیش خۆیان کرد بە ژووردا. هەردووکیان لە چاوی یەکتردا لێدانی شەویان دەخوێندەوە.

ئێوارەیەکی سارد و تەر فریشتە بەرمیلی ئاوەکەی پاک دەکردەوە و دەیویست شوێنگۆرکێی پێ بکات. بەرمیلەکە لە سەر لایەکی بلۆکەکانی ژێرییدا خزا و کەوت بە سەر

فریشتەدا و دەستی بە تەواوی کەوتە ژێری. ئایشێ ڕیشن کە لە دووڕەوە چاویشی لێ بوو هێشتا قەدەرێکی زۆری پێ چوو تا گەیشتە سەری.

کاکەئەحە کە ئاگای لێ بوو فریشتە خەریکی چییە هەر لەگەڵ زرمەی بەرمیلەکەدا وەک زانیبێتی شتێک ڕووی داوە نیشتە سەر فریشتە و بەرمیلەکەی دوور خستەوە. ئینجا چووە ژێر شانی و بەرزی کردەوە. بە قوربان و بە ساقەی دەبوو، بە کچ و بە ڕۆڵەی خۆی ناوی دەهێنا و دەترسا فریشتە لە ئازاردا لە هۆش خۆی بچێت. ئایشێ ڕیشن وەک لە خەمی بەرمیلەکە و بێ ئاوییەکەدا بێت بە نابەدڵییەوە بە شلی دەستی فریشتەی گرتبوو کە بە ئەو لایەی فریشتەدا شۆڕ بووبووەوە.

- جا نا بێ ئاگاو لە خۆو بێ؟ من پێرێ بوو پێم وتی پاکی کەیتەوە، نەک بەم سەرمایە.بزانە، من گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە پەنجەیەکم نەشکاوە!

کاکەئەحە بە نقەنق فریشتەی بەرەو دەرەوە مرخێش کرد و خەڵک و خودا گەیاندیانە نەخۆشخانە. لە ئەو هەموو هێنان و بردن و ئەشیعەگرتن و بە گەچگرتنەوەیەدا بووبوو بە چاو و بە دەم و بە گوێ فریشتە و وایان دەزانی کچیەتی. لە نێوان مۆڵەتی پشوودانی ئازارەکاندا کە فریشتە دووبارە جیهانی ئەم دیوی وەبیر دەهاتەوە کاکەئەحە هەروەک کانی سەرەتای بەهار خوڕەی دەهات و بە تامەزرۆیەکی حەسرەتەوە بەسەرهاتەکانی خۆیی بۆ فریشتە دەگێڕایەوە. چاوی بە خەو تێرنەبووی ماندووی فریشتەی بە وێنەی ڕووداوە گاھ تاڵ و گاھ شیرینەکان زاخاو دەدا.

کاتێک گەیشتنەوە بۆ ماڵەوە سەعات یەک و چارەکی شەو بوو، ماڵی ئایشێ ڕیشن هێشتا ڕانەکشابوون.

- ئەوە بۆ ئەوەنگەتان پێ چوو؟ خۆ زراوتان بردین. من نەمهێشت ئازاد بێ بە شوێنتانا، هەر ئەموت ئێستا نا ئێستا یەنەوە.

ئەمانیش هیچیان نەگوت. هەر یەکەیان بەرەو ژووری خۆی ملی نا. فریشتە گوێی لێ بوو ئازاد بە دەم خۆیەوە دەیگوت: کەربابە ماڵم بۆ چاک ئەکا، کێ تاقەتی هەیە بەلوعەی ئەو بەرمیلە چاک کاتەوە!

تا گەچەکە لە باڵی کرایەوە کاکەئەحە هاوکار و هاودەمی بوو و تا زۆری بۆ نەهێنرایە لێی دوور نەدەکەوتەوە. خۆی دیلی فاتەپشن بوو، دەیزانی فریشتە چی دەکێشێت.

فریشتە لە ئەمەوە بۆی دەرکەوت "بەفراو" تا چ ئاستێک ڕاست بوو: ڕۆڵە، لە وڵاتی ئێمە پیاوەکانیش دیلن. داخی دیلێتیەکەی خۆیان لە شەڕوالّی خۆبەپیاوزانینی خۆیاندا بە ئێمە دەڕێژن.

فریشتە نەیدەزانی ئەم مررۆفە چۆن بووە بە ژێردەستە و کۆیلەی ئایشێ ڕیشن. هەر ئەوەندەی بزووایەتەوە ئەم ناوکی دەکەوت و لە بەردەمییدا وەکو ماری بە دووپشک ترساو لە جێێ خۆیدا نەدەبزووت. چاوەڕوانی بەراتی چارەنووسی دەکرد. منداڵەکانیش پێی ڕاهاتبوون. ئەوانیش لێیان دەدا و گاڵتەیان پێ دەکرد و تا نەیانخستایەتە گریان وازیان لێ نەدەهێنا.

ڕۆژێک ئایشێ ڕیشن لە دوواوە ئینجانەیەکی کێشابوو بە سەریدا. پاش هاتنەدەرەوەی لە نەخۆشخانە بە تەواوی گۆڕا بوو. نزیکەی مانگێک خۆراک نەچووبووە ناو زاری. هەر خۆی جارجارە وردەنانێک و هەندێک ئاوی بە بێدەنگی خواردبووەوە و چووبووەوە سوچەکەی خۆی و بەتانیەکەی بە دانیشتنەوە دابووەوە بە خۆیدا. ئەوانیش ئەو ماوەیە وازیان لێ هێنابوو، بەڵام گاڵتەپێکردن و لێدان پاش ماوەیەک دەستی پێ کردبووەوە. ئەمیش بۆ دووا جار، یان هیچ نەبێت تا ئێستا، سەری بۆ چارەنووس چەماندبوو.

بەیانیەکیان لە بەردەمی فریشتەدا ئازاد و تالە وەک منداڵ بەتانیەکەیان لێ دەفڕاند و ئەوجا بە تونديی هەڵیان دەدایەوە و بە سەروچاوییدا. کاکەئەحە لە تووڕەیی و بێدەسەڵاتییدا هەناسەی لێ بڕا بوو و نەیدەتوانی چمکی بەتانیەکە لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە. فریشتە کە لە ترسی خۆی ماسولکەکانی لەشی هاتبوونەوە یەک خەریک بوو هار دەبوو.

- تو خوا ئێوە پیاون؟ ئێوە شەرەف و ویژدانتان هەیە؟ ئەوە باوکتانە، باوکتان، خۆ دوژمنتان نییە.
- ئەڵێی چی ئینجانەیەکیش بکێشین بە سەری ئەما و وەک ئەحەی لێ کەین؟ تالە بە گرمۆڵەکردنی بەتانییەکەوە بە ئازادی دەگوت.

پاشان کەمێک بە دەم یەکدا تلیقانەوە و چوونە دەرێ.

- مامەگیان، بە ڕاستیی بە داخەوەم هیچم لە دەست نایەت. فریشتە بە بەزەییەوە لێی دەڕووانی و دەیویست هەرچۆنیەک بێت خۆیان بکات بە دووان.
- کچم گوێ مەدەیە، هەتا هێزم هەبوو حەمالّیی دنیام کرد. بە ئێش و ئازار گەورەم کردن و نەمهێشت موحتاجی دەستی خەڵک بن.

فرمێسکی چاو و لیکی دەمی تێکەڵ بووبوون و بە چەناگەیدا شۆڕ دەبووەوە و تک تک بە لینجی دەکەوتنە سەر بەتانییەکەی کۆشی.

- وا ئێستا پیر و پەککەوتەم و ئەمە بەشمە. یەکێک ئەڵێ زۆر ئەخۆی، ئەوی تر ئەڵێ پیسی و یەکێک ئەڵێ کەی ئەمری. بە هەموویان لێم ئەیەن و گاڵتەم پێ ئەکەن. حەیوانەکان باشترن کچم. لە ناو ئەواندا کوا ئەم خۆخۆرییە هەیە! من زەرەرم بۆ کێ بووە، کچم؟

فریشتە کە خۆی باوەشێکی گەرم و تۆندی پێویست بوو کاکەئەحەی لە ئامێز گرت و بۆی دەلایەوە. باوەڕی نەدەکرد ژیان واش دەبێت. کاکەئەحەش بە ڕووخساری ئاژەڵێکی ترسێنراوەوە، مووی سەری تەنک، مووەکانی برۆی درێژ و بێڕەنگ، چاوەکانی لێڵ و سپێنەکەی ناوی لیخن، هەر دەلەرزا. تانەیەکی تەڵخی سووربا بەری چاوی ڕاستی گرتبوو، زووزوو پڕ دەبوو لە فرمێسک و فرمێسکەکانیش بە قەتیسماوی پەنگیان دەخواردەوە و بە ئاستەم سوچی چاویاویان تەڕ دەکرد. جار جار هەروەک دەستی لێ بەرز بکرێتەوە بە ئەسپایی ڕادەچڵەکی و یەک دوو جار پێڵووەکانی چاوی بە خێرایی دەبزووان.

فریشتە لەگەڵ دڵخۆشدانەوەی ئەمدا بیری لە خۆیشی دەکردەوە.

ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەم جار لێیان دا تا دەمە و ئێوارێ لە ژوورەکەی خۆیان دانیشت و نەبزووا. لە پڕ گوێی لێ بوو ئازاد گەیشتە ماڵێ. خۆی ئامادە کردبوو لە نوکەوە هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە بەڵکم تەزوویەکی شەرم یان پیاوەتیی بیگرێت و بڕیار بدات بگوێزێتەوە. واشی بڕیار دابوو هەوڵ بدات کەس تاوانبار نەکات و لە جیاتی ڕاز و گلەیی بێسوود بەردێک بخاتە سەر مەسەلەکە.

کاتێک ئازاد هاتە ژوورەوە لە خۆیی نەدەکرد. دەتگوت فێی لێ هاتووە. بە هەر چواردەوری خۆیدا هەڵ دەسووڕا و کەف لالێغاوی گرتبوو. بە کۆڵەوژێکی کەمێک ئەستوور کە لەکلکەوە گرتبووی یەکسەر کەوتە وێژەیی و مۆڵەتی نەدا ورتەیەکیش لە دەمی بێتە دەرێ. هەر شوێنێکی لەشی سەری کۆڵەوژەکە بیگرتایەتەوە پێیدا دەکێشا و دەستی لێ نەدەپاراست. دار لە سەر دار تا خۆی بە تەواوی شەکەت بوو. ئینجا شەقێکی توندی لە کەشکەئەژنۆشی هەڵ دا و بەجێیهێشت. لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

نەخەڵەتابی قسەی ناشیرین و بێ سەروبن بە دایک و خوشکم بڵێی.

- ئەڵێی پیاوت لە دەرپێکەتا شاردووەتەوە وا زووزوو ختولکەت یە!

تا ئەم ئێوارەیەش، پاش دە مانگ و نۆ ڕۆژ، هێشتا کەشکەئەژنۆی پەڵەیەکی مۆری کاڵی بووارددووی پێوە بوو. هەر لە پرێکیشدا تەزووە ئازارێکی خێرا بە جێگاکەیدا دەهات و هەر بە هەمان خێراییش نە دەما، بەڵام ئازارێکی لە ناو دڵیدا دەخەملاند کە وەک ڕۆژانی پاش جلکشتنەکان بە پێشەوەدا شۆڕی دەکردەوە.

لە دووای ئەو ڕۆژەوە سووکایەتی و گاڵتەپێکردن و تووڕەکردن و لێدان درێژەیان کێشا.

پاش ماوەیەک مانگ باوکی فریشتە پێیان زانی، بەڵام هیچیان نەکرد.

باوکی فریشتە، حاجیەکی تووڕەی قیرسیچمە، حاجی بێخود، سوێند و تەڵاق و کۆمەڵێک شتی تری خوارد کە ئیتر فریشتە کچیان نییە و هەر کەسێک لە خێزانەکە بچێت بۆ لای یان هامشۆی بکات ئەوا نەهی و نەفرەت لە ئەویش دەکات.

جارێک فریشتە و دایکی بە دزییەوە لە بازاڕ لە دووکانی خێرخوایەکی دۆست یەکتریان بینی. هەرچۆنییەک بێت حاجی بێخود پێی زانی و تۆزێکی مابوو خانووەکەیان پێوە بسووتێنێت تا لە ئاکامدا کۆمەڵێک بڕیاری وردو ئاونەدزی دا کە کەس نەتووانێت و بۆی نەبێت توخنی فریشتە بکەوێت. کابرای دووکانداری خێرخواشی پاش کۆمەڵێک پەشیمانبوونەوە و بەڵێنی تازە، بەخشی.

پاش ئەو ڕووداوە "بەفراو" بە شۆخییەوە بە فریشتەی گوت: باوکت هەر بۆ ئەوە باشە لەگەڵ حکومەتا مفاوەزاتی پێ بکرێ، بە تەڵاقێک و شایەتیەکی ڕەسوڵوڵا، خواش بستێک نایهێنێتە خوارەوە.

سەرەڕای دەردەسەرییەکان هێشتا هەموویان هەر دەستیان کرد بە پێکەنین.

دووا جار حاجی بێخوود بیستی فریشتە چۆن لێدانێکی خواردبوو، چۆن باڵی لە جێ برا بوو و مەچەکی شکێندرابوو. بێ لە پرچ ڕاکێشان و بۆکس، زللە، شەق، تف، قسەی ناشیرین و

جوێن. لە جێی خۆیدا دەستی دایە پرمەی گریان و زێدە فرمێسک بە ڕیشە ڕیچنە سپیەکەیدا هاتە خوارێ. لە بەر خۆیەوە باسی شایەتیی ڕەسوڵوڵا و نەهی و تەڵاق پڕی دەکرد:

چەند ئامۆژگارییم کرد شوو بە ئەو بێناموسە نەکا، چەنم پێ وت کە ئەمانە پیاوخراپی لای گەل و لای خوان، بەڵام گوێی لێ نەگرتم. چەن لێی پاڕامەوە و دامێنم گرت، بەڵام بێهوودە بوو. من ئەمزانی ئەم کابرایە ژنی پێ بەخێو ناکرێ، ئەمزانی ئەو ماڵە بە کەڵکی ژن و خزمایەتیی نایەن، بەڵام دەرودراوسێ و خەڵکی بێخەم بوون بە دامێنگیر و بە ڕیشسپی. خۆیشی بێ شەرمیی گرتبووی و خەریکبوو ئابڕووی ئەبردین، سوار کۆڵی عەشقی شەیتان بووبوو و نەئەهاتە خوار. ڕۆژ نەمابوو هاوار نەکا و "نەڵێ من هەر شوو بە ئەو ئەکەم!".

ئەیانوت "یەکتریان خۆش ئەوێ، ئێوەی پیر خۆشەویستیی نازانن".

من ئەمزانی ئەمە خۆشەویستیی نییە و خۆشاوی گەنجێتیە. فەرموون ئێستا چی بکەم، قوڕی کوێ بەسەر خۆما کەم و ڕوو لە کوێ کەم؟"

دەرودراوسێ و، خۆی گوتەنی، خەڵکی بێخەم، هەمدیس حاجیان هێنایەوە سەر کەڵکەڵەی پەشیمانیی و پاشگەزبوونەوە تا بەڵێنی پێ دان کە لە مەلا و ئەهلی دین بپرسێت بزانێت ئاخۆ ناتووانێت بە حەجێک و هەندێک خێر، شایەتیی ڕەسوڵوڵا لا بدات و تەڵاقەکەشی بە شتێکی تر بقەبڵێنێت.

فریشتە ئەم دەنگوباسانەی گەیشتەوە گوێ. لە خۆشییدا هەر بە هەوای هەڵپەڕینەوە لە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو تا ئایشێ ڕیشن تێبخوڕی:

- ئەڵێی پیاوت لە دەرپێکەتا شاردۆتەوە وا زوو زوو ختولکەت یە.

ئەم سیوای لەگەڵیاندا هاتبووە و هەر گوێشی پێ نەدەدان. لێدانەکەش وەک جاران ئازاری نەدەهات نوقوورچەکان نەبن کە هەردەم دەتگوت یەکەم جارە لێی بگیرێن. بەڵام چاک لە ئازاد پەست بوو. بیری ئەو هەموو بەڵێنەی دەکەوتەوە. ئەو هەموو قسە چەور و گفتە شیرینانە. ئەو هەموو دەربڕینە فریودەرانە. درۆی درۆ نەبوون.

داخۆ چەند ژنی ئەم وڵاتە بە هەمان دەردەوە دەتلێنەوە؟ رۆژانە لە ئەم وڵاتەدا چەند حەز و چەند ئەڤین دەمرن؟

پرسیارەکانی ناخی کانیاوی ئازارەکان بوون.

بە ڕاستیی زۆر لە ئەوە دەترسا رۆژێک ئایشێ ڕیشن ئینجانەیەک بکێشێت بە سەرییدا و لە پەلوپۆی بخات. ئەمیش هەر وەک مام ئەحمەد هەر خۆیی و بە تانییەک سوچێکی تری ماڵەکە ئاوەدان بکاتەوە.

رۆژێک هەر وەک لە ئاسمانەوە چرپاندبێتیان بە گوێی ئازاددا، بە خۆیی و پیکاپێکەوە هاتەوە بۆ ماڵێ و بە دوو سەعات شڕوشیتاڵی کۆکردەوە و گواستیەوە. فریشتە تا بڵێی پێی خۆش بوو، بەڵام نەیهێشت هیچ لە سەر سیمای شایەتیی لێ بدات. واشی بە بیردا دەهات کە دیارە دەمێکە ئازاد بیری لێ کردووەتەوە ماڵی دایکی بەجێبهێڵێت، بەڵام نەی درکاندووە. هەمووشیان لە ئەوە دەچوون تا ڕادەیەک ئاگایان لە بڕیار و پلانی یەکتر بێت.

کاتی گواستنەوەکە هەموویان بە سەرزارەکیی خواحافیزبوونیان لە یەک کرد. ئەمیش ئەوان ئاسایی هەر بە سەرزارەکیی وەڵامی دانەوە. پێش ئەوەی بڕووات ڕووانیە مام ئەحمەد کە بە کەساسیی هەر وەک خۆشەویستترین کەسی بەجێ یبهێڵێت و بزانێت ئیتر ببڕای نایبینێتەوە، لە سوچێکی هەیوانەکە، وەک بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێ مەرگ بکات، کوشکەڵەی کرد بوو.

فریشتە بۆ یەکەم جار، بە ئاشکرا، بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە و لە کەس بترسێت، وەک لە مارشێکی نەتەوەییدا بێت، بە هەنگاوی دڵنیا و تونەوە بەرەو لای مام ئەحمەد ڕۆیشت. هەروەک جاران دەستەکانی مام ئەحمەدی وەک بێچووە کۆترێک خستە نێو دەستی خۆی و بە سۆزەوە ڕووانیە چاوە ترسێنراوەکانی مام ئەحمەد. پاش تۆزێک توند توند لە ئامێزی خۆیی گرت و چەند جارێک تێوڵی ماچ کرد.

چاوتروکاندنێک لە ئەمەوبەر مام ئەحمەد لە دڵی خۆیدا خۆزگەی بە مەرگ دەخواست، کەچی ئەو کارەی فریشتە رەنگی خستە سەر ڕووی و هەنووکە لە ئەوە دەچوو نامەی

ئازادیی بە دەستی درا بێت. شەپۆلی هەستێک کە لە ناخی فریشتەوە هەڵ دەقوڵا و وەک مەل دەیچریکاند لە دەستی تێک ئاڵاویانەوە دەڕژایە ناو ناخی مام ئەحمەدەوە.

یەک دوو فرمێسکی گەورە و تەڕ بە چاڵایی نێوان ڕوومەت و لووتی مام ئەحمەددا هاتە خوار و بزەیەکی خۆی ئاسایی گرتی. هەروەک ماڵئاوایی لە گیانی خۆی بکات بە هێمنی پێڵووی چاوەکانی لێک نا. باری خەمی نێو سیە پەنەماوەکانی لە بای ئاهێکی سارددا بە هەوادا چوو. پاش کەمێک فریشتە هەستایە سەر پێ و بە یەک دوو هەنگاوی گەورەی تۆندوتۆڵ بەرەو دوواوە کشا. ئەوانیش هەموو سەرتاپا دەتگوت کارەبا گرتوونی و چرکەیان لێوە نەهات.

کاتێک گواستیانەوە لە سەرەتادا فریشتە وای بە بیردا هات ئیتر ئازاد واز لە شەڕفرۆشتن دەهێنێت و پەنا ناباتە بەر لێدان و جوێن. دووایی بۆی دەرکەوت هەڵە بوو.

دوواترین لێدانی ئەوەی ئەم بەیانیە بوو.

- ژن ئەبێ بە هەموو شتێکی پیاو بڵێ: "ئامین"!

دوو هەفتەیەک پێش ئەم ئێوارەیە بەهارێکی تەواو بوو. ئازاد سەر لە بەیانییەکەی لە پڕ تێیخوڕی کە خۆی بپێچێتەوە و زوو ڕا بێت چونکە دەچن بۆ دەرەوە. ئەمیش دڵی هەواڵی پێ دا کە ماڵی ئایشێ ڕیشنیش دەچن، لە بەر ئەوە نابەدڵ بوو.

هەروەک ئەم بۆی چوو هەموویان هاتبوون، بەڵام ڕۆژێکی ناخۆش دەرنەچوو. بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆیشی کەس خۆیی تێ هەڵنەقورتاند و قسەی خراپی پێ نەگوت، ئەوەندە نەبێت کە ئایشێ ڕیشن لە دوورەوە بانگی دەکرد: دە وەرە بۆ ئێرە خۆ ئیشەڵا نانەکەشت بۆ ناهێنین بۆ ئەوێ، ئەڵێی تازەبووکی.

لە ڕاستییدا ئەم نەیدەویست نان بخوات و کارێکیشی بە ئەوان نەبوو. لە قوواڵایی دڵییەوە دەیویست بە تەنیا دوور لە هەموو هەناسەکی ئەوان بۆ خۆی لە سەر ئەو نەرمەگیایە بەرامبەر بە ئەو خۆرەتاوە تازە گەرم داهاتووە هەڵکورمێت و لە ئاسۆ بڕوانێت. لە خەیاڵێکی گەرمی قووڵ و ئەفساناوییدا بۆ خۆی بە ئارەزووی دڵی خۆی بکات. کەس شان بۆ داخوازییەکانی هەڵ نەتەکێنێت و کەس توخنی نەکەوێت.

لە قەدپاڵی گوێژەوە، لە هەر سەرەوەی دووا ڕیزە سنەوبەرێکدا فریشتە بە سەر شاری سلێمانییدا دەیڕووانی. گرمەگرم و هاژەهاژی ژیانی کاری شار وەک دەنگی نێو بیرێک خنکاو بوو. خانووەکانی شار لە نێو ئەو دۆڵە قوواڵە گەورەیەدا پاڵیان دابووەوە و لە ژێر نۆبەرەی خۆرەتاوەکەدا پاڵ کەوتبوون. تا چاو بڕ بکات شار ڕەنگی بەهاری گرتبوو. تەڕایی بەهار ڕەنگێکی گەشی دابوو بە دیمەنی زنجیرەکانی ئەزمەڕ و لە دوورەوە هەڵمێکی تەنکی سپی بەفرین دەبینرا کە هێدی هێدی هەروەک بە زۆر بیتارێنن بەرز دەبووەوە و ڕووی لە ئاسمانێکی قووڵی شینی کاڵ دەکرد.

پیرەمەگروون هەر بستەی ڕەنگێک، بە دەیان پەڵە بەفر لە ئەملا و ئەولاوە ڕازاندبوویانەوە. لووتکەکەیشی هەروەک هەموو کاتێکی تر سەرپۆشێکی بەفری زیوینی بە

سەر خۆیدا دابوو. لە بەری گڵەزەردەوە بەهارێکی بێگومان خۆی لێ ڕازاندبووەوە و مژدەی ساڵێکی پڕ سەرفرازیی و ڕزگاریی دەبەخشی. نێرگس وەک بەهاری هەموو ساڵێکی تر، گەش و ڕووەن و لاسک سەوز، لە دەست و لە سەر ئێخە و لە نێو گوڵدانی ماڵاندا چاوی مەستی نەدەتروکاند.

هەر ساتە و چاوی بە دیمەنێکەوە دەگیرسایەوە. هەستی بە کەمێتیەکی زۆر گەورە دەکرد. چۆن لە ئەم هەموو دیمەنە جوانە بێ ئاگا بووە؟

هەروەک ئەوەی یەکەم جاری بێت لە ئەو سروشتە جوانەی سلێمانی بڕوانێت بێ چاوترووکاندن چاوە گەشە گەورەکانی هێندەی تریش کردبووەوە و ڕا مابوو، بە تامەزرۆییەوە حەزی دەکرد لە نێو ئەو جوانییە پاک و بێگەردەدا بتوێتەوە.

ئاواتی تاسەی، بە باڵێکی ناسکی نەکردەوە، بە شەیداییەکی خودایی و حەزێکی بێ بن و ئازایەتییەکی بێ پەرواوە، بە ئاراستەی سەربەرەوخواری قەدپاڵی گوێژە باڵەکانی لێک جووت دەکرد و تیرئاسا بە خێرایی بینینی چاو و وڕکی حەزی دەروون، دەفڕی.

بە سەر مامەیارەوە لەنگەری دەگرت. لە کونی گومەزەکەوە دەیڕوانیە گۆڕەکەی پیرە و بۆ هەناسەیەک لە ناو تاریکاییەکەی ئەودیودا دەتوایەوە. تاریک و سارد وەک شەوانی تەنیایی و وەک موچڕکەکانی سەر دڵی خۆی. حەزی دەکرد وەک منداڵی لە ئەوێوە بە پلیکانەکاندا سەربەرەوخوار ڕا بکات و تا ناو سنەوبەرەکانی بناری سەیوان نەوەستێتەوە. دیسان لە ئەوێوە لە سەر پایە کۆنکرێتییەکانی ئەملا و ئەولای پلیکانەکانەوە سەر بکەوێتەوە.

نە دەوەستا و تەوارێکی لێهاتووی ژیندیدە ئاسا لە بێباکیەکی ئازایانەدا بە وریایی باڵەکانی دەکردەوە و لە سەر نەزمی شنەی شەمالێکی بەوەخت دەهات و دەچوو. تاک و تەرا لە ئێرە و ئەوێ ژنێکی ڕەشپۆشی کوشکەڵەکردوو و خۆڕاژەنی دەبینی. لە دوورەوە بە سەر دارئەرخەوانێکی تازە چرۆکردووی بەرزەوە دەنیشتەوە و دەیڕوانیە پیاوێکی پیری بە سالداچووی نامۆ ڕووخسار کە بە پاچەکۆڵەیەک وردورد و بە کاوەخۆ گڵکۆی منداڵێکی ساوای هەڵ دەکەند.

پیرە پیاوەکە دەستە لاوازەکانی بە جووڵەیەکی ناڕەحەت دەلەرزین و دەمارەکانی بەرز بووبوونەوە. لاملێکی چڕچ هەڵگەڕاو، دەموچاوێکی کەمێک پان، بەڵام لاواز. جامانایەکی شلبووەی بۆرهەڵگەڕاو و کڵاوێکی لە جێی خۆیدا جووڵاوی گوڵچین، بە نەرمیی لە سەر سەری گیرسابوونەوە. شەڕوانێکی پڕ پینەی بە کەڵک نەماو و مرادخانیەکی قۆڵ درێژی دەڵبی ئانیشک دڕاوی لە بەردا بوو، پشتوێنکی ڕەشی تەنک، جووتێک پاتەی لاستیکی دڕاو کە جاروبار لە نەرمە قوڕەکەدا بە جێ دەمان و دا دەکەندران.

دوو دار ئەرخەوانی شان بە یەکدا کردوو کە لە تازە بووک و زاوا دەچوون، کۆمەڵێک گۆڕی جۆراوجۆری بچووک و گەورە و گەورەتر، دارگوێزێکی پیری تۆکمە و ڕیچن.

دیمەنێکی شیرین، بەڵام خەمین.

گۆڕەکان دەگۆڕان بە پیاوی شەڕوانّ و ستارخانی لەبەر و ژنانی سەروپێچ بەستراوی قیت و قنج. ژمارەیان دەبووە سەدان و بگرە هەزاران و ئەو ناوە پڕ دەبوو لە پیاو و ژنی هەمەچەشن و هەمەڕەنگی خەنجەر و شیر بە دەست. ژنانی گەورەسانّ و ڕیشسپیەکانیان پۆشتە و پەرداخ و سەروسمێڵ چاککراو بە خۆیان و سەر و کتێبەوە بە ئەسپایی و لەبەر خۆیانەوە، وەک ڕاوێژی بابەتێکی زۆر گرینگ بکەن، هەر ورتەورتیان دەهات. ئەم زۆربەیانی دەناسییەوە.

لە پشتی هەموویانەوە پیاوێکی ڕووخسار گەشی بەخۆ لە سەر تەختێکی پاشایەتیی گەورە و جوان و ڕازاوە پاڵ کەوتبوو کە لە سەر بڵێسەی ئاگرێکی گەورە دانرا بوو، لە دوورەوە بە پشووەوە تێی دەڕووانین.

بڵێسەی ئاگرەکە زووزوو خولی دەخوارد و بە ئەملا و ئەولادا پەخش دەبوو، تەختەکەش هەر لەگەڵ ئەودا دەبزووا و دەتگوت لە خۆشیاندا سەما دەکات.

پیاوە سیما گەشەکەی سەری بە بێباکیی، بە دڵنیاییەکی تونەوە پاڵی لێ دابووەوە. هەر لە ئەم لای ئاگرە خۆشەکەوە کۆمەڵێک منداڵی کوڵم سوور شێرەبەفرینەیەکیان دروست دەکرد. کوڕ و کچ تێکەڵاو بووبوون و هەر قریوەیان دەهات. دوو سەگی هەوشاری

گەورەی کەمێک بۆری دونیادیدەی ئارام لە سەر دەست وەستابوون. بە وریاییەوە جار جار بە ئاستەم سەریان دەبزواند و پاسەوانییان دەکرد.

لە ساتە خەونێکی ئاسمانییدا هەموو گێتی دەبوو بە کوردستان و کوردستانیش دەبوو بە شەکرۆکەیەکی بچکۆلە و پەڕەی دڵی ئەمی تێوە دەپێچرا. ئەمیش توند توند وەک چۆن ساوا دەمی لە گۆی مەمکی دایکی خۆی گیر دەکات، ئاوا شێلگیرانە شەکرۆکەکەی دەگرت و خۆیی بە دەوردا شۆڕ دەکردەوە. لە نێو مستی بە ئاستەم گرمۆڵەیدا هەستی بە تڕپەی لێدانی دڵی کوردستانی دەکرد، وەک لەرەی پەڕەی گوڵێکی تازە شەوبۆ پیاکەوتوو کە بە نەرمیی تەکانی دەدا.

لە چاوتروکاندنێکدا کۆتری خەیاڵی دەهاتەوە بۆ لای خۆی و لە سەر هەردوو دەستی چووەکلیلەیدا دەنیشتەوە. بە کورمەکورم و سەرەلەقێیەکی تاوێک پەلە و تاوێک خێرا زووزوو لە ئەملاوئەولای دەڕووانی و چاوەڕێی دەکرد تاسەی دەروون بیزوێنێتەوە و سەر لە نوێ بینێرێتەوە بۆ ئەو کوردستانەی وەک دوورگەیەکی خودایی دەستبۆنەبراوی پڕ نهێنی تا چاو بڕ بکات سەوزاییە، سەوزاییەکی تەمەن کورت، هەروەکو خەیاڵە بزێوەکانی ئەم.

چاوی بڕییە شارەکە. تا سێ هەفتەیەک لە ئەمەوبەر بای سەربەستیی تێیدا هەڵ نە دەمژرا، ئێستا ئاسەوارێکی دوژمنی تێدا نەمابوو، بەڵام خەڵک وڕ بوون، سەرسام بوون، دەتگوت لە شیرینخەودا ڕاتچڵەکاندوون.

زۆر جار دەنگیان لە ژاوەژاوێک زیاتر نەدەگەیشتە گوێ، هەڵسوکەوتیان لە هەنگی پوڕەیەکی قانگدراو دەجوو، مەژغوڵ بوون. هەر وەک کەروێشکێکی ماندووی بەری بەیان بن و بەر گوللەیەکی ناکاوی وێڵی زڕەڕاوچییەک کەوتبن. جار جار هەر وەک نزای ڕەشیان لێ کرابێت و فوو لە سوتووی خۆڵی مردوویان کرا بێت دەکەوتنە گیانی یەکتری و دووایش لە پڕ یەکیان جێدەهێشت و بڵاوەیان لێ دەکرد.

دەبێت چەند ناڕەوایی لە ئەم شارەدا کرابێت؟

لە ئەم شارەدا گوڵ بە تاوانی درِ دەسوتێندرا و ئاگر بە تاوانی ساردی. لە ئەم شارەدا بە بەرچاوی باوک و براوە دەست بۆ مەمکی کچان برا. سەرگۆناکان بە قۆناخەتفەنگ کوترانەوە. منداڵ لە ناو زیندانەکاندا لە کچانی هەتکراو لە دایکبوون و بە گریان و هاواری ژنانی هۆڵەکە گوێیان کرایەوە و زمانیان پژا. کورِ لە بەر چاوی دایکی بە بیست دینار هەقدەستیی و خەرجیی گوللەیەک دەکوژرا. لە ئەم شارەدا نرخی مرۆڤ شکێنرا و هەموو ڕۆژێک دەخرایە مەزاتەوە.

لە ئەم شارەدا مرۆڤ کرا بە ورچێک و ئەڵقە کرایە لووتی. لە ئەم شارەدا حەزی دەروون و هیوای هەرە لاوێک لە ژێر دەنگی پێکەنینی پرِ تەوسی نێوان ڕیزێک ددانی خواروخێچەوە کپ کرا.

هەر لە ئەم شارەدا فووی ئەفسوونی پارە جامانەی دەکرد بە هەموو شتێک. دەراوسێی لە دەرواسێ دەکرد بە گورگ. خوێریترین بیچمی لە لاوانی شار دەکرد بە پڵینگ. سینگی نەرموشل و گوڵشەنی دەستبۆنەبراوی شۆخئەندامی کچێکی دەکرد بە مێزی یاری.

ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت ئاهی دەروونی هەڵڕێژراوی ئەم شارە کۆبکاتەوە و بیخاتە قەفەسێکی بانەبڕی شووشەییەوە؟ ئاخۆ چەند ئایشێ ڕیشن لە ئەم شارەدا وەک مۆتەکەی زریانەخەو و خەونێکی ئاڵۆز دەستیان ناوەتە گەرووی خەڵک؟

ئەمرۆ چەند کەس بە بێتاوانیی دەکوژرێت، کێ دەبێت بە خودانی کێ، کێ دەبێت بە کۆیلە و دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، ئەمرۆ کامە ژن تەرمی کوڕەکەی بۆ دێتەوە، لە کچێکی دوور لە خۆی دەدرێت و دەیشکێنن؟ بە لەتێک نان دەست بۆ مەمکی کام کچ دەبردرێت؟

ئێستا لە ئەم کاتەدا چەند کەس لە ئەم شارەدا هێندە دڵیان پڕە کە بخوازن توند توند لە ڕەگوڕیشەوە هەڵیبتەکێنن تا ڕەگی درۆ و بێخەمیەتیی و خوێنفرۆشتنی تێدا نەهێڵن؟

ئێستا لە ئەم دووڕەوە سلێمانی لە ژێر گرمە و سەدای غەڵبەغەڵبی دانیشتووان و لە نێو باوەشی ئاسنینی کێوەکاندا پخدراو دیار بوو. دەنگی ماڵی ئازاد و ئەوانیش وەک لە بنی بیرێکدا بن و نووزەیان بە ئاستەم دەربچێت بە کزیی دەگەییە گوێی ئەم. دەنگەکە لە

دوورڕا دا شەپۆلی دەدا و بەرز و نزم دەبوو. هیچ هۆیەکی نەبوو گوێیان بۆ ڕادێرێت. دەنگەکان زیاتر تەنیایی خۆیی و تامەزرۆیی بۆ ڕۆژانی ژێر دارسێوی نێو باخەکەی خۆیان وەبیر دەهێنایەوە.

دووبارە بانگیان کردەوە و تێیان خوڕی: "وەرە خوارەوە ئەڵێی قەلی، وەرە، نانەکەت بخۆ".

ئەم جارەیان بە دەم هەناسەیەکی قوولی درێژ و چاوێکی ماندووی بێ وەڵامەوە هەموو خەیاڵەکانی گرت کردەوە و لە ناخیدا هەڵیگرتن و بە ئەسپایی کلیلەکەی لە سەر بادان و ڕووەو لای ئەوان پێی هەڵگرت.

ئیدی دووای ئەو گەشتە هیچی وا ڕووی نەدا شایانی باس بێت، ئەوە نەبێت کە ئەم بەیانییە، ئازاد، هەروەک کردبیەتی بە خوو و بۆی تەرک نەکرێت ، لەگەڵییدا کردی بە شەڕ و دووایش بۆکس و زلله و شەقەکانی خۆیی هاویشت و هەندێک وردە جوێنی داو چووە دەرێ.

پاشنیوەڕۆکەی هاتەوە بۆ ماڵەوە براگەورەکەشی لەگەڵدا بوو، هەر بزەی لالێوی دەهات و دڵخۆشییەکی پێنەزان سەروکەللەیی داپۆشیی بوو. فریشتە گوێی لێ بوو کە بە براکەیی دەگوت: بابە، تۆ باسی چی ئەکەی؟ بە تەڵاقم بایی چوار سەد هەزاریش ئەبێ.

پاش نانخواردن کاکی بەجێیهێشتن و ئازادیش لێی پاڵکەوت و پاش کەمێک خەوی لێ کەوت. کاتێک لە خەو هەستا لە ئەوە دەچوو تێر خەو بوو بێت، داوای پەرداخێک ئاوی کرد و فریشتە پێی گەیاند. تۆزێک یاری بە سەروسمێڵی خۆی کرد و لە فریشتەی ڕووانی. بانگی کرد بۆ لای خۆی و هەندێک دەستی بە سەروقژیدا هێنا و بە دەنگێکی وشکی بێهەستەوە هەروەک قسە بۆ تەجیلێک بکات، گوتی: ببووە ئەم بەیانییە لێمای.

فریشتە کە هەرگیز شتی وای لێ نەبیستبوو نەیدەزانی چی بڵێ.

- لە ئەوە ئەچێ لێمان نەبووری؟ دەنگێکی زبری بێخەم هەروەک لەگەل دیوارەکانی بێت بە یەک ئاواز هاتە دەر.

فریشتە هەر وەک گوێی لە گورگێک گرتبێت کە لە بەردەمیدا هاتبێتە گۆ، بە ئەسپایی یەک دوو جار بێ خواستی خۆی، بڕۆی ڕفی و مشەیەکی کورتی بە لووتی کرد و لە ئەوەدا بوو هەڵبسێتە سەر پێ کە ئازاد دەستی گرت و لای خۆیەوە دای نیشاند.

- تۆ ئافرەتێکی باشیت و منیش پیاوێکی مەژغوڵم و ئەبێ لێم تێ بگەی. ژن ئەبێ پشتی پیاوی خۆی بگرێ، ژن ئەبێ بە هەموو شتێکی پیاو بڵێ "ئامین".

ئەمەی گوت و کەمێک لە پڕدا، وەک لە ئەوەپێش بڕیاری دابێت و ئەو کاتە وەبیری هاتبێتەوە، پڕی بە فریشتەدا کرد و دەستی کرد بە گوشینی مەمکی.

فریشتە یەک دوو جار بە هێمنی خۆی ڕاپسکاند، بەڵام ئەزموونی نیوەسااڵێک زیاتر ئەوەندەی فێر کردبوو کە ئەو جۆرە خۆڕاپسکاندن و یاخیبوونە دووری ناگەیەنێت. لە بەر ئەوە بە ناچاریی خۆی شل کرد. هەندێک جار هێندە بە تونديی مەمکی با دەدا و دەگوشی دەتگوت شەڕی لەگەڵدا دەکات. ئەوجا بە پەلە هەروەک بە دووای شتێکی پێویستدا بگەڕێت خێرا کراسەکەیی لە بەر داکەند، خۆی پێوە نووساند و سێ چوار تەکانی خێرای یەک لە دووای یەکی لێ دا.

پاشان وەک بڵێیت برووسکەئازارێکی هەبێت، توند لە پرێکدا چنگێک لە قژی فریشتەی گرت و تووندتوند بە دەم خۆڕاتەکاندنەوە بای دا و لە چەند هەناسەیەکی کورتدا بە سەر فریشتەدا شۆڕ بووەوە.

فریشتە هەروەک پەڕۆ لە ژێریدا پاڵ کەوتبوو. ساردیەکی سڕ دای گرتبوو و چاوەکانی بڕیبوونە بنمیچەکە و وای هەست دەکرد کابرایەکی نامۆ بە زۆری زۆرداریی دەستدرێژیی دەکاتە سەر. لە بەر ئەوە دڵی پێچی پێدا دەهات و سەری گێژی دەخوارد. کاتێک ئازاد لە هەناسەبڕێیەکی کورت بەڵام بەرز و ناقۆڵادا بوو، ئەم هەستی بە هیچ نەدەکرد، ئەوەندە نەبێت کە تەڕاییەکی لیخن بە لێواری ڕانییدا دەچووە خوارێ و ورگێکی هەڵئاوساوی بە ئارەق تەڕ، توند کەمەری ئەمی بە دۆشەکە ڕەقەکەوە کەپس کردبوو.

لە سەریشەوە هەناسەیەکی خێرا و بۆنێکی کەسکووێنی شێیایی بنباخەڵ پەردەیەکی لە سەر دەموچاوی دروست کردبوو. هەرچۆنیەک بێت کەمێک بە ئەسپایی، بەڵام بە هێز، خۆی ڕاپسکاند تا سەری خۆیی تۆزقاڵێک لە ژێر بنباخەڵی ئازادەوە هێنایە دەرەوە. ئەو کاتە هەوایەکی کەمێک فێنک و تازە بەر دەموچاوی کەوت و ئاهێکی پێدا هاتەوە.

پاش ماوەیەک ئازاد بە تەواوی بە لایەکەی ئەولادا خۆی تلۆر کردەوە و لە سەری لاچوو.

ئەمیش داوێنی ماکسیەکەی کە تا سەر ناوکی بەرز بووبووەوە لە چنگی دەستی چەپی خۆیدا گرمۆڵە کردبوو وەک نەزانێت دایبداتەوە یان نا. ڕووخساری خۆیی لە ژێر لەپی دەستی ڕاستییدا شاردبووەوە و ڕووی لە دیوارەکە کردبوو.

هەروەک لە پڕدا ئازاری پیادا بێت هەردوو ئەژنۆی بۆ لای خۆی هەڵ کرد.

- تەماشای چیم ئەکەی کەرباب، ئەڵێی بە زەلامێکی ترم ڵێ ئەگەی؟

دەنگی یەکێک لە تۆپەکان وەئاگای هێنایەوە. لە عەسرەوە ئەو تۆپانە بەردەوام بوون. نەیدەزانی بڕووا بە قسەی کێ بکات. یەکێک دەیگوت تۆپی خۆمانە و یەکێکی تر دەیگوت تۆپی حکومەتە. هاتەوە بە بیریدا کە ئەوە بۆ ماوەی سەعاتێک زیاترە خۆی داوە بە ستارەی سەربانەکەدا و لە دەریای خەیاڵدا ڕۆیشتووە. هەموو جارێک ئاوای بە سەر دێت. لە پڕێکدا داڵغە دەیگرێت و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، وەک تەماشای فیلمێک بکات و بیەوێت ئەم جارەیان پێتێکی نوێی تیادا بدۆزێتەوە، هەموو ڕووداوەکان بۆ خۆی ڵێ دەداتەوە.

گەڕەکی ئەمانی ڵێ دەربچێت کارەبای سەرتاپای شار هەبوو. لە ناو تاریکایی ئەو ناوچەیەدا وژەوژی خەڵکەکە تا دەهات زیاتر دەبوو. کۆمەڵەخەڵک لە هەموو لایەکەوە پەیدا دەبوون، هات و هاوار و غەڵبەغەڵب و ڕازونیازی بەرزەڕۆ بەرز دەبووەوە و پاش ماوەیەک هەر یەکە و بە لایەکدا و هەندێکیش دەستە دەستە بە ڕێ دەکەوتن و لە چاو ون دەبوون.

ئەوە سەری سێیەم جار بوو پووڕەهەناری ئەو بەریانەوە کە لە نێوان ڕۆشنایی شەرمنی هەردوو قوتیلەچراکەی ئەملاوئەولای دەرگای دەرەوەیاندا وەستابوو، هاواری ڵێ بکات: ئەرێ کچم، ئێستاش هەر لە ئەویا وەستاوی؟

فریشتە کە دەنگە ئاشناکە وریای کردەوە فریا نەکەوت وەڵام بداتەوە.

- پیاوەکەت هەر نەگەیشتووەتەوە؟
- نەخێر پووڕەهەنار
- هەر ناشزانی لە کوێیە؟
- نەوەڵا نازانم.
- بە خوا هەر لە مااڵی دایکیەتی. بە ئاوات بڵێم بە فڕکەیەک بتگەیەنێتە ئەوێ؟

فریشتە بە بێگومانییەوە نەیدەویست مااڵی دایکی ئازاد ببینێت. ئەوەندەش بۆ هاتنەوەی مێردەکەی بە خەم نەبوو. دەیزانی بە شتێکەوە مەژغوڵە و زوو یان درەنگ دێتەوە. ئەگەر هەر ئەم شەو لەبەر شتێک تێی نەسرەوێنێت ئەوا بەیانی یان دووبەیانی هەر لە خۆیەوە شتێک دەدۆزێتەوە.

لە پڕ وەڵامی پوورەهەناری دایەوە:

- نا، دەستت ماچ ئەکەم، پێویست بە ئەو ئەرکە ناکات.
- ئاخر کچم ئەوە لێرە پێیان لێ کردوومەتە کەوش و ئەڵێن هەر ئەڕۆین، لە بەر ئەوە ناتوانم لە ئەوە زیاتر رازیان کەم و بیانهێڵمەوە. خۆشت ئەزانی ئەگەر خوانەخواستە شتێک ڕوو با ئەیخەنە ئەستۆی من. وا حوکمەت گەیشتووەتە قلیاسان و ئەڵێن ئەوانە تۆپی حوکمەتن و درۆیە کە ئەڵێن تۆپی خۆمانن. بە خوا ئەوەی ئەلفێکی کوردیی زانیێ زمانیان بڕیوە. ئەڵێن دووبارە وەک قەومیەکان دەکەن.
- خەمی منتان نەبێت هاکا ئازاد هاتەوە. ئێمەش هەر بە ڕێ دەکەوین. بڕۆن خواتان لەگەڵ. مااڵی حاجی وەیسی و مریەم خانیش زۆر داوایان لێ کردم و زۆر چاوەڕووانیان کرد، خۆت دەزانیت ناتوانم بێ مێردەکەم بڕۆم. ئێ خۆ ناشزانم کەی دێتەوە.
- بە خوا لەگەل ئەمانەیا نەبوومایە بێ تۆ بستێ نەئەڕۆیشتم. هۆ کاک ئەحمەیی شێخ جەرگی ئەم سەددامە کون کون بێ، وەک ئێمە کوڕی بمرێ و شوێنێ نەمێنێ لێی بحەسێتەوە.
- ئامین! جا کوا!؟
- دەی بە قوربانی ئا ئەو چاوە هەنگوینیانەو بم، بە خوا لەگەڵ ئەو شیرینەما جیاوازیتان ناکەم.
- جەرگت نەسووتێ، خوا ئاگادارتان بێ و بێوەی بن. هەر یەک دوو ڕۆژە و یەکتری دەبینینەوە.

پووڕەهەنار کراس و کەوا و سەڵتەکەیی بە هەردوو دەستی تۆزێک بەرز کردەوە و بە هەنگاوی ئاسایی ڕووی بەرە و ژووریێ وەرگێڕا و چووە ژوورەوە. ڕۆشنایی قوتیلەکانی بەردەرگا هەر لە هەڵبەز و دابەزدا بوون.

کات بووبوو بە هەشتی شەو. کۆڵان تا دەهات تاریکتر و بێ ژیانتر دەبوو. لە ئەملاتر و لە دووریانەوە چاو دەیبینی کە شووشەبچکۆلە چراکان لە بەردەم دەرگای دانیشتووانداا بە کزیی، وەک فتیلەکانی خۆیان باریک، دەسووتان.

کزەبایەکی شێداری بێ سڕەوت هەڵی کردبوو و هەورێکی تەنک لە پشتی پیرەمەگروونەوە وردە وردە بەرەو باشووری خۆرهەڵاتی سلێمانی ملی دەنا.

لە ئەوە دەچوو گەرەک کەسی تیادا نەمابێت. هەندێک کەس هێندە بە پەلە بوون دەتگوت لە ژووانێکی حەوت بەڵێنیی دووا کەوتوون. هەندێکی تر باری وڵاخێک شتومەکیان دابوو بە سەر خۆیاندا و هەر منگەمنگ و مرخێش مرخێشیان بوو. لە دەیان لاشەوە ژن و منداڵ و لاو بە کۆمەڵ پێکەوە کۆ دەبوونەوە و داوایان لە خەڵک دەکرد، بە تایبەتیی لە ئەوانە کە باریان لە خۆیان نابوو، کە بار نەکەن و هەڵ نەیەن. لە پڕدا بە دەم هەڵبەزینی خێرا و چەپڵەڕێزانێکی هاوەنگەوە، هاواریان دەکرد:

تۆپ، تۆپ، تەیارە
دەرمان ناکەن لە ئەم شارە!

فریشتە هێشتا هەر لە سەربان لە ئەو بگرەوبەردەیەی دەڕووانی. بە دڵێک دەترسا و بە دڵێکیش هیچی وای شک نەدەبرد بیکات بە جێی گومان و دەستی دەکرد بە دڵخۆشدانەوەی خۆی، بەڵام زۆری نە دەبرد ترس دڵ و دەروونی دەگرتەوە.
کاتێک ڕۆیشتە خواریێ یەکەم جار وای بڕووا دەکرد لە ژوورەکاندا هێمنترە و ترس لێی بە دووڕە، بەڵام کە لە ئەم ژوور ڕۆیشت بۆ ئەو ژوور و سەرێکی بە گومانی لە حەمامەکە دا و یەک دوو جار بە شکەوە دەرگای تەوالێتەکەی کردەوە و داخستەوە، کێچ کەوتە کەوڵی و ترسێکی ڕاستەقینەی گران خۆی بە شان و ملیدا هەڵواسی. تاریکیەکەش خۆی پیادا

هەڵزنیبوو و هەنگاوەکانی قورس دەکرد. ڕۆشنایی ئەو چەند چرا بچکۆلەیەش کە دایگیرساندبوو، تاریکیەکەیان دڕ پێ دەدا و شەپۆلەتارماییان لە ئەم سەر هەڵ ئەدا بۆ ئەو سەر.

تۆزێک ئاوی خواردەوە، دەموچاوی هەڵگڵۆفت و کەوتە دڵخۆشیدانەوەی خۆی، یەک دوو خولەک ترسەکە لە سەر دڵی ڕەوییەوە و لا چوو، بەڵام ترسەکە لە پڕ هەروەک ڕاست و زمانزان بێت لە بەردەمیدا ساخ بووەوە و نەیدەهێشت لە ئەو ماڵە زلەدا خۆی ڕابگرێت.

تۆ بڵێیت ڕاست بێت حکومەت بە دەربەندی بازیان گەیشتبێت و بەرەی کوردستانییش سەدەکەی دەربەندیخانی تەقاندبێتەوە؟ دەیانگوت نیوەی بەغدا ئاو بردوویەتی! گەر وا بێت ئەوا لە تۆڵەی ئەوەدا دەوڵەتی عێراق هەموو کوردستانیان بۆ دەکات بە هەڵەبجە و گازی کیمیاوی بە سەر هەموویاندا دەکات.

دەنگی ئەو تۆپە خوداگرتووانەی کە لە پڕ دەهاتن هێندەی تر دەیانخستە گومانەوە و بە شریخەی هەندێکیاندا وا پێ دەچوو نزیک بن.

بە دەم کار و همەهمی گۆرانی گوتنەوە بیری کردەوە کە ڕەنگە ئازاد بە برسیەتیی خۆی بە ژووردا بکات و شەرێکی گەورە و گران بۆ خۆی بنێتەوە. بە پەلە چوار هێلکە و هەندێک سەوزە و دوو نانی ئامادە کرد. ئەوجا هاتەوە بیری کە باشتریش وایە هەندێک جلوبەرگ و پێویستیی خۆی کۆ بکاتەوە. دەستی کرد بە ڕاوتەدبیر. بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت ترسەکەی لە یاد چوو بوو. بە ئارەزووی خۆی لە ئەم ژوور دەچوو بۆ ئەو ژوور و لە ئەم کون بۆ ئەو کون دەگەڕا. جووتێک نیوپوتی تووندوتۆڵی دەر هێنا و کەمێک سڕینی، پانتۆڵێکی ڕەشی قەیفەی ئەستوور و کراس و فانیلەی خستە ئەم لاوە، هەندێک وردە شت، دوو ڕەسمی ماڵەوە، مستیلەکەی دایکی و نینۆکبڕەکەی باوکی خستە ناو پریاسکەیەکی بچووکەوە و هەڵی گرت.

ئیتر گوێی نەدایە هیچ شتێکی تر. لەبەر خۆیەوە هەر ورتەی دەهات: "پێویست ناکات شت زۆر بکەم بە بار بە سەر خۆمەوە، بەڵام خۆ دوو ڕۆژێکمان هەر پێ دەچێت، قابیلە هەر بچینە سەر ئەو یاڵە و بگەڕێینەوە؟!"

سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. چارەک لای دا بوو لە دە. هێشتا کابرا هەر نەهاتبووەوە.

هێلکەکان سارد بووبوونەوە. کێ دەڵێت بە ئەم دە و یانزەی شەوە برسی دەبێت، ئەگەر هەر برسیشی بێت ئەوا هێلکەی سارد سەر و زیادیشە.

لە پڕ هەروەک یەکێک بە بیری هێنابێتەوە لە خۆی ڕاما. تۆزقاڵێک سەری بە لای چەپی خۆیدا لار کردەوە و هەناسەیەکی قوونی بە ورده تەکان هەڵمژی. تۆزێک بە لاچاو سەیری ئەو سووچەی ژوورەکەی کرد کە کەوانتەرێکی ئارایشی کورتەباڵای لێ دانرا بوو. ڕووانیە شتومەکەکانی سەری و زەردەخەنەیەکی کەمێک بە تاسەی کورت سەر لێوی گرت. بیری بەفراوی هاوڕێی کەوتەوە: چەند ڕقی لە ئەو جۆرە شتانە بوو!

حەزێکی کتوپڕی خێرا سەر دڵی گرت و پێی خۆش بوو ئێستا لە تەنیشتیەوە بووایە و تێر داخی دڵی خۆیی بۆ هەڵبڕشتایە، ئینجا ڕەنگە، ڕەنگە قیروسیای لە هەموو شتێک بکردایە، دووای کەوتایە و وازی لە ئەم ژیانە بهێنایە.

بەفراو!

بەڵام بەفراو لە ئەوێ نەبوو."

بە دوو هەنگاوی بچووک گەیشتە لای ئاوێنە باڵاڕووانەکە و ڕووانیە خۆی. مرۆڤ چەند زوو دەگۆڕێت! خۆی بە لاوە سەیر بوو. لە ئەوە دەچوو چەند کیلۆیەک دابەزابێت، بەڵام هەستی بە لاوازیەتیی نەدەکرد. بە پێچەوانەوە، هەستی بە لەشسووکیی و گورجوگۆڵیی دەکرد. ڕەنگێکی تاریکی ڕەشباو بنی پێڵووی چاو و ژێرەوەی ورگی چاوی داگیر کرد بوو، پێستی کەمێک زەرد و لە هەندێک شوێنی ڕوومەتییدا، ڕەش هەڵ گەڕا بوو، زوڵفیشی وەک جاران پڕ ورشە و بریسکە نەبوو، زبر و وشک داهاتبوو.

لە دە مانگێک تەمەندا گەڵێک شت ڕوو دەدات.

لە پڕ خەمێکی تاڵ سەر و سینگی داگرت. دەستێکی نەرمی بە سەر ورگی خۆیدا هێنا و لە سەرخۆ تۆزێک دەستی بە سەریدا گێڕا و یەک دوو جار لەبەر خۆیەوە گوتی: "باش بوو لە بار خۆمم برد، ئەویشم تووشی گونڕەشیی دونیا دەکردا!".

دووایی بە لایەوە سەیر بوو ئازاد بڕووای پێ کرد کە ئەم تووڕە بوو: "نازانم، چوزانم بۆ سکم پڕ نابێت، ئەوەندە دەانم پڕ نەبووە.".

کەچی ئازاد نە هیچی گوت و نە درێژەی پێ دا.

ڕەنگە لە ئەوە ترسا بێت کە خەتای خۆیەتی و نەزۆکە و نەی وێرا بێت مەسەلەکە گەورە بکات، هیچ نەبێت بۆ ئەو کاتە.

دووای ئەو درۆیە کە خۆی بە درۆیەکی سپی دا دەنا، زۆر شانازیی بە خۆیەوە دەکرد کە دەتووانێت درۆیەکی وا بکات و درندەیەکی وەک ئەو بخەڵەتێنێت. ئیتر پێویستی نەدەکرد هەموو شتێکی دڵی خۆی بخاتە سەر لەپی دەستی. بۆی دەرکەوت کە دەتوانێت خۆی بکات بە جیهانێکی دوورەدەست و پڕ نهێنیی. تا ئێستا قوربانیی ڕاستگۆیی خۆی بوو.

ڕووانیە باڵای خۆ، کەمێک ورگن، شانەکانی کەمێک پان و سینگی بەرز. دەموچاوی پان، ڕووخسارێکی کەمێک ماسولکەیی و توند، ئێسکی گۆنای بەرز و هەڵ کەوتوو. هێشتا جوانییەکی سروشتیی لە خۆیدا بە دی دەکرد و پێی وا بوو ماوەیەک ئاوا دەمێنێتەوە.

برۆیەکی لەخۆڕازیبوونی نەرمی بە لای ڕاستی بە ئاستەم لە خۆی هەڵتەکاند و سستێکی دەنگداری بە سەری زمان و جووتبوونی ددانەکانی کرد. زەردەخەنەیەکی دڵخۆشیی لالێوی گرتەوە و بە ڕووخساریدا بڵاو بووەوە.

کرچەی ترازاندنی کێلونی دەرگای حەوشێ ڕای چڵەکاند. بروسکەی پێگوتنێک کە ئازاد گەیشتووەتە ماڵەوە ڕایچەنی. ئەم بەرەو ڕووی دەرگاکە هەنگاوی نا و ئازادیش بە دوو لۆقەهەنگاو گەیشتە هەیوانەکە و یەکسەر گوتی:

- لە ئەوە ئەچێ گەڕەک کەسی تیا نەمابێ!

بە دەم سەیرکردنی فریشتەوە بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، بەردەوام بوو:

- لە ئەوەش ئەچێ بە تەمابی بەم ماکسیەوە شەڕیان لەگەڵ بکەی وا هێشتا خۆت نەپێچاوەتەوە؟ ئەوە نەموت ئەو چرا خوێڕیانە دا مەگیرسێنە، ئەو بۆنە حیزەت تێ بەریاوین، چەتیو شووشەی دەرمان ئەکرێ بە چرا؟
- شەرمم ...
- شەرم لە دراوسێی چی ئەکەی، خۆ ئیشەڵا یاری فەقیرفەقیرانە لەگەڵ منیش ناکەی؟ ئێمە ئەو فانۆسە باشەنەمان هەیە، بۆ هەڵیان ناکەی؟ بۆ خۆت نەپێچاوەتەوە؟
- شتەکانم پێچاوەتەوە، بەڵام خۆم حازر نەکرد، چونکە نەمزانی کەی دێیتەوە و نەشمزانی بە تەمای ڕۆیشتنیت یان نا.
- من مەلام مارە کردووە. لە جیاتی ئەم دەمدرێژییەت شتێک بکەی باشتر نییە؟ نانمان هەیە یان نەتزانی تۆپم بەر کەوتووە یان نا؟

ئێستا کە هەر دوو باڵی خۆیی بە هەموو لایەکدا فڕی دەدا بۆنی ئارەقەکەی دەمی بە جوانیی دەگەیشتە لووتی فریشتە.

- هێلکەم بۆ کوڵانوویت، بەڵام وا بزانم سارد بوونەتەوە. تۆ هەمیشە ئەوەندە درەنگ دێیتەوە من نازانم چی بکەم.
- درەنگی چی، کەرباب؟ خۆ ئیشەڵا بیستوچوار سەعاتە ژێر لێفەکەو لێناگرم.

فریشتە وەڵامی نەدایەوە و بەرەو متبەخەکە کەوتە ڕێ. لە چاوتروکاندنێکدا خواردنەکەی هێنایە هۆڵەکە و لە بەر دەمیدا داینا.

ئەمیش دەستێکی بە سمێڵی خۆیدا هێنا و سەیرێکی سینیەکەی بەردەمی کرد. دەستی دایە هێلکەیەک و بە ساخی هەر وا خستیە دەمیەوە. هێلکە وشک و ئەمیش ناودەمی وشک

زوو زوو لە ناوەوە زمانی بە دەوروبەری گووپ و ژێر بێخی ددان و بن لچیدا دەگەڕا و لە ئەم سەر بۆ ئەو سەر هەر هەڵیدەسووڕاند.

بە پەلە پەرداخێک ماستاوی هەڵگرت و نای بە سەریەوە:

- ئەڵێن حوکمەت گەیشتۆتە دەربەندی بازیان و خەڵکیان هەموو سەربڕیوە.

قەپاڵی لە هێلکەیەکی تر گرت و بەردەوام بوو:

- من بڕووا بە شتی وا ناکەم، پێم وانییە گەیشتبنە ئەوێ، بەڵام ئەبێ بەڕێوە بن. ئەم مزاهەرەچیە گەوادانەش ئەوەندەی تر کابرامان لێ هار ئەکەن.

ئێستا بە دەم جووینەوە لاسایی خۆپیشاندەرەکانی دەکردەوە و سەر و دەستی خۆی وەکو ئەوان دەجووڵاند:

گورگین، گورگی نەبەردین
سەگبابی دەشت و هەردین
بە تۆپ و بە تەیارە
ڕاومان ئەنێن لە ئەم شارە

فریشتە وەک چاری نەمابێت، خۆی تێ خست:

- ئەو خەڵکە قوربانیان داوە و زەرەریان لێ کەوتووە ...
- کوڕە کەرباب، خوا بکا گورگستانەکەو بۆ بکا بە هەڵەبجە، تۆ تازە بەم لەیلەتول هەڵهاتنە ئەم کەی بە گورگ؟ بۆ ئەو سەگبابە تۆپێکی زلی کیمیایی نایا بە هەمووتانا؟!

پەرداخێک ماستاوی نا بە سەریەوە و باسەکەی لە بیر چووەوە:

- وتم لەگەڵ ئەو هەتیوەی براما هەڵێ قسە بکەم، ئەڵێن حوکمەت هەموو کەسێ عەفو ئەکا، ئەوانە نەبێ کە شتیان بردووە.

- جا تۆ بۆ دەترسیت؟
- هەڵێ ئەشیاومەشیای هوانە و خەستەکانمان برد، مۆڵکی کەس نییە، بۆ ئەو فاشیستانە بیخۆن؟

لە ئەوە نەدەچوو قسەکان بۆ فریشتە بکات.

- ئەی چی؟ خۆ مۆڵکی کەس نییە، پارەی حوکمەتە.

زووزوو پاروویی دەگرت و بە کەمێک ماستاو دەمی تەڕ دەکرد. لە ئەوە دەچوو دەمی قسەکانی لە کەسێکی تر بێت و بیەوێت ڕازی بکات. وتەکان بە شل و شێواوی بە گومانەوە دەهاتنە دەرەوە و تا ڕادەیەکی هەستپێکراو پچڕپچڕ بوون.

فریشتە ێ گەیشت مەسەلەکە زۆر لە ئەوە گەورەترە.

ئەوە بۆ دوو هەفتە دەچوو هەر لەگەڵ برا و ئامۆزاکانیان دەهاتن و دەچوون و لەبەر خۆیانەوە شتیان دەگوتەوە. باسی سێ سەد هەزار و جوار سەد هەزار و دینار و دۆلار و ئێران و تورکیایان دەکرد و قریوەیان دەهات و بزە دەیگرتن و پێ دەکەنین.

فریشتە خۆی ئەو دەمە کە لە بەر ئازاری سکی لەگەڵ ژنەکەی حاجی وەیسیدا چوو بوو بۆ لای دکتۆر، نەخۆشخانەکەی بە ئاستەم دەناسیەوە. ئەو نەخۆشخانە گەورەیە هەر بیچمەکەی مابوو. ئێستا دەهاتەوە بیری کە زووزوو پرسیاری لە حاجیژن دەکرد: "ئەرێ ئەی هاوار ئەم شارە زلە بە چی وا وێران کراوە؟". حاجیژنیش بە تووڕەیی دایکێکەوە ێ دەخوڕی: "فەرهوودچییەکان، فەرهوودچییەکان کچم، بۆ ماڵی حوکمەت و خەڵکیان هێشت؟".

دووایی هەر وەک هەموو ڕۆژێکی حاجیژن هەر بینینی شتی وا بوو بێت زوو لە باسەکەی لا دەدا و دەهاتەوە سەر ئەم: "تۆ خەمی خۆت بخۆ کە ئاوا خوێنت لێ ئەچۆڕێ، نەخەڵەتابی جارێکی تر شتی وا بکەی. ژن چۆن عەلاگەی تەل ئەکا بە خۆیا و منااڵی پێ لە بار ئەبا؟".

ئێستا بەرامبەر ئازاد دانیشتبوو دەتگوت تازە خوێن دەیگرێت. بە سەرسامیی لە ئازادی دەڕووانیی و بیری دەکردەوە. ئاگای لێ بوو ئازاد هەر ملچەی دەم و مشەی لووتی دەهات و لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد، بەڵام گوێی لێ نەبوو چی دەگوت. خۆی لە وتەکانی حاجیژندا دەبینیەوە: "ڕۆڵە خەڵک ئەزانێ کێ ئەم شتانە ئەکا، بەڵام بۆ کەس ئەوێرێ فزە بکا؟ حاجی مێردی من هەتا دوێنێ خۆت ئاگات لێ بوو چی ئەکرد، وا ئێستاش شایەتومانی بەم لا هێناوە و هەتا منیش ناوێرم دوو قسەی خێری بۆ بکەم. دوێنێ ئارام گەیشتە تینی و پێیوت بابە ئەم شتانە مااڵی حوکمەت نیین مااڵی گەلن. ئەگەر مااڵی حوکمەتیش بن بۆ خەڵکن، خۆ نابێ بدزرێن. کەچی بە نووکەشەق دایگرتووەتەوە و پێی ئەڵێ خۆت و دەڵەکەی دایکت بەرۆکم بەردەن. لە ئەوەتەی گوێ لە ئەم خوێرپانە ئەگری فێری گەل و مااڵی گەل بووی. شت زۆر ئەزانم ڕۆڵە، مەمهێنەرە قسە."

مرەیەکی گڕ و قورس فریشتەی هێنایەوە بۆ ژوورەکە:

- یەک دوو شۆڤڵ و لۆری و شتی ترم لە ژێر ناوی تۆیا فرۆشتووە، ئێ ئەڵێم پرسیارێکە، شتێکە.

یەک موچوورکی سارد بە خێرایی هەورەبرووسکەیەک لە گیانی فریشتەدا لەرزایەوە. گەندەموەکانی مەچەک و دەستی بەرزبوونەوە و ماسولکەی تێوڵی گرژ بوو. نەیزانی چی بڵێت و چۆن وەڵام بداتەوە. ئازادیش نەیهێشت هیچ لە سەریدا بەند بخواتەوە و بانگی لێ کرد:

- زووبە خۆت ئامادە کە، دەی تەماشای چیم ئەکەی کەرباب؟ ئەڵێی بە زەلامێکی ترم تێ ئەگەی؟

- چەنە زیاتر بەیت و تووڕەم کەی هەر لێرا تەڵاقت ئەیەم.

کاتێک کەوتنە ڕێ بووبوو بە دووانزە و بیست و سێ دەقیقە. فریشتە باش خۆی پێچابووەوە و توند و تۆڵ و گورج و گۆڵ دیار بوو. جانتایەکی پێچابووە و کردبوویە شانی. فانۆسێکی بە دەستەوە گرتبوو و لەگەڵ ڕەوتی ڕۆیشتنی ئازاددا دەڕۆیشت و لە ئەوە نەدەچوو زۆر لە هەنگاوەکانی خۆی بکات. ئازادیش زۆر باش خۆی پێچابووەوە و لە ئەوە دەچوو بزانێت چی دەکات و بۆ کوێ دەچێت. تەنها یەک تورەکەشی پێ بوو. فریشتە دەیزانی پارەی تێدایە.

هەر گەیشتنە سەر شەقامی تووبمەلیک فریشتە هەستی بە تەنیایی و نامۆییەکی سەیر کرد و حەزی کرد دەستی ئازاد بگرێت. ئەگەرچی خەڵک تێکەڵ بووبوون، بەڵام مرۆڤ نەیدەتووانی لە هیچ گرووپێک خێزانێک دروست بکات. هەموو بە دەنگی بەرز و تێخوڕین و هاواری نزم یەکتریان بانگ دەکرد. ئەمیش ڕووی بە لای ئازاددا وەرگێڕا و بە دەنگێکی کەمێک نادڵنیا و پرسەوە کە قەتماخەیەک نازی هەڵنەگیراوی بە سەرەوە وشک بووبووەوە، پرسی:

- ئەرێ هەر لە کەسێکیش پرسیارم نەکرد ماڵی باوکم بەرەو کوێوە ڕۆیشتوون.

دووایی هەروەک ئەم جارە لە خۆی بپرسێت تۆزێک دەنگی نزمتر بووەوە و نادڵنیایی و پرسەکە زیاتر تیایدا کەڵەکە بوو: یان تۆ بڵێی هەر ڕۆیشتبیشن؟

- باوکت و نەڕووا؟ ئێستا ڕەنگە باریشیان هەڵلا بێ. خەمی ئەوان بۆ ئەخۆی، خۆ تۆیان بە پێنج فلسیش ناوێ.

فریشتە پێی خۆش نەبوو گوێ لە قسەی ڕەق و تەق بگرێت، بەڵام ڕۆیشتنێکی وا دوورودرێژ بێنەوبەڕەی تیادا دەبێت. مرۆڤ دەبێت وشکەشەڕ و شتی لاوەکیی وەلا بنێت و پەڕەیەکی نوێ هەڵ بداتەوە.

سەرباقی ئەوەش هەرچۆنیەک بێت ئازاد مێردی بوو.

- چوزانی؟
- لە سەر کامیان چوزانم؟ لە سەر پێنج فلسەکە یان ئەوەیان کە ڕەنگە باریشیان هەڵدا بێت؟
- پێنج فلسەکە دەزانم، ئەوەی بار هەڵدانەکەیان دەڵێم.
- ئەزانم باریان هەڵلاوە.
- دەزانم دەزانیت، بەڵام لە کوێوە زانیت؟
- ئەو هەتیوەی برام لە ڕێی نالپارێز ئەمڕۆ بینیبوونی.
- کامیان؟ قسەی لەگەڵدا کردبوون؟
- تالە بینیبوونی و قسەشیان لەگەڵ یەک نەکردبوو. کوا ئێمە قسەمان هەبووە تا ئێستا لە سەرە ڕێیا قسە بکەین؟

فریشتە هیچی نەگوت. لە سەرێکەوە خۆشحاڵ بوو بە سەلامەتیی گەیشتوونەتە پەناپەسارێک و هەموو، نزیکەی هەموویان، پێکەوە بوون. لە سەرێکی تریشەوە خەفەتی ئەوەی دەخوارد کە لە ڕۆژێکی ئاواشدا دەبێت پەرتەوازە بن و کەللەڕەقی باوکی هەر نابڕێتەوە.

لە دڵی خۆیدا پێکەنینی دەهات. بەفراو ڕاستی دەکرد حاجی بێخود هەر بۆ مفەوەزات باش بوو. بۆچی مرۆڤ دەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت باجی هەڵەیەک بدات کە لەبەر هەر هۆیەک کردبیەتی؟ ئەی وشەی لێبووردن، لێخۆشبوون و گەردنئازادیی بۆ لە زمانی کوردییدا هەن؟

- ناپرسی بۆ بە پێ ئەیکوتین؟

لە ئەوە دەچوو دەمێک بێت ئازاد ئەو پرسیارە لە مێشکیدا بێت و چاوەڕووانی ئەوە بێت فریشتە لێی بکات.

- نا، بۆچی بپرسم؟ بێ لە ئەوەش پێم خۆشە هەندێک بە پێ بڕۆم. بەهارە و دونیاش خۆشە.

دەیزانی ئازاد کوڕی دەئێشێت و بۆچی ئەوە دەپرسێت. ئەم هەر نەک لە ئوتومبێلی ئازاد یاخود پارە و ماڵ و سامان و خانووی، بەڵکو تەنانەت لە ئازاد خۆیشی بێتاقەت بووبوو. هیچ بە لایەوە گرینگ نەبوو چی دەکات و بە تەمای چییە.

- ئوتومبێلەکان پارەی چاکیان کرد. ئەمڕۆ فرۆشتمن. پشتی بەغامان شکان. تۆیتاکەما بە هەژدەونیو و دەبڵ کابینەکەشما بە چلودووهەزار. سبەینێ دووسبەی شتێکی جوانتر ئەکڕم.

فریشتە چاک دەیزانی باسی چی دەکات و چۆن بیر دەکاتەوە. زۆر سەیری لە خۆی دەهات کە هەڵەیەکی وای کردووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم کوڕەی خۆشویستووە. ئێ نەدەگەیشت چۆن ئەم مەسەلەیە ڕووی دا. یان تۆ بڵێی کورێکی باش بوو بێت، هەر وەک زەردەخەنەکانی جارانی پاک و بێگەرد، بەڵام زەمانە و چەرخی چەپ گۆڕیبیەتیی و لە ساتەوەختێکدا کردبیەتی بە گورگ؟

- بەو هەتیوەی پووڕزامم وتوە لە عەربەت چاوەڕێم کا. وەعد وایە ئاتۆپەکەی خۆیم باتێ.

ئێستا مرۆڤ دەیتووانی منداڵ و ژن و پیر و نەخۆش و گۆچ و ئیفلیج ببینێت، گەورە لە بچووک تووڕە دەبوو. بە هێز لە لاوازی دەخوڕی توندتر بڕووات و خێراتر پێ هەڵبگرێت. نێر بە سەر مێوە دەبوو بە پیاو و ڕەگی پیاوەتیی خۆی هەڵدەستاند و ئارەق سەلماندنی پیاوەتیی خۆیی دەڕشت. منداڵ وڕکی لە دایکی دەگرت، داوای سواری کۆڵ و قەڵادۆشکانی دەکرد. بەرد و دار و خاک بە سەر بێهێز و لاواز و کەنەفتدا دەباری. لە هەموو لایەکەوە تێیان دەخوڕرا و دەنگیان لێ بەرز دەکرا و پێیان هەڵ دەشاخرا. تۆوی پەرتبوون لە ئەوە دەجوو ماوەیەک بێت چێنرا بێت و وردە وردە لە نێویاندا چەکەرەی دەکرد.

فریشتە لە ژیانیدا بە شەو نەڕۆیشتبوو. لە ژیانیدا تەنانەت بە ڕۆژیش پێنج سەعات لە سەر یەک نەڕۆیشتبوو. یەکەم جار کە خەریک بوون دەکەوتنە ڕێ گەرمایی شادومانییەکی سەیر سەروسیمایی داگرتبووەوە. زۆری پێ خۆش بوو بۆ یەکەم جار دەتووانێت بداتە ئەو دەشت و دەرە. لە ئەوەش زیاتر بە شەو.

نەیدەزانی پێنج سەعات ڕۆیشتن واتای چی، ئێستا وردەوردە تێ دەگەیشت.

ماسولکەکای پوزی بەرەو گرژ بوون دەچوون و ئازارێکی کەم خەریک بوو قەتماخەی دەبەست. سمت و سێبەندەی تۆزێک قورس بووبوو، کەڵکەڵەی کەمێک دانیشتن یان هیچ نەبێت ڕاوەستان، خەریک بوو لە سەریدا زاڵ دەبوو.

شانی ڕاستیی کە جانتاکەی پێوە هەڵواسرابوو کەمێک شل بووبوو و وردەوردە لە سەرخۆ بە دەم ڕۆیشتنەوە جاروبار بایەکی پێ دەدا و کەمێک هەڵی دەتەکاند. تەزووی گەرمایییەکی ماندووبوونیش کە شێی ئارەقڕشتنی لە دووای خۆی بەجێ دەهێشت جارجار لە باریکایی کەمەرییەوە بەرەو بنباخەڵ و قووڵایی پشتی هەڵ دەچوو.

ئیتر لە ئەو تۆزقاڵە دووماندنەی ئازادیش ماندوو بوو، یان ڕاستتر هەردووکیان لە یەکتر و باسی هیچیان نەدەکرد. ئەوەندە نەبێت کە جاروبار پرسیارێکیان لە یەک دەکرد، یاخود بە پرسیارەوە سەبارەت بە شوێنێک، کەڵەکەبەردێک، گردێک یان دیمەنێکی نامۆی تر یەک دوو ورتەی یەکدوو دووماندنیان لە لێو دەترازا و تەواو. ئەو شەوە زۆر لە ئازاد تێگەیشت.

قسەکانی بەفراوی هاوڕێی وەک موزیکێکی بە تام بەر گوێی دەکەوت و زیاتر شەیدای وشەکان دەبوو، زۆرتر گوێی بۆ شل دەکردن و مۆڵەتی دەدان لای بمێننەوە و واتای خۆیان بە دەستەوە بدەن.

مێروولەکردنی لەدایکبوونی بڕیار وردەوردە بە کاوەخۆ لە مێشکییدا بڵاو دەبووەوە و خۆی دەردەخست و خۆیی دەهێنا و دەبرد.

دوو سەعاتی دووایی تا بڵێیت ناخۆش بوو. هەورێکی ئەستوور و ڕەش ماوەیەک تا چاو بڕ بکات ئاسمانی لە هەموو لایەکەوە تەنی بوو و زۆرتر ڕەشایی تێ دەکەوت و ڕووناکیی لە ئاسمان دەبڕی. هێندە تاریک بوو چاو چاوی نەدەبینی. مرۆڤ نەیدەتووانی وەک مەتەڵیش پێش هەنگاوی خۆی هەڵبێنێت. جاروبار نووکی پێ لە شتێک هەڵ دەنگوت و سەرسمێکی کتوپڕ و چاوەڕووانکراوی بە دووادا دەهات. لێدانی دڵ بۆ چاوتروکاندنێک

دەیدایە شەقەی باڵ و تڕپەتڕپێکی هەستپێکراوی لە قەفەسی سینەدا بەجێ دەهێشت. بەڵام ئەم کارە هێندە دووبارە دەبووەوە کە ئیتر مرۆڤ بە هەموو پڕۆسەکە ڕا دەهات و زۆر خۆڕسکیانە خۆی دەدا بە دەست سەرئەنجامەکەوە و هەر لە هەناسەیەکدا دەستی دەکردەوە بە ڕۆیشتن.

پێشینەیەکی پڕ گریان و لاوانەوەی منداڵ تێکەڵ بە دەنگی کزەبا شێدارەکە دەبوو و وەک گوللە لە مێشکی مرۆڤ کاری دەکرد. بە درێژایی ئەو ڕووبارە کاروانەی لە وڵوبە ـەوە دەستی پێ دەکرد و لە کانیاوی کۆڵانەکانی شارەوە سەرچاوەی دەبەست، تا دەڕژایە ئەو دیو سنوورەوە گوێت لە گریانی منداڵان دەبوو. ئەو فرمێسکانەی لە ڕۆژە سەختەکاندا بە نازی دایکان کۆبووبوونەوە دەستی ئازار ئێستا بێ ڕەحمانە لە قوتووە شین و ڕەشەکان دەری دەهێنا.

ئەم بڕە ئازارانە کاردانەوەی پڕ جنێوی منجەمنجی تووڕەیی لە ناو حەشاماتەکەدا لە پاش خۆی بەجێدەهێشت. مرۆڤ دڵی نەدەهاتەوە شوێنخۆپی و تاوانەکەی دەخستە سەر لایەنێکی تر. لە قوواڵایی ناخدا، لە سوچێکی پاکژی بێگەردەوە، ڕەگی لێکترازان و پەرتبوون خۆی دەکێشا و لقوپۆپی بە چواردەوری خۆیدا پەخش دەکرد.

باران نەدەباری، بەڵام تەڕاییەک لەگەڵ کزەباکەدا بەر دەموچاوی مرۆڤ دەکەوت کە هەر لە نەرمە پرژەی ئاوڕشێنێکی دوور دەچوو. کزەبایەکەش توندتر و تووندتر دەبوو. هەندێک جاریش فیشکەیەکی دوور یان لووڕەیەکی کورتهەناسەی لێ دەبووەوە و هەستێکی نامۆ و تەنیایی لە پاش خۆی بە جێ دەهێشت.

دەنگی بۆڵەبۆڵی پیاو، کفر و پاڕانەوە و نزای ژنان، گریانی منداڵان و هات و هاواری بەجێماوان، تووڕەبوونی گەورەی ماڵ و نووزەی پڕ ڕق و تووڕەیی یاخیبوونی کچ لە باوک، ژن لە مێرد، برا لە خوشک هێدی هێدی باڵادەست دەبوو و خۆی دەکردە خەسڵەتی کۆڕەوەکە و جێگای بە گەرمەقسە و گاڵتە و سوعبەت و و شۆخیی سەرەتای دەستپێکردنی کاروانەکە لێژ دەکرد.

لە سەرەتادا ئوتومبێلەکان بە تێژیی دەڕۆیشتن و هەوایەکی کەمێک ساردیان بە لێشاو لە پاش خۆیانەوە بەجێدەهێشت. ڕۆیشتنی هەموو ئوتومبێلێک دەبوو بە مایەی قیرەقیر و تووڕەبوون و شەڕ بەیەکتر فرۆشتن. لە پڕ دەنگی ژنێکی ماندوو و پەست بەرز دەبووەوە:

- خەڵک بە سەیارە ئەڕۆن، خۆ وەک ئێمە خوا دروستی نەکردوون بۆ چەرمەسەریی و نەگبەتیی. هەموو لە مانگی سێوە ئەمانزانی ئەم سەددامە جەرگ بە ئاو بووە بە تەمایە چیمان لێ بکا. کەچی تۆ ئێستاش حازر نیت!

دەنگی پیاوێک بە وەڵامەکەیدا دیار بوو مێردیەتی، زاڵ دەبوو:

- کچێ دە بەس بۆڵە بۆڵ کە، ئێستا تۆ لە چیت کەمە، هەموو خەڵکەکە هەر ئەمە بەشیانە، خۆ ئێمە بە تەنیا نیین! من ساڵی ٧٤یش ڕام نەکرد بۆ ئێران. کوردم بەڵام چی بکەم کە بۆ ڕاکردن باش نییم. ژنەکە پیاوی چا بەو ئابڕووەمان مەبە. ئێمەش وەک ئەو خەڵکە.
- ئابڕووت بە من ناچێ. بە ئەوە ئەچێ کە ئاوا ژن و منااڵت بە پێ بیکوتین.

کابرا هەرچەندە بە دەموپلیدا دیار بوو کە لە ژێر ژنەوە بوو، بەڵام دیار بوو لە شەڕی حەشاماتەکە کە نەشیدەناسین هێشتا باسک و پەنجەی هەڕەشەی لە ژنەکەی هەڵ دەسووڕاند: "چەنە زیاتر بەیت و تووڕەم کەی هەر لێرا تەڵاقت ئەیەم".

وەڵامەکە خەستتر دەبوونەوە، گرژتر دەبوون، تەنگتر و تەنگتر دەیاننووساند و ڕەنگێکی کەسایەتیی و خێزانیی بە خۆیەوە دەگرت. لە پڕ دەبوو بە شەڕ. هاوار و قیرەقیر بەرز دەبووەوە. دەنگی ناوبژیکارەکان تێکەڵ بە هەراوهوریاکە دەبوو. وردە قسەی بۆڵەبۆڵ و ڕەخنەی جیاوازی حەشاماتەکە دەبوون بە پێشینە و تێکەڵ بە بۆچوون و ڕووانگەی ئاخێوەران دەبوو. کۆمەڵێک لە کاروانەکە جێدەما و بە دەوری خۆیاندا خولیان دەخوارد.

تاریک بوو. مرۆڤ نەیدەتووانی سیما و بیچمەکان لێک جیا بکاتەوە. کۆمەڵێک تارمایی لە شێوەی بیچم و لەشی مرۆڤدا، هەندێک کوڵ و هەندێک درێژ، بە بزووتن و وردە هەنگاو و ڕاکەڕاکە، دروست دەبوو، وای لە ئەوەکانی تر دەکرد کە هیچ نەبێت بۆ

سەرەتاتکێیەکیش بێت هەر ئاوەڕ بدەنەوە و چەند هەناسەیەک لێیان بڕووانن و سەیریان بکەن.

لە ماوەی چەند سەعاتێک ڕۆیشتندا خەڵکەکە بەم دیاردەیە ڕاهاتبوون و دەتگوت خۆیان بۆ هەموو وردەکارییەکی بەسەرهاتەکان ئامادە کردووە. بە تاکەکەس، لە ئێرە و ئەوێ، بە ناشازیی بۆچوونێکی بە ئەوان نامۆ دەبیسترا کە زیاتر لە خۆگێلکردن دەچوو. حەشاماتەکەش هێندە گوێیان پێ نەدەدا و خۆیان پێوە خەریک نەدەکرد.

لە ئەوە دەچوو خۆیان بۆ ئەوەش ئامادە کردبێت.

ئێستا ئوتومبێلەکان زیاتر دەردەکەوتن، زۆرتر فڕکەیان دەهات و خێراتر لێ دەخوڕدران. هەموو لە ئەوە دەچوو هەر پێوەندیشیان بەم حەشاماتەوە نەبێت، بەڵام دوو شت ئاشکرا بوو:

هەموویان بەرەو "ئەو دیو" ملیان دەنا و کەسیشیان نەیاندەزانی چیان بە سەر دێت.

- ئا ئەمانە دایکی پاشەڕۆژن؟ بە خوا چاکە!

دەنگی ئازاد چەق خەیاڵی بۆ لای خۆی ڕاکێشا:

- هێندەمان نەماوە بگەینە عەربەت.

فریشتە نەیدەزانی چی بڵێت. هێندەی دەزانی ئەو ڕێگایە لە ئەوە ناچێت ببڕێتەوە.

تاریکیی، ئێشی ئەژنۆ و پوزی، قورسایی جانتاکەی، لووڕەی بایەکە و تەنیایی خۆی، وردەوردە گوشاریان بۆ دەهێنا.

- ناکرێت کەمێک دابنیشین؟
- دانیشتنی چی مردوت مرێ، لە کوێ دائەنیشی؟ خۆ بە شەرتی جادەی قیر مارەم نەکردووی. ئاخر ئێوەی ژن ئاوا ژنێتی بۆ پیاو ئەکەن.

فریشتە کە لە داخان خەریک بوو بقیژێنێت ددانی بە خۆیدا گرت و هیچی نەگوت، بەڵام تەوژم و شەپۆلی ڕقێکی خۆڕسک لە ناخییدا هەر پێچی دەخوارد، ڕووەو سینگ و گەرووی بەرز دەبووەوە و گەرمایی تووڕەبوونێکی بەندخواردووی دەگەیاندە بێخی سەری. ئەوە بۆ شەش سەعات زیاتر دەچوو دەیانکوتا کەچی تەنها جارێکیش نەیوت با ئەو جانتایەت بۆ هەڵبگرم. تەنها جارێکیش لێی نەپرسی ماندوو بوویت یان نا. تەنها جارێک دوو قسەی خۆشی نەکرد، دڵخۆشییەکی نەدایەوە و ڕاوتەدبیرێکی نەکرد.

ئوتومبێلەکان هێندە زۆر بوون خەڵکەکە بە ناچاریی کەوتبوونە ڕۆخی ڕێگاکە و بە قەراخی دەشتەکەدا، گاهـ هەوراز و گاهـ نشێویی و گاهـ چاڵ و گاهـ بەردەڵانیی و قۆرت، ملیان نابوو. بایەکە بە تەواوی توند بووبوو و مرۆڤ دەبووایە بە تووندیی بۆ پێشەوە خۆی بکوتێت و درِ بدات. هەرچەندە هەورەکە هەر تووندتر و چڕتر دەبوو، بەڵام سپایییەکی بۆرباو تاریکییە تونەدەکەی ڕەواندبووەوە و مرۆڤ دەیتووانی لە سەر و سیمای یەک

بڕووانێت، ئەگەرچی ئێستا شەکەتیی لێڵیەکەی ناو چاوی کردبوو بە تارمایی و پێڵووی چاوکەمێک قورس بووبوو و بە ئارەزووی دڵ بەرز نەدەکرایەوە.

تا چاو بڕ بکات ڕووناکایی چرا و گڵۆپی ئاوەدانیی و گوند دیار نەبوو، ئەوە نەبێت کە جار جار ڕووناکیی هەندێک چرا و فانۆسی دەستیی خەڵکەکە کە لە یەک خڕ دەبوونەوە لە دوورەوە ڕۆشناییەکی پڕ تارمایی دەخستە سەر تارمایی مۆڵگە سەربازییەکانی ڕژێم، یاخود لاشەیەکی سووتاو و تێکشکاوی زیلێك، تانکێک یان تەنکەرێکی سەربازیی، هەندێک جار دوور و هەندێک جار نزیک بە ڕێگاکە، ئەو هەستەی دەدا بە دڵ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ناوچەیە داگیرکراو بووە.

لە ئێرەوئەوێش فانۆسە دەستکدارەکانی دەستی ڕێبوارانی لاڕێگاکە ڕووناکیەکی کز، بەڵام جوان و گەرمیان دەبەخشیەوە، بە پێچەوانەی لایتی بە هێزی ئوتومبێلەکانەوە کە ئەگەرچی هەندێک جار پێویست بوون، بەڵام زەق و تیژ بوون.

ڕێ دەکەوت کە هەستی ترسێکی بێ بیانوو سەر و دڵی مرۆڤی دەگرت و مرۆڤ وای هەست دەکرد ئێستا نا ئێستا لۆریەکی سەربازیی، گروپێک ژەندرمە، پیکاپێک ئەمن یان دەستەیەک جاش پەیدا دەبن و هەموو خەڵکەکە دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەو ناوەدا بێکەسکوژیان دەکەن.

لە ڕاستییدا ترسە ڕاستەقینەکە لە ژێرەوە بە سینگەخشێ خۆی گەیاندبووە بن پاژنەی پێی هەرە زۆربەیان و لە پشتەوە بە سەریاندا شۆڕ بووبووەوە. ئەویش ترسی دابەزینی سوپا بوو بە هێلیکۆپتەر تا دەستە دەستە خەڵک ئابڵووقە بدەن و ئینجا ڕەوکوژیان بکەن. ئەم هەستەش نەیدەتووانی درێژخایان بێت و باڵی خۆی ڕابکێشێت، چونکە هەر زوو بەسەرهاتێک، ڕووداوێک یان ورتە و چرپە و هاوارێکی دوور و نزیک مرۆڤی دەهێنایەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینە، بۆ سەر جادەی تاریک و سارد، بۆ سەفەری تەمەن، بۆ گیانی ماندوو.

- نازانی کەی دەگەینە عەرەبەت؟
- فریشتە، پێم وتی تۆزێکمان ماوە.

- بەڵێ، پێت گوتم، بەڵام نازانم تۆزێک چەندە. ئایا تۆزێک نیو سەعاتە، یەک سەعاتە، شەش سەعاتە، چەندە؟

ئازاد بە تووڕەییەوە ئاوەڕێکی لێدایەوە و کەمێک هەڵوێستەی کرد و دووایی هەروەک لە دڵی خۆیدا شایەتومانی هێنابێت دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن.

فریشتەش هەر بە هەمان ڕەوت ملی ڕێگای گرتبووە بەر.

چەند هەنگاوێک ڕۆیشت. کەمێک سەردەستی قۆڵی کراسەکەیی هەڵبڕی و ڕووانیە سەعاتەکەی. دەستی خستەوە گیرفانی، هەر وەک بیر لە مەتەڵێک بکاتەوە کەمێک سەری ڕووەو ئاسمان بڵند کرد، ئاوا پاش دەقیقەیەک بە دەنگێکی کەمێک بەرز کە تووڕەییەکی ئاشکرای لە خۆیەوە پێچابوو بە کاوەخۆ وەک گاڵتەی بە ئاوەزی فریشتە و جۆری قسە و کورددییەکەی بێت، گوتی:

- ئێشتا نزیکەی شەش و نیوە، لە ئەوە ئەچێ دەوروبەری هەشت بگەینە عەربەت. واتە سەعات و نیوێک یان سەعاتیک و چل دەقیقەیەک یاخود دەقیقەیەک کەم یان زیاتر بە هەردوو دیودا، ماوە. ئەوە بێگومان ئەگەر جەنابتان بفەرموون و لە سەر هەمان ڕەوت بڕۆن و ئەوەندە بە تەنگ چرکە و خولەک و سەعاتەوە نەیەن و هەنگاوەکانتان نەپێون. هەوڵیشما بزانم ئەم ماوەیە بە هەنگاو چەن ئەکا، بەڵام بە داخەوە ناخۆشبەختانە بۆ بەڕێزتان، نەمتووانی هەڵی بێنم. ئەگەر خانم ماوەم با ئەوا کۆتایی بە قسەکانم بێنم؟
- کۆتایی بە قسەکانت بهێنە و زۆر سوپاس.

پاش ئەو ڕستە گاڵتەجارانە ماتەمێک سواری کۆڵی فریشتە بوو و چەندین دایەلۆگی هەمەجۆر لە سەروکەللەیدا پەیدا بوو.

تێ نەدەگەیشت بۆچی دەبێت ژیان بە ئەو شێوەیە بێت. ئەم هیچی وای نەدەویست بە کەس نەکرێت. نەیدەویست لە سەر شانی ئازاد ببێت بە بار. وەک مرۆڤێک تەنها نرخی خۆیی دەخواست. ئێ ڕێگایەکی وا دوورودرێژ و پڕ مەینەت ئەوە دەهێنێت مرۆڤ بە پێی

تووانای خۆی دڵخۆشیی هاوڕێیەک و دۆستێک یان تەنانەت نەناسراوێکیش بداتەوە. تۆزێک دەمەتەقێ و قسەوباس بۆ هەموو کەسێک پێویستە. ئازاد دەردەداری گیروگرفت نەبوو. قوربانیان نەدابوو، زیانیان لێ نەکەوتبوو، پارەدار و لەشساخ و بێ بەڵا بوون.

مرۆڤی وا هەیە لە دە کون یەکیەکیانی بۆ ناگیرێت، هەتا وامێک دەداتەوە دەبێت دوو وام یان ڕەهنێکی بۆ بکات، سێ مانگ بە دەم ئازاری ددانیەوە بتلێتەوە مەگەر بە ڕۆنی سەیارە لای فیتەرەکان ئازارەکەی بشکێنێت، چونکە یەکێکی تریان لە ماڵەوە دەرمان و دەرزی پێویستە. ماڵی وا هەن مێینەیەکیان نانپێوەرِی نەکات بێ شێو سەر دەنێنەوە.

ئیتر ئەم تووڕەییە لە بەرچی؟

بۆ ساتێک، هاتەوە بیریدا ماڵی ئازاد یەکێکیان لێ مردبوو.

لای دونیا کردیان بە هەرا و هاوار و گەڕەکیان هەموو قەرزدار کرد.

کابرا کە ئامۆزایان بوو، بووبوو بە ئامرمەفرەزە و ناوی بیست جاشێکی لە خزموکەسوکاری و کوڕانی گەڕەک لای خۆی نوسیبوو. بەڵێنی پێ دابوون مانگی پانزدە ڕۆژ زیاتر نەیانبات بۆ ڕەبایەکە و مووچەکەشیان بداتێ، بەڵام هەمووی نا، یەکی بیست دینار کەمتر، واتە لە هەر سەرەجاشێک بیست دینار خێر بکات و لە سەرو ئەمانەشەوە لە سەربازێی نەجاتیان دەدات و دەفتەرەکەیان بۆ پڕ دەکاتەوە. ڕۆژێک پێشمەرگە خۆیان دەدەن بە سەر ڕیایەکەدا و بە بێدەنگیی هەر پێنج کەسەکەی ناوی دەگرن. یەکێک لە ئەو پێنجە عوسەی فاتەڕیشنی ئامۆزایان بوو. ئاگادار لە بەدکاریی خۆی لە پڕێکدا بە چەقۆیەک ئامرمەفرەزەی پێشمەرگەکان لە ئەوێدا بریندار دەکات و دەیەوێت ڕا بکات، بەڵام پێشمەرگەکانی تر لێی دێنە دەست و هەر لە ئەوێدا عوسەی فاتەڕیشن دەکوژن.

کاتێک ڕەبایەکانی تر ئەم تەقوتۆق و گرمەگرمە دەبیستن شتێک حاڵیی دەبن و دێن بە پیر هاوجاشەکانیانەوە. پێشمەرگەکان تا پێیان دەکرێت شەڕ دەکەن و یەکێکیان نەبێت کە ئەویش بە بریندارِیی خۆی گەیاندبووە وێڵەیەر، ئەوەکانی تر هەموو شەهید دەکرێن. لە

شەڕەکەدا سەرجەم بیستویەک کەس کوژران. شەشیان پێشمەرگە و پانزدەیان جاش یان فەریکەجاش.

ئاسۆی دەراوسێیان ئەم "فەریکەجاش" ەی داهێنا بوو. ڕۆژێک برادەرێکی ئاسۆ کە تازە خۆی بۆ جاشیەتیی ناونووس دەکات، سەر دەخاتە سەر ئاسۆش و وازی لێ ناهێنێت، هەر هەوڵ دەدات ئاسۆ ڕازی بکات. ئاسۆش بە تووڕەییەوە دەڵێت: "من نابم بە فەریکەجاش".

کابرا دەستبەجێ فیشەکێکی نابوو بە ئاسۆوە. دووایی لای خەڵک گوتبوویان لە دەستی دەرچووە تا دوژمنایەتیی نەکەویتە نێوانیان. جاش لای دەوڵەت خۆشەویست بوو. بە هەر شێوەیەک ئاسۆ قاچێکی لە کیس چوو، بە هەزار شەڕەشەقیش لە دادگای سەربازیی ڕزگاریی بوو، دەنا ماڵەوە بە تەمای نەبوون و وایان دەزانی هەر ئیعدام دەکرێت.

بە هەر شێوەیەک پێشمەرگە بریندارەکە کە هەر لە ئەو شاخە مابووەوە، لە سێیەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا خۆی گەیاند بووە شار و چووبوو بۆ ماڵی هەموو پێشمەرگە شەهیدەکانی هاوڕێی و بەسەرهاتەکەی وەکو خۆی بۆ گێڕابوونەوە. ماڵی یەکێکیان دانیشتووی گەڕەکی فریشتە بوو. هاوار بەرز بووەوە و شین گیرا.

برا و خوشک و خزم و کەسوکاری ئاگرگرتوو و تووڕەی شەش پێشمەرگە بە دەمانچە و تفەنگەوە هەڵیان کوتایە سەر ماڵی فاتەڕیشن. ئەوێش یەک پارچە ئوتومبێلی کەشخە و پڕ لە چەکدار تومەس لایان گۆڕیوە. کەسوکاری پێشمەرگەکان نەشارەزا و نەکردە و ماڵی فاتەریشنیش جاشی کۆن و دابەستراو و پۆپنەپێدراو یەکسەر ئەمانیان هەموو دەستبەست کرد و چەکەکانیان لێ سەندن. کورێکی گەنجی کڵاولار میلی کڵاشینکۆفەکەیی لێ ڕاکێشابوون و تێی دەخورین: "ورتە لە دەمتانەوە نەیەتە دەرەوە ئەگینا هەمووتان ئەکوژم، ئەگەر لە کوردستان شەهید هەبێ، ئەوە عوسەی پوورەفاتەیە".

فاتەڕیشن بوو بە خاوەنی شەهید و جاشەکۆنەکانی عوسەی کوڕی بووبوون بە پێشمەرگەی نوێ و چووبوونە ژێر دەستی خزمێکیان. ئینجا بە جوێن دایگرتبوونەوە و بە

دەستە حیز و دزی دەکردن و خۆی دەهێنا و دەبرد. ئەوانیش نەکردە و بەدبەخت دەمیان بووبوو بە تەڵەی تەقیو و نەدەبزووان.

چەکدارەکان چواردەوری سکاڵاکارەکانیان تەنی بوو و خەڵکی خۆیانیش لە دەوریان خڕ بووبوونەوە. دەرودەراوسێ هەموو لە بەردەم دەرگای ماڵەکانی خۆیانەوە یەک یەک و دوودوو و زیاتر چووبوونە پاڵ یەکتر و لە دووری خۆیانەوە، وەکو فیلمێک ببینن، لێیان دەڕووانین. لە ئەوە نەدەچوو بۆیان دیمەنێکی تایبەتیی بێت. کابرای لێپرسراو، تەنگەئەستوورێکی کاسکێت بە سەر، چوو بووە سەر بۆنیتی جێبێکی لاندکروزەر و بە سەر حەشاماتەکەدا دەی نەڕاند:

- عوسەی پووڕەفاتە، شەش ساڵی ڕەبەق خەتمایلی شۆڕش بووە، ئەوەی ئەو بۆ کوردی کردووە مەگەر بە هەزار پێشمەرگە پێیان کرا بێت، تێ دەگەن؟

بە شەڕەف و بە ناموسم شەو نەبوو من و ئەو شەهید عوسمانە مەفرەزەیەک پێشمەرگە ڕزگار نەکەین. کورە بابە خۆ ئێمە هەموو کەس دەماننناسێ. بە شەڕەف و بە ناموسم کە شەڕەف و ناموسی حەموتانە، بە ناوی ئەو خوا گیانە، حەموو حیزبەکان، لە بچووکەوە بۆ گەورەیان، مەمنوونی قۆنەرەکانی ئێوەن سیلاحیان بۆ بکەینە شان. حەموو تەلەفۆن ئەکەن و را دەسپێرن و تکامان لێ ئەکەن لا بگۆڕین. خۆ کاکە ئێمە سیلاح بۆ حەموو لایەک ناکەینە شان. هەرچەندە بە بە شەڕەف و بە ناموسم کە شەڕەف و ناموسی حەموتانە، بە ناوی ئەو خوا گیانە، بە تەڵاق و کەرامەتی ئێوە، من بەش بە حاڵی خۆم، هیچ فەرقێک لە نێوان هیچ حیزبێکیانا ناکەم. کورە بابە ئێمە لە بەردەم چەقۆی کابرایا بووین، چەقۆی کابرا، بەس نییە ئەوان هیچ نەبێ، کورە هیچ نەبێ، ها، هەر هیچ نەبێ، ئێوەش بۆ خوا قسە بکەن – بە هەڕەشەوە برۆ ئەستووڕەکانی خۆی بەرز کردەوە و توندتر لە یەک بە یەکیانی ڕووانی – هەر بۆ خوا گیان بزانن وایە یان وا نییە، کە دووربوون لە چەقۆی کابراوە. ئەرێ خەڵکینە من سوئال لە خۆتان ئەکەم – چاوە خڕە سووڕەکانی لە پشت ڕەنگە بۆرەکەی دەموچاوییەوە وەک پشکۆ لە نێو خۆڵەمێشێکی قورسدا بەرامبەر حەشاماتەکە داگیرسابوو – ئەی وا نییە؟ بە شەڕەف و بە ناموسم کە

شەرەف و ناموسی حەموتانە، بە ناوی ئەو خوا گیانە، ئێمە یەکەم کەس بووین چووینە ناو هەڵەبجە.
ئینجا وەک بۆ وشە بگەڕێت و لە ئەو جۆرە وتارانەدا بە ئەزموون بێت بە چاو کەمێک بە ناو خەڵکەکەدا گەڕا:
بە تەڵاق و کەرامەتی ئێوە لە حەموو سەردانێکی ئەو شەهید عوسمانە و منا بۆ لای جەماعەت بۆ سەرەوە، بۆ لای هەر حەموویان، بیرتان نەچێ ئێمە قەت فەرقمان نەکردوون، لە یەک بار کڵانشینکۆف کەمترمان بۆ نەبردوون. کورە ئەی هاوار، لە ڕێی ئەو خوا گیانە، هەق پیاوی نەگبەت چۆن بە ئاسانیی لە ئەم وڵاتە ئەخورێ. ببینن – ئێستا نیگای چاوی بۆ تەماشاکارە دووڕەکانیش فرێ دەدا و بە برۆی بەرزکراوەوە لە ئەوانیشی دەڕووانی – لە ناو زومرەی بێگێرەتانا شێری وەک ئێمەی تیا هەڵئەکەوێ.
ئینجا کەمێک دەنگی ئارام کردەوە:

- زۆربەی ئا ئەمانەی لێرە لەگەڵمانن هەر وەختی خۆی خەتمائیل بوون.

پاش قەرزاربارکردنیان لێشیان تووڕە بوو. بە پارانەوە و تکا و دەستدامێن بوونی خەڵکەکە مەڕەخەسی کردن و پێی گوتن لە بەر خاتری خۆیان جارێکی تر نەخەڵاتابن بیر لە شتی وا بکەنەوە. ئەگینا، دەینبات بۆ بارەگا و دەیانخاتە زیندانی بارەگا و بەرەوە.

ئەوجا دەستێکی بە شانی فاتەڕیشندا کێشا کە هاتبووە تەنیشتیی و بە سەر بادا نو دەست بادانێکی نەرم و گاڵتەجاڕییەوە ڕووی تێ کرد: "جا پووڕەفاتم تۆ نازانی لە ئەوێ چی لە کۆنەبەعسیەکان ئەکەین".

ڕوو لە چەکدارێکی سەرتاپا فیشەکچینی تەنیشتی، مزەڵیەکەی دەستی ڕاستی لە سەر ناوگەڵی خۆی بە یەک دوو تەکان هێنا و برد و ئحێکیشی بە گەرووی خۆی کرد.

چەکداران و حەشاماتەکە هەروەک تاژی بن و بە دەمی خوێناویەوە پەلەوەرێکی نێچیریان بۆ ئاغاکەیان هێنابێتەوە لە هەناسەسواریی شانازییدا و بە سەرلەقاندنی ڕەزامەندییەوە لە یەک و لە کابرای لێپرسراویان دەڕووانی.

خەڵکە تووڕە زیانلێکەوتووەکە، بە ماندوویی و بە خەفەت و پەستیەوە، ڕۆیشتن و بڵاوەیان لێ کرد.

خوشکی ئەو کوڕە شەهیدە ناوی دڵگیر بوو. دڵگیر لە ئەو دووایییەدا ڕووی نەدەهات یان نەیدەویست بچێت بۆ ناو خەڵک. دەگوترا کە لە کاتی سەرەی نەوتدا بە سێ چوار چەکدار دووریان خستووەتەوە و نامەردییان بەرامبەر کردووە. هەواڵەکە وەک جریوەی مەل بە نێو گوزەرەکانی شاردا بڵاو بووبووەوە، بە کەڵکی ئەوە نەدەهات خاوەن پرس قسەی خۆیی تیادا بکات.

کاتی خۆی کە فریشتە بەفراوی ناسی و لەگەڵ دڵگیر و ماڵی گێلاس و ناسکۆڵ تێکەڵاوی پەیدا کرد، زەمینێکی نوێ بوون بۆ خاڵیکردنەوەی بارگەکانی هەوری ناخی و پاشانیش پەی بە پەنجەرەیەکی نوێ برد بۆ ڕووانیین لە مرۆڤ و دەوروبەر و هەستی بە گۆڕانێکی گەورە دەکرد. هەستی دەکرد بەرەو پێشەوە دەچێت و پێشکەوتنە هزرییەکانی خۆیشی دەبینی، بەڵام یەک شت تەنگی پێ هەڵدەچنی و بێزاری دەکرد. ئەویش ئەوە بوو زۆر دەترسا ناوی بچێتە ناوناوانەوە و ناوی بزرێت و ببێت بە یەکەم کەس و مەڕی قوربانیی. زۆر لە ماڵی باوکی و ماڵی ئازاد دەترسا.

ئەم نە خاوەنی لەشی خۆی بوو و نە خاوەنی مێشکی بوو. هەموو هەڵەیەکی ئەم بە قەیران و نەهاتیی کەسوکار دەزانرا و ئەوان خۆیان دەکرد بە خاوەنی و لێیان دەپرسیەوە. زۆر بە ئەوە پەست دەبوو. لە ئەوەتەی مرۆڤ کورد هەیە ژنی کوردیش کار و خەبات دەکات. بە چواردەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێت و خنەی دێت، شەونەخونی دەکێشێت و ڕۆژانە بە دەم کاری گرانەوە هۆنەوز دەدات، بێ ئامان مەزەی زەوقی پیاوەکەی و گیانسووکەڵەی نێرینەکانی ماڵەوەیە. لە ژێر دەستدرێژیی داگیرکاراندا هەم قەڵا بووە و هەم قەڵغان. شەرەفی پیاوەکەی و ژیانی منداڵەکانی پاراستووە، هەموویانی تێر کردووە و پۆشتە و پەرداخ ڕای گرتوون و لایەلایەی بۆ منداڵ و گەورە کردووە و ڕاپژەناندوون.

باشە بۆچی ئیتر پیاو شەرەف نەپارێزێت و بۆچی لە دەستی ژندا بێت؟ باشە بۆ لە دەستی هەردوولادا نەبێت؟

پرسیارەکان لە مێشکییدا خولیان دەخوارد. وەک ڕەشمار پێچیان بە خۆیان دەدا و هەڵ دەئاوسان. پرسیارێک دەبوو بە دووان و بە سیان و بە دە، بە سەدان لق و پۆپیان لێ دەبووەوە و دیوارەکانی مێشکیان دەتەنی و دەجوو. بە دووای وەڵامێکدا ماخۆلانیان بوو. ئەمیش توند خۆپی دەگووشی. هەروەک لە ئازاری منداڵبووندا بێت ددانەکیرێی دەکرد. بە هەموو هێزی خۆی پاڵەپەستۆی دەخستە سەر هەناسەکەی و سیپەلکەکانی دەخستە ژێر مەنگەنەی ماسولکەکانی سینگی، نەیدەهێشت پرسیارەکان لە حەسرەتی خۆیان زریکەیەکی پڕ دەمی درێژخایانی پێ بکەن.

ئەگەر ئەم لە پرێکدا زریکەیەکی وا بکات، خەڵک چی دەڵێن؟

هەموو دەڵێن شێت بووە. ئەوەی بە سەر ژنی شێتدا دێت هێشتا هەر بە سەر ژنی شێتدا هاتووە. ژنی شێت ژنی بە سەردەهێنرێت. لە ماڵەوە بە زنجیر دەبەسترێتەوە و ناهێڵرێت کەس ببینێت. نایەڵن کەس ببینێت. هەتا بەردەرگا بچێت لێی دەکەن بە هاوار نەک پیاوێک شتێکی لێ بکات و ئابڕووی تایەفەکە بەرێت. ژنی ساخ جێی متمانە نییە و لێی دەترسن بە ڕاست و چەپدا دەرپێکەی خۆی فڕی بدات، جا وەرە ژنی شێت بیت. بیرتان نەچێت گوڵی شەرەف بە دەست ژنەوەیە و گەر هەڵپچڕووکا ئەوە خۆی باش پارێزگاریی لێ نەکردووە. ژنی شێت نازانێت کە شەرەفی مێردەکەیی لە چنگدایە و بێ ئەوەی پێی بکەنەوە، خۆی دەیکاتەوە. ژنی ساخ هەموو شتێکی لە سەر لەپی دەستیەتی، جا وەرە ژنی شێت بیت. ژنی شێت هەروەها نێونێوبانگی پیاوەتیی نێرینەش دادەکێشێنێت. پیاوەتیی نێرینە بە ژنی باش و ئیشکەر و خۆڕاگر و گوێڕایەڵەوە بەستراوەتەوە.

ئەگەر پێیان بڵێت: "خەڵکینە مەسەلەکە ئەمەیە، چی پێ دەڵێن؟".

دەڵێن ئاخر زەمانە ئەگەرنا تۆ بۆ بە دیار مێرد و ماڵی خۆتانەوە دانانیشیت. پیاوان کوردستانیان پێ ڕزگار ناکرێت ئێستا تۆ چیت پێ دەکرێت؟ خواردن بە ئارەزووی خۆت دەخۆیت، جل بە ئارەزووی خۆت دەکەیتە بەر، ئێ بە خوا دەچیتە بەر دەرگا و جار جار دەچیت بۆ بازاڕ، دێن بۆ لات و دەچیت بۆ لای خەڵک، لە چیت کەمە؟ چارەنووسی کچ هەر ماڵی مێردیەتی.

پرسیارەکان لە ئەم جۆرە وەڵامانە بێ تاقەت بوون و خۆیان نەدەدا بە دەستەوە، سەریان بۆ ئەو جۆرە وەڵامە کۆنانە با دەدا و هەروا بە ئاسانیی، بە بیانوو و منجەمنج و کڕووزانەوە، قایل نەدەبوون.

فریشتەی ماندووش لە نێوان دۆزەخێکی ڕاستیی و کۆمەڵێک پرسیاری چەقاوەسوودا تیادا مابوو، سێبەری ئازاد و ماڵی باوک و ماڵی خەزوور و خزمی دوور و نزیک، لە لایەکیەوە دەڕۆیشتن، بەفراو و ناسکۆڵ و هاوڕێیکانی تری لە ئەم لایە و یەک حەشاماتی زلی بێ کۆتاییش لە دووایەوەی.

چۆن مرۆڤ بەرگەی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە دەگرێت؟

دووایی هەروەک گاڵتە بە خۆی بکات تۆزک لێوی گاڵتەجاڕیی لە خۆی هەڵ دەقوورتاند و بە نازێکی بێ مەیلە ئەوە بە خۆیی گوت: گیانە تۆ مرۆڤ نییت، تۆ ژنییت، ها.

ئەو "ها" یەی دووایی بە یادی دڵگیری هاوڕێیەوە گوت. دڵگیر لە دووای هەموو ڕستە و پرسیار و وەڵامێکەوە "ها" یەکی دەخستە سەر و بە ئەوە کۆتایی پێ دەهێنا. جارێکیان دایکی فریشتە، یادی ئەو کاتانە بەخێر، لێی پرسی:

- ئەرێ کچی تۆ ئەو "ها" "ها" یەت لە چییە؟
- ئەگەر نەڵێم ها، ئەی بڵێم چی؟ ها. با جارێکیش بڵێین ها، چ دەبێت، ها؟

ئەم "ها" یەی دووایی هەر بۆ خۆشیی و سوعبەت گوت. تەنیا بۆ ئەوەی دایکی فریشتە بهێنێتە پێکەنین.
تومەس حاجی باوکی فریشتە لە ئەو دیوە پەنجەرەکەیانەوە خۆی لێ داگرتبوون، چونکە گوێیان لێ بوو بە دایکی فریشتەی دەگوت:

ئا ئەمانە دایکی پاشەڕۆژن، بە خوا چاکە!

ئەمانیش دابوویانە پڕمەی پێکەنین و بە نزمیی پێکەوە بە یەک دەنگ وەڵامیان دابووەوە:

- گوێ مەدەرێ حاجی گیان، هەر چاکە چاکە!

- به فڕکەیەک یەمەوە، بەڵام مەکەوەرە مەحکەمە کردنم

لە پڕ دەنگی ئازاد هێنایەوە بۆ سەر جادەکەی عەربەت.

- ئەوە چییە لە بەر خۆتەوە قسە ئەکەی؟

ئەمیش ڕاچڵەکی و دەتگوت لە شیرینخەودا خەبەرت کردووەتەوە. سەیرێکی ئازادی کرد و ڕووانیە چواردەوری خۆی. دڵگرانیەکی بروسکەیی بە ناخییدا تێپەڕ بوو، چونکە نەیدەزانی چی گوتووە. دووایی بە قسەکانی ئازادا بۆی دەرکەوت کە ئەوەندە نەبووە شایانی باس بێت. ئەمیش هەر لە بەر خۆیەوە هەر وەک ئێستاش لە دالّخەدا بێت بەرەو پێشەوە توند دەڕۆیشت. کاتێک مرۆڤ چواردەوری چۆڵ بێت دەبێت لەبەر خۆیەوە قسە بکات، ئەی چی بکات؟

تووڕە بوون هێندە لە سەری فریشتەدا کەڵەکەی کرد و پێچی خوارد کە بۆی بووبووە وزەیەکی لە بن نەهاتوو، هەنگاوەکانی تووندتر و خێراتر و دەکرد و لە ئەوە دەچوو بە تەواوی ماندووبی حەسابێتەوە و پشووی خۆیی دابێت. ئازادیش هەرچی دەکرد سەری سووڕما چۆن ژنێک دەتوانێت تا ئەو ڕادەیە ددان بە خۆیدا بگرێت و سڵ لە ماندووبوون نەکاتەوە و بەرەو پێشەوە وەک لە کاروان بەجێماوێک تەکان بدات و درِ بە ڕێگایەکی نەبڕاوە بۆ پێشەوە بدات. ئازاد بڕووای بە خۆی نەدەکرد، بەڵام بە چاوی خۆی دەیبینی و لە سەرییدا بووبوو بە مەتەڵ.

هەواکە تا دەهات ساردتر و شێدارتر دەبوو. خەڵکەکەش زۆرتر و زۆرتر دەبوون. فریشتە یەک دوو جار ئاوەڕی دایەوە بۆ دوواوە و تا چاوبڕ بکات هەر خەڵک بوون ملی ڕێگایان گرتبووە بەر و بەردەمی خۆیان دەکوتا. لە ئەوە نەدەچوون بەرەو پێشەوە بزوێن و ڕێگا ببڕن. مرۆڤ بە ئاسانیی دەیبینی کە بە گرووپ و دەستە هەروەک لە پڕێکدا فشارێکی زۆریان بۆ هێنابێت بەملاوئەولادا دەچوون، لە ڕێچکە خەستەکە دوور دەکەوتنەوە و بە کۆمەڵێک بزووانندنی نائاهەنگیی و پێچوپەنا، لە ئەم سەر دەچوون بۆ ئەو سەر و

هەمدیس دەهاتنەوە و تێکەڵ بە خەڵکەکە دەبوونەوە، بەڵام هێشتا هەر چەند کەسێک هێندەی تر لە حەشاماتەکە دەپچڕان و دوور دەکەوتنەوە.

فریشتە زۆر خەمی بەم دیمەنە ناهەمووارە دەخوارد. تێ نەدەگەیشت بۆچی خەڵک دەبێت لە ڕۆیشتنیشدا ڕێک نەکەون.

لە ئەوە نەدەچوو کەس گوێ بدات بە کەس و کەسی بە خەیاڵدا بێت. لە ئەوە نەدەچوو ئەو کاروانە دوورودرێژە بە تەنیا بە دەزوویەکی هەستیش پێکەوە گرێدرا بن و کەس لەگەڵ کەسدا بێت.

ئەوەی ئێستا دەتبینی چرکەیەکی تر نەمابوو، یاخود زۆر لە پێش تۆوە هەنگاوی دەنا، یان دەبوو بە شەڕی لەگەڵ ئەوانەی جواردەوری خۆی و ئیتر بەجێ دەما و کەس چارەنووسی نەدەزانی.

فریشتە پرسیاری سەیری لە خۆی دەکرد و دووواییش کە نەیدەتووانی وەڵامییان بداتەوە لە خۆی تووڕە دەبوو. پرسیار لە سەر پرسیار دەهاتن و دەچوون و نۆرەبڕپی وەڵامیان لە یەکتریی دەکرد.

ئایا ئەم خەڵکانە دوودوو و سێ و سێ و دەستە دەستە پێکەوە کەوتوونەتە ڕێ؟

پاش دەمێک شەنوکەوکردن و هێنان و بردن، وەڵامی خۆپی دەدایەوە: بەڵێ!

ئەدی بۆچی ئێستا پێکەوە هەڵ ناکەن؟ ئایا هەر ئەوانە نین کە لە ماڵەوە سەدان قسەی چەور و قەبەی خۆشەویستیی بۆ یەکتری دەکەن و سوێند بە سەری یەکتر دەخۆن؟

سەرێکی ماندووبوونی لە خۆی بادەدا هەروەک لە خۆی بێزار بووبێت و بخوازێت ئەویش لە خودی خۆی جیا ببێتەوە، بە ناڕەزاییەوە هێندەی تر گوڕی دەدا بە خۆی و بەرەو پێشەوە دەجمی و ئینجا بە خۆپی دەگوت: ئەوە یەک پرسیار نەبوو، دووان بوون و هەر زۆر دوورودرێژیش بوون.

بەڵام ناچار بوو وەڵام بداتەوە. خۆپی لە سێ بیچمدا دەبینیەوە.

یەکەمیان لەشێکی ماندووی تووڕە و فشاربۆهێنراو کە لە داخی حیرسی دڵ و ناخی. خۆی لە ژیلە ئەمۆیەک گەرمتر داهێنابوو، کردبووی بە وزەیەکی گەورەی باوەڕ پێنەکراو و لاقەکانی خۆیی بۆ پێشەوە پێ تاو دەدا، وەک جانجاڵۆکەی ترسێنراو بە بەرزایی و نشێو و چاڵ و تەختاییدا تێی دەتەقاند و پێشبڕکێی لەگەڵ سیبەری خۆشیدا دەکرد.

دووەمیان ملۆزمێکی وڕگگری گرینۆکی بێحەوسەڵە و چەنەباز و دڵنەسرەوت بوو کە پرسیار لە سەر پرسیاری دەکرد و دەتگوت پرسیار لە کۆمپیوتەرێکی بێ گیانی زۆرزان دەکات، وا دەزانێت پاش چەند چرکەیەک بە کاوەخۆ وەڵامەکان دەخاتە سەر پارچە کاخەزێکی سپی و دەیداتەدەستی، ئەوەی بەزەیی و سۆز بێت دەری نەدەبڕی بەرامبەری.

سێیەمیان خۆی بوو، خۆیی کۆڵ، خۆیی بێکەس و خۆیی مەلول!

نەیدەزانی خەمی کامیان بخوات؟

خەمی ئەو جەستەیەی کە شانی دابووە ژێر ئازاری سەرە ڕێ، یان هی ئەو خەڵکانەی کە بە سەدان و هەزاران سواری سێبەری یەکتر بووبوون و دەیا جار پێیان لە پێی یەک دەنا و بە ئاستەمیش هەستیان بە بوونی یەکدی نەدەکرد، یان وەڵامی ئەم چەنەبازە سەرشێتە بداتەوە و پشت لە هەموو شتێکی تر بکات؟

بڕیاری دا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە:

ڕووی کردە مێشکی خۆیی و دەتگوت بەرامبەر ئەڵتاری گەورەترین کڵێسا ڕاوەستاوە. وێستی یەک ڕیز جنێوی پێ بدات و بۆ دووا جار تەمێی بکات، بەڵام کە ڕووانیە سەر و سیمای ئەم ملۆزمەی مێشکی کە وا بە حەسرەتەوە دەیخواست بیکات بە پەند، وا ناحەز و ناشیرین نەبوو، بە پێچەوانەوە ئێسکی سووک و تا ڕادەیەکی زۆر شیرین و سەرنجڕاکێش بوو، چاوی پڕ بەزەیی بوو، میهر و سۆزێکی بێ پایان لە قوواڵایی چاوەکانییدا دەدرەوشانەوە. لە ئەوە نەدەچوو هەڵەشە و پەلە بێت، بەڵام تینوو دیار بوو، پێ دەچوو بتووانێت تەڕایی هەموو گیانی فریشتە بخواتەوە.

مێشکی لە تاریکیی بێزار بوو، ناڕاستیی زۆر بیستبوو و زۆر جاران دەستی بردرا بوو، بە دووای دۆستێکی خۆشەویستدا وێڵ بوو، بە دووای هاوسەرێکدا کە هەم خەمڕەوێن بێت و هەم خەمخۆر، هەم زمان بێت و هەمیش سەر، هەم لەش بێت و هەمیش لانە.

فریشتەش مەستی تووڕەیی خۆی و بێدەربەستیی فەلەک، تۆزێک لێی چووە پێشەوە و چاوی بڕیە چاوی:

مێشکی خۆشەویستم، قوربان، گیانەکەم!

هەبوو نەبوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە ئیتر زۆرم بۆ هات و نەمدەتووانی لە ئەو بوونە گەورەیەی نەبووندا بەردەوام بم بە دووای چارەسەرێکدا دەستم بە گەڕان کرد تا بتووانم بێمە دونیاوە. چووم بۆ لای خوداوەندی ژیان و چەندین جار داوێنیم گرت تا ڕێگام پێ بدات، بەڵام هەموو جارێک لە جارەکەی پێشوو زیاتر دەستی دەنا بە ڕوومەوە و پاڵی پێوە دەنام. من سەردانم زۆرتر دەکرد و ئەویش تڕۆکردن، تا خەریک بوو ئومێدم دەبڕا و پشتم دەشکا، بەڵام هەر نەوەستام و سەبرم لە خۆم بڕی، زۆرم پێ خۆش بوو بێمە ناو جیهانەوە.

چووم بۆ لای هەموو پێغەمبەرێک. لە مانی و زەردەشتەوە گرتم تاکو هەرە دووایین، داوێنیانم گرت، داوام لێ کردن، لێیان پاڕامەوە، گریام و کڕووزامەوە، لاوامەوە و دڵەسوتێم پێ کەوت، بەڵام چار نەبوو. کەس گوێی لێ نەگرتم و کەس تەکلیفی لە خودا نەکرد بۆم. خوێنی خۆمم هەڵهێنایەوە و لە سەری زارمدا قوتم دایەوە و ژەقنەبووتم خوارد، هەر گوێیان لێ نەگرتم. تەمەنم بوو بە گوڵخەن و ئاوەڕیان لێ نەدامەوە.

ئای کە پەست بووم! ئای کە لێیان دڵ گران بووم!

من دەمگوت دەچم و ئەوان پێم پێ دەکەنین.

ڕۆژان ڕۆیشت و من لە سێبەری مەرگی خۆمدا سەمام دەکرد. لە ناخی خۆمدا خۆمم دەخواردەوە. زووخاوی خۆمم دەمژی و لە سەر خوێنی بەربووی ناو دەمارەکانم دەژیام. هێدی هێدی تروسکایی ژیانم لێ دەبڕا. چاوەکانم بێ هێز بووبوون، لاقەکانم نەدەبزووان،

دەستەکانم جووڵەیان نەدەکرد، گوێیەکانم هیچیان نەدەبیست، بۆنم نەدەکرد. وردەوردە گەڵای ژیانم یەک لە دووای یەک دەکەوتنە خوار، داری ژیانم زەرد دەبوو، هەستم دەکرد لە ژێرەوە ڕەگەکانم دەڕزێن و تووانای هەناسە وەرگرتن و دانەوە و خەو و خۆراکیان نییە. هەستم بە چرکەچرکی پساندنیان دەکرد، هەستم دەکرد کە باڵام بە لادا دەکەوت.

چوومە سەر گلکۆی هەموو پیرێک، بەردی نیازم لکاند بە کێل و لاتەنیشتی هەموویانەوە، بە دەوری گەلێک ئاگردا خولامەوە، دەیان مەشخەڵم هەڵ کرد و لە ژێر سێبەری گڕەکانیاندا لێی دادەنیشتم و دەپاڕامەوە. دەمویست هەرچۆنیەک بێت لە ناو گێتێی تەڕ و تاریکییدا نەمێنم و بێمە ناو جیهانەوە. شەیدای ئا ئەم جیهانە بووم و کەس نەیدەتووانی ئەو خولیایەم بۆ چرکەیەکیش لە بیر بەرێتەوە.

تا ڕادەی مەرگ بێزار بووم لە ئەوەی کە هەر تۆوی پشتی پیاوێکی ئایینده باوک بم. بێزار بووم لە ئەوەی هێلکەی ژنێک بم کە هەرگیز نەتروکێت.

تا وای لێ هات نائومێد و بێ هیوا بووم، ئیتر چارم نەما و پشتم لە هەموو خوداوەندەکان کرد. بە گژ خودای ئاو و باران و ڕەشەبا و سکوزا و ئەم و ئەودا چوومەوە. هەرچی جوێنی مزر و تەڕ بوو پێم دان. تێر بە ئارەزووی خۆم دەمم کردە پێغەمبەران و ئەوەی بە سەر زارمدا هات لە بەردەمیاندا هەڵمڕشت. چوومە سەر گلکۆی پیرەکان و ئەوەی پێم کرا و پێم گوترا دریغییم لێ نەکرد.

چوومە سەر کێوی پیرەمەگروون، داوام کرد لەگەل گیانی پیس و ئەهریمەندا یەکتر ببینین.

ڕۆژان ڕۆیشت و دەنگ نەبوو. کات ڕۆیشتوو هەواڵ نەبوو.

ڕۆژێک پێش ئەوەی لە ژووری تاریک و تۆندا مالئاوایی لە زاینی ئەو گێتییە بکەم، بە چاوێکی پڕ قین و دڵێکی پڕ لە داخەوە ڕووانیمە هەرە لووتکەی کێوەکە.

هێندە جنێوی ناشیرینم بۆ پیری مەگروون ڕەوانە کرد کە ناخم وەک بوومەلەرزەیەکی تیادا هەڵکردوو دەهات و دەچوو و تەکانی دەدا. لەشم وەک شەقشەقە ڕادەژا و دەروونم نالەی دەهات، بەڵام کە وردبوومەوە دیتم کێوەکە سەرتاپا لە ژێر پێمدا دەهەژێت. جوانتر ورد بوومەوە بیچمێکی ناقۆڵا و بە ئاسمانداچووم بینی بەرەو ڕووم دەهات. هەر لە دوورەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و لێم نزیکتر بووەوە.

کاتێک بەرەو ڕووم دەهات باران دای کرد. بوو بە لێزمە، ئاو بەرز بووەوە و قولەپێ و ناوقەد و لەشی داپۆشی. لافاو هەڵسا. ڕەشەبا و زریان و تۆفان و هەورەبرووسکە و هەورەگرمە ڕووبەری ئاسمانیان تەنی. درەختەکان بەلادا کەوتن، دارستەنەکان بە ئاو داپۆشران و کەتنە بن ئاو، کێوەکان وەک لە قورِ بن، خوسانەوە.

لە ئەم هەموو هات و هاوار و بگرە و بەردەیەدا داوایان لێ کردم چەندین ڕاپۆرت بنووسم و هەموویان لە خوارەوە ئیمزا بکەم و بەڵێنی پەشیمان نەبوونەوە بدەم. ڕاپۆرتم بۆ هەموو خوداوەندانی شەرِ نووسی، لە هەموو شەیتان و کادێرێکی بەرز و شەیتانۆکەیەکیان پارِامەوە و لە جیاتی دەیان سەدان بەڵێنم دا، بە هەر چواردەوری خۆم و بە هەر پێنج پەنجەم ئیمزام بۆ دەکردن.

پاش ئەوە، ئەوان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و هەندێک مقۆمقۆیان کرد و هەندێک سەریان بۆ یەکتر لەقاند و با دا. لە چاوتروکاندنێکدا خۆم لە جیهانی ژێرزەمین، لە دایکی تاریکیی و تەرِییدا، بینییەوە، هەر لە هەمانکاتدا چواردەورم ڕۆشن بوو. لە هۆڵی نێو کۆشکی خاوەنشکۆیەکی ئەو جیهانەدا، لە نێوەڕاستی ئەو هەموو شەیتانەدا، وەستابوو.

لە پرِ پیاوێک و ژنێکیان هێنا و ئەوانیش چەند جارێک لە بەر دەممدا خولیان خوارد، بە هەنگاوی مامناوەندییەوە لە ئەو ناوەدا سوڕانەوە و خۆیان نیشان دام.

ئینجا تێیان گەیاندم کە ئەگەر پەسەندیان بکەم ئەوا دەبن بە دایک و باوکم و پرۆسەی هاتنە سەر جیهانم دەست پێ دەکات.

نەخێر، ئەو جووتەم بە دڵ نەبوو.

یەکێک کورت و ئەوی تر درێژ، یان هەردووکیان کوڵەبنە و تەنگەئەستوور، یان گرگن و خڕەپووتە، یان دوو درێژی زەرافەیی مل باریکی بە لۆقە کە لە ئەوە نەدەجوون سەعاتیك بژین، دووان باش دیار بوون بەڵام لە پشکنینەکاندا دەرکەوت کە نەخۆشن. کات ڕۆیشت و ناخۆشترین و زەحمەتترین شت هەڵبژاردنی دایکوباوکێک بوو.

پێم خۆش بوو باوک و دایکێک هەڵبژێرم کە نە کورت بن نە درێژ، نە باریکەلە بن و نە لاواز، نە ئەستوور و نە ورگن و نە قورس، نە زۆربڵێ و دەمەوەڕ بن و نە کەمدوو و بێ باس بن. وەک مانگ جوان نەبن، بەڵام بە لایەنی کەمەوە ئەوەندە جوان بن کە هەموو کەسێک لە سەر ڕێگادا بمناسێتەوە، دەبێت تا بڵێی تێگەیشتوو، دانا و لێهاتووش بن. هێندە تێگەیشتوو و دانا بن کە بە جوانێکەشیان نەپێورێت. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر نابێت بێ پارەوپول بن، دەبێت دەوڵەتمەند بن. بەش بە حاڵی خۆم پارەویست و پارەپەرست نییم، بەڵآم دەبێت هێندەیان هەبێت کە من لە جیهاندا بێ دڵیەتیی خۆم نەکەم و ئەوەی ویستم پێم بکرێدرێت و بۆم بلوێت.

کات ڕۆیشت و هەڵبژاردنی دایکوباوکێک ئێجگار گران و پڕ ئازار و بە ئەشکەنجە بوو.

نەمدەویست دووان هەڵبژێرم کە لە ئایندەدا بە چرکەش دڵم لێیان سارد بێت.

با ئەوەشت پێ بڵێم تا نەڵێیت ئەم کچە هەر بیری لە خۆی کردووەتەوە و گوێی نەداوەتە کەسی تر. بێگومان بیریشم لە دایک و باوکی پاشەڕۆژم دەکردەوە.

بۆ نموونە، جوان دەمڕووانیە چاویان و لێدانی دڵیانم دەگرت و لە هەر دووکیانم لە نزیکەوە دەڕووانی تا بە تەواوی بزانم یەکتریان خۆش دەوێت، یەکتریان دەوێت، لە دڵەوە دەخوازن بچنە ئامێزی یەکترەوە، یەکتر ڕامووسن و بچنە پەردەی بووک و زاواییەوە، لە دووایيشدا بە بەردەوامیی هەر لە سەر ئەو تام و چێژە ڕادەبوێرن، دڵیان خۆش دەبێت و لێویان بە زەردەخەنە دەبێت، یان نا.

لە بەرئەوە زۆر جووت پیاو و ژنم گۆڕی. زۆر جووت هاتن و چوون و بە دڵم نەبوون.

ئای کە هەڵبژاردنی دایک و باوک ناخۆشە! بڕووات بێت ناخۆشترین شتە کە تووشی تۆوێک بێت کە هێشتا لە پشتی بوو بە باوکیک دایە. چ تۆوێکیش تۆوێکی کۆرپەی هەناسە کورت و دونیانەدیدە.

هەڵبژاردنی دایک و باوک تا بڵێی پڕ ئازارە.

ڕەنگە مرۆڤ وا بزانێت کە دایکوباوکێکی زۆر باشی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، کەچی لە پڕێکدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەمیان کۆڵهەڵگر و ئەویان نانپێوەرە، ئەمیان روماتیزمەیەتی و ئەویان فێڵی لێ دێت، هەردووکیان بێ پارەوپول و کەمدوو و بێتاقەت و بێحەوسەڵەن. هیچیشیان دڵیان بە یەکترەوە نییە و هەموو جارێک کە پێکەوە ڕابکشێن هەزار جار جوێن بە تۆ دەدەن.

بە هەر شێوەیەک!

ئەوەندەم مرۆڤ بە جووت بینی سوێندت لە سەرم نییە وام دەزانی چاوم بە چوار ملیارد مرۆڤ کەوتووە و ئیتر پێم دەڵێن: ببوورە، خانم، مرۆڤەکان تەواو بوون، بەختت نەبوو.

لە پڕێکدا جووتێک هاتنە ژوورەوە کە هەموو ئەو خەسڵەتانەیان تیادا بوو کە من دەمخواستن. چ دایکوباوکێک! هەر دەتگوت بۆ منیان داون بە کردن. لە بەر دەممدا لە خۆشیی ئەوەی هەڵیانبژێرم کەوتبوونە سەما کردن، زوو زوو یەکتریان ماچ دەکرد، یەکتریان لە باوەش دەگرت و هەر ئەوەندە نەبوو لە ئەو ناوەدا لە بەر چاوی ئەو هەموو خوداوەندە شەیتان و بێچووەشەیتان و کادێرەشەیتانە ڕا نەکشێن و نەیکە بە ڕۆژی خۆیان.

لیستێکی گەورەشم وەرگرت سەبارەت بە ئەوەی کە هەرگیز نەخۆش ناکەون، هەر وا بە جوانی دەمێننەوە و هەرگیز بێ پارە نابن و تا ئەبەدیش منیان خۆش دەوێت.

ببینە! چی لە ئەوە گرینگترە کە مرۆڤ دوو کەسی هەبن بە دڵنیاییەوە خۆشیان بوێت؟

کاتێک هەموو ئەم ڕاستیانەم بینی پڕ بە دەمم هاوارم کرد: ڕازیم!

ێ بگە، دەڵێم "ڕاستیی"، نالێم قسە، نالێم بۆچوون، نالێم خۆزگە، دەڵێم ڕاستیی.

هەر کە گوتم ڕازییم دەنگی فیشەکەشێتە و دەمەقاچان و زوڕنا و تەپڵ و دووزەلە و پفدانی بە هەوادا بەرەڵاکراو بەرز بووەوە و هەر لە ئەوە دەچوو بێچووە خوداوەندێکی شەڕانیی لە دایک بوو بێت.

ئەوانیان هێنا و بەرامبەر بە یەک دایان نانین. هەستم دەکرد دەموچاوی دایکم و باوکم تیشکی کامەرانیی و شادومانیان ێ بەرز دەبووەوە و خەریک بوو لە خۆشیاندا شاگەشکەیان دەکرد. هێندە دڵشاد و کامەران بوون کە ئەوانم بە دایکوباوکم پەسەند کردووە. هەر مەپرسە چەندیان سوپاس کردم و بە سەر دەست و پێمدا کەوتن. پێشیان گوتم کە ئەوانیش هەر بە ئەو شێوەیەی من بە دڵخوازی خۆیان و بە ئاگای تەواوەوە باوک و دایکی خۆیان هەڵبژاردووە.

قابیلە درۆ بکەن؟

شەیتانی ماڕەکردن هاتە پێشێ و کتێبێکی گەورەی لە بنباخەڵی خۆی دەرهێنا و چەند لاپەڕەیەکی هەڵ دایەوە و دەستی خستە سەر ئەو شوێنەی لێی گیرسایەوە. ئینجا ڕووی کردە باوک و دایکم و دەستی کرد بە خوێندنەوە:

"هەموو کەسێک لە سەر خواست و بە ئارەزووی خۆی دەچێتە جیهان. کەس زۆری ێ ناکرێت و تا ئێستا زۆر لە کەس نەکراوە. ئەو کەسانەی کە ناخوازن بچنە ناو جیهان یان تۆوێکی ڕۆنەکراو دەبن یان هەتاهەتایە پەڵەیەکی تەڕ دەبن لە سەر سەردۆشەکی باوکودایکیان".

ئینجا ڕووی لە من کرد و پرسیاری کرد:

- "ئەی تۆ دەخوازیت هەر پەڵەیەکی تەڕی سەر دۆشەکەکە بیت یان تۆوێکی ڕۆ نەکراو؟".
- ناخوازم هیچیان بم.

- کەواتە دەخوازیت بچیتە جیهانەوە؟
- بەڵێ دەخوازم و زۆر زۆر زۆریشم پێ خۆشە و لە دڵەوە پێم خۆشە.
- ئایا پێش هەر شتێک لە ئێستاوە مۆڵەت بەم دوو کەسە دەدەیت کە لە پاشەڕۆژدا ببن بە دایکوباوکت؟
- بەڵێ، قوربان.
- وەک تێگەیشتووین ناخوازیت بتکەن بە پەڵەیەکی تەڕی سەردۆشەکەیان؟ وایە؟
- نەخێر ناخوازم.
- خۆت ڕوونتر بکەرەوە!
- دەمەوێت دروستم بکەن، قوربان. دەمەوێت دەستم بگاتە جیهان، زەویە خڕە هەڵم لێهەستاوەکە.
- لە هەموو وەڵامەکانت دڵنیاییت؟
- بەڵێ لە هەموو وەڵامەکانم زۆر بە باشی دڵنییام و بە دڵخواز و ئاگای تەواوی خۆمەوە بڕیار دەدەم.
- باشە، ئەی خۆت دەخوازیت چی بیت؟ حەز دەکەیت کوڕ، کچ، نێرەموک یان بێتوخمێکی ناوگەڵ سواخدراو بیت؟

منیش کەمێک بیرم کردەوە. خۆم بۆ ئەو پرسیارە ئامادە نەکردبوو. نەمدەزانی کە تەنانەت بڕیاری ئەوەش هەر خۆم دەیدەم. ئای کە لە ئەو دیموکراتییە ڕازی بووم. ئای بەختەوەر بووم کە شانسم پێ دەدرێت خۆم ئەو بڕیارە بدەم. ئای کە دوور بوو لە فشار و زۆرەملێوە.

- پێویست ناکات پەله بکەیت. هیچ زۆر له خۆت مەکە، به کاوەخۆ، به هێمنیی، به جوانیی، بیر بکەرەوە. ئایا پێت خۆشە چی بیت؟ هەر یەک جار دەتوانیت بڕیار بدەیت. ئێمە به دڵی تۆ دەکەین، هیچ مرۆڤێک به زۆرەملێ و له ژێر فشاردا نانێردرێت بۆ جیهان. مرۆڤ تەنانەت دەتوانێت بڕیار له سەر ڕەگەز و نەتەوە و وڵات و شاری خۆیشێ بدات، ئا، له یادت نەچێت، دەتوانیت گەڕەکیش هەڵبژێریت!

ئیتر نەمدەزانی چۆن سوپاسی ئەو هەموو یاسا و ڕێسا بەجێیە بکەم.

له بێمێشکیی و دبەنگیی خۆیاندا خەڵکان ڕوو له خوداوەندە باشەکان دەکەن. نازانم ئەمانە ناوی خوداوەندی شەڕیان لێ نراوە، به ڕاستیی تێ ناگەم. له ئەوە دەچێت هەر سەردەمەی ناوگەڵ سواخدراوێکی گانپێنەکراو له داخی دڵ و حیرسی پەنگخواردنەوەی تۆوی خۆیدا دەست بکات به زووڕنا لێدان و بانگەشەی نێردراوی تا مرۆڤەکان گومڕاو وێڵ بکات.

من گوێ له ئەو زووڕنایە ناگرم و سەد جاریش کورد بم دووای دەنگی دەهۆڵی وا ناکەوم.

به هەر شێوەیەک من له کاری خۆم دڵنیا بووم، به ئارەزووی خۆم دانیشتم، به پێکێک شەرابی پاڵاوتەی کەمێک تفتەوە که به ئاستەم تامۆکەیەکی بۆن گڵی دەگەیاندە ژێ قورگ، سووک و نایاب، ئەمما نایاب، پاڵم لێ دایەوە، قومم لێ دەدا و بیرم له بڕیار دەکردەوە.

وەک تاسەی مەمکم بۆ گوشین و وەک حەزی لێوم بۆ مژین، پەنجەکانم به دووای هەڵبژاردنی بڕیاردا پێشبڕکێیان لەگەڵ مێشکمدا دەکرد. ئیتر پاش چەندین بێنەوبەرەی تەواو دڵخوازیانە، بڕیارم دا.

- قوربان دەخوازم کچ بم چونکە دەمەوێت خۆشاوی ژیان هەڵمژم. پێم خۆشە خۆشاوی بوون له ئەو جەڕە چاودار و گوێدارانەدا که دەستیان خستووەتە نێو قەدیان و بەرامبەرم ڕاوەستاون، بنێم به سەرمەوە و هەڵی قورێنم. دەمەوێت

باڵابەرز و هەمیشە خرپن بم. پێم خۆشە جوانکیلە و شیرین، سەرنجڕاکێش و تەن دروست بم. لە هەر شوێنێک ڕاوەستم ئۆتۆماتیکیی ببم بە خاڵ و بە چەقی سەرنج. بۆ ڕەگەز پێم خۆشە ئاری بم، بۆ نە تەوە کورد بم، بۆ شوێنگای جوگرافیی پێم خۆشە لە خۆرهەڵاتی ناوەند و لە ئەوەش وردتر دەمەوێت لە باشووری کوردستان بم، لە سلێمانی زیاتر هیچ شارێکی ترم ناوێت. سەبارەت بە گەڕەک تووێمەلیک، ئەگەر نیتانە ئەوا ئەبرەهام پاشا. ئەو دەمە نەیاندەگوت "ئیبراهیم پاشا".

- نیتانە چییە؟! تۆ بڵێ و ئێمە جێبەجێی دەکەین، مرۆڤ دەبێت بە بڕیاری تەواوی دڵخوازانەی خۆی بچێتە جیهانەوە. ئێمە باوەڕمان بە چارەنووس و مارەنووس و ڕێکەوت و تەڕەماش نییە. بڕیاری دڵخوازانە، تێ گەیشتیت؟
- بەڵێ، بەڵێ، قوربان. سوپاس، سوپاس. دەیان جار سوپاس. تووێمەلیک، تووەکەی مەلیکم دەوێت.

ئیدی بڕیارم دا و جێبەجێ کرا، دەستوور و فەرمانم دا و پێڕەو کرا.

هەر ئەمەندەم گوت و بوو بە هەلهەلە و چۆپی کێشان، فیکە و چەپڵە لێدان، دەنگی موزیک و دەهۆڵ و زووڕنا و قریوەی دڵخۆشی بەرز بووەوە و سێپێ و چەپی و ڕاستەی ڕەشبەڵەک دەستی پێ کرد.

هەموومان، من و باوکم و دایکم و تاقمی شەیتانان، ساتگینمان لێ کرد و شەرابمان نۆشی.

فریشتە هێشتا هەر دەیڕووانیە مێشکی خۆی، بەڵام لەگەڵ گوتنی ئەو وشانەی دووایيدا دەمێک بوو فرمێسکی هەنسک بەرەو دەرەوە دەکشا و تا ژێر چەنەی گەیشتبوو. دەمیک بوو، هەر کەمێک پاش دەستپێکردنی ئەم وەڵامەی بۆ مێشکی بە دەم ڕێگاوە، ریزە فرمێسکێکی گەرم و بە خوڕ هەر دوو لای کوڵمیان تەڕ کردبوو و بەرەو ڕوومەت و گەردنی دەکشان. وشەکان لەگەڵ هەنسکێکی لە سەر خۆدا دەهاتنە دەر و دەنگی هەر یەکەیان دەگۆڕا و ئاوازەکەی خۆیان لە بەر ڕا دەماڵرا.

تەڕاپی فرمێسک، بیلبیەی چاوەکانی لێڵ کردبوو و هەر دەتوگت لە جامی باراناوپی ئوتومبێلێکەوە دەڕووانێتە دەرەوە. لە مێشکی خۆی وردبووەوە کە لە هیچ کاتێکی جارانی نە دەچوو، لە ئەوە دەچوو ئەو قسانە خۆڵی مردوو بوو بێتن و پیایاندا کردبێت. فریشتەش بە دەم هەنسکەوە هەر وازی نەدەهێنا و هەر بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی.

ئینجا کاکی برا، خوشکەکەم، دایکە قسە نەبیستراوەکەم، مێشکی خۆشەویستم، مێشکی ژووری گەرمو گوڕی تا دوواهەناسە بێوەی، ملۆزمی مەرگەوەڕی پرسیارکار، ئەی تاوانبار بە گومڕابوون و ئەی سەرچاوەی دەردەسەرپی، من بە ئارەزووی خۆم هاتمە ناو ئەم جیهانەوە. کەس زۆری لێ نەکردم، کەس داوای لێ نەکردم، خۆم هاتم، خۆم دەیان و بگرە سەدان سکاڵانامە و ڕاپۆرتم نووسی. پێش ئەوە دەمزانی ئەم ژیانە ئاوایە، ئەدی چۆن!

ئیستا گلەیی لە کەس ناکەم.

بە ڕاستییمە!

نەت بیستووە؟: "گلەیی لە کەس ناکەم، بۆ بەختی خۆم دەگریم".

پڕمەی گریانێکی دەنگ کز بە مشەی لووت سڕینەوە تێکەڵ بە دەنگی با دەبوو و سەربەخۆیی خۆیی ون دەکرد. نەک ئازاد کە چەند هەنگاوێک لە ملی چەپییەوە لە پێشیەوەی دەڕۆیشت، بگرە هیچ کەسێک، هیچ گیانلەبەرێک نەیدەزانی و ئاگای لێ نەبوو کە فریشتە لە چ دۆزەخێکدا دەژی و چۆن ناخی ئاگری گرتووە.

ئەو دەمەی سروشت بڕیاریدا زەمینە خۆش بکات کە گیانلەبەرێکی لە سەر دوو لاق وەستاوی قوندەر، بە سەرێکی هەمیشە کونجکاو و ورگێکی هەمیشە برسییەوە، دروست ببێت، هەرگیز بە خەیاڵی مێشکی ملیاردسالەی پڕ ئەزموونییدا نەدەهات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوا ئەم ئافرێنکراوەی خۆی بچووک ببینێت. ئاوا، بەم ئەندازەیە بچووک، لە ڕەشبەڵەکی مەرگی یەککتردا مەستی قریەوەی چۆپی کێشان بن.

هەرچەندە هەوای پەشیمانیی کەمێک لە سەروگوێلاکی دا، بەڵام فرمێسک و هەنسکی یەک لە دووای یەک هەر بەردەوام بوون. دەیڕووانیە مێشکی، چاوی بڕیبووە چاوی، ئەو ملۆزمە چەنەبازە ئێستا کۆستی کەوتبوو، مات و مەلول و خەمبار. لە ئەوە دەچوو بڕبڕەی پشتیان دەرهێنابێت و هەموو لاشەی بە سەر یەکتردا تەپا بێت. پەشیمانیی دای گرتبوو، لە ئەوە دەچوو جارێکی تر ببڕا ببڕا پرسیار نەکاتەوە.

ئەوەندە لە لای هەردووکیانەوە گوترا و پەردەی ئەو شانۆیە دا درایەوە. فرمێسکەکان هەر بە ڕوومەتی فریشتەدا دەهاتنە خوار و هەنگاوەکانیشی وەک جاران لە ڕەوتی ڕۆیشتنێکی گەرمدا بوون.

تا ئێستا گیانێکیان بە ئەوە بوو ڕەشەباکە بە هەمان ئاراستەی ئەوان دەڕۆیشت و جار جار پاڵیشی پێوە دەنان بۆ پێشەوە. لە پڕێکدا وەک مۆمێکی فوولێکراو هەناسەی لێ دەبڕا و بۆ دەمۆکەیەک دەیخست و خامۆشییەکی خۆشی لە پاش خۆی بە جێ دەهێشت.

خەڵکی سلێمانی هەر وەک هەموو جارێکی تر نەک هەر ئارەزووی ئەم ڕەشەبایەیان نە دەکرد، بەڵکو تەنانەت ڕقیشیان لێی دەبووەوە. هەموو نەوەیەکی ئەم شارە لەگەڵ ئەم ڕەشەبایەدا لە دایک بووبوو، بە ئەم ڕەشەبایە گەورە بووبوون و سەدان و بگرە زیاتریش یادگارییان لەگەڵ ئەم ڕەشەبایەدا هەبوو، کە دەشمردن هەر ئەم ڕەشەبایە هەڵی دەکردە سەریان، لە کاتی مردنیشیاندا نەهاتایە لە کاتی ناشتیاندا دەهات. ئەو کاتەش هەڵی نەکردایە چەند ڕۆژێک دووای ئەوە هەر هەڵی دەکرد. هەر وەک چۆن خۆر هەڵیش دێت و ئاواش دەبێت، ئاواش ڕەشەبا هەڵی دەکرد و دەیشکاند. نە ڕۆژێک و نە دووان و نە سیان، جاری وا هەبوو دوو هەفتەی ڕەبەق دەخایاند. کەچی ئەم خەڵکە هەر بە ئەم ڕەشەبایە ڕا نە دەهاتن. هەر ئەوەندەی هەڵی دەکرد دەکەوتنە کفر و ناشکورپی و بە گژ پژمەی خۆشیاندا دەچوون و سەدان جار تووڕە دەبوون.

هەموو جارێک کە ڕەشەبا هەڵی دەکرد هەر وەک ئێستا، جار جار فووپەکی دەکرد و بێ دەنگ دەبوو، ئینجا هەندێک لووڕەی لێ دەهات و لە یەک دوو لاوە دەهات و دەچوو. بە زۆرییش هەر دەمە و ئێواران دەهات و وەک میوانی ناوەخت سەرودڵی دووا بە یەکی

خەڵکی شارەکەی دەگرت و زۆر کەس، تەنانەت داخی شتی تریشی بە ڕەشەباکە دەردەبڕی و بە جوێن و بۆتەڕکردنەوە و بۆڵەبۆڵ تۆزێک باری سەر دڵی خۆیی سووک دەکرد.

بە لایەنی کەمەوە یەک دوو کەسی هەموو خێزانێکی ئەو شارە لە ئێوارەیەکی ناوەختدا هاواری لێ هەڵ دەستا و سوێندی ئەوەی دەخوارد کە ڕەشەبا هەڵی کردووە. ڕەشەباش هەروەک دزێکی خۆڵ و دۆ پیادا کرا و بە ئەسپایی و لەسەرخۆ، لێرە هەنگاوێک و فوویەک، ولە ئەوێ هەنگاوێک و ملەقوتێیەک، خۆی دەکرد بە حەوشە و هەیوانی خەڵکیدا.

ئەمە کاری هەمیشەیی ڕەشەبا بوو تا دەبووە ناوەختانێک و خەڵک هەموو لێی دەخەوتن. ئیتر لە گەرمەی شیرینخەویاندا، کاتێک خەونیان بە پارووەنانێک و تۆزێک ئاسوودەییەوە دەبینی، ئەم هەموو هێز وتینی دەدایە بەر خۆی و هەڵمەتی دەبردە سەر هەموو سووچ و قوژبنێکی شارەکە.

هەرچی چینکۆ و تەنەکە و چیغی باش دانەکوتراو هەبوو هەموویانی دەبرد و دەیهێنان. زۆریانی لە بن و بێخەوە هەڵ دەتەکاند و چەند گەڕەکە ماڵێک لە ئەولا تڕەوە فڕێ دەدان.

لە هەمووی خراپتر کە زۆر قەڵسی دەکردن ئەوەبوو هەموو نهێنییەکی بن لێفە و ژێر بەڕەیانی بە ناو هەموویاندا بڵاو دەکردەوە و کەس نەبوو تڕێکی بە ئاسوودەیی بشارێتەوە. ڕەنگە مەبەستی شاراوەی دڵی زیندووەکانیش بە گوێی مردووەکانیشدا بچرپێنێت وا وەکو گەڵای چنگەپشیلە خۆی بە گۆڕەکانیاندا هەڵ دەزنێت و لێو دەخاتە سەر نەرمەی گوێیان.

ئەگەر زستان و بەفرانبار بووایە بەڵام لە شەوێکی سایەقە و ساماڵدا هەڵی کردایە ئەوا داروبەردی شارەکە دەیبەست و بەیانییەکەی کەس نەیدەوێرا یەکەم کەس بێت دەرگای هەیوان و دەرەوە بکاتەوە تا پاش ماوەیەک کەسێک خۆی گیانفیدا دەکرد و دەچووە دەرەوە.

هەموو بۆری و بەلوعەیەکی ئاوی ماڵان دەیبەست و ئاگر لە ژێر لە ئەمۆزیاندا دەکرایەوە تا وردەوردە گەرمییان پێ ببەخشرێت و دەزوولەئاوێکێان پیادا بێتە دەرێ.

ئیتر پاش ئەو زەوی بەستن و سەهۆڵبەندانە مرۆڤ لە دەیان لاوە دەیبیست کە فلانە خزم یان فیسارە کەس، بە زۆریی پیرەپیاو و پیرەژن، پێیان خزاوە و کەوتوون و لاقێک یان دەستێکیان شکاوە، یان سێبەندەیان لە جێچووە و ئێستا لە جێگادا کەوتوون. بە ئەم شێوەیە باس دەبوو بە باسی رەشەبا و زەوقم و شەختە و سەهۆڵبەندان و لە ئەوێشەوە دەچووە سەر قەزاوقەدەر و خواستی خودا و پاشان بە مێووژ و ترخێنە و چەندسووتەکەوە دەنیشتەوە.

ئێستا لە ناو ئەم حەشاماتەدا سەرهێنان و سەربردنەی ڕەشەبا دزۆکەیەیان بە پێ پلان نەدەزانی و دەیانزانی شتێکی لە ژێر سەردایە. هی وایان تیادا بوو کە باری شان و دڵی هێندەی تریش قورس بووبوو و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ڕەشەبایەکی توند و قایم پێشیان پێ بگرێت و تەنگیان پێ هەڵبچنێت. کابرای پیر گوتەنی: "مەینەتی هەرگیز بە تاک نایەت".

کۆمەڵێکیشیان لاربیان لە ئەوە نەبوو ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵ دەکات، بەڵام دڵشادی ئەوە بوون لە شار دەرچوون و لە ماوەیەکی کەمدا سنووری خوداوەندی ڕەشەبا بەجێدەهێڵن و لێی دوور دەکەونەوە.

دەگێڕنەوە دەڵێن کاتی خۆی لە ئەم شاری شارەزووەرە کچە شازادەیەکی فرە قەشەنگی کورد دەبێت کە تەنها دوو ئامۆزای دەبێت و هەردووکیان گوایا شەیدای دەبن. کچە شازادە هەروەک زۆربەی زۆری کچانی کورد کەمێک ئەستوور، کەمێک بە گەندەموو و تووکن، بەڵام شیرین و خوێنگەرم دەبێت. کچەشازادە هەروەک زۆربەی زۆری کچانی کورد کەمێک شەرمن، زۆر خۆشباوەڕ، بەڵام بە وەفا و ئارام دەبێت. پاش مردنی باوکی، کچە ئەو ئامۆزاییەیان هەڵ دەبژێرێت کە خۆی خۆشی دەوێت، بەڵام پێش ئەوەی بگوێزنەوە ئامۆژنی پلانێک ساز دەکات کە هەردوو کوڕ لە بەر دەم دەرگا پاسەوانداڕەکەی شازادە لووتیان بە لووتی یەکەوە ببێت. هەردوو کوڕەش، ئامۆزا و هاوڕێ، هەر وەک زۆربەی

زۆری کوڕانی کورد زۆر کەللەڕەق، زۆر سەرسەخت، بەڵام دلێر، هەروەک زۆربەی کوڕانی کورد زۆر بە هەڵەشە و فریوخواردوو، دەکەونە ناو پیلانەکەوە و ئێخەی یەک دەگرن.

نیوەی وڵات پشتی ئەم دەگرێت و نیوەکەی تریش پشتی ئەوی تریان. مامۆژنێک دەمچیکەنە و مامۆژنێک دەم دووراو. کەس نامێنێت بۆ ناوبژی. ناچار دەمێنن لە هەر وڵاتێکی دەراوسێی ناوبژیوانێک بهێنن و بیکەن بە دەمڕاستی خۆیان.

ئاسنگەرانی بەرەی ئەم لا، بە نهێنیی خەنجەرێکی پاشا کە تەنیا بۆ کوشتنی پیرهەڤۆکەکان دانراوە بە ژەهر ئاو دەدەن. بەرەی ئەولاش پێ دەانن و خەنجەرێکی کوژەری وەکو هی ئەوان دروست دەکەن و بە ژەهرێکی توندتر ئاوی دەدەن.

هەردوو ئامۆزا و هاوڕێ دەست دەکەن بە شەڕ و یەکتر بریندار دەکەن. ژەهر کاری خۆی دەکات و زەخمیان لە تیمار کردن نایەت و دەمرن. دەبێت بە شەڕێکی گەورەوگران. هەر یەک ئەوی بەرامبەری خۆی دەکوژێت و سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە.

لە تۆڵەی هەموو ئەو خوێرشتنە بێخەمییەدا خوداوەندەکان بڕیار دەدەن نەفرەت لە گەورە و بچووکی ئەو دەڤەر و ئیماراتە بکەن. بڕیار دەدەن و دانیشتووانی ئەو شاری شارەزوورە دەکەن بە دوو هۆزی دووپشکی ڕەش و سپی. کە هەتاهەتایە لە یەک نەچن، کە هەم لە ئاو و هەم لە ئاگر بترسن و لە کاتی تەنگانەیشدا هەر یەکیان دووچزەی خۆی بدات بە کۆڵی خۆیدا و تێی بقووچێنێت. دەشزانن کچەشازادە بێگوناهە ڕێگای پێ دەدەن پێش ئەوەی بمرێت بۆی هەبێت ببێت بە هەر شتێک کە خۆی دەیەوێت.

ئەویش ڕەشەبا هەڵ دەبژێرێت.

دەڵێن لە ئەو زەمانەوە هەر کاتێک خەم سەر و دڵی دەگرێت و تووڕەیی دەیئاوسێنێت و دەگات بە ڕادەی تەقین، شازادەخانم هەڵ دەکوتێتە سەر ئەم مەڵبەندە و هەرچی تەپوتۆز و خۆڵ و شیاکە و ڕیخی وشکەوەبووی جیهانە دەیهێنێت و دەیدا بە سەروچاوی ئەم حەشاماتەدا و بە سەر باووباپیرانیشیاندا دەفیڕێنێت.

نهێنی ژێرزەوی و سەرزەویان بڵاو دەکاتەوە و تەنانەت دەیگەیەنێت بە گوێی مردووکانیشیان.

وژەی بایەکە دووبارە فریشتەی دەهێنایەوە بۆ ناو ئاوەدانییەکە و جار جار لە خۆی دەپرسی داخۆ بە بارانەوە بێت یان هەر خۆی بە وشکی هەڵی دەکات، داخۆ چی لە سەر و سامانی ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە بکات و چیان بە سەر بهێنێت کە ئاگایان لە ماڵ و حاڵی خۆیان نییە. داخۆ ئەم ڕەشەبا بەهێزە سەر قاییمە چی لە شارێکی چۆڵ و هۆڵ و بێ خاوەن بکات و چۆن زرمەیان لێ هەڵدەسێنێت.

ئێستا سەر دەکات بە کۆڵان و شەقام و بازاڕەکاندا و لەگەڵ ئەو هەموو داخ و ڕقەی دڵیشیدا ڕەنگە تاسەی دووربیەتیی ئەو حەشاماتە لێی بدات و هەست بە بۆشایی نەبوونیان بکات و سەر بکێشێت بە دیوارەکاندا کاتێک کە ئەوان دوورن و دەستی نایانگاتێ. ڕەنگە بە دەم هاوار و ناڵە و لووڕەلووری گریانەوە بە حەسرەتەوە سەر بکات بە هەموو کونێکدا تا مرۆڤێک یان گیانلەبەرێک ببینێت.

جاری وا هەبوو غەڵبەغەڵبی خەڵکەکە نەیاندەهێشت بە ئارەزووی خۆی لە خەیاڵێکی گەرمدا ڕۆچێت و خۆی بگەیەنێتە شوێنێکی دوور و لە ئەم ماندوویەتیی و ڕێگا کوتاندنە ڕزگاری ببێت. کورێکی گەنج بە پێچەوانەی خەڵکەکەوە دەڕۆیشت و بە هەڵەداوان و سینگەکوتێ و سەرەلەقێ بە دووای باوکیدا دەگەڕا کە کەمێک لە ئەوەبەر بۆ میزکردنێک لای دابوو.

هاوار هاواری خەڵکی بەجێماو، قریشکەی کتوپڕی منداڵێکی ترساو، بینخواردنەوەی گریانی کۆمەڵێک منداڵی برسی، بۆڵەبۆڵی ژنان و هاوارەدەنگی نارەزایی پیاوان، لە یەکخورپین و یەکتر بانگکردن و یەکدوو ئاگادارکردنەوە، لە پێشینەی هەمووشیانەوە دەنگ و لووڕەی بایەکی تازەهەڵکردوو، وەک تیغێکی دەبان، توێژ توێژ مۆخی سەری مرۆڤی دەبڕی و تا هەرە بنەوەی ڕەگەکانی کەللەی سەری دەچوو.

هاواری کابرایەک ڕای چڵەکاند:

دەنگی خەلکەکە بەرز بووەوە و دەنگی ئازاد کە لە نزیکی فریشتەوە بوو لە زۆربەیان زیاتر دەبیسترا. لە ئەوە دەچوو شەوی جەژن بێت و مانگ بینرا بێت، لە هەموو شوێنێکەوە دەست کرا بە هاوار، خۆشی لە یەککردن و دڵخۆشدانەوەی یەکتر:

عەربەت لە دووڕەوە دەرکەوتبوو!

لە یەکەم نیگادا لە ئەوە دەچوو لە چەند خولەکێکدا بە شارەکە بگەن. کە لێیان دەڕووانی لە ئەوە نەدەچوو زۆری مابێت، بەڵام هەر ڕۆیشتن و هەر نەگەیشتن و شاریش هەر لە بەردەم لووتیاندا بوو. هەندێکیان باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد و وایان دەزانی خەون دەبینن. خۆ شەو سەراب دەخنکێنێت!

فریشتە تێ دەگەیشت مەسەلەک چییە و ئەو خەڵکە بۆچی سەریان لێ شێواوە.

ماندوویەتیی و بێخەویی وای لێ کردبوون کە عەربەت لە دووڕەوە بێتە بەر دەمیان و وا بزانن بە دوو هەنگاو دەیگەنێ.

کاتێک ئەمان گەیشتن دەمێک بوو یەکەمەکان لە باوەشی عەربەتدا وچانێکیان دابوو و بارگەشیان تێک دەنا، بەڵام لێشاوی خەڵک کۆتایی نەدەهات و پەیتاپەیتا خەڵکی نوێی تێ دەڕژا. ئوتومبێلی خێرا و بە لەز بەلایاندا وژەیان دەهات.

کات بووبوو بە دەوری هەشتی بەیانی و سەر شەقامەکانی عەربەت هێندەیان خەڵک تێ ترنجابوو کە لە ئەوە نەدەچوون چەند کەسێکی تر بگرن، بەڵا خەڵک پەیتاپەیتا هەر دەهاتن و دەڕژانە ناو شارەکەوە. ئازاد دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ و گلەیی ئەوەی دەکرد کە چۆن کابرای پوورزای بدۆزیەتەوە. هەر ئەوەندە نەبوو کە یەک بە یەکی ئەو حەشاماتە زۆرە بداتە بەر شەق و ئەو ناوەیان پێ چۆڵ بکات.

- پێی وتم لای خەستەخانەکە چاوەڕێم دەکات.
- چاوەڕێت دەکات یان چاوەڕێمان دەکات؟

ئازاد یەکسەر خێسەیەکی لابەلایی لێ کرد و تۆزێک بە مۆرەوە لێی ڕووانی:

- چاوەڕێمان دەکات. ئێستا کوردیەکەمت بە لاوە باشە؟

فریشتە زۆر ئازار بە دڵی گەیشت، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. نەیدەزانی چی بڵێت. لە دڵی خۆیدا پێ وابوو ماندوویەتیی و قەرەباڵغیی و هات و هاوارەکە هەموو کەسێکی کەم یان زۆر پەست دەکرد. بە ڕووی کی سادەوە تەماشایەکی ئازادی کرد و هیچی پێ نەگوت.

هێشتا پێنج دەقیقەیەک لە ئەوێدا ڕانەوەستابوون کە بە دەیان شانیان بەرکەوت و کۆمەڵێک پاڵی بە ئەنقەستیان پێوە نرا و تووانجیان تێ گیرا.

ئەمانیش نەیاندەزانی چی بڵێن و چی بکەن، بەتایبەتیی کە فریشتە کەوتبووە پشتی ئازادەوە و هەموو جارێک بە پاڵەکان دەکەوت بە سەر ئازاددا و ئەمیش مۆڕەیەکی لێ دەکرد، هەروەک بە هەڵەی ئەمی بزانێت تێی دەخوڕپی ئاگای لە خۆی بێت.

ئازاد دەستی کرد بە پلان دانان کە چی بکەن و چی نەکەن. ئینجا بە ئەسپایی باڵی گرت و تۆزێک بە دووای خۆیدا بردی و بە لایەکی شانی دڕی بە خەڵکەکە دەدا تا گەیشتنە لاقۆرتی دوو دووکان کە ئەوەندە بێ پلان دروست کرابوون بەینەکەیان جێگای دوو زەلامی بەخۆوەی تیا دەبووەوە. ئەم سەری دووکانی یەکەمیشیان کە دەڕابەکەی پانتر و بەرزتریش دیار بوو و بە گۆشەیەکی تەواو لارەوە هاتبووە سەر لێواری شەقامەکە، وای دەکرد کە حەشاناتەکە هەر بە ڕێکیی ئەو سووچە برۆن و ئەو بۆشاییەی کە دروست بوو لە نێوان خوارپی گۆشەی دووکانی یەکەم و دووا گۆشەی دووکانی دووەمدا، بە بۆشایی بمێنێتەوە و کەس توخنی نەکەوێت.

بەینەکە تەنیا چەند مەترێک بوو و بۆ پیادە نەدەکرا لە ئەو چەند هەنگاوەدا بێتەوە قەراخی دووکانەکان و لە تەنیشت دەڕابەکانەوە بڕووات.

لە ئەوێدا ئازاد ڕا گرت:

- ئا لێرەدا ڕاوەستە. نەخەڵەتابی دوورکەوێتەوە. ئەگەر چەن هەنگاوێ دوور کەوتیەوە دووایی لێم ون ئەبی. تاقەتم نیە بێم بە شوێنتا بگەڕێم و کاتی ئەوەشمان نابێ.

- چەندت پێ دەچێت؟
- سەعاتم لێ ڕامەگرە.
- نا، بۆ سەعاتت لێ ڕادەگرم؟ بەڵام زوو بێرەوە.
- بە فڕکەیە یەمەوە، بەڵام مەکەوەرە مەحکەمە کردنم.

فریشتە هەردوو دەستی ئازادی گرت و خستنیە ناو دەستی خۆیەوە.

هەرچەندە دەستەکانی زۆر لە ئەوانەی ئازاد بچووکتر بوون، بەڵام هەر تۆزێک گوشینی و یەک دوو هەنگاوی بچکۆلە لێی چووە پێشێ و ڕووانیە چاوە وردەکانی کە وەک جاران ڕووناکایی و بریسکەیان تیادا نەبوو، پێ خۆش نەبوو بە درۆ پێی بڵێت خۆشم دەوێیت نەشیدەویست لە گەرمەی ئەو هەموو بێنەوبەرەیەدا میهر و سۆز و لێکتێگەیشتن نیشان بدات، بەڵام هەر چۆنییەک بوو، پێی گوت:

- تۆ چۆنت پێخۆشە وا بکە، من لێرە چاوەڕێت دەکەم. تا تۆ نەیەیتەوە یەک هەنگاو بۆ هیچ شوێنێک نارۆم. ئاگاشت لە خۆت بێت.

ئازادیش کەمێک بە تووندیی، وەک چۆن ماسی لە دەستێکی تەڕی ماندوو خۆی ڕادەپسکێنێت، دەستەکانی خۆیی ڕاپسکاند و کەمێک بە نەرمەپاڵ، بەڵام بە درێی، فریشتەی لە کونەکەی نێوان هەردوو پایەی دەڕابەکان خزاند و بە هێواشیی سەرێکی لە سەرخۆ لەقاند، هەروەک پێی بڵێت زۆر چاکە لە ئێرە بە و مەبزوێ.

فریشتەش زۆر خۆڕسکیانە هەنگاو بە هەنگاو چووە دوواوە و لە بۆشایی پایەکەدا گیرسایەوە. ڕاوەستا و هیچی نەگوت.

هەر ئەوەندە گوترا و کرا.

ئازاد بە دوو لۆقەهەنگاو خۆی خستە ناو لێشاوی حەشاماتەکەوە و لە چاو ون بوو.

خەرمانیان ئاگری گرتبوو، ئاوەڕیان لێ نەدەدایەوە!

عەربەت: سەرلەبەیانی پێنجشەممە، ڕۆژی ١٩٩١/٤/٤

دونیا ڕەنگی ڕۆژی گرتبوو، بەڵام تاریکایی هەورێکی تەنک کە دەمێک بوو گۆڕی خەستبوونەوەی خواردبووەوە، وردەوردە ڕووناکییەکەی هەڵ دەمژی و تا چاو بڕ بکات خۆی بە سەر ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا بڵاو دەکردەوە و جێی خۆیی خۆش دەکرد. فریشتە چاوی بڕیبە ئاسمان و دەیبینی کە چۆن پەڵەهەوری گەورەی خۆکێش لە خواروو خۆڕئاوای سلێمانییەوە دەهاتن و شانیان لە هەورێکی تری خۆداکوتیو توند دەکرد و بە ناو یەکدا دەچوون و ئاوێتەی یەکدی دەبوون.

دیمەنێکی ئەوەندە تەزوو پیاهێنەر بوو کە یەکسەر مووچوڕکێکی ساردی بروسکەیی لە سەر پێستی لەشی فریشتە دروست دەکرد و بە خێرایی تێپەڕ دەبوو. هەوری بارانی مانگی چواری ئەم ولاتە کەم جار هەیە بێ کەتن ماڵئاوایی بکات، هەر خەمێک بۆ ئەم خۆچڕکردن و خۆمۆڕکردنەوەیەی هەورە خان بخورایە لە زیادە نەبوو، بگرە تەنانەت لە جێی خۆیشیدا بوو.

خەڵک وەک ژەنگەسورەی قاندراو وروژابوون، بە دەستە و جاری وا هەبوو بە تۆپەڵی خواروخێچ بە ڕەوتێکی تا ڕادەیەک پێچاوپێچ و بە گومانەوە، ڕێگەیان دەکوتا و ژاوەژاوی بانگ لەیەککردن و هاوارهاواری نائاهەنگ تەنیا پێناسەی پەرتەوازەییەکیان دەکرد کە ڕەنگە هەر بە سەر ڕەوە ئاسکی پڵنگ تێکەوتوودا هاتبێت.

جار جار نەبێت یەکێک بە ڕێکەوت نیگای یەکانگیری ئەم پێچە تەنگەبەرە دەبوو کەس فریشتەی نەدەبینی کە وەک مۆمیا لە ناویدا ڕا وەستابوو، بە لای کەمەوە سەریان نەدەپەڕژا لێی بڕووانن، بەڵام فریشتە هەر دوو چاوی خۆیی وەک جووتێک بازی برسی بەر دەدایە ناو خەڵکەکە و بە سەدان وێنەی خێرا و بە پەلەی دەگرتن. هەندێک جاریش بە ئارامیی نیگاری دەکێشان.

هیچ شتێک هێندەی هەنگاوی نادڵنیا و پڕ گومان مرۆڤ ناترسێنێت.

ئەو حەشاماتە ئەگەرچی هەندێکیان بە پەلە بوون و زووزوو دڕیان بە خەڵک دەدا و بەرەو پێشەوە ملیان دەنا، بەڵام هێشتا هەموو هەنگاوێکیان هێندەی گومان لێ نیشتبوو کە هەر لە ئەوە دەچوو بە ڕێگایەکی مینڕێژدا برۆن و سوور بزانن هاکا مینێک زرمەی لێ بەرز ببێتەوە و پارچە قاچێکیان بە ئاسمانەوە دەخولێتەوە.

هەستێک هەروەکو هەموو یەکێکیان پەت کرابێتە گەردنیان و بە وڵاخەبەرزەیەک ڕابکێشرێن و لە دووشەوە یەک دوو زرتە زەلامی بازوو ئەستوور بە قامچیەکی خۆشەچەرم شانوملیانی کردبێتن بە جۆگەلەی خوێن. هەستێک هەروەک بە باڵ بەستەییەوە خرابێتنە سەر گاشەبەردێک و چاوەڕوانی ئەوە بن دووا پاڵیان پێوە بنرێت، سەرودڵی گرتبوون.

هەنگاوی بە گومانی یەک لە دووای یەک هەروەک بڵێیت هاکا لە ملەقۆرتەی کێوێکی نەفرەتلێکراوەوە بکەونە خوارێ و هەپروون بە هەپروون بن.

پەلەیان بوو، زۆر پەلەیان بوو، نەیاندەزانی ڕێیان کوێیە و چیان دەبێت بە تووشەوە.

خەرمانیان ئاگری گرتبوو، ئاوەڕیان لێ نەدەدایەوە.

ئەوەی مرۆڤ ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر بیریشی لێ نەدەکردەوە، لێرە دەیبینی.

ئێستا منداڵان لە کۆڵ نەدەکران و بە بەساقە و بە بەقوربانەوە تکایان لێ نەدەکرا.

منداڵان، ئەوانەیان نەبێت کە هێشتا ماندوویەتیی زەفەری بە دایکوبابەیان نەبردبوو، بە دەم تێخوڕین و داوەشین لێکردن و هەڕەشەی واو وا لێ کردنەوە پەلکێش دەکران، بە سەر ڕێگای بە میندا ڕێژراوی گوماندا بە زۆر پێیان پێ هەڵ دەگیرا. ئەمانیش گریان و هەنسکی نیوە خنکاوی بێ هەناسەیان کە جارجار لە نووزە دەبڕا، دەکرد بە پەنجەی داوێنگرتنی خوداوەندی بەزەیی و میهرەبانی بێگوێ.

منداڵان کە وەک ئاژەڵی بە هزر زوو بۆنی گومان دەکەن زراوی هەنگاوی ناو گومانیان نییە. وەک مرۆڤ جاهێڵ بە پیر هەموو مەرگێکەوە ناچن، بە تایبەتیی مەرگی وا کە بە دوو چاوی بزبزۆکێی ئەهریمەنییەوە سەرە ڕێگا بگرێت و چاوت لێ خافڵ نەکات.

مرۆڤ لە سەر ڕێگای گومانی پڕ مەرگدا هاوڕێی نادڵنیایی نەبێت. ناتووانێت لە ئازاری پێخاوسی قوڕاویی و نیوەکوتراو بگات.

کەم ژن مابوو عەبای پێوە مابێت. بە سەدان عەبای ڕەش لە سەرە ڕێگا و نیوەڕێگا و لاڕێگادا فڕێ درابوون. عەبای تازە فڕێدراو دەبوون بە قۆچی قوربانیی. هەروەک ئەم ڕەوە لە پێناوی خوداوەندی عەبادا کرا بێت. مرۆڤ زوو لە دیمەنی وا تێ دەگات. ئەگەر عەبا لە مێژووی خۆیدا بە تۆپزی بۆ چوون بۆ پرسەیەک، گۆڕستانێک، یان بازاڕکردنێکی کورت و کەم هەناسە بوو بێت بە بەشێک لە کولتور، ئەویش بۆ سەرەژنانێکی وا کە بە لایەنی کەمەوە برسیەساڵییان بینیبێت و نانێکی هەرزنیان بە وشکەجووی قوت دابێت. دەنا کچی تازەپێگەیشتوو و گەورەکچی دونیادیدە بیشیدەن بە سەر خۆیاندا و لە خۆشیانەوە بپێچن، ئەوەندە نابات پەنجەی بە تانە و تووانجی حەزێکی دڵڕفێنی کێوی، هێدی هێدی لە سەریان دەخلیسکێنێت، ڕووەو خوارەوە بۆ سەر شانیان و ئینجا بەرەو قووڵایی دەفی ناوشانی لووسباویان دەبات، لە گردۆڵکەی لاکەلەکەی بەرەو ناوەوە شۆڕەوەبووی

سێبەندەیان هێرش دەبات، بە خێرایی هەروەک بە پەنجەی ئەنقەست تورِ بدرێت بە سەر خرِایی تورتی سمتیاندا بینی کەوتنەخوارەوە دەیگرێت و لە دەمی دوو کورتە هەنگاودا زرم دەیدات بە زەویدا.

مرۆڤ دەبێت لە سەنگەری بەرگریکردن لە ئەو ناسک و نازدارانەدای لە قوژبنێکی دڵیانەوە، سەرەڕای هەموو ئازار و تاڵییەکانیان، دەیانویست پارچەیەک لە سمت و لا ڕانی سفت و بە باران تەڕبوویان نیشان بدەن. ئەوە بڵێت کە عەبا قورسە و بە لاشەیەکی ماندوو و برسی و تینوو هەڵناگیرێت. لە ئەو دووڕە ڕێگایەدا عەبا بۆ سەری پڕ پرسیار و دڵی تەژی لە گومان نابێت.

هەر ئەوەندە کەژ تەڕ بێت یاخود بای بێت، یان خودانەخواستە کە ئێستا خواستبووی تەڕ بێت و باشی لەگەڵدا بێت، ئەوا وەک چینگی پڕ قینی پیاوێکی دڵکرمێ دەست دەنێتە ناو تەوقی سەری ژن و بەرەو دوواوە ڕاکێشی دەکات.

عەبا بۆ ڕۆژی حەشر نەکراوە. ئەمڕۆش ڕۆژی حەشر بوو. ئەگەر عەبا بۆ شاردنەوەی لەش و لاری پڕ تاسە و خولیاهەڵگیرسێنەری جوانیی بێئەندازەی هەوەس هەڵسێنەری پیاو بێت، ئەوا لە ئەم ڕۆژەدا پیاو هێندەی گای گێرەی سەر لە ئێواران ئاوەڕی بە مەبەستی لە توخمی مێ دەدایەوە.

ئەوەی ئەو بەیانییە پێویست بە بوونی نەبوو، عەبا بوو.

هەر خەڵک بوون و شتیان فرێ دەدا و شتیان لێ دەکەوتە خوارەوە بێ ئەوەی گوێی بدەنێ چییە و بێ ئەوەی چاوێک لە سەریان بێت.

فریشتە دەیزانی خەڵک بە چ تەمایەکەوە ملیان ناوە. هەر کەسێک گوێی لە بەسەرهاتی تاڵ و سوێری کۆچباری نووشستی کورد بوو بێت دەیزانی ڕووەو قوواڵایی کودستانی ئەو دیوە و هاکا دەبن بە میوانی ناوەختی پاسداری تووڕەی لە نەجەف کراو.

لە ژێر سێبەر و تارمایی درِندەی مەرگێکی بێ ئامانی کەس نەناسدا ئامادەبوون سەر بە مانی خودی شەیتانیشدا بکەن. فریشتە دەیزانی هاکا لە وێرانەی ژووانێکی ڕەقیب پێ فێربوو و

بووکی فڕێندراودا دەبن بە ڕێبواری لاڕێی پیرەژنێکی بێزاری کۆماوەی دڵ پڕ لە ناڵە کە زیاتر لە بزووانی پەنجەی ئاماژە هیچ شتێکی تری بۆ ناکرێت. لە ژێر شەختەی قەدەخەی مێژوویەکی ونبوودا زاری وشەی لێ نافرێت. لە دوورەوە ماچی نیوە تاساو، بەڵام گەرمی پڕ سۆزیان بۆ هەڵ دەدات و چەندین نزای ناخی دڵیان بۆ دەکات بە قەڵغان و دەیخاتە ئامانەتیان.

ئای لە ئەو هەستە کڵپەسەندووە کە وەک هەڵاوی گڕانێک لە ناو ناخی دڵی مرۆڤی بێدەسەڵاتی زۆربۆهێناو و زۆرپێکراودا بە فیچقە دێتە دەرەوە و دەبێتە لێشاو و بە حەسرەتەوەیە تەختی خودایەتیی گەورەترین خوداوەند بە هەموو هێزێکیەوە ڕابتەکێنێت و تەخت و تاراجی بڕمێنێت، شڕۆشیتاڵی بە سەر یەکدا بدات، بە دووا تووانای دەنگی وەک هەوری بەهاری کارگ هەڵتۆقین بگرمێنێت و شریخەی ئاگر لە چاوەکانیەوە بێتە دەرەوە.

ئەفسووس هەزار ئەفسووس کە جۆش و خرۆشی کەللەیەکی غەدرلێکراو نابێت بە بۆمبای باڵدار و خۆی بە کۆشکی شاخلێڕواو ناگەیەنێت.

هەروەک لە ونییەوە بانگی لێ بکەن فریشتە بە ئەسپایی داچڵەکی و دووبارە خۆیی لە ناو ئەو قەفەسە سێ دیوارەییەدا بینیەوە.

لە دوێنێ درەنگانێکەوە کە بە ڕێ کەوتبوون دەیان جار تەماشای سەعاتەکەی دەستی کردبوو تا نیشانی بدات کات چەندە، ئەم جارەش تێی ڕووانیەوە بینی کە نزیکەی بیست دەقیقەیە ئازاد ڕۆیشتووە و ئیتر دەبێت بە ئەم زووانە بێتەوە و پەیدا بێت.

هەر هیواخوازی ئەوە بوو ئازاد زوو بێتەوە و دووا نەکەوێت. ئەوەی ئیتر پێی نەدەکرا چاوەڕووانیی بوو.

لە ناوەڕاستی ئەو هەموو حەشاماتەدا کە نە سەری هەبوو نە بن و هەر لە گێژاوی ئاوێکی مەزن دەچوو کە جارجار قەوارە و شێوەی خۆی کەمێک بە لای گەورەیی یان بچووکیدا بگۆڕێت، بەڵام هەمیشە هەر هەبێت و بە تونديیەوە خول بخوات. لە ناوەڕاستی ئەو

هەموو هاوار و نالە و قیژەقیژ و بگرە و بەردەیەدا، لە بەردەم ئەو هەموو جرت و فرتی ئوتومبێل و تراکتۆر و لۆری و عەرەبانەیەدا، خۆپی بە تەنیاترین زیندەوەری ئەم سەرزەمینە دەبینی. لە ڕاستییدا هەموو تاکە مرۆڤێکی ئەم حەشاماتە تەنیاترین مرۆڤی ناو قەرەباڵغیی بوو.

مەرج نییە هەمیشە قەرەباڵغیی مرۆڤ لە تەنیایی رزگار بکات.

جاری وا هەیە لە ناوەڕاستی زرم و هوڕی سێیێی و تەپوتۆزی شان لەیەک خزین و هوهوی سەرچۆپیکێش و قریوەی گاوان و گەرمەشیعری کابرای شاباشکاردا هێشتا، بەڵێ هێشتا، مرۆڤ دەبینێت کە لە تەنیاییەکدا دەژی کە حەیفە بە گەڵای وەریوی دەم بای کەنار شۆشتەیەکیش بچوێندرێت.

تەنیایی ناو قەرەباڵغیی مرۆڤ زۆرتر ئازار دەدات وەک لە تەنیایی تاکیی.

فریشتە بە ئەسپایی لە دەوری خۆی و لە ئەو هەموو مرۆڤە تەنیایەی دەڕوانی. ئەو هەموو مرۆڤە تەنیایە! چەند زەحمەتە خۆت لە ناو کۆمەڵێک مرۆڤدا ببینیتەوە کە هەر یەکێکیان وا هەست بکات تەنیاترین و نامۆترین مرۆڤی ئەم سەرزەمینەیە.

ئەو دەم مرۆڤ پتر هەست بە تەنیاییەکە دەکات.

لە ئەو کاتەوە ئازاد ڕۆیشتبوو ئەم هێندە خۆی نەبزووابوو کە مرۆڤ سوێندی لە سەر بکەوێت. بایەکە کە بە ئاستەم ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەی دەگرتەوە ئێستا هەروەک فێر بووبێت و زەفەری بە ناوەوەی ئەم تابووتە هەڵپەسێردراوە بردبێت، زووزوو خۆپی پیا دەکرد و فریشتەی گەیاندبووە ڕۆخی سەرما بوون. فریشتەش لە ئەوە زیاتر نەیدەتووانی بۆ دوواوە بچێت و دیوارەکە بە ئاشکرا فریشتەی بۆ بایەکە دەگرت و ڕێگای دەدا دەستی خۆی بووەشێنێت.

بە دەم موچوورکی سەرماوە ئێوارەیەکی بیر دەهاتەوە کە لە سەرتەندووڕەکەی خۆیان خۆی شاردبووەوە. ڕەشەبا چینکۆ و لە ئەوحی سەربانەکەی هێنابووە جیڕەجیڕ و تەنگی پێ

هەڵ چنیبوون. فریشتە لە ترسی دەرنەچوونی نیوەی ساڵ لە کەناری تەندووەکە کە هێشتا پشکۆکانی نووزەیەک گەرمییان تیادا مابوو لە لێدانی باوکی خۆی بە دوور گرتبوو.

سەرنجی دەدایە ڕەشەباکە. گەڵا و پارچە تەنەکە و هەرچیەک کە دەرەقەتی بهاتایە لە کاتی هەڵچوونییدا بەرەو دەرگای سەرتەندووەرەکە ڕاپێچی دەکرد. ئەوجا چاوی دەبڕییە ئەو پشکۆیانەی لە ژێر تۆز و خۆڵەمێشێکی سپیباوەوە لە قووڵایی تەندووەرەکەدا هەناسەیان دەدا، ترپەی دڵی خۆیی ڕاگرتبوو ... هاکا ئێستا دایکی بە دوو چاوی گەش و بزەیەکی گەرمەوە باوەشی بۆ دەکردەوە.

فریشتە هەندێک بە ئەم لاو ئەلای خۆیدا بزووا و لە دیوارەکانی تەنیشتی ڕاما. لە ئەو ئاستەوە کە چاوی یەکانگیری دەبوو، واتە مەترێک و شەستوهەشت سانتیم و دووایی بۆ خوارەوە و لە ئەوێشەوە وردوردە بۆ سەرەوە تا بنمیچەکە. ئینجا بە چواردەوری خۆیدا هەروەک بۆ پشکنینی چوو بێت و لە شتێکی تایبەتیی بگەڕێت و بیەوێت خەوشێک بدۆزێتەوە، بەڵام هیچی تایبەتیی نەدەبینی. ئەوەی دەیبینی لەسەر هەموو دیوارەکانی شار بینیبوونی، تەنانەت دیواری قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیش. هەندێک شێی بواردوو و هەندێک پەڵەشێی تەڕ، چەند خەتێکی لە ئێرە و ئەوێ قەوزە و کوڵکی تەڕی خوساوەی یەقکردوو. لە سەری سەرەوە بنکەشی گەچی دوو دیواری ئەو سووچەی کە دەکەوتە لای شانی ڕاستی، یەک پارچە خوسابۆەو و گەچەکە وەک تەباشیرێکی تەڕی خۆنەگر بە نیوەی بەردی ئەو ڕیزە دیوارەدا شۆڕ بووبووەوە.

زەویەکەش چیمەنتۆیەکی قاوەیی باوی لە خۆڵ چوو کە دیار بوو قوڕی ئاسایی نەبوو، بەڵام لە ڕاستییدا لە چیمەنتۆش نەدەچوو، پەڵەی بچووکی لە ئەم لا و ئەو لاوە هەڵ دابوو و وادەردەکەوت زۆریان نەمابێت کون ببن.

کێ و چی خۆی لە بەردەم ئەم هێزی دارزاندنەی ناو ئەم نیشتیمانەدا ڕادەگرێت؟

کەمێک هاتە پێشەوە، بەڵام هێشتا بەشی ئەوەی نەدەکرد سەرەتاتکێ بکات، ئەوەندە نەبێت کە لە دەمی کراوەی ناو تابووتەکە زیاتر نزیک بووەوە دەنا هەر هێندەی ئەوسا دەیتووانی خەڵکەکە ببینێت. لە بەر ئەوە هێزی دایە بەر خۆیی و هاتە هەر سووچی

دیوارەکە. لە ئەوێدا هەروەک لە پڕێکدا کوڵەوەیبابێکی بینیبێت وشک هەڵهات و بە تووندیی و بە گرژییەوە خۆی بە لایەکی دیوارەکەوە نووساند. سەریشی بۆ پشوودەرچوون لە سەر دانا. ئێستا لە نزیکەوە دەیتووانی لە ئەم ڕەوە ئاسکە بڕووانێت کە گورگی برسی تێی کەوتبوو.

ئەوەی تا ئێستا بینیبووی، لە چاو ئەم نزیک چێشتهەنگاوەدا، بایی دوو قڕان بوو.

کەم کەسی دەبینی جلکوبەرگی باشی لە بەردا بێت و بتووانرایە بە پۆشتە و پەرداخ لە قەڵەم بدرێت. ئەوی دەهات هەموو ڕێبواری پیادە یان سوار کۆڵی لۆری پڕ شتومەک و عەرەبانەی تراکتۆر بوون. ڕێبواری سەر بار بوون. هەڵتەک هەڵتەک، بە ڕەنگی بێڕەنگی زەردهەڵگەڕاوەوە، بە لێوی وشک و سیمایەکی واقوڕماوی تەماویەوە، بە ڕووخسارێکی پرسیاراویی و داخ لە دڵی زوێرەوە، هەموو وەک تابلۆی ڕەسام مردووی نیوە تەواو.

هەموو وەک بێ خودا بەسەرهێنراو بێ ناز و بێ ژیان و لامردوو بە قەتماخەیەک خەمی قورس داپۆشراو، لە ئەوە دەچوون شەیتان بن و سەدان جار نەفرەتیان لێ کرابێت و دووبارە نەفرەتیان لێ بکرێتەوە. ئینجا نۆرەی ئەوەیان بێت بگێڕدرێن تا بین بە عیبرەت، بین بە وانە، بین بە ئەڵقە و بکرێنە لووتی مرۆڤە نەسرەوتەکانەوە.

ئەم حەشاماتە مەزنە چەندین ساڵ بوو هێندە هێنرابوون و بردرا بوون و هەڵتەکێنرابوون کە گەیبوونە سەر ڕۆخی پسانی شێرازەیان. هەموو تاکەکەسێک، وەک گرێیەکی شیرازەکە، تەواو هەستی بە قرچەقرچی پسانی خۆی دەکرد.

نەیدەزانی گوێ لە چی بگرێت، خەم بۆ کێ بخوات، بیر لە کێ بکاتەوە و بۆ کێ بگری. تەنیا دەیڕووانیی و تەواو!

زەردەمارێکی مرۆڤدۆزمن پێوەی دابوو و هێزی لە بن بڕیبوو، ئەمیشی کردبوو بە بت، بەڵام بتێکی ببین.

لە ناوەڕاستی قەرەبالغییەکەوە دەنگی جارێک بەرز و جارێک نزم بەرز دەبووەوە کە باسی تەقەی هەلیکۆپتەریان دەکرد، بە ئەی هاوار و داخ هاوار بۆشایی ڕستەکانیان پڕ

دەکردەوە. جار جار دەنگی باسێکی تر شەپۆلی ئەم دەنگانەی دوور هەڵ دەدا و وشەکان دەبوون بە غەڵبەغەڵب و لێیان نەدەگەیشت.

ئوتومبێلەکان لە چاو ئەو قەرەباڵغیی و ڕەشاوەییەدا تا ڕادەیەک خێرا دەڕۆیشتن و زۆر جار پیادەکانیان دەخستە سەر لۆقە ڕاکردن و لێکترازاندن و پەرتەوازە بوون، ئەمەش دەبوو بە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک ئوتومبێلی زیاتر بە دووای یەکدا بێ وەستان دەر بچن. ئەوجا کە تراکتۆرێک دەکەوتە بەینیان - کە زوو زوو دەکەوتە بەینیان – دەبوو بە هۆڕن لێدان و دیدەدیدێک هەر مەپرسە.

هەموو ئوتومبێلێک وای دەنووساند ژیانی هەموو مرۆڤایەتیی لە ناو ئەودا خۆی مەڵاس دابێت.

زۆر کەس هەبوون خۆیان بە تراکتۆری نیوەبەتاڵ و لۆری نیوەبەتاڵدا هەڵدەواسی، بەڵام بۆیان نەدەلوا چونکە یەکێک لە ئەوانەی لە دوواوە ڕێبواری سەر بار بوو یان دووانیان یان زیاتر ، هەر یەکەی بە شتێک سەروگوێلاکی پیاهەڵزنەکانی دادەگرتەوە، یەکێک بە شوڵک و ئەوی تر بە سەرەقابلە ئەمەیەک و یەکێکی تر بە پشتوێنی سەر گرێ دراو.

لە ناوەڕاستی ئەو تاڵییە قووتپێنەبراوەدا کە جەرگی مرۆڤ کون دەکرد فریشتە لە پڕ زەردەخەنەیەکی خێرای بروسکەیی گرت و زووش پووکایەوە و لێی بوو بە داخ و تانە. ژنێکی بەساڵداچووی سەر باری نێرەتراکتۆرێکی عەنتەری کۆنی ژەنگخواردوو کە بە فەقیانەکەی خۆی خەڵکەکەی لە پێوەهەڵزنان دوور دەخستەوە.. پیاهەڵزنەکانیش ئەوەندە چاوترسێن کرابوون، هەر لەگەڵ بادانی فەقیانەکەدا ڕووارووی دەموچاویان، یەکسەر خۆیان لا دەدا و خۆیا هەڵ دەدایە خوارەوە.

هەندێکیان دەکەوتن و دوو سێ تەقلەشیان لە سەر زەویە تەڕەکە لێ دەدا، هەندێکی تریان هەر لەگەڵ خۆفڕێداندا زۆر لێهاتووانە چەند هەنگاوێک خۆڕسکانە بە دووای تراکتۆرەکەدا بینیان دەگرت و پاش چەند هەنگاوێک خاو دەبوونەوە و خۆیانیان دەگیرساندەوە.

ئەوەی مرۆڤ ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر بیریشێ لێ نەدەکردەوە، لێرە دەیبینی.

ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە چاوی خۆی نەکردایە دووبارە دەیبینیەوە.

خۆ ئەگەر هەر زۆر کەللەڕەق بووایە و هێشتا بڕووای نەکردایە ئەوە پێویست نەبوو زۆر چاوەڕووان بێت، چونکە سێ جاری تر و چوار جاری تر و پێنج جار تریش دەیبینیەوە، تا وای لێ دەهات لەگەڵ هەموو تاکە هەناسە هەڵکێشانێکیدا جارێک لووتی بەر دیواری پەشیمانیی دەکەوت.

- ئازاد مرد و .... ئێستا چی بکەم؟

گرمەی هەورێکی دووری بە ناڵەوە بە ئاسماندا بە پێچ لە باکووری خۆرئاواوە ڕووادڕووی باشووری خۆرهەڵات دەڕۆیشت و نیگای چاوی فریشتەی ڕووە و ئاسمان وەرگێڕا. هەورێکی تاریک و تووڕی پێچخواردوو لە دوورەوە بە بروسکە و هەورەتریشقە دەنەخشا و هێندەی تر خۆی لە ئامێز دەگرت و چڕ دەبووەوە. هەتا چاو بڕ بکات، بە پێی مەزەندەی بۆچوون، ئاسمان لە هەورامانی ئەم دیوەوە تا هەرە خواروویی سیروان و لە وێوە بۆ هەموو ئاسمانی سلێمانی تا ئەو دیوی پیرەمەگروون، یەک پارچە تەبەقێک بوولە ئەو هەورە و هەر لە ئەوە دەچوو ئاسمان بە ئاوی قورقوشم سواخ درا بێت.

بە سەر هەموو بەری شارەزوورەوە ئاسمان یەک جێ بستی تێدا نەبوو کە کەمێک کاڵتر بنووێنێت.

ئەو کزەبایەی دوێنێ شەو لە ڕەشەبا دەچوو و لە بەری بەیاندا کزی کردبوو، ئێستا دووبارە قۆڵی خۆپی لێ هەڵماڵی بوو، بە ئەملا و ئەولادا خۆی ڕادەپسکاند. شێیەکی مەیلە و تەڕیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو. لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ زووزوو دەستی بە دەموچاوی خۆیدا دەهێنا، بەڵام وەکو درەختێک کە ئاورینگی بەرەبەیانی سەرەتای بەهاری بە ڕوودا پرژا بێت رووخساریان تەڕبوو.

ورگی برسی و جەستەی ناپۆشتە و کەللەی پڕ گومان و ڕێگای وێڵ، ئەو با شێدارەی لێ کردبوون بە ئەژدیهای حەوتسەر و هێندەی عیفریتێکی داستانی ئەمیر ئەرسەلان ترسناک و تۆقێنەر بوو.

فریشتە لە ئاسمانی دەڕووانیی و خۆیشێ نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە. لە ڕاستییدا بیری لە هیچ نەدەکردەوە، چونکە داوی خەیاڵەکانی کەوتبوونە بەر بای گومان و لە سەدان لاوە بە ئاسماندا دەچوون و نەیدەتووانی، یان ڕاستتر بڵێین، پێی نەدەکرا، هیچ تاڵێکیان بگرێتەوە و دووای بکەوێت.

بایەکە وردەوردە تینی دەدایە بەر خۆیی و پێ دەچوو لە هەل بگەڕێت. هەر وەک حاجی باوکی زووزوو دەیگوت: ئەم ڕەشەبایە مرۆڤ غافڵگیر دەکات و دیکوتێت بە زەویدا.

حاجی لە دونیای خۆیدا بێ ئاگا لە مێژوو، نەیدەزانی لە ڕاستییدا کچەشازادەیەکی تووڕەیە.

یەک دوو بروسکەی پرشنگداری خواروخێچ دونیایان بۆ چرکەیەک ڕووناک کردەوە و ئینجا بە یەک دوو هەناسە دووای خۆیان شریخەی کڵۆفەهەورێکی بە نەعرەتەی پڕ گرمەگرم بە سەر ئەماندا بە ڕەوینەوەیەکی لەسەرخۆوە ناڵەی هات و لە بۆشایی ئاسماندا زرمەیەکی زنجیرەیی لە گەورەوە بۆ بچووک ڕەوایەوە و لە گوێ دوور کەوتەوە.

ئەوەندەی بڵێیت یەکو دوو هەروەک بە کونگە ئاو بکەنە خوارەوە، لێزمەی بارانێکی بە خوڕی بێهەناسە دەستی پێ کرد و کزە بایەکەش کە ئێستا بەهێزی کردبوو، سوار کۆڵی خۆیی دەکرد و دەیگەیاندە هەموو قوژبنێکی نزیک و دوور. دڵۆپە باران هێندە گەورە بوون دەتگوت لە ورگی هەوردا زاوون.

کەنگێ ئەم نەتەوە هەردەم پێخاوس و تەڕە سوود لە ئەم خێر و بەرەکەتەی دەریای سپی ناوەراست وەردەگرێت؟

فریشتە دوو سێ هەنگاوی کورت بەرەو کولانەکە چووە دوواوە و خۆی نووساند بە دیواری لاشانی چەپیەوە کە ئەوەندە چەپەر بوو بارانەکە نەیدەگرتەوە، ئەوەندە نەبێت کە شێیەکی تەڕاویی بە پرژە دەگەیشتە نزیکی و هێندەی تر ئەو بستۆکە پەناپەسارەی لە لا خۆش دەکرد.

خەڵک بە منداڵ و ژن و پیاوەوە، بە پیر و پەککەوتە و سکپڕ و لانەواز و بێکەسەوە تاویان بە خۆیان دە دا و بە ئەم لا و ئەو لادا هەڵ دەهاتن. ئەوی ئازا بووایە و جێی خۆیی بگرتایە و خۆی بگەیاندایەتە وشکەستانێک. بە جارێک پێنج پیاوی زەبەلاح خۆیان کوتابووە ئەو درزی تاشەبەردەوە کە فریشتە تیایدا هەڵکورمابوو. یەکەم جار لەگەڵ قەڵەمبازەکەیاندا فریشتە خورپەیەکی بە دڵدا هات کە وای زانی پیاوخۆرێک وەدوویان کەوتووە، بەڵام هەر

ئەوەندەی کۆمەڵ کەوتنە ڕاز و گلەیی بێ سۆزی باران، بێ سێ و دوو دڵی هاتەوە جێی خۆیی و شایەتومانی بە دۆخەکە هێنایەوە.

یەکێک لە پیاوەکان کە دیار بوو هێشتا نەگەیشتبووە چل ساڵ، بەڵام گەڵای خەزانی تەمەن لە سەری باری بوو. مووی سپی بە سەر تاڵە ڕەشەکاندا زاڵ بووبوون، لە ئەوە دەچوو چەند ڕۆژێک بێت ڕیشی نەتاشیبێت، ماش و برنج، بە پێستێکی کەمێک وشکهەڵهاتووی بێ زەوقەوە لچکابوو، چاوەکانی لێڵ و سپیایەکەشی کەمێک زەردەهەڵگەڕاو، جار جار لووتی کە وشک بوو بە قۆڵی مرادخانییەکەی دەسڕی، کە دیار بوو ئەویش خوویەکی هەژاریی و بێدەسەڵاتیی و لە ڕووداومان بوو وەک زیاتر لە سەرمابوون یان پۆخڵیی. لە ئەوە دەچوو پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و کەمدوو بێت، بەڵام دڵشکاو و خێرنەدیو و دەستبڕاو. هەر دەتگوت لە سەداسەد چاوەکانی فریشتەی خوێندووەتەوە لە ئەو کاتەدا کە دەیگوت: "خەوشیان هەر ئەوەیە کە نێرن"، چونکە زۆری نەبرد وەک بارگینێکی ڕەسەنی توخم کێوی زوێر لە شەرمان و لە هەستی شانازییدا پێکۆڵی دەکرد و وا پێ دەچوو ئێستا نا ئێستا بە چوارناڵە تا هێزی تێدایە بداتە ئەو کێو و دەرە.

هەرواش بوو.

کەمێک ئاوا بۆ ماوەی یەک دوو هەناسەی نەسرەوت لە فریشتەی ڕووانی، سەیرێکی دەوروبەری خۆیی کرد و بە دەنگێکی کپی گڕی کەمێک قوونەوە، تکای خۆلادانی لە ئەو چوار کەسەی تر کرد، لە سەر لاشان چووە دەرێ و ئاوەڕی بۆ دوواوە نەدایەوە.

کە ڕۆیشت بارانەکە توندتر و خێراتری کردبوو.

هەر لەگەڵ شۆینگۆڕکێی ئەو چوارکەسە پرژەی بە باوەهاتووی لێزمەی بارانەکە هەرە سووچی ژوورەوەی کولانەکەی گرتەوە، هەر لە ئەوە دەچوو ماڵی دزرا بێت و لە شۆێن دۆزینەوەیان وێڵ بێت.

باران هەر خوشەی دەهات. لووڕەی بایەکە ئەگەرچی بە کپی بارانەکە تا رادەیەک خنکا بوو، کەچی هێشتا مرۆڤی نیوە هەراسان دەکرد، بە تەواویش لە ئەم سەر بۆ ئەو سەر بارانەکەی بە ئەم لا و ئەو لادا پەخش دەکرد و دەیگەیاندە هەموو کونجێک.

ئاسمان تاریکتر و تاریکتر داهات. زۆری نەبرد وەک نیوەشەوی لێ هات. بە لایەنی کەمەوە هێندەی ئێوارەوەختی پایزێکی درەنگ تاریک داهاتبوو، ڕووناکیی مۆمێکیش لە ئەو خۆرە گەورەیەی کە دەڵێن چەند ملوێن کەڕەتی گۆی زەوی گەورەیە نەدەگەیشتە ئەو کونجە.

تاریکیی، شێ، بێدەنگیی مرۆڤ و دەنگی لێزمەی بارانێکی بەخێرنەهێنراو، هێلانەی دڵی دەکرد بە هێلانەی پۆڕی ناو دەغڵێکی دروێنەکراو کە ئیتر سەمای کەروێشکەی گوڵەگەنم نە دادیان بدات، نەپەنایان بێت و نە باوەشێنیان بکات.

تفی نیوەقووتدراوی قورگێکی وشک هێندەی تر تەنیایی مرۆڤی دەسەلماند.

سەدان هەزار تاکە مرۆڤ کە تەنها کۆڵەکەیەکی هاوبەشیان ڕاکردن بوو، مەگەر بۆ جوێندان بە یەکتر پەتی پێوەندیی یەکتریان بلەرانایەتەوە، وەک ڕەوی گای کێوی، بە یەک ئاراستە، دەست و پێ و لە ئەمۆز تەڕ، دووای بۆنی لووتی خۆیان کەوتبوون و هەر ملیان دەنا ...

مرۆڤ نەیدەزانی چیان ناو بنێت.

فریشتەش هێندە ماندوو و شەکەت و پێوەنەماو بوو چیدی نەیدەتووانی خۆی لە سەر پێی ڕابگرێت، هەر لە جێی خۆی شۆڕ بووەوە و بە چیچکانەوە لێی دانیشت.

نەیدەزانی چەندە دانیشتووە، چونکە چیدی تاقەتی نەمابوو لە سەعاتەکەی دەستی بڕووانێت و هەر ئەوەندەی بە خۆی دەزانی کە ماندوو دەبێت کەمێک لەشی قورس دەبێت و ماسولکەکانی شلکەی ڕانی و پوزی توند و گرژ دەبن و ئینجا هەست بە سڕاییەکی تەزوولەیی دەکات، دووای ئەوە کەمێک لە بیر خۆیی دەباتەوە، و لە دووایيدا

خۆی بە دەستەوە دەدات، ئەگەر تۆزقاڵیش بۆی بلوێت قورسایی لەشی دەخاتە سەر خاڵێکی تر لە چەقی دانیشتنەکەی.

هەورەگرمە بە دووای هەورەگرمەدا دەهات، بروسکە و چەخماخەی توند و خێرا ئاسمانیان دەدرەوشاندەوە و لە چاو ون دەبوون و تاریکاییەک لە چاوتروکاندنێکدا خۆی دەسەپاند، ئینجا گرمەی پێچاوپێچی بە دووایەکداهاتووی شان لە شانخزاو بە دووایدا دەهاتن، بارانەکە تەوژمێکی دەدایە بەر خۆی و هێندەی تریش رەوتی پەیدا دەکرد.

ئاو بەرزبووەوە، چۆڕاوگەی سەربانەکان بنگوێسووانەکانیان لە داڵدەدەران لێژ کرد، خەڵک هێندەی تر خزانە نێو یەک، بایەکە بارانەکەی بۆ دووا قوڕبن دەگوێزایەوە و کەم کەس هەبوون نیوەتەڕ نەبوو بن.

ڕەوەمرۆڤ دووای ڕەوەمرۆڤ دەهاتن و لە ئەوە نەدەچوو کۆتایان پێ بێت و هەموو سەراپا لە ژێر باراناودا خوسابوونەوە. جلکوبەرگیان بە لەشیانەوە نووسابوو، هەندێک بە کاوەخۆ، هەندێک بە پەلە، ڕێگەیان دەکوتا و ئاوەڕیان لە دووای خۆیانەوە نەدەدایەوە.

ئوتومبێل و تراکتۆری عارەبانە کە کەسی دیکەیان نەدەگرت شڵپ و هوڕ و هەڵتەک هەڵتەک بە لای خەڵکەکەدا تێپەڕ دەبوون و دەڕۆیشتن.

فریشتە بۆ ماوەیەک دوودڵیی دای گرت کە ئازاد چۆن دەیدۆزێتەوە، بەڵام دووایی هاتەوە بە بیریدا کە ئەم کونجی ڕازیبوونە لە ئەوە ناچێت وا زوو لە بیر هەڵبژێردەر بچێتەوە، مەگەر تەنیا خواستی مەبەست و تۆزی جادووی پیرهەڤۆکەکانی نێو ئەفسانەکان کارێکی ئاوایان پێ بکرێت.

تەماشای سەعاتەکەیی کرد بووبوو بە دووانزەونیوی پاشنیوەڕۆ و هێشتا هەر لە ئێوارەوەختەی پاییز دەچوو، لە ئەوەی نەدەکرد وا زوو ئەم هەورە بڕەوێتەوە. نزیکەی چوار کاژێر زیاتر بوو چاوەڕووانی دەکرد. یەکەم جار کەوتە مەراق و خەفەتخواردن کە ڕەنگە ئازاد شتێکی لێ هاتبێت بۆیە نەگەڕاوەتەوە، لە ئەملاشەوە تووڕەیی ئەوە گرتبووی

کە بە برسیەتیی و تینوویەتیی هێندە چاوەڕووان بێت و دڵۆپە بارانی هەورێکی چڵکنی خواگرتوو بژمێرێت.

بەڵام نەیدەزانی چار چییە و چی بکات.

گلەیی ئاسانتر بوو لە کردار.

لە پڕ زرمەی بە یەکدادانێکی ئوتومبێل بەرز بووەوە و بەشی زۆری خەڵکەکە ڕاچڵەکین و خەڵک لە شوێنی خۆیان خرۆشان. ئەم چوار کەسەی لای فریشتە کە پێشی سێ لادیوارەکەیان لێ گرتبوو و بۆی بووبوون بە دەرگا، بزووان و بەرەو ڕۆخی جادەکە کشان. فریشتەش بە دووایاندا ڕۆیشت، بەڵام وەک ئەوان نزیک نەکەوتەوە. تراکتۆرێک بە خۆیی و عارەبەنەکەیەوە پێچی دا بوو و ژمارە حەوتێکی دروست کردبوو، ئوتومبیلێکی لادای بچکۆلەش، کە لە چاو تراکتۆرە زلەکەدا، بە خۆیی و عارەبانە و بارەکەیەوە، هەر ئەوەندەی تۆزێک دەبوو، خۆی کردبوو بە ژێر سینگی تراکتۆرەکەدا، بەڵام هەر لووتی بۆنیتەکەی چووبووە ژێری. خەڵکی ناوەکەی، کە دووایی دەرکەوت حەوت کەس بوون، هەموو سەلامەت بوون تومەس ئەوەندە بە پاڵەپەستۆ خۆیان کوتابووە ناوی لە زرمەی بەیەکدادانەکەشدا وەک خورمای پەستراوە هەر بە ئاستەم چووبوون بە ناو یەکدا.

بەڵام کابرای ئاژۆری تراکتۆر زراوی چووبوو و زووزوو جوێنی دەدا بە ڕژێم و بە شڵپ ئاوی بارانەکەی بە دەموچاوی خۆیدا دە دا و نەیدەزانی هانا بۆ کێ ببات، هەرچەندە هیچی واش ڕووی نەدابوو.

هەندێک لە خەڵکەکە بە پاڵ لاداکەیان لابرد و لە ئەوە نەدەچوو ئەو ئوتومبێلە بچکۆلە ماندووڕووخسارە پێش قوپاوە بکەوێتەوە کار.

ڕەنگە بگوترێت کە ئوتومبێل گیانی نییە، بەڵام ئەو ئاسمانە بۆر و ئەو قوڕ و چڵپاو و خەڵکە بێتاقەت و بێ حەوسەڵەیە کە دیمەنی ئەو ئوتومبێلە قوپاوە ساردوسڕە و بێ جوولەیەی هاتبووە سەر، لە پرسەی مردوو نەبێت لە هیچ شتێکی تری نەدەکرد.

هەر چۆنێک بێت، پاڵ بە ئوتومبێلەکەوە نرا و نێرەتراکتۆر دوور خرایەوە. گێرمەکێشەکە گوێزرایەوە بۆ پەنا کۆڵانێک. بەشکم، بە قسەی خەڵک، دەوروحسابی خۆیان بکەنەوە.

فریشتە خۆی خزاندە ژوورە کەللەبەرەکەی خۆیی وچوار زەلامەکەش هاتنەوە و بوونەوە بە دەرگا. ئینجا کەم کەس هەبوو کە هەموو ئەندامی بەدەنی تەڕ نەبووبێت. فریشتە جانتاکۆنەکەی سەرشانی خۆیی کردەوە، بەڵام هیچی وای تیادا نەبوو بەکەڵکی باران بێت.

ئەرێ بە ڕاست، کەس بیری لە باران کردبووەوە؟

هەندێک جلی وشکی پێ بوو، بەڵام خۆ لە ئەوێدا نەدەکرا ژن خۆی بگۆڕێت.

ئەوە تەنها لە کاتێکدا دەبوو کە نێر کەمێکی تریش مەژغوڵ بووایە.

ئەو قسەیەش لە سەر ئەو هەموو مەراق و خەفەتەوە زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی، بەڵام لە ڕاستییدا کاتی سوعبەت و تووانج نەبوو.

لە دەرەوە جار جار دەنگی نارەزایی هاوڕێ و برادەر و خزم و ناسیاو دەهات و هەر یەکەی بە شێوەیەک دۆخەکەی روون دەکردەوە:

- کورە بابە تاکەی ڕاوەستین؟
- جا بەشکم هەلیکۆپتەرەکانیش بگەنە ئێرە و ئێمەش ڕەمی کەن.
- کورە بابە خواتان بێ، بەس پێم بڵێ بۆ کوێ بچین؟
- کاکە من گوێ لە ئەم شتانە ناگرم، ها ئا ئەوە ئێرانە، بۆ خۆم ئەچم و ئەم شەو بۆ خۆم لێی ئەخەوم. بە شەرەفم بە شەرەفم یەک دانە کەس نەماوە ڕەمی نەکرابێ. کورە بابە ئیتر کورد تەواو. ئەوە هەزار جار فرۆشتیانین.
- نەڵێی ژنمە و نازانم چی، ئا لێرەیا تەڵاقی خۆم ئەسێنم و یەک بستی تر نایەم لە گەڵتا ... ها، دەبڵێ باش!
- .... و ..

ئینجا دەنگی گریانی منداڵ و کڕووزانەوەی ژنان و بۆڵەبۆڵی پیاوی بێدەسەڵات، هێندەی تر بگرەوبەردەکەیان پتر دەکرد.

لە پڕ بوو بە هەرا. لە یەکەم جاردا وەکو هەموو ئەو شەڕانەی تر دەهاتە بەر گوێ، بەڵام پاش خامۆش بوونی هەر چەند دەقیقەیەکی دەبرد یەکسەر تەرەفێکیان دوو جوێنی دەدایەوە و دەبووەوە بە گۆڵمەز. خواوچاکان دەکەوتنە بەینەوە و هەرا بێ دەنگ دەبووەوە. هێندەی نەدەبرد ژنێک بە دەم هەنسکی گریان و جنێوەوە بە مێردەکەیی دەگوت:

- من ئەموت نایەم، قیروسیا با بمکوژن، ئێستا ئاوام پێ بوترێ!

کابراش دەستی دەکرد بە جنێو دان. یەکەم جار بە ژنەی خۆیی و دووایيش بە تەرەفی دووەم، وایان لێ ئەکەم و وایان پێ ئەکەم و نایەڵم وا نەکەن و نایەڵم وا بکەن....

هەر ئەوەندە و ئەمان بێ دەنگ دەبوونەوە.

ئینجا نۆرەی تەرەفی دووەم بوو. هەر لە ئەوەش دەچوو هەر جارە و نەفەرێکیان پێ زیاد بێت، چونکە ئەم دەنگەیان لە ئەوەپێش نەبیستراو بوو.

فریشتە گوێی لە بەشی هەرە زۆرنەی جوێن و تووانج و پلارەکان بوو، بەڵام چاوی لە هیچ نەبوو. تاریکاییەکەش نەک هەر نەدەڕەوایەوە، بەڵکو تووندتر دەبوو. لە ئەوە دەچوو چوار زەلامەکەی پێشی لاکەلەکە چاویان لە هەندێلک جرت و فرت و ڕاکەڕاک و شتی لە ئەو بابەتە بێت، چونکە زووزوو لەگەڵ دەنگەکاندا سەریان بە ئەملاو ئەولادا با دەدا و بە پێی پێویست سەرەتاتکێ و ملەقوتێیان دەکرد.

دەنگەدەنگ زۆرتر و بەردەوامتر بوو. بە جارێک خەڵکەکەیان وەڕ کرد. هەر جارەی کەسێکیش بیوویستایە شتێکی خێر بکات یان بە دەم شتێکی باش بڵێت، یەکسەر لە هەراکەوە دەگلا و دەبووایە خۆی لە یەک تا جوێن و هەڕەشە بێدەنگ بکردایە. دەنا دەچووە سەر تەرەفێکیان و بیوویستایە و نەیوویستایە لە سەر تەرەفێکیان دەژمێردرا.

داد و بێ داد هیچ سودی نەبوو.

شریتێک قسەی خێر و خێرخوایی یەک چرکە دووڕەپەڕێزیی نە دەهێنا.

نەخێر هاوار هاوارەکە بەرزبووەوە و شەڕەجوێنەکە زیاتری لە جاران خایاند و بە گوڕتر بوو.

لە پڕ بووەوە بە هاوار و چوار کابرای بەردەم کەلاوەکەی فریشتە بە عەزرەتەوە بەرە و سەر جادەکە ڕایان کرد.

فریشتە هەر وەک هەزار شەڕی لە ئەو جۆرەی بینیبێت یەکەم جار بە هەستێکی بچم نەچمەوە، و پاش تۆزێک دڵگۆڕین بە هەنگاوی کاوەخۆ و سووکەوە، بەرەو لێواری دیوارەکە ڕۆیشت و خۆی بە دیوارەکەوە نووساند.

باران وەک پێشان بە لێزمە نەدەباری، بەڵام بە هەناسەیەکی یەکسان و نەرمە ڕەوتێکەوە لە هەموو لایەکەوە دەهاتە خوار و تنۆکەکانی هەروەک جاران بە گەورەیی و پڕی مابوونەوە و بچووک نەبووبوونەوە.

بایەکی بە هێزی شیدار لە ناو کۆڵانەکەدا بووبوو بە کزەیەکی باران هەڵگری تەڕ و موچڕکەی سەرمای دەگەیاندە مۆخی مرۆڤ.

لە ئەو سەرمایەدا، لە کاتێکدا کە گشت جیهان لە پێخەفی وشک و لە پۆشاکی پێویستدا هیچ نەبێت بایی نانەسکیەک خۆراک و بژێویان لە مشتدا بوو، ئەمان، ئەوانەی خوداوەندی بەزەیی و میهر پشتی تێ کردبوون، ئەوانەی گڵۆڵەی چارەنووسیان کەوتبووە لێژیی، ئەوانەی کە لە ژیانیاندا هەرگیز بۆ خۆیان نەژیابوون، ئەوانەی کە باووباپیرانیان هەردەم لە ژێر چەتری ئیمپراتۆریەکی بێگانەدا میرنشینی یەکتریان دەدایە بەر خەنجەری زیاتر خۆبەکورد زان و خۆبەگەورەتر دانان و لووتبەرزیی، ئەوانەی کە هەمیشە ملکەچ بوون نەک خاوەن داوا، ئێستا لە ژێر خۆشەبارانێکی سەرەتای بەهاردا، بە جلکوبەرگی سەرتاپا خوساوە و ورگی برسی و لاشەی شەکەتەوە، لە ژێر ترسی هات و نەهاتی دوژمندا، کەوتبوونە گیانی یەکتریی.

دەنگی زللەی تەڕ و ڕوومەتی تووڕتەوەبووی ژێر باران، ڕۆژەڕۆیەک دەڕۆیشت. شەق کەمێک بەهێزی هەندێک مرۆڤ ورگ تێرتر کە دەیسرەواندە کەشکەئەژنۆی لاوازی هەندێک مرۆڤی برسی و زێدەماندوو، دەتگوت گورزی ڕۆستەمە و بۆ پاراستنی خاکی میدیایە.

هەندێک دەکەوتن و زوو هەڵ دەستانەوە. هی وایان هەبوو یەکەم کەوتن دەیگلاند و بە قنەخشکێ خۆی دەگەیاندە سوچێکی لادیوارێک و پەنجەی پەشێمانیی و مردنخواستنی دەکرۆشت. ئوتومبێل دووای ئوتومبێل دەهاتن، تراکتۆر و عارەبانەی دەستێی و عارەبانەی پاڵ و پاسکیل بە دووای یەکدا دەهاتن، ئەو ناوە هیندەی تر قەرەباڵخ و ڕەشاوەتر دەچووەوە. زۆر کەس هەبوون بە جنێوی مزر و تووانجی تووڕەکەرانە خەڵکەکەیان زیاتر هان دەدا. هەندێک هەبوون تکای وازهێنان و گەردنئازادییان لە گشت دەکرد، بەڵام قسەکانیان دوور لە ئەوێ و ناشێلگیر دیاربوون و لە ئەوە نەدەچوو هیچ شتێکیان مەبەست بێت.

باران بەردەوام هەر دەباری و کزەباکەی ناو کۆڵانەکەش وردەوردە زیاتر تینی دەدایە بەر خۆی. خەڵکەکە بە تەواوێی ماندوو بوون. شەڕفرۆشەکان، یان شەڕبووەکان هیدی هێدی بێ ئەوەی کەس ناوبژییا بکات، خۆیان کوتاندە لایەکەوە. ئاو لە تەپڵی سەریانەوە بۆ لووتی پەنجەی پێیان دادەچۆڕا و هەر یەکەی دەموچاوێکی تابلۆیی پڕ دەماری گرژ و ماسولکەی لاشەویلگەی بەیەکداچوویان کردبوو بە دروشمی پیاوانی لانەواز، پیاوانی سەد جار فرێویندراو و هەزاران جار دەستبڕاو.

ماخۆلان دابووی لە هەنگاوەکانیان و سرەووتیان نەدەگرت. وەک ئەسپی کێوێی گەمارۆدراو لە پێکۆڵ و خۆگرژکردن و خۆڕاپسکانی نەرمی پڕ شانازیی و خۆبەدەستەوەنەداندا بوون. چۆڕاوگەی تەڕاییەکەی سەریان بە نێوچاوان و پەناگوێ و لاملیاندا دادەچۆڕا و کەمێک گرمۆڵەی کردبوون و بە ڕووی پێشەوەدا بە ئاراستەی نەوین، دەست لە گیرفان و دەست لە ناو پزووی بەنەخوێندا، بە ئەملاوئەولادا دەچوون و نەدەسرەوتن.

ئوتومبێلەکان هەروەک جاران هەندێکیان بە خێرایی دەڕۆیشتن و شڵپەیان لە چاڵاوە پڕ قوڕ و چڵپاوەکان هەڵدەستاند و پرژەی ئاویان دەگایند بە گەلێک دەموچاوی خودانەماو.

هەندێکیشیان بە هۆڕنی گاڵتەپێکاری لە پڕ، کە دەنگێکی ناحەز و زریکەیەکی خێرای ناقۆڵای لێ بەرز دەبووەوە، بێدەنگیی ئەو ناوەیان دەشڵەقاند و سەرنجی تووڕەی هەندێک خەڵکیان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشا. هەندێکیشیان بە شێوەیەک ئوتومبێلەکانیان لێ دەخوڕی و لە خەڵکە پیادەکانیان دەڕووانیی هەروەک بڵێن: ئێمە خێراتر دەڕۆین و مردنمان جێ هێشتووە، ئێمە پێش ئێوە دەگەین بە بەهەشت و بەشی ئێوە دەخۆین.

کارتێکردنی ئەو پەیامە نەنووسراوەیە لە سەر ڕووخساری پیادەڕەوەکان دەخوێنرایەوە.

فریشتە لە ئەو شوێنەی خۆیەوە بە بینایی‌یەکی لیخنەوە دەیڕووانی و ماسولکەی ڕوومەتی پیادەڕەوەکانی دەبینی چۆن بە هەنسکی گریانی لە ناخەوە تەقیو، ڕا دەتەکا.

ئەو خەڵکە کەللەڕەقە چاوسوورە بە نێوەڕاست و ڕۆخ و ئەملاوئەولای ئەو جادەیەدا دەڕۆیشتن و باکیان لە ئوتومبێل نەبوو. لە ئەوە نەدەچوو بڕووا بکەن ئوتومبێل دەتووانێت مرۆڤ بکوژێت. هەموو جارێکیش لەگەڵ ڕۆیشتنی ئوتومبێلێلدا بە پەلە خۆیان لا دەدا و هەندێک جوێنیان بە دووای پرژە ئاو و قووڕاوەکەدا بۆ شۆفێرەکە دەنارد و تۆزێک نزای کوژەریان بە دووای ئوتومبێلەکەدا دەنارد.

فریشتە هەر لە سووچێکی دیوارەکەوە وەک مۆمیایەکی بەردین ڕاوەستابوو و لە ئەو هەموو بزووتنە و جووڵە و تەراتێنەی دەڕووانیی و چاوی یەکانگیری گۆشەیەکی کراوەی گەورە بووبوو، یەک لە سەر یەک وێنەی هەرگیز لە ئەوە پێش نەبینراوی دەخستە سەر ئەلبوومە تەڕەکەی مێشکی و پەڕەی نوێی هەڵ دەدایەوە.

لە پڕێکدا تڕێلەیەکی گەورەی زەبەلاح لە دوورەوە بە هۆڕنی ناقۆڵای بەرزەوە دەهات. ئەم جارە خەڵکە پیادەکە کەمێک ڕاچڵەکین و لە دوورەوە سڵیان کردەوە و هەریەکە و بە پرتاو خۆی گەیاندە ڕۆخی شەقامەکە. دایک پڕی بە منداڵدا کرد، گەورە خۆی ڕاوەشاند و

ڕێگا بۆ ترێلە زەبەلاحەکە کرایەوە. لە چاوتروکاندنێکدا لە کاتێکدا کە ترێلەکە گەیشتبووە نزیکی سەرنجی فریشتە، کوڕێکی گەنجی سەر و لەش تەڕ بە ڕاکردن لە ئەم بەر بۆ ئەو بەری جادەکە لە پەڕینەوەدا بوو. فریشتە پێشی گەورەی بە ئاسمانداچووی ترێلەکەی بینی و لە ئەملاشەوە باڵای کوڕە گەنجەکە بە مەترێک یان دووان لە بەردەمیدا کە هێشتا لە ڕاکردندا بوو بۆ ئەو بەر جادەکە.

وێنەی پڕ بەڵام خێرا و یەک لە دووای یەک بە مێشک و چاوی فریشتە دەگیران و تۆمار دەکران.

ترێلەکە لە چەند چاوتروکاندنێکدا گەیشتە کوڕەکە و یەک زرمەی توند، بەڵام کپ بە دووایدا هات. ئیستۆپێکی کتوپڕی بە دەنگی گرت و ئەو ئوتومبێلە زلە لە سەر کۆمەڵێک تایەی ئەستووری ڕەشی تەڕی لە جێی خۆیاندا چەقیو بە سەر جادە تەڕەکەدا، کەمێک بە خواربی و جارناجارێک بە ئەملا و ئەولادا چوو، دەخلیسکا و دووکەڵێکی کەم کە بۆنی لاستیکی سووتاوی لێ بەرز دەبووەوە و لە نێوان بنی تایەکان و زەویەکەدا بە فارگۆنی ترێلەکەدا هەڵ دەزنا.

لە ئەوە دەچوو هەموو دووای ترێلەکە بە ئاگاوە پاڵ بە بەشی پێشەوەیدا بنێت تا لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بێت. پێشی ترێلەکەش وەک بی ناو ئاو دەلەرزا و بە قورسایی ئەو بارەی پشتی کە لە دووا‌وە هەر پاڵی دەنا، خەریک بوو لێککاڵا دەبووە و چینگی خۆی لە زەویەکە گییر کردبوو و نەیدەخواست مل بدا و بجووڵێت.

خەڵک هەموو بە شپرزەیی بە ئەملا و ئەو لادا ڕایان دەکرد. زۆربەیان دەیازانی کە کەسێک بووە بە ژێرەوە.

ترێلەکە زیاتر لە دە مەتر خزا و جێگا تایەکانی خەتێکی مەیلە و ڕەشی بووارد‌وویان لە سەر جادەکە دروست کردبوو کە پاش چەند خولەکێک وردەوردە بە ئاو و چڵپاوەکە دادەپۆشران، بەڵام هەر بە کاڵی دەبینران. خەڵک وروژانە سەر شوێنەکە و فریشتەش یەکێک بوو لە ئەوان.

کوڕە گەنجەکە لە ژێر قورسایی تایەکان و لێکخشاندنەکاندا پان بووبووەوە.

هەندێک پارچەگۆشت و ئێسک کە لە هی سینگی دەچوون بە کوتراوی لەت بووبوون، بە تووندیی بە زەویەکەوە نووسا بوون و تێکەڵی چڵپاو و زیخ و لم بووبوون. هەندێک پێست و پارچە گۆشت کە نەدەزانرا چین، وا پێ دەچوون لەگەڵ گەڵا و وردەچیلکە و قوڕاودا بە ئەنقەست تێکەڵاو کرا بن. لە ئەوەش دەچوو لاشەکەی هەر لە ژێر تریلەکەدا بێت، چونکە ئەو تۆزە وردەگۆشت و ئێسکانە ئەوەیان بە زیادەوە دەسەلماند کە ئەو کوڕە لاوە هەر ئەوەندە نەبوو بێت.

کامیۆنەکە لە دوورەوە وەستا و کۆمەڵێک خەڵکی شڵەژاو بە هاوار هاوار لێیەوە دەهاتنە دەر.

لە ئەو چەند خولەکەدا زیاتر لە بیست ئوتومبێل بە سەر یەکدا کەڵەکە بوون. لە بەر خەڵکە گردبووەکە نەیاندەتووانی دەر بچن و ئەوانەی هەرە پێشەوەیان نەبێت نەیاندەزانی مەسەلەکە چییە. سەرتاپای خەڵکەکە واقیان وڕمابوو و هەر لە ئەوە دەچوون کارەبا گرتبێ. هەندێکیان لە تریلەکەیان دەڕووانیی و هەندێکی تر دەیانڕووانیە جادەکە و سەیری ئەو خوێنەیان دەکرد کە لە ماوەی پێنج خولەکدا خەریک بوو لە ژێر فشاری ئەو بارانە بێ هەناسەیەدا کاڵ دەبووە.

ئەوە مێژووی ژیان بوو، لە چرکەساتێکدا خەستیی و گەرمیی خوێن، کاڵبوونەوە و ساردبوونەوەی هەمان خوێن.

چەند کەسێک بە زمانی تەتەڵە و شڵەژاوی و منجەمنجەوە هەر لە بەر خۆیانەوە ورتەورتیان دەهات.

پیاوێکی پیر کە لە تەنیشت فریشتەوە ڕاوەستابوو، بە ڕووالەت گەلێک پیر دیار بوو، تا بڵێی لاواز و بێ تین دەهاتە پێش چاو، دەستەکانی چڕچ و بەلەرز، لە ژێر بارانەکەدا بە تەواوی تەڕ بووبوو و هێندە بە دەستەسڕێکی تەڕ لووتی خۆیی سڕی بوو پێستی لووتی سوورسوور هەڵگەڕابوو. جووتە پاتە ڕەشەکەی پێی ئاویان تێ چوو بوو و هەر چڵقەیان

دەهات. بە دەنگێکی گڕی لەرزۆکی خەفەتبارەوە هەر وەک لە شتێکی تر پەست بێت زیاتر لە ئەو ڕووداوە، بە فریشتەی گوت: هیچ نەبێت با ئەو پارچە گۆشتانە کۆ بکەینەوە، با نەکەونە ژێر پا و پاتەوە.

زیاتری نەگوت. پشتێنددەکەی خۆی کردەوە و بە ئەو ناوەدا دەگەڕا. دوو سێ کەسی تر هەروەک قسەکانیان بە دڵ بوو بێت، بێ ئەوەی هیچ وەڵامی بدەنەوە دەستاین بە یارمەتیدانی کرد.

فریشتە بە دەم خۆێناوەکەوە هەر وەک خۆێن گرتبیەتی بەرەو لای تڕێلەکە شۆڕبووبووە، لە دوورەوە گوێی لێ بوو خەڵکی ناو تڕێلەکە هەر هاوار و باوکەڕۆ و "ئێستا چی بکەین؟" یان بوو.

ئەم گەیشتە لای تڕێلەکە و دەستی دا لە تایەکەی هەرە دوواوە کە هێشتا گەرمایی یەکی سەیری تیادا مابوو. سەرتاپای ئەو کامیۆنە گەورەیە ئاوی لێ دەچۆڕا هەروەک لە شەرمان و لە ترسان ئارەق دەر بدات. چۆڕاوگەی گوێی ڕۆخی تەنیشتەکانی ئاوێکیان لێ دەهاتە خوارێ کە لە بارانەکە خوڕتر بوو. باراناوەکە لە سەر ئەو هەموو چادرە نیوە لۆچ و چرچەوە پەنگی خواردبووەوە و هیچی بۆ نەمابووە ئەوە نەبێت کە بە لێشاو بێتە خوارێ.

فریشتە نەدەترسا، بەڵام هەستێکی سەیر سەری تەنی بوو. هەمووی دە دەقیقە لە ئەمەوبەر بوو کە ئەو کوڕە لاوەی لە ڕاکردندا بینی، ئێستا دایکیشی پارچەکانی نەدەناسیەوە. واتای ژیان و مەرگ، بوون و نەبوون، مانەوە و نەمان، سەرتاپا دەمارەکانی مێشکی تەنی بوو.

کێ دەڵێت ئازاد نییە؟

ئەو پرسیارە هەر لە خۆیەوە تاوی بۆ دەهێنا و دەیخستە سەر کەڵکەڵەی پشکنین و بە دووداداگەڕانێکی تەواو.

بەشکم ئازاد بێت!

لە پڕ هاتەوە بە بیرییدا کە ئازادیش هەر وەک ئەم ڕای دەکرد و بە لۆقەهەنگاو هەڵ دەهات. باڵاشی هەر هێندەی ئەو بڵند بوو. جلەکانیشی قاوەییەکی کاڵ کە کاتێک تەڕ بێت لە دوورەوە تۆخ و ڕەشباو دەنوێنێت.

ئازارێکی تەنگ سواری سینگی بوو و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسکی تەڕ کە دڕیان بە تەڕپی ئاوی باراناوەکەی سەر ڕوومەتیان دەدا و کاسە و قوڵکەی چاویان سەررێژ کردبوو. دەیویست بگری و دەست بە شیوەن بکات، بەڵام نەیدەتووانی. شتێک ژێیەکانی گەرووی گرتبوو و نەیدەهێشت بکەونە لەرە و دەنگ:

- ئازاد مرد و .... ئێستا چی بکەم؟

هەر ئەوەندەی لەبەر خۆیەوە گوت، چاوەکانی ڕێشکەوبێشکە گرتنی و تەزوویەکی ڕەشباوی دەزوولەپی لە پێش چاوەکانیدا بوون بە تارمایی.

بە هەردوو دەستی خۆپی بە بۆنیتی ڕەق و تەق و سارد و تەڕی ترێلەکەوە هەڵپەسارد. کەمێک هێزی دایە بەر خۆی، دڵخۆشیی خۆپی دایەوە و ڕووی لە ئاسمان کرد.

ڕاکردن لە دەعبا، ڕاکرد لە تۆپەڵە ئازار!

بارانەکە ئیتر خۆشتر دەباری. تنۆکەکانی تەڕتر و گەورەتر بوون. تنۆک تنۆک، یەک لە دووای یەک، دەکەوتن بە سەر دەموچاوی بێ وەنەوزو و تەڕبووی فریشتەدا. لەگەڵ چاوترەوکاندنەکەشیدا پرژەیان دەچووە چاویەوە. قژی بە تەواوی تەڕ بووبوو و هەستی دەکرد چۆن تەزوویەکی تەڕ لە ژێر قژیەوە خۆی دزیوەتەوە بۆ پشتی ملی و سەرشانەکانی تەڕ دەکات. کونی گوێیەکانیشی تەڕ بووبوون. چاکەتە گەرمە ئەستوورەکەشی کە بە حساب دەبووایە ئاوی دا نەدایە، وردەوردە لە ئەوە دەچوو بەڵینەکەی بۆ نەبردرێتە سەر و هەستی دەکرد گرانتر دەبوو.

هەروەک لە ئازارێکی زۆردا بێت لێوەکانی خۆی کرۆشت و توند دەستی بە ئەو ئاسنە توند دارێژراوانەی فارگۆنی دووای ترێلەکە گرت. ئەوجا هێزی دایە بەر خۆیی و چووە سەر چیچکان و لە بەرخۆیەوە هەر لە سەر چیچکان دەڕۆیشت.

لە تایەکانی دەڕووانیی و ئینجا بەرەو ژێرەوە شۆڕ بووەوە، چاوی بە شتێک کەوت و لە پڕ بە دەنگێکی بەرز، قیژاندی.

کۆمەڵێک خەڵک لە هەناسەیەکدا بە هەڵەداوان گەیشتنە سەری لێ وردبوونەوە. فریشتە دەیڕووانیە نیوەجەستەیەکی کوتراو و گوشراو کە لە نێوان بنی لۆریەکە و گاردنێکی درێژدا هەڵواسرابوو. دەموچاوی پان بووبووەوە و خوێناو هەر بە تکەتک شۆڕ دەبووەوە و تێکەڵاوی بارانەکە دەبوو.

دوو سێ کوڕی گەنج فریشتەیان لا برد و خۆیان لاشەکەیان ڕاتەکاند و هێنایانە دەرەوە. پێ نەدەچوو کەس لە ئەو ناوەدا هەبێت بیناسێتەوە.

لە ئەوە نەدەچوو لەگەڵ خەڵکی تردا بوو بێت.

وشەی قەزاوقەدەر و چارەنووس و بۆڵەبۆڵ و هەموو کەس دەمرێت تێکەڵ بە کۆمەڵێک هاوار و گریان و نووزەنووزی تر بووبوو. سێ چوار چەکدار بە تەکەتەک و سینگبادان و خۆبادانەوە، بە کەورۆییەکی بێ پەرواوە، هاتنە پێشەوە. شۆفێری ترێلەکەیان پێش خۆیان دا و ترێلەکەشیان ڕووارووی کۆڵانێک برد.

فریشتە بە تەواوی پەکی کەوتبوو. خەڵکان لە ئەوە دەجوون کۆستیان کەوتبێت. بێدەنگیەکی بەدەسەڵات لە چاوتروکاندنێکدا هەموو ئەو ناوەی تەنیبوو. بارانەکەش لە گەرمەی خۆیدا دەهاتە خوارەوە و سڵی لە هیچ نەدەکردەوە.

مەرگ، ئەو دۆخەی کۆتایی بە هەموو ژیانێک دەهێنێت، ئەو وشەیەی وەک مۆتەکە هەناسە لە هەموو بوونەوەرێک دەبڕێت، بووبوو بە میوانی ئەو حەشاماتە و هەموو ئاسمانی لێ هانیبوونەوە یەک. مەرگ لە سەر سەریان و لە بن پێیان و لە چواردەوریان خولی دەخوارد و چاوی لە هەموو یەکێکی وردودرشتیان بز دەکردەوە و دەی تۆقاندن.

مەرگ بووبوو بە پێڵوو و لە سەر چاویان لا نەدەچوو.

هەرە نێرترینیان هێندەی پێ نەمابوو بتووانێت خۆی لە ناو شەڕواڵەکەی خۆشیدا ڕابگرێت.

فریشتە چووەوە کولانەکەی خۆی. لە لێواری دەرووازەکەیەوە بە ڕاوەستاوییەوە خۆی دابوو بە لای چەپی دیوارەکەدا، پشتی لە شوێن و ڕوودانی کارەساتەکە بوو. ورتە و قسەی خەڵکەکە بە لای گوێیدا تیغیان دەکرد. بارانەکە بە ئارەزووی خۆی دەباری و تەڕی دەکرد، ئەمیش لای لێ نەدەکردەوە. نەیدەزانی کات چەند تێپەڕ بووە. بە قسەی خەڵک چەکدارەکان بە پارە کابرایان مەرەخەس کرد بوو و پێشیان گوتبوو تەرمەکەش دوور بخاتەوە.

ئەو قسانە لە قسەی خەونیان دەکرد.

لە ئەو دۆخەدا کە دیارە لە مێژوودا دەگمەن نییە، مرۆڤەکان تاک و تەرا بوون، پیتەکان نەدەبوون بە وشە و ڕستەیان پێک نەدەهێنا، دەستەکان نەدەگەیشتن بە یەکتر و یاساکان

نادیار بوون و دادگاکان قوفڵ درابوون. جەستە پاکەتێکی خاڵی بوو، لە باشترین حاڵەتدا چەند لیترێک لە ئەو ئاوە شلەتێنە سوورەی تیادا بوو کە پێی دەگوترێت خوێن.

ڕووداوەکە لە ڕووداوی خەونی دەکرد. ڕووداوەکان لە ڕووداوی خەونیان دەکرد.

نەگبەتیەکە لە ئەوەدا بوو کە ئەم بەئاگا نەدەهات و خەبەری نەدەبووەوە.

سەرمای بوو، برسی بوو، بارانەکەش هەر بە بایەکەوە دەهات.

سەری کاس و ماندووی بە سەر شانی ڕاستیدا لار بووەوە. چرای چاوەکانی زۆر بە کزیی دەسووتان، پێڵووەکانی چاوی قورس بووبوون، دوودڵیی و گومان هێندەی تریش سەری قورس کردبوو .... بە ئاگایە یان خەوتووە؟

چاوی لێ بوو لە بەر دەم کونەکەدا بیچمێکی عەبا تێئاڵاوی باریک و درێژی ڕوو خاڵاوپی چەرمپێست ڕاوەستابوو سەیری ئەمی دەکرد. دەیبینی بە ناو حەشاماتەکەدا دەگەڕێت و یەکە یەکە لێیان ورد دەبێتەوە. دیسانەوە دەهاتەوە بەردەمی ئەم و بە دوو چاوی پڕ لە فیتنە و پرسیارەوە لە ئەمی دەڕووانی. .... ئەوە مەرگ خۆیەتی؟!

گوێی لە دەنگی لووڕەی ڕەشەباکە بوو. لووڕەیەک کە بە دەیان جۆر ئاوازی دەگۆڕی و بە زۆریی هەر لە لاوانەوەیەکی دەکرد. ئەمیش دەنالێنێت و دەگری؟ دیارە کەسێکی ئازیزی مردووە.

دەنگی گریانی منداڵێک لە دووڕەوە جارجار تێکەڵ بە لووڕەی ڕەشەباکە دەبوو و بە ناو بۆشاییەکانی ئێسکدا دەچووە خوارەوە.

بە سەری پەنجەکانی تەمی سەر پەنجەرەکەی سڕی، چاوەکانی بیچمە عەبابەسەرەکە لە ئەو دیوەوە تێی دەڕووانی.

هەڵ دەلەرزی.

خودایە مەرگ چی لێم دەوێت؟

چرای چاوەکانی ڕوو لە کوژانەوە بوو، بیچمە عەبابەسەرەکەی دەبینی وەردەوردە لێی دوور دەکەوتەوە.

سەری کاس و ماندووی هێندە قورس بووبوو، بۆی ڕانەدەگیرا.

هێندە ماندوو بوو، ئیتر لە سەرخۆ لە ئەو پەڕی بێهێزییدا، خۆی شۆڕ کردەوە و لێی دانیشت.

ئەم جارەیان بە چیچکانەوە دانەنیشت. قنی خستە سەر زەویە تەڕەکە و ئەژنۆکانی خۆیی لە باوەش گرت و جانتاکەی خستە ناو کۆشییەوە. سەری بە پێشەوەدا شۆڕ بووەوە.

هەستی بە هیچ شتێک نە دەکرد، ماندوویەتیی نەبێت.

بارانەکەش کە ئێستا دیسانەوە بووبووەوە بە خوڕاو، بە سوار کۆڵی بایەکەوە دەهات و دەچوو.

هەروەک لە هەمان ماندوویەتییدا خرابێتە سەر پێخەفێکی وشک و برینگی نەرم و نیان، خەوێکی زۆرەملێ، بەڵام شیرین و دڵخواز، بوو بە میوانی.

خۆیی لە یاد کرد و جەستەیی سپارد و جیهانی سارد و ڕەقی بەجێهێشت.

لە خەونیدا هەموو مرۆڤەکانی جیهان خۆیان بار کردبوو. لە ژێر بارانێکی خوڕی ساردی بە باوەهاتوودا، بە ڕووخساری گرژ و تووڕە و نائومێدییەوە، دەجمین و هەر یەکەی ڕێگایەکی گرتبووە بەر.

ڕووخسارەکانی دەوروبەری خۆیی دەناسینەوە ، ناوی شوێنەکە لەسەر زمانی بوو، بەڵام نەدەهاتە سەر زاری. بە خۆی دەگوت: چ سەیرە، وا بزانم من ئەم کۆڕەوەم لە ئەوەپێش بینیووە!

خۆی لە ژێر بارێکی گراندا دەبینی، هێندە گران کە کووڕی کردبوو.

ئازاد لە دوواوە قامچی لێ دەدا و ئازار و شریخەی قامچییەکە لەگەڵ بروسکەکاندا تێکەڵ دەبوون. هاوارەکانی لەگەڵ گرمەگرمی هەورەکەدا ئاوێتە دەبوون، لە بەر ئەوە دەنگی دەر نەدەهات. ژنان بە پرچ ڕادەکێشران، قامچیەکان توند بەر پشتی ڕووتی تەڕیان دەکەوتن. بروسکە و چەخماخە و هەورەگرمە بە سەر سەدای گریان و پاڕانەوەکاندا زاڵ دەبوو. کەس دەنگی نەدەهاتە دەر.

ئەم دەیویست هەڵ بێ. دەعبایەکی زەبەلاحی شێوەگۆڕی ناقۆڵا نیشتبووە سەری و هەر نەیدەزانی چی لێ دەوێت و بۆچی دووای کەوتووە. ئەوەندەی دەزانی کە هەر ئەوەی بیگرێت بە قەپاڵی گەورە و ددانی تیژ و شفرەیی پارچەپارچەی دەکات و هەڵی دەلووشێت. تا هێزی تیادا بوو ڕای دەکرد و خوازیاری ئەوە بوو تەنانەت باڵیش بگرێت. ئارەقی ڕەشوشینی دەر دابوو، هەموو پارچە ماسولکەیەکی لەشی لە ماندوویەتیی و بێحاڵییدا خەریک بوو بەردەبووەوە. هەر ڕای دەکرد و بە دەم ڕاکردنەوە ئاوەڕی دەدایەوە و دەعبا دوو هەنگاوی لێوە دوور بوو کە بیگرێت، کەچی ئەم لە ئەو خێراییەشدا کە پێیەکانی بە سەر سەری خۆیەوە بە ئاسمانەوە دەهات و دەچوون، یەک هەنگاو لە شوێنی خۆی نەدەجوواڵ و بە هیچ شوێنێک نەدەگەیشت.

هەنگاوی ڕاکردنی لە هەوادا دەبوو بە پایەدرێکی بۆش.

بە دەم هەڵهاتنێکی بێهوودەوە پڕ بە گەرووی خۆی هاواری دەکرد دەیقریشکاند. دەنگی لە نێو دەروونی خۆیدا هەروەک لە ئەشکەوتێکدا بێت دەنگی دەدایەوە و لە ناو قەفەسەی سنگیدا بە کپی دەمرد. لەشی یەک پارچە ئارەقە بوو و وای دەزانی هاکا بە زەویدا کەوت و گیانی دەرچوو. کەس نەیدەتووانی گوێی لە دەنگی بێت. دەنگی نەدەگەیشتە هیچ شوێنێک. هەر ڕای دەکرد، هاواری دەکرد و ئاوەڕی دەدایەوە.

لەگەڵ هەموو ئاوەڕدانەوەیەکدا دەعبا زیاتر لێوەی نزیک بوو و تووندتر دەنیشتە سەری و ئەمیش هەر لە شوێنی خۆیدا بوو. تا لە پڕ پەنجەی پێی لە شتێک هەڵتووتا و بە سەردا لە بەرزاییەکەوە کەوتە خوارەوە و بەرەو قوواڵییەکی چاونەپڕ و بێ بن، بە هەستێکەوە کە یەک دانە ئێسک لە لەشیدا نەبێت، بەربووەوە. ئەوجا بە خێراییەکی سەیر، بە خێراییەکی

حسابنەکراو، بێ ئەوەی بە ئاراستەیەکی تایبەتیی لە سەر سەر یان لە سەر پێ، بکەوێتە خوارەوە، بە هەر چواردەوری خۆیدا خولی دەخوارد و وەک کۆلارەیەکی لە بەرزییدا پارسەنگ تێکچوو، بە تەقلەی یەک لە دووای یەک و بە خولاوەیی، ڕووەو خوار کشا.

ئەم جارە تا هێزی تیادا بوو قیژاندی. هاواری لێ بەرز بووەوە و لە عەزرەتدا خۆی ڕاتڵەکاند.

کە بە هۆش خۆیدا هاتەوە خەڵکی ئەو ناوە لێیان دەڕووانی.

کاتێک ڕووانیە خۆی بینی تا ڕادەی نیوەوەستان بەرز بووەتەوە و توند باوەشی بە جانتاکەی کۆشیدا کردووە. پێیەکانی سڕ بوون و هەستی پێیان نەدەکرد. دەمارەکانی دەستی بەرز بووبوونەوە و ئێسک و ماسولکەکانی دەموچاوی بە تووندیی چووبوون بە یەکدا. خۆشییەکی گەرمداهێنەر بە خێرایی موژدەی "خەون بوو، خەون بوو!" ی دەگەیاندە هەموو کون و قوژبنێکی لەشی، بەڵام تەزوویەکی ساردی تێژ بە ناوەوەیدا وەک گوللە تێ دەپەڕی و دڵی دەیویست لە قەفەسەی سینەی هەڵ بێت.

موچوورکی ساردی یەک لە سەر یەک بە سەر پێستییدا بەرەو سەرەوە دەکشان. مووەکانی پێستی ڕا بووبوون و لە سەر گۆشتی لەشی بووبوون بە چقڵ. هەستێکی پڕ شەرمی لە خۆدامانیش ڕووخساری تەنیبوو، وای دەزانی کە ئیتر بە ئەو هاوار و قریشکەیەی لە هەموو کوچە و بازارێکی شاردا دەناسرێتەوە. بەڵام هاوکات دڵشاد بوو کە خەون بوو.

لە ناخەوە کەوتبووە شک لە خۆی. هەر بە ڕاستی کاتی خۆی ئەم کۆڕەوەی بینیبوو. بە ڕاستیی ڕووداوەکان وەک ئێستا بوون، بەڵام بە لێڵی، لەبەر چاوی دەخشان.

هەر لە ئەو شێوە ڕاوەستانەدا ڕووانیە خۆی. ژنەکوردێکی نەکردەی ترساو، بە تاک و تەنیا، تا بڵێی ماندوو و لاواز، برسی و بێ پارە، تەڕ و هەڵلەرزیو، بێ هیچ جۆرە دانّدە و پشت و پەنایەک، لە دونیایەکی کاکیبەکاکی بە سەر یەکدا ڕماودا، بە تووندیی باوەشی بە

جانتایەکی نیوەخاڵییدا کردبوو و بە نیوەڕاوەستاوی و چەماوەیی، بە ئێڵیەکی بێ سنوور، کە لە سەر بیلبیلەکانی چاوی کشابوو، نەیدەڕووانیە هیچ.

کە باشتر بە هۆش خۆیدا هاتەوە، هەستی بە سەرمابوون دەکرد. جەستەی بە تەواوی تەڕ، یەک قولانجی لەشی بە وشکی نەمابووەوە. جلکوبەرگی بەری بێ لە ئەوەی قورس بوون، هەر ئاواش توند، وەک بە سرێش لچکاندبێتیانن پێوەی، لە لەشی ئاڵابوون و پێستی دەچووزایەوە.

نەیدەزانی چی بکات. قەدەرێکی زۆری پێ چوو تا ڕووانیە سەعاتەکەی دەستی و تێی ڕامە: پێنج و بیستوسێ دەقیقەی ئێوارە بوو.

ئاسمان تا بڵێی تاریک و توون، باران هەر بەردەوام و هەورەبرووسکە و چەخماخەیەکی زۆری بە گرمە و ڕمە هەر هاتنوچوونیان بوو. زوو زوو بروسکەیەکی تیژڕەوی خواروخێچ و ترسێنەر ئەو ناوەی وەک ڕۆژی ڕووناک لێ دەکرد، بەڵام لەرزۆک و تیژڕەو. ئێستا بە تەواوی ترس نەک هەر سەروسیمای گرتەوە، بەڵکو تەنانەت خۆیشی دەخزاندە ناو قوواڵایی مۆخیەوە.

ژنێکی تەنیا چی بکات؟ کەس لە عەربەتدا نەمابوو کە ئەم بیناسێت. ڕووخسارەکان هەموو نامۆ، هەموو بە پەلە و هەموو لە دونیایەکی داخراوی عەزلدا، کێبەرکێیان لەگەڵ تارمایی خۆیاندا دەکرد. ئەوانەی ئەمڕۆ لە ئەو ناوە بوون هەموو ڕۆیشتبوون و دوور کەوتبوونەوە، کۆمەڵێک خەڵکی تازەی نەناسراوی خۆمشوورخۆری بە پەلە و سەرقاڵ، ڕێچکەیەکی نوێیان بەستبوو و تەنانەت هەر ئاوەڕیشیان نەدەدایەوە.

لە ڕاستییدا ئەم هەر لە ڕوویشی هەڵ نەدەهات داوای یارمەتیی لە کەس بکات، نەیدەزانی چی بکات و لە کوێوە دەست پێ بکات؟ بەرەو سلێمانی بگەڕێتەوە؟ ئایا شتی وا دەبێت؟ زۆر دەترسا لە ئەوەی ئازاد شتێکی بە سەر هاتبێت، بەڵام نەیدەزانی کوێی بە شوێندا بگەڕێت و لە کوێ و لە کێ هەواڵی بپرسێت. ئەو شەڕوشۆڕ و ڕوودواوانەی ئەمڕۆ بە چاوەکانی خۆی بینیبوونی نوقڵانەی زۆر خراپی سەبارەت بە ئازاد بە گوێیدا دەچرپاند.

نەیدەوێرا لە ئەو شوێنەی خۆی دوور بکەوێتەوە نەک ئازاد لە پڕ پەیدا ببێت و بگاتە جێ.

سەرما و برسیەتیی و وزەداچۆڕاویی تەنگیان پێ هەڵ چنیبوو و تووانای بیرکردنەوەیان دادەچۆڕاند.

تاریکیی و باران و هەورەگرمەی یەک لە دووای یەک بە تەواویی هیوایان لە بەر دەبڕی.

تۆ بڵێی ئازاد شتێکی بە سەر هاتبێت؟

تۆ بڵێی ئە شوێنەی لێ تێک چووبێت و نەیدۆزیبێتەوە؟

لە ئەو کاتەدا دەنگی ژنێک کە بانگی لێ دەکرد، ڕای چڵەکاند.

ژنەکە گەورەسااڵ دیارێکی عەبا بەسەری تەڕ بوو. بە دەم زەردەخەنەیەکی کورتەوە، کە هەر هێمایەکی خێرا بێت بۆ دۆستایەتیی و نیازباشیی، پێی گوت کە گوێی لە سکاڵای بووە و دەیەوێت یارمەتیی بدات.

فریشتە نەیدەزانی بڵێ چی و چۆن وەاڵم بداتەوە. باشە ئەم چۆن یارمەتیی بدات؟ کێ دەیتووانی یارمەتی کێ بدات؟

- من لە ئەم شتانەم زۆر بە سەر هاتووە، گوێ مەدەرێ و بیری لێ مەکەرەوە.
- .....
- ئێستا مێردەکەم یەت، جانتایەکی گەورەمان پێیە. ئەتووانم جلی وشکت بەمێ.
- نا، نا. سوپاس. جلم زۆر پێیە، منیش چاوەڕێی مێردەکەم ئەکەم

بە مەزەنەی ئەقڵی فریشتە ژنەکە تەمەنی ئاوا لە سیوپێنج تێ نەدەپەڕی. عەبایەکی ئاودامانی لەبەردا بوو کە لە خوارەوە نیشتبووە سەر زەویەکە و بە تەڕی بە دووای ژنەدا

دەخشا. ژنەکە لە ژێرچەنەی خۆیەوە توند عەباکەیی بە دەستی چەپی گرتبوو و دەستی ڕاستیشی لەگەڵ قسەکردنەکەیدا دەبزووواند.

فریشتە لە بەر خاتری خێرخواییەکەی، هاتە قسە.

- باران و سەرما ناخۆشیان کردووە، دەنا ئێجگار وا نە دەبوو ...

- ڕاست ئەکەی. دووا جار کە ئێمە لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە هەڵهاتین تووشی سەرما و باران بووین. شارێکی مردوومان لە دوواوەی خۆمان بەجێ هێشتبوو. سەرمان وەک لەشمان سڕ بوو و لە هیچ حاڵێی نەئەبووین. نزیکەی پانزە کەس بووین. پیرەمێرد و پیرەژن و منداڵ و گەنج، ئێمەش سێ کچی عازەب بووین .... لە ڕێگا هەر وەک ئێستا، نەوەڵا وەک ئێستای چی، ئەو کاتە ئێجگار وا نەبوو، پانزە کەس لە کوێ و وڵاتێک لە کوێ. لە ڕوومان نە ئەهات ڕاوەستین و بڵێین میزمان یەت یان ئەمانەوێ ئەوەی ناو ڕێخۆڵەکانمان دانێین. لە ناو خۆمانا هەر چرپەمان بوو. یەک کەس لێی نەئەپرسین بۆ میزێک، گوێەک یان پشوویەک. پیاوەکان بە دەم ڕۆیشتنەوە هەر تۆزێ لە دووری خۆمانەوە میزی خۆیان ئەکرد. ناوگەڵمان ئەچووزایەوە و لە بەر خۆمانەوە بە دەم ئازاری چووزاندنەوەوە پێکەنینمان ئەها و ئەوانیش هەر پەلەیان لێ ئەکردین. زوڵێ چرپاندی بە گوێما، کچێ گوم یە، خەریکم ئەمرم. منیش پێم وت کچێ ئەبێ خۆت ڕابگری. دووای کەمێک دووبارە و سێبارەی کردەوە. لێی ماندوو بووین و پێمان وت ئێمە چەند جار بە ڕۆیشتنەوە میزمان بە خۆمانا کردووە. توخوا حەیامان مەبە و هەر چۆنیە بووە ئەمیشی بخەرە سەر. ئیتر هەر بە دەم ڕێگاوە بێ ئەوەی بهێڵین لە کاروانەکە دووا بکەوین خۆمان تۆزێ ماتڵ کرد ....

فریشتە بە بیستنی ئەمە واقی ورِ ما. ئەو ژنە چەند ڕاستگۆ بوو!

دوێنێ کاتێک کە خۆی بە دەم هەنسکی گریانەوە گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد بە نیوەئاگا ئاگادار بوو ناوگەڵی خۆی تەڕ کرد. هەمووی لە ناوەوە بە پانتۆڵەکەدا چووە خوار. لە سەرەتادا گەرم و خۆش بوو، بەڵام لەگەڵ سەرماکەدا ساردتری کرد و دەشچووزایەوە.

ئەم نەک هەر باسی نەکرد، بەڵکو لە بیری خۆیشی بردەوە و نەیدەویست بیری لێ بکاتەوە. چۆن بە خۆم بڵێم میزم بە خۆمدا کردووە؟ چەند شەرمە؟ ئێستا ئەم ژنەی زۆر بە جەرگ دەهاتە بەر چاو. حەزی دەکرد ئافەرینی لێ بکات، بە ڕاستیی ئافەرین.

بە قسەکردنی ژنەکەدا دیار بوو کە دەیزانی فریشتەش بە ڕێگاوە میزی بە خۆیدا کردووە، بەڵام هەر زۆر بە گشتیی قسەی دەکرد.

فریشتە سەری لە قسەکانی ئەو ژنە سووڕمابوو. دەیزانی زۆرزانە.

- نا، مێردەکەم لە سەرم ڕائەوەستێ. خۆی لە ناو ئەو پانزە کەسەیا بوو کە بۆم باس کردی. خزمی یەکین. لە هەموومان من و تالە و مامێکم ساخ دەرچووین، توخوا مامم هەر فێی لێ یەت. تالە خۆشی ئەوێم.

ئینجا بە دەم زەردەخەنەیەکی پڕ تاسەوە کەمێک سەری لە فریشتە هێنایە پێشێ:

- کچێ ئەوەنەم بۆ گێڕاوەتەوە لە ناو خەڵکەکەشا بیکەم گوێی نایاتێ. تالە پێم ئەڵێ لە ئەوەتەی وەزعی ئەو گازەکیمیاویەم بینیووە شێت بووم، قسە زۆر ئەکەم. منیش گوێێ نایەمێ، قسەی خۆم هەر ئەکەم. چیمان لە کیس ئەچێ، بە خوا ژن نەبێ سەگ بە گووەوە پیاو ئەبا.

- - تۆ کچێکی ...

- کچی چی، ڕۆڵە پیر بووم، تەمەنم وا بیستوپێنج ساڵە.... ئا ببووڕە، ئەوە تالەیە لە ئەو بەرەوە چاوم بۆ ئەگێڕێ. بە ڕاستیی هیچت ناوێ؟

یەک دوو هەنگاو دوور کەوتبووەوە و لە سەر لا دەیڕووانیە فریشتە.

فریشتەش هەروەک نەیەوێت بڕووات و خۆشیی لە قسەکانی هاتبێت هیچی وای بە سەر دەمدا نەدەهات لە قسە بچێت:

- نا، نا، سو ... پا...س. ئا....گا...تان لە خۆتان بێت.

بە ڕۆیشتنی ئەو فریشتە هێندەی تر هەستی بە تەنیایی دەکرد. پاڵی دابوو بە دیوارە تەرەکەوە و سەری بۆ ئاسمان بەرز کردبووەوە و بارانەکە ڕێک بە سەر دەموچاویدا دەباری. لە ئاشکرابێژیی ئەو کچە سەری سوورمابوو، بیستوپێنج ساڵ، بیست و ...

نەیدەتووانی لە ئەوە زیاتر چاوەڕێ بکات. تا دەهات تاریکتری دەکرد و ساردتر دەبوو. هەندێک خەڵک بە دەم خۆگووشین و نەوینەوە دەڕۆیشتن و ئاوەڕیان لە کۆرپەی ساوای خۆیشیان نەدەدایەوە.

بە دەم پرس و گومان و دوودڵییەوە وردەوردە هاتە ئەملاوە و کونەکەی بەجێهێشت. بە چەند هەنگاوێکی کورت زیاتر لە جادەکە نزیک بووەوە. خەڵک و تراکتۆر و عەرەبانە و ئوتومبێل، زۆر و کەم، هەر دەهاتن و لە چاو ون دەبوون. هەندێک جار کاروانەکە بە تەواوی تەنک دەبوو، بەڵام هەر لە ڕەوت نەدەکەوت و هەر بەردەوام بوو. جارجار خەڵکان لە یەکتریان دەڕووانی، بەڵام هەر ڕووانینێکی سەرپێی بوو، بەس. ڕەنگە لە ئەو چاوفڕێدان و ڕووانینە سەرپێییەشدا هیچیان نەبینیبێت و هەر بە مەبەست ڕووانیبێتیان. کەس یارمەتی کەسی نەدەدا، کەس بە تەن کەسەوە نەدەهات، هەر یەکە و مەژغوڵی کاروبار و ژیانی خۆی بوو.

چەند هەنگاوێکی کەم لە جادەکەوە ڕاوەستا. لە پەلوپۆ کەوتبوو. ئێستا نا ئێستا دەکەوت بە زەویدا. پرسیارەکانی سەری کەوتبوونەوە پێچ خواردن و خۆبادان و وڕک. ترس بە تەواوی سەری جیهانی لێ هێنابووەوە یەک. دڵی پڕ بوو لە گریان و لە بەر خۆیەوە دەستی کرد بە لاواندنەوەی خۆی. پڕ بە دڵ پێی خۆش بوو بگەڕێتەوە، بەڵام نەیدەوێرا بە تەنیا بڕووات. زۆر لە ئەوەش دەترسا ڕێگا ون بکات. لە ئەوەش زیاتر دەترسا لە گەڕانەوەدا دەست دوژمن بکەوێت.

پرمەی گریان و لاواندنەوەیەکی نۆرەبڕییان لە یەک دەکرد.

بە ئاستەم گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگەکە تێکەڵ بە خوڕەی بارانەکە دەبوو. ئەم هەر خۆی دەلاواندەوە. چاوە ماندووە پڕ فرمێسکەکانی هەڵبڕی ... بەفراو بوو .... بەفراو!

وەک چرای ماڵە هەژارێک لە ناو دونیای تەم و مژوو و تاریکییدا کز دەسووتا. بە هێمنیی دەهاتە پێش و بە ڕووخسارێکی گەرمی شیرینەوە هەگاوی بەرەو ڕووی ئەم دەنا. لە بەردەمیدا ڕاوەستا و لە باوەشی خۆی نا و بە کاوەخۆ ڕای دەژەند. ئەمیش لە باوەشیدا هەستی دەکرد تەزوویەکی گەرمیی دەڕژێتە ناو دەمارەکانی و بە سەرتاپایدا وردورد دەگەڕێت.

چەند خۆشییەکی خودایی بوو!

وەک ئەوەی لە سەر ترۆپکی چیایەکی هەزار بە هەزارەوە بدوێت، وشەکانی بەفراو لە هەر چوار لاوە دەنگیان دەدایەوە:

- مەهێڵە سەرما و تاریکیی و تەنیایی بتترسێنێت!
- من؟!
- ئا، تۆ!

ئەگەرچی تەمەکە لە سەر چاوی دەڕەوییەوە هێشتا دەنگی بەفراو هەر بڵند بوو، بەڵام سیمای کاڵتر و کاڵتر دەبووەوە و تێکەڵ بە تەمە تەنکەکە دەبوو.

ئەمیش بە پەلە چاوەکانی بە ئەملا و ئەولادا دەگێڕا و دەیویست بە چاوەکانی سیما شی بووەکە کۆبکاتەوە و بیکاتەوە بە بەفراو، بەڵام زیاتر و زیاتر لەبەر چاوی دیار نەدەما.

دەنگی هۆڕنێک ڕای چڵەکاند و وەک شێت ئاوەڕی دایەوە.

قەمەرەیەک هاتبووە نزیکی و ڕاوەستا بوو. دەرگای دوواوەی قەمەرەکە کرایەوە و ناسکۆڵ سەری هێنایە دەرەوە:

- کچی خوا ئەوە لێرە چی دەکەی؟ ئەوە سێیەم هۆڕن بوو، لە ئەوە دەچێت دەستیان لێ وەشاندبیت، هەر خۆتی؟ ئەی ئازاد؟

فریشتە پاش چەند هەناسەیەک ناسکۆڵی ناسیەوە و دایە پڕمەی گریان و بە دەم گریانەوە پرسی:

- ئئئەوە چۆۆن منتان بیینی؟

وشەکان بە هەنسک و قوڵپی گریان گوشراو و خورابون و ئاسان نەدەهاتنە گوێ.

- بۆ ناسیاو و خزم دەگەڕاین، کەسی ترت لەگەڵ نییە؟

- نا.

فریشتە چووە نێوان ناسکۆڵ و کچێکی دووانزەساڵەی خەواڵووەوە کە ئەمە دووەم جار بوو بیبینێت. کورێکی هەشت ساڵەش لە لای کچەکەوە بە تەنیشت دەرگاکەوە پاڵی لێ دابووەوە. دەرگا داخرا و چەند جارێک بە هەموو لایەک خۆی بزووواند و خۆی هێنا و برد. فریشتە کە بە ئەو دیدارە کتوپڕە سەرسام بوو گریان و پێکەنینی تێکەڵ بە یەک کردبوو.

ناسکۆڵ بە ئەسپایی، بەڵام تۆزێک بە پەلە، دەرگاکەی داخست و دەنگێکی کپی قووڵ، لە ناوەوەدا دەنگی دایەوە. ئینجا بە دەستی چەپی فریشتەی لە ئامێز گرت و بە خۆیەوەی نووساند. هەستی شەرم، تووڕەیی، پەستیی، وێژدان ڕووشاویی و دڵشکاویی لە هەموو لایەکەوە تاویان بۆ فریشتە هێنابوو و لە مەنگەنەی یاسای سروشتی بچووک هەڵلووشینی دونیای جەنگەڵدا، هەموو ئێسکێکی ورد و درشتی دەهارا و دەمارەکانی وەک گوریسی شەتەک دان، ڕادەکێشران.

بێ هووچان بە بێدەنگیی دەگریا. گریانێکی قووڵ. نەیدەزانی کە سەرتاپای لەشی ئاوی لێ دەچۆڕێت. لە ئامێزی ناسکۆڵدا چاوە تەڕەکانی لێک نا.

نەیدەزانی چەند ڕۆیشتوون، نەیدەزانی سووک یان خێرا ڕۆیشتوون، نەیدەزانی ڕووەو کوێ کەوتوونەتە ڕێ و بە کوێ دەگەن. تا بڵێی بێ وزە و گیان گوشراو و داچۆڕاو. جلکوبەرگی بەری کە تا ئەو کاتەش هەر زۆر دوور بوون لە وشەی وشکێتیەوە، ئاویان لێ دەچۆڕا. چەند بە خۆیدا دەشکایەوە و شەرمی دەکرد!

وردەوردە هەستی بە هەوایەکی مەیلە و گەرمی شێدار دەکرد کە بە تامەزرۆوە ئارەزووی دەکرد گەرمتر و خێراتریش بووایە. بە پەلە خۆیی لە لاباوەشەکەی ناسکۆڵدا ڕاچڵەکاند و دڕی بە خۆی دا بۆ ئەولاتر، هەرچەندە ناسکۆڵ لێی پاڕایەوە و داوای لێ کرد، گوێی لێ نەگرت.

جارجار تەزوویەکی ساردی ناخۆشی بەخێرنەهێنراو، وەک ماسی، بە خزانێکی خێرای مارمێلکەییەوە لە سەر پێستی لەشی دەکشا و موچڕکێکی ناحەزی پیادا دەهێنا و هێندەی تر بیری سەرما و شەرم و دڵتەزاندنەکەی دەخستەوە، ناخی پڕ دەکردەوە لە گڕکانێک لە قوڵپی گریان کە هەر زوو ڕووخساری دەگۆڕی،

پاش کەمێک ئەمیش وەک ئەوان لە دەرەوەی دەڕووانی. فلچەی جامی پێشەوەی ئوتومبێلەکە بە خێراییەکی سەیر دەهاتن و دەچوون و چۆڕاوگەی خشاوی سەر جامەکەیان لا دەدا و پاڵ پێوە دەنا کە هەر لە ئەوە دەچوون زمانزانێک بن و بە دوو باڵی ماندووەوە پێشبڕکێ لەگەڵ باراناو و بارانەکەدا بکەن.

بارانەکەش هەر وەک جاران و بگرە کەمێک خەستریش دەباری و بایەکەش ڕێک دەیکرد بە پێشی ئوتومبێلەکەدا و بەرچاوی لێڵتر دەکردن. لە ناوەوە دەنگ و خوڕە و وڕە نەبوو، بە ئاستەم دەبیسترا.

کەس ورتەی لێوە نەدەهات و کەسی تری نەدەدووان. کاروانی حەشاماتەکە بە درێژایی و ئەملاوئەولای ڕێگاکە ڕێچکەیان بەستبوو. باران بە سەریاندا دەباری و ئاو لە سەرتاپای بدەنیان دا دەچۆڕا.

دڵ بۆ کەس نەدەسووتا و لە ئەوە دەچوو مرۆڤ لە گێڕانەوەی کۆنەداستانێکی سەد جار بیستراوەدا ئەو دیمەنە ببنیبێت، کە سوور بزانرێت چیرۆکێکە و پاڵەوانەکانی هەرچەندە لە ئازار و چەرمەسەریی و ناخۆشییدا بژین، هەرگیز ئازار کاریان لێ ناکات و ناشمرن.

ئوتومبێلی بە باران شۆردراوە یەک لە دووای یەک پیرەژن و پیرەپیاوی چەقیو و لە قوڕدا گیرخواردوویان جێدەهێشت، بە لای منداڵ و ژنانی پێخاوسدا دەڕۆیشتن و تەنانەت نەشیان دەکردن بە جێگای سەرنجێکی پەلە.

کوڕی گەنجی تازەپێگەیشتووی خاوەن هەستی شانازیی دەبینران کە منداڵ و دووانیان لە کۆڵ نابوو، بە هەنگاوی پڕ لە خۆدڵنیایی و سەرکێشییەوە بۆ پێشەوە سینگیان دەکوتا و ڕوویان لە ئاسۆی دوور کرد بوو، هەروەک بەڵێنی هەرگیز نەبەزین بە دڕندەترین و گۆشتخۆرترین خوداوەند بدەن.

منداڵانی ورد وەکو شەقشەقە دەلەرزین و ڕووخساری ژنان هەر لە ئەو بتانەی دەکرد کە سەریان لەبەر ئەوە پەرێندرابوو نانەکانی بەردەمیانیان نەدەخوارد.

نە سەرەکاروانی ئوتومبێلەکان لە چاوەوە دیار بوون و نە بنەکاروانەکەی.

هەموو هێواش و بە پێچ پێچ و لار لێخورین دەڕۆیشتن و جارجار بۆشاییەک دەکەوتە بەینیانەوە و کەمێک پێ لە بەنزین دا دەگیرا. جارجاریش بە سەر یەکدا کەڵەکە دەبوون و جگەرەکێشانێک و دووان و دە و تەنانەت زۆر زیاتریش هەر وەک خۆیان دەمانەوە.

تا ئێستایش نەیدەزانی لە کوێن، دووبارە نەشیدەزانی تا کوێ دەڕۆن و نەشیدەخواست بپرسێت و بەلاشیەوە گرینگ نەبوو.

بە لای چییەوە گرینگ بێت؟

جامی ئەملاوئەولای ئوتومبێلەکە لە دیوی دەرەوە یەک پارچە دڵۆپە ئاو و تەزوولەئاوی داچۆڕاو بوون.

لە ناویشەوە قەتماخەیەک هەڵمی هەناسەدانەوە گرتبوونی کە جاوبار ناسکۆڵ و کوڕە هەشت ساڵان دیارەکە هەر یەکە و لە لای خۆیانەوە، بێ ئەوەی مەبەستێکی تایبەتیان هەبێت، دەستێکیان پیا دەهێنا و بە ئەو شێوەیە بۆ ماوەیەک لە ئەم دیوەوە پاکتر دەینووان.

فریشتە بە بیری هاتەوە، ئەو کچەی دەستی چەپی ناوی لۆرکێ بوو و برازای ناسکۆڵ بوو. دایکی کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو، سێ ساڵێک لە ئەوەبەر، لە هەرە کۆتایی جەنگی عێراق و ئێراندا، بە تۆپی وێڵ کە بەر قوتابخانەکەیان کەوتبوو، خۆی و دوو قوتابی، گیانیان دەرچوو. ناوی کوڕە بچووکەکەی تا ئەو کاتەش نەدەزانی. لە پێشیشەوە، شۆفێرەکە باوکیان بوو، فەرهاد.

کاک فەرهاد، پیاوێکی لەسەرخۆی بێدەنگی کەمێک ڕیچن بوو، لە تەمەنی خۆی زۆر پیرتر دیار بوو. ئەوەی تەنیشتیشی پیرەژنێکی پوختەی سەربڕۆش سپی بوو، دەم بە سکاڵای نزاکار بوو کە خەسووی فەرهاد بوو و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا دەژیا.

پیرەژن هەر لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد و دەپاڕایەوە و نزای شەڕی لە سەددام حسێن و ئەم و ئەو دەکرد.

ئوتومبێل دەڕۆیشت و باران دەباری و خەڵک دەجمین و هەمووش بێ دەنگ.

بێدەنگیی، جووجەڵەی کەم هێزی لاوازی ڕووتەڵە دەهێنێتە هەڵەکەسەما و هێلکەی پێ دەشکێنێت. جیهانی ئەمانیش هێلکەیەکی ناو لینج و لیخن و تەڕ و شێداری لیکن بوو.

بۆگەناوێکی کوسکووڵی بەڵخگرتوو چرکە دووای چرکە دەیخنکاند و تا ڕادەی مەرگێکی دڵنیایا، بەڵام کاوەخۆ و بە پشوو، لە سەر لێواری نەژی و نەمرە دەیبردن و دەیهێنان.

ئەمانیش زۆر دەیانویست لە تووانایاندا بووایە بیشکێنن و سەری گێژ و شێواوی سەفەری دووریەتیان لە دەلاقەیەکی تروکێندراوەوە بهێننە دەرێ.، کەمێک بای ساف و فێنکیان لێ بدات و ئەگەر زۆر لە دووریشەوە بێت، یەک دوو تاڵ لە پرچی خۆرێکی گەش و زەرد بە دی بکەن و سوێندی پێ بخۆن. هێلکەپیسبووەکەی جیهانی ئەمان هێندە مەزن بوو وا بە ئاسانیی، بە ئەو جۆرە هەنگاو و ڕەوتە سەربڕیانەی ئەمان، نەدەشکێندرا. دیوارەکانیشی بە مەزەنەی ئەقڵی ئەو کاتەیان هەر دەتگوت زیندانە پۆڵاینەکەی ئەسکەندەری مەزنە کە دەڵێن ئەجوزومەجوزی تیادا بەند کردووە. لە ئەوەی نەدەکرد بە مستی تووڕەیی ئەمان بشکێندرێت. ئەو دیوارە پیک و بازووی تایبەتیی لە عەوەی دەهات. پیک و

بازووی لە ئەو چەشنەش، پێش هەموو شتێک، نابێت بە دیلی چوار دیواری لە هەموو لایەکەوە گومەزی هێلکەیی نیوەپیس بوو.

لە ئەم سەفەرەدا هەموو سکێکی خێر نەزۆک بوو.

نائومێدیی و ڕەشبینییەک لە دایک دەبوون کە زۆر لە زەردەمارێکی دەمێک نەگەزیو بێ ئامانتر بوون. نێچیرەکەیان لە پەلوپۆ دەخست و سەد ئیزرائیلیان دەکرد بە میوانی. تۆپەڵە ئازار دەبوون بە موور و تەسبیحێکیان لە ترس و گومان و نائارامیی دەهۆنییەوە.

هەر ڕایان دەکرد و هەر دەعبا بە دووایانەوە بوو.

هەر ڕایان دەکرد و لە شوێنی خۆیاندا بوون و دەعبا تۆزێکی دەما پشتی ملیان بگرێت و یخیان بدات.

ئەمە خەون نەبوو، ژیانی ڕاستەقینە بوو. ئەو ژیانە بوو کە تیایدا بە ڕاستیی خوێن دەپژێت. ... بەڵام لە فۆرمی زریانەخەونێکی بێکۆتایی تێسرێوێنەردا.

ڕاکردن لە دەعبا، ڕاکردن لە تۆپەڵە ئازار!

ڕاکردن هەر ڕاکردن هەر ڕاکردن ... دەعباش هەر واز نەهێنان و چاوسووریی و خۆگیفکردنەوە. ...

ڕاکردن تا هەرە لێواری کێوە بەرزەکە ...

ڕاکردن تا هەرە هەرە هەرە لێوارەکەی ...

ڕاکردن تا ڕۆینی یەکەم هەنگاو و خزان بەرەو نشێوی بێکۆتایی بێ بن ...

ڕاکردن تا بەربوونەوە .... بەربوونەوە ... بەربوونەوە!

- خۆ خوا هەموو کەسێک ناکا بە کەرەکەی حاجی وەسمان.

موچوورکێکی ساردی ناحەز فریشتەی لە شوێنی خۆیدا بۆ یەک دوو هەناسە لەرانەوە و هێنایەوە بۆ ژیانی ناو جلکوبەرگی تەڕ.

لە زۆر شوێندا مرۆڤ پیادە لە ئوتومبێلەکان خێراتر دەڕۆیشتن. هەندێک مرۆڤ هێندە گوێیان بە مین و ڕێ ونکردن و ڕووداوی کتوپڕ و ئەو جۆرە شتانە نە دەدا. لە بەر ئەوە دەیانتووانی قەدبڕ بڕۆن و هەرچی کۆنەڕێ و بزنەڕێیە تاقی بکەنەوە. ئوتومبێل ئەمەی پێ نەدەکرا و کەمێک لە سەر ڕێگا قیرەکە دەرچووایە تایەکانی دەچەقین و ڕێگار نەدەکرا.

فریشتە هەرچەندە تێدەکۆشا و بیری دەکردەوە یەک شتی سەبارەت بە ئەو ڕێگایە، نزیکیی و دووریی و ناوی گوند و شارۆچکە و ناوچە، نەدەزانی. لە دڵی خۆیدا بە تەواوی شەرمی دەکرد و خۆیشێ نەیدەزانی چۆن و بۆچی. هۆیەکانی بە زۆر شتی جیاوازەوە دەبەستەوە و زۆر لقوپۆپیان لێ دەبووەوە. نە کاتی ئەوە هەبوو شەڕ بە خۆی بفرۆشێت و نە سوودێکیشی لە کارێکی وا دەبینی.

- ئەرێ ئەی هاوار، ئێمە تا کەی بەڕێوە بین؟

ناسکۆڵ ئەمەی بە شێوەیەک گوت کە بە ئاشکرا دیار بوو مەبەستی ئەوە نەبوو، بەڵکو لە هەموو شتێک زیاتر دەیویست تۆزێک بکەوێتە قسە و ئەو سەهۆڵبەندانی بێدەنگییە بشکێن.

لە ئەوە نەدەچوو فەرهادی براگەورەی باش لە مەبەستی قسەکەی گەیشتبێت، چونکە کەمێک خۆیی لە سەر کوشنەکە بە ئەملا و ئەولادا بزووانـد و پاڵێکی سووکی دایەوە و لە ئاوێنە قایمکراوەکەی سەرجامەکەوە تێی ڕووانین و بە وەڵامی پرسیارەکەی ناسکۆڵ دەستی کرد بە قسە.

- هێشتا زۆر زۆرمان ماوە. ئێمە بیست دەقیقە ڕێگای ئوتومبێلمان بە پێنج سەعات بڕی. سەعاتونیوێک زیاترە عەربەتمان جێهێشتووە، تازە لێرەیاین. خوا بکا تا نیوەشەو بگەینە کانیپانکە، باشە. وا تازە ئەبێ بە هەشت. جادەکانیش هێندە خراپن هەر بە کەڵکی ئوتومبێلی سەربازی و تانک و زرێپۆش دێن.

بە ئاستەم سەری هەڵبڕی و دووبارە لە ئاوێنەکەوە ڕووانیە دوواوە و بەردەوام بوو:

- باوەڕ ناکەم بشتووانین لە هیچ شوێنێک لا بەین، ئەم بارانە ئاوا ببارێ و ئەم کاروانە ئاوا بجمێ بە تەمای پشوو مەبن.

پوورەئەڵماسی خەسووی فەرهاد دەستی کردەوە بە نزا:

- ئۆی خوایە تۆ لە کوێی؟ پێم نالێی لە کوێی؟ ... کەی؟ ... کەی؟ ... کەی بە هاوارمانەوە یەی؟ بۆ ئەو کابرایە نامرێنی؟ ئۆی ئۆی ئۆی.

فریشتە لە ئەو ماوەیەدا ئەوەندە لە پوورەئەڵماس تێ گەیبوو کە پێش هەموو نزایەک بە ماوەیەکی کورت دەست بە خۆڕاژاندن دەکات و چەند جارێک لە سەر یەک پێڵووی چاوی ڕاستی، زۆر خۆڕسکیانە دەست بە فڕین دەکات و پاش ئەوە دەست بە نزاکردن دەکات.

هەموو جارێکیش بە ئۆی ئۆی کۆتایی پێ دەهێنێت.

سەرباقیی ئەو هەموو تەڕبوون و سەرما و خەفەتخواردن و ئازارە هێشتا پێکەنینی بە پوورەئەڵماس دەهات و نەیدەتووانی گەرمایی خرۆشی پێکەنینەکە لە سەر ڕووخساری خۆی بشارێتەوە. ناسکۆڵیش زەردەخەنەیەکی هاندان لە سەر دەم و لێوی پەخش بوو،

یەک دوو برۆی بە هێمنیی لە فریشتە هەڵتەکاند، وەک پێی بڵێت: گوێ بگرە و پێ بکەنە!

فریشتە کە دەمێک بوو هیچی نەگوتبوو بە ئەسپایی هەروەک لە بەر خۆیەوە بدوێت، بەڵام بە دەنگێکی هاندان و بە قسەهێنان کە ڕووی لە پوورەئەڵماس کردبوو، گوتی:

- کورە کێ دەڵێت هەر لە مردنیش دێت؟

هێشتا هەڵاوی قسەکانی فریشتە لە ناو ئوتومبێلەکەدا شەپۆلی دەدا کە پوورەئەڵماس دەستی کرد بە خۆڕاژاندن و پێڵووی چاوی دەستی بە فڕی کرد. ئینجا خۆی خستە سەر لا و کەمێک لای کردەوە بە لای فریشتەدا:

- کچە جوانەکەم، بە ئەو گۆڕەی ئەو جوانەمەرگەی تێ چووە، چواردە ساڵ لە ئەمەوبەر بوو، ئەها وا ئەزانم دوێنێیە کە کوڕەکەی حەپسێی دراوسێمان، دایکی بمرێ وا زوو بە خۆڕایی جوانەمەرگ بوو، بە دزیەوە هاتبووە بۆ ماڵێ و باسی ڕووخاندنی ئەم جەرگ بە ئاوبووەی ئەکرد. ئەوی لە ئەوێ بوو هەر یەکەی شتێکی ئەوت. من وتم کوڕم، دەرودراوسێ لە ئەم بەدفەڕە ڕازین. ئەوی دەرودراوسێ لێی ڕازی بێ خوا نایکوژێ. سەیرەکەم کوڕە چڵمنەکەی میمکە هەرمێ دەمی بەرامبەرم پان کردەوە: "نەنە بە خوا سەر بەرەوخوار قڵپی ئەکەنەوە".

منیش هێشتا سەروچاوی منانّییم ئەبینی و بیری سەر قۆڵی مراخانیەکەیم ئەکەوتەوە کە دایم چڵمەوشکەوەبووەکەی ئەبریسکایەوە، پێکەنینم بە بەختڕەشیەکەی خۆمان ئەهاو. وتم کوڕەکەم، تۆ ئەم قسەیەت لە کوێوە هێناوە؟ وتی نەنە چی لە کوێوەم هێناوە، بە هەموو سەرکردایەتیەکان بڕیاری ڕووخاندنیان یاوە. وتم کوڕم، کاتی بووکێنیەکەم بارامی مێردم بردمی بۆ بەغا. کابرای خاوەن قەمەرە پێی لێ داگرتبوو و هەر ئەوەندە مابوو ئەو قەمەرەیە باڵ بگرێ ئینجا بە هەشت سەعات گەیشتینە بەغا. بەغاش چی، ئەتوت دەریایە! ئەم هەموو بینا و پرد و مرد و پۆلیس و سەرباز و تفەنگە. پێم وت، کوڕم بەغا

دووەم، ئێوە بە چی ئەو پیاوە ئەڕووخێنن؟ هیچ نەبێ داوا بکەن کابرا ئەم کەلاوەیەی ئێمە بەجێبێڵێ و وازمان لێ بێنێ، ئێمە ماڵی خۆمان و ئەوانیش ماڵی خۆیان، ئێ بەشکم خوا هەر جەزای ئێمەی لێ بسەنێ!

پوورەئەڵماس هەروەک لە پڕ شتێکی بە بیر هاتبێتەوە چاوەکانی تۆزێک زیاتر کرانەوە و پەنجەی دۆشاومژەی خستە ژێر لاچەنەی، کەمێک ڕاما و دەستی پێ کردەوە:

- کەچی باوانێکتە هەروەک گاڵتە پێ بکەن پێیان ئەوتم قەومی. ئێستایش نازانم قەومی یانی چی. ئەزانم ئەڵێن قەومیەکانی عەرەب خراپ بوون، نازانم، قەومیەکانی کورد باشن یان نا؟

- مەبەستیان ئەوەبووە تۆ کوردت خۆش دەوێت.

- ئینجا کچم بۆ خۆشم ناوێ؟ ئەی منیش کورد نییم؟

وەستانی ئوتومبێلەکە شیرازەی قسەکانی پچڕاند.

فڵچەکانی سەر جامەکە هەر بە خێرایی دەهاتن و دەچوون. لە ئەوە دەچوو بارانەکە بە تەواوی بڕیاری خۆیی دابێت و هەورێکی ڕەش و پێداگر بۆی بووبوو بە بەڵێن و لە ئەوەی نەدەکرد هێز هەبێت لێی بترسێت. کاروانی خەڵک نە بنی هەبوو و نە کۆتایی و ئەو ناوە یەک پارچە حەشامات بوو. پوورەئەڵماس کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا. دیار بوو حەزی قسەکردنی نەبوو.

ناسکۆڵیش زووزوو سیخورمەیەکی هاندانی لە فریشتە دەگرت کە زیاتر پوورەئەڵماس بدوێنێت و بیهێنێتە قسە، بەڵام فریشتەی ماندوو کە تەنانەت حەزی بۆ خۆڵارکردنەوەش نەبوو و هەر بە لاچاو دەیڕووانیە ناسکۆڵ، نەیدەزانی چی بڵێت. هەرچۆنییەک بێت کەوتە قسە:

- ئینجا پوورەئەڵماس، کێ دەڵێت تۆیان هەر بە کورد داناوە؟

پوورەئەڵماسیش ماوەیەکی کورت دەستی کرد بە خۆڕاژەنین و دەمی کردەوە:

- ئەیەڕۆ ڕۆژە، جا بۆ بە کوردم دانانێن؟ من لە هەموو ژیانما دوو جار چووم بۆ بەغا، جارێک کاتی دووا بووکێنەکەم بوو و جارەکەی تریش، ئەویش بە هەزار شەڕەشەق، بۆ خزمەتی گەیلانی کە ئەڵێن کوردە و لەنگەری بەغای ڕاگرتووە، خۆ بە خوا ڕۆژە کەس بە قەر ئەمان سەری بە بەغایا نەکردووە.

ناسکۆڵ لە ژێرەوە بە پێکەنین کۆڵابوو. توند دەستی خستبووە سەر ورگی خۆی تا پێکەنینێکی بێ بیانووی ناوەخت تووشی گێرمەیەکی نەکات. هەرچۆنیەک بێت لە ژێر لێوەوە وەک بێدەربەستانە و بێمەبەست بێت، گوتی:

- نا، وا بزانم سێ جار چووین.

- کچم سێ جاری چی؟ بە خوا ئەم جارەیان تا کەرکووک چووین. ئەویش چووم بۆ سەر بابەگورگور، بە قوربانی بم. قسەکەی بڕی و ئاوەڕی بۆ دوواوە دایەوە و بە هەڵوێستەیەکەوە لە کوڕە هەشت ساڵان دیارەکەی ڕووانیی و گورج دەستی پێ کردەوە: چووم، ئەها لە ئەو بابەگورگورە پاڕامەوە تا ئەو بەرخۆلەیە بە ئەو دایکە کۆڵەی و ئا ئەم باوکە داماوەی بات.

ئەوەندەی گوت و پێچی کردەوە بۆ شوێنی خۆی:

- باشیش بوو چووم، نزاکانم گیرا بوون و کوردۆ لە دایک بوو. من هیچ نەبێت ئەوەم کرد. ئەی ئەوان چییان هێنایەوە.... ها؟ وەڵا ... ئێستاش وا بە حاجی بووش حاجی بووش مێشکیان بردووین. بە خوا دایکم، قەرزداری دونیا و قیامەت بم، حاجی بووش تڕێکیشیان بۆ ناکەنێ. خەڵک هەموو خەریکی وڵاتی خۆیانن. خۆ خوا هەموو کەس ناکا بە کەرەکەی حاجی وەسمان.

- - کەرەکەی حاجی وەسمان چییە، پوورەئەڵماس؟ ناسکۆڵ بە کونجکاویەوە، پرسی.

- کچە جوانەکەم، لە ژاڵە حاجی وەسمانێک هەبوو نانێکی پێ تەڕ نەئەکرا بۆ خۆی کەچی هەر خەریکی کاری خەڵک بوو. ئیتر کەرەکەشی ڕاهاتبوو، هەر

ڕۆژی لێ هەڵئەها و ئەچوو بۆ لای باری خەڵک و ڕائەوەستا بۆ ئەوەی خەڵک باری کەن.

کاک فەرهاد بە دەم پێکەنینێکی کورتخایانەوە سەری بادەدا و ناسکۆڵ و فریشتەش بینیان بە پێکەنین گرتبوو.

پوورەئەڵماس درێژەی بە قسەکانی خۆی نەدا و چاوی ڕاستی دەستی کردەوە بە فڕین.

ئوتومبێلەکان کەوتبوونەوە ڕێ. هێدی دەبزووان و لە مرۆڤی پیادە سووکتر دەڕۆیشتن.

ڕووداوەکانی چواردەوریان سەرنجیانی کێش دەکرد و لە ناو ئوتومبێلەکان ڕایدەکێشان بۆ دەرێ و تێکەڵ خەڵکەکەی دەکرد. ئەمانیش هەروەک ئەوان کوورِ بووبوونەوە و لە ژێر ئازاری بار و سەنگی خەمەکانیاندا ماسولکەکانیان تەپیبوونە سەر یەک.

منداڵان و بەساڵداچووان لە سەرخۆ و بە کۆمیی لە ژێر لێزمەبارانەکەدا دەیانکوتا و لە ئەوە نەدەچوو بڕی ئەو سەفەرە و ئەو گێژەڵووکەی خەمە بگرن. بە ڕوونیی دیار بوو کە بەرەو هەوارگەی مەرگی خۆیان بارگەیان تێک نابوو.

بێدەنگییەکە کاک فەرهادی هێنایە قسە. چۆنیەتی دەستپێکردنی هەر لە ئەوەی دەکرد لە سەر شانۆیەک ڕاوەستێنرابێت و لەلایەن چەند سەد هەزار کەسێکی بینەر و گوێگری تامەزرۆ و ئارەزوومەندەوە گوێی لێ ڕاگیرا بێت و دووای گێڕانەوەی لێ کرابێت. یەکەم جار ئەحێکی نەرمی بە گەرووی کرد، ئینجا کەمێک ئێخەی کراسەکەیی بزووواند و تۆزێک پاڵی لێ دایەوە و سەرێکی بە ئاستەم هەڵبڕی، بێ ئەوەی ئاوەڕ بۆ هیچ لایەک بداتەوە، نیگای یەکانگیری هەرە پێشەوەی ئوتومبێلەکە بووبوو:

- ماوەیەک پێش ئەوەی ئەو تۆپە بەر قوتابخانەکەیان بکەوێ و دایکیان بپێکێ، خولیایەکی سەیر سەرودڵی گرتبووم و لێم نەئەبووەوە. لە سەرەتایا وام هەست ئەکرد من ئەکوژرێم و ئیتر بۆ دووا جار کەس نابینمەوە. چەند دەمانچەیەکم بۆ برادەران پەیدا کردبوو. ئیتر هەر ئەوە بوو، بەس. شەوێک نەبوو، هەر لە ئەو کاتەوە چاوم ئەچووە خەو تا هەرە بەربەیانی، سەدان خەونی ناقۆڵای

دووروودرێژی پڕ ئازار و تاڵ و سوێر نەبینم. تا ئێستاش نەمتووانی خەونێکیان بگێڕمەوە. خەونی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆز و پڕ بێنە و بەرە. ناهەقیشم نەبوو. هەر کەسێ کارێکی لە ئەو بابەتەی بکردایە هەر ئەتوت حوکمەت لە غەیبەوە ئەزانێ. یەکسەر پشتی ملی خەڵکیان ئەگرت و ئەیانبرد بۆ کوێرەکون. تێنەئەگەیشتم حوکمەت لە کوێوە ئەیزانی. ماڕەکە لە ناو خۆمانا بوو. ئیتر پێم وابوو هەموومان ئەکوژن. زۆر جار بە ئەوەوە ڕانەئەوستام و پێم وابوو هەرچی بە خوێی چێشت بمانگاتێ لە بەر چاوی منا لەتوکوتی ئەکەن و بە قولاپێکەوە لە ناوەڕاستی شارا هەڵی ئەواسن. ئیتر کێچ کەوتبووە کەوڵم و هەر ئەوەنەم مابوو خۆم بە دەستەوە بەم.

بەیانیەکیان زۆرم بۆ هاتوو، هەر کەسێکی ماڵەوە قسەی بۆ بکردمایە لە ملّەملّ زیاتر هیچم نەئەبیست. ئەو بەیانیە کە قەت لە بیرم ناچی، جوانەمەرگ چەن جارێ قسەی بۆ کردم، دووایی دیار بوو هەر هەمان قسەی بۆ دووبارە ئەکردمەوە، بەڵام من گوێم لە وشەکانی نەبوو و لێی تێنەئەگەیشتم چی ئەڵێ. ئینجا هاتە تەنیشتمەوە و دەستی خستە سەر شانم و لێم ورد بووەوە. چەند شتکی تری وت کە دیسانەوە نەمئەزانی ئەڵێ چی. قوڕگم پڕ بووبوو لە گریان، دەمویست، پڕ بە دڵ دەمویست، دەست بکەم بە گریان و سەرم لە سەر شانی بحەسێنمەوە و تێر سکاڵای دەروونمی بۆ هەڵڕێژم ... کە چۆن بە کردەی بێ پلان هەموو خێزانەکەم خستووەتە بەلە ئەمێکی شکاوەوە و ڕەوانەی دەریالووشێکی بێکۆتاییم کردوون. نەم ئەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم، نەم ئەزانی ڕاستم یان هەڵە، نەم ئەزانی بیدرکێنم یان نا، نەم ئەزانی ئەترسم یان هەر شەرمەزارم. لە ڕاستیا هیچم نەئەزانی، هیچم نەئەزانی.

مێشکم ماندوو بوو، چیتر نەیئەتووانی خۆی بگرێت. هەر ئەوەندەی پێ ئکلرا خۆی لە ژێر شاڵاوی ئەو زریانەخەونە نەگریسانە دەرباز بکا و تەواو، بەڵام ئەو بەیانیە هەر لە خۆمەوە هەستێکی تریش سەروگوێلاکی داگرتبوومەوە، بە خۆمم وت "هەر لە دائیرەوە ئەڕۆم و هەموو شتێکیان پێ ئەڵێم ... بۆچی لێم

بپێچنەوە، بۆچی خۆم نەیڵێم ... بۆ بۆ خۆم هەموو شتێ نەدرکێنم؟ چیم لێ ئەکەن؟ تۆ بڵێی ئەمانیش بە هۆی منەوە نەکوژن؟".

وەڵامی هیچ پرسیارێکم لا نەبوو. کەسم شک نە ئەبرد کە هەمان شتی بە سەردا هاتبێ و سوود لە تاقیکردنەوەکەی وەربگرم، دەفتەرێکی یاسا و رێسا نەبوو تاوانی لە ئەو بابەتەی تیا بێ و سزاکەشی دیاری کرابێ ... هەر خۆم و خۆم بووم. دووایی تینم دایە بەر خۆم و بڕیارم یا هەر لە دائیرەوە بڕۆم و خۆم بە دەستەوە بەم، هەرچییەک ئەکەن، با بیکەن، قیروسیا، چی بکەم؟ خۆ هەر من کورد نییم، ئەمانیش کوردن، خۆ منیش بۆ خۆمم نەکردووە، چەندیان کوشت با بیکوژن.

ئەمەنەم لەبەر خۆمەوە وت و ڕۆیشتم. کاتێک کە دەڕۆیشتم جوانەمەرگی دایکیان چەن جارێ بانگی کردم ... دیار بوو بە تکا و داواوە بانگم ئەکا، بەڵام من ئاوەڕم نەدایەوە و گوێم لێ نەگرت. نەمزانی ئەیەوێ چی بڵێ و چی ئەوێ، نەمزانی ئەیەوێ باسی چی بکا، هەر گوێم نەگرت و تەواو.

ئەو بەیانییە، سەرباقی ئەو دەنگەتۆپانەی لە پڕ ئەگەیینە گوێم و هێندەی تر لە گرفتەکەی خۆم نزیکیان ئەکردمەوە. لە سەر کار سەرم ئاوسابوو، هەر کاخەزم ئەم دیواودیو ئەکرد. نووسینەکانی سەریانم نەئەبینی. هەر جەڕەسی تەلەفۆنەکە لێی ئەیا من یەک بست بەرز ئەبوومەوە و دڵەخورپە و چینێ ئارەقی ڕەشوشین بەدووایا ئەهاو. لە پەنجەرەکەوە پۆلیسێکم ببینیایە تا بەردەرگاکە ئەڕۆیشتم خۆمی تەسلیم کەم، بەڵام دەنگێکی خێر، ناوبردنی فەرهادێ، دەنگی بزووانڈنی شتێ، جیهەی دەرگایە لە پشتمەوە، ئەیهێنامەوە کۆشی ژیانی ڕاستەقینە و لە ئەو مەیانی مردنە ڕزگاری ئەکردم.

هەموومان، هەموو مووچەخۆرانی دائیرە، ئاوا نزیکی دووانزەی نیوەڕۆ هەروەکو هەموو جارێکی تر، کۆئەبووینەوە و دەستمان بە باسی دین و دونیا ئەکرد و هەندێکمان لەفەیەکی ئەخوارد. ئەوەی لە بیری من نەمابوو ئەو خەون و بیرە شێتۆکانەیە بوو کە لە سەرما زابوون، هەموو ترسێکی دڵم، بەلایەنی کەمەوە لە

ئەو کاتەیا ڕەویبووەوە، لە پڕ جەڕەسی تەلەفۆنەکە بەرز بووەوە. هەموو لە دوورەوە لە تەلەفۆنەکەمان ئەڕووانی. پرشنگ خان بە هەنگاوی ئاسایی گەیشتە سەری و بەرزی کردەوە و نای بە گوێیەوە. منیش تێم ئەڕووانی، چەند چرکەیەک و ڕووی بە لای منا وەرچەرخان .... و بە ئاماژەیەکی نەریتیی، بە سەرەکوتێیەکی نەرم، بانگی کردم کە تەلەفۆنەکە بۆ منە و منیش بەرەو لای چووم.

هەنگاوەکانم قورس، لەشم چەندین تەن ئەبوو، خوێن لە لەشما بەستی و لێدانی دڵم بوو بە شەقەی باڵی کۆترێکی ترسێنراو ... گپ گپ گپ خەریبوو لە سینەم ئەهاتە دەر. نازانم هەر من وام هەست ئەکرد یان وابووم و ئەوانی تریش ئەیانزانی ... هەرگیز پرسیارم لێ نەکردن، نە ئەو کاتە و نە دوواییش.

دەنگێکی گرِی نەناسراو بە زمانی عەرەبی داوای لێ کردم بگەمە خەستەخانە تازەکە، یەک دوو جار لەسەرخۆ دووپاتی کردەوە: بەشی نەشتەرگەرِیی.

هەر ئەوەنە بوو و تەواو. تەلەفۆن داخرایەوە و منیش بە ئەو لەشە قورس و دڵەتەپێ و خوێنە بەستووەوە خۆم هەڵلایە سەیارەکەمەوە و هەرچۆنێ بێ گەیشتم.

لە دالّانەکە خەڵکەکە کۆبووبوونەوە. یەکسەر دۆخم گۆڕا. ترسم بوو بە پرس. خوێنم کەوتە شەپۆل و تەنانەت قوڵپیش. دڵم باڵی گرتبوو، ئەموت ئێستا ئەپچڕێ. زانیم کەسێکم شتێکی لێ هاتووە، هاورێیەکی نزیک، دراوسێیەک، کەسێک، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز بێخاڵ نا.

کاک فەرهاد گریان گەرووی گرتبوو و ماوەیەک بوو فرمێسک بە سەر ڕوومەتییەوە ڕێچکەیان سەربەرەوخوار گرتبوو. لە ئەوە دەچوو لە ژێر ئازاری ویژدان و خۆتاوانبارکردندا پڵیشابێتەوە، چونکە سەرومل و شانەکانی بە سەریەکدا داڕووخابوون.

فریشتە تا وشەی بێخاڵ ەکەشی یست و لە کۆتایی چیرۆکەکە دڵنیابوو. ئینجا بە لای ناسکۆڵدا لاربووە و سەری خستە باوەشیەوە. تۆند سەری خستە هەرە قوڵایی ورگی ناسکۆڵەوە و بە هەردوو دەستی باوەشی بە ناوقەدی ناسکۆڵدا کرد. خۆیشی ئاگای تێوە نەبوو چۆن خەوی لێ کەوت.

نە پرسیاری کرد و نە هیچ. بێ سێودوو لێی ڕاکشا، هەروەک بڵێت: هاوڕێ بۆچی باشە.

ناسکۆڵیش دیار بوو بە ئەوە ڕازی بوو، چونکە دەستی خستە سەر سەری فریشتە و تۆند بە خۆیەوە نووساند و لە ناخەوە بە گێرانەوەی ئەو چیرۆکەی کاکی، کە ڕەنگە سەدان جار گوێی لێ بووبێت، لە ئازارێکی قوڵدا بوو.

لۆرکێ و کوردۆ دەمێک بوو خەویان لێ کەوتبوو. هەردووکیان بە نەرمیی بە سەر یەکدا، هەروەک یەکتریان لە ئامێز گرتبێت، کەوتبوون.

پوورەئەڵماسیش تۆند لە جێی خۆی چەقیبوو. هەر دەتگوت مۆمیایەکە و بە مەبەستی پیرۆزیی و چاووزار خراوەتە پێشەوەی ئەو ئوتومبێلە. بە ڕووخسارێکەوە کە لە تاشەبەردێکی تیژی شاخێکی تۆڕهەڵداوی ژێر سەختەزستان و گەرمەهاوین دەچوو، ڕێک بە ڕەقیی، بەرامبەر بە گەردوونێکی بێکۆتایی، دەیڕووانی.

کاک فەرهادیش هەر لە سەر سەرگوزشتە کۆنەکەی خۆی بەردەوام بوو:

- بینیم، بە چاوی خۆم بینیم ... بێخاڵ م بینی ...

- ئەوانیش کچێکی گەنجیان هەیە، هەروەک پەروین قسەخۆش و وریا و زیتەڵەیە

کاتێك فریشتە خەبەری بووەوە باس باسی کانیپانکە بوو. لە سەرەتادا نەیدەویست هەڵسێت. زۆری پێخۆش بوو لە باوەشی یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی هەر بە ئەو شێوەیە لێی پاڵ بکەوێت. هیواخوازی ئەوە بوو لە رێگاکە لانەدەن تا بیتووانیایە بە ئارەزووی دڵی خۆی بنوێت و دیسانەوە بنوێتەوە و بنوێتەوە، بەڵام کەمێک هەستی شەرم دایگرت و تۆزێک دەموچاوی خۆیی لە ورگە گەرم و نەرمەکەی ناسکۆڵ هەڵسوو. ئینجا سەری خۆی هەڵبڕی و لە سەر کوشنەکە لێی دانیشت. هێشتا لۆرکێ و کوردۆ هەر خەوتبوون.

گەیشتبوونە کانیپانکە و بە دەیان ئاگری گەورە و بچووک کرابوونەوە و خەڵک، منداڵ و گەورە، لێیان و بە دەوریاندا خڕبووبوونەوە. دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵبێک بوو مەپرسە. لە ئەم بەر و ئەو بەری جادەکەوە چەند درەختێکی لێ بوو لە بنەوە ڕووت بووبوونەوە و هەر تەنها لە ناوقەدەوە بەرەو ژوور وردە گەڵا و لقیان پێوە مابوو. هەندێک کەس هەتا ناوقەد بە سەر درەختەکاندا هەڵزنابوون و هەندێکیش خۆیان گەیاندبووە سەری سەرەوە و لقیان لێ دەکردەوە.

ئێستا فریشتە کەمێک دڵنیایتر بوو. گەرمایی ناو ئوتومبێلەکە، نزیکیی ناسکۆڵ و خێزانەکەی و تینی خۆشەویستیی و هاورێیەتیان، ئەو ئاگرە گەورە و بە بڵێسانە، هەموو مایەی دڵنیایی و هێمنی بوون.

ئوتومبێلەکە وەستا و مەکینەکەی وەکو تامەزرۆی خامۆشییەکی قووڵ بێت، کوژایەوە. ئا لە ئەو کاتەدا فریشتە بارانەکەی وەبیرهاتەوە. باران هەر دەباری و هەر دەباری. دەیویست بە سەریدا بقیژێنێ و جوێنی پێ بدات، بەڵام ...؟

پەنجا مەتریک لە ئەملایانەوە چەند پیاو و ژن و منداڵێک ئاگرێکی گەورەیان کردبووەوە و پێیان زانی پیاوێکیان لە دوورەوە لە ئەمانی خوڕی:

- وەرن برا خۆتان گەرم کەنەوە.

ئەمان بێ هیچ وەڵام و قسەیەک بەرەو ڕوویان چوون و بە چەند وشەیەکی کورتی سڵاوکردن، خۆیان ناساند. یەکسەر بوو بە باسی باران و ڕەو و خەڵک و تەقە و هەلیکۆپتەر و ئەم شتانە. قسە لە دووای قسە و لە سەر قسە، یەکتر بڕین و باس گۆڕین و بێدەنگیی. باسێک نەبوو تا کۆتایی ڕێگای خۆی ببڕێت، هەموو بەسەرهاتێک لە ناوقەددا بە باس و خوستێکی تر، دەپچڕا.

دوو ژن و سێ منداڵی بچکۆلە و چوار پیاو کە دیارە سەروبنی یەکتر بوون، ئاگرێکی گەورەیان کردبووەوە. ئاگر تا ناوقەدی پیاوێکی کەڵەگەت بەرز بوو. بڵێسەی نیومەترێک بە ئەملاوئەولادا دەچوو. داری گەورەگەورەی ئەستوور بڕدرا بوون و سەغیانە لە سەر یەک هەڵچنرابوون.

دیاربوو هەندێک لە دارەکان بە تەواوی تەڕ بوون، بەڵام ئاگرەکە هێندە گەرم و بەتین بوو کە تازە تەڕیەتیی داری لە سووتان ڕزگاری نەدەکردن. باران دەباری و بایەکی لە کزە خێراتر هێندەی تر ئاگرەکەی دەگەشاندەوە.

لە گەلێک جێگای ناو ئاگرەکە، لە فرە قووڵایی بەتینییەکەیدا، گرێکی شینی کاڵی هێمنی بە هەناسە، بە ئەسپایی، بەڵام گەرم و بە جۆش و خرۆش، خۆی با دەدا و دەهات و دەچوو. لە چاوترووکاندنێکدا سەدان و هەزاران تنۆکەباران خۆبەخشانە خۆیان دەهاویشتە ئاگرەکەوە، هەر لەگەڵ بەرکەوتنەکەدا دەستبەجێ دەسووتان و جێی خۆیان لە سەر دارەکان ڕەش دەکردەوە و چزەیەکی کورتخایانیان لە پاش خۆیان جێدەهێشت. ئەم کارە فرە وردە لە چرکەیەکدا بە دەیان جار و لە سەدان لاوە بەردەوام بوو. بە ئەم شێوەیە چزەچزێکی بەردەوامی نەبڕاوە تێکەڵ بە قرچەقرچی وشکبوونەوەی شێ و تەڕیی دارەکان دەبوو.

مێژووی هەبوونی تنۆکەبارانێک کە بە سەماوە لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە بۆ سەر ئەم زەمینە نەفرەتلێکراوە، لە ئەوە زیاتر نەبوو.

بڵێسەی ئاگر هەروەک بڕەبسکی دەرۆیشێکی حاڵڵێهاتووی دەستەمۆ و زکری موریدێکی دەستەوەستانی خۆنەویستەوە بە هەر چوار لادا سەمای دەکرد و دەهات و دەچوو. بڵێسەی دێوانە گەرمایی دەگەیاندە هەموو لەشێکی سەرتاپا تەڕ، هەموو کڵاوەئەژنۆ و لەپی دەست و کوڵمێکی قنی گەرم گەرم دا دەهێنا و لە ماوەیەکی کورتدا مرۆڤی وا بە خۆی هۆگر دەکرد کە ڕێبواری سەر ڕێ هەر وا بە ئاسانی نەیدەتووانی لێی دوور بکەوێتەوە.

ئەمان ڕێبواری سەر ڕێ نەبوون. دۆخیان لە ڕێبوارێکی سەرە ڕێ زۆر خراپتر بوو.

ڕێبوارانێکی تەڕو نیوەخووساو و برسی و پەرتەوازە و بێدەرەتان بوون.

ئێتسا پەرتەوازەیی ناو خەڵکەکە وا زەق دیار نەبوو، خەڵک هیچ نەبێت بە گرووپ و دەستە و تۆپەڵ پێکەوە خولیان دەخوارد و لە دەوری ئاگر کە هیچ نەدەکەوت لە سەریان، کۆدەبوونەوە، بە تاکیش بۆ دار و پەردوو و بابەتی سووتان نەدەگەڕان. ئێستا تۆزێک وشەی "تۆ وەرە" و "من دەچم" و "تۆ تەڕیت و من قەیناکا" دەبیسترا.

تینی گەرمایی ئاگرەک هەستێکی گەرمایی خودایان بە فریشتە دەبەخشی.

تەنیا شوێنێکی کە هیچ گەرمیەکی پێ نەدەگەیشت پێیەکانی بوون.

هێندە پێیەکانی لە ئاگرەکە نزیک کردبووەوە چەرمی نووکی نیوەپووتەکانی نزیکەی تووابووەوە و ئەو گوڵەلاستیکیەی ڕازاندبوویەوە، تلیسابووەوە، کەچی هێشتا هەستی بە پێیەکانی نەدەکرد.

پاش ماوەیەک کە ئاوا سێ سەعاتێک زیاتری خایاند فریشتە بە تەواوی بەئاگا هاتبووەوە. جلەکان هەر لەبەریدا وشک بووبوونەوە. بێ لە ئەوەی کە لەبەر ڕاوەستان و بە پێوەبوون ئازارێکی ماندووبی کەم لە پووز و قاچییدا پەیدا بووبوو، هەروەها هەستی بە کەمێک شەکەتیی سەرتاسەریی و قورگ وشکبوونێکی کەم و گێژییەکی لابەلایی دەکرد. سەری لە ئەو هەموو خەڵکە سووڕمابوو. مرۆڤ دەگەیشتە هەر شوێنێک وایدەزانی قەرەباڵغییەکە بە دووایەوەیەتی. وەک خەڵکەکە باسیان دەکرد گوایا دوو ملوێن کورد لە هەولێر و بەهدینانەوە بەرەو کوردستانی ژێر دەستەی تورکیا هەڵ هاتبوون و ملوێنێک زیاتریش لە

سلێمانی و کەرکووک و چواردەوریانەوە ڕووەو رۆژهەڵات،کوردستانی ئەو دیو لە ڕەودا بوون.

کەس نەیدەزانی ئاخۆ ئەو ژمارانە ڕاستن، یان نا. خەڵک هەر لە خۆیانەوە هەڵیان دەهێنان یان لە سەرچاوەیەکەوە بیستبوویان. پووڕەئەڵماس وتەنی، "ڕەنگە هەر بە گۆترە حسابیان کردبن، کچم خۆ بە خوا حسابی کەر و گاشمان بۆ ناکرێ".

فریشتە ئەمبولانس و ئوتومبێلی ئاگرکوژێنەوە و کارەبا و خۆڵڕێژی دەبینی، هەموویان پڕ بوون لە خەڵک و تەنانەت خەڵک خۆیان بە چوارلاشیاندا هەڵزنیبوو. تراکتۆری هەمەجۆرە و تەنانەت گرێدەر و شۆفڵ و ڕۆڵەی چادر بەسەریش بەشێک بوون لە ئەو کاروانە درێژە نەبڕاوەیە.

کاک فەرهاد لە دەبەیەکدا بەنزینی لە دووای ئوتومبێلەکەی خۆی دەرهێنا و کردیە تانکی ئوتومبێلەکە. کەمێک لە دەوروبەر و لە تایەکانی ڕووانی و هەموو دووبارە سەرکەوتنەوە. تا ئەو کاتە سەعات خۆی گەیاندبوو بە نزیکەی چواری بەیانیی و ئاسمان هەروەک نیوەشەو تاریک و تووندبوو، هیچی وای بە باری ڕووناکییدا لێ نەگۆڕابوو.

لە دووای ئوتومبێلەکەوە فریشتە هەر لە حەشاماتەکە و ئاگرەکە و بارانە قیرسیچمەکەی دەڕووانی. ئەوێیان بەجێهێشت، بەڵام هێشتا ئاگر و کۆمەڵە خەڵکی خرخواردوو لە هەموو لایەکەوە، چ لە دوور و چ لە نزیک، دەبینران.

لە کانیپانکەوە بۆ سەراو و لە ئەوێوە بۆ سەیسادق، دیمەنی دڵڕفێنی سرووشتکردی یەک لە دووای یەک وەک دەستەخوشکی فریشتەیی دەست لە ناو دەست و شان لە یەک هەڵسوو، نۆرەبڕەی خۆنیشاندان لە یەک دەکەن، بەڵا لە شەوێکی ئاوادا کە شەیتان بارەگای خۆیی لێ هەڵ دەدا و باران و با سەرچۆپی شینبەڵەکێکی نەسرەوت و پڕ کزەی بێزارکار بە ئەو ناوەدا دەهێنن و دەبەن، ڕەقترین دڵ دەگوشن، فێری ئاوازی مرۆڤایەتیی دەکەن و بە ئازاری پێچ و خولخواردوو دەیتەزێنن.

سەیسادق، گەردنەبەرزەکەی شاری سلێمانی، لە هەر شوێنێکەوە لێی دەڕووانیت یەک پارچە کەلاوەی چەند جار ڕووخاوی داروپەردوو بەسەریەکدا کەوتووە.

بڕووسکەی یەک لە دووای یەکی شەوێکی تاریک زووزوو لایەک، قوژبنێک، کۆڵانێک لە چاوترووکاندنێکدا ڕووناک دەکاتەوە و بە ئاستەم و بە لە بریقێکی سۆراخنەبووی تەڕی هەوکردوو نیشانی بینەرێکی خەوالووی نیوەکوتراو دەدات و چیرۆکێکی دوورودرێژی پڕ مەینەت و بە سام دەگێڕێتەوە.

پەراسووی کەلاوە و وێرانەی ئەم شارە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە پەنجەتووتەی زەڵم لێدانی دڵی هەڵەبجەی بە شاری سلێمانی دەگەیاند و چاوچاوێنی هەموو تەپۆلکە و گردێکی دوورونزیکی ئەو ناوەی دەخستە نێو دڵی ئەوی تر، ئێستا لە سێبەری خانووی خراپ ڕووخاوی تووڕەی گرژبوودا، لە قوواڵیی تاریکیەکی نووتەک و پڕ شێی بێسۆزی دانیشتووانێکی تەراتێنێپێکراو و ڕاگوێزراودا، وەک زەرنەقووتەیەکی پاساری تەڕ و برسی لە هێلانەخراو، هەڵ دەلەرزی.

مەلی نیگا، لە پشتی ئوتوبێلێکی ناو پڕ هەڵم و هەڵاوەوە، لە هەر جێیەکی بڕووانیایە لە گۆڕستان زیاتر هیچ شتێکی تری بەدی نەدەکرد.

گۆڕستان دووای گۆڕستان و گۆڕ بە سەر گۆڕدا، کێڵی شکێنراو و کێڵی تێهەڵدراو و کێڵی ڕاوەشێنراو.

شارەگۆڕستانێکی مەن، گۆڕستانی هەزاران ئومێد و هیوا. گۆڕستانی هەزاران حەز و ئاوات، وێرانەی ملوێنەها چاوبڕێ و چاولەیەکداگرتن و بزەی لە دووڕەوە یەکتر دووانەن و دڵی یەکتر ژیرکردن.

گۆڕستانی مرۆڤی زیندوو، ئەوانەی خۆیان لە دووڕەستانێکەوە هێڵرابوونەوە و دڵیشیان بە زۆر پێ بەجێهێڵرا بوو.

پووڕەئەڵماس کە دەمێک بوو نەهاتبووە گۆ، دەستی بە خۆڕاژەنین کرد و ئاوەڕێکی بۆ دوواوە دایەوە، بەڵام زیاتر لە ناسکۆڵی دەڕووانی:

- ناسکە گیان! لە کچە بێدەنگەکەی لای ئاگرەکە وردبوویتەوە؟ هەر ئەتوت خوشکی پەروینە. یەک دوو جار وێستم پرسیاری لێکەم ئاخۆ خزم و شتی وایان بێ، بەڵام لە ڕووم هەڵ نەهات. دەی خوایە – پووڕەئەڵماس ئێستا زۆر بە خێرایی خۆی ڕادەژەند – دەی خوایە تۆڵەمان بسەنی ئەگەر هەی، ئەگەر نیشێ، یا ڕەبی تۆبە، ئەوا با ئێمە ئاوا زەلیلی ئەم چەرخە بین. چۆن خۆی سوتان، چۆن خۆی سووتان، ئاخ.

فریشتە خەڵکی هەمان گەڕەک بوو، بەڵام لە ترسی ئازاد بە نیوەی ئەمان لە گەڕەک و دەوروبەرەکەی نەدەزانی. چەند جارێک پەروین ی بینیبوو، هاوڕێکانی بە پەری بانگیان دەکرد. ماڵەپێشمەرگە بوون و حکومەت چەند جارێک چووبووە سەریان. پەروین سێ مانگ زیندانی بوو. لە ١/٩ دا، یەک هەفتە پێش جەنگی جیهان دژ بە عێراق چووە سەربان و لە ناو ستارەکەدا خۆی سووتاند.

ناسکۆڵ بە ئەو باسە زۆر دڵگران دەبوو. هەر یەکسەر پێکەنینە خودایییە شیرینەکە لە سەر ڕووخساری دەپووکایەوە. باڵی چەپی کە دەکەوتە لای فریشتەوە درێژ کرد و خستیە سەر شانی فریشتە. هەر بە ئەو لایەشدا خۆی لار کردەوە و سەری نایە سەر شانی. فریشتە هەستی بە شەرمەزارِیی و دووڕەپەرێزیی دەکرد کە وەک ئەوان لە گوزەڕانی گەڕەک بە ئاگا نەبوو، بەڵام خەڵک و خوا بە لایەنی کەمەوە دەیانزانی ئازاد دەست و پێی گرێ دابوو. هەمیشەش تامەزرۆی دووبارە بیستنەوەی ئەو بەسەرهاتە بوو کە بە سەر پەروین دا هات.

پەروین برایەکی پێشمەرگە بوو. لە سەر ئەوە چەند جارێک چووبوون بۆ سەریان. باوکودایکیان بە نیوەشەو و وەخت و ناوەخت دەهێنا و دەبرد.

دووا جار کە هەم ئەوان لە باوکی پەروین هەراسان بوون و هەم ئەویش لە ئەوان، بە تایبەتیی کە پێی گوتبوون "ئێوە حوکمەتن خۆتان بچن بیهێننەوە، من لە کوێ بتووانم بیهێنمەوە"، پاڵێکیان پێوە نابوو و دەستی لە دوو لاوە شکابوو.

مامەپیرەی بێ دەرامەت نەیتووانی قۆڵەشکاوەکەی چاک بکاتەوە. مەینەتباریەکە بە لادا خستبووی و هەمیشە بە نیوەکوڕپی دەوەستا. هەر لە ئەوە دەچوو ئەو باڵە خوارەیان بە دەفەی شانی چەپییەوە هەڵواسیبێت. پاش ئەوە حکومەت ماوەیەک وازی لێ هێنان، بەڵام ڕۆژێک ئوتومبێلێکی ئەمن بە بیانووی ئەوەی گوایا براکەی بە شەو سەردانی کردوون، چوو بوون بۆ قوتابخانەکەی پەروین و بردبوویان.

هەرچەندە مامۆستایان و هەندێک قوتابی بیانوو و قسەی لابەلاییان دۆزیەوە، سەری نەگرت. هەر ئەوەندەیان وەڵام دانەوە کە تەنیا چەند پرسیارێکە و زوو ئازاد دەکرێت، "تەنانەت ئەوەندەش زوو کە لە ئەوانەیە فریای هەمان ڕۆژ دەوامی قوتابخانە بکەوێتەوە".

ڕۆژان ڕۆیشت و بوو بە هەفتە. مانگ بوو بە دووان و کەس سۆراخی پەروینی نەدەزانی، ئەوەندە نەبێت لە دەمی زیندانی تەوە بیستراباووەوە کە گوایا هێشتا هەر لە سلێمانییە. ئەوەشیان لەلای دەوڵەتەوە پێ ڕاگەیەندرابوو کە ئەگەر براکەی بگەڕێتەوە، ئازاد دەکرێت.

پەروین دوو برای هەبوو. براگەورەکەی لە شاری بەسرە سەرباز بوو. زۆر جێگای سەرسوڕمان بوو کە حوکمەت لە ئەویانی هەڵ نەدەپێچا. بە هەر شێوەیەک زیندانییەکەی پەروین بووبوو بە سێ مانگ و نۆ ڕۆژ کە ڕۆژێک برا پێشمەرگەکەی خۆی دەکات بە سلێمانیدا و خۆی بە دەستەوە دەدات.

پاش یەک حەفتە لە پشت گردی جۆگە ەوە لەگەڵ دوو کەسی تردا بە چاوی نەبەستراوەوە، دەستڕێژ کران.

بەڵام پەروین هێشتا هەر سۆراخی نەبوو.

شین بوو بە دووان و تەنانەت کەس نەیدەوێرا لە ماڵەکەیشیان بڕووانێت.. باوکی خانەنشینی پەروین کە هەژارپی و خەفەت لە هەموو لایەکەوە زۆریان بۆ هێنابوو، پاش ماوەیەک چوون بۆ مزگەوتیشی تەرک کرد. هەموو جارێک لە گۆشەیەکی نوێژگاکەدا تەنیا

دەمایەوە، و سڵاوی خودێ نەبێت، ئەویش لە دوورەوە و لە ژێر لێوەوە، لێیان دەکرد، زیاتر کەس نەیدەدووان. ئەمیش خۆی وتەنی، "پێش ئەوەی شێت بێت، مزگەوتی تەرک کرد".

دایکی، ئەوە هەر باس ناکرێت، خەریک بوو دەیدایە کێو.

ئیتر بە قسەی خەڵک خوا دەستی خستبووە کارەکەوە و پاش سێ مانگ و سێ ڕۆژ زیندانی، پەروین ئازاد کرا، بەڵام نەدەناسرایەوە.

پرچیان لە بندا بڕی بوو، بەڵام دیاربوو دەمێک بوو بڕیبوویان چونکە بە بژێی هەندێکی لێ هاتبووەوە. سەرتاپای لەشی هەموو پەنەماو و شین و مۆر هەڵگەڕاو، تەنانەت نەیدەتووانی لە سەر قن دانیشێت. دەبووایە هەر پاڵ بکەوێت و بە پاڵکەوتیشەوە زووزوو تلی دەدا. هێندە ترسابوو ئەگەر لە نزیکیەوە خۆت بخوراندایە بستێک دەچوو بە ئاسماندا.

لە قسەکردندا زۆری نەدەبرد هەناسەی سوار دەبوو، دەستی دەکرد بە کرۆشتنی لێوی و ئینجا بە تووندی بە هەر دوو دەستی ماکسیەکەی خۆیی لە داوێنەوە دەگرت و وەک گرێپەکی گرمۆڵە لە هەردوو چنگیدا دەیهێشتەوە. گەر یەکێک لە پڕ لە بەردەمیدا هەستایە، ئەم بە یەک چاوترووکاندن بە قنەخشکێیەک خۆی دەگایندە هەرە سووچی ژوورەکە و دەتگوت خۆی بۆ ڕاکردنێک ئامادە دەکات.

لە هەموو ئەم ماوەیەدا کە زیاتر لە پێنج مانگ بوو کاکی مەرەخەسی وەرنەگرتبوو، بەڵام نامەی دەستوخەتی خۆی دەگەیشتە دەستیان کە گوایا باشە. هیچیان، نە ئەو و نە ئەمان ڕاستییەکیان لە بارەی یەکترەوە نەدەزانی.

پاش نزیکەی دوو مانگێک ئازادبی، پەروین هەندێک باشتر بووبوو، لە هاورێکانی خۆی بە گومان نەبوو و قسەی بۆ دەکردن. خۆی دەشووشت و دەگۆڕی و لەگەڵ دایکیدا کەمە کەمە زەرفی شت تێکردنیان لە کیسەی چیمەنتۆی فڕێدراو کە هەر دایکی کۆی دەکردنەوە، دروست دەکرد. لە سەردانەکاندا فریشتە هەمیشە سەرنجی لە

دەستوپەنجەکانی دەدا کە بە جوانیی ڕەنگی سرێشەکە لە سەریان بووار‌دبووی. زەرفەکانیان دەکرد بە سەفتەی سەد دانەیی و دەیانبەست و دایکی دەیفرۆشتنەوە و خەریک بوون بە خۆیاندا دەهاتنەوە. بایکۆتەکەش لە سەر باوکیان لا چووبوو، بەڵام چەرخی زەمانە بە شێوەیەکی وا دەگەڕێت کە ئێستا باوکی توخنی ئەهلی مزگەوت نەدەکەوت و تەنانەت جوێنیشی پێ دەدان. کاتێک تووڕە دەبوو دەی گوت "ئەو نەتەوە بێ غیرەتە هەر بۆ ئەوە باشە شەق لێ هەڵبدرێت. کورد توخمی مشکە لە مااڵی خۆیان بن یان لە مااڵی خوا هەر ئەترسن".

لە ڕۆژی ئازادکردنی پەروێندا کە تەنها فریشتە و ناسکۆڵ و یەک دوو هاوڕێی تر وێرایان بچن بۆ مااڵیان، باوکی پەروین، مام وەلی، بە چاوی پڕ فرمێسک بەڵام گەش و کامەرانەوە، دەستەسڕەکەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و کەمێک لووت و دەمی پێ پاک کردەوە و ئەوجا ڕووی لە کچەکان کرد و گوتی: بابم بە ڕەحمەت بێ پیاوێکی ئازا بوو، لەگەڵ باپیرەما هەم دژی سوپای حەمیدی و هەم دژی ئینگلیزیش شەڕیان کردوە. کوردی باش بوون، مێرخاس بوون. گەلێک برادەری ئاسووریی و ئەرمەنیان هەبوو. ڕۆژێ برادەرێکی ئەرمەنیی پێی وتبوو 'مامەڕەشە، ئەمن وەک ئەرمەنیی ئەژیم، بەڵا حەز ئەکەم وەک کورد بمرم'. باپیریشم، سەد ڕەحمەت لە گۆڕی، بە سەیرەوە لێی پرسیبوو لە بەرچی قوربان. ئەویش وەاڵمی دابووەوە 'چونکە ئێوەی کورد تەنها مردووانی خۆتان هەڵ دەکێشن و گەورە دەکەن، بە کەڵکی ئەوە نایەن مرۆڤ بە زیندوویەتیی لە نێوتاندا بژی'.

سەد ڕەحمەت لە گۆڕی برای ئەرمەنی، ئۆبااڵی کافران بە ئەستۆم، قسەکانی ئەو پیاوچاکە قسووریان نییە وبە گەوهەری یەک دانە ئەچن. ئینجا کچەکانم ئێوە کە هاتوون بۆ الی پەروین، هەر یەکێکتان بە هەزار فشەپیاو ناگۆڕمەوە.

ناسکۆڵ ئێستا وەک بی ناو ئاو دەلەرزی و پڕ بە ناو ئوتومبێلە گەرمە ئێقەوەبووەکە دەگریا و سێوی گەرووی بۆ خوارەوە و بۆ سەرەوە دەهات و دەچوو. فریشتەش توند باوەشی پیادا کردبوو و داوای لێ دەکرد بیبڕێتەوە و واز لە باسەکە بهێنێت. پووڕەئەڵماس بە چەپۆکی مۆنۆتۆنی یەک لە دووای یەکی قورس دەی دا بە سینگە ڕووتەکەی خۆیدا و لەبەر خۆیەوە نزای دەکرد. ئوتومبێلەکەی ئەمان و ئەوانی تر و سەرتاپای حەشاماتەکە

وەک دووای کاروانی تەرمێک کەوتبن بە قورسیی و بە ئەسپایی، لە ژێر فرمێسکی بە خوڕی هەورەکاندا، بەرەو گۆڕستانی خۆیان سینگیان دەکوتا. لۆرکێ و کوردۆش لە خەونێکی شیرینیدا میوانی چارەنووسێکی نادیار بوون.

کاک فەرهاد جگەرەی لە دووای جگەرە دا دەگیرساند و بە سوکان و گێڕ و جادە و خەڵک و لێخوڕینەوە خۆیی کۆکردبووەوە.

بە هەر شێوەیەک، ناسکۆڵ و کچانی گەڕەک گەلێک هەوڵیان لەگەڵ پەروین دا، کۆمەڵێک پلانی دووروونزیکیشیان دا نا کە لە ماوەیەکی کەمدا پێڕەوی بکەن، بەڵام دۆخی پەروین زۆر نائاساییانە ڕۆژێک باش و دووان خراپ، ماوەیەک باش و ماوەیەک خراپ، دەگۆڕا و نەیاندەتووانی گەشەی بەردەوام ببینن.

پەروین مووی سەری هاتبووەوە، بەڵام نەیدەهێشت چاک بکرێت، زووزوو لە برینە قەتماخەکردووەکانی سمت و سێبەندەی خۆی ڕادەما و دەستی بە سەر ئاسەوارە زبرە ڕووشاویەکاندا دەهێنا و لێیان ورد دەبووەوە. جاری وا هەبوو لە پڕ هێڵنجی دەدا و زۆری لە خۆی دەکرد بڕشێتەوە، توند توند دەستی بە ورگی خۆیدا دەهێنا و دەتگوت لە ژانی منداڵبووندایە:

- نەیانئەهێشت ئەو خوێنە بسڕینەوە کە لە لووت، دەم یان شوێنێکی ترمان ئەهات، بۆنی خوێنە وشکەوەبووەکە لەگەڵ بۆنی چلکی خۆمان و پێخەفەکان و بۆساردی میز تێکەڵ ئەبوو. وامان لێ هاتبوو ئاسەوارە وشکەوەبووەکەی خوێنی سەر عەرزەکە و دیوارەکانمان ئەناسیەوە کە هی کاممان بوو. سێ قولاپی هەڵواسراو، خوێنی وشکەوەبوو، بەرمیلێکی پڕ لە ئاوی سەر بە تاڵ. ژووری ئەشکەنجەدان لە دووکانێکی قەسابی پاشنیوەڕۆیەکی گەرمی نەشۆردراو ئەچێت.

پاشان بە شەرم و بە گریانەوە دەیگێڕایەوە چۆن دەستدرێژییان کردووەتە سەریان، چۆن بە دووان و بە سیان و زیاتر پەلاماریان داون.

- جار هەبوو لە نیوەی شەودا پڕیان پیا ئەکردین. ڕووخسارمان لە ژێر درزی بەتانیە چڵکنە تۆزاویەکانەوە لە ناو سەدای زریکەزریکەکەدا دەیبەست و چاومان لە ترسی شاڵاوی لە پڕی چنگێک کە پڕی پیا ئەکردین وەک دەمی چۆلەکەپاسارێی برسی ئەکرانەوە و لە تەپڵی سەرمان ئەڕووان.

جاریش هەبوو لێدانم نەئەخوارد، تەنها یاریان بە مەمک ئەکرد. ئەیانوت خەریکە زەوقمان هەڵئەسێ. ئەبێ ئەوەنە بە خێرایی زانیاریەکان بدرکێنی کە نەیەڵی زەوقمان هەڵسێ، یان کە زەوقمان هەڵسا ئەبێ بۆمان دامرکێنیتەوە. نەمئەزانی چی بکەم.
هەندێک جار لە تاو ئازاری لەشم، یانم، سمتم، پێم، دەستم و سەرم ئاگام لە هیچ نەدەما. کاتێک ئازارەکە بێ بڕووسکە و یەک ڕەوت ئەبوو ئەمزانی کاری ئەو جارە کۆتایی پێ هاتووە. ئەمزانی بە پەل بەرەو هۆدەکەی خۆمان بە سەر زەویەکەیا بەکێشم ئەکەن. لە سەر عەرزە ڕەقەکە هەستم بە قورسایی لەشێ خۆم ئەکرد کە لە ئەوە ئەچوو بە خۆیەوەم بنووسێنێ و لە ئامێزم بگرێت. گڵۆپەکانی ناو ڕێڕەوەکە هەروەک هەموو جارێکی تر بە ڕەنگێکی زەردی تۆخی کزەوە لە ترپەترپدا بوون.
پێش کارەکەیان حەپێکیان ئەخستە دەممەوە و بە کەمێک ئاو بە گەروومدا بە زۆر ئەیانبردە خوارێ. هێندە توند چەناگە و دەمیان ئەگوشیم، هێندە توند چەناگەیان بۆ سەرەوە ڕائەتەکانم، هەمیشە ئێسکی چەناگە و لاشەویلگەم سڕ بوو. هەر ئەموت هیچ نازانم. بڕووایان بە کەسمان نەئەکرد. هەر گاڵتەیان بە ئەقڵمان ئەهات.
یان لە ناو ئازاری خۆماندا دەڕیاین یان لە ئازاری یەکتردا. لە زیندانداا ڕۆح لە جەستە دەچێتە دەرەوە و لە دوورەوە دەیبینیت کە خۆی بە داروددیواردا ئەدا یان بێهووەدە لە خوداکان دەپارێتەوە یان نەفرەت لە ڕووخساری هەرگیز ناشەرمەزاریان ئەکات...

پاش باسێکی ئاوا پەروین دەیدایە پڕمەی گریا، بەڵام گریانەکەی لە ناو خۆیدا دەهێشتەوە و بە ئەو شێوەیە تەکانی گریانەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە دەیهەژاند.

لە دووەم ڕۆژی گرتنیدا، ئەوەندەی خۆی بە بیری بێت، کە ڕەنگە دووەم لێپێچانەوەی بوو بێت نەک نەدووەم ڕۆژ، کەمێک بە ڕەقیی لەگەڵ ئەمنەکان دووابوو، ئەوانیش تەواو لێیان دابوو. گومان لە ئەوەدا نەبوو کە دەیانزانی بێ تاوانە و هەر خۆیشیان دەیانزانی چ سوودێک لە ئەو کارە درندانەیە وەردەگرن. لە بەر ئازار، بە گاوگالکۆی نەبێت، نەیدەتووانی ببزوێت.

پەروین دوو مانگێک زیاتر بوو ئازاد بو، بەڵام هێشتا هەموو ئەم ڕووداوانە بە دووایەوە بوون و دەتگوت ڕاستین و هەر ئێستایش بە سەریدا دێنەوە.

ئەو ڕۆژەی ناسکۆڵ و شلێر ڕازیبان کرد پرچی ببڕێت و کەمێک دەست بە خۆیدا بهێنێت، کە هەروەها بەڵێنیشیان دابوو پێکەوە بچن بۆ شوێنێک، دەمی نیوەڕۆ لۆریەکی زیلی سەربازیی چادربەسەری ڕەنگبەڵەکی پڕ سەربازی چەکدار لە بەردەم ماڵەکەیان وەستا. ئەفسەرێکی تووڕەی ڕوو گرژن لەگەڵ پێنج سەربازی خۆتوندپێچاوەدا، مەیتی براکەیان لە زیلەکە هێنایە خوارەوە و لە ناو حەوشەکەدا دایاننا. کابرای ئەفسەر بە سەلامێکی زۆر جیددیانە و ڕەسمیانەدا پێی ڕگەیاندن کە گوایا بە گوللەیەک خۆکوژیی کردووە.

دووای ئەم کارەساتە دایکی پەروین لە زمان کەوت و زمانی پێ نەدەگەڕا. پێیەک لە نەخۆشخانە و پێیەکی لە ماڵەوە. باوکیشیان بە ئاشکرا دەگریا و دەکڕووزایەوە و هەر هاوار و فەغانی بوو. ئەو پیاوە، بە ئەو سەرمایە لە بەر دەرگا هەر دەهات و دەچوو. یەک لە سەر یەک جگەرەی دەکێشا و تەنیا جارێکیش بە لای ڕاست و چەپدا خۆی نەدەبزواند.

مانی پەروین بووبوو بە هێمای نەگبەتیی و بۆنەهاتیی. کەس نەیدەوێرا لە ماڵەکەیشیان نزیک ببێتەوە.

سەرەتای مانگی یەک، ئاوا حەفتەیەک پێش جەنگەکە، پەروین چووە سەربانی مانی خۆیان و بە قاپێک نەوت و دەنکەشقارتەیەک لە ناو ستارەکەدا کڵۆکۆی خۆیی دامرکاند. وا سوتابوو کە هەر لە ئەوێدا گیانی دەرچوو.

نامەیەکی کورتی بەجێهێشتبوو. بە گشتیی هەر وشەی سۆزداریی بوون، بەڵام لە کۆتاییەکەدا نوسیبووی "دەزانم هەڵەم، بەڵام ناتووانم بژین، ئەی خوایە، ئەوان لە سکمدان، لە سکمدان ...".

هەر پاش سێ ڕۆژانەی پەروین خاڵی پەروین هات بۆ ماڵیان و دایکوباوکی پەرویێ خستە ناو قەمەرەیەکی تاکسیەوە و لەگەڵ خۆی بردنی.

ئێستا خانووەکەیان ماڵێکی تری تێدایە. ئەوانیش کچێکی گەنجیان هەیە، هەروەک پەروین قسەخۆش و وریا و زیتەڵەیە. هەموو جارێک کە دەچێتە سەربان یان لە بەر دەرگا دادەنیشێت یان دێت بۆ لای ئەمان، گەرووی ناسکۆڵ گریان دەیگرێت.

- کوڕەکانم، ئەها ئا لە ئەوێیا ... منااڵەکانم خەریکن ڕەق ئەبنەوە.

هەینیی، ١٩٩١/٤/٥ بە ڕێگاوە.

ناو ئوتومبێلەکەی ئەمان بووبوو بە شوێنپرسە و یادکردنەوە. هیچ کەسێکی خۆشەویست، دووروونزیک، فەرامۆش نەدەکرا.

لە سەفەری وادا دڵ هەر بۆ ئەوە باش بوو ئاخی پێ بکێشرێت!

ئەو ڕێگایەی ڕووبەڕووی زەڵم دەچوو مرۆڤێکی تری نەدەگرت. یەک دوو جار نەبێت کە ئەویش بۆ میزکردن و خۆبەتاڵکردنەوە بوو، دەنا دانەدەبەزین. ئیتر ڕاوەستانی پەیتا پەیتا و لێخوڕینی پیادەشێوە هەر بەردەوام بوو. لە ناو ئوتومبێلدا خەو و خەبەربوونەوە و کورتەقسە. دووبارە خەو و خەبەربوونەوە و کورتەقسە. ئینجا خەیاڵەخەو و پیشخواردنەوە و گریانی بێدەنگ.

ڕێگایەکی نەبڕاوەی بێ کۆتایی!

خۆر، وەک بووکێکی بێنازی ژێر تارا، لە ناو کەژاوەی هەورەکانی سەر هەڵەبجەوە بە ساردیی لە زەڵمی دەڕووانی. ئایا ئەمان دووای قەرەبااڵغیەکە کەوتبوون یان قەرەبااڵغییەکە بە دووای ئەمانەوە بوون؟ کامیان دووای مەرگی کامیان کەوتبوون؟

ئەوە پرسیاریکی خڕ بوو، بە هەموو لایەکدا دەکرا بکردرایە و وەاڵمیش بدرایەتەوە.

جێی خۆیەتی سیاسەتمەداران لە ئەو جۆرە دۆخانەدا بێنە گۆ چونکە هەرچییەک بڵێن دەخوات و لەسەریان ناکەوێت. هەژاران بیانەوێت یان نا دەبێت باری کۆڵی ڕێبوارپی خۆیان بن، و وەکو میسیۆنەری خۆسزادەر، بە دەشت و چیا و هەرد و کۆسار و قوڕ و چڵپاودا ببەن و لە سەر هەموو ئەوەشەوە شوکرانەژمێری خودا بن. زۆربایەتیی ئەمانیش لە مرۆڤەهەژارەکان بوون.

زەڵم خۆی، بۆ ئەم بەدبەختە فریوخواردووانە، لە قوڕ هەڵکێشا بوو.

ئوتومبێلی هەمەجۆر لە ئەو ناوەدا، لووت لە ژێر و لووت تایە لە قوڕدا چەقیو، دەستیان لێ هەڵگیرابوو. لە ئەو دەمەوە لە عێراق درابوو بەنزین بە حاڵ دەست دەکەوت. گازۆیل و شلەی بتڵی گاز تێکەڵ دەکران و لە بری بەنزین بەکار دەهێنران. دیار بوو هەندێک لە ئەو ئوتومبێلانە مەکیەکانیان هەڵسابوو یان سووتا بوون، هەموو بە بۆنیێ هەڵبڕاوەوە بەجێ هێڵرابوون.

تا ئوتومبێلەکەی خۆیان لا دا و شوێنێکیان بۆ کردەوە ماوەیەکی برد. ئەمان سەیری خەڵکیان دەکرد و خەڵکیش سەیری ئەمانیان دەکرد. هەموویان لە یەکیان دەڕووانی. ئایا دەیانویست چ شتێکی نوێ لە یەکتردا بدۆزنەوە؟

فریشتە نەیدەزانی ئاخۆ بەزەییان بە یەکتردا دێتەوە یان بە بینینی یەکتر دڵخۆشیی خۆیان دەدەنەوە. هەموو وەک نامۆ و لە خاکێکی بە خۆیان نامۆدا لە یەکیان دەڕووانی.

ژیان سەیرە!

ژیان وایە!

ئەو بارانەی لێرە دەباری لە هیچ شوێنێک ئاوا بە خوڕ و بە چڕپی و بە تەڕپی نەدەباری. ڕەنگە ئەوەش لە تۆڵەسەندنەوەی ئەو چەند سەعاتەدا بێت کە کەمێک خۆشی کردبووەوە پێش ئەوەی بە زەڵم بگەن و زەڵم دەرووبان لێ بکاتەوە.

بارانێکی بە خوڕ و سەر بە کڵاوە، بەڵام لە ئەو دیو هەورەکانەوە خۆر سەرەتاتکێی دەکرد.

فریشتە لە ژێر بارانەکەدا وەستابوو و دەیبینی لە دوورەوە پەلکەزێڕینەیەک بە سەر ئەو سروشتەدا چەمابووەوە، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت پەنجەی دۆشاومژەی بەرز کردبووەوە ... ئەوە سەوز ... ئەوە زەرد ... ئەوە سوور ...

- سروشت چەند جوانە! ئێمەش چەند بە ئەو دەچین؟! کاتێک هەوری ڕەش و چڵکن ناخی مرۆڤ دادەپۆشێت و دەیکات بە تاریکستانێک، تۆ بزانە ئەوسا

چۆن بە داکردنی ڕێژنەبارانی گریانێک وردەوردە هەورەکان تەنکتر و تەنکتر دەبنەوە و لە هەندێک شوێنەوە ڕووناکی دەڕژێت، پاشانیش بە تەواوەتی هەورەکان دەڕەوێنەوە و یەک پارچە ڕۆشن دەبێتەوە.

ناسکۆڵ وای گوت و چاوی بڕییە ئاسۆ. فریشتەش بە تیلەچاو سەیرێکی کرد و هیچی شک نەبرد بیخاتە سەر قسەکانی ئەو. دووبارە نیگای گواستەوە بۆ سەر پەلکەزێرینەکە.

ناسکۆڵ سەرنجی پرچی تەڕی فریشتەی دا، پاشان دەمولێوی، بە ئەسپایی چەند هەنگاوێک چووە دوواوە و پاڵی بە ئوتومبێلەکەوە دا تا لە پشتەوە لە فریشتە بڕووانێت. بە شانوملیدا چووە خوارەوە. لە ئاستی کەمەری باریکیدا وێستەیەکی کرد و ئینجا وەک کوڕێک سەیری سمت و کەفەڵی فریشتەی کرد. ڕەنگێکی گەنمڕەنگیی گەش و تەڕ وەک گوڵەلالەیەکی مۆری کاڵی لاسک نێرکی سەوز: چەند جوانە!

- لەش و لارت چەند جوانە! فریشتە لەسەرخۆ ئاوەڕی لە ناسکۆڵ دایەوە کە تا ئەو کاتە سەیری ناوقەدی دەکرد.

- حەزم لێ نەکەیت، من یەک پارچە شەرەفم، سەنگباران و شاربەدەرت دەکەن ..... وەرە کچێ، با بچینە بەر ئاگرەکە.

ئینجا چاوی بڕییە ئاگرەکە و بەردەوام بوو:

- ئەرێ زەردەشت ناحەقی بووە کە ئاگری بە پیرۆز زانیووە؟

ناسکۆڵ بێ وەڵامدانەوە دووای فریشتە کەوت.

بێ ئەوەی ئاگایان تێوە بێت باران خۆشی کردەوە، بەڵام هەوا پڕ شێ و تەڕ بوو.

کێشە و ململانێ لە پێناوی مانەوەدا زۆر هەستی نەگریس دەوروژێنێت و کرداری ناپاک بە بوونەوەر دەکات. لە کاتی نەهاتیی وادا زۆر پێویست بوو هەندێک لە ئەم مرۆڤانە مرۆڤی لە خۆیان لاوازتر و شەکەتتر و بێووزەتر ببینن. دیمەنی وا گوڕی بە جەستەی نیوەمردووی ئەمان دەدا و کەمێک دەیهێنانەوە سەر خۆیان.

بینینی مرۆڤ و گیانلەبەری لاوازتر و بێدەسەڵاتتر هەمیشە هەستێکی خۆبەدەسەڵاتزان و هێزدارتر بە بینەر دەدات. مەرج نییە ئەو بوونەوەرە هەر مرۆڤ بێت. گەر مرۆڤ چنگ نەکەوت با سەگ، پشیلە، مانگا، مەڕ یان هەر شتێکی تر بێت. گرینگ ئەوەیە بوونەوەرێکی قوڕاوپی بێهێز و لاواز و پەککەوتە ببێت بە مایەی ختوولکەدانی کۆمەڵێک هەستی بێ شەرم و بێڕووی تێزی ململانێ لە پێناوی مانەوەدا.

کێشەیەکی ناحەز، بەڵام خۆڕسکیی. لە ئەوەتەی دەگوترێت گوایا زەوی خرایە سەر پشتی گا و ئەویش لە سەر پشتی ماسیە یان بڵێین یەکەمین خانەکانی ناو ئاو بۆیەک لیک لە دەمیان زا، ئەم کرداڕە هەیە و بەردەوامە. مێژوو قوونبوونەوەی ئەمە دەسەلمێنێت. هەر ئەوەندەی مرۆڤێک دارێکی باشی ببینیایەتەوە ئەوانەی دەوروپشتی تێ ڕادەمان، هەروەک تێکڕا بڵێن: "سەیری، سەیری، ئەوە چۆن ئەو دارە باشەی دۆزییەوە؟ چەند بەبەختە، هەر ئێمەین داری ئاوامان دەست ناکەوێت!".

خۆئەگەر کەسێک قەمسەڵەیەکی باشی ئاوڵەخۆنەگری لەبەردا بووایە هەمدیسان هەمووان لێیان دەڕووانی: "بڕووانە ئەمە، سەیری قەمەسەڵەکەی بەری. کابرا هەر تەڕ نەبووە، ئێمە خووساوینەتەوە".

لە مێشکی هەندێکیاندا ئەو ختوولکە خواگرتووە زیاتریش دەڕووات: "ئێستا ئەگەر ئوتومبێلێک لێی بدایە یان پێی لە شتێک هەڵتووتایە و بمردایە، زووبەزوو من پڕم پیادا دەکرد و بە ناوی ناشتنەوە لە چاڵێکم دەنا و قەمسەڵەکەیم لە بەری خۆم دەکرد".

فریشتە بە وردیی لە ئەو سێ چوار زەلامەی دەڕووانی کە بە یەکەوە لە یەک کاتدا چاویان یەکانگیری دارێک دەبوو. هەروەک لە سەر پەتی پێشبڕکێیەک وەستا بن و چاوەڕێ فیتووی کابرا ی دادوەر بن، لە هەمانکاتدا شاڵاویان دەبرد و هەموو پێکەوە دەیانویست پڕی پیادا بکەن.

دار دەکەوتە نێوان دوو چنگەوە. زووبەزوو چنگێکی تریش ناوەڕاستەکەی دەگرت و ئیدی دەیان دایەلۆگی سەیر دروست دەبوون:

- کاکە، کاکە، من چاوم پێی کەوت.
- چاوپێکەوتنی چی، هەتیو تۆ بووی بە کلکم و هەر بە دووای قنی منەوەی.
- کاکە من بە دووای قنی تۆوە نییم، منیش هەر بە هەمان ڕێدا ئەڕۆم.

ئینجا دەستی سێیەم دەکەوتە قسە:

- کوڕەکانم، ئەها ئا لە ئەوێیا ... منااڵەکانم خەریکن ڕەق ئەبنەوە.
- پووریێ ئێوە لە ئەو ئاگرە زیاترتان بۆ چییە؟ ئێمە هێشتا گڕیشمان نەیاوە.

دەمەتەقێ و لەبەرخۆوە گلەییکردن و ڕاوەشاندنی قاپی خودا هەر بەردەوام دەبوو. زۆری نەدەبرد کۆمەڵێک دەستی تر بە هاواری دەستەکانی ترەوە دەهاتن. لە ئەنجامدا، لە پاش هەندێک نزا و تووڕەبوون و پلار و شتی لە ئەو بابەتانە کۆمەڵە دەستێک دەیانبرد، کۆمەڵە دەستێکی بەهێز .

هەستی شانازیی ڕزگارکردنی خاکی میدیا سەروگوێلاکی دادەپۆشین.

دار تا بڵێی زۆر بوون، بەڵام ئەستوور بوون و دەبووایە بە مشار و تەوری باش ببڕدرانایەتەوە، لە بەرئەوە خەڵکان هەر بە دووای لق و پەلکی باریکدا وێڵ بوون، ئەوەش هێشتا کاری دەویست.

دیمەنی جوانی ئەو دەوروبەرە سیحرێک بوو، چ سیحرێک! لە دووڕەوە گوڵاڵەسوورە سەدان پەڵەیان لێ دابوو، ئەوانەیان نەبێت کە لە شوێنی سەختدا بوون، بەشێکی زۆریان بووبوون بە ژێر ئەو پێیانەی نەیدەزانی چی دەشێلن و پان دەکەنەوە. ئەو ناوە بە چەندین گوڵ و گیای بەهارە ڕازابووەوە. هەندێک کەس کەوتبوونە خواردنی لاسک و ڕووەکی کەنار جادەکان. یەکێک هاواری لە هاوڕێکەی دەکرد:

- نا، نا، ئەوە خۆی نییە، ئەوە ناخورێت. ئەها تۆ سەیری ئەمە بکە!

لادایەکی تایە تەقیو لە سەر ویلەکەی قرتەقرت بە شانێکی نیشتووەوە بە کاوەخۆ دەڕۆیشت. حەشاماتەکەی ناوی وەکو مەیموونی سەر دارێک بە سەرنج و چاوی کراوەوە لە خەڵکی دەرەوەیان دەڕووانی. خەڵکە تەڕەبووەکانی دەرەوەش هەروەک مەیموون لە ئەمانیان دەڕووانی. بۆنیتی پێشەوەی لاداکە هەر لە لە ئەمۆزی ماندوو و سەرمابردووی گوێدرێژێکی بن خەروارێک باری دەکرد.

فریشتە خەریکی خوێندنەوەی سیما و ڕووخساری خەڵک بوو. کێشەی مانەوە برای لە برای خۆی هان دەدا و مێرد زۆر جار دەیویست جلکوبەرگی بەری هاوسەرەکەی دابکەنێت و لە بەری خۆی بکات. مرخی زەوتکردن لە هەزاران لاوە پەیدا دەبوو. پلانی نهێنیی چەکەرەی دەکرد و لیکەچێڕ لە دەمدا دەزا.

فریشتە بە دەم خۆگەرمکردنەوەوە چاوەکانی لێک دەنا و لێدەگەڕا لە دەریای ئەندێشەی بێ بندا بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ شەپۆلەکاندا بڕووات و لە هیچ سڵ نەکاتەوە. ئەم دیمەنە بە تەواوی بێزاری دەکرد و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنایە قسە. لە بری کێشەی مانەوە دەبووایە مرۆڤ پەرەی بە هونەری مانەوە بدایە. هونەری مانەوە لە جیاتی بەکارهێنانی زەبروزەنگ، بە گۆرینەوەی زانیاریی و تێگەیشتن و بۆچوون، پەرە و بەردەوامیی پێ بدرایە. بە ئەو شێوەیە، پێویستی نەدەکرد گەورە بچووک بخوات و بچووکیش بچووکترین، یاخود بەهێز کەمهێز و کەمهێزیش لاواز هەڵوشێت.

هەموو ژینێک لە سنووری یاسایەکی گشتیی و گەورەدا بیتووانیایە ژیان بژی.

ئەو دەمە هەموو کەس دەیتووانی بمێنێتەوە! ئەو کاتە گیابلەبەرەکانیش لە ژێر سایەی ئەم دروشم و تیۆرییەدا دەحەسانەوە و ڕەنگە ....

بەڵام مرۆڤ تێکدەر و ڕووخێنەر و وێرانکار بوو.

ڕەنگەی نەدەویست!

فریشتە بێگومان دەیزانی ئەمە خەسڵەتی هەموو مرۆڤێک نییە، بەڵام گەر لە ڕووانگەی بوونەوەرێکی ناسەرزەمینییەوە بڕووانرێتە جیهان، ئەو کاتە ئەو بوونەوەرە چی دەبینێت؟

دەبینێت مرۆڤەکان لە هەموو لایەکەوە بە کەڵبەی تیژ و ڕندۆکەوە بەربوونەتە گیانی سرووشت. لە هەموو لایەکەوە وێرانی دەکەن و دایدەڕێژنن و تێکی دەدەن. تا درەختێک دەڕووێنن دووان و دە دەبڕنەوە و دەسووتێنن، تا گوڵێک بە یەک دەدەن سەدان زلە و بۆکس بە یەکدا دەکێشن. لە ئەوەش زیاتر دەڕۆن و یەکتر کەلەپاچە دەکەن و دەکوژن.

ئەگەر ئاوا بڕووات مرۆڤایەتیی زۆر ناخایەنێت، زۆر زۆر پێش ئەوەی خۆر سارد ببێتەوە و لە پرشنگ بکەوێت، یەک زرمەی زلی لێ هەڵدەستێت و داروپەردوو بە سەر یەکدا دەڕووخێت.

پێچەوانەی زرمەگەورەکەی یەکەم جار کە ژیانی لە دامێن کەوتە خوار. ئەم زرمەیەیان مردن دەبەخشێتەوە، کۆتا پێشکەش دەکات و پەردەی ئەم شانۆگەرییە دادەداتەوە. ڕەنگە گەر زۆر بەختەوەر بن ئەوا ئەفسەرە تووڕە ڕووگرژەکە لەگەڵ دادانەوەی پەردەکەدا یەک جڕتی باشیان بۆ لێ بدات.

بوونەوەرێکی ناسەرزەمینیی جیاوازیی لە نێوان ژاپۆنیی، کورد، عەرەب، ئینگلیزێک و سووربێستێکدا ناکات.

مرۆڤ بۆ ئەو مرۆڤە و تەواو!

دەشێت وا بێت، مرۆڤ بۆ ئەو مرۆڤە و تەواو!

هەموو لە سەر دوو پێ دەڕۆن و دوو باڵ و سەرێک و لەشێکی ڕێک، گەر باش نەیاننasێت و تێکەڵیان نەبووبێت، هەر وەک هێلکە هەموویان لە یەک دەچن.

ئێستا فریشتە لە ناوەڕاستی تۆپەڵێکیاندا بوو، بە دەم ڕاوەستانەوە، لە ماندووییەکی باوەڕپێنەکراودا، خۆی گەرم دەکردەوە. خانمی بوونەوەری دەرزەمینیی دووڕەشوێن تێی دەڕووانین و لێیان ورد دەبووەوە. فریشتە لە ناو هەموویاندا لە ناو ئاپۆڕە ڕەشەوەبووەکەدا هەر هێندەی سەرەدەرزیەکیش دیار نەبوو. خانمە بوونەوەری دەرزەمینی فریشتەی نەدەبینی.

مرۆڤی تێکدەر، مرۆڤی وێرانکار، مرۆڤی ڕووخێنەر!

بەڵام کام مرۆڤ؟!

لە پڕ دەنگی ناسکۆڵ لە فریشتەی دەخوڕی، هەرچەندە بە ئەسپایی و هێمنیش بوو، فریشتەی داچڵەکاند:

- ڕۆڵە، ئەوەندە لە ئاگرەکە نزیک مەبەوە، دەکەویتە ناوی.

دەموچاوی ناسکۆڵ لە بەر تیشکی بڵێسەی ئاگرە بە جۆشەکەدا بە جوانی دەبینرا. کەمێک لە ڕەنگە ئاساییەکەی خۆی زیاتر پێستی سوور بووبووەوە و دیار بوو گەرم داهاتبوو. کوڵمەکانی ناسک و چاەکانی گەورە و گەش، پێکەنینەکەشی لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشی و ئازار بەرجەستە تاڵەدا دەتگوت لە سەلماندنی ئەوەدایە کە مرۆڤایەتیی لە بەهەشتدا بژی.

پێکەنینێکی پڕ خەمزەی هێمن و پاکییزە و شیرین.

فریشتە زەردەخەنەیەکی پەلەی بۆ سەندەوە و کەمێک تێی ڕووانیی. زۆر جار هێنده حەزی لە پێکەنینەکەی دەکرد کە ئەگەر لە بەر وتەی شەرم نەبووایە لە ئامێزی دەگرت و ماچی دەکرد. بەڵام شتی وا نەدەکرا. لە خۆیی ڕووانی، ناسکۆڵ وتەنی، تۆزێکی مابوو بکەوێتە ناو ئاگرەکەوە. هەموو بەری پێشەوەی گەرم گەرم داهاتبوو. کڵاوەی ئەژنۆی لە ڕادەبەدەر گەرمای بوو. هەر لایەکی دەکردە ئاگرەکە پاش چەند خولەکێک گەرم گەرم دا دەهات، گەرچی هەر هەستی بە سەرمای لایەکی تری دەکرد. ئەوجا بای بە خۆی دەدا و ئەو لایەی تێ دەکرد کە سەرمای بوو. پاش چەند دەقیقەیەک ئەم گەرم دادەهات بەڵام لایەکانی تری لەشی سەرمایان بوو. ئەوە نەبوو هەموو جەستەی پێکەوە گەرمیان بێتەوە. سەرماکە چووبووە ناو خوێنی و یاری لەگەڵدا دەکرد. هەر لە بەر ئەوە بوو قەسدی بوو بچێتە ناو ئاگرەکەوە. کە چەند پێیەک لە ئاگرەکە دوور دەکەوتەوە یەکسەر لێشوێک لە بای شێداری سارد خۆی دەکرد بە ناویاندا.

لە دوورەوە کاک فەرهادی دەبینی بە ناو خەڵکەکەدا دەهات و دەچوو. لە تەنیشتیەوە لۆرکێ و لە ئەولاشەوە کوردۆ ڕاوەستابوون. لە ئەوە دەچوون بە باشیی خەوتبن، چونکە زۆر ورت و وریا و بە حەز دیار بوون. زوو زوو قسەیان بۆ یەک دەکرد و پێ دەکەنین و دەخنانەوە.

ئێستا باران دووبارە دەستی پێ کردبووەوە و نمەی دەکرد. خەڵک لە ئەوە نائومێد بووبوون کە بە تەواوی خۆشی بکاتەوە. کات گەیشتبووە نزیکی دووانزەی شەو و دوو ڕۆژی تەواو بوو بە ڕێگاوە بوو. مادوویەتیی زۆری بۆ هێنابوو، بەڵام نەیدەویست بیدرکێنێ و بە خۆیی فێر بکات.

لە لایەکەوە هەر بیری ماڵەوەی دەکرد، بیری بچووک و گەورە، ئەو ڕۆژانەی کە هێشتا شکۆفەی دوو مەمک و گۆشتیی سێبەندە باوەش و زۆرانبازیی باوکیان لێ تێک نەدابوو. ئەو ڕۆژانەی دەچووە سەر کۆڵی باوکی و دەیهێنا و دەیبرد. بە ئارەزووی خۆی بەڵێنی کڕینی تەوقە و قردێلە و مستیلە و جانتای یارییی لێ وەردەگرت. بە کۆمەڵێک خەیاڵی شیریەوە خۆی لە لێفەکەی دەئاڵاند و بە دەم وردە زەردەخەنە و خۆدووواندنی ناو دڵەوە خەوی لێ دەکەوت. ڕۆژانێک کە بە هەموو خۆشیی و ناخۆشییەکی دایکی ئاشنا بوو، بۆ دایکی بووبوو بە هاوەدرد و هاوخەم و هاوڕاز و بە جووتە گەلەکۆمەکێیان لە باوکی دەکرد. ڕۆژانێک کە لەقوتابخانە دەچووە بەینی هاوڕێکانیەوە و دەیهێنانە هەڵپەڕکێ، یان ختوولکەی دەدان و نقورچی هێنانەقسەی لێ دەگرتن، ئەوانیش هێندە هۆگری بووبوون و خۆشیاندەویست کە زۆر جار تا باوکی هاواری تووڕەیی لێ هەڵنەسایە لە ماڵیشەوە وازیان لێ نەدەهێنا.

هەر لە منداڵییەوە دڵی قسەی ناخۆش و ڕەق نەبوو. بە زەردەخەنە هاوڕێکانی خۆیی دەستەمۆ دەکرد. هەر لە منداڵییەوە، هێندەی بە بیریی بێت، پێیان دەگوت ئەوە بۆچی کاتێک قسە دەکەیت، جار جار لە پڕ، لێوت کەمێک بە لای ڕاستدا ڕادەکێشیت و سستێک بە زمان و بەینی ددانەکانت دەکەیت، بەڵام ئەم هەر نەشیدەزانی باسی چی دەکەن، تا گەورە بوو. کە گەورە بوو کردبووی بە خوو و بۆی تەرک نەدەکرا. هاوڕێکانیشی زوو زوو پێیان دەگوت کە لێی بووە بە نەخش و هەر زۆر لێی جوانە.

ئەمیش، هەر بە راستیی، هیچ گوێی بە ئەو شتانە نەدەدا. ئەم تەنها لێی بووبوو بە خوو و بۆی تەرک نەدەکرا، بەڵام کێ شەق لە جوانیی و نەخشی وا ئاسان دەستکەوتوو، هەڵ دەدات؟

یادی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ تاکە براکەیدا دەچوون بۆ سووچێکی باخەبچکۆلەکەیان و بە دووقۆڵی چێشتەکولێنەیەکیان لێ دەنا. ئەم خۆی دەکرد بە دایک و ئەویشی دەکرد بە کوڕی خۆی. هەر کە ئەو لە دەرگا بۆشاییەکەی دەدا و بە دەم "تەق تەق" ی دەکرد، یەکسەر ئەم هەڵدەستا و دەستەکانی خۆیی بە خاولیە قەستیەنەکە وشک دەکردەوە و لەگەڵ دەرگالێکردنەوەکەدا، کە تەنیا خاولیەکی بچکۆلەی هەڵواسراو بوو، لە ئامێزی دەگرت. ئینجا دای دەنیشاند و نانی لە بەردەم دادەنا.

- کوڕم دە ئەوەندە بە پەلە نانەکەت مەخۆ!
- قسە مەکە، ئاوم بەرێ، ئاوم بەرێ.
- بە سەر چاو، ها.

ئینجا پەرداخە قەستینەکەی هەڵ دەگرت و دەیدایە دەستی براکەی و ئەویش لێی وەردەگرت و بە درۆ دەینا بە سەریەوە و چۆڕی تیادا نەدەهێشت.

ئێستا نەیدەزانی ماڵەوەیان لە کوێن. لە ئەم کۆڕەوە گەورەیەدا کێ کێ دەدۆزێتەوە؟

لە ئەملاشەوە خولیای هەواڵی ئازاد کەوتبووە سەری و بە سەرێک تووڕە و بە سەرێک خەمگین و بە سەرێک بە گومان، نەیدەزانی هانا بۆ کوێ ببات. نەیدەزانی کوێی بە شوێندا بگەڕێت و چۆن بیدۆزێتەوە. نەیدەزانی بۆ نەهاتووەتەوە بە شوێنیدا، تۆ بڵێی ڕێگای ون کردبێت؟ تۆ بڵێیت نەیویستبێت کە ....

نەیدەوێرا توخنی تەواوکردنی ئەو وشەیە بکەوێت ... باوەڕی وا نەبوو ئازاد شتی وا بکات.

لە هەر کەسێکیشی دەپرسی یان ونبوونی مێردەکەیی باس دەکرد، یەکسەر وەڵامەکە هەر ئەمە بوو: کورە بابە کێ کێ دەدۆزێتەوە؟ کەی ئەمە ڕۆژی پرس و وەڵامە؟

ئەم ئێستا ناچار کرابوو بە دەم شەپۆلەکانەوە بڕووات کە زۆر بێزاری دەکرد. بۆ ئەم لەگەڵ شەپۆل ڕۆیشتندا بە واتای دووکەرتبوون بوو. لێکترازانی گیان و جەستە. لە فەرهەنگی ژیانی نوێی ئەمدا تەنها شتی مردوو، شتی بێ گیان، شتی بێ ویستە لەگەڵ ئاراستە و شانبەشانی شەپۆل دەڕۆیشت. ئەم دەیویست بۆ دوواوە بگەڕێتەوە، بەڵام کارێکی وا دەمی چەندین کەسی لێ دەکردەوە و سەدان دەمی لاستیکیی بە ڕوویدا پێ دەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکرد. لە بەر ئەوە ڕۆیشتن لەگەڵ شەپۆلەکاندا، گەڕچی واتای مەرگیشێ پێ دەبەخشی، هێشتا هەر تاکە چارە بوو.

هەرچەندە بەفراو فێری ئەوەشی کردبوو کە زۆر جار هەڵوێست بە ناچاریی و ناشاز و ناکۆک دەبێت لەگەڵ ڕای زۆربایەتییدا، پێویستە سڵ نەکرێتەوە و گوێ لە باڵۆرەی خەڕەکیی نەگیریت و هەنگاو بنرێت، بەڵام ئەو قسانە لە ڕیالیزمێکی وادا هەر لە پیادەکردنیش نەدەهاتن، بە لایەنی کەمەوە بۆ ئەم.

ئەو ماڵەی ئاگرەکەیان کردبووەوە ماڵئاواییان کرد. خەڵکی تازە پەیتاپەیتا دەهاتن و ماندووحەساوەکان دەڕۆیشتن. ئیتر هەروەک قوڕمیش کرابن خۆیان بار دەکردەوە و لێیان دەدا و دەڕۆیشتن. هاوار و دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵب هەر بەردەوام بوو، بەڵام دیاریش بوو خەڵک ماندوو و وزە داچۆڕاو بوون، چونکە هەرچەندە بۆڵەبۆڵ و جنێو و تووانج و تەشەر هەبوون، بەڵآم کەس شەقی بۆ تێهەڵدان نەمابوو. هەموو وەک شەپۆلی ڕەوی کوللە دابوویان بە سەر دەشت و دەردا و هەر گیزە و ویزە و گژژەیان دەهات.

لە نزیکیانەوە پیاوێک بە نەرمیی لە کچێک تووڕە دەبوو کە دیار بوو کچی بوو:

- چەتیو چەنم پێ وتی کاسێتەکان باش هەڵگرە؟ گۆمەشین ەکەی ناسر دیاری شەهید کەمال بوو، ماڵت بە قوڕ گیرێ.
- پیاوەکە، دە واز لە کچەکە بێنە و خەڵکمان مەهێنەرە سەر، خۆ بە ئەنقەست تەڕی نەکردوون؟

خێزانەکە ئاگادار بوون کە فریشتە و ناسکۆڵ لێیان دەڕووانین، بەڵام دەیانزانی مەبەستیان خراپ نییە و بە دەم وردە قسەی خۆیانەوە دوور کەوتنەوە.

کاک فەرهاد هاتەوە بۆ لایان و لەگەڵ سڵاوێکی سەرپێیی نزیکیان بووەوە و بە زمانێکی ڕەوان و بڕیاردەرانەوە پێی گوتن کە ئیتر دەبێت بە پێ بڕۆن. ئەمانیش دەتگوت لە گاشەبەردێکەوە بەربوونەتەوە، هەموو واق ورماو و حەپەساو.

- ئوتومبێلەکە شکاوە؟ خۆ ئیشی ئەکرد. ناسکۆڵ بە سەرسامییەوە پرسی.

- نا، نا، بەنزیمان پێ نەماوە. ئەوەی هەیە و نییە ئەوەندە نییە بمانگەیەنیەتە هیچ شوێنێ، و ناشمەوێ لە چەق ڕێگاکەیا بووەستێ و بە سەر خەڵکەوە بێ بە بار و ئەوانیش ناچار بن تلۆری بکەنەوە بۆ ناو شیوێ. بە ناو خەڵکەکەیا گەڕام بۆ تۆزێ بەنزین بەڵام دەستم نەکەو. کورە ئێمە لە سلێمانی دەستمان نە ئەکە و جا لێرە ...

- ئەی لێرە بەجێی بێڵین، لۆرکێ بە سەرسامییەوە پرسیاری لێ کرد.

- ئا کچم، لێرە بەجێیەڵین، ئەگینا لێمان ئەبێ بە بار. نابینن ئەو هەموو سەیارەیە لە سەر ئەو ڕێ و لاڕێیانە فڕی دراون. کلاج هەستان و کاربرێتەر گیران و پاترت مردن و چوزانم، هەر نەگبەتی زۆرە. ئەوەی خۆمان لە ئەو دووایییەدا هەر بە تەکان ئەڕۆی.

- بەڵام لێمان ئەدزن!

کاک فەرهاد کەمێک بێ دەنگ مایەوە و سەیرێکی قوونی کردن و دەستێکی بە سەری کوردۆدا هێنا و لۆرکێی لە خۆی نزیک کردەوە.

- ئەگەر بردیان با بیبەن، خۆ ئێمە ناتووانین لەگەڵ خۆمان بیبەین.

ئینجا هەروەک بە زۆر سوعبەت لەگەڵ خۆی و ئەواندا بکات، گوتی: مەگەر یەکێکتان بیەن بە کۆڵتانا.

هەموویان بە پێکەنینێکی کورتخایانی بێ پێزەوە وەڵامیان دایەوە.

فریشتە لە ناخەوە دەیزانی کە دەبێت کاک فەرهاد زۆری پێ ناخۆش بێت. دەبێت دەمێک بێت بیری لێ کردبێتەوە و لە ناو مێشکی خۆیدا هێنابیەتی و بردبیەتی تا گەیشتووەتە ئەو بڕیارە. دیار بوو سەغڵ و دڵفراوان بوو. کێ دەتوانێت لە ڕۆژێکی ئاوادا ماندوو و لاواز، لە ژێر باران و سەرما و پاشەڕۆژونیی، ئوتومبێلێکی وا، ئەو پەنا گەرم و گوڕە، هەر ئاوا بەجێبهێڵێت؟

زۆری نەخایاند شتی پێویستیان لە ئوتومبێلەکە دەرهێنا و هەر کەس بەشی خۆی هەڵگرت، خۆیان پێچایەوە و ڕووەوڕووی ڕێگاگشتییەکە کەوتنە ڕێ.

چەند هەنگاوێک نە بزووابوون فریشتە چاوی بە خێزانێکی گەورەی منداڵ ورد کەوت لە دوورەوە مشتیان لە ئاگرەکەی ئەمان خواردبووەوە و بەرەو ڕووی دەچوون.

ئاگرەکەش هەر لە هەڕەتی لاوی و خۆهێنان و خۆبردندا بوو.

- "هەمووتان درۆ دەکەن!"

هەر لە یەکەم هەنگاوەوە فریشتە ماندوو بوو. هەرچەندە تینی دەدایە بەر خۆی و ڕەخنەی لە خۆی دەگرت بە سەر خۆیدا دەشکایەوە، چاری نەبوو. لە دووایيدا بە تەواوی تێگەیشتن کە لەشی ماندووە و لە ئەوە زیاتر ڕاناکێشێت. ماندوویەتیەکەشی بە زۆری هی ئەو ڕۆژە ڕاوەستانەی عەربەت بوو، ڕاوەستان و چاوەڕوانیی لە ژێر با و باراندا.

لە سەرەتادا کە کەمێک سەروژێری و خلبوونەوە بوو باش دەڕۆیشتن. لە پاشاندا چەند سەد مەترێک تەختانی هاتە پێشیان کە بە ئاسانی هەنگاویان دەنا و بە دەم یەکتر دووواندنەوە لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بوون. ئەو نایلۆنانەی کە لە خۆیانەوە پێچابوو خشەخش و وشەوشیان دەهات، بەڵام باش لە بارانەکە دەیپاراستن.

نیو سەعاتێک بوو دەڕۆیشتن کە هەورێک هاتە ڕێیان و لە بەر زۆری ئوتومبێل و خەڵکی پیادە لایان دابووە ناو زەویە بەردەڵانەکە، چەند هەنگاوێک ڕۆیشتن و کوورِ بوونەوە. هێزی ئەژنۆیان داچۆڕا و ماسولکەکانی پووزیان لە تاو ئازار نەدەهاتەوە. ئێشی ماندووبوون باریکایی پشتیانی گرتبۆوە و دڵیان بە پەلە لێی دەدا و هەناسەبڕکێیان بوو. بە ئاسانی دەبینرا کە وزەیان لێ چۆڕاوە. لە سەری سەرەوە کاک فەرهاد و لە هەرە خوارەوەش ناسکۆڵ، لە ڕیزێکی بێچووە مراوییدا، بە چەماوەییەوە ڕاوەستابوون و خۆیان بە سەر ئەو ئەژنۆیەدا دابوو کە کردبویان بە پاڵۆ. هەموو لە یەکیان دەڕوانیی و خەڵک لێیان ورد دەبووەوە، بەڵام هەر ئەمان ڕانەوەستابوون، بەڵکو بە سەدان مرۆڤی تر، ژن و منداڵ، پیرەپیاو و پیرەژن و پەککەوتە و کەمئەندامان تەنانەت لە تەختاییەکەشدا لە ڕەوت کەوتبوون و نەدەبزووان، هەندێکیان دەگریان و دەپاڕانەوە و بە هاوارەوە قوڕیان دەپێوا.

کاک فەرهاد و ناسکۆڵ و فریشتە هەر یەکە و لایێکیان پێ بوو. یەکەم جار کوردۆ کەمێک وڕێی گرت کە لایێکی بدرێێ، بەڵام لە پاشاندا کە تێگەیشت مەسەلەکە جددییە و جێگای یاری و گەمە نییە، پاشەکشێی لێ کرد و کەوتە ناو ڕیزەکەوە.

هەر چۆنییەک بێت دەست کرایەوە بە ڕۆیشتن، ئازاری سێبەندە و باریکایی پشت و پووز زۆریان بۆ فریشتە هێنابوو، هەوراز فەرێ تێ کەوتبوو و تەواو نەدەبوو. سەرسم و پێخزان و نیوەکەوتن و بە نشیندا ڕۆچوون یەک لە دووای یەک دووپات دەبوونەوە و مرۆڤیان هەراسان دەکرد و بە ئاسانیی دەیانخستە گریان.

هەموو لەسەرخۆ، لە ناچارییدا هەروەک لە ئێوارەوەختەیەکی فێنکی هاویندا بن، دەستیان خستبووە پشت قنیان و هێدی هێدی دەبزووان. کار لە ئەوەدا نەبوو پەلە بکرێت و پێ هەڵبگیرێت.

لە لایەکەوە خەڵکێکی زۆر و لە لایەکی ترەوە نەشارەزایی و ڕۆیشتنی پێچاوپێچ و ماندووبی و ڕێگای دوورودرێژ، لە پەلەکردنی خستبوون.

ئێستا زریکە و گریانی منداڵ، پاڕانەوەی ژن و پیاو و خەڵکی پیر، سکاڵای دەروون و تووڕەیی، خۆزگەی بە دڵی بە ئەو شەوەی ڕێگاکەی عەربەت دەخواست. ئەو شەوەی عەربەت لە چاویدا گەمە بوو.

بڵندترین گریان کە دەگەیشتە گوێی فریشتە لە سەر ڕێگاکەی بوو، بەڵام هێشتا نەگەیشتووە ئاستی. گریانێکی بە کوڵ و بڵند، پڕ هاوار و بە لورە. ئەوەندەی نەبرد فریشتە گەیشتە لای و گەر گریانەکە نەبووایە چاوی بە ژنەکە نەدەکەوت. خەڵک بێ ئەوەی ئاوەڕی لێ بدەنەوە بە لایدا تێ دەپەڕین و بەجێیان دەهێشت. کاک فەرهادیش چەند هەنگاوێک لێی دوورکەوتبووە و فریشتە لە بەردەمی ژنەدا چەقیبوو و هێندەی نەبرد ناسکۆڵیش هاتە سەریان.

فریشتە بە لایتەکە ورد بووەوە ژنێکی بینی شتێکی لە عەبا تەڕەکەیەوە پێچابوو. تێگەیشت ئەوە تاکە کوڕی ژنەیە و لە ڕێگادا مردووە. بە گریانی ژنەدا دیار بوو لە برساندا مردبوو. جارجاریش لۆمەی سەرماکەی دەکرد کە لە سەرمادا ڕەق بووەتەوە. بە هەر شێوەیەک، گرینگ ئەوە بوو منداڵ مردبوو. ژنەکە تووندتوند لە عەباکەی خۆیەوەی پێچابوو و تونديش نووساندبووی بە سینگیەوە و هەر خۆی ڕادەژەنیی و لووڕەی دەهات. لە ئەملاشەوە، ئاوا دوو مەترێک لە ڕیڕەوی خەڵکەکەوە، پیاوێکی کورتەباڵای سەرتاپا تەڕ

بە دارێکی کەمێک ئەستووری نوکتیژ زەویەکەی هەڵ دەکێڵا و هەر خۆیشی بە چنگەکرێ خۆڵ و قوڕاوەکەی دەردەدا. ئاو و گڵ و قوڕ و قوڕاو.

شەڕوالّەکەی تا سەر ئەژنۆکانی هەڵکردبوو و پێیەکانی پەتی بوون و لە قوڕەکەدا نوقم دەبوون. چەند مەترێک لەئەملاترەوە پێڵاوەکانی فڕێ دابوو و تاکی ڕاستی لە سەر لا کەوتبوو. تاکی چەپیشی پڕبوو بوو لە باراناو.

گەر ئەزموونی ئەم تۆزە پێشینەیەی ئەم دوو ڕۆژە نەبووایە ئەوا لە فریشتە سەداسەد لە شوێنی خۆی دەبووڕایەوە. ئێستایش نیوەبووراوەیەک لە پیاوە و ژنەی دەڕووانیی و دەمی چووبووە کلیلە.

- بیهێنە ئافرەت، چالّەکە باشە. (کابرا بە نەرمییەکەوە بانگی لە ژنەکەی دەکرد).
- بە خوا نایەڵم شێرکۆم لە ئەم تاریکستان و غەریبیە گورگ بیخوات. (ژنە بە گریا و لاواندنەوە وەڵامی مێردەکەیی دەدایەوە).
- کچێ ئابڕوومان مەبە، خوا بە نسیبی نەکردبووین، بزانە، خۆ هەر ئێمە وا نیین. ئەم حەشاماتە هەموو کۆست کەوتوو و کەس لێمردوون.
- بە خوا من نایەڵم گورگ بیخوا، کێ وەک من کوڕەکەی جوانە؟ بە قوربانی ئەو دڵە بچکۆلەیەت بم شێرە گیان. ئەوە بۆ دایکت نەمرد، بۆ دایکت نەمرد؟

ئەوەندەی دەگوت و گریان و هاوار هێندەی تر بەرز دەبووەوە.

دەست و برد فریشتە لایتەکەی سەربەرەوخوار خستە ناو قایشەکەیەوە و بە چیچکانەوە دانیشت. بە ئەسپایی کەوتە دەموچاو سڕین و خاوکردنەوە و ئارامکردنەوەی ژنە و هێدی هێدی عەباکەی لە دەست دەرهێنا و منداڵە مردووەکەی لێ وەرگرت. هەر ئەوەندەی سەنگی منداڵەکەی لە باوەشی خۆیدا هەست پێ کرد ترسێک سواری سەری بوو خەریک بوو منداڵەکە فرێ بدات و ڕا بکات.

بۆ یەکەم جار بوو تەرمی منداڵێک، تەرمی مرۆڤێک لە ئامێز بگرێت و هەست بە قورساییەکی نەبزووا و بێ هەناسە بکات.

ژنەش هەروەک بە ڕاستیی فریشتە وەک فریشتەیەک ببینێت هاوار هاوارەکەی کەم کردەوە و کردی بە گریانێکی خاوتری پڕ پاڕانەوە و لەخۆدانێکی هێواشی پڕ کڕووزانەوە.

ناسکۆڵ ئەمەی بینیی هەستێکی جوانەمەردیی دایگرت و بە ڕاستیی شانازیی بە فریشتەوە دەکرد. یەک و دووی لێ نەکرد و بە نەرمیی کەوتە دووواندن و دڵخۆشیدانەوەی ژنە و بە ئاگاهێنانەوەی.

ژنە سەرتاپای لە ئاودا خوسابووەوە. جلەکانی بەری بە تووندیی بە لەشیەوە نووسابوون. پرچە ڕەشە ئەستوورەکەی لە ژێر بارانەوەکەدا نووسابوو بە سەریەوە و خۆی لوول دابوو. دەموچاوی ڕەشهەڵگەڕاو و پێستی وشکەوەبوو و دەستەکانی هەمووی قوڕاوی. هەر ئەوەندەی بێدەنگ بووایە وەک شەقشەقە دەلەرزی و بە دەم کڕووزاندنەوە هەر دەپاڕایەوە.

- گووماااااااااااااااااااان خوارد سسسسسسسەددددام گیان، وازماااااااااان لێ بێنننننننننننننننە

فریشتە هەر بە نیوە بەرزبوونەوەوە چەند هەنگاوێک بۆ لای کابرا ڕۆیشت و منداڵەکەی خستە ئامێزیەوە. کابرا لێی ڕووانیی و کەمێک ماچی کرد و نووساندی بە سینگیەوە و بە قوربان و بە ساقەی بوو، ئینجا دانەویەوە و پاش ئەوەی عەباکەی تێوە پێچا، لە گۆڕەکەی نا.

تا ئەو کاتەش ژنە هەر تا ڕادەیەک هێمن بوو، بەڵام کە چنگی فریشتە و پیاوەی مێردی بینی یەکئاهەنگیانە لە گڵ و قوڕاوەکەدا ڕۆدەچوون و بە چوار چنگی گەورەی کراوەوە ئەو لیتاو و تەڕاوەیان بە سەر شێرکۆکەیدا دەکرد، گڕی تێبەر بوو. بە هەر چواردەوری خۆیدا دەخولایەوە و لە خۆی دەدا و قوڕ و چڵپاوی بە سەروچاوی خۆیدا دەکرد.

زۆری نەخایاند تەپۆلکەیەکی بچووکی نزم دروست بوو کە هەر لە حەمامۆکەیەکی منداڵان دەچوو. بێ ئەوەی پیاوەکە شتێک بە فریشتە بڵێت یان فریشتە بە ئەو، هەردوو پێکەوە هەڵسان و لە تارکیەکەدا لە یەکیان دەڕوانی. کابرا دەگریا و زووزوو باراناوەکەی دەموچاوی و لیکاوەکەی لووتی خۆیی بە مشەیەک هەڵدەمژیەوە و لە ئەوە دەچوو زۆر سەرمای بێت. پەنجەکانی بە دیوی ناوەوەدا چەمابوونەوە و دەلەرزین، بەڵام لە هەستی شانازییدا دۆخەکەی دەشاردەوە و نەیدەخستە ڕوو.

دووای هەموو شتێک کاک فەرهادیشی تێ کەوت. بە هەموویان ژنە و پیاوەیان لە گڵکۆی منداڵەکەیان دوور خستەوە. پیاوە بە ڕێگاوە بە باسکردنی دۆخە گشتییەکە دڵخۆشیی خۆیی دەدایەوە کە لە خۆفریودان زیاتر نەبوو، و تەنها بە مەبەستی خۆژیرکردنەوە و دڵخۆشیدانەوەی ژنەکەی بوو. ژنەش زووزوو ئاوەڕی بۆ دووا‌وە دەدایەوە و هەر شێرکۆگیان و شێرکۆهاواری بوو.

وردەوردە کات و شوێن دەکەوتە نێوان کوڕە و دایکەوە و بەسەرهاتی نوێ لە دایک دەبوون.

خەڵک بە هەر چواردەوریاندا هەر لە ڕۆیشتن و ملناندا بوون.

فریشتە لە دووڕەوە هەمدیسان گوێی لە دەنگی ژنە شێتەکە بوو، هاواری دەکرد: "هەمووتان درۆ دەکەن!".

ئێستاش هەر ئەوەندەی دەگوت و دەگوتەوە، جارجار نەبێت یەک قاقای تۆندی تەوسی بە دووادا لێ دەدا وەک بڵێت "گەر ڕاست ناکەم درۆکەم بسەلمێنن!".

موژینی چاوەگەشەکان چیتر سەنگی پەیامی ئەڤینیان پێ هەڵ نەدەگیرا. هەریەکە و لە جیهانی خۆیدا خۆی دەکوتایە قۆزاخەوە و دەرووازەی لە سەر یارانی پێوە دەدا.

هەتا مرۆڤ بە شەوی باران و هەورەگرمە و بروسکە بە پێیەکانی خۆی نەڕووات، ناتووانێت بزانێت و تێ ناگات کە هەورەگرمەی شەوێکی تاریک و نووتەک چەند بە سامە.

تێناگات و ناتووانێت بزانێت چۆن و بۆچی پەیامەکانی ئەڤین دەبن بە بارێکی بە هیچ کەس هەڵنەگیراو.

بە ئەو شەوە تاریکە کە چاو چاوی نەدەبینی و پێیەکان لە هەموو هەنگاوێک دەترسان، یەک چەخماخەی خواروخێچی نزیک لە خۆیان، بۆ ماوەی سێ چوار چرکە بە سەریاندا دەڕۆیشت و ئەو ناوەی دەکرد بە ڕۆژی ڕووناک. ئەوجا هەر بە ئاستەم لە دووای ئەوەوە یەک ڕیز هەورەگرمەی ناقۆڵا بە شریخە و گرمەگرمەیەکی زلی زنجیرەییەوە، بەدووایدا دەهاتن کە مرۆڤیان لە جێی خۆیدا سڕ دەکرد. هاوار و زریکەی منداڵان بەرز دەبووە و چەند بروسکە و هەورەگرمەیەکی تری کورت و درێژ بە دووایدا دەهاتن کە ئەو ناوەیان لە ژێر پێی حەشاماتەکدا دەهەژاند و ناوسکی پێ چۆڵ دەکردن. دڵیان دەکەوتە ترپەترپ و کوتەکوت. بێ ئەوەی داڵدە و پەسارێکی تایبەتیان دەست بکەوێت خۆیان دەخزاندە ناو یەک و بە ناو یەکدا هەڵ دەهاتن و هەندێک جار لە ئەوە دەچوو هەر بە دەوری خۆیاندا بسووڕێنەوە.

هەندێک هەورەگرمە لە ئەوە دەچوون کە هەر لە سەر سەری ئەمان ڕاوەستابن و پایەر لێ بدەن. بروسکە و چەخماخەکانیش هەر بە سەر سەری ئەمانەوە بە دەستڕێژ بە دووای یەکدا دەهاتن و لە ئەوە دەچوون بیدەن بە بەردەمی ئەماندا. هەورەگرمە و چەخماخەکانی تر کە لە ئەمانەوە دوور بوون، پەیامی خوداوەندی باران بوون: لە هەر چوار لاوە شاڵاویان بۆ ئەم بەنەفرەتکراوانە هێنابوو!

قوتاربوون نەبوو!

هەورەگرمەی وا هەبوو پاش چەندین پێچ و خول و نەڕە هێشتا هەر دەنگە ناقۆڵاکەی نەدەڕەویەوە و کە لە ئەمانیش دوور دەکەوتەوە هەر لە سەر تووڕەیی خۆی بەردەوام بوو.

هەورەگرمەی بەهاری کوردستانیان لێ بووبوو بە بەڵا و بەرۆکی بەر نەدەدان.

- تۆیش هەر لەگەڵ سەددامی دایکەکەی بە کەر بگێم.

پیرەژنێک ڕووی لە ئاسمان کرد بوو و بە دەنگێکی بەرز دەیگوت کە خەڵک گوێیان لێ بێت، بەڵام بە ترسێکەوە کە هێندەی تر خودا زوێر نەکات.

لە ناوەڕاستی ئەو گریان و هاوار و کڕووزاندنەوەیەدا ناسکۆڵ لەبەر خۆیەوە لە دوواوە زوو زوو بە فریشتەی ڕادەبووارد و دەیگوت:

- حەز لە قارچک و دوومەڵان دەکەیت، دە بخۆ دەردت بێت!

- .... ئەم جارەش نان و ئاویان ژەهری مارکەن، خۆیان زۆریان هەیە.

سێ سەعات بوو دەرۆیشتن و هێشتا بە دووجەیلە نەگەیشتبوون. باران ئێستا بە بایەکی کەمێک تونەوە دەهات و لە هەر چوار لاوە مرۆڤی تەڕ دەکرد. هەر لە ئەوە دەچوو زمانزان بێت و سوێندی خواردبێت هەموو قولانجێکی مرۆڤ تەڕ بکات و هەموو بستە زەویەکیش بخوسێنێتەوە.

سەرئێشە ناوچاوانی فریشتەی گرتبوو و وردەوردە پەلی بۆ سەر لاجانگ و پشتی ملی دەهاویشت. گریان و ناڵەی خەڵکەکە لە سەریدا دەزرنگایەوە. هەندێک جاریش تایەکی کەمی لێ دەهات و لە پڕ دەڕەوێەوە و موچووڕکێکی سەرما، بروسکەئاسایی، لە پەنجەکانی پێیەوە بە قوولایی لەشیدا ڕووەو تەپڵی سەری دەڕۆیشت. ئیتر دەمێک تا و دەمێک لەرز. جارێک چینێک ئارەق سارد و جارێک سەرمایەکی چڕی کتوپڕ، بە تەواوی تەنگیان پێ هەڵ چنیبوو.

ئێستا بە ڕێگا گشتیەکەدا لە تەنیشت جادەقیرتاوەکەوە نەدەڕۆیشتن و زۆر لایان دابوو. جارجار لە دوورەوە ڕێگایەکیان دەبینیەوە و سوکنایی بە دڵیاندا دەهات. ئەوانەیان کە هێشتا هۆشی چەند سەعاتێک تەندروستیی لە کەللەیاندا مابوو، لە بەر مین نەیاندەوێرا لە هەموو ڕێگایەکەوە بڕۆن، هەرچەندە بە گشتیی هەموو کۆنەڕێ و بزنەڕێ و تووڵەڕێیەکیان دەگرتە بەر.

فریشتە وردەوردە لە ئازار و ئەشکەنجەی ڕێگاکوتین ئاشنا دەبوو، ئەوەندەی ئاوەڕ لە منداڵی پێخاوس و پیرەپیاو و پیرەژن دابووەوە ڕێگاکەی خۆیان دوو قات درێژ بووبوو. کاک فەرهاد رۆق لە ئەم کارە نەدەبووەوە، بەڵام هەندێک جار لە ئەوە دەچوو بپرسێت ئاخۆ پێویستە ئەمان ئەو ئەرکەش بخەنە سەرشانی خۆیان و ئەم هەموو دەردە بکەن بە بار بە سەر خۆیانەوە. لە هەمانکاتیشدا لە دڵانبەخۆداگرتن و هەناسەدرێژیی و ئارامیی فریشتە سەری سووڕ دەما.

فریشتە ڕووداو و کارەساتی زۆر بینی. منداڵی مردوو، پیرەپیاو و پیرەژنی مردوو، کەنەفت و کەمئەندامی لە قوڕدا چەقیو، منداڵانی ون، دایکوباوکی بە شەڕهاتوو و لە یەک تووڕە و ... زۆر شتی تر. ئەوەی کە زۆر ئازاری دا بینینی ئەو منداڵانە بوو کە بە بەرچاوی هەموویانەوە گیانیان دەر دەچوو، یەک کەس نەیدەتووانی دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات.

وەک هەموو جارێکی تر هەر گریان بوو. گریان بووبوو بە زاڵترین خەسڵەتی ئەم حەشەماتە.

گریان و گریان و گریان!

مرۆڤ نەیدەتووانی خۆی بە بیستنی ئەو گریانانە ڕابهێنێت، هەروەک ئاوازی موزیک بە هەزاران ئاوازی گریانیش هەبوون. هەر گریانە و بە جۆرێک و بە هەوایەک بوو، هەر یەکە و بە شێوەیەک بیسەری دەتەزاند و دەهەژاند.

جاری وا هەبوو زریکەی منداڵێک، یان زریکەی ترسی ژنێکی ژێر جۆرێک لە هەڕەشە هەموو دەنگە گریانەکانی تری بۆ چەند چرکەیەک دەشاردەوە و خەڵک دەکەوتنە مقۆمقۆ و ئاوەڕ دانەوە، بەڵام ئەمانە تەنها سەبارەت بە ئەم دەوروبەرەی ئەمان بوو، دەنا مرۆڤ لە دوویشەوە گریان و هاوار و زریکەی دەبیست. لە دوورەوە تارمایی و سێبەری مرۆڤ دەبینرا. تارماییەکان دەکەوتن، هی وایان هەبوو پاش چەندین تەقلە و تلۆربوونەوە ڕادەوەستان و زۆری دەخایاند تا هەڵ دەستانەوە. جاری وا هەبوو تارمایی بە تاک و تارمایی بە کۆمەڵ لە خۆیانیان دەدا و سینگیان دەکوتا. تارمایی هەبوو لە دوورەوە هەر لە بەردێک یان پارچە تەختەیەکی دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم تارماییەکی تر ڕوواوڕووی دەهات و دەچەمیەوە و باوەشی پیادا دەکرد و بەرزی دەکردەوە. ئیتر هەردوو تارماییەکە دەکەوتنەوە جووڵە. تارماییەکی درێژ و یەکێکی زۆر کورت.

بە بەردەوامییش یەک ڕیز تارمایی بە دووای یەک و بە دەوری یەکدا دەهاتن و دەچوون، سەیر سەیر، هێندە سەیر کە هەر لە شاشەی سینەمایەک دەچوو.

فریشتە هەر بە دەم ئاوەڕدانەوە و پێچکردنەوەوە دەڕۆیشت و لە پڕ کەوت بە سەر لۆرکێدا و لۆرکێش کەوت بە سەر کوردۆدا و دەنگی گریانی کوردۆ بەرز بووەوە.

کە کاک فەرهاد و ناسکۆڵ بە خۆیان و لایتەکانیانەوە گەیشتنە سەریان خۆیان خەریک بوون ڕاست دەبوونەوە. لایتەکەی فریشتە کە لە دەستی کەوتبووە خوارەوە لە ئەولاوە بە داگیرساوی لە قوڕاوەکە چەقی بوو. هەندێک وردە دار بە لەپی دەستی کوردۆدا چەقیبوون و دەموچاویشی لە قوڕاوەکە هەڵسوا بوو. بە دەم کەوتنیشەوە کە کەوتبووە ناو چاڵاوێکەوە کە ئاوا بستێک قووڵ بوو، خراپ ترسابوو. دەنا هیچی وای نەبوو بۆ خەم ببێت.

سەیرێکی فریشتەی کرد و بە دەنگێکی بە شەرمەوە، گوتی:

- ببووره فریشتە خان کە لە بەردەمتا وەستا بووم، هیچم نەدەبینی.

فریشتەش بە پەلە سەروچاوی سڕی و دەستی گرت و بە هەڵەی خۆیی دەزانی کە کەوتبوو بە سەریدا.

- وەرە بە قوربان، با پێکەوە بڕۆین، هیچ نەبێ لایتێکی قوڕاویمان پێیە.

هەموو دایانە پێکەنین و دەستیان کردەوە بە ڕۆیشتن.

فریشتە تێنەدەگەیشت بۆچی قسەیەکی ئاوا بیانهێنێتە پێکەنین. ئەو مرۆڤە ئاقڵە کێ بوو کە گوتوویەتی "مرۆڤە دڵ بە ئازارەکان زوو بە پێکەنین دێن"؟ ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە ئازار گەیشتبووە مۆخیان و دەمێک بوو دڵیان تەزی بوو. بەڵام ئایا ئەمە دووا پلەی ئازار بوو؟

ئازار بە کاتە و دەتووانێت کورت یا درێژماوە بێت، بەڵام ئایا پلەشی هەیە؟

ئەم پرسیارە فریشتەی زۆر دەترساند. ئازار هەر زۆر ڕێژەییە. ئەمان لە چاو خەڵکی تردا هەر هیچیان بە سەردا نەهاتبوو. نیوەی ڕێگاکە زیاتر بە سواری ئوتومبێل هاتبوون ... ئێستا لە پڕ بیری خۆیی دەکەوتەوە. گەر بهاتایە و ئەو منداڵەی لە بار خۆی نەبردایە چی

ڕووی دەدا؟ بە خۆپی و منداڵێکەوە هەڵکوت هەڵکوت، ئینجا خەمی شیر و جلکوبەرگ و نەخۆشی.

بێگومان شێرکۆکەی ئەمیش دەمرد.

خەمی مەرگ!

لەگەڵ مەرگدا چی پێ دەکرا؟!

بەڵام ئێستا هەر خۆی بوو بەس، یەکەم شاژنی جیهان. خۆی و خۆی و خۆی.

ئەم قسانە تۆزێک گەرماییان گەیاندەوە دڵی و هێنایانەوە بەر خۆی، بەڵام تۆپەڵە ئازاری درکاوی کە کاریان بە باری باشەدا دەڕۆیشت و فریشتەیان دەبینی کە گڵۆڵەی کەوتووەتە لێژپی، تینیان دەدایە بەر خۆیان و وەک گورگی برسی کەوتبوونە هەڵمژینی خۆشاو و داکرۆشتنی نەرمەگۆشتی نێچیرێکی تازە پێکراو.

کات بووبوو بە نزیکەی شەشی بەیانی و تازە دەنگ بەرەو دوواوە دەهات کە وا دەگەنە دووجەیلە. فریشتە بە ئەم جۆرە هەواڵانە هەڵ نەدەخەڵەتا و دەیزانی گەر دووجەیلە بێتە پێش چاویشی هێشتا هەر سەعاتە ڕێپەکیان دەمێنێت تا دەیگەنێ. لە هەمانکاتدا فریشتە دڵفێنکی ئەوە بوو کە ئازادی لەگەڵدا نییە تێی بخورێت و قسەی ڕەق پێ بڵێت و دەستووری پێ بدات و تەنانەت سیخورمەشی تێوە بژەنێت. کێ دەڵێ فشاری ئازار زۆری بۆ ئازاد نەدەهێنا لە ناو خەڵکەکەشدا لە بەرچاوی هەموویاندا تێی بسرەوێنێت و لێی بدات.

هەموو ئەم بیر و خەیاڵانە تێکەڵاو بە موچووڕکە ساردەکان، دنگەدنگێکیان لە قووڵایی ناوچاوانیدا دروست کردبوو کە زۆری بۆ خۆی دەهێنا پێڵووەکانی چاوی هەڵبهێنێت.

نەیدەزانی ئاخۆ تەنیا هۆی ماندووبوون و ڕێگا کوتینەکەیە یاخود سەرماشی بووە. لەبەر خۆیەوە دەیگوت هەر هەڵامەت نەبێت، باشە.

پوورەئەڵماسیش لاسایی یەک دوو کەسی کەمێک دوور لە خۆی دەکردەوە کە بە دەنگی بەرز باسی ئەوەیان دەکرد کوردی ئێران زوو دەچن بە پیریانەوە و یارمەتییا ن دەدەن.

لە ژێر لێوەوە و لە بەر خۆیەوە وەڵامی دەدانەوە:

"هێشتا خەروارێک قەرزی کۆنتان لە سەرە. ئەم جارەش نان و ئاویان ژەهری مار کەن، خۆیان زۆریان هەیە!".

- باشە، ئەو پیاوە بۆ وا کێچ کەوتبووە شەڕواڵەکەیەوە؟

دووجەیلە، ١٩٩١/٤/٦، دووشەممە

ڕووناکیی خۆر بە ئاسماندا بڵاو بووبووەوە و هەورە چڕەکە وەک ئەوەی نیوەشەو تاریک دیار نەبوو.مرۆڤ دەیتووانی بەرچاوی خۆی ببینێت و شت لە یەکتر جیا بکاتەوە. بارانەکە هەر بە بەردەوامیی دەباری. لە ئاسمانی عەربەتیشدا کە ئەمان لە بەرزاییەکەی خۆیانەوە لێیان دەڕووانی، ساماڵی کردبوو و زۆر ڕووناک دیار بوو.مرۆڤ نەیدەیتووانی پێشبینی بکات کە ساماڵییەکە لای ئەمانیش دەگرێتەوە یان سەربەرەوخوارتر ڕووەو سلێمانی دەچێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هیوا هەر هیوا بوو، نەیاندەویست لە دەستی بدەن.

فریشتە و ناسکۆڵ ماوەیەک بوو پێکەوە لە دووای لۆرکێ و کوردۆوە دەڕۆیشتن و قسەوباسی خۆیانیان دەکرد. گوێیان لێ بوو خەڵک باسی منداڵی ون و مردوو و ئاوبردوو و شتی وایان دەکرد. سەروسیمای خەڵکەکە زەردهەڵگەڕاو و بۆرهەڵگەڕاو بوو، برسیەتیی و سەرما زۆری بۆ هێنا بوون.

لە دووڕەوە کە دووجەیلەیان دەبینی لە بەر خەڵک هێندە ڕەش دەچووەوە لە ئەوە دەچوو زەمانی پادشایان بێت و لە شکرێک بۆ خۆئامادەکردن و خۆپێچانەوە مۆڵگای هەڵ دابێت. گڕی ئاگر لە سەدان شوێنەوە بەرز بووبوونەوە. هەندێک بچووک و هەندێک گەورەتر، تێکەڵاو بە دووکەڵێکی سپی کە لە ناو دڕەختە تەڕە بێ گەڵاکانەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە. هەندێک لە ئاگرەکان هێندە گەورەبوون مرۆڤ هەر لە دووڕەوە هەستێکی گەرمایی دەگەیشتە دەروونی و زۆر خۆڕسکیانە ڕەوتی ڕۆیشتنی دەگۆڕی بۆ نەرمەلۆقەیەکی دڵشادیی، وەک ئەوەی مرۆڤ بە خۆی بڵێت "ئێستا نا ئێستا منیش دەیگەمێ".

کاتێک گەیشتنە دووجەیلە بارانەکە بە نمە دەباری، بە شێوەیەکی وا کە مرۆڤ دەیتووانی بڵێت خۆشی کردووەتەوە، بەڵام کزەبایەکە سەرمایەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە هەرگیز لە بەرەبەیانی مانگی چواری نەدەکرد، یان دەیکرد و فریشتە نەیدەزانی.

ئەم پرسیارە کەمێک مەژغوڵی کرد. بەیانیانی سەرەتای بەهاری سلێمانی فێنک بوو، گەر مرۆڤ بە توێژی کراسێکەوە بووایە خۆی هەڵ دەگوشی، بەڵام ئەم بەرەبەیانییە وا سارد بوو کەم کەس هەبوو هەڵ نەلەرزێت. سەرمایەک کە خۆی دەخزاندە نێو مۆخی مرۆڤەوە.

ئاگرەکان زۆر لە ئەوە زیاتر بوون کە ئەمان لە دوورەوە دەیانبینی. هەر لقوپۆپی درەخت بوون دەشکێندران و هەڵاهەڵا دەکران و فڕێ دەدرانە نێو ئاگرەوە. بڵێسەی ئاگر بە خۆبادانەوە بە باڵای زەلامێک هەڵ دەچوون و شاڵاوەچنگی بڵێسەی بۆ هەر چواردەوری خۆیان دەبرد. ئەو شاڵاوەچنگانە بۆ گەرمکردنەوەی مرۆڤەکان نەبوون. ئاگرەکان لە هەموو ئەم مرۆڤانە تووڕە بوو کە بێدەربەستانە و لووت لە ئاسمان و بێخەم درەختی ئەو نیشتیمانەیان دەکرد بە قوربانی.

ئەمان زۆر لە ڕێگاکەوە دوور بوون، بە سەر تەختایی گردۆلکەیەکەوە نیشتنەوە هەروەک کۆلارەیەک بن، جەستە و ڕۆحیان دوور لەیەک بوو. لە سەرەتادا ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە لە ئەو ناوەدا ئاگریان کردبووەوە ڕووخساریان زۆر بەخێرنەهێنەر دیار بوو، دەتگوت ئاگرەکەیان بە هاتنی سێ چوار کەسی نوێ، سارد دەبێتەوە. ئاگریش چی، تووڕە لە مرۆڤەکان و لە بەختی هەڵکەوتەی جوگرافیان، لە تووانایاندا هەبوو بە سەدان کەسی لەرزلێهاتوو گەرم بکاتەوە. تازە بە تازە لە هەرە هەڕەتی خۆهێنان و خۆبردندا بوون.

پاش چاک و چۆنی و هەندێک قسەی ناپێویست، هەموو تووانیان سەروچاوی یەکتر ببینن و لە ژێر ڕێچبوونەوەی تینی ئاگرەکەدا لە یەک بڕووانن. ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو، هەروەک دەستیان لێ وەشابێت – فریشتە بۆ وێنە دەگەڕا – یان هەر وەک ئاوی نزای خێر بە گەرووياندا کرابێت، یان نووشتەیەکیان لە سەر بەتاڵ بووبێتەوە – ئەمەیانی

زیاتر بە دڵ بوو – خەڵکەکە یەکسەر گۆڕان و جێی نوێی باشتریان کردەوە. بە "فەرموون، فەرموون" و "یا خوا بەخێر بێن" دایان گرتنەوە. یەکێکیان دەنگی لێ هەڵبڕی:

- هەر ئاگر زۆرە، وەرنە پێشێ، کورە باوکم گەر خەڵک یەک بێت، ئاگر چییە؟

لە ئەوە دەچوو کابرا گەرمی بووبێتەوە. لە سەر سامانێکیش کە بە هی خۆیان نەدەزانی، تا بڵێی سەغی بوون. "وەرن بابە هەر ئاگر زۆرە. ئەم وڵاتە ئەوەندەی دار هەیە بەشی سەد ساڵمان ئەکا، باوکم، بە شەرەفم، بەشی هەزار ساڵیشمان ئەکا، وەرنە پێشێ، وەرنە پێشێ".

ئەوانەی تریش دوودوو سێسێ بۆیان دەسەندەوە. قسەکان تا بڵێی ناپێویست و ناشاز بوون، بەڵام هەر چۆنیەک بێت وشەی باش بوون و مرۆڤ نەیدەتووانی دەست بە ڕوویانەوە بنێت. ئەمان لە ئەم قسانەدا بوون کە بۆنی گۆشت و سووتانی چەوری پەیدا بوو. ئەوانەی لە ئەو ناوەدا نزیک بوون و بۆنەکە زوو دەگەیشتە لووتیان، یەکسەر دەکەوتنە ملەقوڕێ. لە ناو خەڵکەکەشدا بوو بە مقۆمقۆ. کاک فەرهاد و چەند کەسێکی تر ڕووەو و سەرچاوەی بۆنەکە ڕۆیشتن. ئاوا سەعاتێکیان پێ چوو تا هاتنەوە.

باسیان کرد کە پیاوێکی زلی چوارشانە دوو گای گەورەی هەڵواسیووە و کەوڵی کردوون و گۆشتەکە دەبەخشێتەوە. زووزووش دەڵێت ماڵەکە کەسی لێ نەبووە و پارەی گاکانی بۆ خستوونەتە سەر ڕەفەکەیان. خەڵکەکەی قەناعەت پێ دەکرد کە "هەموومان موسڵمانین و موسڵمانیی بۆ ڕۆژی وا باشە و خوا ئاگای لە ئەمانیش و لە خاوەن گاکانیشە". خەڵکە برسیەکە بۆنی گۆشت چوو بووە ژێر پێستیان. کەیفیان بە قسەی کابرا دەهات و زۆریشیان پێی خۆش بوو کە خودا هەم ئەمان تێر دەکات و هەم لێیان خۆش دەبێت و هەم جەزای خاوەنی گاکانیش دەداتەوە. چەند باشە کە لە ناوەڕاستی ئەو هەموو ناهەمواریەدا خودایەکی وا دڵسۆز و میهرەبان و بەخشندەیان هەیە.

ئیتر لە کوێ کڕیبوونی و هی چ ماڵێک بوون لە ئەو پرسیارانە بوون کەس نەیدەویست بیانکات و بپرسێت. هەموو کەسێک لە گومانی ئەوەدا بوو کە نەکا شتێک ڕاست

دەرنەچێت و ببێت بە هەرا و لە خواردنی گۆشتەکە و سکتێر بوون بێ بەش بن. بێدەنگیی هەزار وشەی دەهێنا.

تامی گۆشتەکە بە سەر هەموو پرسیارێکدا زاڵ بوو.

فریشتە نەیدەزانی قسەی خۆیەتی یان کەسێکی تر گوتویەتی کە کێلونی داخستنی قاپی ویژدانی مرۆڤ لە دەمیەوەیەتی.

کاک فەرهاد هێندەی گۆشت لەگەڵ خۆیدا هێنابوو بە ئاسانیی بەشی دەکردن. هەموو لایەکیش نان و وردە شتی خۆیان پێ بوو، بۆ نموونە چا، شەکرد، خوێ. لە ئەوە دەچوو خەڵک هیچیان لە بیر نەچووبێت.

وا پێ دەچێت لە هەموو کاروانێکدا چەند کەسێکی قایمکاری تیادا بێت.

ئیتر گۆشت دەکرا بە دارێکی درێژەوە و ڕەوانەی ناو ئاگر دەکرا. لە چەند هەناسەیەکدا گۆشتە دەستی دەکرد بە کەف و چڕبوونەوە و کزەکز و دەبرژا. ئاگرەکە تۆڵەی دارەکانی خۆیی لە گۆشتێکی تر دەستاند.

پلەگۆشت بە گەرمیی دەخرایە دەمەوە و زۆر جار بە نەجووراوی قووت دەدرا.

دەمێک ڕوو لە ئاگر و دەمێک پشت لە ئاگر، هەڵمی وشکبوونەوە لە هەموو لایەکی مرۆڤەوە بەرز دەبووەوە. تا نان خورا و چایی خورایەوە و دەمەتەقێی لابەلایی پەیدا بوو هەموویان بە باشیی وشک بووبوونەوە. بە ڕاستیش گەرمیان هاتبووەوە، بەڵام فریشتە هەر لە ناخیەوە سەرمای بوو.

خەریک بوو لە ژێر ماندوویەتیەکەدا فس دەبوو. خواخوای ئەوەی بوو بڕیار بدەن و لێرە هەواری لێ هەڵ بدەن. تۆ بڵێی بە ئەوە ڕازی بین، تۆ بڵێی بتووانێت ڕازیان بکات، ئەی ئەگەر پرسیار لە بارەی خواردن و خواردنەوە بکەن، ئەم چیان وەڵام بداتەوە، یان لە کوێ پەیدای بکەن؟ نا، ناتووانن لێرە بمێننەوە، بەڵام خۆ دەتووانن بە لایەنی کەمەوە تا تامەزرۆیی دڵیان دەشکێت لێرە بمێننەوە.

لە ناخی خۆیدا ئەوەندە لەگەڵ خۆی دەدووا و کەمێکی تریش لە ئاگرەکە دەچووە پێشەوە. دوو ژنەکەی تریش کە هەر زۆر بێدەنگ بوون وەک ئەم خۆیان بە ئاگرەکەوە نووساندبوو و خۆیان تەسلیمی بڵێسەکان دەکرد. جار جار سەیرێکی یەکیان دەکرد و هیچیان نەدەگوت. نانیشیان زۆر نەخوارد، نەشدەتلیقانەوە. دیار بوون دڵیان لە شوێنێکی تر بوو، بەڵام ئەوە ئاشکرا بوو کە ئاگرەکەیان خۆش دەویست و بە تەما نەبوون لێی دوور بەکەونەوە.

هەرچی پیاوەکان و دوو کوڕە گەنجەکە بوون لە هەوای خۆیاندا بوون. خواردنی چاکیان خواردبوو، ئێسکەکانیان کڕاندبووەوە و کەوتبوونە سەر باسی بیرە و ویسکی و ئارەق. فریشتە تێ نەدەگەیشت ئاخۆ ئێسک کڕاندنەوە و ئارەق خواردنەوە تا چ ڕادەیەک لێک نیک بن. سەری لە ئەو دونیا تایبەتییە دەر نەدەکرد.

سەر و جگەرەیشیان نابوو بە لێویانەوە و بە سەرەبزووتکی باریک دایان دەگیرساندن و چای گەرمیان بە سەردا دەکرد.

ئەرێ ئەم وێنەیەی لە کوێ بینیبوو؟

کاتێک مرۆڤ بە وردیی لێی دەڕووانین، هەر لە سەیران دەچوو.

هەر لە دووریی ملبادانێکەوە یان هەر ئەوەندەی پێڵووی چاو موویەک بەرز بکرایەتەوە، منداڵ و پیرەژنی هەڵەرزاوی برسی دەبینران کە بە دیار چەند چیلکەیەکی تەڕی بە دووکەڵەوە هەڵ دەلەرزین. هێندەیان فوو لە ئەو ئاگرە بێ خولقە کردبوو کە لە بەر ئاوی چاویان و کۆخەکۆخ هیچی تریان پێ نەدەکرا.

هەژارەکان لە هیچ شوێنێک دەوڵەمەند نیین.

فریشتە لە ناخی دڵییەوە دەیویست بڕووات و یارمەتیەکیان بدات بەڵام هێزی ئەژنۆی نەیدەهێنا.

کاتی خۆی پێش ئەوەی باوکی بچێت بۆ حەج مام خدری دەراوسێیان کە سێ حەجی کردبوو لە ماڵیان میوان بوو و قسەی بۆ باوکی ئەم دەکرد:

- هێندە بیر لە پارەکەی مەکەرەوە بێخود. من کە لە یەکەم حەجم گەڕامەوە تا سێ مانگیش کەس لە رووی نەدەهات سەواو معامەلە ئەم لەگەڵدا بکات، بە خوا پێم وایە بە دوو هەفتە پارەکەیم دەرهێنایەوە.

ئینجا دەستی بە سەر و سمێڵی خۆیدا هێنا و کەمێک سەری لە باوکی فریشتە هێنایە پێشەوە: ئێ خێرەکەش کە هەر باس ناکرێ لە ئەولاوە بووەستێ!

- ئاخر ...

- ئاخر و ماخری پێ ناوێ بێ قەزا بی، تۆش لەگەڵمان پێک وەرە با زیاتر گل بەینەوە. گلیان ئەیەینەوە تا گران ئەبن، ئینجا ئەیانهێنینە دەرەوە و ئەیانفرۆشینەوە. هەر کە نرخیان هاتەوە خواری دووبارە ئەیانشارینەوە. بە دوو جار دەئاوسێی. خوا تازە نەفرەتی لە ئەم قەومە پیسە کردووە بێخود، ئیتر من و تۆ بیکەین باشترە، نەیکەین فایەی چییە؟

دەنگی ناسازی کوڕەکان هێنایەوە بۆ شوێنی خۆی. پیاوەکان و دوو کوڕە گەنجەکەیش ئەوەیان ناخۆش بوو کە قسەخۆش و تەڕباس نەبوون، بەڵکو هەر لە قسەی وشک و فشە و خۆهەڵکێشان و خۆنووساندنا بوون. ژنەکانیش هەروەک لە خوێندا گیرا بن و بە مۆمیا کرابن، بە دیار ئاگرەکەوە ڕاوەستا بوون و ورتەیان نەدەهات.

خودێ! های های خودێ!

گەر ئەو شارە بڕووخێنیت بە سەر فشەدا دەیڕووخێنیت. خودێ، های های خودێ! نەفرەتت زۆرن!

یان ئەوەتا مرۆڤ لە بەهەشت دەردەکەیت یان دەیانکەیت بە مەیموون یان وەک خۆمان و عەرەب پەرت و پەڕەوازەمان دەکەیت.

یان ئەوەتا وەک ئەم شارە تووشی فشەیان دەکەیت، بە فشە ماڵیان دەڕمێنیت و بە گۆڕی بابیاندا دەڕێ.

کورێکیان، سی ساڵێک دیار بوو – یان ڕێگاکە کوتابووی و لە سی ساڵ دەچوو – دیاریش بوو لە یەکێک لە ژنەکانەوە نزیک بو، بەڵام ڕوون نەبوو وەک چی، برا، ئامۆزا، مێرد؟ مرۆڤ تێ نەدەگەیشت.

کورە، دەستی ڕاستی خستبووە ناو پزووی شەروالەکەیەوە و جار جارێک لە ناسکۆڵی دەڕووانی، هەر وەک مێبازێی لەگەڵدا بکات. ناسکۆڵی ساختەچیش تێی دەڕووانیەوە و لە ئەم دیو بڵێسەی ئاگرەکەوە سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکرد. کورەش تین گەیشتبووە دڵی و ڕێگای نوێ بۆ باوباو دەدۆزیەوە. پێکەنینە شیرینەکەی ناسکۆڵ کە ئێستا زیاتر بە قەستی دەیکرد و مەبەستی هەڵدانی کورە بوو، ئەوەندەی تر ئارامی لە بەرکورە بڕی بوو.

ناسکۆڵ جارجار خۆی بە لای گوێی فریشتەدا لار دەکردەوە هەر وەک شتێک بە گوێی فریشتەدا بچرپێنێت کە لە ڕاستییدا هیچی نەدەگوت. لە هەمانکاتیشدا لایەکی ڕووخساری هەر لە سەر کورە بوو و هەر بە تیلەی چاو تێی دەڕووانی، بەڵام بە تیلەچاوێکی برسی، نیگایەکی خوازیار...

کورەش هەر خۆی دەهێنا و دەبرد. لە پڕێکدا ناسکۆڵ بە تەواوی ڕووی لە کورە کرد وەک بە ئاشکرا بیەوێت بیدوێنێت، کابراش وەک مار پێوەی دابێت بە حەپەساوییەوە سەیری دەکرد. ناسکۆڵ یەک دوو جار بە سەر ئاماژەی بۆ فریشتە کرد و لە کابرای گەیاند کە فریشتە بابەتە. فریشتەش خۆی خستبووە سەر باڵی بڵێسەکانی ئاگرەکە و لە ناویاندا توابووە و هەر بە جەستە لە دەرەوە مابوو، دەنا ڕۆحی لە ناو ئاگرەکەدا لە گەڵ گەرمییەکەدا سەمای دەکرد و ئاگای لە هیچ زیندەوەرێکی ئەم جیهانە نەمابوو.

ناسکۆڵ هەر ئەوەندەی کرد و تەواو.

کورە قیبلەی خۆی گۆڕی و ئینجا ڕووی لە فریشتە کرد. نە جارێک و نە دووان. بە دەیان جار خۆی هێنا و برد و دەیویست بە قسەی لە پڕ و بە دەنگی بەرز سەرنجی فریشتە بە

لای خۆیدا ڕابکێشێت. تا فریشتە تێگەیشت کابرا خەریک بوو لە پەل و پۆ دەکەوت. کاک فەرهادیش بە مەسەلەکی زانی و چووە لای ناسکۆڵەوە و بە نەرمیی تێی خوڕی "چەتیو ئەمە هەمووی فیتی تۆیە". بەڵام زیاتر بە سوعبەتەوە گوتی. ناسکۆڵیش بە سیخورمەی نەرم لە کاکی دەدا کە قسە نەکات و تەماشا بکات.

کوڕە هەر لە وردە چاوبڕکێ و سەرەسڵاو و زەردەخەنەی دروستکراوی خۆیدا بوو. فریشتەش پێکەنینی بە ئەو هەموو نەگبەتیی و مێشکە کڵۆڵە دەهات کە هەموویان پەیتا پەیتا ڕیشیان بە تووشیەوەی دەبوو. کوڕە خەریک بوو ناخۆشی دەکرد کە ئیتر فریشتە یەک دوو مۆڕەی زۆر جیددی لێ کرد و لێی خێس بووەوە. ئەوەندەی بڵێیت یەک و دوو، کوڕە چووەوە ناو قاوغەکەی خۆی و پاشەکشێی کرد.

ناسکۆڵ هاتە لای فریشتەوە و نەیتوانی پێکەنینەکەی خۆی بشارێتەوە.

- ئەوە چییە، خەڵک لە باوکەڕۆدان و تۆش بە دووای پیاودا دەگەڕێیت؟
- ئاگرەکە بە تەنیا گەرمم ناکاتەوە.
- ڕۆڵە تۆ جارێ ئەو پیاوەی خۆت بە لایەکدا بخە ئینجا خۆت تووشی دانەیەکی تازە بکە، لێمان مەبە بە خەجێ دووپیاوە.

ئینجا دایە قاقای پێکەنین و هەرچەندە دەستیشی بە دەمیەوە گرتبوو هێشتا پێکەنینەکە هەر لە ئاسماندا شەپۆلی دەدا.

- بەربووکەکەی دۆڵەزیوت بیستووە؟ بە شەرتی ئەوە کردوویەتی خۆی پێش بووکێ لەگەڵ زاوادا بیکات. فەقیرە چی بکات؟ گوتویەتی نەکا زاوا شتێکی زلی هەبێت و لە ژێریدا دەرنەچێت. هەستی خۆقوربانیکردن دایکی ئەم میللەتەیە.

دووبارە پێکەنینی بەرز و تلیقانەوە.

خەڵکەکەی چواردەوریان لە دووڕەوە ئاگایان لە باسەکە نەبوو، وەک مەلی بەچینە ملەقوتێیان بە دووای دەنگی پێکەنینەکەدا دەکرد. کوڕەش هێندەی تر چووبووە

قاوغەکەی خۆی و لە ژێر فشاری کچی شاردا وەک ژیشک لوولی خواردبوو. دوو ژنەکەش کەمێک سەریان بە لای ناسکۆڵ و فریشتەدا با دابوو، هەر وەک سەیری هیچ نەکەن وا بوون.

لۆرکێ و کوردۆش لە ئەولاوە بە جووتە خەریکی قسەوباسی خۆیان بوون.

فریشتە نوقوورچێکی لە باڵی ناسکۆڵ گرت و بە ددانەکیرێیەکەوە پێی گوت:

- دەڵەقۆڕ، ئەزانم ئیشی تۆیە، با بگەینە شوێنی خۆی.

ناسکۆڵ هەر خۆیشی تێک نە دەدا:

- باشە، بۆ ئەو پیاوە ئاوا کێچ کەوتبووە کەوڵی؟

- چووزانم، گەرمی بووەتەوە.

دیسانەوە هەردووکیان لە قاقای پێکەنینیان دایەوە. بەڵام لە بەر خەڵکەکە زوو قاقالێدانەکەیان وەستاند، هەرچەندە لە ژێرەوە هەر دەکوڵان.

کورە بە تەواوی ئارامیی لێ هەڵ گیرا بوو و قاچی زەوی نەدەگرت. پشتی کردبووە ئەمان و ڕووی کردبووە لای پیاوەکانی تر. وا خۆی نیشان دەدا کە بە ڕاستیی گوێی لێیان نەگرتووە و ئاگای لە دوواوەی نییە.

لە ئەوەشدا لە فشە نەدەکەوت.

تا دەوری دەی بەیانیی بە تەواوی پشوویان دا. بێ لە ئەوەش دووبارە سووکەقاوڵتیەکی گۆشخواردنیان کردەوە. بارانەکە هێندە بە وردە نمە بوو کە بە باران دا نەدەنرا، بە تایبەتی بۆ ئەمان کە ئەو هەموو لێزمەیە لێی دابوون. تاکە تاکە و جووت جووت خەڵک لە ژێر ئەو لق و گەڵایانەی دارەکاندا وەستابوون کە هێشتا زەفەریان پێ نەبردرا بوو و کردبوویان بە چەتر.

فریشتە دەمێک باش و دەمێک خراپ هەر لە بیرکردنەوە و سەرقاڵییدا بوو. خەمی بە ئەوە دەخوارد کە چۆن لە ئەو هەموو حەشاماتەدا خزمێک، کەسێک، ناسیاوێک نابینێت تا وەڵام و هەواڵێکیان پێ بگوازێتەوە. لە هەمانکاتیشدا گەر بشهاتایەتە ڕێی شتێکی وا نەبوو پێیان ڕابسپێرێت، بێ لە ئەوەی کە بە درۆ بڵێت باشم و لە هیچم کەم نییە. هەر وەک بۆ خۆیی دەگوت "ئەم هات و هاوارەی دڵی زیاتر بیانوو و وڕکی ئەم تایە بوو کە جار و بار بۆسەی بۆ دادەنا".

- تۆ بڵێی ژیان هەر سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی بێت؟!

نزیکەی یازدەی نیوەڕۆ بڕیاریاندا بڕۆن و لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بن.

بە باشیی خۆیان پێچابووەوە و نمەبارانەکە نەمابوو. هەوریش لە خۆخڕکردنەوە و خۆداکوتاندنەوەدا بوو. کاک فەرهاد وای پێ باش بوو بە زووترین کات بکەونە ڕێ تا هیچ نەبێت لە خۆشیەکەدا هەندیک ڕێگا ببڕن. کەس ناڕەزایی و لاریی لێ نەبوو.

هەموو کەوتنە ڕێ.

ئەم هەموو مرۆڤە ماندوو و وزە پێنەماوە هێندە بە پەلەن دەڵێیت گیان لە دەمی ئەژدیها ڕزگار دەکەن، هەر دێن و دەڕۆن و ئەم هەوراز دەبڕن پەلەی بڕینی ئەوەی تریانە و ئەوەش دەبڕن خوداخودایانە بە یەکێکی تر بگەن. خۆیان دەکوژن تا بگەنە سەر تەپۆلکەیەک و کاتێک دەگەن دوو خولەک ڕاناوەستن تا ماندوویان بشکێت و هەندێک بیر بکەنەوە. یاخود هەندێک لە جوانی و نایابی سرووشت وردە ببنەوە. یەکسەر بە سەرەوخواریيەکەدا بەرەو هەوراز و بەرەو بەرزاییەکەی بەرامبەریان گوڕی لێ دەخۆنەوە. ئەم گوڕخواردنەوەیە هەموویان دەگرێتەوە، تەنانەت ئەوانەیشیان کە لە قوڕەکەدا دەچەقن و دەگرین. ئەوانیش هەر بۆ بڕینی هەورازەکە دەگرین، بەڵام ناتووانن گوڕ بخۆنەوە و ببڕن، لە بەر ئەوە دەگرین. گریان بۆ بڕینی هەوراز و بەرزۆکە و دووایيش خلبوونەوە.

زۆربەی دڕەختەکان چرۆیان کردبوو و چرۆکانیش خۆیان کێشابوو. زۆرێکیش باران کوتابوونیەوە. لێزمەی باران بەشێکی بەرچاوی لە خونچەکان داکوتابووەوە. هەندێکیان ئازاتر و بەبەختتر بوون و ڕەنگ و شێوەی گەڵایان گرتبوو. کوردستان، بەتایبەتیی لە کاتی وا باران و تۆفاندا، هەر لە گۆڕستانێکی گەورە دەچێت. دڕەختەکان یەکێک کورت و یەکێک درێژ، بێ هیچ بەزەییەک دادەپاچران. هەموو تەڕ و ڕەش هەڵگەڕاو هەر بە مرۆڤەکان خۆیان دەچوون.

وڵاتێکی ڕەشداگیرساوی لە خوێنداگیراوی خەمگین.

ئەم کۆڕەوە نەبڕاوە بێ ئایینده‌یە بە ناو ئەم گۆڕستانە گەورە پڕ خێوەدا گمەی دەهات.

لە پڕێکدا فریشتە ڕاوەستا، جانتاکەی کۆڵی داگرت و دەستی کرد بە هەڵکۆڵینی. ناسکۆڵیش لە دوواوە لە پشتیەوە ڕاوەستابوو. خەڵکیش لە هەموو لایەوە بە لایاندا تێ دەپەڕین و هەر ئاوەڕیشیان نەدەدایەوە.

فریشتە دەفتەرە بەرباخەڵییە بچکۆلەکەی دەرهێنا و دیسانەوە بیرەوەرِی تیادا دەنووسیەوە. پاشان خستیە ناو گیرفانی چاکەتەکەیەوە و جانتاکەی دایەوە بە کۆڵیدا.

- دیارە لە سەر نوسینەوەی ڕووداوەکان سوریت، ها؟
- ئا ... ئەی چی بکەم؟ ... ئەی بۆ نا؟
- بۆ نا؟ خۆ کورد هەرگیز مێژووی خۆی نەنوسیووەتەوە، تۆ تۆزێکیان بۆ بنووسەوە، بەڵام بیرت نەچێ من بکە بە کوڕە ئازاکە، ئێ؟
- بیرم ناچێ، دەتکەم بە کچە ئازاکە.
- دەڵێن لە حەدیسدا هاتووە کورد قەت نابێت بە خاوەنی مێژووی نووسراوەی خۆی. (ناسکۆڵ بە گاڵتەوە پێی گوت). من پێم وایە ئەم یاداشتنامەیەت شتێکی لێ دێت. تۆزێک لە ئەمەوبەر باسی عەرەبت کرد، گوایا پەرتن. ئەوان پەرت کراون، بەڵام ئێمە وەک بەکتریا خۆمان پەرت دەکەین، خوا دەزانێت خۆت و یاداشتنامەکەت چیتان لێ دێت. (بە پێکەنینێکی ها ها ها ها ەوە).
- دەڵێن لە کتێبی کۆندا نووسراوە کە تۆ لە سەر ئەو دەمەت نوقوورچێک لە هینەکەت دەگیرێت، ڕەشبین، تۆ ئاگات لە قنی خۆت بێت، یەکێک بۆت نەکا بە سەرین.

هەردووکیان دەستیان بە پێکەنین کردەوە.

کەوتبوونەوە ڕێگا و بە دەم ڕۆیشتنەوە بە زەردەخەنەیەکی سەر لێوەوە لە یەکیان دەڕووانی.

- تۆ دەڵێیت نەخۆشم.
- وام نەگوتووە.
- ڕاستە، وات نەگوت! بەڵام گوتت ماندوویت و تات لێ دێت.
- وایە، بەڵام ئەوە چی بە سەر پڕ کردنەوەی یاداشتنامەوە هەیە؟
- پێوەندیی زۆرە. کە وێستت شت بنووسیت بیر دەکەیتەوە، بۆ ئەوەی باشتر ڕووداوەکان تۆمار بکەیت، زیاتر بیر دەکەیتەوە. تا زیاتر بیر بکەیتەوە مێشکت مەژغوڵتر دەبێت. تا مێشکت مەژغوڵتر بێت، بە تایبەتیی لە کاتی سەرما و برسیبووندا، خرۆکە سپیەکان کەمتر چالاک دەبن و کاری خۆیان جێبەجێ ناکەن. بە کورتێکەی تۆ لە ئەو شەڕەدا دەدۆڕێیت کە لە ناو دەمارەکانتدا بەڕپا بووە.
- ئینجا منیش ئەبم بە بەکتریایەکی گەورە و دێمە ناو سینگە گەرمە نەرمەکەتەوە.

هەردووکیان بە بێدەنگیی پێکەنین و لە یەکتریان دەڕووانی.

ناسکۆڵ بەرامبەر بە فریشتە ڕاوەستا، دەستی خستە سەر شانی و چاوی لە چاوی بڕی و بە دەنگێکی شێلگیر و دڵنیایاوە وتی:

- ئاوا بڕووات تۆ بە ئەم زووانە زۆر خراپ نەخۆش دەکەویت.
- سوپاس بۆ ئاگادارییەکەت، بەڵام تۆ جام دەگریتەوە.
- خانم، هیوادارم وا نەبێت، بەڵام دووایی دەیبینیت کە من ڕاستم.

فریشتە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و چاوێکی لێ داگرت، بەڵام هیچی نەگوت. نەیدەویست بیترسێنێت، ناسکۆڵ ڕاستی دەکرد.

نووسین و تۆمارکردن بە دەم ڕێگاوە هەر وا ئاسان نەبوو، بەڵام فریشتە شێلگیر و بڕیاردەر دیار بوو و لە سەر نووسین بەردەوام بوو. ئێستا فێر بووبوو زۆرتر هەڵوێستە بکات و زیاتر بڕووانێت و زۆرتر وردبێتەوە. جارجاریش ماسولکەی لالێوی و ڕوومەتی بۆ ناوەوە دەهێنا و دەبرد.

منداڵێک تاکێک پێڵاوی لە قوڕەکەدا لێ بەجێ دەما و بە تاکێکەوە چەند هەنگاوێک دەڕۆیشت و سەیری دەکرد زۆر بەجێماوە، دەستی دەکرد بە گریان. ژنێک کە دیار بوو دایک یان بە لایەنی کەمەوە خوشکی بوو، چەند ئاوەڕێکی پەلەی لە منداڵەکە دەدایەوە کە ئاوا دە پانزە مەترێک لێی دوور بوو، و بانگی دەکرد پێی هەڵبگرێت.

منداڵیش ئاوەڕێکی بۆ تاکە پێڵاوەکەی دەدایە و سەیرێکی دەکرد و دەنگی گریانەکەی بڵندتر دەکرد. ژنە چەند هەنگاوێک دەهاتە پێشەوە و ڕادەوەستا و دووبارە منداڵەکەی بانگ دەکردەوە.

ژنە نەیدەویست لە ئەوە زیاتر بچێتە پێشەوە. ئەو چەند هەنگاوەی بە ئارەقڕشتن و پشتئێشە بڕی بوو. نەیدەویست بیاندۆڕێنێت و لە کیس خۆی بدات. چۆن بتوانێت بە دەستی خۆی ئەو هەنگاوە شیرینانە کە هێشتا سەدای ترپەی دڵیان دەزرنگێتەوە، زیندەبەچاڵ بکات؟

چۆن ڕازی بێت بە هەنگاوێک بۆ پێشەوە و سەدان هەنگاو بۆ دوواوە؟

بۆ نا؟ دەمێک بوو ئەو کارە بووبوو بە کردەی هەموویان.

منداڵەکە لە جێی خۆیدا دەچەقی و توندتر بینی لە سەر گریانەکەی دەخوارەوە. ئێستا لە سەر لا لە نێوان ژنە و جووتە پێڵاوەکەدا دەوەستا.

پێڵاو دەکەوتە ژێر قاچی چەندین پیادەوە و هەر ئاگاشیان لێ نەبوو هی ئەو منداڵە بێت، بەڵام ژنە و منداڵ هەردووکیان هێشتا تاکەپێڵاوەکەیان هەر دەبینی. پاش چەند خولەکێک ڕاوەستان و نائومێدیی ژنە دەگەڕایەوە و بە لای منداڵەکەدا تێپەڕ دەبوو تا دەگەیشتە تاکەپێڵاوەکە. پڕی پیادا دەکرد و هەڵی دەگرتەوە و دەهاتەوە بۆ لای منداڵەکە. بە خۆشەویستییەوە توند دەینووساند بە خۆیەوە و یەک دوو جار لێی دەڕووانی. ئینجا پێڵاوەکەی دەکردەوە پێیە قوڕاوییەکەی و پەلی دەگرت و بە هەنگاوی ئەو دەستی دەکردەوە بە ڕۆیشتن.

ئەمە بە زۆریی بە سەرهاتی ئەوانەیان بوو کە لەگەڵ باراناو و قوڕ و لیتاوەکەدا سیوایان هاتبووەوە. دەنا زۆر لە ژنەکان یان پیاوانی لە کاروان بەجێماو، هەر بە نووکەشەق پێڵاوەکەیان دەگەیاندەوە لای منداڵەکە و بە تووڕەییەکی بە نەڕەوە لە منداڵەکەیان دەخوڕی کە تاکەپێڵاوەکە لە پێ بکاتەوە. منداڵیش هەر دەگریا. ئەمانیش زیاتر و زیاتر دەیانەنەڕاند و دەیانشیڕاند. منداڵەکەش لە ترسان و لە سەرما و لە خەفەتدا زیاتر دەنگی لێ هەڵدەبڕی. منداڵی تەڕ و خووساوەی زریکەلێهەستاوی شین و مۆرەوە بوو پەلی بە ئەو ناوەدا ڕادەکێشرا و بەرەو پێشەوە، بە سەر جادەی مەرگی ئێستا نا ئێستادا بە کێش دەکرا.

تا نزیکەی یەکی پاشنیوەڕۆ هێشتا باران دای نەکردبوو، بەڵام لە ئەو دەوروبەرانەدا هەورەکە وا چڕ بووبوو کە دونیا ڕەنگی نیوەشەوی پۆشیبوو و چواردەور تا چاو بڕبکات بە تەواوی ڕەش داگیرابوو. ماوەیەکی زۆر ئەم هەورە خەست و چڕە هەر دەهات و توند دەبووەوە. ناوکی حەشاماتەکەی خستبوو، چونکە هێشتا هەر دڵانی لێ جێڕ دەکردنەوە و پۆزی نیشان دەدان. حەشاماتەکە کەوتبوونە هاوارهاوار و دەنگەدەنگێک هەر لە ئەوە دەچوو هەرگیز لە ئەوە پێش بارانیان نەدیبێت و باران لێی نەدابن. گەورە هاواری لە بچووک دەکرد و بچووکیش لە داخان و لە بێدەسەڵاتییدا دەگریا و دەیزریکاند. لە ئەم بێنەوبەرەیەدا بوو کە باران دایکرد. هەموو تنۆکێک خڕ و ئەستوور و پڕ لە ئاو دەیدا بە زەویدا و گۆڵاوێکی لە دووای خۆیەوە دەشڵەقاند.

ناسکۆڵ لە دووای بە دەم ڕۆیشتنەوە باوەشی کردبوو بە فریشتەدا و لە ژێر ئەو بارانەدا بە چەناگە ختوولکەی فریشتەی دەدا.

- ها خانم، ساماڵەکە بەرەو ئێرە نەهات، قسەی خۆمان بێت لە ژێر ئەم بارانەدا دەخوسێینەوە. ئەرێ ئادەم لە قوڕ دروست کرابوو، یان حەوا؟
- ترست نەبێت! ئادەم لە قوڕ دروست کرابو، هەر پیاوەکان دەخوسێنەوە، ئێمە پەراسووی ئەوانین، گۆشت، هیچی لێ نایە.
- لە سەر بناخەی پیتاگۆرس بە ئەو مانایە دێت کە پیاوان لەگەڵ پەراسووی خۆیان ڕادەبوێرن. هاهاهاها، هێندە کوتیان پێوە ناوە کونیان تێ کردوە.

دووبارە پێکەنین و تلیقانەوە و ئینجا بە جیددی لە فریشتەی ڕووانی:

- ئینەنا خاتوون لە کوێوە ئاگای لێ بێت گەلگامشەکان چۆن ئەم ناوەیان تێک داوە و چۆن بەرەو لێواری پووکاندنەوەی دەبەن. ئافرەت، ئەی خوداوەندی ئەفین، ئەی ئافرۆ، ئەی ئافرۆدیت، کەی بە هاوارمانەوە دێیت؟
- ئینەنا خاتوون لە کوێوە چاوی لێ بێت کە پیاوانی توخمی گەلگامش لە نێو خۆشیاندا هەڵناکەن.
- ئەرێ، هەر بە ڕاستیی، بۆچی خوا ژنی بۆ پیاو دروست کردوە؟
- زانیوویەتی کە خۆیان پێ بەخێو ناکرێت، نابینی چۆن هەموویان بۆڕی پەراسووەکانی خۆیان دەدەنەوە.

پێکەنینیان تێکەڵ بە زرم و هوڕی هەورەبرووسکەکان دەبوو.

ئیتر ئەو پێڵاوەی لە قوڕدا دەچەقی و بە جێ دەما بە ئاسانیی هەڵ نەدەگیرایەوە. هەندێک شوێن ڕەق و هەندێک شوین نەرم، جارجاریش گڵەسوورێکی شلی لینج دەهاتە ڕێیان کە مرۆڤ بە چوار هەنگاو تیایدا ماندوو دەبوو و دەیان جاریش تیایدا هەڵ دەخلیسکا و بە پێش و بە پاشدا دەکەوت.

دۆزەخێک بوو مەپرسە.

ناسکۆڵی زۆر بە ئارامییەوە لە سەری ڕادەوەستا و لێی دوور نەدەکەوتەوە.

کاک فەرهاد و لۆرکێ و کوردۆش هەر ئەوەندە دوور دەکەوتنەوە کە بە چەند هەنگاوێک بگەنەوە سەر یەکتر و هەرگیز هێندە نەدەڕۆیشتن چاویان لە یەک دابڕێت. هەر لە ماڵەوە وا بڕیاریان دابوو.

فریشتە بە لێژییەکەدا دەچووە خوار کە بە هەندێک بەرز و نزمیی و تەختایی بەردەوام دەبوو و لە ئەوبەرییەوە دیسانەوە بەرز دەبووەوە دەبوو بە بەرزاییەک. لە دوورەوە لە کاتی سەربەرەوخواربوونەوەیدا، کابرایەکی پیری کۆماوەی گۆچان بە دەستی دەبینی کە سەیری بەرزاییەکەی دەکرد و لە شوێنی خۆیدا ڕاوەستابوو، خەڵکیش بە ئەملاولایدا دەڕۆیشتن.

فریشتە لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا گەیشتە لای مامەی پیر و لە پشتەوە هەندێک سەیری کرد، ئینجا چووە بەردەمی بیدوێنێت. مامەی پیر، پیاوێکی تەمەن لە حەفتا سەروتر، سەرێکی ڕووتی بێ جامانە و بێ کڵاو کە دیار بوو ماوەیەک بوو لێی کەوتبوون.

ڕیشێکی سپی نەتاشراو بە پێستێکی چرچی ڕیچنەوە تنۆک تنۆک ئاویان پیادا دەهاتە خوار. پاڵتۆیەکی پەڕۆی قاوەیی باوی شلەپەتانی لە بەردا بوو کە لە ژێر باراناودا خوسابووەوە لە هەر چوار لاوە ئاوی لێ دەچۆڕا. جووتێک پاتەی لە پێدا بوو کە لە پشتەوە لای پاژنەیەوە قڵیشابوون و زوو زوو لە پێی دادەکندران.

شەڕوانەکەی کە تا ئەژنۆی قوڕاویی بوو شایەتیی دەدا لە جارێک زیاتر چاڵاوی بینیبێت. پشتێنددەکەی تەنک و لە خۆی بێ حەوسەڵەتر دیار بوو. قۆپچەیەکی پاڵتۆکەیی لە سەرەوە بە هەڵە داخستبوو، لە بەر ئەوە بە گۆشەیەکی سەیر لە داوێنەوە خوار بووبووەوە و لە سەریشەوە، لای شانی، وای لە مامە پیرە کردبوو کۆم دیار بێت. دەستەکانی لاواز و بچکۆلە و دەمارەکانی پشتی دەستی هەموو وەک بینی بۆق لێیان دەدا و ئاویان پیادا دەچۆڕا. ئەو دەستەی گۆچانەکەی گرتبوو هەر زۆر خراپ گرمۆڵە بوو. بە سەرێکی بە لەرزەوە لە فریشتەی دەڕوانی. چاوەکانیشی لاواز و کەم هێز بوو و ئاویان تێ چووبوو.

فریشتە بە یەکجار دڵی پڕ بوو و نەیدەزانی چی بکات. پیاوە دەیڕووانیە ئەم و ئەمیش لە مێشکی خۆیدا دەیگوت: باشە مرۆڤ چی لە مرۆڤێکی وا پیر و کەساس بکات؟ تا کوێ و چەند یارمەتی بدات؟

کام زیندەوەری ئەم جیهانە هێندەی مرۆڤی تەڕ و برسی و ترساو، بچکۆلە دەبێتەوە؟

لە ئەو کاتەدا کابرایەکی زلی کەتە کە بە تەکانەوە بە تووندیی دەڕۆیشت بە زەبر خۆی لە مامەی پیرە دا و یەک دوو پێیەک بە لای فریشتەدا هەڵی دا و هەر ئاوەڕیشی لێ نەدایەوە. فریشتە کە ئەوەی بینی هەر ئەوەندەی پێ کرا یەک دوو جار لە کابرا بڕووانێت ئەگەرچی سودێکیشی نەبوو. کابرا، پاڵەوانەکەی شاری وێران لە سەر ئاهەنگی ڕۆیشتنی خۆی بۆ پێشەوە هەر بە تەکان هەنگاوی دەنا. فریشتە گەیشتە لای مامەپیرە و بە هەردوو دەستی دەموچاوی سڕی و لێی نزیکتر بووەوە. گۆچانەکەی لێ سەند و چووە ژێر باڵی. بانگی لە ناسکۆڵ کرد بچێتە ژێر باڵەکی تری و بە هەردووکیان بە هەندێک خزان و ترازاندنی پێیانەوە، مامەپیرەیان گەیاندە سەرەوە.

پیرەمێرد لە تەختایی سەر بەرزاییەکدا هەڵ دەلەرزی و دەگریا و ڕووی لە قوواڵایی ئاسمان کرد بوو.

دەپاڕایەوە؟ جوینی دەدا؟ یان بە گژ خوداکاندا دەچووەوە؟

ئەمان گوێیان لێی نەبوو و نەیاندەزانی و لێی تێنەدەگەیشتن. فریشتە بەرەو ڕووی ڕاوەستا و دەستی کرد بە دڵخۆش دانەوەی و لێی پرسی:

- مامەگیان بەرەو کوێ بەڕێوەیت؟

ئەمەی گوت و تەزوویەکی شەرم بە ناخییدا تێ پەڕبوو کاتێک گوێی لە سەدا و دەنگدانەوەی پرسیارەکەی خۆی بوو. چەند پرسیارێکی بێ مانا بوو "بەرەو کوێ بەڕێوەیت؟". چۆن بەرەو کوێ بەڕێوەیە، ئەی ئێوە، خۆتان، هەموو ئەوانەی تر، "ئەی ئێوە بەرەو کوێ بەڕێوەن؟". چەند پرسیارێکی بێ مانا بوو. بەڵام مرۆڤ چی بپرسێت و لە کوێوە دەست پێ بکات؟

لە ئەوە دەچوو مامەپیرە شەرم و بەخۆداشکاندنەوەکەی فریشتە ببینێت، چونکە بە نیگایەکی ئارامی قوڵ و هێمنەوە لە چاوەکانی فریشتەی ڕووانی:

- ڕۆڵە بە دووای ماڵی کچەکەمدا وێڵم، نازانم ڕووەو کوێ ڕۆیشتوون. پرسم کرد وتیان هەر ئەبێ لێرەوە ڕۆیشتبن. خزممان لە بیارە هەیە، ڕەنگە ئەوان زۆر پێش من بگەنە ئەوێ.
- بەڵام خاڵەگیان بیارە لێرەوە هەر زۆر دوورە.
- نا ڕۆڵە، مەگەر لە ڕۆژانێکی ئاوادا دوور بێت، دەنا من بە ئاسانیی دەمتووانی بچم.

سەری بەرز کردەوە. هەروەک بیەوێت بە چاوە کزەکانی ئاسمانی ئەودیو هەورەکە ببینێت، کەمێک سەرنجی دوور هەڵ دا. باراناوەکە بە دەموچاویدا دەهاتە خوارەوە و بە ڕوومەت و لاملیدا، بە سەر پێستیدا کە سوورهەڵگەڕا بوو و لە سەرمان ڕیچ و چرچ بووبوو، دەهاتە خوار. دەنگی گڕ و قوڵ و ماندوو.

- هەر ئەبێ بچم، کچم. کچەکەم ئاوا هەر وەک تۆ جوان و منداڵە. منداڵی زۆرە و بێ مێردیشە. مێردەکەی سێ ساڵ لە ئەمەوبەر- بە ئەسپایی کەمێک بە ئەملاوئەولادا ملی بادا و هەر وەک لە شتێک بگەڕێت لە چواردەوری خۆی ورد بووەوە – ئا لە ئەم ناوە کوژرا. هەر بە خۆڕایی کوژرا ... ئەرەوەڵا کچم.

ئەوجا سەرێکی بە لای چەپی خۆیدا بە نەرمیی بادا و دووبارەی کردەوە:

- هەر بە خۆڕایی کوژرا!

لە دووڕەوە کاک فەرهاد و لۆرکێ و کوردۆ لە ژێر بارانەکەدا ڕاوەستابوون و چاوەڕێیان دەکردن. کابرای پیرەش تەماشای دەکردن و دەیبینن. بەڵام بە دەم بینینەوە هەر دەگریا.

پووڕەئەڵماسیش هەر لە کۆتەڕەدارێکی ئەستووری پێداری دەکرد، بێ دەنگ و بێ پرس و خۆدوورگر، لە دووڕەوە ڕاوەستابوو و لە دونیای دەڕووانی.

فریشتە دەیزانی مامەپیرە شتێکی لە دڵ دایە بەڵام نایەوێت بیڵێت. ئەمیش بەلایەوە گرینگ نەبوو بیبیستێت.

ئیتر ماڵئاواییان لە مامەپیرە کرد و لە ژێر ئاسمانی بە باراندا ڕێگایان گرتەوە بەر. فریشتە چەند هەنگاوێک دوور کەوتبووەوە دەیبینی چۆن مامەپیرە لە ژێر لێزمەکەدا بە کۆماوەیی بۆ پێشەوە ملی دەنا و بە کاوەخۆ دەبزووا. بە ڕاستیی فریشتە نەیدەویست بەجێی بهێڵێت، بەڵام مامەپیرە بە ناڕاستەوخۆ پاڵی بە فریشتەوە دەنا جێی بهێڵێت. فریشتە دەیزانی شتێکی بە سەر دێت. بێهێزیی و بێکەسیی بە جووتە بکەونە هەر گیانلەبەرێک بێ مەجاز دەیکوتن بە زەویدا.

ئەمە یاسا و دەستووری سرووشتە. مرۆڤ لە مێژووی خۆیدا لە جیاتی ئەوەی ئەو یاسایە بشکێنێت هیندەی تریش بەهێزی کردبوو. خاڵە ئاشکراکە لە ئەوەدا بوو کە هیچ بوونەوەرێک ناتوانێت لە کێشە و ململانێی مانەوەدا بەشداریی بکات کە بێهێزیی و تەنیایی بوون بە ژێرخانی ژیانی. ئەو بوونەوەرە هەر زۆر زوو زەوت دەکرێت و ناوی لە دەفتەری بووندا ڕەش دەکرێتەوە.

گیروگرفتەکە لە ئەوەدا بوو کە ئەمان هەر هەموویان باش دەرکیان بە ئەو ڕاستییە دەکرد . هەر لە دووڕەوە بەزێزابوون و نەبەردییان لێ چۆڕابوو.

هەموویان هەستیان بە سەنگی دۆڕاویەتیی خۆیان دەکرد.

لە ئەو دەمەوە کەوتبوونە ڕێ تایەکی گران زۆری بۆ فریشتە هێنابوو و لێی نەدەبووەوە. بارانەکە بە سەروچاوییدا دەهاتە خوار. گەرم گەرم داهاتبوو و لە ژێر جلەکانیەوە خەریک بوو دەسووتا. ناوچاوانی بە تەواویی هاتبووە یەک و نێوان هەردوو چاوی، لە ئەوێدا کە لووتی کۆتایی دێت، ئازارێک گرتبووی، هەروەک سوژنی پیادا بکەن، دەسووتایەوە.

لەگەڵ ناسکۆڵ پێکەوە دەڕۆیشتن و جارجار زەلامێک شانێکی لە هەردووکیان دەدا و قسەکانی پێ دەبڕین. ئەمان گوێیان نە دەدایە و بەردەوام دەبوونەوە. فریشتە بە ڕاستیی

بیری بەفراوی دەکرد. هەر لەبەر ئەوەش زۆر باسیان دەکرد. چەند جارێکیش باسی ئازاد هاتە ئاراوە و هەر زووش دامرکایەوە. لە پاشاندا، لە ئەو کاتانەدا کە هەردووکیان لەبەر هۆی سروشتی بێدەنگ دەمانەوە. فریشتە بیری دەکردەوە، بۆچی یەکسەر بێ ئەوەی خۆی بخوازێت باسەکان بە سەر ئازاددا باز دەدەن. لەگەڵ ئەو هەموو گومانەیشدا خراپەی ئازادی نەدەخواست.

خراپەکردن لەگەڵ خراپەکاردا خراپکاریی دەکات بە خوو و ئینجا بە کولتور. مرۆڤایەتیی بەرگەی خوویەکی وا ناگرێت. ڕق و تۆڵە غەدریان پێ زەوت ناکرێت.

چەند خۆش بوو ئازادی ببینیایەتەوە و کارەساتەکانی ئەم دۆزەخە بیانکردایە بە پیاوێکی باش.

ڕووداوەکان فریشتەیان دەهێنایەوە بۆ شوێنی خۆی، بۆ ژێر بارانە بە خوڕەکە.

بە دەم ڕێگاوە لەگەڵ ناسکۆڵ هەر دەڕۆیشتن و قسەیان بۆ یەکتری دەسەندەوە.

تایەکە زیاتر و زیاتر تاوی بۆ فریشتە دەهێنا و چینە ئارەقی ساردی لە سەر سەرتاپای لەشی بەجێ دەهێشت. ئەمیش زیاتر تاوی دەدایە بەر خۆی و تووندتر لەسەر شێلگیریی خۆی بەردەوام بوو کە دەبێت بڕ بکات. هاوکات لە هەرە قوواڵایی ناخی خۆیدا زۆر لە خۆی بە گومان بوو بتووانێت لە سەر ئەو قیرسیچمەییە بەردەوام بێت. زۆر لە ئەوە دەترسا بەردە گەورەکەی سەرشانی لە ناوەڕاستی ئەم کێوی ژیانەدا خلۆر بێتەوە.

بە هەزار شەڕەشەق دەستی دابووە ئەم گابەردە و لە جێ خۆی جووڵاندبووی. بە هەموو هێز و تووانای خۆی تا ئەژنۆی و دووایی تا باوەش و ئینجا تا هەرە سەرشانی خۆیی هێنابوو. لە کاتی هەڵگرتنیدا هەستی دەکرد چۆن باریکایی پشتی جێڕ دەبێتەوە و لە تاو ئازار دەچێتەوە یەک. چۆن ورگی بە قووڵاییدا دەچێت، هەناسە تووندتوند دەبێت و ماسولکەکانی دەبن بە بەرد و هەموو ئەندامانی لەشی وەک شەقشەقە دەکەونە لەرزین و بە ئەملاوئەولادا دێن و دەچن. جارێک بۆ پێشەوە و جارێک بە دووادا، تا لە کۆتاییدا

هەرچۆنییەک بێت لەنگەر دەگرێت. دووایی تین بە خۆی دەدات و یەکەم هەنگاو دەنێت و دەجووڵێت.

ئەم نەک یەک هەنگاو، دەیان و بیستان و تەنانەت هەزاران هەنگاویشی نا بوو. بەرەو پێشەوە سینگی دەکوتا و بە تەما نەبوو واز بهێنێت. گابەردیش تا دەهات زیاتر خۆپی قورس دەکرد و هەموو هەوڵێکی دەدا خۆی سەربەرەوخوار تلۆر بکاتەوە. ئەو سەدایە زۆری دەترساند کە چارەنووس هەر ئەوەیە گابەرد بە نقەنق بە سەر کێوی لووتکە لەئاسماندا سەر دەخرێت و دووایيش بە ناچاریی، دژ بە ویست و خواست، تلۆر دەبێتەوە. ئیتر بەردەوام دووبارەکردنەوەی ئەم پرۆسەیە: سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی گابەرد، سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی گابەرد، سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی ... سەر ...خستن ... ڕستەکە لە مێشکیدا بووبوو بە بۆمبا و سەدان جار دەتەقیەوە.

تۆ بڵێی ژیان هەر سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی گابەرد بێت؟

هەرچەند دەیڕووانیە ئەو حەشاماتە بێ سەر و بێ بنە پەرتەوازەیە، وەڵام نەبوو.

سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی گابەرد بووبوو بە سووڕی شەیتان و لە ئەوە دەچوو خۆی سەپاندبێت.

نا، نا، بەڵێن بێت، دەبێت گابەردەکەی ژیان، گابەردەکەی هەڵپەی مانەوە، بە سەر هەموو هەوراز و نشێوێکدا سەر بخەم و تا هەرە لووتکە نەوەستم، تا هەرە ئەو شوێنەی سەختترین چیا شانازیی پێوە دەکات. ئینجا لە ئەوێدا بە کاوەخۆ، بێ هیچ پەلە و هەڵەشەیەک، بە دەستی خۆم بە چنگەکڕێ، جێگایەکی باشی بۆ خۆش بکەم و بە ئەسپایی، هەروەک مەلۆتکەیەک بێت، دابینێم. وا بینێمە سەر زەوی وەکو ئەوەی هەزاران ساڵ بێت لە ئەوێدا مابێتەوە. دەبێت وا لێی دڵنیبا بم کە هیچ هێزێک نەبێت خلۆری بکاتەوە. هیچ هێزێک ... هیچ هێزێک ... هیچ هێزێک.

یەک سەرسمی دا. بە دەم داخزینەوە هەر دوو دەستی لە حەیبەتاندا بۆ پێشەوە وەک سووپەر کرابوونەوە. دەستی چەپی لە پێشدا بە تووندی بەر زەویە ڕەقەڵانییە زبرە تەڕەکە کەوت. لەگەڵ کەوتنەکەدا خلیسکا و دەستی ڕاستیشی بە دووایدا هات و هەر بە ئەو شێوەیە لە سەر گیا و زیخەڵانەکە خلیسکا. ئینجا هەموو لەشی بە ڕووی پێشەوەیدا دای بە زەویەکەدا و لە هەموو لایەکی خۆیەوە پرژەئاوی بەرز کردەوە. لە ئەو گەرموگوڕیی کەوتنەدا ترسێکی پەلە کەللەی تەزاند و ڕایتڵەکاند. تێگەیشت تووشی زیندەخەو بووە. هەر ئەوەندەی ناسکۆڵ گەیشتە سەری و پڕی دایە، ترسەکەی ڕەویەوە و بە هاوکاری ناسکۆڵ خۆی ڕاست کردەوە.

- ئەوە کچێ ئەو تەقلەیە چی بوو؟

- بە تەمام خۆم فێر بکەم بە باز بڕۆم، هەنگاو بەس ناکات.

دووبارە پێکەنین بەڵام کەنینێکی دوور لە ئەوێ ژاکاو. کەنینێک کە هێندە بڕی نەبوو بدات لە شەقەی باڵ و بە باڵی قاقا لە ئاسماندا شەپۆل بدات. کەنینێک کە بۆ چرکەیەکیش سەرنجی کەسی ڕانەکێشا. کەنینێکی کەمڕۆ و شەپۆل کورت، هەروەک پاساریەکی تازە نەرمەپەڕ دەرکردووی لە ئەوەبەر نەفڕاو، چەند هەناسەیەک باڵی ڕەوتی خستە کار و بە نزمیی نیشتەوە.

بریسکە و تریسکە سەروسیمای جێهێشتن. دوو دەموچاوی ماندووی خەمگین بە ڕۆیشتێکی پڕ دوودڵییەوە لە یەکیان دەڕووانی و لە بەر خاتری یەکتری نەیاندەدایە پڕمەی گریان.

چەند خۆش بوو گەر بیانتووانیایە بە ئارەزووی خۆیان ، هەر چۆنیەک بیانووبیستایە، دانیشتنایە و دەستیان بە گریان بکردایە. گریانێک کە خۆی، هەروەک ئاوی سەرچاوەیەکی پەنگخواردووی سەرەتای بەهاری ژێر فشار، لە بۆهاتنێکی خۆڕسکیی و سرووشتییدا، بتەقانایە و کانیاوێکی ڕوونی هێمن و ئارامیان لە دامێن بهاتایەتە خوار.

ئەو ئازار و خەم و گومانەی هەنگاو بە هەنگاو و چرکە بە چرکە لە ناو دەماری خوێنیاندا توابوونەوە و ئاوێتەی خوێنیان بووبوون، ئینجا لە کاروانی خوێنهێنان و خوێنبردنی جەستەی ماندوویاندا هێدی هێدی گەڕابوون و گەشتێکی دوورودرێژ و تێروتەسەلیان کردبوو، بە هەموو هەناسەوەرگرت و هەناسەدانەوەیەک ئاشنابووبوون، دەیانزانی چۆن و بۆچی دڵیان دەست بە کوتەکوت دەکات، چۆن لە پڕ لە شەقەی باڵ دەدات و جاری واش هەیە هێندە خاو دەبێتەوە کە ئێستا نا ئێستا چاوەڕێی وەستانی دەکرێت.

هەموو ئەو ئازار و خەم و گومانە لە ژێر پەردەی شەرم، شکۆ، درۆی ئازایەتیی و شانازیی گیانێکی فشەکەر نەخنکێنرانایە. وازیان لێ بهێنرانایە تا بە ئازادیی خۆیان، بێ هیچ جۆرە فشار و زۆربۆهێنانێک، بهاتنایەتە دەر و باڵیان بگرتایە. ببوونایە بە گریانێک کە پڕ بە پێستی پەنەماوی خۆیان بن و بە شیوەنەوە بە شێوەی فرمێسک و لیکی دەم و لووتەوە بهاتنایەتە دەرەوە. گریان، گریان ... گریان و ژیر بوونەوە. دیسانەوە گریان تا هەرە شانەی ئازار و خەم و گومان لە کانیاوێکی تەقیودا سەر جۆگەیەکی ڕوونیی بێگەرد بکەوتایە و مالئاوایی تەواویان لە جەستە بکردایە.

بەڵام ئەم جیهانە درۆبینەی ئەمان کە بە خشتی فشە و فیز لە سەر بناخەی فشەڵەکی لەخۆڕازیبوون و خۆبەزلزانین دروست کرابوو، ڕێگای بە گریانێکی وا بێگەرد نە دەدا.

گریانی بێ وەڕی و ڕووخان، گریانی دەستبەردان و وازهێنان و ڕاکردن. گریانی ڕاستەقینەی ئازار، ئەو هەستە دەنگدار و شێوەدارەی کە بوونی مرۆڤ بەهەست دەسەلمێنێت. ئەو هەستە پاکەی کە گیانێکی فشەکەری لەخۆبایی زێدەڕۆ دەیخنکێنێت و ناهێڵێت مرۆڤ بە هەنگاوی سروشتیی پێش بکەوێت. تا هەموو کەسێک، هەروەک موسڵمان بن و لە بەردەم تاکە خوداوەندی سەر زەویدا لە سەر چۆک دانیشتبن، وبستە و خوستی ناخی دەروونی خۆیانیان هەڵ بڕشتایە و خۆیان لە ئەو بارە گرانە ڕزگار بکردایە کە هێندە سەنگین بوو نەیدەهێشت هەنگاو بنێن.

ئەو کاتە ڕەنگە ...

بەڵێ ڕەنگە هەموویان، یان بەلایەنی کەمەوە زۆربەیان، بیانتووانیایە گەردنئازادیی لە یەکتر بکەن و لە ئەم کاروانە بێ سەروبنەدا وەک دەستەخوشک و دەستەبرا، ئەم ڕێگا نەبڕاوەیە بکوتن. یاخود تەنانەت بۆ دوواشەوە، بە پێچەوانەی شەپۆلەکانەوە، بە نهێمەوە، وەرچەرخانایەتەوە.

هەموو خۆیان بە مەرد دەزانی، کەچی کەسێک نەبوو زەردەخەنەیەک، سەرلێوی بگرێت.

وا باوە مەرگ ڕاوە ژیان دەکات، کەچی ئەوان خۆیان وەدووی مەرگ وێڵ بوون.

لە دەست مەرگ، یان بەرەو مەرگ، هەڵ دەهاتن؟

تۆ بڵێی ژیان هەر سەرخستنی گابەرد و تلۆربوونەوەی بێت؟

وەک کەسێک بە دۆڵێکدا بڕووات و چیا هەزاربەهەزارەکانی سەری بە هەرەسی بەفر ئاوسا بن، وەک کەسێک لە سەر زنجیرەیەک بەردەبازی خڕ و لووسی ناو چەمێک بپەڕێیتەوە، کەس کات و بواری ئاوەڕدانەوەی نەبوو.

- ڕووی بابتان ڕەش بێ کە قنی خۆشتان پێ ناسڕێ!

دەنگ پەیدا بوو کە هەڵەبجەیان لێ دیارە، بەڵام نەیاندەزانی ئەو دەنگە لە دووری چەندێکەوە دێت. هیوا جمکی ورەیە. هەر لە بەر ئەوە نزیکیی هەڵەبجە بۆ حەشاماتەکە بوو بە وزە و ڕەوتی خەڵکەکەی توندتر کرد. ئەو ژنانەی کە ماوەیەک بوو بە پێی منداڵەکانیان دەڕۆیشتن و فێری دڕان بەخۆداگرتن بوون، ئێستا کێچ کەوتبووە کەوڵیان و وەک قامچی لە ئەسپێکی مانگرتوو هەڵسوورێنن پەلی منداڵەکانیان کێش دەکرد، هەروەک ئەوەی گەیشتن بە هەڵەبجە مژە هەوایەک بێت و ئەگەر زووبەزوو هەڵی نەمژن سیپەلکەکانیان بە فشی دەمێنێتەوە و جارێکی تر پڕ نابێتەوە. پیاوان لە ژنانیان دەخوڕی و ژنان لە منداڵان، ساخ لە نەخۆش و هەمووانیش لە پەککەوتە و کەمئەندامان تووڕە دەبوون.

وشەی "هەڵەبجە دیارە" بوو بە ئاگر و هەر یەکە و بە ئارەزووی خۆی بۆ ترساندنی ئەوی تر هەڵی دەسووڕاند.

وا دەهاتە بەر گوێ هەڵبجە هەر دەستهاوێژێک لێیانەوە دوور بێت.

هەر ڕۆیشتن و هەر نەگەیشتن و هەڵەبجە لێیان بووبوو بە سااڵنی بە وشتر حەج کردن.

لە پەڕتەوازییدا مرۆڤ پێش هەر شتێک سەبر لە دەست دەدات, تووشی ڕق و کینە دەبێت، ڕق و کینە ناخی خۆی دەخواتەوە یان بەری دەداتە هاوسەر و دۆست و ئەوانەی نزیکن. بە ئەم شێوەیە، گومان و دوودڵیی و دووڕازیی پەیدا دەبن و هەر کەس بە ئارەزوو و بە ویستی خۆی ڕێ دەکوتێت. زۆر ناخایەنێت منمن و تۆتۆییەک لە نێوان قوربانییەکان کە بە دەیان و بیستان نیین، بەڵکو بە سەدانن پەیدا دەبێت تەنیا دایک ئێرەیی بە ڕۆڵەی خۆی نابات.

ددان بە خۆداگرتن ئەوەندە مرۆڤ دەژییەنێت فریای بینینی زۆر شت بکەوێت.

ئەو چرکانەی کە زۆر جار دەبن بە تەوق و مرۆڤ خوداخودایەتی زوو بە سەر بچن، هەموو چرکەی زنجیرەیی پێکەوە بەستراوی ژیانێکە کە لە سەر هەر مرۆڤێک چەندین نرخ دەکەوێت، بەڵام ئێستا دەیویست هەموو ئەو ساتانە زوو بڕۆن و نەیانبینێتەوە.

مرۆڤ پێی خۆش بوو هەموو ئەو چرکانە بین بە ڕۆژ و هەفتە و مانگ و لە پێڵووفڕینێکدا باڵ بگرن و ئاوەڕیان لێ نەداتەوە. ئایا ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە لە هەمانکاتدا لە مردنیش نزیک دەکەونەوە؟ بەڵێ یان نەخێر، هیچ نرخ و بەهای نەبوو.

ئەوەی مێشکی فریشتەی کون دەکرد ئەوە بوو کە لەبەر خاتری مردنێکی خێرا، بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە یان لێی بەئاگا بن، باوەشیان بۆ مەرگێکی دڵنیا، بەڵام خاو دەکردەوە.

ئای لە ئەو خەراباتە!

ئای لە ئەو گوڵخەنەی ملوێنەها هەنگاویان تیادا نابوو و کەچی هەر هەستیان پێی نەدەکرد.

کات ڕۆیشت و هەنگاو نرا و وزە سوتێنرا. بە ناو دووجەیلەدا بەرەو هەڵەبجە تێ دەپەڕین. کەلاوەکانی دووجەیلە بیسمیلایەک بوون بۆ خوێندنەوەی سورەتی هەڵەبجە، بۆ دووا ئایەتی ئەنفال، ئەو پۆیلانانەی بۆ گۆڕستان دەبران، بۆ دایکان و کۆرپە نێژراوەکان.

سرووشتی جوانی دووجەیلە دەروازەی بینینی جوانی هەڵەبجەیە، دەروازەی بینینی داروبەردی بە سەریەکدا ڕووخێنراویەتی.

بە سەر گەڵا وەریوی مەرگ و لە ژێر تارماییە زەبەلاحە ئەهریمەنییەکەیدا گەیشتنە هەڵەبجە. گەیشتن بە ئەو شوێنەی تارماییەکان باوەشیان بە یەکدا کردبوو و بە سەر و بە چواردەوریاندا قەفی بازوو و سینگی بەرین و ناوقەدی ئەستووریان تێکەڵ بە یەک بووبوو. هەڵەبجە، ئەو شوێنەی ژیان پەژموورده و مەرگ تیایدا شین بووبوو و ڕەگەکانی خۆیی بە زەوی بە پیت و فەڕیدا بڵاو کردبووەوە.

گەیشتنە ئەو هەڵەبجەیەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەروەک لێدانی دڵی سلێمانی بێت، دەنگی کەڵەشاعیری ناخ پڕی لێ بەرز دەبووەوە. ئەو هەڵەبجەیەی گەر سلێمانی شۆخێک بووایە ئەم سیمای پڕ بریسکە و گەشایی و بینایی چاوانی دەبوو. ئەو هەڵەبجەیەی هەمیشە گەردنی شاری سلێمانی بوو، بەرز و ڕێک و لە نەوی نەهات، ئێستا بە دەست و قۆڵی شکێنراوەوە، بە جەستەی کون کونی خوێن لێ چۆراوەوە، بە لاقی تێکشکێنراوی کەنەفتەوە، نەیدەتووانی چاوی ماندووی هەڵ بهێنێت. نەیدەتووانی باوەشی بەخێرهێنان و ئامێزی وەرگرتن بکاتەوە.

چەند خانوویەک نەبێت کە بە پێوە مابوو، سەرتاپای ئەم شارۆچکە خنجیلەیە وێران و خاپوور بوو. کەلاوە لە دووای کەلاوە و بە سەر کەلاوەدا. شارۆڕانێکی خوێنلێچۆڕاوی هەناسەسوار. گەر بەرد و دار، گەر خانوو و گەڕەک و شار گیانیان تیادا بووایە ئێستا نالە و زریکەی ئەم شارە تۆپی ئەم زەمینە کەڕ و ڵاڵەیان دەیا جار تەقاندبووەوە.

هەنووکە ئەم شارە خەنجەر پیادا کراوە بە بێدەنگی دەگریا و دەینااڵند و حەشاماتێکی گێژخواردووی پەرتەوازەی بێ بەرنامە و بێ مەزار پیایدا بااڵو بووبوونەوە، هەر وەک قەتێیەکی تازەگیراوی باڵکراو خوێانیان دەخزاندە ژێر و هەرە بنی دار و پەردوو و لادیواری ڕووخاوی بە سەریەکدا ڕماودا.

ئێستا بکوژانی هەڵەبجە ئەم حەشاماتەیان ڕاو دەنا.

ئێستا بکوژانی هەڵەبجە لە پێش حەشاماتەکەوە هەڵ دەهاتن.

چڕەدووکەڵی ئاگری داری تەڕ و پووشی نیوەخوساو لە بن هەموو پەناپەسارێکی سێ بەرد و چوار بەردی ئەم شارە کۆستکەوتووەدا بەرز دەبووەوە. هەر خەڵک بوون خوێان دەخزاندە ناو یەک و جێگایان بە یەکتر لێڕ دەکرد.

تۆپەڵەکەی فریشتە و خێزانێکی شەرمنی تر خوێان لە ژێر گوێسووانەیەکی لاری خەریکبوو ڕووخاودا مات دابوو، بارانەکەش بە کزەبایەکی دەمە و ئێوارەی ئاسمانێکی پڕ هەورەوە

ڕووبەڕووی ئەمان دەهات و تا زیاتر خۆیانیان بە دیوارەکەوە بنووساندایە، ئەم زیاتر تاوی بۆ دەهێنان و لێی قایم دەکردن. هەر لە ئەوە دەچوو شەڕیان پێ بفرۆشێت.

تۆ بڵێی باریەکە بە ئەنقەست وا بکات؟ تۆ بڵێی کەسێک، شتێک، بتێک، خوداوەندێک، شەیتانێک، ڕژێمێک بارانەکەی ڕاسپاردبێت؟

لە داستان و بەسەرهاتە کۆنەکاندا هەموو شتێک ڕوو دەدات و هەموو شتێک دەخوات، تۆ بڵێی زەمانی داستانە کۆنەکان نەگەڕابێتەوە و ئەمان بە خۆیان نەزانیبێت؟

فریشتە نەیدەزانی چی بڵێت، بەڵام ئاخر ئەو بارانە خۆ بە نێرترین مرۆڤی دەخستە گومانەوە. بارانێک بیستوچوار سەعاتە هەر وەک ملۆزمێک بە دووانەوە بێت و بە هەر چواردەوری خۆیدا، مرۆڤئاسایی، سەما بکات و لە هەموو لایەکەوە تەڕت بکات، چی ناو دەبرێت؟بارانێک کە لەگەڵتدا بڕووات و بوەستێت و هەنگاو بنێت؟ بارانێک هەروەک میقات کرابێت لە سەرەتای ئەم کاروانە خوداگرتووەدا دەست پێ بکات و لەگەڵیشیدا بجمێت؟

وەڵام نەبوو!

وەڵامیش پێویستی نەدەکرد، چونکە هیچی لە ڕاستایەتیی ئەو هەموو لێزمە و تەڕاییە نەدەگۆڕی.

گرینگترین کار ئەوە بوو مرۆڤ هەرچۆنیەک بێت خۆیی لێ بپارێزێت و خۆیی لێ بە دوور بگرێت. فریشتەش هەر ئەوەی بە باش دەزانی و هەر ئەوەندەشی پێ دەکرا، بەڵام ئایا بە ڕاستیی ئەوەندەشی پێ دەکرا؟!

فریشتە بە تونديی پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو. ئەوەندەی پێی دەکرا پشتی پێوە نوساندبوو و لە ئەوە زیاتر نە دەکرا بجوولێت. گوێی بە ئەو هەموو گریان و لاوانەوە و قوڕپێوانە کاس بوو. بە بەردەوامییش بۆڵەبۆڵ، جنێو، هەڕەشە و پلاری وردەشەڕ دەگەیشت بە گوێی و سەدایان دەدایەوە. دەیویست لێیان بچێتە پێشەوە و بە سەریاندا بقیژێنێت تا دەمیان دابخەن و لە جیاتی ئەو هەموو هێنان و بردن و درێژدادڕییە قسەیەکی خێر و

کارێکی خێر بکەن، سوپاسی پەراسووی ئەم شارۆچکە یخکراوە بکەن کە بە نیوەمردوویی باوەشی کردوون. بەڵام فریشتە ئەم کارەی پێ نەدەکرا. ماسولکەکانی لالێغاوی هاتبوونەوە یەک و گرژ بووبوون، تفی بۆ قووت نەدەچوو. لە ئەوە دەچوو گەرووی وردەوردە هاتبێتەوە یەک، هێزی ئەژنۆی داچۆڕابوو و پەیتا پەیتاش دەلەرزی.

هەرچەند تۆند ددانەکانی لە یەک جووت دەکرد و تینی دەدایە خۆی و دەیویست دەسەڵاتی بە سەر لەرزینەکەدا بشکێت چاری نەبوو. بگرە لەرزینەکە هێندەی تریش زۆری دەکرد، هەروەک حەز بە پەستاندنەوە و فشار نەکات. ئەو لەرزیە نەفرەتیە ڕام نەدەکرا. ئەو لەرزینە درکاویە بە هێزە لە هەرە قوواڵایی بە دەنیەوە سەرچاوەی وەردەگرت و وەک ماسی لە ئاو دەرهێنراو فریشتەی ڕادەتەکاند.

- خێراکەن تا نەگیراوە، قەسرێکە.

کاک فەرهاد چوار ڕیز دیواری داڕووخاوی لە تەنیشتیانەوە دۆزیبووەوە کە چوارگۆشەیەکیان پێک دەهێنا و دیار بوو سنووری دەرەوەی خانوویەک بوون. لە ناویشەوە هەندێک شوێنی ٣م بە ٤م و ٤م بە ٥م لە کۆنکرێت، ژوورەکان بوون. هەروەها باقی پێشەوە و پشتەوە، ئەو کۆمەڵە بلۆکە بە سەر یەکدا ڕووخاوەش لە ناوەوە و هەر بە تەنیشت سنووری دەرەوە لە پشت شوێنی دەرگاکەوە بە ئاشکرا دیار بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاودەست بووە.... ژوورێک دیواری پشتەوەی بە تەواوەتی ڕووخا بوو، لە ئەوێدا میچەکە کە بە سەلامەتیی دەرچوو بوو، زەویەکەی ماچ دەکرد و لایەکەی بەرامبەریشی زۆر نەوی بوو، بەڵام بە تەواوی نە ڕووخا بوو. مرۆڤ بە هەندێک خۆچەماندنەوە لە ئەوێوە دەیتووانی بچێتە ژێر میچەکە. پەسارێک زیاتر لە دەمی کراوەی باڵندەیەکی برسیی دەکرد. بە ئاسەواری داروتەختەی نیوە سوتاو و ڕەشی سەر کۆنکرێتەکەدا دیار بوو پێشتر خێزانی تریش وچانیان تیا دابوو.

لە ئەو ئانەدا خەڵکی تر لە بەر شڵەژاوی و زۆریی بارانەکە دەرکیان پێ نەدەکرد. پەناپەسار هەر ئەوەندە گەورە بوو کە هەر وەک بە مەبەست بە دەستکرد بۆ یانزە کەس کرا بێت، جێگای ئەمانی تیادا دەبووەوە، ئەویش دەبووایە بە چەمینەوە بچنە ژوورەوە.

لە ناوەوەش نەیاندەتووانی تیایدا ڕاست ببنەوە، کوردۆ نەبێت. ئەویش لە هەندێک شوێندا هەر دەبووایە کەمێک سەری دانەواندایە. پووش و پەڵاش و وردە کاخەزی خوساوە و نایلۆنی کۆن و وردە تەختە کۆکرایەوە و ئاگرێکیان لێ کردەوە. لە سەرەتادا چڕەدووکەڵێک بوو، مەپرسە. لە ئەوە نەدەچوو ببێت بە ئاگر.

دووکەڵەکەش هەروەک پەنجەی ئەنقەستی لە پشتەوە بێت، خۆی بۆ هەرە کونی ژوورەوە با دەدا و سەرەوەی لێ دەگرتن. هەموویانی دەخستە کۆکەکۆک و قرخەقرخ و فرمێسکی دەزاندە چاویانەوە. وا پێ دەچوو هەر وەک ئەمان نەیەوێت بڕوواتە دەرەوە بۆ ژێر بارانەکە و لە ئەو تەڕاییەدا بتوێتەوە.

کات دەڕۆیشت و تیماری برینێکی تریشی دەکرد، بەڵام ئەمانیشی لە مەرگی ڕاستەقینە، کە کەس تا ڕۆژی خۆی بیری لێ ناکاتەوە، نزیک دەکردەوە. ئاگرەکە هەناسەیەکی وەرگرت و بە شەرمەوە بڵێسە باڵا کورتە بێ تینەکانی خۆی بە ئەملاولادا دەنارد و ئەمانیش هەستە شانازییە درۆزنەکە لە هەر کاتێک زیاتر تەنگی پێ هەڵنچنی بوون. کەس نەیدەویست دەستپێشخەری خۆنزیککردنەوە و خۆگەرمکردنەوە بێت. بەڵام لە ناخی دڵیاندا تامەزرۆیەکی چڵێسی ئاگرپەرست چەکەرەی دەکرد و لە ناوەوە لیکی چێژیان قووت دەدا.

مێژوویەکی پڕ شەق ئەم ئاگرخۆشەویستانەی وا ترساندبوو کە لە ئەو پەڕی سەرماشدا لە ئاگر نزیک نەکەونەوە.

فریشتە کە بێرەنگیی وردە وردە ڕووخساری دادەپۆشی، مەترونیوێک لە دووری ئاگرەکەوە بە نیوە ڕاکشاوی پاڵی بە دیوارە شێدارە تەڕەکەوە دابووە وە. لە ئاگرەکەی دەڕووانیی و بە حەسرەتی دووبارە بینینەوەی ئەو ئاگرە خۆشەی زەڵم بوو. ئەو ئاگرەی مرۆڤ بە خۆشییەوە ڕازی دەبوو سوێندی پێ بخوات و لە دەوری بگەڕێت. ئەو بڵێسە گەرم و بێچوولە خنجیلانەی خۆیان بەرەڵا دەکرد و تا پەناگوێ و لاگەردن و دەچوون و تەنانەت تا ژێر سوخمەی تەنکی سەر دوو مەمکی گوشراویش خۆیان بە کێش دەکرد. ئەو تینە بە جۆش و خرۆشە مرۆڤی وا گەرم دا دەهێنا کە هەر لە ئەوە دەچوو ئەڤیینی یەکەم نیگا بێت.

بیرت دێت، ئەو ئاگرەی کە هەموو کوڵمەقن و کڵاوەئەژنۆیەکی گەرم دادەهێنا؟

بەڵام ئاگری ژێر ئەم سێ چوار پەراسووە زیندووەی ئەم کەلاوەیە لە پڕێکدا هێندە بچووک دەبووەوە کە هەر لە دڵی خانووەکە دەچوو کز کز دەسووتا. هەر زووش هەناسەی لێ دەبڕا و لە ئەوە دەچوو بکوژێتەوە. بەڵا هەر لە ئەو کاتە نائومێدییەدا ترپەیەکی بچکۆلە دەهات و ئاگر بەردەوام دەبوو. بارانیش، لە هەر جارێکی تر بە بڕیارتر و چاوسوورتر، بە بۆشکە دەکرایە خوارێ.

پڕیار وا بوو هەر کەس ئاگرخۆشەویست بووایە، پڕ شەق بکرێن.

تا ئەو کاتەش نە لۆرکێ و نە کوردۆ داد و بێدادیان نەدەکرد و لە ئەوە نەندەچوون ئەم ڕۆیشتنە کاری لێ کردبن، زیاتر سەرسوڕماو و حەپەساو مابوون و هیچیشیان نەدەپرسی. هەموو شتێک ڕوون بوو، یان پێیان وا نەبوو گەورەسالان وەڵامیان لا بێت. هەر بڕیارێکیش بدرایە گورج پیادەیان دەکرد و سێودوویان لێ نەدەکرد. هەندێک جار کوردۆ ڕووخسارێکی بە گومانی نیشان دەدا، بەڵام زیاتر نا.

پوورەئەڵماس کە خۆی لە تۆپەڵێک نایلۆنەوە پێچابوو، بێ لە ماندوو بوون و قاچ و پێ تەڕ بوون، شتێکی ئاوای بە سەر نەهاتبوو شایانی باس بێت. قسەکانیشی هەر وەک خۆی بە نەستەق و بە زلی مابوونەوە.

زووزووش پەندێکی پێشینیانی دەکرد بە ژێرخان و سەرخانی قسەکانی خۆی، یان بە لایەنی کەمەوە، شیرازەی باسەکەیی پێ لە یەک هەڵ دەکێشا. کاتێکیش بدووایە زوو زوو ئاوەڕی بۆ هەموو لایەک دەدایەوە. فریشتە ئەوەندەی لێ تێگەیشتبوو کە پێی خۆش بوو لە کاتی قسەکردندا گوێی بۆ ڕادێررێت و پشتگوێ یان نیوەپشتگوێ نەخرێت. کە باسی خەڵکی بە ساڵداچووشی دەکرد، بە دەنگێکی کەمێک لە سەر خۆی گڕی کزەوە، هەروەک بەزەیی و میهر نیشان بدات، دەیگوت "کچم، ڕۆڵە، چی بکەن، پیرن پیر!"، وەک خۆی زۆر گەنج بێت و زۆری بە بەرەوە مابێت.

ناهەق نەبوو. پووڕەئەڵماس هەورازی تەمەنی بڕی بوو گەیشتبووە دوندی تەمەن و ئێستا وردەوردە سەرەی لێژاییەکەی بوو. کاتی ئەوە بوو کە ئیتر یەکەم هەنگاو ڕووەو خوارەوە بنێت. لە دووڕەوە ئەو دۆڵە هەزاربەهەزارەی کۆتایی دەبینی و نەیدەویست بە ڕاستی بسەلمێێت.

ناسکۆڵ نە وەک فریشتە تەڕ بوو، نە وەک ئەو نەخۆش و دەردەدار بوو، بە دەم گیروگرفتی مێردەوە گیری نەخواردبوو و مانّی باوکیشی دەرووازەیان بە ڕوودا پێوە نەدابوو. لە بەر ئەوە باری دەروونی ئارامتر و هێمنتر بوو. بە لایەنی کەمەوە لە ئەم کاتەدا ئاوا دیار بوو.

کاک فەرهاد هەر زۆر کەمی دەگوت. لە ئەوە دەچوو ئەو شەوەی ڕێگای سەیسادق داخی دڵی خۆیی هەڵڕشتبێت و گەردنی خۆیی ئازاد کردبێت. هێندەی بڵێیت یارمەتیدەر و گوێڕایەڵ و بە حەوسەڵە و تێگەیشتوو بوو. لە دۆخی وادا مرۆڤ داوای لە ئەوە زیاتر لە کەس ناکات. دەموچاوی بە خەم و پڕ مەراق و بە حەسرەت دیار بوو، هۆکارەکان بەئەژمار بوون. دیارە ئەم کاروانەی ئێستا نێزەی خۆی لێ دابوو. باقیەکەی لە دڵیدا گیرمابوو وا بە ئاسانیی نەدەهێنرایە گۆ.

ئەو خێزانەی تر پێنج کەس بوون. ژنێک و پیاوێک و دوو کوڕی گەنج و کچێکی دە دووانزە ساڵان. زۆر بێ دەنگ بوون. لە ئەوە دەچوون خۆیان بە میوانی ناوەخت بزانن کە بە نیوەشەو هەڵیان کوتابێتە سەر مانّی خەڵک و لە خەو ڕایانپەڕاندبن. زۆری برد تا کەوتنە قسە. لە سەرەتادا لە سڵاوی سەربڕی و "سوپاس" و "پێویست ناکا" زیاتر هیچی تریان نەدەگوت و کە باسی شتێکیان دەکرد زوو دەیانبڕیەوە و نۆرەبڕییان لە کەس نەدەکرد، قسەیان بە کەس نەدەبڕی و دەنگیان بڵند نەبوو.

هەر زوو دەرکەوت کوردی کەرکووک بوون و دەرەنگ کەوتبوونە ڕێ. شتیان زۆر پێ بووبوو بەڵام لە کەرکووکەوە گاھ بە ئوتومبێل و گاھ بە تراکتۆر و گاھ بە پێ، تۆزێک لێرە و تۆزێک لە ئەوێ، زۆربەی شتەکانیان فڕێ دابوو. ئێستاش تا بڵێی برسیان بوو، بەڵام هەتا ئەمان باسی خۆراکیان نەکردبوو و فریشتە و ئەوانیش بیریان نەبوو خۆیشیان برسیانە.

کەسیان نانیان پێ نەبوو، خۆراک هەر باسی مەکە. کەسیش نەبوو نان یان پێخۆرێک بفرۆشێتەوە. کەسیش نەچووبوو گایەک یان دووان سەربڕێت و کابرا ئاسایی پارەکەی بۆ خاوەنەکەی بخاتە سەر ڕەفەیەک و گۆشتەکەش ببەخشێتەوە.

هاوکات فریشتە بیری دەکردەوە ئاخۆ ئەو پیاوە چەند پارەی بۆ ئەو ماڵە بەجێهێشتبێت و چۆن زانیوویەتی بە ئەوەندە دەیفرۆشن و چۆن کابرا زانیوویەتی کە دەیانفرۆشن؟

پرسیارەکان قۆڕ بوون. ئەم کۆڕەوە جێگای ئەو پرس و مرسانە نەبوو. خۆ فریشتە ئەوەی دەزانی، بەڵام ئەو گۆشتە بە چێژە هەر شایانی هەندێک تێرامان هەیە. بریا پیاوێکی تریش ئاوای بکردایە. پارەکەیان چۆن دەداتێ کەی سەرئێشەی بخۆرە.

ئەو ماڵە کەرکوویە، خۆیان گوتەنی، هەر شتێک خوا پێیانی بەخشیبوو، بەجێیان هێشتبوو. ئەویش لە دەرزیەکەوە هەتا خانووەکەیان کە بریتیی بوو لە چەندین ساڵ کار و ڕەنجدان و ئارەقڕشت و شەونەخونی. هەر ئەمانیش بە تەنها بە ڕێ نەکەوتبوون و هەڵ نەهاتبوون و "گشت شارەکە باری کردبوو". ئەمانیش وەکو هەموو ئەوانەی تر هەر ئەوەندەیان دەزانی کە ڕووەو "ئەو دیو" بەرێوە بوون و تەواو.

- ئەرەوەڵا کاکە هەموو شتێکمان بۆ ئەو قەحبەدایکانە بەجێهێشت.

پیاوەکە بە دەم جگەرەکێشانەوە دەیگوت.

- با بیخۆن، نازانم خوا بۆ وا لە ئێمە ئەکا. هەموو خەتای خۆیەتی. نازانم ئەم قەحبەگەوادانە چیان داوە بە سەر ئێمەوە؟

ئێستا لە ئەوە دەچوو قسەکان بۆ خۆیی و لە ناو خێزانەکەی خۆیدا بکات.

- چەند جارم وت بۆ بگوێزینەوە بۆ سلێمانی (ژنەکەی بۆی دەسەندەوە) خۆ ئەوێش هەر وڵاتی خۆمانە.

- وەڵا ناچم، بۆ بچم؟ هەر بۆ کەرکووکیش ئەگەڕێمەوە. ئێوەش نەیەن من خۆم ئەگەڕێمەوە، با بم کوژن، ئەی بەجێی بێڵم بۆ ئەو دایک قەحبانە؟

کچە بچکۆلەکەیان ڕووی کردبووە باوکی و بە دەنگێکی ساکاری دڵپاک و منداڵانەوە پرسی:

- ئەگەر خانووەکەمانیان برد، خۆمانیش ئەرزەی یەکێکی تر دەکەینە خانوو، ئێ بابە!

باوکی جارجار بە دووکەڵی جگەرەکەی خۆی و ئاگرەکەبچکۆلانەکە دەکەوتە کۆکە، دەستی بە سەر قژی کچەکەیدا دەهێنا و لە بەر خۆیەوە بە ئەسپایی سەری دەلەقاند، وەک بڵێت "دەزانم، کچم دەزانم چیان لێ دەکەم". بە نائارامییەکەوە کە هەر خۆی لێی تێدەگەیشت مێژووی کەرکووکی لە ناو ئاگرەکەی سەری جگەرەکەیدا دەخوێندەوە کە هێدی هێدی ماڵوێرانانە دەبوو بە سووتوو.

فریشتە کە پەنجەکانی تاقەت و تووانای قەڵەم گرتن و تۆمارکردنیان نەمابوو، ڕۆژەڕێیەک لە ئەمان دوور کەوتبووەوە، لە هۆنەوزەخەونێکی قورسی بارگراندا ملی لار دەبوو، لە پڕیشدا ڕادەچڵەکی و بە ئاگا دەهاتەوە بۆ ناو ژیانی پەرتەوازەیی بوونێکی لە هەموو لایەکەوە تەڕ.

قسە هات و قسە چوو. هەر یەکە و بە پێی تووانا و تاقەتی خۆی سەرگوزشتەی ناخی دڵیی هەڵ دەڕشت. هێندە باکیش نەبوو لە ئەوەی ئاخۆ ئەوانی تر گوێ دەگرن و دەبیستن یان نا. گرینگ ئەوە بوو داخی دڵ هەڵبڕێژرایە و کاسەی سەر سووک بکرایە و مرۆڤ لە خۆ بەمرۆڤکردن و تاوانبارکردنی ئەوانەی تردا، سەرکەوتوو بووایە.

لە ئەو ڕاز و نیازانەدا کەس ڕەخنەی لە کەس نەدەگرت و کەس بە هەڵە ئەوی تری نەدەسلماند. هەموو بێدەنگ دەمانەوە. گوێیان دەگرت یا لە جیهانێکی خەیاڵییدا خەریکی ژیانێک بوون؟!

یەکێک لە هەرە خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤ خۆگونجاندنە. یەکێک لە هەرە خەسڵەتە باشەکانی هەندێک مرۆڤ زوو خۆگونجاندنە. ئەمان بەشێک بوون لە ئەو بڕە مرۆڤانەی کە زوو خۆیان دەگونجاند. هەرچەندە هەندێک بۆڵەبۆڵیان دەکرد و جوێنێکیان دەدا،

بەڵام هەر خۆیان گونجاند و لەگەڵ دۆخەکەدا خۆیان ڕاهێنا، بەڵام خۆگونجاندنێکی سەرەتایی.

دەمێکی درێژە مرۆڤ لە سرووشت هەڵگەڕاوەتەوە و لێی یاخی بووە. دەمێکیشە لە تەقەڵای بەردەوام و هەڵپەی نەبڕاوەدایە خۆی بکات بە خودان و تەنانەت خوداوەندیشی. مرۆڤەکان دارودرەخت دەبڕنەوە، دارستانەکان بە بۆمبایەک دەکەن بە قەقنەس، جۆگەلە، ڕووبار، زێ و دەریا و تەنانەت دەریالووشەکانیش پیس دەکات و بە سەرزارەکیی نەبێت دەستێکی خێر ناهێنێت بە سەریاندا. جارجاریش چەرخی زەوی بە سوودی خۆی دەگەڕێت و سرووشت دووبارە باڵزاڵیەتیی خۆی بە سەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێتەوە و مرۆڤ کوناوکون ڕاو دەنێت و بە ئاسانی تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە.

ئیتر ئەم سووڕەی کە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە و کە ئێمەومانانی ئە سەردەمە نەبووین بە چاودێری ئەو لایەنەی دەیباتەوە و ئەوەیان کە دەدۆڕێت، هەر بە ردەوامە.

گرینگ ئەوە بوو ئێستا ئەمان لە کون خزێنرابوون و لە پرۆسەی دووبارە ماڵیکردنەوەدا بوون. دووبارە چواردیواری لە ئەشکەوت خراپتر بوو بوو بە پەناپەساریان. جیهان زۆر لە ئەو سەردەمە شارستانیتر نەبوو.

ئاگرەکەیان هەروەک ئاگری ئەشکەوتەکان دەمێک فێ لێهاتوو، دەمێک بە دووکەڵ و دەمێکیش کز، دەسووتا.

تازە بە تازەش لە وانەی یەکەمی فێربوونی ڕاوکردن و دەربازبووندا بوون.

لە سەردەمی یەکەمی وانەی ڕاوکردن و دەربازبوونیشدا مرۆڤ زیاتر پارووەنان دەبێت وەک لە بخۆر.

مرۆڤ بە ناچاریی فێری خۆگونجاندن بوو و پێویست بوو بیکات. ئەو خۆگونجاندنە بریتیە لە یەکێک لە ئاوازەکانی هونەری کێشەی مانەوە، خۆئامادەکردنەوە بۆ ململانێیەکی باشتر و توندتر، بەڵام خۆگونجاندنی قۆناخی گاگۆلکێ لە دۆخی ئاوادا بەدەردی چی دەخوات؟

کەس خۆی لە قەرەی باس و خواستی سیاسیی نەدەدا. فریشتە تەنها زیاتر لە دڵی خۆیدا باسەکانی دەهێنا و دەبرد. ئەویش هەر پرسیار بوون و بەس. پرسیارەکانیش سادە بوون. بۆچی نەیانتووانی ئەو ئازادییە بپارێزن، چۆن دەوڵەت هەروا بە ئاسانیی تووانی دووبارە بگەڕێتەوە، چۆن و بۆ وڵاتانی جیهان بە دەنگیانەوە نەهاتن، ڕۆژی ڕێکخراوەکان چی بوو؟ و تاد.

ئایا کەس بیری لە ڕادیۆیەک کردبووەوە لەگەڵ خۆیدا بیبات؟

پاش چەند سەعاتێک دانیشتن فریشتە هەندێک هێزی بە بەردا هاتبووەوە، بەڵام هەر بڕووای بە لەشی خۆی نەدەکرد. لە پڕ هەروەک لەشی هەرگیز ئازاری بە خۆیەوە نەبینیبێت، ساخ و پێ خەوش بوو. وای هەست دەکرد هیچی نەبێت. هێندە نەبێت کە کەمێک ماندوو بوون و کەمە ئازارێکی ناوچاوانی هەبوو. لە بێدەنگیی و لە لەپڕ ئاشبەتاڵی ئەو هەموو تۆپەڵە ئازار و ڤایرۆسە پڕ چەک و چەتەئاساییانە دەترسا و بە گومان بوو. دەیزانی هەموو شتێک فێری فێڵبازیی و تەڵەک و خۆمەڵاسدان و ئینجا هێرش بوو بوو.

تا ئێستا هەورەکە دەیان جار زیاتر وای لێ کردبوون. بارانەکە هێدی دەبێتەوە و دەیکات بە ئاوپڕژێنێکی تەنک و ئاسمان هەندێک ڕووناکیی تێ دەکوێت و هەورەکان دەست بە هاتن و چوون و زانیاری گۆڕینەوە، دەکەن، هەروەکو زمانزان بن و لەگەڵ یەکدی بدوێ و پلان دابنێن. ئینجا پەڵەهەوری زەبەلاح هەروەکو سەرلەشکرێکی تووڕە سەربەرەوخوار بە گرم و هوڕەوە لە چاوان ون دەبێت. زۆر نابات سەدان پەڵەهەوری بچکۆلە بچکۆلە لە ئەملاوئەولاوە دێن، هەموو شان بە یەکدا دەکەن و بە مۆڕەوە سەیری خوارەوە دەکەن. کەمێک زیاتر شان لە یەکدی هەڵ دەسوون و زۆر نابات هەموو ئاوێتەی یەکتر دەبن. هەموو پێکەوە دەبن بە یەک هەور، نەتەوەی پەڵەهەورە یەکگرتووەکان!

زۆر ناخایەنێت پێکەوە دەبن بە سەربۆشێکی بۆری ڕەنگچڵکنی تاریک. بێدەنگ و بێ هەناسە. هیچ بوونەوەرێک ناتووانێت وەکو هەور بێدەنگ بێت. لە سەرەوە بە هێز و دەسەڵاتەوە قڕوقەپی لێ دەکات و لە زەوی دەڕووانێت.

ئاوا کەمێک دەمێنێتەوە، لە مرۆڤەکان و خانووەکانیان، لە کێڵگاکان و پادەشتەکان و بنارەکان و قەدپاڵەکان و سینگ و لووتکەی چیاکان و لە رووبارەکان و گۆماوەکان و دەریاکان دەڕووانێت. هەرچی لاوازیی مرۆڤەکانە تۆماری دەکات و پاشان بڕیار دەدات. ئاو بە مەرکانە دێتە خوارەوە.

ئازارەکەی ئەمیش وایە. شێوەیەکە لە نەتەوە پەڵە هەورە یەکگرتووەکان. کەمێک گرژیی ماسولکە، چەند موچوورکێکی ساردی کشاو و تایەکی کتوپڕی خێرا کە هەر زوو هەموو لەشی دەهێنێتە کوڵ و زووش نامێنێت. کۆمەڵە ئازارێکی یەکگرتوو. کۆمەڵە موچوورکێکی سەرتاپا گیر و بێدەنگیی و بەرەو دوواوەکشانەوە. ئینجا ئازارێکی قورس بەینی هەردوو ئەبرۆکانی دەگرێت و خۆی بە ناوچاوانییدا بڵاو دەکاتەوە. ماندووبوون تاوی بۆ دەهێنێت و هێزی ئەژنۆی دادەچۆڕێت. لە بەر خۆیەوە بێ ئەوەی دەسەڵاتی بە سەردا بشکێت هەندێک قسە دەبزرکێنێت. لە چەند هەنگاوێکی ڕۆیشتندا هەموو ئەمانە دەڕەونەوە و چاک دەبێتەوە، یان وا هەست دەکات چاک بووەتەوە؟

زۆر ناخایانێت دووبارە سووڕەکە دەست پێ دەکاتەوە. هەر جارە و لایەکیان بە هێزترە و هەر جارە و لایەکیان درێژخایانتر و شێلگیرترە.

ئەمە بووبوو بە خەسڵەتی هەموو بوونەوەرێکی دەوروپشتی.

تاکتیک ... تاکتیک .... تاکتیک!

وای لێ هاتبوو بڕووای بە کەس و بە هیچ شتێک نەمابوو.

هەر کەسە و هەڵ دەستا لە یەکێک لە قۆناخەکانی ئەو سووڕەدا بوو.

لێرەدا، لە ئەم لێشاوە سەربەرەوخوارەدا، یاساکان زوو دەناسران و دەبووایە زوو پێڕەو بکرانایە.

هەر کەسێک فریای خۆگونجاندن نەکەوتایە، دەمرد.

لێرەدا هەموو کەسێك لە ژێر فشاری دۆڕاندندا بوو. هەر کەسێکیش شتێکی بدۆڕاندایە گورج کەسێکی تر دەیبردەوە.

ئەم حەشاماتە پەرتەوازە وێڵ و ون و هەرکەس بۆ خۆیە، هەرگیز نەیاندەتووانی ببن بە هەور یان بە ئاژار و نەتەوەیەکی یەک دەست پێک بهێنێت.

ئەو منداڵانەی لەگەڵیاندا بوون بۆیان بووبوون بە خێر و فەڕ، ئەوەندە وردە چیلکە و پارچە تەختەیان کۆکردبووەوە، ئاگرەکەیان بە تەواوی خۆش کردبوو. هەرچەندە جارجار دووکەڵەکە لای سەرەوەی لێ دەگرتن، بەڵام بە ڕاستیی دژایەتیان نەدەکرد، ئاگری بێ دووکەڵ دەست نەدەکەوت. ئاگرەکە هیچ نەبێت بە ڕاستگۆیی دووکەڵ و بۆنە ناخۆشەکانی دەر دەدا و لە خۆیی نەدەگرتن، بە پێچەوانەی مرۆڤەوە کە لە ملاملانێی مانەوەدا هەر خەریکی نمایشنامە و نووساندنە و ناخی خۆی دەکات بە زێراب، بە گۆماوێک بۆ ئاوەڕۆکانی جەستە و ڕۆحی خۆی.

مرۆڤ دەتوانێت هەر شتێکی بیەوێت لە ناخی خۆیدا گلی بداتەوە و تا مردن بیهێڵێتەوە، تەنانەت ژن لە مێرد و مێرد لە ژن. ئیتر ناخ دەبێت بە سەرەنوێلک.

ناخڕەشیەتیی!

چەند ئەستەمە کاتێک ناخڕەشیەتیی دەبێت بە پەتا!

کامە ژن باسی ئەو کوڕە قۆزە بۆ مێردەکەی دەکات کە لە هاتنوچوونێکدا بە ڕێکەوت دەیبینێت و شەو بە خەیاڵیەوە تەپوتل دەدات و بەیانی، لەگەڵ سپێدەدا، لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبێت دووبارە ببینێتەوە؟

ئەی چەند پیاو باسی ئەو هەموو ژنە جوانانە بۆ ژنەهاوسەرەکانی خۆیان دەگێڕنەوە کە ڕۆژانە دەیان جار شەیدایان دەبن و بە لیکاوی زارەوە خەیاڵ لە سەر خەیاڵ درێژە پێ دەدەن و تەنانەت بە خەیاڵی ئەوانیشەوە لەگەڵ ژنەکانی خۆیاندا ڕادەبوێرن؟ ئەو پیاوانەی دڵیان بووە بە شەمەندەفەر و جێگای چەندین هەزار ژنی جۆراوجۆر لە فارگۆنە

چۆڵ و هۆڵەکانیدا دەبێتەوە. ئەو پیاوانەی دەتووانن شەیدای هەموو شتێک بن: پووز، لاق، ڕان، مەمک، سمت، گەردن، دەموچاو، قژ و تەنانەت پاژنەی پێش.

ئازاد بێ لە ئەو تریلە و بلدۆزەرانە چی تریشی لە سەر ناوی ئەم تۆمار کردبوو؟ ئەم بە چەند شتی تریشی نەدەزانی؟

ئەو پیاوە چی لە خەیاڵدا بوو کە دەستی خستبووە ناو پشتێنددەکەی و بە وردیی لە ژنەکەیی دەڕووانیی کە مانی گرتبوو چیتر منداڵەکەیان لە باوەش نەگرێت؟

- کچم، فریشتە، ئەوە بۆ خۆت ناگۆڕی ئەگەر جلی وشکت پێیە؟ دە ڕۆڵە با من هەڵێ جلی خۆمت بەمێ، بە خوا پاک و تەمیزن و هەر ئەوەن تۆزێ پیرانە و دەڵبن، دەنا عەیبیان نییە.

- سوپاس، پووڕەئەڵماس گیان. بە ڕاستی تاقەتی جلگۆڕینم نییە. بەش....کم بەش ...کم بگەین بە ... شوێنێک.

ئەم قسەیەی دووایی هەر زۆر بە گومانەوە گوت و کەمێکیش ڕاوەستا تا هاتە گۆ.

- ئەی تاکەت چۆنە؟ ئا خوایە دە دینارم بکەمە خێری ئەو گەیلانیەی لەنگەری بەغای ڕاگرتووە مێردەکەیی بۆ بدۆزیتەوە. گەیلانی خۆ خۆت کوردی، دە دوو باشەی وامان لەگەڵ بکە. نە ئەم جارە و نە ئەو جارەش دەستت بە باڵییەوە گرت، نازانم بۆچیت هەڵگرتووە، دەی شێ عیسا و شێ موسا تۆڵەی یەک بە یەکی ئەم خەڵکە بێ دەسەڵاتەیان لێ کەیتەوە.

فریشتە پێکەنینی دەهات چونکە دەیزانی دوعا و پاڕانەوە کەسی ڕزگار نەکردبوو، بەڵام نزاکەی خراپ نەبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: دەی خۆشم دە دیناری تری دەخەمە سەر کە بیبینمەوە وەک جاران نەبێت و بە بارێکی باشدا گۆڕا بێت.

- زۆر سوپاس، پووڕەئەڵماس، هەر دەیدۆزمەوە، هاکا پەیدا بوو.

- ئەو ڕستەیەی دووایی زۆر لە ئەوەکەی تریان بە گومانتر گوت و لە کاتی گوتنیشیدا سەیری پووڕەئەڵماسی نە دەکرد و لە بنمیچە نزمە خوارەکەی دەڕووانی.

پووڕەئەڵماس وا پێ دەچوو لە سەر قسە بەردەوام بێت، بەڵام هیچی نەگوت.

هاوار هاوارێک بە گوێیان دەگەیشت و بە دەنگەکەدا دیار بوو کەسێک مردبوو. دەمێک بوو مردن ئەوەی نەدەهێنا مرۆڤ ئەو هەموو هاوارەی بۆ بکات.

دیارە خەڵکی نەکردە تووشی بووبوون. دەنا لە ئەو ماوەیەدا فریشتە هەشتاوسێ کەسی بە پەنجە و چاوی خۆی ژماردبوو، لە ناویاندا ژن و منداڵ و پیرەمێرد و پیرەژن، بێ لە سێ کوڕی گەنج کە هەموویان بە ڕووداوی ئوتومبێل مردبوون، لە منداڵەکانیش پەنجاوهەشت کەسیان مەڵوتکە و شیرەخۆرە و ساوا بوون.

کاک فەرهاد بۆ هەوا وەرگرتنێک چووە دەرەوە و هەر لە بەرد دەمی کوونەکەدا مژدەی پێ دان کە بارانەکە هێمنتر بووەتەوە. ئینجا بە لای دەستە چەپیدا پێچی کردەوە و دیار نەما. کاتێک هاتەوە سێ چوار دەستەواڕە نانی هەورامی ناسک و پەتاتەی کۆڵاوی پێ بوو. هەموو لە خۆشیان زیندووبوونەوە و لە پاڵکەوتنەوە هاتنە سەر قن.

- ماڵیان ئاوا بێ نان و پەتاتە بە نرخی زێڕ دەفرۆشنەوە، ڕۆژێکی باشە بۆ پارە پەیدا کردن. ڕاستیی یەکەم قوربانیی شەڕ نییە، وێژدان یەکەم قوربانییە. ئا ئەم تۆزقاڵە کەرەیەم بە شەڕەشەق دەست کەو.

ئەمان گوێیان بە کەرە و پێخۆر نە دەدا، گرینگ ئەوە بوو نان هەبوو. نانەکەیان بە جۆرێک دەخوارد وەک مێزی شاهانەیان بۆ ڕازێنرابێتەوە. بە "فەرموو" و "فەرموو" ەکەیاندا دیار بوو بە زیادەوە بەشی هەموویانی دەکرد. پەتاتەی کوڵاو دەمولێویانی وشک و سپی هەڵگەڕاندبوو.

- هەندێک خەڵک خەریکی ناشتنی ئەو مامەپیرەیەن کە لە سەر ڕێ یارمەتیتان دا. هاوار هاوارەکە کوڕانی گەنجی نەکردە بوون.

کاک فەرهاد بە جۆرێک لە ئەسەفەوە بە پووڕەئەڵماسی دەگوت.

فریشتە تێگەیشت. نانەکە بە وشکەجووی لە دەمیدا بە خاوی دەهات و دەچوو. هەستایە سەر پێ و بەرەو دەرەوە ملی نا و ناسکۆڵیش بە دووایيدا. لە سەر تەرمەکە ڕاوەستابوون و تاریکیەکە خەریک بوو زاڵ دەبوو. مامەپیرە دەمی بچووک بووبووە و کرابووەوە لە سەر زەویە تەڕەکە بە پشتدا پاڵ خرابوو. ڕیشە ڕیچنەکەی ئەوەندەی تر چڕ و بێ گیان بوو، وەک ئەوەی لە ئەو ماوە کەمەدا ڕیشی زیاتر هاتبێت. قژە تەنکە سپیەکەی کە بە ئاستەم ڕەشایی تیادا مابوو لە ئاو و باراناودا بە پێستە سپیە زەردهەڵگەڕاوەکەی سەریەوە نوسابوو.

خەڵک کەوتبوونە تووڕەکە هەڵدڕین تا بۆی بکەن بە کفن و هەر یەکەی شتێکی دەگوت. یەک دوو کەس دەیانگوت دەکرێت بە جلەکانی خۆیەوە بینێژن، مەگەر بۆ کێشەیەکە. کابرایەک لە کۆڵکەمەلا دەچوو کەمێک لە دووریانەوە ڕاوەستابوو و هیچی نەدەکرد و زووزووش دەیگوت "وارید نییە، کفن نەبێ بە موسڵمان حساب ناکرێ، کفن هی موسوڵمانە".

سێ چوار کوڕی گەنجیش دەستیان کردبوو بە زەوی هەڵکۆڵین و گۆڕیان بۆ هەل دەکەند.

ناسکۆڵ پەلی فریشتەی گرت و بە ئەسپایی ڕایکێشا و بەرەو شوێنەکەی خۆیان بردی. فریشتە چەند جارێک ئاوەڕی دایەوە تا سەری بچووکی مامەپیرە لە چاو ون بوو.

لە ئەو کاتەدا لە دووری دوو سەد مەترێکەوە، لە ئەو بەری کەلاوە ڕووخاوەکانەوە کە ئەم بەیانیە پایدا تێ پەڕبووم، فریشتە گوێی لە قریشکە قریشکی تاوتاوی ژنێک بوو. هەندێک ملەقوتەیان بۆ کرد و بینیان کە یەک دوو پیاو و ژنیش بە مەشغوڵییەوە لە دەوری دەسووڕانەوە و دەهاتن و دەچوون. کاتیک ئەمان گەیشتنە سەریان ژنێکی باریکەلەی منداڵکارەیان لە ناو قوڕاوەکەدا بینی. ورگی وەک باڵۆنێک بەرز بووبووە و هەر بە دەم ئارەق دەردان و هێز بە خۆ دانەوە، دەیقریشکاند.

دوو پیاو، دوو ژن، کجێکی جاهێڵ و کچێکی بچکۆلانەی ئاوا نۆ و دە ساڵان، بێ ئەوەی هیچیان لە دەست بێت لە دەوری دەخوڵانەوە و هەر لە خۆیانەوە قسەی بێ مانایان دەکرد.

ژنەکە، لە تاو ئازار و لە ترسان، ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو. یەکەم جار بوو سکی پڕ ببێت و ئاوی منداڵانی ڕژا بوو کە کەسوکاری نەکردەی چواردەوریانی ترساندبوو.

- ئەی هاوار خۆ هێشتا ڕۆژی خۆم نییە، تازە پێ دەنێتە هەشت مانگ.

- نا نا، خۆ نات بێ. یەکێک لە پیاوەکان لە بەر خۆیەوە وەڵامی ژنەکەی دەدایەوە و وەک قازی کوێر بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد.

ژنەش هەر هاواری دەکرد و ددانەکانی جیر دەکردەوە و هەوڵی دەدا خۆی لە بەرامبەر ئازارەکەدا ڕا بگرێت. بە هەردوو دەستی خەریکی ورگی بوو. دیار بوو هەوڵی دەدا شتێک لە خۆی حاڵی بێت.

- ئەوەنە هەڵبەز و دابەزم کرد و بازم دا، ئاخر بڵێ تۆ ئێستا لە کوێی، ئەو هەموو خەڵکە سەیارەی خۆیان بەجێهێشتووە. تۆ لە ئەم هەشەیا سەیارە چی لێ ئەکەی؟

- جا چیت لێ هاتووە؟ - ژنێکیان بە ڕەقی وەڵامی دایەوە – خۆ ڕەزای برام بە قوربانی بم سەیارەی لە بەر تۆ کڕیوە، بە خوا مستێ پارەی پێ یاوە. ئەگەر لێی بدن قوڕی کوێ کا بە سەریا، خۆ باوکی تۆ بەخێوتان ناکا.

فریشتە و ناسکۆڵ لە مەسەلەکە تێگەیشتن و دەیانزانی خەریکە دەقەومێت.

- نا، نا، وا دیارە کەمێکی تر منداڵەکەت ببێت، ئافەرین ئافەرین، هێز بەرە بەر خۆت، کۆڵ مەدە!

فریشتە بە هاندانەوە ڕووی لە ژنە سکپڕەکە کردبوو و قسەی لەگەڵدا دەکرد. ڕووی کردە ناسکۆڵ و پێی گوت کە بە فڕکەیەک پووڕەئەڵماس لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

ناسکۆڵ پێیەکانی خۆی هەڵگرت و فریشتەش چووە پشتی ژنە و بوخچەیەکی خستە ژێر سەری. تا یەکێک لە ژنەکانی ڕازی کرد دەرپێی ژنەکە دا بکەنن، پوورەئەڵماس گەیشتبووە لایان. زوو لە مشتومڕەکە تێگەیشت و درێ بە ژنە دوودڵەکە دا وەلا بکەوێت و دەرپێی ژنەی داماڵی.

پیاوەکان بە شپرزەیی و شەرمەوە وردە وردە دەرکەوتنەوە و فریشتە و ناسکۆڵ و پوورەئەڵماس هەر خەریک بوون.ژنە هەر هاوار هاواری بوو و چنگی لە قوڕ و لیتاوەکە گیر دەکرد و لە ورگ و لە سەروچاوی خۆی هەڵ دەسوو.

- ئای خوایە بۆ پیاوان منداڵیان نابێ! ئای خوایە تۆ کەی بە کەلکی پیاوەتیی یەی؟ ئای خوایە وەک تێهەڵدان و کارەکەت بە تووشمانەوە کردووە، ئەم خوێن و منداڵبوونە بۆ؟

ناسکۆڵ سوعبەتی لەگەڵدا دەکرد:

- خوێنەکە لەگەڵ تێهەڵدانەکەدایە و منداڵبوونەکەش لەگەڵ کارەکە.

- دەی کچم، هەر دوو نقەی تر بکە و تەواو. مەترسە هەردووکتان سەلامەت ئەبن. دەی کچم، ئاوا ئاوا، ئافەرین، دەی تەکانێکی تریش. هەناسە بە ڕۆڵە هەناسە بە. دەی ئافەرین، ئەوە جوان جوان دەستم لە سەر قاچیەتی.

ژنە لە نێوان ئارەقکردنەوەی خۆی و نمەنمەی بارانەکدا سەرتاپای ئاو بوو. کراسە چیتە گوڵگوڵیەکەی تا کەمێک سەروو ئەژنۆیەوە هەڵکرا بوو و باقیەکەی لە هەموو لایەکەوە پێوەی نوسابوو. ئەژنۆیان پێ هەڵکردبوو و پوورەئەڵماس لە ئەوە دەچوو سەری بە کوڵانەیەکدا کردبێت.

- ئەی هاوار، کێ هاواری ژن ئەزانێ. ڕووی بابی ژن ڕەش بێ ئەم خەڵکە ڕەش و بۆرە ئەخاتەوە.

ژنە هەر جوێنی بە ژنان و خودێ دەدا. ئیتر دەیقریشکاند و هەر دوو دەستی کردبوو بە مست و دەیکێشا بە عەرزەکەدا. لە ئەو کاتەدا کە کاک فەرهاد ڕووارووی ئەوان نیوەی ڕێ بڕی بوو، گریانی پاڕانەوەئاسایی کۆڕپە تازەبووەکە بەرز بووەوە. ژنەمندالّکارەکەی دایکی بە حەپەساوییەوە لە فریشتە و پوورەئەڵماس و ناسکۆڵ و ژنە و منداڵەکەی دەڕووانی. فرمێسکە خڕە گەرمە تونەدەکانی لە ناو هەموو تەڕاییەکەی دەموچاویدا دیار بوون. یەک لە دووای یەک بە خلیسکانەوە دەکەوتنە خوارەوە.

پوورەئەڵماس و کاک فەرهاد خەریکی ناوکبڕین و تاووتوێکردنی منداڵەکە بوون.

یەکێک لە ژنەکان کە هەر زۆر بە خاووخلیچکی قسەی دەکرد، بە ئەوەی تریانی دەگوت "من نەم ئەزانی هەشتمانگە ئاوا زرت و زینو ئەبێ. خۆیشی وەزعی زۆر باشە".

- ڕەزای برام ئەمنەی گۆشت و برنج کردووە بە قوڕگیا مەگەر خوا بزانێ، بۆ زرت و زینو نابن؟

ژنە زاوەکە دیاربوو ئێستا بە پشووەوە لە سەر زەویەکە ڕاکشابوو. بێ ئازاریەکە لەشی بە خۆشییدا ئارام کردبووەوە. منداڵەکەی تونەد بە خۆیەوە نووساندبوو، گریا و پێکەنینی تێکەڵ کردبوو. کچەبچکۆلەکەش ئەژنۆی لە سەر زەویەکە دانابوو و لە لای سەریەوە خۆی بە سەریدا چەماندبووەوە. پێ دەچوو خوشکی بچکۆلانەی بێت، ئاسان نەبوو مرۆڤ بزانێت.

دەستوپلیان لە بارانەوەکەدا شۆردا و کەمێک مانەوە. کاک فەرهاد بەرەو کونەئەشکەوتەکەی خۆیان پێشیان کەوت. فریشتە زۆر ماندوو دیار بوو. قەڵەم و دەفتەرەکەی دەرهێنا و بە بێدەنگی لە ئاگرە ماتەکەی دەڕوانی. گوێی لێ بوو پوورەئەڵماس هەر لە بەر خۆیەوە جوێنی بە کورد دەدا، تومەس تازە بە تازە وەڵامی یەکێک لە ژنەکانی دەدایەوە. وەک ئەوان لچ و دەمی خۆی دەهێنا و دەبرد:

"ئەمەریکا گیان ڕزگارمان کە، حاجی بووش ڕزگارمان کە!".

ئینجا خۆی وەڵامی دەدانەوە. کورە هەی مێشکپووتینە، باشە ئەمەریکا بۆ ئێوە ڕزگار ئەکا. ئەو سوورفلە ئێسکگرانەیان سااڵی حەفتاوپێنج هەموومانی حەواڵەی شای ئێران نەکرد و ئەویش حەواڵەی سەددام و خوای نەکردین؟

پووڕەئەڵماس قسەکانی خۆی بۆ ئاگرەکە دەکرد. ئەوانی تر هەموو پێکەوە تێیان دەڕووانی.

- بە خوا بە خوا، کوڕم بمرێ ئەگەر نە حاجی تەڕەماش و نە ئەوەی دووای ئەویش ڕەشتان بۆ بخاتە سەر سپی. کێ بەردەرگا بۆ کێ ئەماڵێ؟ ڕووی بابتان ڕیش بێ کە قنی خۆشتان پێ ناسڕێ.

- جا خۆ ئەگەر ئەمەریکا ئێستا گوێی لێ بێت لە بەر تۆ قوڕ بە سەر ئێمەشدا دەکات.

ناسکۆڵ، ڕوو لە فریشتە، بە تەوس و سوعبەتەوە، وەڵامی پووڕەئەڵماسی دەدایەوە.

- حەدی چییە؟ ئەگەر ئەم کوردە بە جەرگ بووایە و دوو گورزی چاکی بووەشانایە کەس نەی ئوێرا بە لای هێلانەی ئێمەیا بێ. ڕۆڵە، بە خوا ئەو سەگ و گورگانەمان بە دوو هەفتە ڕاو ئەنا. ئەمەریکاش هەر پشتی سەگ و گورگەکان ئەگرێ، کچەکانم.

- من هەر ئەوەندە دەزانم کە ئەمەریکا جنێو قبوڵ ناکات، دایەگەورە.

- ڕۆڵە، کچەکەم، ئەمەریکا شتێ بکا لە بەر خاتری خۆی ئەیکا. من حەقی کەسم نییە. من ئەڵێم کورد پیاوی تیا نەماوە دوو شەق بووەشێنێ. هەموو پەرت و بوین. دەستێکی بێ پەنجە چۆن ئەبێ بە مست، کچەکەم. دە هەزار کەسی نارێکخراو بە گورگێ ناوێرن. مەسەلەکە یەکیەتی و یەکبوونە....

ئینجا هەروەک لە پڕ بە بیری هاتبێتەوە، درێژەی پێ دا:

- کۆڕەو کۆڕەویان گرتووەتەوە. ئەمە کۆڕەوە؟ وەڵا هەمووی بە تاک و تەنیا ئەڕووا. کوا، کێ گوێی یاوەتە کێ؟

لە ئەوە دەچوو کاکەبرای کەرکووکیی چاوەڕێی قسەیەکی وا بووبێت کە زۆر بە جوانی دەزانی و لە بەر ئەوە قسەکەی بە پووڕەئەڵماس بڕی:

- بە خوا دادە ڕاست ئەڵێی. من لە نەوتەکە کارم کردووە. ئینلیز و ئەوروپایی میکرۆبن، میکرۆب. خوای ئەوان پارەیە، ئیتر کوردی چی، فەقیر و بندەستی چی؟ هەتا ئێمە یەک نەبین ئەوان هەر یارمەتیی ئەم دڕندانەی چواردەورمان ئەیەن.

مژێکی لە جگەرەکەی دا و دەستی کردەوە بە نەرمەکۆکە.

- جا براکەم ئێمە کەی یەک ئەبین؟ بەڵام ڕاست ئەکەی بە خوا هەر وایە، بزانە یەک جار لە سەر ئێمە هەڵیان یاوەتێ؟ کەچی لە سەر ئەو شێخەی کوێت کە ئەڵێی مەلاجەباری ئامە بە کەیفە، خوێنی تاڵ و ئێسکگران، ئاوا ماڵ و حاڵی ئێمەیان تێکا.

- لە سەر ئێمە هەڵنادەنێ و زەرەری باشیشی لێ ئەکەین، تۆ وتەنی خۆمان هیچ نیین، بێ مێشک و بێ غیرەتین.

کاک فەرهاد لە ژێر باری قسەکانی ئەواندا بە کاوەخۆ وردە چیلکەوچەواڵی فڕێ دەدایە ناو ئاگرەکە:

- کورد بێ مێشک و بێ غیرەت نییە، سەرکر...

ئاگرەکە بە هێمنی بە ئەملاوئەولادا خۆی دەبزووواند و پووڕەئەڵماس هەر لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو. پاش ماوەیەک دانیشتن لە بێدەنگییدا، هەموو خۆیان پێچایەوە و هەستان و بەرەو ڕێگای بیارە کەوتە ڕێ.

- با دۆڕاوەکان لە سەرمەستیی نەفامیاندا باربەری مەرگی خۆیان بن!

لە هەڵەبجەوە بەرەو بیارە، ڕێگای پێچخواردووی خۆگرمۆڵەکردوو، لە هەر پێچێکدا بە جۆرێک سەرەتاتکێی لەگەڵ مرۆڤدا دەکرد. درەختەکان لە هەر شوێنێکی تر زیاتر چرۆیان کردبوو و لە زۆر شوێنیشدا بووبوو بە گەڵای وردی ناسکی تازە. گیای ئەم دەڤەرە سەوزتر و ئازاتر دیار بوو. سرووشت لە هەموو لایەکەوە سەوزی دەنووواند. ئەگەرچی بەشێکی زۆری گیایەکە لە ژێر پێی ئەم حەشاماتە فیلەدا پلیشابوونەوە و لە قووڕاوەکەدا خنکا بوون، بەڵام هێشتا هەر سەوز بوون و ئەو هیوایەش هەبوو کە ئەگەر چەند ڕۆژێک کەشوهەوا خۆش بێت و بێ مرۆڤ بێت، جارێکی تر زیندوو ببنەوە و بگەشێنەوە.

لەگەڵ سەرکەوتن بەسەر یەکەم هەورازدا دووبارە تا، کە تا ئەو کاتە دیار نەبوو، بۆ فریشتە هاتەوە. ماندووبوونەکەش تووشی هەناسەسواریی دەکرد و بۆ ماوەیەک بە کۆمەکۆم هەنگاوی دەنا و هەنگاوەکانیشی بچووکتر بوون. ئەمەش هەر ماوەیەک بە کەڵکی دەهات، چونکە دووبارە وا بە تەواوی ماندوو دەبوو کە ناچار دەما لە جێی خۆی بووەستێت.

ئەگەر بیتووانیایە خۆی دەکرد بە مشکەکوێرە و هەرچی تەپۆلکە و گرد و شاخ و کێوە هەمووی لە ئەم سەر بۆ ئەو سەر کون دەکرد. هیچ نەبووایە لە بەر خاتری منداڵە تەڕە سەرمابووەکان کە بە دەم زریکەی گریانەوە ڕەش و شین هەڵ دەگەڕان و هەورازیان لێ دەبوو بە دێوێکی خوداوەند.

تایەکە وڕی دەکرد. تەپۆلکە و گرد و کێوەکانی لێ دەبوون بە شورا و ڕێگریان لە کورد دەکرد یەکتر ببینن، کوردیان لە یەک جیا دەکردەوە و هەر شورایە و لە باوەشی قووڵ و سەخت و بێ ئامانی خۆیدا، دەستە دەستە مرۆڤەکانی لە یەک دادەبڕاند.

هۆشی دەهاتەوە بە بەر خۆیدا. خودایە دوو تونێل، دوو ڕێگای قیرتاو، دوو شەمەندەفەر ئەو کوردستانەیان دەکرد بە لەپی دەستێک و ڕووخسارەکان ئاوا بە یەک نامۆ نەدەبوون. ئێستا تێ دەگەیشت پیادەڕۆیی و وڵاخڕۆیی چەند کات و ژیانیان لە سەر کەوتووە و تا ئێستاش دەکەوێت. تێدەگەیشت بۆچی دوژمن وڵاتی وەک کاولستانێک فەرامۆش کردووە. کوردان هەتا لە یەک دوور بن، باشتر.

هاواری ژنێکی مەلۆتکە بە دەست فریشتەی لە نابینایی کەمەرکێش کرد و وەئاگای هێنایەوە. ژنە تا کەمەری قووڕاویی، ئێخەی خۆیی دادڕی بوو و هەردوو مەمکی کە لاواز و شل بوون هاتبوونە دەرەوە و بە سەر ئێخەی دادڕاوی کراسەکەیدا، لار بووبوونەوە. مەلۆتکەکە بە هەڵپێچراوی لە سەر هەردوو لەپی دەستی ژنە ئەم سەر و ئەو سەری پێ دەکرا. ژنەکە لە پڕ مەلۆتکەکەی وەک شووتیەک خستە بنباڵی خۆی و شووشەمەمکەیەکی لە سەر عەرزەکە هەڵ گرتەوە. بە دەستی ڕاستیی و بە ددان سەری شووشەکەی کردەوە و بە خشاندن بە سەر عەرزەکەدا پڕی کرد لە لیتاوی باراناوەکە و بە دەم بادانی داخستنی سەرکەیەوە بە قریشکەوە دەگریا:

- شیر قاتە جەگەکەم، بەڵام نایەڵم بمری.

مەمکەکەی بە زۆر دەئاخنیە دەمی مەلۆتکەکەوە و وەک بووکەشووشە ئەم سەر و ئەو سەری پێ دەکرد و بە هەر چواردەوردا خۆی با دەدا و نەیدەهێشت هیچ کەسێک منداڵەکەی لێ بستێنێت.

- چۆن ئەهێڵم بمرێ، بۆ ئێوە شێتن؟

بە ڕاکردن خۆی لە دەست خەڵکەکان دەرباز دەکرد و هێندەی تر مەلۆتکەکەی لە خۆی توند دەکرد. شووشەشیرەکەی لە دەست کەوتبووە خوارەوە و لە خۆی و منداڵەکەپی دەڕووانی. هەردوو مەمکە سیسە لارەوەبووەکەی خۆیی توند لە دەستدا گووشیبوو:

- ئاخ، سەددام، گەواد، تۆش هەر بە هەژارەکان ئەوێری. خوایە ئەوە بۆ ناوێری منااڵی دەوڵەمەندێکیش بکوژی. هەر ئێمە، هەر ئێمە؟

چەند مەترێک لە ئەولای ئەو ژنە دڵ بە ئازارەوە، دەستەکچێکی باریکەلە ، خوشکێکی بچووکی خۆیی لە کۆڵ کردبوو. بە هیچ جۆرێک لە دە دووانزە ساڵ گەورەتر دیار نەبوو. پانتۆڵێکی سەوزی تێری لە بەردا بوو کە لە بەر باران و چڵپاوەکە تا سەر ئەژنۆی هەڵی کردبوو. سەرئەژنۆی ڕاستی بە تەواوی ڕووشابوو و پێستەکەی لە جەند لایەکەوە بە ئەستووڕایی چنگی چنگاڵێک دامااڵڕابوو. ڕەقەاڵنیەکەی کەشکەئەژنۆی قاچی چەپیشی سەر تا خوار ڕووشابوو. هەردوو پێی پەتی، هەموو ئەستووڕایی بەری پێی لە قووڕاوەکەدا شاردرابووە و باران بە هەردوو قاچییدا بەرەو پشتی پێی، دەهاتە خوار.

کراسێکی ڕەش و قەمسەڵەیەکی چەرمی عادی پەککەوتەی لە بەرددا بووکە زریزەکەی کرابووە و دانەخرابوو. دیارە زریزەکە لە کار کەوتبوو، دەنا زریزە داخستن هەر بۆ ڕۆژێکی وا باشە. پرچی ڕووتی کە تا سەرشانی درێژ بوو لە ژێر بارانەکەدا بە تەواوی تەڕ بووبوو و بە سەریەوە نوسابو. ڕەنگێکی ڕەیشی تۆخ، بەاڵم ڕەشێکی پڕ ژیانی بریسکەداری پڕ ورشە. دەموچاوی کەمێک باریک و بێگۆشت، بەاڵم شیرین و ژیکەاڵە.

لە تاو قورسایی منداڵەکەی پشتی، کە دیار بوو بە تونـدی خۆی بە شانوملیدا هەاڵواسیبوو، سەری بۆ دووا وە، هەروەکو لغاویان کردبێت، بەرز کردبووەوە.

منداڵەکەی کۆڵی پێنج ساڵانێک دیار بوو. ئەویش هەر وەک ئەم باریک و کەم گۆشت بوو. هەر وەک ئەم خوێنشیرین و ئێسکسووک، پرچی درێژ و ڕەش و پڕ بریسکە. تـوند تـوند لە دووا وە، هەروەک چاوەڕوانی هەزاران مەرگی بێکەسیی کردبێت، باوەشی کردبوو بە کچەکەی ژێریدا و ڕوومەتی نابوو بە پشتی سەریەوە.

ئەم کۆمەڵێک شتی لە بەردا بوو کە هەندێک کورت و هەندێک درێژ بە سەر یەکدا شۆڕ بووبوونەوە، هیچیا مااڵی باران نەبوون و لە تەڕییدا نووسابوون بە یەکەوە. شەڕوااڵتێکی کوڕانەی قاوەیی لە بەردا بوو کە دەرەلینگەکانی بە پاڵەپەستۆی لە دووا وەهاتەوەی خوشکەکەی تا سەر پووزی هەڵ کشابوو.

کچەکە لە ناوەڕاستی ڕێچکەڕێگاکەدا چەقی بوو، خەڵکیش لە ئەملاوئەوالیەوەی دەڕۆیشتن و جار جار شانێک، الجەستەیەک یان شتێکیان بەر دەکەوت. بە هێزی

بەرکەوتنەکە کەمێک دەسووڕان. کچە کۆڵکراوەکە بە بێ ئەوەی دەنگی لێ بەرز بکاتەوە دەگریا و فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوار و زوو لە ناو تەڕاییەکەی سەروچاوییدا، ون دەبوو. هەنسکی گریانێکی بە کۆڵ هەر پیشی بە ماسولکەکانی ڕوومەت دەخواردەوە و دەیهێنان و دەیبردن. دەستەکچەکەش جارجارێک نەبێت کە بە فشاری حەشاماتەکە وەردەچەرخا، لە جێی خۆی نەدەجوولا و هەر لە دەوروبەری خۆی، ورد دەبووەوە. بارانەکەش لە ئەوە دەچوو لە ئەو سەرەوە لەگەڵ کەسێک گرەوی کردبێت کە هەرچی منداڵە تا ژانی سەرئێسک، بگریەنێت.

دیار بوو، دەمێک بوو بردبوویەوە.

فریشتە لە جێی خۆیدا بووبوو بە پەیکەر. هەموو لاشان و وردە پاڵ و سیخورمەیەکی وێڵی دەبینی کە گاھ بە نەرمیی و گاھ بە تووندیی ئەو دووانەی لە جێی خۆی سوورِ پێ دەدا و لە جێی خۆیان دەیجوولاندن. دەستەکچە بارگرانەکە بە تووندیی لێو و لچی خۆی دەکرۆشت و زوو زوو تەکانێکی بە پشتی خۆی دەدا و کچەمنداڵەکەی کۆڵی دەبردەوە شوێنی خۆی، چونکە هەر جار ناجارێک لەسەر پشتی دەخزا.

فریشتە ئێستا کەمێک لێیان دوور کەوتبووەوە و لە دووری سی چل مەترێکەوە لێی دەڕووانین. دەیبینی چۆن ئەو کچە بار گرانە، وەک مێروولەیەک بارێکی چەند جار لە خۆی گەورەتری هەڵگرتبێت شەڕی بردنی پێ بفرۆشێت، زۆرانی لەگەڵ ئەو گابەردەی سەرشانی دەگرت.

کچەکە بڕیاردەر و بە پەیمان دیاربوو. دیار بوو لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردبوو گابەرد تا هەرە لووتکەی چیاکە ببات و وا باش دایبنێت هەرگیز خلۆر نەبێتەوە. بە ئەو هەورازە قووڕینە خلیسکەدا کچە لە نێوان هەر دوو سێ هەنگاوێکدا جارێک دەخزا و بە یەک دەست، کە بە زۆرِی دەستی ڕاستی بوو، خۆی دەگیرساندەوە و بە دەستەکەی تری خوشکەکەیی لە قنەوە ڕادەگرت و نەیدەهێشت بکەوێت. خوشکەکەیشی هەروەک ئەمە پیشەی ژیانی بێت، هەردوو دەستی بە تونديەکی خۆشەویستیانەوە لە گەردنی ئەم ئاڵاندبوو و سەری بە سەریەوە نوساندبوو.

فریشتە تا بڕینی هەورازەکەش گەیشتن بە تەختانیەکە و چەند هەنگاوێک ڕۆیشتنیش هێشتا هەر لە ئەم نموونە سەرنجڕاکێشەی دەڕووانی.

لە ئەم ڕۆیشتنەیاندا ڕوواوڕووی بیارە، تەختانیی هەر زۆر کەم دەهاتە ڕێیان. ئاشکرا بوو لە سەر ڕێگای بەدبەختیی دەڕۆیشتن چونکە هەر سەعاتە دووان و سیانیان لێ دەکەوت بە زەویدا. هەوراز و بەرزاییەکان بووبوون بە سەرباری بەدبەختییەکە.

لە تەختاییەکەدا کە لە ئەو بەریەوە هەورازێکی قیتی بەرز لێیان مۆڕ دەبووەوە ڕاوەستان و کەمێک دەستیان بە توندکردنەوە و خڕکردنەوەی خۆیان کرد. کچەی خوشک بەکۆڵیش لە ئەو بەرەوە هاتبووە بەری ئەمان و فریشتە تێی دەڕووانی کە چەند هەنگاوێکی مابوو بگات بە ئەمان. ئەو چەند هەنگاوە بڕاو و کچە بە باری کۆڵیەوە گەیشتە لایان و کەمێک تێی ڕووانین، هەر وەک لە دڵی خۆیدا شێروخەت لە سەر لادان و لانەدان بکات. ئەوە بوو وەستا و بە ئەسپایی خوشکەکەیی لە کۆڵی خۆی بۆ خوارەوە خزاند و ئەویش بە بێدەنگی لە سەر زەویەکە نیشتەوە و وەستا.

باران بە هەموو گیانیاندا دەهاتە خوار و جەستەیان بە تووندی دەلەرزی، بەڵام سیمایان سیمای پاڕانەوە نەبوو. سیمای خۆبەدەستەوەدان و دۆڕاوبوون نەبوو. هەر ئەوە بوو ماندوو و برسیی و بە گومان دیار بوون.

- دایکوباوکتان لەگەڵتان نییە؟ کوردۆ بە دەنگێکی منداڵانەوە پرسیاری کرد.

هەر پرسیارەکەی کوردۆ کۆتایی پێ هات، گورج کچە بچووکەکە هاتە گۆ:

- باوکمان نییە... هەمانە، بەڵام وازی لێ هێناوین، دایکیشم ...

کچە سەیرێکی خوشکە گەورەکەیی کرد و قۆڵە تەرەکەیی کەمێک لە دەمولووتی خۆی هەڵسوو، هەرچەندە باران دەموچاوی دەشتەوە، بەڵام لە چاو دەنگیدا هەر دیار بوو گریا بوو:

- دایکم خۆی سووتاند، نا ... باوکم گڕی تێ بەردابوو.

- دێرەکەی دووایی بۆ ڕاستکردنەوەی خۆی بوو تا گوێگر و پرسیارکار بە هەڵە لێی تێ نەگات. سەیرێکی خوشکەگەورەکەیی کرد و یەک دوو جار پێڵووی چاوی بە خێرایی تروکاند هەروەک وا بە دڵنیدا هاتبێت کە کاتی ئەو جۆرە پرسیار و وەڵامە نەبووبێت. خوشکەگەورەکەی هیچی نەگوت، هەر دەستی گرت و هێنایەوە لای خۆیەوە.

بە جارێک چوار پێنج ڕووخسار، هەروەک کۆرسێکی شانۆ بن، خێسەیەکی وشکیان لە کوردۆ کرد و تەریقیان کردەوە. لۆرکێ کە بەرامبەری وەستابوو، بە بێدەنگیی لاساییکردنەوەوە لێوەکانی خۆی بە ڕستەی " دایکوباوکتان لەگەڵتان نییە؟" دەهێنا و دەبرد و گاڵتەی پێ دەکرد. کوردۆش چووبووەوە قاوغەکەی خۆی، وەک ئەوەی ژیشکێک بێت و سەری بچکۆلەی خۆی لە مەترسیدا ببینێت.

لە هەموو لایەکەوە دەویسترا قسە بکرێت و ئەم چەند ڕستەیە کە ئەمان بە دڵتەزێنیان دا دەنا لە بیر بەرێتەوە.

پێڵووی چاوی پوورەئەڵماس دەستی بە هەڵفڕین کرد و هەموویان، کە لە ئەو ئیشارەتە حاڵی دەبوون، پاشەکشێیان بە قسەکانی خۆیان کرد و پوورەئەڵماس هاتە گۆ:

- کچە جوانەکانم، بەرەو کوێ کەوتوونەتە ڕێ؟

- بۆ ماڵی پوورم. کچەبچووکەکە دووبارە هاتەوە قسە، وەڵامەکەی یەکسەریی و ڕوون بوو.

پوورەئەڵماس ژنێکی دونیادیتوو و تاڵوسوێر چەشتەبوو، دەیزانی چۆن وەک دایکێک پرسیار بکات و بە چ جۆرە شێوە و دەنگێک بەرامبەرەکەی بدوێنێت.

- دوور دەژین یان نزیک؟

منداڵەکە نەیدەزانی چی بڵێت، تەماشای خوشکەگەورەکەی دەکرد و قژەتەڕەکەیی دەخوراند و بیری دەکردەوە:

- نازانم دووره یان نزیک، بەڵام لە تەوێڵەن.

فریشتە بە دەست ئازارێکی زۆرەوە بێتاقەت مابوو و پێی سەیر بوو لە ژێر ئەو بارانەدا ڕاوەستابوون و پرسیاری قۆڕیان دەکرد. هێندە لەگەڵ ناخی خۆیدا مەشغوڵ بوو ئیتر گوێی تێوە نەبوو پووەئەڵماس پرسیاری چی دەکات و وەڵامەکان چۆن دەدرێنەوە، بەڵام دەیزانی کچەگەورەکە هێشتا قسەی نەکردووە.

کاتێک کەوتنەوە ڕێ بە پێی سەعات نزیکەی شانزە خولەک ڕاوەستابوون و لە ژێر بارانەکەدا پشوویان دابوو. فریشتە و کچەگەورەکە بە جووتە دەڕۆیشتن. کەسیان ئەوی تریانی نەدەدووواند و هەردووکیان لە دەریایەکی قووڵدا خەریکی ڕزگاکردنی گەمیە نیوەخنکاوەکەی خۆیان بوون.

کچەبچووکەکە جووتێک پێڵاوی لۆرکێی درابوویە، بەڵام پێڵاوەکان زیاتر جوان بوون وەک لە باش. کچەکە بە دڵخۆشییەوە بە پێی ئەمان لە تەنیشت کوردۆوە دەڕۆیشت و قسەی دەکرد. ماندووبوونەکەی لە بیر چووبووەوە و خۆشیخۆشی پێڵاوە نوێیەکانیش هێندەی تر ڕەوتی پێ پەیدا کردبوو.

لە پڕ فریشتە وەستا و جانتاکەیی کردەوە. جووتێک سۆڵەی پیاوانەی دەرهێنا و لە سەر زەویەکە دایِنا و بە جۆرێک لە کچەگەورەکەی ڕووانی وەک پێی بڵێت: "فەرموو، لە پێیان بکە".

کچەکەش دیار بوو خولقی قسە و سوپاس و سوپاسکاریی نەبوو، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەنگە هەر بە دڵیشی نەبووبێت، هیچی نەگوت. سووک لە پێی خۆی کرد و کەوتنەوە ڕێ. فریشتە بە دەم خۆیەوە گوتی: "لە بیرم چووبووەوە پێم بوون، دەنا زووتر دەمدایێ".

هەر ئەوەندەی گوت و گوێی نەدایە ئاخۆ کچەکە گوێی لێ بووە یان نا.

ئازار و تا و ئارەقکردنەوە و جار جاریش هەر سێکیان پێکەوە دەهاتن و ڕێگاکەیان لە فریشتە کردبوو بە قولەی قاف و فەڕیان تێ خستبوو.

هەندێک جار هێندە تاوی بۆ دەهات کە بە لایەنی کەمەوە دەیویست هەر لە ئەوێدا لە سەر زەویە تەڕەکە و لە ژێر بارانەکەدا دابنیشێت و جووڵەی بۆ نەکات، بەڵام شەرم، شەرمی نالەبار، هەستی شانازیی درۆ و پێکۆڵی خۆبەدەستەوەنەدان، نەیاندەهێشت.

کولتوری فشە لە ئەو حەشاماتە بووبوو بە بەڵا.

نەیدەویست بە سەر ئەو خێزانەوە ببێت بە بار، نەیدەویست ببێت بە مایەی هەڵشاخین بۆ ناسکۆڵ، نەیدەویست هاورێیەتیەکەی ناسکۆڵ لە بەر چاوی ئەوانی دیکەدا شەرمەزار بکات. لە بەر ئەوە تا دەیتووانی هێزی بە بەر خۆی دەدا و بە زۆر خۆی بە قاچەکانی هەڵ دەگرت. هەموو ماسولکەیەک دەیان جار لە تووانای خۆی زیاتر کەوتبووە کار، مێشکی زۆر بە خێراتر و بە پەلەتر کاری دەکرد و چاوەکانی زۆرتر دەیانڕووانی.

لە ئەم وڵاتەدا شەق لە زیندوو هەڵ دەدرێت و بە خورِ و بە کوڵیش بۆ مردووان دەگرین. سەد ڕەحمەت لە گۆڕی کابرای ئەرمەنی.

لە ئەم وڵاتەدا مرۆڤ بە نابەدڵی بۆ خەڵک دەژیا و دەمرد، بە دڵییش ناپاکیی بەرامبەر دەکردن. بوختان و درۆهەڵبەستن خوێی چێشت بوو.

لە لایەکی تردە هێزیش هەبوون وایان لێ دەکرد زیاتر بە گەرِ بکەوێت ، واتای مردن لە پێناوی ژیاندا، کۆڵنەدان، ئازایی و سەرکەوتن... هەر کەمێک ددان بەخۆداگرتن و سووربوون و شێلگیریی ... هەر کەمێکی تر خۆجێرکردنەوە و پێداگرتن و پێهەڵگرتن ...

کات دەڕووات و بستە زەوی دووای بستە زەوی دەبڕێت و زۆر نابات مرۆڤ ڕێگایەکی دوورودرێژی پڕ نشێوی و هەوراز دەبڕێت، ساتە کاتی پڕ ئازار و ژان و تەنیایی دەبن بە مێژوو.

مێژوویەکی نەنووسراوەی لە کیسچوو.

هەموو ئاوەڕێک بۆ دووارە، هەموو ئاوەڕێک لە ڕێگای بڕاو هیوایەکی نوێی دەگەیاند بە دڵ، ئەگەرچی زۆر جار بە دەزوولەیەکی باریک بەندکرابوو.

ئازار و ددان بەخۆداگرتن گوێماسییەک دەگەیەننە ئەمەریکا.

ئەمان لە گوێماسی بە هێزتر بوون و بەرەو ئەمەریکاش نەدەڕۆیشتن، ڕێگاکەیان لە چاو ئەوێدا پێچی مێزەرێک بوو. ئەگەر هەر لە شوێنی خۆیان نەسووڕانایەتەوە، دەگەیشت بە شوێنی مەبەست.

فریشتە ماوەیەک بوو هەر چاوی لە ئەو ژنە منداڵ بە کۆڵەوە بوو کە چەند مەترێک لە ئەملای دەستی ڕاستییەوە دەڕۆیشت، ژنە دەمێک بوو لە ئەوە دەچوو بە عەرزدا بکەوێت. جار جار هەروەک بە ڕێگەوە هۆنەوز بدات و خەوی لێ بکەوێت تەکانێکی کتوپڕی شلی بۆ پێشەوە دەدا و پاش یەک دوو سەر سمی نیمچە بە ئاگا خۆی ڕاست دەکردەوە. بەڵام هێشتا خۆڕاستکردنەوەکەی ئەوە نەبوو زرت و زیندوو بڕووات، چونکە هەر زوو بە لادا نیوە خوار دەبووەوە. منداڵەکەش تەڕ و ماندوو و نیوەنوستوو توند دەستی لە پشتەوە بۆ بەر بەرۆکی دایکی هێنابوو و چنگی لێ گرتبوو. فریشتە دەیبینی کە چۆن ژنە لە هۆنەوزدا بوو، یان نەخۆش و بێهێز بوو.

دەیویست بانگ لە ژنەکە بکات یان بە پەلە بگاتە سەری و یارمەتیی بدات، بەڵام نە دەنگی دەیهێنا و نە پێی زیاتر هەڵ دەهات.

لە پڕ هەروەک داهۆڵێکی ناو گڵی فش بێت لار بووەوە و بە زەویدا کەوت. منداڵەکەش هەر بە سواری کۆڵییەوە تا نزیکی زەویەکە و لە ئەوێدا بە لای چەپی کەلەکەی دایکیدا خزا و بە لاشانی جەپی خۆیدا کەوتە ناو قوڕەکە. پەناگوێی زرم دای بە بەردێکدا. دەنگی بەریەک کەوتنەکە بە ئاسانی گەیشتە گوێ.

فریشتە و دەستەکچەکە و ناسکۆڵ و پیاوێک بە هەڵەداوان چوونە سەریان. ئەمان هێشتا وا لێی نزیک نەبووبوونەوە کە بتووانن شتێکی لێ تێبگەن. پیاوێک کە ئاوا پانزە بیست مەترێک لێیانەوە دوور بوو، هەر لە گەڵ ئاوەڕدانەوەیاندا شپرزە بوو و ڕای کرد بۆ لایان.

پیاوەکە مێردی ژنە بوو:

- کچی زوڵەیخا هەستە و ئابڕووم مەبە!

قسەکانی هەم لە پاڕانەوە دەچوون و هەم لە وردە هەڕەشە و بۆنێکی شەرمیشیان لێ دەهات.

بە هەر دوو دەستی، ژنەی لە لای شانی ڕاستییەوە بەرز کردەوە و دەیویست هەڵیبسێنێتە سەر پێ:

- چەتیو خۆتم لێ مەبوورێنەوە. ئاوا زوو زوو خۆت دەبوورێنیتەوە و دووایيش ڕاست دەبیتەوە... بە خوا بە خوا ...

قسەکانی تەواو نەکرد. ژنە هەر وەک پەڕۆ شل و شێواو، بەڵام قورس و تەڕ بە ئەملادا کەوت و هەناسەی نەدەدا. هەر لە ئەم کاتەدا کابرا سەری بۆ لای منداڵەکەی هەڵبڕی کە لە زریکەیەکی بێ ئاماندا بوو. دیار بوو کابرا تازە گوێی لە زریکەی منداڵەکەی بوو، چونکە زۆر بە واقورماوییەوە لێی دەڕوانی.

لە ئەو نێوانەدا بە چیچکانەوە بە نەسرەوتیی دانیشتبوو و نەیدەزانی بە لای ژنەکەیەوە بچێت یان بە لای منداڵەکەیەوە.

ناسکۆڵ و کچە بێدەنگەکە چوو بوون بۆ سەر منداڵەکە و خەریکی بوون.

پیاوەکەی تر و فریشتە ژنەکەیان خستە سەر پشت و دەستیان بە پاککردنەوەی دەموچاوی کرد. کابرا وا خۆی ناساند کە برینپێچە. چەناگەی ژنەکەی کەمێک ڕووەو سەرەوە بە شێوەیەک بەرز کردەوە کە بۆشاییەک کەوتە ژێر ملیەوە. کابرا، کەوا و سوخمە و هێلەکی بەری ژنەکەی هەندێک لە یەک ترازاند و دەمی ژنەی داچەقاند. هەروەک لە پڕ شتێکی بە بیردا هاتبێتەوە ، زوو بە زوو ژنەکەی کەمێک بە لای ڕاستییدا لار کردەوە و بە هەردوو دەستی کەوتە گرتنی ترپەی لێدانی دڵی.

مێردی ژنە هەر بە چیچکانەوە تێی دەڕوانین و فریشتەش زیاتر لای کردبوو بە لای منداڵەکەوە و بە هەر سێکیان هەر قسەیان بۆ دەکرد تا بگەن بە دڵی و ژیری بکەنەوە.

مێردی ژنە زۆر نەکردە و ساویلکە دیار بوو. خوێنگرتبووی و لە ئەوە دەچوو ئێستا نا ئێستا ببوورێتەوە. دەمی بە خاووخلیچکی دەبزووواند و هەر تاوەی شتێکی دەگوت، کە بە هەموو حسابێکی کتێبی و ناکتێبیی، لێی نەدەگیرا.

بە هەمووی دە خولەکێک زیاتر بە سەر ئەم ڕووداوەدا تێ نەپەڕیبوو کە پێستی ژنە بە تەواوی زەرد هەڵگەڕا و ژێر چاوەکانی ڕەش داگیرابوون. شەویلگە و ددانەکانی توند توند لە سەر یەک بە جیڕێی بە یەکەوە نوسابوون. هەروەک لە ئازاردا بێت هەردوو چاوی بە گرانی لێک نابوو. دڵۆپی باران یەک لە دووای یەک لە دەموچاوی دەدا. لاشەی سارد بووبووە. هەر لە ئەوە دەچوو دڵۆپە بارانەکان بەر پارچە چەرمێکی ڕەقەوە بوو بکەون. کابرای برینپێچ بە دەستەوەستانی لە تەنیشتیەوە بە چیچکانەوە لێی دەڕووانی و دەستی ژنەی بە شلی لە مستییدا هێشتبووەوە.

ژنەکە مردبوو!

کابرای برینپێچ سەیری مێردەی کرد و بە دەنگێکی خەمینی لە سەرخۆ و تا ڕادەیەک قوونڵەوە، گوتی:

- قوربان، بە داخەوە ژنەکەت بەجێی هێشتیت.

هاوسەری ژنە هێندەی تریش خاو بووبوو و بە ڕووخسارێکی سەرسوڕماویی و تێنەگەیشتووەوە لە کابرای برینپێچی دەڕووانی: قوربان، یانی چی بەجێی هێشتم؟

- برام، ئەمری خوای بەجێ بهێناوە. کۆچی دووایی کرد. لە ئەوە ئەچێ دەمێک بێ نە خۆش بێ، ماندوویەتی یەکجار ئاوا لە مرۆڤ ناکا. ڕەنگە لە ناو لەشیدا خوێن بەربوونێک هەبێ، خۆ ئێمە بێ پشکنین نازانین.

هەر ئەوەندە گوترا و کوڵ و کەفی کابرای مێرد بەرز بووەوە. لە ئەو قوڕاوەدا خۆی دەگەوزاند و شینی دەکرد. زۆرێک لە گرریان و پارانەوەکانی هەر لۆمەی خۆیی دەکرد و جوێنی بە خۆی دەدا و باسی دڵڕەقی خۆیی دەکرد و پەشیمانیی پێوە دیار بوو. فریشتە

باش تێ نەدەگەیشت کابرا باسی چی دەکات، بەڵام دەیزانی کابرا لە کۆمەڵە شتێک کە کردبووبێ، پەشیمان بوو.

هەر خۆیشی دەیزانی چی کردووە.

- کچێ کە هەموو جارێ ئەبووراینەوە نەم ئەزانی بە ڕاستە، هەی ڕۆ، باوکە ڕۆ، زوڵەیخام ڕۆ، ژنی جوانم ڕۆ، دایکم بە قوربانت بێ پشتم بەرمەدە....

هیچ گوێی نە دەدایە منداڵەکەی. خۆی دووپات و دەپات دەکردەوە و بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە.

- زوڵەیخا، تۆم ڕۆ، باوکم ڕۆ.

چەند کەسێکی تریش لێیان کۆبوونەوە. ڕێبواری تر بە ئاوەڕ دانەوە و ملەقوتێیەکی سەرپێی خۆیان ئاشنا دەکرد. کەس نەیدەتووانی هیچی تایبەتیی بکات و نەدەزانرا چی بکرێت. کابرای مێردی شتێکی وای نەدەگوت و لە دۆخێکدا نەبوو خەڵکەکە بڕیاریان پێ بدرێت.

هەندێکیان مرۆڤی هاوکاریی و یامەتیدان دیار بوون، بەڵام نەمانەوە و ڕۆیشتن، چونکە نەیاندەزانی تا کەی دابنیشن و چاوەڕێی بڕیاری کابرا بن. کابرا نەیدەویست بڕووا بکات ژنەکەی مردووە. ڕەنگە هەر هەرگیز بیری لێ نەکردبێتەوە.

ڕەنگە بیری لێ کردبێتەوە، بەڵام هەمیشە وای بە بیردا هاتبێت مەرگ لە سەرەڕێدا پەیدا نابێت. مەرگ لە ناو خاوخێزانێکی گەورەی دەست بە کار و دەم بە پێکەنیندا ڕوو دەدات. بە ئەم شێوەیەش ئەم وەکو خاوەن مردوو هیچی بە سەرەوە نابێت بە ئەرک. تەنانەت دەست دەخرێتە ژێر باڵی و دەیزووێنن و بە زۆر و بە بەساقە و قوربان خۆراک دەکەن بە گەروویدا. بە کوردیەکەی کۆڵەکەیەکی لە کیس دەچێت، بەڵام دەیان دەست زووبەزوو پەیدا دەبن و هەتا کۆڵەیەکی تری بۆ پەیدا نەکەنەوە، بەجێی ناهێڵن.

فریشتە نەیدەزانی کابرا بە تەمای چی بووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەزانرا کابرا خۆی بۆ ڕۆژی وا دانەنابوو.

پەناگوێی منداڵەکە کونێکی تێ بووبوو، دەنکە فاسۆلیایەکی پیادا دەچوو. ئەمانیش بە تۆپەڵێک پەڕۆ بەستبوویان کە هیچ جاری خوێنبەربوونەکەی نەدەکرد. خوێن لە سەر ئەو هەموو پەڕۆیەوە دەهاتە دەر. کاتێک ئەو لایەیان سەرەوژوور دا دەنا بۆ ئەوەی کەمتر خوێنی لێ بێت، یەکسەر کونی گوێی پڕ دەبوو لە خوێن کە لە ئەوە دەچوو لە کونی گوێشیەوە خوێن بێتە دەر. کابرای برینپێچ کە هیچی لەگەڵ دایکیدا بۆ نەکرا بوو، پەڕۆکەی لابرد و لە برینەکە ورد بووەوە. هەندێک پەڕۆی بە تەنکیی بڕی و هەر لە بەر خۆیەوە بۆڵەبۆڵی بوو. منداڵەکە گریان و زریکەی نەما و لە ئازاردا لە هۆش خۆی چوو. کابرای برینپێچ تکای لە خەڵک کرد بە دووای لۆکە و دەزوو و لەفاف و شتی لە ئەو بابەتانەدا بگەڕێن. پرسیار دووای پرسیار لە خەڵک دەکرا و هەبوون بە وشەیەکیش وەڵامییان نەدەدایەوە.

بارانەکە کە ماوەیەک بوو ڕێی تەخت بوو، بە سوێندێکەوە کەشتیەکەی بابانوح بن ئاو بخات، بەردەوام دەباری.

فریشتە چاوی لێ بوو کچە تازەهاورێکەیان لە دووری پەنجا مەترێک زیاترەوە بە ناو خەڵکەکەدا بە نیوەڕاکردن و نەرمەلۆقەوە دەهات و دەچوو و پرسیاری لە خەڵک دەکرد. لەگەڵ قسەکردن و خەڵک دووانداندا ئاماژەی بۆ لای ئەمان و منداڵەکەی دەکرد. جارجار تۆزێک دەچووە سەر نوکپێ و خۆی بۆ سەرەوە هەڵ دەبڕی و گەردنی بەرەو ئاسمان دەکشاند.

منداڵی لە هۆش خۆچوو ئەم دەست و ئەو دەستی پێ دەکرا و لە ژێر تاوی بارانەکدا بە بێدەنگیی گیانی سپارد.

کابرای باوکیش نە گریانەکەی و نە خۆجووڵاندنەکەی زیاد و کەمی نەکردبوو. هەر لە سەر هەمان شت بەردەوام بوو: لۆمەکردنی خۆی، جوێندان بە خۆی و دەربڕینی پەشیمانیی.

هەر ئەو نا، هەموو حەشاماتەکە، سەر تەڕ و پێ تەڕ، پەشیمان بوون.

جیاوازییەکە ئەوە بوو هەندێکیان لە دۆخێکدا بوون پەشیمانییەکەیان بە هاوارەوە دەرنەدەبڕی.

زۆری نەبرد خەڵک وازیان لێ هێنا و خۆیان بڕیاریان دا. هەر کەسە کارێکی دەکرد. یەک گۆڕی تەنکی کەمێک فراوان، لە بریتیی تەسک و قوواڵی باو، هەڵکەندراو و دایکەیان بە جلەکانی خۆیەوە تێخست. منداڵە بچووکەکە کە سێ چوار ساڵێک دەبوو، لە باوەشی ژنێکی سەرتاپا خوساوەی ڕەشپۆشی عەبابەسەردا دەرهێنرا و خستیانە سەر سینگی دایکی. ئێستا منداڵەکە کەوتبووە ئامێزی دایکیەوە و سەری نابوو بە سینگیەوە. هێندەیان لە پەڕۆ و پاتاڵەوە پێچابوو دەموچاوە بچکۆلەکەی بە ئاستەم دەبینرا. دایکی کەمێک ڕووشاوپی نەبێت لە سەر لاجەنگی هیچی وای پێوە نەبوو لە بریندارپی بچێت. دەموچاوی ئەمیشیان هەڵ بەست و توند بە جلەکانی خۆی لەگەڵ منداڵەکەدا شەکەتیان دان. زۆری نەبرد لە ژێر گڵدا شاردرانەوە.

ماوەیەکی زۆر خواوڕاستان بە کابراوە خەریک بوون کە لەگەڵیاندا بڕووات و گۆڕەکە بەجێبهێڵێت، بەڵام گوێی لە کەس نەدەگرت و وەڵامی کەسی نەدەدایەوە. لە ئەو دووایەدا سەری خستبووە سەر قوڕە نەرم و تەڕە هەڵدراوەکەی گۆڕەکە و دەم و لووتی خۆی دەچەقاندە ناوی و قوڕی دەخوارد. تا ئێتر وای لێ هات، فریشتە و ئەوانی لێ دەربچێت، کەسە یەکەمەکان نەدەناسرانەوە و خەڵکەکە دەڕۆیشتن. لۆرکێ و کوردۆ و کچەبچووکەکە بە سێ قۆڵی چوو بوون بۆ ژێر تاشەبەردێکی زل و بە بێدەنگیی لێی هەڵکورما بوون. پووڕەئەڵماس ئەوەی پێی کرابوو، کردبووی. هەر لە دەرەوەی تاشەبەردەکە، نایلۆنەکانی لە خۆی ئاڵاندبووەوە تا بارانەکە لە ئەوە زیاتر زەفەری پێ نەبات و ورتەی نەدەهات.

فریشتە کە لە ئەو کارەدا دەست و مەچەک قوڕاوی و ماندوو بوو، بە باراناوی ناو گۆمە بچووکەکان دەستوپلی دەشۆرد و لەبەر خۆیەوە ورتەورتی بوو.

ناسکۆڵ و کاک فەرهاد و یەک دوو کەسی تر کەمێک بە دەوری کابرادا هاتن و زانیان هیچیان پێ ناکرێت، بە ئەسپایی بە چەشنێک نەیانەوێت بەجێی بهێڵن، لێی دوور

کەوتنەوە. ئیتر پاش ماوەیەک چاوەڕوانیی بێهوودە هەموویان کەوتنە ڕێ و خەڵکی نوێ کە هەر بە مەزەنەی ئەقڵ لە ئەو بەسەرهاتە تێ دەگەیشتن، نزیک دەبوونەوە.

هەموویان لە ئەم دیو و ئەو دیوی گێژەڵووکەی مەرگەوە سەرەتاتکێیان لەگەڵ یەک دەکرد.

چەند هەنگاوێک دوور کەوتبوونەوە فریشتە گوێی لێ بوو کابرا بە گریانێکی پڕ کڕووزەوە، دەیگوت:

- بە سیل مردی زوولّەیخا؟ من تووشی سیلم کردی زوولّەیخا.

هەموو ئەو ئازار و نارەحەتیانە تا ئەو کاتە لەرز و تا و ئازاری سەریان لە بیر فریشتە بردبووەوە.

لەگەل ئەوەشدا لە ئەو کاتەدا هیواخوازی پەنایەک بوو تا دەفتەرەکەی دەربهێنێت و ئەم بەسەرهاتەش بنووسێتەوە.

لە ڕێگا چادرێکیان بە سەر تەپۆلکەیەکەوە بینی ئاپۆرەیەک لە خەڵک دەوریان دابوو. خەڵک هەبوون لێیان نزیک دەبوونەوە و هەشبوون لە سەر ڕۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون و گوێیان نە دەدا مەسەلە چییە.

ئەمان، لە ئەو کەسانەبوون دەیانویست بزانن چییە، لێیان نزیک بوونەوە. ئاپۆرەکە چل کەسێک لە تەمەنی تێکەڵاو، خەملاندبووی.

هەندێکیان بە خواردنەوەی چاوە مەژغۆڵ بوون. هەندێکیشیان هەر لە سەر ئاوازە دوودڵییەکەی خۆیان لە چواردەوری یەک و بە دەوری یەکدا دەخولانەوە. لە دووای بەختی سڵی خۆیان پەنجەتووتەی داخیان دەکرۆشت. هەندێکی تریشیان بە دەنگ و پێکەنینەکەیاندا دیار بوو کە بە یەکتر و بە خەڵکی تریان ڕادەبووارد. هەروەک لە سەیرانێک بن پشتوێنی پشوویان لێ کردبووەوە و دیار بوو نابەدڵ نەبوون.

حاجی بێخود ڕاستی دەگوت: "ئەمانە کەی یەک قەومن؟".

لە ناو چادرەکەدا کابرایەکی سمێڵ زبری ڕەشی ڕوومەت بە قووڵداچووی قژ بژ هەندیک پەڕەی بە دەستیەوە گرتبوو و خەریکی خوێندنەوەی شیعر بوو. لە دەمی پشووداندا بنێشتەکەی دەمی بە خێرایی دەجوو و چاوەکانیشی بێ سەرنج دەکرانەوە.

هەندێک هەرزەکار و پیاوی حەساوە لە قەد و باڵای فریشتە و ناسکۆڵ ورد دەبوونەوە کە بارانەکە ڕووتی کردبوونەوە، بەڵام ڕوویان وەردەچەرخاند کاتێک کاک فەرهاد و پوورەئەڵماس سەریان لێ بەرز دەکردنەوە.

کابرای شاعیر کە دەیزانی ئێستا وا خەڵکی نوێ هاتوون و فریشتەی لە باوەشی ناسکۆڵدا بە سەروپڕچی تەڕەوە دەبینی، کەمێک هەر بە چوارمشقی لە سەر قن بە ئەملاوئەولادا خۆی جووڵاند و جێی خۆی خۆشتر کرد و بەردەوام بوو. لە ئەوە دەچوو ئەو دیمەنە نوێیە وشەکانی پێ بگۆڕێت، چونکە وەک پێشتر وشەکان دۆشاویانە لە سەر زمانی نەدەخەملان، بەڵکو وەک بیریان لێ بکاتەوە، کەمێک بۆیان ڕادەوەستا:

ئەی کچی جوان
من بۆیە هەمیشە سەرم
لە بەردەم ئەڵتاری پەیکەری باڵاتا
لە کڕنووشی ئەبەدیا
لەزەت لە بێ سۆزیی و بێ میهریی چاوەکانت ئەچێژێ
چونکە تۆ، بە بستێک خاک و
بە مژە هەوایەکی ئەم نیشتیمانە دائەنێم. ئای
چۆن نیشتیمانم خۆش نەوێ؟
چۆن هەڵبێم و چۆن ڕا بکەم؟ چۆن بێدەنگ بم؟
ئەی نابینی، دەنگم بۆتە بڵندگۆی هەژاران و کوردستانیان؟
ئەی نابینی دەنگم بۆتە زەنگی ئازادیخوازانی ئەم دنیایە؟
ئەی نابینی چۆن وەکو مێخ داچەقاوم؟
سەدان هەزار خاڵ کوتاو و
هەزارانی وەک دوودڵیش ڕامبکێشن
لە جێی خۆما نام بزوێنن.

من هەڵنایەم....

لە ئەم کاتەدا کابرای شاعیر چاوی لە چاوی ناسکۆڵ و فریشتە بڕی بوو. وەک لەگەڵ حەشاماتەکەدا لە شەڕدا بێت و بیەوێت خۆی بسەلمێنێت، دەنگی لێ بەرزتر کردبووەوە و لالێغاوی کەف گرتبووی. هەردوو دەستی بەئەملاوئەولادا فڕی دەدا.
ئەمانیش تاقەتیان نەما و رووبان وەرگێڕا.

دە مەترێک لە ئەملاوە ژنێکی سەرتاپا تەڕ کە دیاربوو ژنی کابرای شاعیرە دانیشتبوون، سێ منداڵ لە بەردەمیدا بوون. ژنە پشتی لە ئاپوورەکە کردبوو و سەرنجی منداڵەکانی خۆی دەدا کە بە پێوە هەروەک لە چاوەڕوانیی ڕۆیشتندا بن، ڕاوەستابوون. ئەوانیش چەشنی دایکیان تەڕ بوون و دیار بوو سەرماش لێی دابوون. لاچاوی ڕاستی ژنە شینومۆر بووبووەوە و بوخچەیەکی گەورەی تەڕ لای چەپیەوە بوو.

- تۆ ئەگەر پیاو بوویاتیە چۆن ژنت کەمەرێش دەکرد؟ فریشتەبە پرسێکی تووانجەوە و بە دەم وردە هەنگاوەوە کە لە چادرەکە دووری دەخستنەوە، لە ناسکۆڵی پرسی.
- من؟ بە نیگای چاوم بە هێمنی بە باڵایدا هەڵدەزنام و بە زەردەخەنەیەکی دڵمەوە ئاگری نالیی م لە دڵی بەر دەدا:

شەڕەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار
ئەسەری سۆزشی گریانە، لە ئەفغانمدا
تۆ کە حۆریت، وەرە ناو جەننەتی دیدەم، چ دەکەی
لە ئەم دڵەی پڕ شەڕەر و سینەیی سۆزانمدا؟

- ئەی خۆت چۆن دەتکرد؟
- دەمگوت:

من زەویم

تۆ گاسن ئاسا بمکێڵە
با دامێنم سەوزێکی هەمیشە بەهار بێت
بەڵام لێم مەبە بە گاسن
ناخی بەسۆزم هەڵمەدرێ
با جەرگم بۆ خوین و بۆسۆی
بێ میهرپی تۆی لێ نەیەت
خۆشەویستم،
زەوی ئاسا، گاسن ئاسا
نەک وەک زەوی، نەک وەک گاسن.

ناسکۆڵ کە ئێستا بە دەم ڕۆیشتنەوە دەستی خستبووە سەرشانی فریشتە، کەمێک بەرەو لای خۆپی گوشی. فریشتەش بە دەم زەردەخەنەوە دەستی خستە سەر شانی ئەم و زیاتریش خۆی لە ناسکۆڵ نزیک کردەوە.

- دەبێت هەر گاسن بێت یان پشتە کەفگیرێکیش دەبێت؟

فریشتە پێکەنین گرتبووی. سەری لە ناسکۆڵ نزیک کردەوە و بە گۆشەی چاو وەک سەیر بکات کەسیان لێوە نزیک نییە تا گوپێ لێ بێت، وەڵامی دایەوە:

- لە شیعردا نازانم، بەڵام لە ژیاندا دەشێت.

هەردووکیان بە دەم پێکەنینەوە بەرەو دوواوە گەڕانەوە.

دڵ بە ناچاری چاوی خۆی لە ژێر بارانەکەدا هەڵ دەهێنایەوە. بەردە نووکتیژەکان دووبارە دەچوونەوە بە سینگی پێ دا و بەنی سوخمەکان لە تاو سەرما و تەڕپی و باران دەیانویست لە ناو گۆشتی سینگ و مەمکدا ڕۆچن.

تا گەیشتنە بیارە بەسەرهاتی تاڵ و دڵتەزێن یەک لە دووای یەک ڕووپان دەدا و ئەو سەفەرەیان لە مرۆڤ دەکرد بە گەشتی گەردوون.

مردنی منداڵان و ژنان و پیاوانی بەسااڵداچوو و گەنجان بە ڕاستیی مرۆڤیان هەراسان دەکرد. جەنگەکە لە نێوان ژیان و مەرگدا بوو.

هەر بەسەرهاتێک و لە ئەوەی پێشتریان دڵتەزێنتر و سەرسوورهێنەرتر.

ئەوەش وای دەکرد مرۆڤ زوو بەسەرهاتەکانی پێشتر لە بیر بکات، یان بە لایەنی کەمەوە پشتگوێیان بخات.

ڕێگاکە تا بڵێی پڕ ئاستەنگ و نەهاتیی و دوورودرێژ بوو. کەس تا ئەو ڕادەیە قسەی پێ نەدەکرا ئەوەی تر هەراسان یان زوێر بکات.

بیارە هێندەی خەڵک لێ بوو بە کەڵکی ئەوە نەدەهات مرۆڤ تیایدا ئاوێکیش بخواتەوە. لێرە بە دوواوە ئوتومبێلەکان ڕێزیان بەستبوو و هیچ نەدەجووڵان. زۆربەی زۆری ئەوانەی ئوتومبێلسوار بوون کەرەستەیەکی زۆری چێشتلێنانیان پێ بوو. لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەروازەی سنووردا لە ڕێگاکە لایان دابوو و خەریکی خواردن بوون.

فریشتە هەڵوێستەیەکی کرد ... تا چاو بڕ بکات سەیارە بە دووای یەکدا ڕیز بووبوون. خەڵکی پیادەش لە کەناری جادەکەوە ڕێچکەیان بەستبوو. "ئەو دیو" هێشتا زۆری مابوو. "ئەو دیو" بووبوو بە حەیرانێک کە هەر لە لێ لێ کەدا گیری خواردبوو.

نەدەهێڵرا کەس ئاودیوی سنوور بێت. دڵانی لە نەجەف میوان هێندە لە ئەمانەوە دوور بوون بەزەییان پیایاندا نەدەهاتەوە.

ئەوەی خزم و کەسوکاری زۆر زۆر نزیکی نەبووایە هیچی بەر نەدەکەوت. نە نان و نە ئاو و نە پێخەف. ئەمان هەندێک نان و خورمایان لە پیاوێک کڕیەوە کە گران پێی فرۆشتن. هێشتا بۆڵەبۆڵی بە سەر خەڵکەکەشدا دەکرد. نان و خورما لە ناو لەپی دەستیاندا خوسابووەوە و کەس گوێ بە دەستی شیلاوی و ناخاوێن نەدەدا. وەک لە ژێر هەڕەشەی بێگاریی و زۆرەملێدا بن نان و خورماکەیان وشکەجوو دەکرد و بە هەنگاوی سووک و کورت، بەرەو ئەو شوێنەی وایان دەزانی لە پێشیانەوەیە، ڕێگایان دەبڕی.

لە ڕێگای بەرەو تەوێڵەدا فریشتە زۆر شتی بۆ دەرکەوت. ناوی ئەو دوو خوشکەی زانی. گەورەکەیان "کەویار" و بچووکەکەیان "خەزێم". کەویار سیانزە ساڵ و خەزێم شەش ساڵ و نیو. هەروەها ناوی پوور و خزم و کەسوکاری تریان. بەسەرهاتی دایکوباوکیان و چۆنیەتیی ژیان و هەڵسوکەوتیان و گەلێک شتی تر. تێگەیشت ناسکۆڵ تا چ ڕادەیەک هاوڕێی گیانبەگیانیی و ڕاستەقینەیە. لە کردەوەدا دەبینرا کە خۆشەویستیی، ئازایەتیی، هەوڵ، کۆشش، ددان بەخۆداگرتن و خەسڵەتە باشەکانی تر، پێوەندیان بە تەمەن و بە نێرینەیی و مێینەییەوە نییە.

لە ئەو ڕێگا نەبڕاوەیەدا کە وشەی دەربڕین پەکی دەکەوت هەر منداڵ و بە ساڵداچووان بوون و دەکەوتن و هەڵنەدەستانەوە. مێرد هەوڵی دەدا چەند پارچەیەک نان زیاتر لە ژنەکەی وشکەجۆ بکات. پشت لە هەموو جۆرە بوونەوەرێکی لاواز و کەمتووانا دەکرا و ئاوەڕیان لێ نەدەدرایەوە. خۆشترین وشەی دەم جوێن و پلار و تەشەر و واپێکردن و والێکردن بوو.

ئای لە ئەو ڕۆژە ڕەشە!

ڕەشەڕۆژێک کەکوردی خۆرپەرست هێندەی تر تیایدا پەلوپۆی دەشکا و هەڵنەدەسایەوە. ڕەشەڕۆژێک کە بووبوو بە ڕۆژگاری هەرچی شەوگەڕ و شەوەخشۆکێکی هەمووشتخۆرە.

ئەوەی بدۆڕایە زوو لە لای یەکێکی ترەوە دەبرایەوە، تەنانەت ئەگەر بە کۆنەکڵاوێک، جامانەیەکی شڕ، هێلەکێکی نیوەدڕاوی ژنێک، جووتێک پاتەی پێی منداڵێک، بەڵێ یان تەنانەت ... تەنانەت گۆچانی پیرەپیاوێکیش بووایە.

حەیرانبێژێک نەبوو ئەم کارەساتە جەرگبڕە، ئەم هاوار و بێنە و بەردەیەی ڕووخانی قەڵاکان کۆ بکاتەوە و بە دەنگێکی ئاگرین ئاوڕشێنی دڵی کوتراو و دەمی چووەکلیلەی ئەم ڕەوە ئاسکەی پێ بکات.

فریشتە بە دەم ئازار و تایەکی قورسەوە هەر لە سەر ورێنەی خۆی بەردەوام بوو.

حەیرانبێژ دەخیلت بم، هەر لە ئەو کاتەوە دەست پێ بکە کە یەکەم کەس بە دڵی خاوێن و کوردستانییەوە یەکەم گوللەی ئەو ڕاپەڕینەی تەقاند. ئەو مرۆڤەی هیچ کەسێک ناو و شێوەی ڕووخسار و باڵا و ناونیشانی نازانێت و کەسیش بیری لێ ناکاتەوە. دە حەیرانبێژ، دەست پێ بکە و بێژە و تۆزقاڵێک ئازاری هیچ کەسێک لە یاد مەکە. سەرتاپای ئەم زریانەخەوە ڕست بە ڕست بهۆنەرەوە و تێهەڵکێشیان بکە و بە دووا تووانای دەنگی خۆت سەری گێژ و خەواویمان بە ئاگا بهێنە.

ورێنەی تایەکی گران کە زەفەری بە لەشێکی ماندوو و بێ خەو و خۆراک بردبێت ڕەنگە بێ لە قسە بزڕکاندن و ورتەورت هەروەها جوێنی مزر و شێتۆکانەش لە خۆی بگرێت. هێندە بێ وزە مابوو کە ئیتر ڕۆیشتنەکەی خۆیی پێ تەرازوو نەدەکرا و زووزوو ناهاوسەنگیی دەکەوتە لایەکی قاچییەوە. جاری وا هەبوو بە ڕاستیی خەریک بوو بە لادا دەکەوت. دیار بوو دەمێک بوو کەویار هەستی پێ کردبوو، چونکە هێدی هێدی لە فریشتە نزیک بووەوە و لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشت. چەند هەنگاوێک ڕۆیشتن و یەک سەرسمی نەرم کە زیاتر لە هەڵوێستەیەکی پەلەی بە سڵ دەچوو، تا ئاستی نەوین چەمانییەوە و خەریک بوو بە دەمدا بکەوێت، بەڵام هەر زوو فریای خۆی کەوت و کەویاریش قۆڵی کرد بە قۆڵیدا و خۆی لێ نزیک کردەوە.

بە ڕێگاوە خەونی دەبینی.

خەونەکان ڕوون و دیار نەبوون. چەشنی ڕووانین لە پشتی جامێکی پیسەوە، هەموو شت، بەسەرهاتەکان و ڕووداوەکان و بیچمە جیاوازەکان تەڵخ بوون. وەک تراویلکەیەکی چڕی بە شەپۆل بێت و بەسەرهاتەکان لە پشتیەوە بە تەزوولە ئەوە بنوێنرێن. لە خەونیدا لە شوینێک کە هەر لە ئەم ناوچەیەی دەکرد کە ئێستا لێی بوون بە سەدان تارمایی ئەسپسواری شمشێر لە دەست، بە بەیداخێکی ڕەشباوی شڕەوە، دەهاتن و دەچوون و هەردوو دەستیان بە هەر چواردەوری خۆیاندا هەڵ دەسووڕاند. تارماییەکانی تر هەموو پیادەی کوڵ و بچکۆلە بوون و بە ئەملاوئەولادا ڕایان دەکرد و هەڵ دەهاتن و وەک شارە زەردەوانەی وروژێنراو خۆیان بە ناو یەکدا دەکرد و زوو زوو لێیان دەکەوت و هەڵ نەدەسانەوە. تارماییەکانی ئەمان زیاتر ڕەنگاوڕەن بوون.

لە خەونەکەیدا بە لایەوە سەیر بوو و بە خۆیی دەگوت "چەند سەیرە خەون ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش و سپی، تێکەڵاو بێت". بە بەرزایی باڵەخانەیەک شت هەڵدرابووەوە و ئاگریان تێ بەر درابوو ... یان گڕیان تێ بەر بووبوو؟ (لە خەونەکەیدا بیری دەکردەوە) ئاگریان تێ بەر درابوو.

ئەم جارەیان یەک سەرسمی نەرمی لە پڕ خڕ دای بە عەرزدا و کونگەئاسا بەربووەوە، چونکە یەک تەپەی قورسی کەمێک پڕ بەرز بووەوە و کەویاریش لەگەڵ ئەمدا بەرەو پێشەوە فڕێ درا و پاش سێ چوار هەنگاو خۆی گرتەوە. ناسکۆڵ و کەویار و کاک فەرهاد گەشتنە سەری. کەویار و ناسکۆڵ چوونە ژێر باڵی و بەرزیان کردەوە. لە کاتی هەڵسانەوەیدا هێندە هەستی بە لەش قورسیی دەکرد کە وای دەزانی شاخێکیان لە سەر شانی داناوە. بەرچاوی لێڵ و تاریک، ناوچاوانی زرمەزرمێکی تیادا دروست بووبوو. گوێیەکانی کپ، گەرووی وشک، ناو دەمی وەک پەڵاس و بێخی سەری ئازاری دەهات، هەروەک هەموو تاڵێکی قژیان بە درزیەک بە پێستی سەریەوە نووساندبێت.

لە ئەو کاتەدا دەیبینی چۆن خەریکە تاوێرەبەردکەی لێ بەر دەبێتەوە. ئەو تاوێرەبەردەی بە لایەنی کەمەوە تا قەدپاڵی کێوەکە بردبووی و وایدەزانی هیچ وای نەمابوو بە لووتکەی بگەیەنێت. ئەو تاوێرەی ئەم سوێندی لێ خواردبوو بە هەرە خاڵی لووتکەی بگەیەنێت و لە شوێنێکی تۆپدا بە سەقامگیریی دایبنێت ئێستا بووبوو بە کێوێکی خڕ و دەیوسیت ڕووەو سەربەرەوخوار تێی تەقینێت.

هەرچەندی دەکرد هەر ئەوەندەی دەتووانی خۆی وەسەربخات و تەواو. تاوێرەبەردیش هاکا لە دەستی بەردەبێتەوە و سەربەرەوخوار بە تەکان و قەڵەمبازی گەورە و بە چەپڵەی شادومانیی خلۆربوونەوەوە بەرەو نشێوی هەزار بە هەزار مل دەنێت.

بە سەدان تاوێرەبەرد لە بەر چاویدا خل دەبوونەوە و لە چاوتروکاندنێکدا بە دوو فڕکە دەگەیشتن بە بنار و لە ئەوێشدا پاش کەمێک خاو بوونەوە، هەروەک بە کابرای خاوەنی ڕابوێرن، تێیان دەقووچاندەوە و تا هەر خۆشەدەشتێک نەدەگیرسانەوە. ئەوجا لە ئەو

دووڕەوە بە قەدەر ڕووبەری خۆیان دەمیان پان دەکردەوە و زمانی گاڵتەجاڕییان لە خاوەنەکانیان دەر دەکێشا.

جار هەبوون لە لووتکەوە خلۆر دەبوونەوە، لە ئەو خاڵەدا کە ئیتر مرۆڤ هەناسەیەکی دەمێنێت پشتوێندەکەی لێ بکاتەوە و تورکەی توتنەکەی دەربهێنێت و سیغارێکی لێ بپێچێتەوە، خڕەبەردی نەگریس لە بەر چاوی هەناسەی ساردا سەبەرەوخوار تێی دەگووشی.

هاوار، هاوار، هاوار لە ئەم هەرەسە.

نسکۆ، نسکۆ، نسکۆ ...

لە ئەم تێگەیشتنەدا ئاڵا سپیەکانیش چەمابوونەوە و کەوتبوون بە زەویدا.

ڕووخسار لە ڕووخسار ڕای دەکرد و کەس نەیدەویست لە پیاوە دۆڕاوەکان بچێت. تا چاو بڕ بکات، تا ئەو خاڵەی زەوی و ئاسمان لە دوورییەکی چاونەبڕەوە یەکیان لە ئامێز دەگرت و ئاسۆیەکی قوواڵیان دەنەخشاند، تا هەرە ترۆپکی لووتکەکە، لە ئەو شوێنەدا کە ئیتر کوڵەپیاوێک دەتووانێت دەستی بە خودا بگات، براوەیەک نەدەبینرا. هەزاران پێشلەشکری قووڕاوی لە ناو چڕەدووکەڵی پەنگخواردوودا وێڵ بوون ...

هەرەس!

ئەسپە باڵابەرزە کەتەکان ئەوانەیان کە کەوتبوون، کەوتبوون، ئەوانەشیان کە نەکەوتبوون هەر یەکە و لە لایەکەوە و بە لایەکدا، بێ مەبەست و بێ ئامانج، گالیسکە شڕوشێواوە هەزار ساڵەییەکەیان ڕا دەکێشا. گالیسکە هەر ئەوەندەی مابوو بێتە زمان و لە حەیبەتدا باڵ بگرێت. بە بەرد و بە تاوێردا دەکەوت و بەرز دەبووەوە و بە تووندی دەکەوتەوە سەر زەوی و بە ناو قوڕ و چاڵاودا ڕادەکێشرا و جیڕەی تەختە و بزمارەکانی لە گەردوونێکی بێسنووری کات و شوێن نەناسدا، لە ناو سەدای بە ئازاری حەیفی خۆیدا، ون دەبوو.

گالیسکە لە چرکەیەکدا ڕووەو دەیان لا دەبردرا و دەهێنرا و بەرز دەکرایەوە و بە لادا دەکەوت. ئەسپی تووڕە و شپرزەی بێ ڕکێف، بە پەرتەوازەیی، بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت، گالیسکەیان بە شەقامە سارد شەختەکردووەکانی مێژوودا بە کێش دەکرد و بەرەو دوواوە دەیان برد. گالیسکەی پێچکە شکاوی شەق و شڕ هێدی هێدی بەفر و زەقمێکی تەنک ڕووەو بەستن لە سەر پێڵووی چاو و دەست و قاچەکانی دروست دەبوون و قەتماخەیان دەبەست.

با براوەکان لە پشووی بە خۆڕەوابینینیاندا بە ئارەزووی خۆیان مێژوو بنووسنەوە!

با دۆڕاوەکان لە سەرمەستیی نەفامییاندا باربەری مەرگی خۆیان بن!

دە حەیرانبێژ، دەماودەم ئەم داستانەشمان بۆ بچڕێنە، خۆ خامە نوستووەکان ڕا ناچڵەکێن!

دە حەیرانبێژ، قوربانی لەبت بم، قوربانی های هایی پڕ غەمت بم، کەی دێیتە گۆ؟

فریشتە ئاگای لە خۆی بوو!

لە ئەو ڕێگا بێ بنەدا هەرچۆنیەک بێت پووڕەئەڵماس تووانی کەمێک مێشکی فریشتە بخەڵەتێنێ و لە تا و لەرزینەکە دووری بخاتەوە. زوو زوو باسی هەموو ئەو خزمانەی دەکرد کە لە تەوێڵە و دەوروبەری تەوێڵە هەیەتی، کە چەندین دەستیاو و چاکایەتیی بە سەریانەوە هەیە و هەر ئەوەندە بگەن ئەوا بە دڵنیایەوە لە میوانەوە دەیانکەن بە خانەخوێ.

ئەو وشانە چەشنی پەتوویەکی گەرم لە فریشتەوە دەئاڵان و گەرمیان دادەهێنا. لە هەرە ناوەوەی ناخیدا هیوای بچکۆلە بچکۆلە چەکەرەیان دەکرد و سەریان لە ژێر زەویەکی ڕەقهەڵانەوە دەهێنایە دەرێ کە شەختەی زستانێکی تاریک و نووتەک هێشتا لە نێوان هەموو توێژاڵێکیدا بوو. هەموو ئەو هیوا بچکۆلانە، تا بڵێی لە شکانەهات و ناسک ... دەبووایە وشەی نوێ و گەرمداهێنەر پەیتا پەیتا بەردەوام بن و لە ڕەوت نەکەون، بەڵام

ئەوە گرینگ بوو لە دەمی وەستایەکەوە بێنە دەرەوە، نەکا مێشک بە فشە و درۆ یان فریودان سەریان بقەبڵێنێت و سەری "نا، نا" کردنیان بۆ با بدات.

پوورەئەڵماس وەستای ئەو کارە بوو. وشەکانی بە چەشنی نازکردنی سینگی نەرمی پشیلەیەک ڕیز دەکرد.

هەموو دەیانزانی فریشتە ماوەیەکی دوورودرێژ، ئەگەر نەخۆشیش نەبێت، لە بەر ئەو هەموو کارەی سەر ڕێگا، بە ناساغیی دەمێنێتەوە. ئەمە سەرەتاکەی بوو، سەرمابردن و سەرمابوون، تەڕبوون و برسیەتی، ماندووبوون وخەم، لە هەر ڕووانگەیەکەوە تێیان بڕوانرێت کەمتر لە ژەهر نیین.

لە ئەم سەفەرەدا کە گەورە و بچووک هەر وەک نێر و مێ بەشداریان تیایدا دەکرد، هەر یەکە و لە قاوخی خۆیی و لە شەڕواڵ و کراسی خۆیدا پاڵەوانی چیرۆکێک بوو. هەر مرۆڤەی وەک جیهانێکی سەربەخۆ بێت و بە قەدەر ئەستووراپی لیکە جاڵجاڵۆکەیەکیش پێوەندیی بە هیچ کەسیکی تردەوە نەبێت، بە سەدان شتی هەمەجۆرەی پڕ سەیر و سەمەرەی دەهاتە ڕێ و دەبوون بە چەق بەسەرهات و ڕووداوەکان.

هەموویان وەک یەک تەڕ دەبوون، ڕێگایان دەکوتا، برسیان بوو، لە ڕێگای مەترسیدا بوون و ...

بە ئەم شێوەیە هەموویان پاڵەوان بوون. لە ئەم سەر بۆ ئەو سەر یەک پارچە پاڵەوان، پاڵەوانی داستانێک کە نەک هەر تۆمار نەدەکرا، بەڵکو تەنانەت هەر زوو بە زووش لە بیر پاڵەوانەکە خۆی، دەچووەوە.

ئەمانە هەموو بێ وچان و بێ وەستان بە مێشکی فریشتەدا دەهاتن و دەچوون و بە چەرکش بەرۆکیان بەر نەدەدا. لە ئەو کاتەدا پوورەئەڵماس وەک چیرۆکخوانێکی بە ئەزموون و گەرووساف، بە دەنگێکی پڕ مەست و دەربڕینەوە، کە وشە لە بیستەر بکات بە وێنە و وێنەکان بیهێنێتە بەر چاوی و زۆر نایابانە بەیەکیانەوە بنووسێنێت و لێی بکات بە زنجیرەیەکی لێک نەپساوی پڕ ژیان، بۆ فریشتە دەدووا.

کەویار قۆڵی بە قۆڵیدا کردبوو و بە هەنگاوەکانی ئەو دەڕۆیشت.

فریشتە یەک موچوورکی ترس بە لەشیدا تێپەڕی کە بیری ئازادی کەوتەوە. داخۆ لە شوێنێکی وادا چی لێ بکردایە، چۆن پیایدا هەڵشاخایە و لێی تووڕە بووایە. ... بە سەر هەموو ئەو ئازار و خەمەدا دڵی پڕ بووبوو لە گریان و گەرووی دەچووزایەوە.

هەموو هەنگاوێکی بە دڵانەچۆقەیەکی بەردەوام و کۆمەڵە وردە تەکانێکی زنجیرەییەوە، دەنا.

- دەی خوایە هەقمان بسێنی!

تەوێڵە، ١٩٩١/٤/٧، شەوی دووشەممە

میلی کاتژمێر وەک بە هەورازدا سەر بکەوێت بە تەمبەڵی هەنگاوی دەنا و چاوی وەنەوزی پڕ لە شەهوەتی وچانێک بوو. ئەوەی چەند خولەکێک لە ئەمەوبەر خەونی بە کەپر و ساباتێکەوە دەبینی ئێستا لە ژێر لێزمەی باراندا پێڵووەکانی لێک نابوو.

ئەو چەند هەنگاوەی کە مابووی بۆ تەوێڵە، ئەو ڕێگا کورتەی کە دڵی ئومێدلێبڕاوی هەزارانی لە سەر پەتی خۆبەدەستەوەدان و بۆ خوارەوەخزان دەپاراست، بە بارانێک نەفرەت کرا بوو کە هەروەک بە تفەنگەوە ببارێت خۆی بە هەموو کون و قوژبنێکدا دەکرد و لە هەر چوار لاوە مرۆڤی تەڕ دەکرد.

بارانەکە بە ژیانی خۆی سوێندی خواردبوو هەموو پلان و نەخشەیەکی ئەم حەشاماتە بسڕێتەوە و تێک بدات. مرۆڤ بۆ ڕاستیش بدوێت: لە مەبەستەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بوو.

بە ئەم شەوە تاریکە کە چاو چاوی نەدەبینی دەیان هەزار کەس لە ناو تەوێڵە و ڕۆخی تەوێڵەدا کۆبووبوونەوە و هاوارهاوارێک بوو، مەپرسە. خەڵکانێک مەگەر بە تاک و تەرا هەبوونایە بیانتووانیایە لا بدەن، ئەوانە دەبووایە خاوەن خزم و کەسوکاری نزیک بوونایە. هەموو ئەوانەی تر هەر خولیان دەخوارد و بێ ئەوەی پلانێکیان هەبێت یان تەدبیرێکیان کردبێت لە ئەم سەر دەچوون بۆ ئەو سەر و لە نەبوونێکدا هەنگاوەکانی خۆیان دەژمارد. بن گوێسووانەکان لە خەڵک بووبوون بە تەختی پاشایەتیی.

بە ئەو شەوە تاریکە جوێن و هەڕەشە و گوڕەشە دەگەیشتن بە هەموو گوێیەک. کزبوون و گەشانەوەی هەناسەی گڕی جگەرە و مژ لێدان لە سەدان لاوە دەبینرا. ڕووناکیی لایت شەپۆلی بە تارمایی و سێنەری حەشاماتەکە دە دا و جارجاریش، ڕەنگی گەشی فانۆسێک

چواردەوری تۆپەڵە مرۆڤێکی چل پەنجا کەسیی ڕوون دەکردەوە و تاریکییەکی خەستیش بە چواردەوریدا بڵاو دەبووەوە.

بە دەیان ئاگر، گەورەوبچووک، لە ئەملاوئەولاوە کرابوونەوە و هەروەک هەموو شوێنێکی تر خەڵک بە چواردەوریاندا خڕبووبوونەوە و دەورەیان لێ دابوو.

چەند کەسێک لە ئەوانەی پەنجەی بەخت لە سەریان گیراسبووەوە فریشتە و ئەوان بوون. ئەویش بە هۆی پوورەئەڵماسەوە کە چەند خێزانێکی دەناسی و نەیدەزانی سەر بە لای کامیاندا بکات، خۆی وتەنی هەموویان کۆڵێک دەستیاو و چاکەیان بە سەرەوە بوو، کە زیاتر لە حەج و عەمرەیەک پێیان خۆش بوو، بیدەنەوە.

زۆرێکیش داخی ئەوەی دەخوارد چۆنە ئەم کەویار و خەزێمەی خوشکی بە شێوەیەک ناناسێت کە لە تەوێڵە خزمیان هەیە و مەلی خەیاڵی لە سەر ئەو چڵە هەڵ نەدەفڕی.

کەویار و خەزێم ماڵەکایان باش دەناسیەوە، بەڵام لە بەر قەرەباڵخیی خەڵک ئەو کورتە ڕێگایەیان لێ بووبوو بە کۆڵی شێر. ئومێدی جەستەیان هەتا تەوێڵە بوو، نەک دۆزینەوەی ماڵەکانیش. پاش کۆمەڵێک ئەم سەر و ئەو سەر کردن و ئەملاوئەولاکردن ماڵە دۆزرایەوە کە بە سەدان کەس لە چواردەور و بەردەمیاندا گرد بووبوونەوە و غەڵبەغەڵبێک بوو، مەپرسە. خەڵکان یەکتریان ماچ دەکرد و لە باوەش دەکرد و خواحافیزبوونیان لە یەک دەکرد. کەویار بە حەزەوە لە فریشتەی دەڕووانیی بە جۆرێک کە چەند ساڵێک بێت ناسیبیەتی و نەیدەویست بەجێی بهێڵێت. پوورەئەڵماس ئێستا ناوی ماڵەکەی هاتبووە بیر کە ئەمان بۆی دەچوون و بە نەرمییەکەوە پێی گوت:

- دە برۆ، کچەکەم، دڵنیابە فریشتە ئەوەنە لێرە ئەمێنێتەوە هەر کاتێ بتەوێ بە ئیسراحەت ئەیبینی.

پاش چەندین پاڵنان و کوناوکون کردن و ئەملاوئەولا ئەو ماڵە دۆزرایەوە کە پوورەئەڵماس گوڕی بۆ خواردبووەوە. خۆیان زۆر و میوان زۆر، خانووەکە ئیتر کەسی نەدەگرت. فریشتە بە سەر ئەو هەموو ئازار و نەخۆشیەوە خۆی بە دەستەوە نە دەدا و

شەرمی دەکرد ڕاستیەکەی بڵێت و هەر لە ئەوێدا خۆی بە عەرزدا بدات و لێی پاڵ بکەوێت. خانەخوێ تا بڵێی دەموپل شیرین و بە گفت، هەر بە وشەی تەڕ و بڕ و گەش هێنانیەوە سەر خۆیان و بە زۆر دایاننیشاندن. سوێندی "ئەبێ بمێننەوە" و "ئەبێ لێرە بمێننەوە" و "ماڵ ماڵی خۆتانە" لە چەندین لاوە بەرز دەبووەوە. میوانی وشکەوەبوو و نیوەماندوویەتی شکاو هەستان و جێگۆڕکێ دروست بوو. فەرموو، فەرموو بۆ شوێنی ئاگردان و وشک و گەرمداهاتوو، کرا.

بەتانی و پەتوو و لێفەی تر پەیدا بوون و زۆرێیان هەر چاویان لە فریشتە بوو، چونکە لە لایەکەوە نەیاندەناسی و لە لایەکی تریشەوە شەرمەکەی وەکو کەوایەک بێت لە بەریدا، دیار بوو. جلکوبەرگی وشک هێنرا، کورت و درێژ، ئەستوور و تەنک، جاجمێکی گەورە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کرا بە پەرژین و ژنان دەستیان بە خۆگۆڕین کرد.

لە راستییدا فریشتە هیچی نەدەویست زیاتر لە ئەوەی وازی لێبهێنن و لێی بگەڕێن ڕابکشێت و چاوەکانی بە ئارامیی لێک بنێت. لە ناخی خۆیدا هەر خۆیی دەخواردەوە و هیوای مەرگی دەخواست. سەروملگرتن و هەڵکوتاندنە سەر خەڵکی نەدیو و نەناسیاو لە ناکاتدا چەند ئابڕووشکێنە.

دیار بوو دانیشتووانی ئەو ناوە بە ئەم جۆرە ژیانە ڕاهاتبوون و لە دڵیشەوە یارمەتیان پێشکەش دەکرد. ئەو ڕۆژە خۆراکێکی زۆر دروست کرابوو، چونکە زۆری نەبرد خواردن گەرم کرایەوە و بە دەستەوارەیەک نانەوە دانرا. فریشتە هیچی پێ نەدەخورا. پێی خۆش بوو بیخواردایە، بەڵام نە دڵی دەیبرد و نە هێزی جووین و قووتدانی هەبوو. پەتاتەی کوڵاو و شۆرابەیەکی ساوەری کەمێک ڕووبی بە ئاستەم تێژ، خرابووە بەردەمی و هەر داوای لێ دەکرا کەمێک بخوات و سکی خۆی پێ گەرم بکاتەوە.

بە ئەسپایی کەوچکی نیوەپڕی لێ دەدا وهێندەی باڵی پەپوولەیەک نانی بە سەردا دەکرد. لەگەڵ چوونەخوارەوەی هەر کەوچکێکدا گەرووی چووزاندنەوەیەکی نەرمی خۆشی دەگرت و هەستی دەکرد چۆن تەڕاییەکە بە سوورێنچکیدا ڕووەو خوار بۆ گەدەی شۆڕ دەبێتەوە.

زیاتر لە بیست کەس، کە فریشتە ژمارەکەی نەدەزانی، لە ئەو ژوورەدا کۆبوبوونەوە و چووبوونە ناو یەک. بە دەیان باس لە ئەملاوئەولاوە دەکرانەوە. هەندێک باس تا ئاستێک دەڕۆیشت و هەندێک باس زوو کۆتایی پێ دەهات. دوعایەکی خێری زۆر بۆ ئەو حەشاماتەی دەرەوە دەکردرا و کە ئەمان جارێک بە "ڕەش و ڕووت" و جارێک بە "کوردی کڵۆڵ" ناویان دەبردن.

گرمە و نااڵەی هەورەکان زوو زوو قڵیشێکی گەورەیان دەخستە قوواڵایی ئاسمانەوە و سەری ئەو مرۆڤە بێ چەتر و بێ ساباتەی دەرەوەیان فڕێ دەدایە بەر پێی خۆیان و موچووڕەکەی تەزینی بە لەشدا دەبردن. جەستەی ئەوانەی ژوورەوەشی گرژ دەکرد و بە ئاشکرا گرمۆڵەی دەکردن. لە کونی ژوورەوە، لە بەردەم ئەو زۆپا گەرمەدا، دەنگی لێزمە و بارانێکی بە خوڕ لە ئەم دیوەوە کەمێک بە کپی دەبیسترا، هاوار هاوار و غەڵبەغەڵب و گریانی منداڵان و ژنان زوو زوو تێکەڵ بە دەنگەکانی تر دەبوو.

لە کاتێکدا فریشتە لە دڵەوە پێی خۆش بوو وازی لێ بهێنرێت و لێی پاڵ بکەوێت. پرسیار لە سەر پرسیاری لێ دەکرا. پرسیارەکان زۆر بوون و هەموو لقوپۆپیان لێ دەبووەوە. زۆربەیان ڕووونکردنەوە و ئاشکرابێژیان دەخواست و هێز و وزەیان دەویست و لە ئەو جۆرە پرسیارانە نەبوون بە "بەڵێ" و "نەخێر" یەک وەڵام بدرێتەوە.

زۆر لە ئەو پرسیارانە هێندەی تر فریشتەیان ماندوو دەکرد و وزەیان زیاتر دادەچۆراند. بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت و پێیانەوە مەژغوڵ بێت، ئەندامەکانی جەستە و جلکوبەرگی وشک بووبوونەوە، گەرمی هاتبووەوە و ئازارەکەی پاژنە و بەری پێی و پووزی هێدی هێدی لە ڕەوویانەوەدا بوون. ئێستا جۆرێکی تر لە ئازار تەنگی پێ هەڵچنیبوو. ماسولەکەکانی سەر شان و ئەملاوئەولای باریکایی پشتی گشت گرژ بووبوون. ناوچاوانی کوتەکوتێکی تیایدا پەیدا بووبوو وەک ئەوەی لە ناوەوەیدا تۆپێ ئاسنی خڕی گەرم دێت و دەچێت. ناوەوەی لووتی وشک، گەرووی هاتبووەوە یەک و لە ناوەوە بەرەو ئاوسان دەچوو. هەر دوو چاوی دەکزانەوە و بە تەنکی ئاویان دەکرد. جار جار لەرزەکە دەهاتەوە گیانی و توند ددانەکانی خۆیی لە یەک جووت دەکرد بۆ ئەوەی نەیخاتە ناوناوان و باسەکە نەبێتەوە بە باسی ئەم.

کات بەرەو دووانزەی شەو بەڕێوە بوو. هات و هاوار و خورپەخورپەکەی دەرەوە هەروەک خۆی مابووەوە. بە پێچەوانەی دەرەوە، ئەمان، قسەکانیان وردەوردە بەرەو کۆتایی دەچوو. نزاکانیان زۆر دووبارە بووبوونەوە ، یەکتر دووواندنەکانیان تەڕبی و گەرمییەکەی سەرەتای لێ داماڵرا بوو. گەزۆی خەو لە سەر پێڵووی چاویان باری بوو و هێدی هێدی قورسی دەکردن. جەستەیان ئیدی بەرگەی نەدەگرت و خۆی بە دەستەوە دەدا.

کاتی ئەوە بوو بیکەن بە ڕاکشاندنی خەوتن و بنوون. هەموو ئەو وردە قسە لابەلایانەی وەک "تۆ وەرە لێرا بنوو" و "من دەچمە ئەو لاوە" و "خۆم ئێرەم پێ خۆشە" بە هەوادا دەهاتن و دەچوون.

شەش ژن و دوو کچ، یان پێنج ژن و سێ کچ، بە ناسکۆڵەوە، ژوورێکیان بەر کەوت. هەر وەک و قاڵبێک بێت و بۆ ئەمان کرا بێت، بە ڕاکشانەوە شانیان بە ناو یەکا دەچوو. میوانێکی تریان لەگەڵدا بووایە دەبا دەستلە ئەملان بخەوتنایە. فریشتە هەندێک لێیان پاڕایەوە کە ڕێگای بدەن لای دەرگاکەوە بخەوێت و لە ئەوەش دەترسا کە نەخۆش کەوتبێت و ئەمانیش تووش بکات، بەڵام ئەمان گوێیان لێ نەگرت و خستیانە هەرە سووچی سەرەوەی ژوورەکە. بە زۆریش دوو بەتانی زیادیان پیادا دا.

پوورەئەڵماس هەروەک پێڵووفڕینەکە بۆ جوانکارێی بکات، سەر چاوی گرت:

- کچم، خۆ تۆ لای خۆت خوێندووتە، سەرمابوون درم نییە، باوەڕ ناکەم تۆ هەڵامەت و کۆکە و شتی وات بێت. سبەینێ عەلەمت تیا نامێنێ.

وەک دووا دەنگی ئەو ڕۆژە پڕ ڕووداو و کارەسات و هات و هاوارە، پوورەئەڵماس ئەو چەند وشەیەشی بە خۆی ڕەوا بینی. فریشتە و ناسکۆڵ تێگەیشتن. کەس نەهاتە قسە. یەکێک لە سەر لا و دووان لە سەر پشت و یەکێکی تر بە دەمدا و ئەوانی تر لە خۆتلدانی لەسەرخۆدا، لێی ڕاکشابوون. ئەم ژووە تا بڵێی گەرم بوو، بەڵام ئەو هەموو شەڕە بارانەی ڕێگای دوور و درێژی ڕۆژانی ڕابردوو بە تەواوی ترساندبوونی. لە ئەو ژووە وشک و برینگەشدا باران هێشتا چوو بووە ناو ناخیانەوە و دەیترساندن. هەموویان بە بێدەنگی خۆیان گوشیبوو.

چرای ژووروەکە کوژێندرایەوە و تاریکیەکی نووتەک، بەڵام هێمن و پڕ ئاسایش، سەرتاپای سووچ و قوژبنی ژووروەکەی تەنی.

لە دەرەوە هات و هاوار و غەڵبەغەڵب و بیهێنەوبیبە و قورپێوان تێکەڵ بە گرم و هوڕ و دەنگی خۆڕەی باران و وژەوژی باکە دەبوو کە دیار بوو بەهێزتر بووبوو. دەنگێکیش کە زیاد و کەمی نەدەکرد و بۆ ساتێکیش چاوی ئارامی لێک نەدەنا، خووڕەی ئاوەکە بوو کە ڕەنگە لە کاتێکی تردا فرە دڵگیر و نازدار بووایە، بەڵام ئێستا بۆ فریشتە ناقۆڵا بوو. ژاوەژاوێک لە ناو مێشکیدا پەنگی خواردەوە و یەکێکی تریش لە دەرەوە بە پەستاو لە کونی گوێیەوە خۆی بۆ ناوەوە دەکوتا.

پاڵکەوتن دادی فریشتەی نەدەدا. دەمێک لە سەر دەم و دەمێک لە سەر پشت، گاھ لە سەر لای ڕاست و گاھ لە سەر لای چەپ. جارناجارێک دەستێک لە ژێر ورگدا و جارجاریش هەردوو دەست وەک سەرین. لە ئەم کاتانەدا دوو باڵ لە مرۆڤ دەبن بە بەڵا و مرۆڤ هەر چۆنیەک خۆی بجوولێنێت باڵێکیان هەر زیاد دەبێت.

تل لە سەر تل و لە دووای تل. هێدی هێدی هەناسەی سوار دەبوو. نەیدەتووانی بە پشووەوە هەناسە هەڵبمژێت و بداتەوە. لە دڵی خۆیدا وای دەزانی ناهێڵێت بە ئەو مشەمشانە کەس خەوی لێ بکەوێت. هەمووی چارەکێک نەدەبوو پاڵ کەوتبوو، هەر لە ئێستاوە ویژدانی نائارامیی تێ کەوتبوو.

ئەوانەی تر گشت خەوتبوون. ژووروەکە پڕ بوو لە خەوی قورس و خەونی ئاڵۆز. پرخەپرخێکی نەرم لە لۆرکێ ەوە دەهات کە زیاتر دەنگی ماندووبی و ماسولکە گرژبوون بوون. پووڕەئەڵماس فیشکەفیشکێکی لێ دەهات ئەگەر مرۆڤ بە وردی لە سەری گوێقوڵاخ بووایە هەر لە کتری بەکوڵهاتووی دەکرد کە تازە لە گیزەگیز کەوتبێت.

ناسکۆڵ لە تەنیشتی خۆیەوە لە سەر لای ڕاست ڕوواوڕووی ئەم ڕاکشابوو. دەستی چەپی خستبووە ژێر لاڕوومەتی و دەستەکەی تریشی بە نەرمیی لە سەر لاقەبرغەی خۆی درێژ کردبوو. هەر دوو چاوی بە نەرمی لێک نابوو و بەتانیەکەی تا بن چەناگەی خۆی

هەڵکێشابوو. ئەوەکانی تریش هەر یەک بە بارێک لێی ڕاکشابوون و مشەی لووت و ورشەورش و خشەی خۆتلدان و خۆبزووواندنیان لێ بەرز دەبووەوە.

ئەم و ناسکۆڵی لێ دەربچێت هەموویان لێفە و بەتانیەکانیان تا تەپڵی سەریان ڕاکێشا بوو و دەموچاوی خۆیان شاردبووەوە. لە بەر ئەوە فریشتە نەی دەزانی کامیانە کە وا بە دەم خەوەوە دەستی بە قسە کردبوو و دەیزڕکاند.

میلی خولەکی کاتژمێری سەر دیوارەکە وەک لە سەفەرێکی دوور گەڕابێتەوە و لەگەڵ هاوسەرە میلەکەیدا تامەزرۆی جووتبوون بێت، بۆ دووا جار خۆی کشاند و بە تەمبەڵی لە سەری ڕاکشا. کاتژمێرەکە بوو بە ئاهێکی قووڵ و تیایدا ون بوو. لە باوەشێکی تینوودا کاروانی ئەم ڕۆژیان لە سەر دووانزەی شەو ڕاگەیاند.

لە دەرەوە دەنگی بارانی خوڕ و هاوار و دەنگەدەنگ و یەکتر بانگکردن و لاوانەی خەڵک، هەر بەردەوام بوو. لە ژووریشەوە جیهانێکی زۆر جیاوازتر، تا ڕادەی بڕووا نەکردن، هێمن و ئارام و دوور لە بەڵا بوو. بینایی چاوی فریشتە بە تاریکیەکە ڕاهاتبوو. بیلبیلەکانی زیاتر خۆیانیان کردبووە و ناو ژوورەکەی دەبینی و دەیتووانی شتەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە. دارەڕای بنمیچەکە لە کۆنیی و وشکییدا کەمێک چەمابوونەوە و هەموو پڕ بوو بوون لە نەخش و گرێی هەمەجۆر و بە گشتیی لە ڕووخساری مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و شتی وایان دەکرد. هەندێک جاریش لە دیمەنی گیانلەبەرێکی ناقۆڵای ترسێنەر. تاکە یەک پەنجەرەی بچکۆلانەی بەرز لە ژوورەکەدا هەبوو، ئاوا بستێک خوار میچەکە کەوتبوو. لە ئەم دیوەوە هێندەی مقەبا پێوەنرا بوو بە ئاستەم دەزووڵەی ڕووناکیی دەیانتووانی خۆیان بۆ ناو تاریکایی ژوورەکە بترنجێن کە لەگەڵ هاتنەژوورەوەیاندا لە قوڵایی تاریکیی ژوورەکەدا نوقم دەبوون و تیایدا دەخنکان.

سێ وێنەی فۆتۆگرافی هاوڕووبەر بەرامبەر فریشتە هەڵواسرابوون. فریشتە لە شوێنەکەی خۆیەوە تەنیا تارماییەکی لە وێنەکان دەبینی، هەر سێکیان بە گوڵی نایلۆن چوارچێوەیان بۆ کرابوون و ڕازیندرابوونەوە. دیار بوون مردبوون. لە ئەملایانەوە خەنجەرێکی کۆنی کیف ڕازاوە بە لارێی هەڵواسرابوو. هەروەها دیوارکۆیەک کە لە باریکیەکەیدا لووڵەکەی ڕەش

هەڵگەڕابوو. دیوارەکەی پشت سەری کە بەرامبەر ئەم دیوارەی وێنەکان بوو، فەرشێکی نەرمی هەرزانبەهای پیادا هەڵواسرابوو. وێنەی چەند پڵنگ و بەور و فیلێک لە ناو جەنگەڵێکدا تیکەڵ کرابوون و لە ئەوە نەدەچوو هیچ پێوەندییەکی ژیان لە نێوانیاندا بێت. وێنەیەکی وشک و بێ گیان بوو لە دەرەوەی پێوەندییەکانی جەنگەڵستاندا. ئەم فەرشە هەڵواسراوەی هەر ئەو کاتە چاو پێکەوت کە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پێی نایە ژوورەوە.

دیواری پەنجەرەکە هیچی پێوە هەڵنەواسرابوو. تاقێکی تیادا بوو کە ئاوا مەترێک بە مەتر و شتێک دەبوو. هەر بستێکیش قووڵ بوو و پڕ کرابوو لە کتێبە کۆن و دەفتەر و وردە شتی لە ئەو بابەتە. ئەوەی بەرامبەریشی هەرزاڵێکی تەنک و کورتەباڵا، زیاتر بۆ ئەوە دایان نابوو نوێنەکانی لە سەر دابنێن، دەنا ڕووخسارێکی وای نەبوو جوانیەکی ئەوتۆ بە ژوورەکە ببەخشێت. دیار بوو زۆرەوەستایەک دروست کردبوو، جێگای پەنجەی وردی پێوە دیار نەبوو.

خولەک دووای خولەک کێش دەکرا و فریشتە هێندەی تر تەنگەتاو دەبوو.

ئازارێک لە کەللەسەری دابوو لە بەراووردا ئێشەکەی ناوچاوانیی کۆنەبرینێک بوو. چاوەکانی و قوڵکەی چاوەکانی لە ئازاردا دەسووتانەوە. ئێسکی لەشی، سەرتاخوار، لە دەستاونگێکدا کوترا بوون. گۆشت و پێستی سەرتاپای جەستەی دەچووزایەوە و ئازاری دەهات. لە هەندێک شوێندا پێسەتەکەی وشک هەڵگەڕابوو و باراناوەکە سووتاندبووی. قوورگی بە تەواوی وشک بووبوو و هاتبووەوە یەک و بە زەحمەت تفی پێ قوت دەدرا. هەوڵی دەدا بە تەڕیی لیکی ناو زاری گەرووی تەڕ بکات کە بە ئازارەوە دەبرژایەوە.

سەرمایەک سینگی پێی دادەگرت و لە پڕێکدا بەرەو پووزی هەڵ دەچوو. زۆری نەدەبرد دەبوو بە شەختە و لە پێیەکانیەوە تا تەپڵی سەری، دەتەنی.

لەرزێکی زنجیرەیی دەیگرت و ددانەکیرێی پێ دەخست. توند توند خۆی لە بەتانی و لێفەکانیەوە دەپێچا. چاوی خۆی لێک دەنا و خۆی بە خەیاڵێکەوە دەخڵافاند، بەڵام خەیاڵەکان هەر وەک خۆیان بە زۆر بسەپێنن و لە ویستی ئەمەوە دوور بن یەکسەر

دەبوون بە ڕێگاکوتاندن، دەبوون بە زیڕەزیڕی منداڵان، بە کەوتن و خلبوونەوە و بە دەمداخزانی بچووک و گەورە. ئەم نهێمی دەدایە بەر خۆپی و لەنگەری دەگرت و هەر چۆنیەک بێت خەیاڵێکی جڵەو دەکرد.

خەیاڵ بەرەو تەمەنی نۆ و دە ساڵان دەیبردەوە. لە ناو باخچە بچووکەکەی ماڵی خۆیان لەگەڵ برابچکۆلەکەی خۆی، بە جووتە خۆیان مەژغوڵ دەکرد و سەرقاڵی یاریەکی خۆشی بێ قڕەوبڕە دەبوون.

ئەم بە کراسێکی کوردیی سوور و هێلەکێکی قەیفەی ڕەشی بچکۆلانەی منداڵانە کە ڕۆخەکانی بە سوورمە چنرابوون، لە پێشەوە بە دوگمەودۆڵابێکی زێڕی دایکی دای دەخست و خۆی پێوە با دەدا. کاتێک یاریەکە دەبوو بە باجیباجێنە، سەروبەستەکەی دایکیشی دەکردە سەری کە زۆر لە سەری خۆی گەورەتر بوو. سەری دەکەوتە ناوی و لێواری کڵاوەکە تا نزیکەی بنی لووتی دەهات و دەبووایە زووزوو بەرزی بکردایەتەوە بۆ سەرەوە. جووتێک قاپقاپی پاژنەبەرزی ئەستووری قەیفەی سووری لە پێ دەکرد کە گوڵێکی قردێلەپی شینی بە سەریەوە لکێندرابوو. تەق تەق ... بە ناو ڕێڕەوەکەدا بەرەو ماڵۆچکەکە دەچوو کە هەر هێندەی کولانەیەکی مریشک دەبوو. برای بچکۆلەش لە ئەو لاوە بە شتێکی ترەوە خۆپی خەریک دەکرد و چاوەڕێی دەکرد شانۆگەرییەکەیان دەست پێ بکات.

لەرزەکە نەیدەهێشت زۆرتر بڕووات و وەردەکارپی زیاتری وەبیربێنێتەوە.

لەرزێکی نەفرەتلێکراوی ڕەزاقورس دەستی دەخستە بینی و توند توند تا هێزی تیادا بوو دەیهێنا و دەیبرد و ڕای دەتەکاند. بەتانی و لێفەکانی زیاتر لە خۆیەوە دەئاڵاند و تووندتر خۆی کوشکەڵە دەکرد بەڵام ئەوەندەش نا کە درِ بە ناسکۆڵ بدات. هەوڵەکانی بێهوودە بوون. لەرز چووبووە ناو هەرە دووتوپێ پێخەفەکە و بە سەر ئەو گۆشتە چووزاوە شلوکوتەیدا وەک کۆمەڵە قاچی جاڵجاڵۆکەیەکی بە پەلە، دەهات و دەچوو. هەر بە ئەو شێوەیەش تەزوویەکی سەرمای دزێو بە خێرایی کێچێک بە سەر پێشتەکەیدا دەخزا.

سرک و ناحەز!

هیچ کاتێک نە خۆی نە برابچووکەکەی لە ئەم یاریە خودایینە بێ تاقەت نەدەبوون، چونکە هەموو ڕۆژێک لە کاتی خۆیدا، تۆزقالێک پێش ئەوەی لێی بێزار ببن، باوکیان هەروەک فریشتەیەکی ئاسمانیی بە گوێیدا چرپاندبێت، یان هەر خۆی لە زگماکییەوە بە غەریزەی باوکبوون لە دڵییدا بووبێت، خۆی دەکرد بە ماڵدا. چەند زەرفێکی گەورە و بچووکی بۆ ماڵەوە پێ بوو. هەندێکیان میوە و هەندێکیان کەلوپەلی تر، بەڵام هەمیشە یەکێکیان چەند لوقمێکی توندی کەمێک جێری پڕ بادەمیان تیادا بوو کە بە وردەئاردێکی سپی و تەنک داپۆشرابوون. جارجاریش لوقمی ڕەنگاوڕەنگ، سەوز و سوور و سپی کە بە پرووشە گوێزیهیندی تەنرا بوون. هەندێک جاریش پاقلاوە یان پستە و بادەم و مێووژ، یان نوقڵە سپیە خۆشەکان کە دووای کرماندنیان دەنکێک بادەمی شیرینیان تیادا بوو. ئەمان پێش ئەوەی دایبکرۆژن دەریان دەهێنا و هەندێک سەیریان دەکرد، و دووایی بە تامەزرۆوە دەیانکرماند.

بەشەکەی خۆیان لا دەدا و دەیانکردەوە دوو سێ جامۆلکەی فافۆنەوە و ڕووبان دەکردەوە خانووچکەکەیان و دووبارە سیناریۆیەکی نوێی تر بۆ دانیشتنەکەیان دەهاتەوە گۆڕ. قسەی تازە، ڕستەی تازە، جوولاندنی دەست و قاچ و ڕووخسار بە شێوەیەکی نوێ.

نواندنێکی نوێ.

ژیان چەند شیرینە!

یاریەکەیان بەردەوام بوو تا دایکی بانگی دەکرد بۆ یارمەتیدان و هاوکاریی. دەیزانی بۆ دایکی بانگی دەکات. پێویست بوو بزانێت چۆن خۆراک دروست دەکرێت و چێشت لێ دەنرێت و سفرە دەڕازێنرێتەوە و پێویستە چی بکرێت. ئەمانە شیر بوون بۆ ژن. هەزاران جار ئەم قسەوباسانەی لە دایک و پوور و مامۆژن و ژنانی گەڕەکەوە بیستبوو.

هەندێک جار پڕ بە دڵ دەیویست ئەو خانووچکەیە لە سەر خۆی تاپۆ بکات و هەرگیز گەورە نەبێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی دەکرد چۆن گەورە دەبێت، هەڵ دەکشێت و تەزووی دەنگ و قسە و جووڵەی دەگۆڕێت.

چ چارەنووسێکی تووشە!

تا بە پەیژەی تەمەندا هەڵبکشێین زیاتر لە دونیای بێ ئازاری منداڵیی دوور دەکەوینەوە.

پەلکێشکردنێکی زۆرەملێ!

کەی شیرینە؟ ژیان زۆر تاڵە!

ئێستا هەروەک داری لێ هەڵگیرابێت لەرزەکە دیار نەمابوو. ئەم لە ناو ساردیەکی بێ کاردانەوەدا لە ژێر و لە ناو قەدی پێخەفەکەیدا مەلوولانە خۆیی لێ درێژ کردبوو. هەستی بە قورسایی و گرانی لێفە و بەتانیەکان دەکرد و سەیری لێ دەهات کە ئەو هەموویان پیایدا داوە و ئەمیش پێی ڕازی بووە. هەمدیسان لە تاریکیەکەی دەڕووانیەوە. هەمان دیمەن و هەمان بوون. ئەوەندە نەبێت کە زۆر لە ئامادەبووانی ژوورەکە شێوەی ڕاکشانی خۆیان گۆڕی بوو. تۆزێک زیکەزیک و مشەمش پتر بووبوو. ناسکۆڵ لە سەر هەمان بار پاڵ کەوتبوو، جووڵەی نەکردبوو.

میلی کاتژمێرەکە سەفەرێکی دووری لە بەر بوو. بڵێی مەنزلێک نەبێت بۆی بچێتەوە و کەس شک نەبات چاوەڕوانی بکات کە ئاوا بە گومانەوە پێش هەر هەنگاوێک لە بەردەم و لە جێکەوتی پێیەکانی، خۆی دەڕووانێت؟

پێش ئەوە پێی وابوو بووە بە پێنج و شەشی بەیانی، بەڵام وا نەبوو. خۆی خستە سەر دەم و هەستی دەکرد کەمێک باشتر دەسەڵاتی بە سەر هەناسەکانیدا دەشکێت. لە سەر ئەو بارە باریکایی پشتی ئازاری دەهات. ئازارێکی سەیر. بیری دەکردەوە ئایا ئازار چەند جۆری هەیە. ئازارێکی جیاواز. ئازارێکی تەزوولەیی کە لە ناوە، چەشنی ئەوەی لە ناو مۆخەوە بێتە دەر، مێرووڵەی دەکرد و بەرەو سەر پێستی دەهات. ئازارێک هێندە گران نەبوو بۆڕەی لێ هەستێت، بەڵام بە جەزرەبە و سەرکوتکار بوو. هەر هەمان ئازار، ئەو ئازارەی دووای بەکارهێنانی تەلی عەلاگەکە لێی پەیدا بوو کە ئەو "شتە" ی ناوسکی خۆیی پێ لە بار برد، یان کوشت.

بە تەواوی هەمان ئازار!

هەمان ئازار کاتێک دووای لە باربردنەکە یەکەم دڵۆپە خوێن لە دامێنی کەوتەخوار و تا دوو هەفتەیەک هەر خاو نەدەبووەوە و نەدەڕەوایەوە. پاش ماوەیەکی زۆر لێدان و ئازارچەشتن و خۆخواردنەوە، پێیزانی سکی پڕ بووە. مانگێک زیاتریش ئازاری دڵتیکەڵهاتن و گێژبوون و وڕبوونی بەڕێ کرد.

چەند بڕیارێکی گران و چەند زەحمەت بوو کە ئەو ... - وێستی بڵێت منداڵ بەڵام دووبارەوە گوتیەوە 'شت'- کە ئەو "شتە" لە بار خۆی ببات. لە سەرەتادا هەموو جارێک کە لە دووڕەوە ئازادی دەبینی دەهاتەوە بۆ ماڵەوە بە عەزرەتەوە بوو لە دووڕەوە ڕابکات بۆ لای و باوەشی پیادا بکات، تووندتوند لە ئامێزی خۆی بگرێت و بەخۆیەوە بینووسێنێت و بەرامەی ژنیەتیی خۆی بە باڵادا بپرژێنێت، بەڵام نەدەکرا. لە قسەوباسی هەموو ڵایەک زراوی چووبوو. ژن بۆی نەبوو هەستی خۆی وا نیشان بدات. تەنانەت هەندێک جار زەردەخەنەیەکیش بە زیادە لە قەڵەم دەدرا و بە هەرزانبایی و خۆفرۆشتن و ماستاوکردن ساخ دەکرایەوە. پاش ماوەیەک "ئازاد گیان" ـەکەشی واز لێ هێنا، چونکە ماڵی ئایشێ ڕیشن وا دەردەکەوتن کە "گیان" ـەکەیان بە زۆر و بە زیادە دا دەنا. ئیتر "ئازاد گیان" بوو بە "ئازاد" ی ڕووت و هەر وا مایەوە، تەنانەت تا ئەو سەعات هەشتی بەیانییەی عەربەتیش.

لە سەرەتادا چەند پێی خۆش بوو پێکەوە ڕابکشێن و ڕابوێرن. چەند حەزی دەکرد دەستی ئازاد لە سەر لەشی بگەڕێت و هەست بە نزیکیی بکات. سەرەڕای ئەو هەموو بەزم و ڕەزمە، کە بۆ ئەم نە ململانێ بوو و نە ناکۆکیی، هێشتا هەر بە دڵ دەیخواست ئازادێکی بچکۆلەی بێ خەوش لە دایک ببێت، ئایشێ ڕیشنێک دایکی نەبێت و کەمتر قسە بکات و زۆرتر گوێ ڕادێرێت و بە وەفا و خاوەن بەڵێن و جیددی بێت. هەر بە ئەو هیوایەوە چرکە بە چرکەی مانگی ئایشی ڕیشنی بە سەر دەبرد و وەک مریشکی کرکەوتوو لە سەر هێلکەی خۆی، لە سەر خەیاڵە بچکۆلەکانی خۆی کڕ دەکەوت.

منداڵێک کە ژیانی بگۆڕێت، کە پێکەوە کاتی ژیانی خۆیان بە سەر ببەن، لە یەکتری بڕووانن و ببن بە سەر و دڵی یەک، کە چاوەکانی وەک ئەوانەی خۆی گەورە و بە برژانگ بن و جێگای درۆیان تیادا نەبێتەوە.

خۆشەویستیی مریشکێک بۆ بێچووەکانی کە کەس بیری لێ ناکاتەوە بریتیە لە چەندین ڕۆژ کرچەوتن. مەگەر بۆ وردە چینە و خۆراکێک، دەنا خۆنەجوولاندن و خۆزیندانیکردن، ئینجا هێلکەتروکاندن و چاوەڕوانیی و خنەخنی پارێزگاریی و بە دەورداهاتن و ئاگاداریی. دوژمنایەتیی پشیلە و هەموو شتێک کە لە جووجەڵەیەک گەورەتر و بچووکتر بێت، گومان و دوودڵیی لە هەر جۆرە گیانلەبەرێکی جیاواز.

چاوەڕوانیی و چاوەڕوانیی.

جاری وا هەبوو خۆزگەی دەخواست هێلکەی ژنیش لە شێوەیەکی تۆپکڵداردا بهاتایەتە دەر تا ئەمیش بیتووانیایە ئەو هێلکەیە ببینێت کە مرۆڤێکی تیادا دەئافرێت. مرۆڤێک کە خۆشبوویسترێت، خۆشەویستیەکی خاوێن، خۆشەویستیەکی بێ بەرامبەر، ئەڤینێکی بێ پایان، وەک ئەڤینی دایک کە لە چاوەڕوانیی پاداشت و چاکەدانەوەدا نییە. هەموو ئەو خۆشەویستییەی تەنیا لە پێناوی بوونێکی بچکۆلەی بێ تاوان، خاڵی لە هەر جۆرە بارگەیەکی کولتوریی و نەریتیی، کە ئەم خۆی ببووایە بە باخەوانی و لە ژێر تیشکی باڵی چاوەکانی خۆیدا گەورەی بکردایە.

ڕۆژان ڕۆیشت و ئازار و شکاندن و گاڵتەپێکردن پتر بوو. دڵی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پارچە دوورگەیەک بوو بۆ خۆشەویستیی و بۆ خۆشویستنی ئازاد و تەنانەت خێزانەکەشی، ئێستا وردە وردە توێژاڵێکی ڕەش لە زووخاو و پەنگخواردنەوە و خۆخواردنەوە و دڵکرمێبوون، بووبوون بە ڕووکەشکاری و لە تەنینەوەدا بوون. هەروەک شێرپەنجە، وەک خانەیەک بن و خۆیان بزێننەوە پەیتا پەیتا زۆر دەبوون و بڵاو دەبوونەوە. تا وای لێ هات دڵ بوو بە پارچەگۆشتێکی ڕەق لاستیکیی سیواهاتەوەی جیر. هێندەی سەرەدەرزییەک شوێنێی خۆشەویستیی ئەوانی تیادا نەمابوو. لە پڕێکدا کەوتبوونە دەرەوەی دڵی گەرمی بە سۆز و دڵسۆز.

ئەو ڕۆژە هەرچەندە لە مێشکی خۆیدا ڕاوێژی کرد و هینای و بردی، هەر نەگەیشتە ئەو تێگەیشتنەی کە ئازاد نرخی باوکایەتیی تیادا بێت، یان کەسێک بێت خاوەن هەستی

بەرپرسیاریەتیی باوکێک بێت، یان تەنانەت کەسێك بێت کە بتووانێت لەگەڵ خێزانێکدا بە پەیمانەوە بژی.

ئەم، ژنێکی کوردی ماڵی باوک حاشالێکردوو. هەر بە دەمی خەڵکیش بووایە کوونیی و حیز و دز دەکرا و شارەکە ناونیشانی سۆزانییەکی تریشی پەیدا دەکرد. ژنی ئەم شارە زەنەدەقیان لە ئەو مۆرلێدانە چووە. برۆ بەرزکردنەوە و سمێڵ بادانی هەر پیاوێک هەڕەشەی ئەو مۆرلێدانە لەگەڵ خۆیدا دەچرپێنێت.

ئیتر منداڵی چی؟

ئەو ڕۆژە هەرچی وزە و وردیە لە خۆیدا کۆی کردەوە و بە تەلێکی عەلاگەی جلکەهەڵواسین خۆی لێرزگارکرد.

سەرەتا تەلەکەی لە یەک ترازاند و تا تووانی ڕێک و درێژی کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خوار و خێچ و ناقۆڵا بوو. جیرپەکەی نەیدەهێشت ڕاستتر بێتەوە. چەند دەترسا کە ئەو تەلە خواروخێچە هێدی هێدی ڕەوانەی ژوورەوە بکات. نەیدەزانی سەردەگرێت یان نا، نەیدەزانی چی ڕوو دەدات. زۆر دەترسا تووشی کارەساتێکی گەورەی چاوەڕووان نەکراو ببێت و بە نەخۆشخانە و چی و چی مەسەلەکە بکەوێتە ناوناوانە و ناوی بزڕێت. بیستبووی هەر ئازارێکە و تەواو.

ئامادە بوو ئەو ئازارە بچێژێت. یاسای سرووشت وایە هەموو کەس زوو یان درەنگ باجی هەڵەکانی خۆی دەدات. ئەوەبوو پێی نا بە جگەری خۆیدا و بە دڵەڵەرزەوە سەری تەلەکەی بۆ ناوەوە بەڕێ کرد. کاتیک هەستی کرد تەلەکە لە ناوەوە بەر دیوارەکانی منداڵدانی دەکەوێت ئیتر بە هەر چواردەوری خۆیدا دەیزووواند و هەڵی دەسووڕاند.

هەستێکی سەیر سەرودڵی گرتبوو. گریانی نەدەهات. ئازاری نەبوو. پەشیمان نەبوو. هەر تووڕە بوو بەس. بەڵام تووڕەیەکی شێتیانەی جۆشدەر.

لە سەرەتادا چەند دڵۆپێک خوێن هاتنە خوار. دووایی خوێنێکی زۆر. پاش چەندین سەعات کە بیری نەماوە یەک دوو کڵۆی مەیو کەبە پارچە جگەرێکی کوترا‌و دەچوون. ئینجا خوێنەچۆڕە و ئازاری باریک و تیژ .

لە سەرەتادا کاتێک شۆرتەکەیی داکەند و لە هەردوو دەستییدا گرمۆڵەی کرد و بەرەو ئەو تەشتە چوو کە جلکوبەرگی تیایدا دەشۆرد، بە دەم ڕێگاوە دەنگی گریانێکی بە کوڵی لێ بەرز بووەوە. ئارەق و فرمێسک بە سەر ڕوویدا دەهاتە خوار و چەند تاڵێکی پرچی بە دەموچاوییەوە نوسابوون. ئاوی لووت و لیکی دەمی بەرەو خوار دەکشا. دەستی لە ناو خوێناوە بە کەفەکەدا بوو، بە دەم گلۆفینەوە بە کوڵ دەگریا و بە دەم هەنسکی گریانەوە، لێوی خۆیی دەکڕۆشت.

ئازارە فیزیکیەکەی زۆر بوو، بەڵام دەیزانی بوونێکی لە دەست ئازار و ئەشکەنجەی نایەکسانیی و نادادپەروەریی ژیان ڕزگار کردووە.

ئازار زۆرن تەنیا ئەو کەسانە دەیچێژن کە خۆیان تیایاندا دەژین. ئازاری تایبەتیی، ئازارێک تەنیا لە ئەو جیهانەی ئەواندا هەیە و بێ وێنەیە. ئازارێک کە جەرگ توێژ دووای توێژ دەبڕێت و لەتلەتی دەکات. گەروو و دەروونی مرۆڤ دەچووزێنێتەوە و هەنسکی یەک لە دووای یەکی نزگەرە ئاسایی ناخی مرۆڤ دەکات بە تەندووری پڕ لە ئاگر. ئەو ئازارەی مرۆڤ بە حەسرەتەوە دەخوازێت سەری لە سەر ڕانی باوکێک، دایکێک، خوشکێک یان دۆستێکی نزیک بێت. پێی خۆشە دەست بە سەریدا بهێنرێت و بە قسە و بە نازکردن و دڵخۆشیی بدرێتەوە و بە بەڵێن و وتەی شیرین و بە کردار هەموو ماسولکەیەی جەستەی خاو بکرێتەوە.

بەڵام کەس نەبوو!

نهێنیەکی وا لای چەند کەس هەڵدەگیرێت؟

ژنەکەی حاجی وەیس تا بڵێی ژنێکی باش و ڕێک و پێک بوو. ئەم دەمێک نەبوو دەیناسی و بێگومان نەیدەویست خۆی فڕێ بداتە باوەشیەوە و بە کوڵ بگری. بە ناچاریی هێندە فێر

بووبوو دەرگای دڵی وا زوو بۆ هەموو کەسێک نەخاتە سەر پشت. کام پیرە گوتویەتی دەرگای دڵ بە پێچەوانەی هەموو دەرگایەکی تردەوە، لە ناوەوە دەکرێتەوە؟ لە ئەم وڵاتەدا ژمارەی ئەو کەسانە هێندە زۆر نەبوون ئەوەندە ڕەنج بکێشن تا بەکاوەخۆ بچنە ناو دڵی ئەوانەوە کە خۆشیان دەوێن.

پاش ماوەیەک هەموو ئازارێکی سکی و ناوسکی تەواو بووبوو، بەڵام هێشتا ئەو ئازارە قورسەی لە سەر سینگی دادەمەزرا و بەرۆکی بەر نەدەدا و دەیخستە گریان، هەر بەردەوام بوو. حەزی دەکرد گڵکۆیەکی هەبووایە و بیتووانیایە بچێت بۆ سەری و هەمو جارێک چیرۆکی پشت بڕیارەکەی بۆ بگێڕایەتەوە. خەونی پێوە دەبینی. لە خەونەکانیدا حەشاماتێکی وەکو هی ئەم کۆڕەوەکۆدەبوونەوە و نەفرەت و سەنگەسار و شاربەدەریان دەکرد. بە دەم زریکەوە خەبەری دەبووەوە. ئازاد بە دەم بۆڵەبۆڵەوە خەبەری دەبووەوە و بە دەم جوێنپێدانەوە دەخەوتەوە.

زۆر پێی نارەحەت دەبوو کاتێک جوێنەکان بەر دایکوباوکی دەکەوتن. بە ئەو نیوەشەوە و خۆیشی دڵبەئازاری تاوانێکی بکوژیی، چیتر مابوو پێی بکرێت، ئازار دەتووانێت تا کوێی مرۆڤ بگات؟

هەندێک جار دەیویست بە کێردێکی تیژ سەری ئازاد ببڕێت و پاشان خۆیشی بکوژێت، بەڵام گومان، نەریت، ڕەووشت، خەمی خێزان، دەمی خەڵک، پرسیارە قۆڕەکان و بوختانە بێ وێژدانەکان و واتەواتە بێکۆتاییەکان ڕێی لێ دەگرت و بە ئاگایان دەهێنایەوە. ئەوەی نەیبوو ترس بوو.

هەموو ئەو ئازارانە بووبوون بە کڵۆ. بووبوون بە بەردی گورچیلە و شێوەی سەیرسەیریان لێ دروست بووبوو. هەموو نووک تیژ، زبر و بزماردێژیی. ناخیان دەکێڵا و زووخاویان پێ هەڵ دەهێنایەوە.

لە ئەو ماوەیەدا ئەڤین، بە ڕووخسارێکی فریشتەیی و زەردەخەنەوە، سەرتاپا سپیپۆش و بە بە سەری پەنجە ڕۆییەکی خودایییەوە، گۆڕا بوو. وردەوردە بوو بوو بە بەچکەشەیتانێکی شاخلێڕوواوی گرگنی توکن و کوڵکن و چرچن، بە کەڵبە و ڕندۆک و چنگی بێ ئامانەوە.

ئیتر ماڵی ئایشێ ڕیشن بە بارەوشترەوە بە غاردانەوە بە کونەدەرزییدا بڕۆشتنایە، بە دڵی ئەمدا نەدەچوون. دەرووازەی دڵی خۆپی داخستبوو و کلیلەکەی لە ناوی ناوەوە شاردبووەوە. کەسیان نەیدەتووانی بڕوواتە ژوورەوە.

چەند ئازاری دڵی دەگەیشت کاتێک جوێنەکان بەر ئەو دایکە پەپوولەیەی دەکەوتن!

دوو هەفتە پێش ئەوەی قایل ببن بە ئازادی بدەن، هەر لە ئەو کاتەدا کە سەری سۆندەکەی دەخستە بەر گوڵمێخەکەکان، دایکی کە تازە لە نوێژکردن بووبووەوە و هێشتا سەرپۆشە سپیەکەی لە سەری نەکردبووەوە. نازدارترین و میهرەبانترین خوداوەند!

- کچم، باوکت حاشات لێ ئەکا. نایەڵێ لە ئەم ماڵەیا ئاهەنگ بکرێ و بە خوا مەگەر من بە دزیەوە "دیاریپەکت بەمێ.

لە ئامێزی خەیاڵەکانیدا کەمێک خۆی ڕاپسکاند، بە نەرمی مستیلە زێڕە نقێم شینەکەی دایکی لە پەنجەی خۆی دەرهێنا: "قسەی ناشیرین بە دایکم بگوترێت!".

نەیدەزانی چەند خەیاڵ دەیباتەوە و نەیدەتووانی ڕێگا لە ئەو دەستە باڵایە بگرێت کە فڕێی دەدایە ناو دەریای خەیاڵەکانیەوە. نەیدەزانی هۆی چییە ئەو یادە تاڵانە ئاوا لە سەر لەپی دەستی دەنیشنەوە.

گەرمیی تایەکە کە کتوپڕ نیشتە سەری دڵی خاو کردەوە. پێش دەمێک لەرزی لێ هاتبوو، ئێستا تا.

تایەکی گەرمی بەکوڵهێنەر. تایەک کە لە چەند خولەکێکدا هەموو لەشی داخ دەکرد و چینێک ئارەق تەڕی تەزووڵەپی لە سەر بەدەنی دەنیشت. زەنگۆڵەی ئارەقێکی ئێقکردوو ناوچاوان و لاجەنگ و سەردەستەکانی دەتەنی. ئارەق سەرباقی لەشی لە ژێر جل و بەتانی و لێفەکاندا دەبوون بە جۆگەلەی دەزووڵەپی باریک باریک و بە ئەملاوئەولای جەستەیدا دادەچۆڕان. تەپڵی سەری گەرم دادەهات و چاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکرد.

بە دەم ئازارەوە بەتانی و لێفەکانی لە سەرخۆ بەرز دەکردەوە، بەڵام زوو بە زوو بایەکی ساردی شێیاوی خۆی بە بۆشاییەکەدا دەکرد و دیسانەوە دەیهێنایەوە لەرز. بە ئەو شێوەیە لەرز و تا و لەرز و تا.

لەرز و تا!

لە گەرمەی تاکەیدا بە دەم خۆیەوە دەکڕووزایەوە و قسەی دەبزڕکاند.

ناسکۆڵ لە خەو ڕاپەڕی و بە چمکی بەتانیەک هەندێک سەروچاوی فریشتەی سڕی و بە ئارامیی دەستی بە شێلاندنی کرد. پاش ماوەیەک دەستی خستە ناو دەستیەوە و بە ئەسپای دەیلاواندەوە. ئەمیش هەروەک ئەو کاتانەی وەک بەبەیەک لە باوەشێک نازدا خۆی لوول دەدا و لە باوەشی گەرمی دایکی و کورمەکورمی لاواندنەوە گەرموگوڕە بە ئاوازەکەیدا، خەوی لێ دەکەوت، ئێستا ئاوا خۆی لوول کرد و ژیشک ئاسا لە گەرمایی دڵی خۆی و باوەشەکەی ناسکۆڵدا خۆی شاردەوە. دەمێکی برد تا هەردووکیان خەویان لێ کەوتەوە.

کات یەکی نیوەڕۆ بوو. کەویار هاتبووە کونی ژوورەوە و لە لایەوە ڕاوەستابوو.

یەکی پاشنیوەڕۆ!

بەڵام ئای! سەری کاسی هێشتا هەر قورس بوو.

ژوورەکە چۆڵ کرابوو و نوینەکان هەڵگیرابوون و ئەو ناوە کۆکرابوونەوە. ناوەوەی ژوورەکە باشتر دەبینرا. ڕووناکیەکی تەڵخ و سێبەراوی ناوەکەی پڕ کردبوو. وێنە فۆتۆگرافیەکان ڕوونتر دیار بوون و ئەو تۆزەش دیار بوو کە لە سەر گوڵە نایلۆنەکان بوو.

لەشی ماندوویەتیەکە لێی دوور کەوتبووەوە، بەڵام هەستی دەکرد هێز و وزەی لێ داچۆڕابێت. لە سەر پشت پاڵکەوتبوو و لە بنمیچەکەی دەڕوانیی و نەدەجووڵا. پاش ماوەیەکی کورت ڕووی ڕووەو کەویار وەرگێڕا و بە زەردەخەنەیەکی بە مەبەستی شیرینەوە کە زۆر درێژخایان نەبوو، پێی گوت:

- وامزانی دوێنێ هەموو ئەو قسانەت بە فشە بوون، بەڵام بە ڕاستت بوون!

کەویار، بتێکی بەردین ئاسا بێ جووڵە و ورتە ڕاوەستابوو و بە هێمنی لە فریشتەی دەڕووانیی. کچێکی باریکەلەی ئێسکسووکی چاوگەش کە بە نەرمیی دەیتروکاندن، ڕاوەستابوو و هیچی نەدەگوت.

- بۆ وا بێدەنگیت؟ بزانم دوێنێ شەوتان چۆن ڕابووارد، باش خەوتن؟

کەویار بە بێدەنگیی و بە ئەسپایی لە تەنیشت فریشتەوە دانیشت و چاوەکانی تێ بڕی. ڕووخساری تژی بوو لە دەربڕین. لە لایەکەوە لە ئەوە دەچوو شەیدای فریشتە بووبێت. شەیدا؟ ئا، شەیدا. لە لایەکی تریشەوە لە ئەوە دەچوو هەزار سااڵێک لە ئەوەبەر بۆ چەند ساڵێک لەگەڵ فریشتەدا ژیا بێت و پاش دابڕانێکی دوورودرێژ ئێستا لە پڕێکدا دۆزیبێتیەوە. نیگای پڕ بوو لە سۆز و تێگەیشتن لە فریشتە.

- خۆ نەخۆش نیت؟ مەترسە، منیش نەمرد ... وم!

فریشتە قسەکانی تەواو نەکردبوو دەستی کرد بە کۆکی و لە تاو کۆکەکە بستێک زیاتر لە سەر دۆشەکەکەی بەرز بووەوە. کۆکەیەکی وشک کە دەنگی ناسازیی سیەکان و لەرینەوەی ژێیەکانی قورگی دەهاتە دەر.

کەویار پڕی دایە و بە نەرمی دەستی خستە ژێر پشتیی و پاڵی خستەوە. ئەم جارە کەویار لە نزیک نزیکەوە تەماشای دەکرد. پاش چەند هەناسەیەک توند باوەشی پیادا کرد و دەنگی گریانی بەرز بووەوە. گرینێکی لەسەرخۆ و کەم نووزە. زیاتر بە فرمێسک دەریدەبڕی.

- ئەزانی تۆ لە کێ دەچیت؟

- نا. لە خۆم دەچم، هەر دەڵێی خۆمم. یەکێک نەمناسێت دەڵێت ئەوە چییە، ئەو ژنە هەر لە خۆی دەچێت.

کەویار کەوتە پێکەنین. پێکەنینێکی هێواش و کەم ڕەوت.

- نا، نازانم لە کێ دەچم. پێم بڵێ لە کێ دەچم، بەڵام ناوی هونەرپیشە و مونەرپیشە و بەناوبانگ مەهێنە.

کەویار کەمێکی تر تێی ڕووانیی. ئەم جارەیان هەر زۆر بە قووڵیی لێی ورد دەبووەوە. دەتوگت پێی گوتراوە هەر ئێستا فریشتە ون دەبێت و ببڕای نایبینێتەوە. تەماشاکردنێکی گەرم و گڕ و پڕ خرۆشیی.

- تۆ لە ... لە – کەمێک لووتی خوراند و تۆزێکی تر لە فریشتە وردبووەوە – لە ، لە دایکم دەچیت. هەر ئەویت. هەر دەڵێی ئەویت، دەبووایە خوشک بوونایە...

دڵی پڕ بووەوە لە گریان.

- پێت خۆشە یان پێت ناخۆشە؟

- زۆر پێم خۆشە. دوێنێ کە بییمیت لە دووەوە سەیرت دەکردم خەریک بوو لە جێی خۆمدا ببوورێمەوە. وامزانی دایکمیت و زیندوو بوویتەوە. باڵات، ئێسکت، ڕووخسارت. هەموو شتێکت. پرچت ئەستوور و ڕەش و لە ژێر بارانەوەکەدا لوولی خواردبوو. دایکیشم کە خۆی دەشۆرد سەری وشک نەدەکردەوە هەر وا بوو. چاوت گەنمییە و لووتیشت ...

دەستی بە لێو کرۆشتن و چاوتروکاندن کردەوە، ئینجا زەردەخەنەیەک گرتی و بەردەوام بوو:

- لووتیشت هەر وەک هی ئەو باریک و درێژە. لەگەڵ دەموچاوت زۆر ڕێک هاتووە.

- باسی من دەکەیت یان دایکت؟

- باسی هەردووکتان.

- زۆر بیر لە دایکت دەکەیتەوە؟

- ئا. بەڵێ. زۆر زۆر. دوێنێ شەو هەتا بەیانی خەونم پێوە بینی.

- هی ئەوەیە زۆر بیری لێ دەکەیتەوە.

دیسانەوە ڕیزێک کۆکەی وشک و سوور هەڵگەڕان.

- نا، نا، هی ئەوە نییە. هەر جارێک بمەوێت دێتە خەونم.

ئینجا بە ڕووی لە فریشتەوە بە ئاستەم سەری لار کردەوە و بە ڕوویەکی گەرمی پڕ میهرەوە هەر وەک جاران بێت و قسە بۆ دایکی بکات:

- بڕووا ناکەم خەڵک بمرن. هەر لەشیان دەپوکێتەوە و تەواو. ئینجا گیانیان بۆ ئاسمان هەڵ دەکێشرێت. تۆ بڕووات بە ئەو شتانە نییە؟

- من بڕووام بە هەموو شتێکە دڵی مرۆڤ خۆش بکات.

- دوێنێ هاتە خەونم – کەویار ئێستا ڕووی کردبووە پەنجەرەکە لێڵەکە و بە گەردنێکی بەرزی هەڵبڕاوەوە وەک جندۆکەیەک بدوێنێت، دەدووا:

- لە خەونمدا هەر تێم دەڕووانی. بڕووا بکە هەر لە تۆ دەچوو. هەستم بە گەرمیی لەشی و هەناسەکانی دەکرد. باسی تۆم بۆ کرد. زۆری پێ خۆش بوو و پێی گوتم "دە برۆ، وا خانمێکی ترت بۆ پەیدا بوو!". منیش گوتم دایەگیان ئەوە تۆ چی دەڵێیت، خۆ من هەر ناشی ناسم. کەچی گوتی "ڕۆڵە، ناینناسم چییە؟ تۆزێک خۆتی لێ نزیک بکەوە، خۆ ناتخوات". منیش وەڵامم دایەوە، "دەزانم نامخوات، دایە، بەڵام هەر لە خۆمەوە دڵم بەرایی نایەت. تۆم زۆر زۆر خۆش دەوێت". ئەویش گوتی "کچم، ژیان وایە، مادام بە دڵتدا چووە، بیدوێنە. کێ دەڵێت بە منت ناگەیەنێت؟". ئەوەی پێگوتم و زەردەخەنەیەکی گەرمی شیرینی کرد و دەستی کرد بە باسی خۆم و خەزێم. دووای ئەوە پرسیاری لێ کردم و گوتی "ئێستاش هەر دەتەوێت بێمەوە خەونت، یان نا؟". منیش وەڵامم دایەوە و پێم گوت "چۆن حز ناکەم، جا خۆ هەفتەیەک نەتبینم شێت دەبم". ئیتر هەر

وەک هەموو کاتێکی تر خەونەکە بە خۆشیی تەواو بوو. هەر جارێک نەیەتە خونی من یان پەلەی بێت ئەوا دەچێتە خەونی خەزێمەوە. وا بزانم ناتوانێت هاوکات بێتە ناو خەونی هەردووکمانەوە. یان ڕەنگە بۆی نەبێت. کچێ چوزانم.

- ناوی خانم بوو؟

کەویار سەری بە ئەسپایی بۆ لەقاند.

فریشتە بە پەلی پەنجەکانی بانگی لێکرد لێی نزیکتر بێتەوە و تونتوند باوەشی پیادا کرد. کەمێک بۆنی سەری کرد. یەک دوو جار بە سەری لێوی ماچی کرد و کەمێک لە خۆیی دوور خستەوە:

- ئاقڵ، هەموومان دایکمان دەمرێت. ئێمەش دەمرین. ئەوانەی تریش دەمرن. ئەوانەی دووای ئەوانیش دەمردن. هینەکانی دووای ئەوانیش هەر دەمردن، ئەوانەی ....

هەردووکیان دەستیان کردبوو بە پێکەنین و بە جووتە دەتریقانەوە، بەڵام کۆکەکە هەر سینگ و بەرۆکی فریشتەی بەر نەدەدا. مردن کە ئەو حەشاماتەی دەرەوەی بە ناو دۆزەخی مێژوودا ڕاو دەنا، لێرە ئەمانی هێنابووە پێکەنین.

ئەو ڕۆژە هەوا ئەوەندە شێیاوی و تەڕ و سارد بوو دڵی کەس لێی نە دەدا بۆ دەرێ. هاوار و غەڵبەغەڵب و یەکترباڵگکردنی خەڵک هەر بەردەوام بوو.

ژنانی ناو ماڵەکە، فریشتەی لێ دەربچێت، هەموویان هەر خنەیان دەهات و بە دەوری پیاوان و منداڵاندا دەخولانەوە و دادەنەوینەوە و ڕاست دەبوونەوە و دەهاتن و دەچوون. خواردنیان دروست دەکرد و چاییان لێ دەنا و چێشتیان دەکوڵاندەوە و دایان دەنا و هەڵیان دەگرتەوە. کەسیان دانەدەنیشت. لە سەر قسە و وردەگەپی و گێڕانەوەی بەسەرهاتدا بەردەوام بوون. فریشتە و کەویار چەند کاژێرێک پێکەوە لە ژووەرەوە مانەوە و یەکتریان دووااند. ناسکۆلیش هێندەی پێی دەکرا بەشداری دەکردن و جارجاریش دەگەڕایەوە ناو ژنەکانی تر، بۆ پێڕابووواردن و گەرمکردن و ساردکردنەوەیان.

هاوڕێیەتیەکەی فریشتە و کەویار گەرمتر دەبوو.

سێیەم ڕۆژی یەکەم هەموو جارێک کەویار لە کاتی خۆیدا دەهات بۆ لای فریشتە و تا درەنگانێک لای دەمایەوە. بە جوانی شانوملی دەشێلا، قژی دادەهێنا و ئارەقی ناوچاوانی لاجەنگەکانی بۆ دەسڕی. ئەو سێ ڕۆژە لەرزوتا، ئازاری ماسولکە، هاتنەوەی گەروو، شەونەخونیی، خەیاڵی دوورودرێژی بێخەوپی، بە تەواوی تەنگیان پێ هەڵ چنیبوو. هەبوونی ناسکۆڵ و کەویار، کۆمەڵێک خەم و پەژارەیان لە کۆڵ دەکردەوە. ئەوانەی تریش کەم یان زۆر، باشەیان زۆر بوو.

کەویار باش لە فریشتە دەگەیشت. پێی وابوو هەر بە ڕووخسار لە دایکی ناچێت، بەڵکو بە بەخت و چارەنووسیش. لێی نزیک دەبووەوە و دەرگای دڵی خۆپی بۆ دەخستە سەر پشت. ئازار و خەمی دڵی خۆپی بۆ هەڵ دەڕشت و تەنانەت بە ناڕاستەوخۆ داوای ڕێنوێنیی و پێشنیاریشی لێ دەکرد.

ڕۆژی چوارەم، وەک باسیان دەکرد بارانەکە خۆشی کردبووەوە. تەندروستیی فریشتە دیسانەوە خراپتر بوو، بە چەشنێک هەر وەک تازە ئەم بەڵایەی گرتبێت و سەرەتای بێت. تا و لەرز و ئارەق و قسەبزڕکاندن و کڕووزانەوە، نەک هەر بەردەوام بوو، بەڵکو زۆرتریش بوو.

کەویار زووتر هاتبوو و دای نابوو زیاتر لە جاران لای بمێنێتەوە.

دووا نیوەڕۆ، ماوەیەک پاش خۆراک خواردن، باس کرا کە ماڵی ناسکۆڵ دەکەونە ڕێ و ئەو ماڵە و تەوێڵە بەجێ دەهێڵن. لە سەرەتادا فریشتە زۆر بە گرانیی ئەم هەواڵەی گرتە خۆی و بڕووای نەدەکرد. لە پاشاندا تێگەیشت، کورد گوتەنی "ماسی میوان پاش سێ ڕۆژ بۆگەن دەکەن". ڕەنگە ئەمە یەکێک لە هۆیەکان بێت و بێگومان هۆی دیکەش هەن. خاوەن ماڵ ڕۆژبەڕۆژ دڵگیرتر و گەرمتر دەبوون، بەڵام ئامانجی ئەمان تەوێڵە نەبوو. هێلیکۆپتەرەکانی سەددام دەگەیشتنە تەوێڵە و ئەولا تریش. ئامانجی ئەمان "ئەو دیو" بوو. دەیانویست لەگەڵ حەشاماتەکەدا بڕۆن و بگەنە ئەودیو.

پوورەئەڵماس لە فریشتەی دەڕووانیی و دەیزانی چی لە کەللەی سەریدا دەگوزەرێت، پێی گوت:

- کچکەکەم، تۆش هەر یەکێکی لە کچەکان. بە گۆڕی ئەو جوانەمەرگە، بە سەری فەرهاد وازت لێ ناهێنین و هەر یەینەوە بە شوێنتا. خۆت ئەزانی هەتا زوو بگەیێ باشترە. تۆ ئێستا نەخۆشیت و ناتووانی لەگەڵمانا بێیت، با لێت پیس نەکا. هەر ئاوا سێ چوار ڕۆژێکی تر ئەمێنیتەوە. هەر ئێمە دامەزراین فەرهاد یەتەوە بە شوێنتا. هەموومان هەم پێکەوە ئەبین وهەم بە شوێن ئەو مێردە کڵۆڵەتدا ئەگەڕێین. دەی خوایە، هەقمان بسێنی.

پوورەئەڵماس زۆر سەیر ئەو قسانەی دەکرد. وەک ئەوەی لە ئەوەبەر و زووتر خۆیی بۆ ئامادە کردبێت و چاوەڕووانی پرسیاری دەمی فریشتە بووبێت، قسەکانی بێ گرێ و پڕ بە مانا و خۆشڕەوت دەهاتنە دەر. دەنگی نە کرز بوو نە بڵند. بە ئاوازی دەنگێکی مشوورخۆری دایکانەوە قسەکانی دەست پێ کرد و هەر وا بە نایابیش کۆتایی پێ هێنان.

هەموویان خۆیان پێچایەوە و هەندێک خۆراک، بە زۆریی نان و مێووژ و شەکر و چا، هەڵگیرا و کەوتنە ڕێ. ماڵ هەر خانەخوێی تیادا مابووەوە. فریشتەیەکی نەناسراو لە جێگادا پال کەوتبوو. زۆر جار ئەوەندە زێدەڕۆ و لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵیی خۆیان و بەخێرهێنانی فریشتەیان دەسەلماندەوە، کە فریشتە هەستی بە نائاشنایی دەکرد و دەهاتەوە بیری کە میوانە.

ئەم وشانە چەندە میهرەبانیان دەردەبڕی هێندەش ناوەخنی قەبارەکەیان ئەوەی بە گوێگر دەسەلماند کە میوانە و لە خاوەنماڵ نییە. هەر لە بەر ئەوە هەروەک خەمڕەوێن بوون، بێزارکاریش بوون و فەرشێکی زبریان دەخستە ژێر میوان.

ئەو شەوە ژووڕەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. لە ئەوە دەچوو کشابێت و گەورەتر بوو بێت.

فریشتە بە تەنها لەگەڵ وێنەی ڕەشوسپی سێ مرۆڤی کۆچکردوودا خۆی دەبینیەوە و هەرچەندەی دەکرد خەیاڵی بۆ لای شتێکی دڵڕفێن و شاد نەدەچوو. خەیاڵەکان هەر یاد و

بیرەوەری تاڵ و سوێر بوون و وەک فەرشێکی باڵدار سواری کۆڵی خۆیان دەکرد و بە دۆڵ و نشێوە نسرمەکانی نیگایەکی دوورڕۆیشتوودا دەیانبرد.

تایەکەی نەمابوو.

لەرزەکە جار جار دەهاتەوە بۆ گیانیی و بە گشتیی سەرمای بوو.

سەرما!

هەمان سەرما کە لە بەیانیەکەی عەربەتدا هێدی هێدی هەستی پێ دەکرد. ئەو سەرمایەی ناو کولانە تەرە ئاوگرتووەکە کە تا ناو قوولاپی ناخی دەچوو و دەیتەزاند. ئەو سەرمایەی کە تیزی بە ئەو هەموو شەڕواڵ لەپێ خواگرتووەوە دەکرد و یەک نەتەوەی دابووە پێش خۆی و بە فیسەفیس، لە ژێر نەقیزە وەشاندندا، دەیبردن. ئەو سەرمایەی هەزاران ساڵە لە دەرگای ماڵی کورد دەدات و تا ئێستاش هەر لە سەر هەمان بەزم دەڕووات و ناتووانن جلەوی بکەن. نە خانوو و نە جلکوبەرگیان بەرگەی ئەو سەرمایە ناگرێت و خۆی دەکوتێتە ژێر پێستیانەوە. هەر کاتێک ویستبیەتی یا بیەوێت دەستی خۆیان لێ دەوەشێنێت. ڕەقیتە و برک هەر لە ناو کورددا هەیە. لێیان دەدات و تێی دەتەقێنێت. سەرمایەک کە هەمیشە خۆرێکی گەورەی گەش بۆ فریودانی کورد دەخاتە سەر شانی و ئێستایشی لەسەر بێت کورد تێ ناگات کە خۆرێکی ساردە.

ئەو سەرمایەی وا خۆی خزاندبووە ژێر پێستی ئەمەوە کە هەر ئەوەندەی دەما بێهووده خۆی بخاتە ناو زۆپا گەرمە سەرکێشەکەوە یان ئەم باوەش بە زۆپاکەدا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە بەخت یار دەزانی لە ناو پێخەفی گەرم و وشکدا، لای خێزانێکی میهرەبان و میوانپەروەردا جێگای بووەتەوە و دەتوانێت پشوویەک بدات.

حەشاماتەکەی دەرەوە هەر یەک بە کۆڵێک خەم و مەراق و دەردەسەرییەوە، بە ماڵ و سامانی بەجێهێڵراوی ناو ئاگرەوە، بە کۆشێک منداڵی زەرد و سوورەوە، بە پێخاوسیی و بە جلکوبەرگی ناتەواوەوە، دابوویان بە ئەو دەشتودەرەدا و دووای شتێک کەوتبوون هێنده بە گومان و جێی شک بوو نەیاندەویست هەر بیریشی لێ بکەنەوە.

مێژووی خۆهەڵخەڵەتاندن و خۆفریودان.

بێ ئەوەی چاوەکانی بتروکێنێت لە سەر پشت پال کەوتبوو و تەماشی دارەڕای بنمیچەکەی دەکرد. دارەکان لە بەر چاوی کال و کاڵتر دەبوونەوە. دەچوونە پاڵ یەکتر، تێکە بە یەک دەبوون و نزیکتر دەهاتنە پێش چاوی. هەر گرێیەک دەبوو بە دەموچاو و ڕووخساری هەمەچەشنە. هەر گرێیەک دەبوو بە جۆرێک لە دەربڕین و ڕووخسارێکی تایبەتی بە خۆی دەدا. ڕووخسار، وەک ڕووخساری ئەو کوڕە گەنجانەی لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا گیانیان بەخت کرد. ئەوانەی کوڕی گەنج و منداڵەورتکەی ترساو و شپرزەبوو دابوویانن بە کۆڵی خۆیاندا و بە شێوەیەک لە فڕکە دەیانکردن بە کۆڵانەکاندا و هەر لە خۆیانەوە هاواریان دەکرد و دەیانقیژاند.

ڕووخساری ژنە کوڕ و کچ کوژراوەکان. ڕووخساری ئەو پیاو و ژنە بەساڵداچووانەی بێکار و بێموچە و بێگوزەرانی لە بەر دەرگاکاندا تا ئێوارەوەختەیەک بێ دەنگ دادەنیشن و هیچ نااڵێن. دارەوشەکان پڕ بوون لە ڕووخساری ئەو مرۆڤانەی وەک خۆیان لە زەوی هەڵکێشرابوون.

ئەو دارانەی دەستی زیانەخرۆ و پیسکەی پارەپەرست بە ڕەگەوە هەڵیکێشابوون و لە سرووشتێکی ئازادەوە کردبوونی بە کۆیلەی هەڵگری میچێکی نەناسراو. ئەو دارانەی هاوڕێکانیان بە دەستە دەبڕدرایەوە و ئاگرێکی چەند سەعاتەیان پێ خۆش دەکرا. ئەو دارانەی بە نازی سرووەی بەیانیان و شەماڵێکی نیوەڕۆوەخت و شنەیەکی سەر لە ئێواران، بیست و چل و پەنجا و زیاتر ساڵیان لەگەڵ کازیوە و خۆرئاوابووندا بە سەر بردبوو و ئێستا هیچ نەبوون و تەنها مانایەکی تریان بە مەرگ، بە مردن، بە کۆتاییهاتن بەخشی بوو.

بێ سیمایەکی جیاکەرەوە، ڕووخسارەکان تێکەڵ بە یەکتر دەبوون و دەهاتن و دەچوون. هەندێک جار یەکێکیان بە تەواوەتی دەناسرایەوە.

ئای بەفراو!

هەر زوو ئەمیش لە گێژاوی ڕووخسارەکاندا ون دەبوو.

ئەم جارەیان پەنجەی بەخت دەکەوێتە ناو شانە هەنگوینێکی سەررێژەوە. بەر دووگمەیەکی تەلیسم دەکەوێت و سوار شابالّی حەزێکی گەرۆکخواز دەبێت و دەفڕێت. تێژ تێژ دەدات لە شەقەی باڵ و بە ئاسمانێکی بێ سنوور و بێ دەڵابەدا وەک برووسکە دەر دەچێت. لە چاوتروکاندنێکدا بە سەر هەور دەکەوێت و بێ پەساپۆرت، بێ پێویستی بە مۆڵەت و بە تکا، بە خێرایی یەکی چاونەبینا دەکشێت. تا هەموو بۆشاییەکان دەبڕێت و بە شوێنێکی پڕ ژیان دەگات. لە ئەوێندەرێ حەزی بالگرتوو دەبێت بە پەڵەهەورێکی بەفرینی ڕوون و خرپۆلەی ناسک. هێدی هێدی وەک باڵی پەپوولەیەکی لەنگەرگرتوو بە ئارامی دەبزوێت. ئەم بە ئەسپایی، بە کامی دڵ، بە ئارەزوو پاڵ دەکەوێت و لە قوواڵییەکەی شینی پووژەکەیی بێکۆتایی دەڕووانێت. موزیکی بێدەنگیەکی ئاسمانیی و خامۆشییەکی پڕ نەشئە چاوەکانی پێ لێک دەنێت و لە قووڵایی نابینایییەوەی تامی پێ دەچێژێت. جار جارێک لە دوورەوە یان لە نزیک، یەکێک یان زیاتر، هەر لە هەمان پەڵەهەوری بەفرینی دەبینێت، بێ خودان و بێ سەرنشین.

لە ناو گەردوونێکی بێ کۆتایی ئەزەلییدایە.

هیچ شتێک دیار نییە لە پێڕەو و ویاسایەک بچێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێک بە نەزم و یاسا و ڕێسایە. چاوەکانی بە ئارامی لێک دەنێت و پەڵەهەور هەر بە هەمان ئاراستەی خۆی، بە هەمان خێرایی و ڕەوتی لەسەرخۆ، دەڕووات و ناوەستێت. مینا لە سەر پشتی پەپوولەیەک گیرسابێتەوە.

بۆنێکی خۆش، بۆنی خۆڵەسووری بەهارێکی دەرەنگ کە نمەبارانێک ئاوڕشێنی کردبێت، بۆنێکی گەرم، بۆنێکی نەرم، بۆنێکی نیمچەتەڕی زەمینی خاکی ئاشنا، وەڵێ لە ناوەڕاستی بۆشایی گەردووندا، لە شوێنێکدا مرۆڤ لە سەر زەویەوە هەرگیز چاوی بڕی بینینیشی ناکات.

چاو دەکاتەوە گەیشتووە بە مەزرایەکی کەسک، پڕ گوڵ و گوڵزار. ڕووباری پێچخواردووی هێمن، بە وردە قەڵبەزە و وردە شەپۆلی ختوولکەیی باریکەوە. داری میوە. هەموو شت خاوێن. لە ناو قوواڵایی ئاسمانێکی بێ هەور و بێ گرێدا.

لە ناوەڕاستی ئەم مەزرایە فریشتەی باڵداری سپی، وەک ماسی ناو ئاو بن لە بۆشاییەکەدا، بە ناو ئەو شینایییە کەسکەدا کە جار جار پڕ دەبێت لە زەرد و سوور و شین و هەموو ڕەنگێکی تر، بە باڵێدانەوە دێن و دەچن.

یەکتر ڕامووسان و ئامێزگرتن و یەکتر ڕاونانی دڵخۆشیی. بچووک و گەورە، نێر و مێ، بە جووت دێن و دەچن. شوێنێکی کەس پەی پێنەبردوو و هیچ کەس باسنەکردە، شوێنێکی دوورەدەست و دەستلێنەدراو و دەست بۆ نەبردراو، شوێنێکی بە کەس بەڵێن نەدراو، شوێنێکی بێ تاپۆ و بە کەس نەدراو. هەموو ئەم مەزرا ڕازاوەیە هەڵواسراو. بێ پەت، بێ گوریس، بێ سیم.

بەهەشت؟

نا، بەهەشت نا!

ئەم ئەوانی تری دەبینی و ئەوانیش ئەمیان دەبینی. لە دوورەوە دەستی بەخێرهێنان و خۆشییلێکردن ئاماژەیان دەکرد. ئەم لە سەرخۆ بە ئارەزووەوە هەمان هەستی دڵی خۆیی پێ دەگەیاندن. پەڵەهەور لە سەر ڕەوتی خۆی دەخلیسکا. بەرەو ناو قوواڵاییەکی شینی پووژەکەیی بێکۆتا بەڕێوە بوو.

تا ئەو کاتە چاوی بڕی بووە بنمیچەکە، بەرەو قوواڵاییە شینەکە، وردەوردە پێڵووی چاوەکانی نیشت و بە ئەسپایی سەری ماندووی لە سەر سەرینە پەڕینەکە داچوو و خەوی لێ کەوت.

- کەرباب، ژن بۆ ئەوە کراوە مێردی خۆی ڕەحەت بکا ...

ڕۆژی پێنجەم نزیکی دەی بەیانی بە ئاگا هات. بە ئەسپایی هەستایە سەرپێ و بە هێمنی لە خۆی و دەوروبەری ڕووانی. ژوورەکە هەر وەک خۆی بوو، نەگۆڕابوو. گەورەییەکەی هێندەی دوێنێ وا بە ترسناکیی نە دەهاتە پێش چاوی و نەیدەترساند. ئازار و ئێشی ماسولکەکانی ڕەوویبوونەوە. بە ئاستەم کەمێک ناوچاوانی گران بوو، گوێیەکانی هێشتا کپ بوون و لووتی لە ناوەوە وشک و گەروویشی هەر دەچووزایەوە و دەسووتایەوە، بەڵام بە هێز و بە وزە بوو. لە دۆخی تەندروستیی خۆی ڕازی بوو. بەرەو باش بوون دەچوو.

قژی هەفتەیەک بوو نەیشتبوو، هێشتا سەرەڕای ئەو هەموو ئارەقکردنەوەیەش، وا چڵکن دیار نەبوو دڵی پێی ناخۆش بێت. دیار بوو، شانەکردنەکانی کەویار ڕۆڵی خۆیان گێڕا بوو.

لە سەر گازەرای پشت پال کەوتبوو و بیری دەکردەوە چی بکات و چی نەکات.

چاک بووبووەوە. یان بەلایەنی کەمەوە بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیشت. باشە، لە کوێوە دەست پێ بکات؟ ئایا باشتر نابێت گەر بگەڕێتەوە؟ خۆ ئەم هیچی لە سەر نییە. نە کەسی کوشتووە و نە هیچی دزیوە.

ئیتر چی لێ بکەن؟

تۆ بڵێی خەڵکی بێلایەنیش بکوژن، تەنانەت ئەوانەش کە لە هەرە کانگای دڵەوە بێەوەیی و ساخ و سەلامەتیی گشتییان دەوێت و نایانەوێت خوێن بڕێژرێت؟

وەڵام نەبوو. وەڵامەکان هەموو لە تاریکییەوە دەهاتنە دەر و هیچ تیشکێکیان نە دەخستە سەر وەڵامی ڕۆژگار.

هەرچەندە دەیهێنا و دەیبرد هەر قسەکانی پووڕەئەڵماس بوو. ڕابووەستێت و چاوەڕێ بێت تا ئەمان دێنەوە بە شوێنیدا. لەگەڵ ئەواندا داسەکنێت و ڕەشمالی چاوەڕووانیی لێ هەڵ بدات و لە هەمان کاتیشدا خەڵک و خوا ڕابسپێرێت بەشکم هەواڵ و سۆراخێکی ئازادی بۆ بکەن. لە ئەوە زیاتر هیچ چارەسەرێکی تر نەبوو.

بە ئەو هیوایەی تۆزێک خۆشک بکاتەوە و مرۆڤ زیاتر خزم و کەسوکار و ناسیاو ببینێت. ژیان فیلم نییە، بەڵام خۆ دەبێت لە ژیانیشدا ڕێکەوتێکی باش هەل بکەوێت.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک لە ناو جێگاکەدا مایەوە. خەیاڵ و خەیاڵ و خەیاڵ. کات دووی نیوەڕۆ بوو کە ئەم هەستابوو و خەریکی کۆکردنەوەی نوێنەکە بوو. کەویاریش بە ڕووخساڕە فریشتەییەکەی خۆیەوە خۆی بە ژووردا کرد. بە دەم چاک و چۆنیی و قسەی خۆشەوە دەموچاوی شۆرد. زوولەیخا کە ئەم جار جار پوورێکی دەکرد بە پێشگر بۆی و بە "پووڕەزوولەیخا" بانگی دەکرد، ژنێکی پەنجا ساڵەی ڕێکوپێکی گورجوگۆڵی قسەخۆش بوو. خاوەن ماڵ بوو و دیاریش بوو خاوەن بڕیار بوو.

زوولەیخا بە زۆر خواردنێکی زۆری بە شیرینیەوە بە قووڕگی فریشتەدا کرد و زوو زوو پێی دەگوت "کچم، تۆ گەنجی، ئەگەر باش نەخۆی و بە دەوری خۆتا نەیەی تا پەنجاش بڕ ناکەی". بێ پرسی فریشتە ئاو گەرم کرا بوو و ئامادە بوو. ڕازیان کرد خۆی بشووات و جلکوبەرگی نوێش لەبەر بکات. ئەوەی بە زیادەوە بۆ دووپات کرایەوە کە ماڵ ماڵی خاڵی خۆیەتیی "هەتا بە تەواوی چاک دەبیتەوە و 'ئەڵماس' یەت بە شوێنتا".

پاش خۆشتن، بە خواردنەوەی چا و هەندێک شیری قوتوو، هەستی بە لەشسووکیی دەکرد. لە دڵی خۆیدا دەیزانی بەرەو باش بوونەوەی تەواو دەچێت و ڕووخساریشی ئەو هەستەیی دەسەلماند. قەراخ چاوی، ئەو پێستە نەرمە ناسکەی ماوەیەک لە ئەمەوبەر ڕەش داگەڕابوو، ئێستا ڕەویبووەوە و ڕەنگێکی کاڵی گەنمیی، جێگای گرتبووەوە.

فریشتە زوو دەچووە دڵەوە، پێچ و پەنا و چرچ و لۆچ و پەنهانکردنی نەبوو. قسەکانی بێ گرێ و ساف بوون و لە دڵێکی خاوێنەوە دەهاتنە دەرەوە. هەمیشەش زەردەخەنەیەک دەبوو بە پێشینەی قسەکانی.

تا بڵێی گورج و گۆڵ بوو و هەرگیز قسەی بە کەس نەدەبڕی و دەستی نەدەخستە ناو کاروباری خەڵک، پرسیاری ناقۆڵای لە کەس نەدەکرد. کەسی تەریق نەدەکردەوە.

بە دەگمەن تووشی دەبوو بە تووش خەڵکی خراپەوە، یان هەر نەدەبوو. ئەوەی لێی نزیک دەبووەوە خەڵکی باش بوون. هاوڕێکانی لە باشترین مرۆڤەکان بوون. دەرودەراوسێ وەکو دایک و خوشکی دڵسۆز هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. هەمیشە پێش ئەوەی دۆستێک یان هاوڕێیەک مااڵئاوایی لێ بکات یەکێکی تری بۆ پەیدا دەبوو کە جێی ئەوی تری بە چۆڵی نەدەهێشتەوە. ئەمە زۆر جار لە نائاسایی دەچوو. لە سەر پەردەی سینەما و جامی تەلەڤیزیۆن ببینرایە جێی بڕووا نەدەبوو.

ئەم چەند ڕۆژە کەویار بۆی بووبوو بە پەرییەک و بە هەر چواردەوربیدا خنەی دەهات. لە دووانداندنی ئەمدا کەویار قسەی بۆ دایکی خۆی دەکرد. دایکێکی زیندوو، دایکێکی گەنجتر، دایکێکی نزیک لە ڕۆحی. قسەکانی بە نەرمی لە سەر لێوی خەرمانە دەبوون و ڕێزیان دەبەست و بە پشووەوە دەهاتنە دەرەوە.

بە دەنگێکی کەمێک بە ئاستەم گڕەوە دەهاتە گۆ، وەک ئاوازی خەمگینی کەمانێک، دەنگێکی هەنگوینیی گەرم و پڕ ئەڤین. دەنگێک کە جار و بار لە ناوەڕاستی قسەکانیدا، بە پێی جۆری باس و خواستەکان، لە پڕ پێکەنینێکی تریقانەوەی ناسکی کورتخایەن دەهاتە سەری و گەرمیەکی هەستپێکراوی بینراویان بە سەر دەموچاویدا پەخش دەکرد کە لە ڕووخساربیدا بەدی دەکرا.

ئاخۆ کەویار چەند جار باسی مردنی دایکی گێڕابێتەوە تا وا بە ئاسانیی، بە وردیی، بە کاوەخۆ، بە دەنگە ئارامە شیرینەکەی خۆی، بێ ئەوەی هیچی لە بیر بچێت یان تێکەڵاوی بکات. ئاخۆ بۆ چەند کەسی گێڕابێتەوە؟ ئاخۆ چەند جار لە دڵی خۆیدا بۆ خۆی گێڕاوەتەوە و چووەتە ناو بەسەرهاتەکەوە؟ چەند خۆی پێوە ڕاژاندووە و چەندە بۆ خۆی و خەزێم لاواندوویەتیەوە و خۆیانی پێ خەواندووە؟

وا بە وردیی بۆ فریشتەی گێڕابووەوە فریشتە دەیتووانی تەنانەت یەک بە یەکی ئەو ژیانە لە وێنەی تاکیشدا ببینێت و بگرێت. مێشکی دەبوو بە کامێرایەک و وێنەکان لە بەر چاویدا

دەچوونە سەر یەک و دەبوون بە وێنەی جووڵا و ڕەنگ و دەنگیان لێ پەیدا دەبوو. دەبوون بە دایک و باوکی کەویار. کەویاریش لە ئەو دیوەوە ئاگای لە هەموو کەین و بەینێک بوو. وێنەکان لە بەسەرهاتێکەوە دەبوون بە ڕووداوێکی زیندوو و دەست و قاچ و لەشیان دەجووڵا و دەکەوتنە قسە. ژیانیان دەچوو بە بەردا و دەبوون بە گیانێکی ڕاستەقینە. ئەم لە ناو هەموویاندا بوو، بێ ئەوەی ئەوان ببینن، دەهات و دەچوو و لێی دەڕووانین و گوێبیستیان بوو.

شەوێک لە نیوەشەودا، وەکو زۆر شەوانی تر، کەویار بە هەڕەشە و تێخووڕینەکەی باوکی لە دایکی خەبەری بووەوە. باوکی هەر جوێنی دەدا و بۆڵەی دەهات، بەڵام نابیستێت دایکی چی دەڵێت. دەنگەکە هەر لە باوکیەوە دێت و داوای شتێک لە دایکی دەکات.

قسەکان تێکەڵاون، هەر جارە و مەبەستێک دەردەبڕن.

لەگەڵ گەرمبوونی تووڕەییەکەی باوکیی و قسەکانییدا بە تەواوی تێ دەگەیشت باوکی داوای چی دەکات. چەند شەرم لە خۆی دەکات گوێی لە ئەو قسانە بێت و ناچار بێت بە دزیەوە گوێ لە دایکوباوکی خۆی بگرێت و خۆی بخزێنێتە ئەو دیو سنووڕە پیرۆزەکانی پێوەندییەوە. بەرامبەر وێژدانی خۆی دارماو و لە ژێر هێرشی ئەقڵانەی مێشکیدا، گیری خواردبوو. جەستەی مەشکەیەکی کون بوو، تک تک تک شەرم و شکۆی لێ دەتکا.

چەند بە ئازار بوو لە ئەو دیوی خواستی خۆیەوە گوێی لە ئەو جۆرە وشانە بێت کە هەرگیز ناخوازێت بیانبیستێت و هەرگیزیش لە بیری ناچنەوە. لە سرووشتی ژیاندایە غەریزەی بایۆلۆژیی میلۆین ساڵ پێشکەوتنە کە منداڵان لە کاتی خۆشی و کامەرانییدا تەنیا لە ڕووخساری دایکوباوکیان دەڕوانن و هێندە گوێ بە بیستنی وشەکان نادەن، بەڵام هەرئەوەندەی هەست بکەن کێشەیەک لە ئارادایە و بەرەو شەڕەدەندووک و ململانێ و ناکۆکی هەنگاو دەنێت ئەوا گوێیەکیان لێ دەبێت بە هەزار و هەموو دەچنە ناو حاڵەتی ئامادەباشیی و قوواڵاخبوونەوە و وشە بە وشە تۆمار دەکەن. تا ئەو ئاستەش کە خەوی شیرین لە خۆیان دەزڕێنن و مەگەر بە ناچاری لە ماندووبوونێکی پێنەوێراودا خۆ تەسلیم بە باوەشی خەو بکەن.

ئایا مەسەلە بنەڕەتییەکە خۆشەویستییە بۆ دایک، بۆ ئەو بوونەوەرەی زیاتر لە نۆ مانگ، لیکاو و خۆشاوی نۆش دەکرێت و لەگەڵ سەنگینیی و قورسایی و چڕیی هەموو تکەخوێن و کۆئەندامێکی لەشی، یەکیەتیەکی هەرگیز دانەبڕاو، پارچەیەک لە سرووشتێکی ئەبەدیی، دروست دەبێت.

یان باوک بە ماسولکەدار و بە خاوەن هێز و خاوەن بڕیار دادەنێن و دایکیش، بە نەرم و نیان. ئەوەندە نەرم و نیان کە لە سەرەتادا دیارە لە ئەو شەڕانەدا نایبەنەوە.

پرسیارەکان قورس بوون.

کەویار تێ نەدەگەیشت بۆچی لە پڕێکدا باوکی خاوەن بڕیار و هێزە و ئەگەر ئەوەی لێ بسەنرێت، ئەوا دایکی بە ئاسانیی دەرەقەتی دێت و دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و تەنانەت نەک دایکی بەڵکو ئەم، کەویارەکەی، دەتوانێت ڕێگا لە باوکی بگرێت و دەستی بگرێت. کامە خوداوەند ئەو هێزەیان پێ دەبەخشێت؟

بەدەربەستەوەهاتنی دایکی و هەڵگرتنی خەمی ئەو ڕاستییەک بوو، بەڵام ئەوەیشی دەزانی کە جیهانە بچکۆلەکەی خۆی و خەزێم چەندە لە شکانەت و ناسکە و ئەمانیش دەکەونە بەر شاڵاوی ئەو زریانە و چڕنووکی تیژی ئەو درندەیەی لە ناو تاریکاییەکەدا خۆی مەڵاس داوە. دایکی پارێزەری ئەو جیهانە شووشەییە تەنکە ناسکە بوو. هەر لە بەر ئەوە بوو هەر هەرایەک، تەنانەت ئەگەر بچووکیش بووایە، دەبوو بە هۆی قوتبوونەوەی کەللەی ئەم. گورج بیری لە تێکشکانی جیهانە ناسکەکەی خۆی و ژیانی دایکەپارێزەرەکەی دەکردەوە. بیر و ئەندێشەی بێ دایکیی و سەرئەنجامەکانی، درکەزارێک بوو بە پێخاوسی دەکەوتە ناوی.

بە ئەو شێوەیەی چیاکان پشتوپەنان بۆ کورد، ئاواش دایک پەنایە بۆ منداڵ. منداڵ وەکو گەورەساڵ نییە یەک نیشتیمانی هەبێت. ئەو دوو نیشتیمانە چۆن لە یەکتر جیادەکرێنەوە و چۆن لە یەکتر دابڕێن؟

ناچار بوو گوێ لە دایکوباوکی بگرێت.

- بۆ، بۆچی، لەبەرچی نامەیێ؟

پاش کەمێک بێدەنگیی، هاوار و ددانەکیڕێیەکی گران لە باوکی بەرز دەبووەوە.

- بۆ قسە ناکەی؟ بۆ نامەیێ/

دووبارە جنێو و تووڕەبوون و هاوار.

- قەحبەباب، پیاوی ترت دۆزیەوەتەوە؟ دیارە پیاوی ترت دۆزیوەتەوە، ئەگینا بۆ، بۆ نامەیێ؟

دایکی دێتە قسە. بە دەنگێکی هێمن و ئاشتیانەوە کە لەرەی تکاکردنێکی بە سەردا زاڵ بوو، وەڵامی دەدایەوە:

- پیاوەکە هێمن بە، هێمن بە. بۆ خاتری خوا، شەرم لە خۆت ناکەی؟ پیاوی چیم دۆزیوەتەوە؟ چۆن پیاو بدۆزمەوە؟ تۆ هەر بیر لە خۆت ئەکەیتەوە. ناتووانم، تێ بگە ناتووان. بەشکم یەک دوو ڕۆژی تر.

دەنگێکی تووڕەی بە پرس:

- بۆ ناتووانی؟

- خوێنم هەیە پیاوەکە، خوێنی ئاسایی نییە. تۆ هەموو جارێ ئەم بەزمە دەنێیتەوە. شەو تا بەیانیی هەر تێم ئەکوتی و تێم ئەخووڕی. ئازارم هەیە ئازار.

باوکی بە دەم هەڕەشەوە کە دیار بوو لە سەر قن دانیشتبوو و وەڵامی دایەوە:

- چارت ئەکەم، چارت ئەکەم. مانگی چەن جار خوێنت ئەبێ؟ ئەی من ژنم بۆچی هێناوە، ڕاوەستە لە سەرم کەرباب، بزانە چۆن دار بە ڕۆحتا ئەیەم.

- پیاوەکە تۆ خۆت یا ماندووی یا زۆر درەنگ یەیتەوە یان لە نیوەشەوا کارێ بۆ خۆت پەیا ئەکەی. من گوناهم چیە؟ خۆ من ناتووانم بیستوچوار سەعاتە دووات کەوم کە بیکەی و نەیکەی.
- کەرباب، ژن بۆ ئەوە کراوە مێردی خۆی ڕەحەت بکا، خۆ قابیلە جەدۆلێکم بۆ دروست ناکەی.

وەڵامی دایکی بە دووایدا نەهات. گوێێ لێ بوو هەروەکو لە پڕ ئازاری پێ گەیشتبێت هاوارێکی تیژی لێ بەرز بووەوە. پاش قەدەرێک بوو بەلاوانەوە و گریانێکی هێمن. هەروەک بوو بێت بە ژێر بارێکی گرانەوە بە ئاستەم دەنگی دەر دەهات:

- پیاوەکە ورگم درا، ئەی هاوار سگنمت کون کرد، دەست لە گەر ...ووم بەر ... دە.

باوکی بە دەم پشووسوارپی و هەناسەبڕکێوە وەڵامی دەدایەوە:

- ژنێکی تر یەنم، بەڵام ژن. بزانێ چۆن دڵی پیاو ڕابگرێ.

باقی قسەکانی تر هەر دووبارەبوونەوە و سێبارەبوونەوەی جوێنی ناشیرین و بێ سەروبن بوون. تا ئیتر گوێی لە هیچ شتێکی تر نەما و دڵنیبا بوو باوکی خەوی لێ کەوتووە. ئەم سەری سووڕمابوو. خەمبار بوو وەک ئەوەی دەستووری لە سێدارەدانی دەر کرابێت. بڕووای بە گوێیەکانی خۆی نەدەکرد. لە دڵەوە دەیخواست بچێت باوەش بە دایکیدا بکات و هەردووکیان یەکتر گەرم بکەنەوە و ببن بە پشت و پەنا بۆ یەکتر. نەیدەوێرا خۆی لە خەو بهێنێت. کێ دەڵێت باوکی ئێستا نا ئێستا دەست ناخاتە سەر قورگ و دەمی و نایخنکێنێت؟

بە ئەسپایی شەو باڵی قورسی خۆپی بە سەر هەموو کەویار و خەزێم و خانمێکی ئەو وڵاتەدا دا و لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاوی میلیۆن ساڵی پێش ئێستادا دەرگای ئەشکەوتەکانیانی نادیار کرد.

بەیانی کە هەستا باوکی لە ماڵ نەبوو. لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە هەیوان و دایکی دەبینی. ڕەنگی دایکی زەرد هەڵگەڕابوو، لە ئەوە دەچوو شەوەکەی هیچ نەخەوتبێت. ماندوو و داچۆڕاو دیار بوو. کە هاتە دەرەوە، دایکی دەستبەجێ زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و پێی گوت "کەویارەکەم، ئەوە بۆ دەموچاوە جوانەکەت چاک ناکەی، ئەڵێی میوانی جنۆکە بووییت". ئینجا پێکەنینێکی شیرینی بۆ کرد: "زوو بۆم گەورە بە، با پێکەوە دووقۆڵی شتێ بکەین، خۆ من هەر تۆ و خەزەم هەیە".

کەویار ئەو دەموچاو و ڕووخسارەی دەناسییەوە. ئەو زەردەخەنە و پێکەنینەی دەناسییەوە. ئەم بەیانیە بۆی دەرکەوت ئەم کێشەیە دەمێکە بەردەوامە، بەڵام دایکی لێی شاردووەتەوە و نەیهێشتووە بیزانێت. نەیویستووە دڵی بکەوێتە گومان و ترس و خەمەوە.

هەمان زەردەخەنە. هەمان پێکەنین. هەمان جۆرە قسە کە خەروارێک ئازاری تیادا شاردرابووەوە. هەمان داوا و تکا بۆ بزووواندنی گیانی ئەم. هەمووی لە پێناوی ئەوەدا نەهێڵێت کچە بچکۆلە نەشمیلانەکەی، کەویارەکەی خۆی، دڵی بکەوێتە گومانەوە و لە تووانای پارێزەریی دایکی بترسێت.

ئەو بایەنیە دایکی بە پاڵ ناردی بۆ خویندن، دەنا خۆی نەیدەویست دایکی بە تەنیا بەجێ بهێڵێت. دایکی زوو زوو لێی دەپرسی بۆ وا بێ زەوق و بێ تاقەتە، بەڵام ئەم خۆیی لە وەڵامەکە دەشاردەوە. هەر بە ماتییەوە لە دایکی دەڕووانیی . دایکی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویست. بەزەیی پیادا دەهاتەوە و نەشیدەزانی چی بکات.

نەیدەزانیی چۆن ڕاستییەکەی پێ بڵێت. هەر وا بە ئاشکرا چاو ببڕێتە چاوی و پێی بڵێت ئاگای لە باسەکەیە، کە ئیتر کچێکی گەورەیە و ناترسێت. زۆر دەترسا تەنیا لە بەر خاتری ئەم، دایکی ناچار بێت ئەو هەموو چەرمەسەرییە بچێژێت و ئەو بارودۆخە قبوڵ بکات. هەر وەک هەموو جارێکی تر گوێی لە دایکی گرت و چوو بۆ قوتابخانە. هەستێک وەک بە پاڵ بینێرن و مال بە دەری بکەن.

کەویار هەر حەزی لە ئەو مەجەمەعەیە نەدەکرد، بەڵام بەتایبەتیی ئەو ڕۆژە هەر بە تەواویی ئەو شارە بلۆکەی لێ بووبوو بە ئاگر و قوتابخانەکەش بە دووپشکەڕەشە. ئەو

شارە بلۆکە بۆرە تۆزاویەی کە هەموو خەڵک لە ناو گەڕەکە بێڕەنگەکانی خۆیدا ئێخسیر کردبوو. پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ، هەروەک بۆ دووا جار ماڵئاوایی لە خانووەکە بکات، ورد ورد تێی ڕووانی. ئەو شارە بلۆکە بە هاوین گەرم گەر دادەهات و بە زستانیش هەموو تاکە بلۆکێک دەیبەست و قوڕ و چڵپاوێک کۆڵانەکانی داگیر دەکرد کە ئەمانی لە ماڵەوە دەکرد بە زیندانیی.

پاییزانیش هەرچی پووش و پەڵاش و تەپ و تۆز بوو ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و نەیدەهێشت دەرگا بکەنەوە. بەهارانیش ڕەنگێکی بۆر، ڕەنگێکی دێز، ڕەنگێکی سارد، دوور لە بۆنی سەوزایی و خۆڵ، سەرتاپای ئەم مەڵبەندەیان دەگرتەوە. خانووەکان هەموو لە یەک دەچوون. دەرگا، پەنجەرە، بۆیە، بلۆک، هەموو شتێک. ئەو لەیەکچوونە ناقۆڵایە یەکەمین خەسڵەتی ئەم موجەمەعەیە بوو. جار جار هەڵ دەکەوت مرۆڤ دەرگایەکی حەوشەی دەبینی کە خاوەن ماڵ بە ڕەنگێکی تر بۆیاخی کردبوو. زیاتر لە ئەوە نا.

مرۆڤەکانیش بە هەمان شێوە بوون. هەموو ماندوو و چڵکن و پڵکن و ڕیشهاتوو و ڕووت و قووت. هەموو لە ڕاکەڕاکێکی بەردەوامدا و هەموو لە یەکتر دڵ پڕ لە قین و هەمیشە نامۆ. نامۆ بە یەک و بە خانووەکان و بە گەڕەکەکان و بە دەوروبەر. هەموو جارێک پێکەنینیان بە ئەو پیرەژنانە دەهات کە لە کۆڵانەکاندا بە دووای ماڵەکانی خۆیاندا دەگەڕان. هەموو لە داخاندا هێندەی تریش کوورِ بووبوونەوە و ڕەش دادەگیرسان و نەشیاندەوێرا بە ئاشکرا جوێن بدەن.

ئەو خەڵکە بێڕەنگ و لەش داهێزراو و بێتاقەت و بێحەوسەڵەیە کە لە سندوقێکی بەتاڵیان دەکرد. پیاوەکان هەروەک دەستکردی یەک کارگە بن، جلوبەرگی قاوەیی، ڕەش یان شینی تۆخیان دەپۆشا، هەموو دەستێک لە گیرفان و دەستێک لە ژێر پزووی شەڕواڵ، یان دەستێک بە تەسبیح و دەستێک پڕ لە گوڵەبەڕۆژە یان تۆوێکی تری هەرزانبەها کە بێ باک ناوکەکانیان قووت دەدا و تووکڵەکانیان لە شێوەی تفدا فڕی دەدایە دەرێ.

ژنەکانیش بە هەمان شێوە. هەموو لە سەر هەیوانەوە، لە شێوەی قەڵە ئەمونێکی ماندووی سەر بارەداڕێک بە هەر چواردەوری خۆیاندا سەرەتاتکێیان دەکرد و دەیانڕووانی.

دەیانڕووانی وەک ئەوەی بە تەمای شتێک و لە چاوەڕووانیی شتێکدا بن، کە بزانن ئێستا نا ئێستا شتێک ڕوو دەدات. بەڵام هەرگیز هیچ ڕووی نەدەدا.

ئەمە چارەنووسیان بوو.

ئەمە ژیانیان و دووا وێستگای شەمەندەفەریان بوو.

کوڕانی بێ کار، هەموو هەرزەکار، بەیانی تا ئێوارە بە موشێن و مزراحێنەوە خەریک بوون. جار جار لە ئێرە و لە ئەوێ یەکێکیان تیادا هەڵ دەکەوت کە لە سەر دیواری حەوشەی خۆیان، بە سەر لادیوارێکی بلۆکی خواروخێچەوە، وەک باڕکەڵەشێرێکی غرور لە پۆزی پاسەوانییدا هەر سەیری سێبەری پۆپنەی خۆیی دەکرد و تا درەنگانێک هەڵ دەنیشت.

خودایە کام کەس لە خەڵکی ئەم شارە وێرانە گووگرتووە شەق لە تەختەکەی تۆ هەڵ دابوو تا ئاوا دەستبەسەر و خاکبەسەر و قوڕبەسەریان بکەیت و کەچی هێشتا هەر مەمنوونی بەرەکەتت بن و ڕۆژانە پێنج جار کۆیلەیەتیی خۆیانت بۆ سبەلمێننەوە؟

بۆچی پیاوخراپان سزا نادەیت و بێتاوانەکان مەرەخەس ناکەیت؟ ئەمە بۆ کارێکی قورسە و نەکردنی چ هونەرێکە؟ تۆ هێندەی پاڵەوانی فیلمێکی هیندیشت پێ ناکرێت. خودایە بۆ هەموومان ناکەیت بە مەیموون؟ بۆ هەموومان پێکەوە ناکوژیت؟

ئەمە خەیاڵی بیستوچوار سەعاتەی کەویار بوو. سەرجەمی قسەکان لە دایکیەوە فێر بووبوو کە هێدی هێدی خۆی باشتر ڕیزی دەکردن.

لە پۆلدا هەر بیری لە ماڵەوە دەکردەوە. بیری باوکی کە بە سەرێک خۆشی دەویست و بە سەرێک نەخۆشی دەویست و نە ڕقیشی لێی بوو، بەڵام هەر کە بیری لە ئەو شەوە و لە ئەو هەموو ڕووخسار و دەموچاو و جۆرە زەردەخەنەیەی دایکی دەکردەوە یەکسەر ڕق لە باوکی دەبووەوە.باوکی وەک دایکی گەنج نەبوو، زۆر پیرتر بوو، بێ چیکڵدانە و تووڕە و بوغزاویی بوو. زوو هەڵ دەچوو، ڕەزیل و پیسکە بوو، تا جارێک بە داوایەکی دایکی ڕازی بووایە سەد جار ناڕازیی دەبوو. بە تووڕەییەوە داوای ئاو و نان و خواردن و شتی دەکرد.

تەنانەت ئەگەر خەزێم زوو دەرگاکەی لە پاش خۆیەوە جووت نەکردایە، یەکسەر هاواری لێ هەڵدەستا: "دایک دەڵەسەگ، ئەو دەرگایە داخە".

خەزێمیش فێر بووبوو بە پەلە دایدەخست. ڕووی دەکردە کەویار یان دایکی و لچێکی بە سوعبەتەوە لە باوکی هەڵ دەقورتاند.

هەر جارێک کەویار باسی بکردایە کە بیری گوندەکەی خۆیان دەکات، باوکی لێی دەهاتە دەنگ. تەنانەت دایکیشێ نەیدەوێرا باسی بکات. خۆ دەیانزانی ناتووانن بگەڕێنەوە، هەر وەکو باس و خواست و ئارەزوویەکی دڵ باسیان دەکرد، بەڵام باوکیان پێی تووڕە دەبوو. لە دڵی خۆیدا حەزی لە ئەو دێیە بوو. نەک باوکی، هیچ کەسێک نەیدەتووانی ئەو ڕێگایەی لێ بگرێت کە لە دڵی خۆیشیدا بۆی نەبێت حەز لە گوندەکەی خۆیان بکات. هەموو جارێک بیری لە ئەوە دەکردەوە کە تا گەورە دەبێت ژیان و دۆخ دەگۆڕێت و ئەم بە تەنیاش بێت، هەر دەگەڕێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بێگومان ڕقی لە باوکی نەبوو، بەڵام کە دەهاتە سەر هەڵبژاردنی دایک یان باوکی ئەوا بێ سێ و دوو، بێ ئەوەی هەر هەڵوێستەیەکیشی بۆ بکات، یەکسەر دەیگوت "دایکم".

کاتێک گەیشتەوە ماڵەوە هەر لە خۆیەوە هەستی کرد لە گەڕەکەکەیاندا شتێک گۆڕاوە. دەراوسێکانیان گشتیان نەناسیاو بوون، بەڵام مرۆڤی باش و خۆشڕەفتار بوون. لە ڕێگای ماڵەوەدا یەک دووانێک بە تێڕووانینێکی سەیرەوە لێیان دەڕوانیی. هەستی بە شتێک دەکرد. دڵی دەیویست شتێکی پێ بڵێ، بەڵام چی؟

دەرگای حەوشەی کردەوە و چووە ژوورەوە، دەنگ نەبوو. نەخەزێم هەبوو و نە دایکی.

دەمێک جوانتر ڕووانیە چواردەوری خۆی. هەندێک پەڕۆی سووتاو و ڕەشاوەیی کە دیار بوو بە گسک کۆکرابوونەوە. سەر هەیوانەکەیان، چیمەنتۆیەکی بووارددووی ڕووشاو و بە چاڵ و چۆڵ، بە ئاوێکی کەم پاک کرابوونەوە و هەر بە گسکێکی ڕەش و سووتاویی ماڵدرابوو. گسکەکە لە سووچێکەوە فڕێ درا بوو.

شتومەکی حەوشە بچکۆلەکەیان هەموو بە سەر یەکدا کەڵەکە کرابوون و دەرگای هەردوو ژوورەکەیان، هەرچەندە داشنەدەخران، هەر بە ئاوەڵایی لە سەر پشت بەجێهێڵرابوون. دڵی کەوتە خورپە. بێ ئەوەی هیچ بزانێت، تێک چوو. بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیشت و یەکسەر دەراوسێکەی بەرامبەریان کە لە هەیوانەکەی خۆیانەوە چاوی لێی بوو، هاتە دەرەوە و بانگی کرد.

دەراوسێکەیان وەک جاران قسەی نەدەکرد و دیار بوو شتێک ڕووی دابوو. گورج باوەشی بە کەویاردا کرد و کۆمەڵێک قسەی هێمنکەرەوەی کرد کە لە ڕاستییدا کەویاری زیاتر شڵەژاند.

هەر لە ئەو کاتەدا پووری کەویار پەیدا بوو. دیار بوو دەیزانی کەی لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە. پاش سڵاوێکی سەرپێی و پەلە ڕووی لە کەویار کرد و لە باوەشی گرت. تا بڵێی هەم تووڕە و هەم خەفەتبار بوو. دەستی کەویاری برد و لەگەڵ خۆیدا بردی.

ئیتر ئەوە بوو چوون بۆ نەخۆشخانە و دایکی بینی، سەرتاپای سوتابوو.

لە سەر قەرەوێلەیەکی ئاسنی ڕەقوتەق، پاڵ خرابوو. زەمیلەیەکی ئاسنی بە سەردا درابوو کە لە پەنجەکانی پێیەوە هەتا بن ملی گرتبووەوە بۆ ئەوەی بەتانیەکان بەر لەشی نەکەون. هەموو گیانی دەرمانی لێ درابوو. بە ئاستەم چاوەکانی هەڵ دەهاتن و هەر هاوار و ناڵەناڵی بوو.

ڕەنگ و ڕووی پێوە نەمابوو. ڕەش داگەڕابوو و قژی هەموو هەڵپرووسکا بوو و چنگێک مووی پێوە مابووەوە. کە زانی کەویار لایەتی کەمێک تینی دایە بەر خۆی کە لە ڕاستییدا هیچ نەجووڵا و بە ئاستەم ڕووی بەرەو لای کەویار با دا. نەیدەتووانی دەستی دەربهێنێت و نەیدەتووانی سەری زیاتر لە ئەو پێچە بجووڵێنێت. پێستی گەردنی هەموو سوتابوو و چڕچ هەڵگەڕابوو. پێست و گۆشتەکە تێکەڵ بە یەک بووبوون. ڕەنگێکی قاوەیی باوی تۆخ و ڕەشهەڵگەڕاو. هەر دەکڕووزایەوە و ناڵەناڵی بوو. لە ئەوە نەدەچوو ئەم بوونەوەرە ڕۆژێک لە ڕۆژان زەردەخەنەی کردبێت و پێکەنی بێت. بێ هۆش و دوور لە دونیا دیار بوو.

سەرەتا کەویار خەریک بوو تێک بچێت و باڵ بگرێت. پووری تووندتوند، بەڵام بە نەرمیی، لە دوواوە بە خۆیەوەی نووساندبوو و نەیدەهێشت ببزوێت. ناخی بووبوو بە ژیلە ئەمۆ. گڕ لە هەبوونی بەربووبوو و وەکو دایکی دەسووتا و ناڵەی ئازاری پڕ بە نەخۆشخانەکە بەرەو گەردوونێکی بێ کوتایی سەر دەکەوت. یەک وشەی بۆ نەگوترا. هەر دەگریا و دەلەرزا.

دایکی لەبەر خۆیەوە و بە دەم ئازارەوە جار جارێک دەیگوت "سووتاندمی، سووتاندمی، من خۆم نەسووتاند ... من خۆم ..نە ...".

پووری، هەروەک چۆن بە تووندی بەڵام بە نەرمیی کەویاری لە ئامێز گرت بوو ، هەرواش لە سەر خۆ پەنجەکانی کەویاری بۆ سەر ئەو دەسکە قژە برد کە بە سەری خانمی خوشکیەوە مابووەوە و بە ئەسپایی لێی وەردا. هەموو ئەو ئازارە لە سەر گەرووی کەویار گیری خواردبوو و زیاتر تاویان بۆ سینگی دەهێنا. بیلبیلەکانی چاوی تا ئەوپەڕی کرابوونەوە. پووری دەیوست ترسەکەی لە دیمەنی دایکی بشکێنێت. کەویار نەدەترسا، هەر ئەوە بوو کە ێ نەدەگەیشت.

پووری دەیزانی کە ئیتر کەویار و دایکی یەکتر نابیننەوە.

کەویار بە سینگی پەنجەکانی بە ئارامیی کە بە ئاستەم بەر موەکانی قژی دایکی دەکەوتن، تاڵەکانی بۆ چاک دەکرد و لە چاوە بێرەنگە بە ئازارەکانی دایکی دەڕوانیی کە جارجارە هەڵ دەهاتن.

نەیدەزانی چی بکات. دایکی هەر ناڵەناڵ و ئای ئایی بوو.

پێش ئەوەی سستەرەکان داوایان لێ بکەن کە ئیتر برۆن، یەک دوو جار سەری دایکی ماچ کرد و لەگەڵ پووریدا بە هەنگاوی قورس، ژوورەکەیان بەجێ هێشت. بە دەم گریانەوە هەر زوو زوو ئاوەڕی بۆ دایکی دەدایەوە.

ڕۆژی دووایی دایکی مرد.

لە کاتی گۆڕستان و پرسەکەدا و لە پاش گۆڕستان و پرسەکەش هەردووکیان هەر لە ماڵی پووریان مانەوە.

پاش هەفتەیەک هەواڵی مردنی باوکیشی پێ گەیشت. لە کونی ژوورەوەی ماڵی خۆیاندا، دوو گوللە لە ناو دەمییەوە، مێشکی پژاندبوو. دەمانچەیەک لە ناو دەستیدا و بە تاک و تەنیا. خەڵک و پۆلیس دەیانگوت خۆکوژیی کردووە.

کەویار لە ئەوە دڵنیا نەبوو. هەموو ئەو شەوانە گوێی لە ماڵی خاڵوانی بوو، گەورە و بچووکیان، باسی پلان و پلانکارپی و تۆڵەسەندنەوەیان دەکرد. بیری پووری دەکەوتەوە کە بە دەم شتنی خەزێمەوە کە لە ناو تەشتە پڕ کەفاوەکەدا ئاوی بە سەر سەروکەللەیدا دەکرد، بە دەم خۆیەوە قسەی دەکرد "بلەی گەواد، بلەی گەواد سووتاندی".

ئیتر هەر ئەوەندە بوو. لە ماوەی هەفتەیەکدا پرسەی باوکیشێ هاتە سەر. برا و خوشک و خزمەکانی باوکی، هەموو لە مردنی بلە بە گومان بوون، بەڵام کەسیان نقەیان لێوە نەدەهات و بە سەرزارەکیش داوایان لە کەویار و خەزێم کرد بچن بۆ لایان و لای ئەوان بمێننەوە. لە قوواڵیی چاوی پڕ کای ئەوانیشدا گڕی تۆڵەسەندنەوە لە بنەوە بە ئاستەم دیار بوو.

خەزێم هەر دەگریا و دەکڕووزایەوە و لە پڕ ژیر دەبووەوە و بە هەنسکی گریانێکی دوور لە ئەوێ خەوی لێ دەکەوت. کەویار فریای ئەوە نەکەوت بیر لە ئازاری مردنی باوکی بکاتەوە. هەر ئەوە بوو بە پێویستی نە دەزانی ئەویش بمرێت. نەیدەزانی. نەیدەزانی چۆن بیر بکاتەوە. جەستە و رۆحی تژی بووبوون لە ئازار. ئەوە ئازاری هەردووکیان بوو یان بە تەنها هی دایکی. نەیدەزانی.

لە ئەو ڕۆژەوە دایکی دەچێتە خەونیان. هەرگیزیش باسی باوکیان ناکەن، مەگەر بە ڕێکەوت.

ئێستا خەم و خەفەت و برینەتەڕەکانی کەویار لە ئەوە دەچوون سارێژ بووبن. جار جار نەبێت دەنگێک، ڕەنگێک، دیمەنێک، شتێک، یادگاریەکیان دەهێنایەوە یادی و گەردنیان

ڕووەو سەرەوە پێ هەڵ دەبڕی و ڕوویان پێ دەکردە قوونڵایی ئاسۆ و دەیانخستە ژێر خەیاڵێکی گرانەوە.

کات هەموو دەردێک ساڕێژ دەکات!

کات هەموو دەردێک ساڕێژ دەکات ... هەموو دەردێک، هەندێک یادگاریی تایبەتیی لێ دەربچێت کە لە قوژبنێکی تاریکی دوورەدەستی دڵدا خۆیان کوشکەڵە دەکەن و لە پڕێکدا ڕای دەچڵەکێنن.

- بەس لە چاوەڕوانیی دەراوسێکانتاندا قۆرە قۆڕی ورگی خۆتان بژمێرن، برالەکانم

نزیکەی دووی پاشنیوەڕۆ بوو، فریشتە نە بیری هەبوو نە سەری پەرژابووە سەر حەشاماتەکەی دەرەوە. لە پڕ شەرمی لە خۆی دەکرد کە تا نزیکەی دەمی نیوەڕۆ لێی پاڵکەوتبوو. دووایی قاوەڵتیەکی باش و پاش ئەوەش خۆشووشتنو خۆگۆڕین. تێر و وشک و برینگ.

ئەو خەڵکانەی دەرەوەش هەموو برسی و تەڕ و ماندوو. دوو ڕۆژێک بوو بارانەکە وەستابوو، جار ناجارێک هەندێک دەپڕژاند و تەواو. حەشاماتەکەش تەنک بووبوونەوە. زۆربەی ئەوانەی پێشوو نەمابوون و خەڵکی تازە جێیان گرتبوونەوە. بوو بوون بە گرووپ و دەستەی بچووک و ڕێواری تاک.

چوونە بەر دەرگا. بۆ یەکەم جار تا سەر پردە دارینەکە ڕۆیشتن.هێشتا هەر هەستی بە ئازاری بنی پێیەکانی دەکرد. ئێستا خورە و قەڵبەزەی ئاوەکە لە دڵدا شیرین و نازدار بوو. یەکەم ڕۆژیان لە تەوێڵە کاتێک لە خەو هەستابوون هەموویان وایان دەزانی گۆج بوون. بنی پێیان تلۆقیان کردبوو و ئاوساو بوون. نەیادەتووانی بە ئاسانیی برۆن.

خەڵکان سەد پەڵەیان بە ڕووی تەوێڵەدا دابوو. هەندێک کە پێشتر مانگی سووری ئێرانیی خێمەی بێ دابوون و پشوویان دابوو، ئێستا بارگەیان تێک دەنا. پاسداران جێی دین و ئیمانیان گرتبووەوە و هەر تکای نان و ئاو و خواردن و پێخەف و خێمەیان لێ دەکرا. هەبوون خێمەیان بەرکەوتبوو کەچی هەر بە دووای هی ترەوە بوون و پاسدارەکانیش خێمەیان بە چەک دەگۆڕیەوە. کەویار بۆی دەگێڕایەوە "خەڵك ناچار کراون چەکەکانیان تەسلیم بە ئەو سەیتەرە ناوەختانە بکەن کە لە پڕێکدا چەکدارەکانی بەرە دایان دەنێت. کەویار بە پێکەنینەوە دەیگوت 'دادە فریشتە، پوورەئەڵماس بە وشەی پێشمەرگە تووڕە دەبێت. پێرێ بە یەک دوو پیاوی دەگوت چەک هەڵگرتن کەس ناکات بە پێشمەرگە'.

کەویار حەزی لە قسەکردن بوو: "مەبەستی ئەوەبوو خەڵکی چەکدار زۆر بوون، بەڵام پێشمەرگە نەبوون. پوورەئەڵماس بلیمەتە. خەڵکیش هەن چەکەکانی خۆیان لە ژێر

عەرزدا شاردووەتەوە بە نیازی ئەوەی ڕۆژێک بگەڕێنەوە. کوڕانی فێڵبازی ئەم ناوچەیە زوو ئەم فێڵەیان کەشف کرد، زۆر لێزانن، گڵی تازەهەڵکەندراو دەناسنەوە. ئیتر چەکەکان دەر دەهێننەوە و دەیفرۆشن. دەڵێن ئەم چەکانە پارە زیاتر دەکەن".

فریشتە ئاگادار بوو خەڵک بێ لە ڕۆن و شەکر و سابوون و شتومەکی تر، ئوتومبێل و ئەشیای ناوماڵ و چەک و تەقەمەنیەکی زۆریان لە بنکە سەربازیەکانەوە دەبرد بۆ خۆیان. هەر هاواریان دەکرد 'ماڵی حوکمەتە'. فەرهوودێک بوو مەپرسە. نەک هەر مرۆڤ بەڵکو هەر دەرزەمینییەک لە ناو قوواڵایی گەردوونەوە چاوی لێ بووایە کوردی بە تاڵانچی دەناسی.

کۆمەڵێک خەڵک لە سەر تەپۆلکەکەی نزیک بە ئەمان هەمە جۆرە خۆیان لێ دابوو بە زەویدا. پێنج پیاو، سێ ژن، دوو کچ، کوڕێکی گەورە و چوار منداڵی بچووکی شەش حەوت ساڵانە. منداڵەکانیش سێ کچ و یەک کوڕ بوون. ئەمان چوون بۆ لایان و سڵاویان لێ کردن. هەر یەکسەر پرسیاری ئەوەیان لێ کردن ئاخۆ خەڵکی ئەم ناوە باش دەناسن و خزموکەسوکاریان هەیە یان نا. ئەمانیش بە نەخێر وەڵامیان دانەوە.

هەموویان ماندوو بوون. منداڵەکان زیاتر بێتاقەت دیار بوون وەک لە ماندوو.

پیاوەکان خەفەتبار و نارەحەت و پەژارەدار دیار بوون. ژنەکان لە ئەوە دەچوون کۆستیان کەوتبێت و تا ئەوێ بە پرچ ڕاکێشرا بن. دوو کچ و کوڕەکە زۆر نائارەزوومەند و سیواهاتوو دەردەکەوتن.

یەکێک لە پیاوەکان، پیاوێکی کەمێک بە خۆوە، باڵا بەرزێکی چاوشینی موزەرد بوو. دەموچاوی سووروسپی، بەڵام چڕچ و پڕ گرژیی و سەری ڕووت بوو. ئەوەی تەنیشتی پیاوێکی لەڕی بچکۆلەی دەموچاو سێگۆشەی ڕیچن، زۆر منداڵتر بوو لە ئەوەی ڕووخساری نیشانی دەدا. سێیەمیان، دەموچاو خڕێکی خڕپنی کوڵەبنەی برۆ پڕ، لووتی فش و لێوەکانی ئەستوور، چاوەکانی بچکۆلە و نابووت. چوارەم پیاویان دەموچاو کونجێکی خڕی سمێڵ باریک لە ئەوە دەچوو گوێیەکانیان پێوە هەڵواسی بێت. پێنجەمیان، دەموچاوێکی پەنجەکێشیی و دوو چاوی خڕی کوندەپەپوویی کە هەر وەک

کوندەپەپوویەکیش بە کاوەخۆ پێڵووەکانی چاوی هەڵ دەهێنا و هەر وا بە کاوەخۆش دای دەدانەوە.

ژنەکان وەک مۆمیا بن ڕۆنیشتبوون و گوڵەبەڕۆژە ئاسایی ڕوویان لە خۆرە لاوازە شەرمن دیارەکە کردبوو کە کە پشت هەورێکی تەنکەوە خۆی مەڵاس دابوو. هەموو ئەو تەڕیی و باران و سەرمایەی ئەو چەند ڕۆژە خۆریان ئێجگار ئازیز کردبوو. خەڵک هەموو دەستە دەستە بە حەز و تامەزرۆییەوە بەرامبەر و ڕوو لە خۆرەکە دادەنیشتن. هەشبوون پشت و شانیان تێ دەکرد و بە لاچاویش تێیان دەڕووانیی. ئەو هەموو بەتانیە هەمەڕەنگە بە سەر دار و بەرد و ئوتومبێلەکاندا هەڵ خرابوون تا هەندێک گەرم و وشک ببنەوە. سەیران نەبوو، سیانزەبەدەرێک بوو بە ڕاستیی ڕۆحە ئەهریمەنیەکان دابوویان بە سەر شاردا.

قسە دەکرا و بابەتەکە لە بیر دەکرا. کەویار بە وەڵامی منداڵەکانەوە مەژغوڵ بوو، کە پرسیاری سەیر سەیریان لێ دەکرد. فریشتە سەرنجی هەموویانی دەدا و گوێقوڵاخی باسی پیاوەکان بوو.

پیاوە موزەردەکە بەڕێوە بوو بچێت خێزانەکەی بهێنێتەوە. خێزانەکەی لەگەڵ دەرودراوسێدا ڕۆیشتبوون و تەک حەشاماتەکە کەوتبوون. ئەم لە ماڵ نەبووبوو. تێ نەدەگەیشت بۆچی ڕۆیشتوون.

تێ نەدەگەیشت خەڵک بۆچی دەڕۆن. زۆر تووڕە بوو لە ئەوەی تا ئەو کاتە خێزانەکەی لێ تێ نەگەیشتوون. چۆن شتی وا دەکەن و ئەو کارەیان لێ وەشاوەتەوە. گفتوگۆکە زیاتر لە نێوان ئەو و پیاوە دەموچاو خڕە خرپنەکەدا بوو کە کاتی قسەکردن زووزوو لێوە ئەستوورەکانی دەهێنایە پێشەوە و کونەکانی لووتە فشەکەی هێندەی تر دەکرانەوە. ئەوجا چاوە نابووتە بچکۆلە کونەدەرزییەکانی هێندەی تر دەچوونەوە یەک و برۆ ئەستوورە پڕەکانی گیف دەبوونەوە. دەست ڕاستی کەمێک هەڵ دەبڕی، پەنجەی دۆشاومژەیی وەک پەنجەی هەڕەشە بەرز دەکردەو و لە کاتی قسەکردندا هەڵی دەسووراند.

- کاکە تۆ باسی چی ئەکەی؟ بێ قەزابی، ئەڵێی خەڵکی ئەو ئاسمانەی. پیاو چۆن بەرامبەر ئەو درندەیە خۆی ڕائەگرێ؟

پیاوە موزەردەکە لەسەرخۆ، بە دەنگێکی کپ بەڵام نزیک و بزوێنەر، دەدووا:

- کاکی برام، من دەزانم درندەیە. دەشزانم ئەم خەڵکە دەترسن و لە ژێر هەڕەشەی بە ئەنفالکردن و گازی کیمیاییدا ڕا دەکەن. دەزانم لە ژێر تارمایی هەڵەبجەدا ڕۆحی خۆیان بە کۆڵیاندا داوە. خەڵک لە بەردەم هەڕەشەی ڕاستەقینەدا نیین، لە ژێر ترسی تارمایی هەڵەبجەدان. دەزانن کەس دیفاعیان لێ ناکات. بەڵام لە دروێنەی خەم و ترسی ئێستایاندا نازانن و ئەقڵیان پێی ناشکێت کە ناتووانن لە تارمایی هەڵەبجە هەڵبێن. تارمایی هەڵەبجە، مەرگی کۆ، لە ناو خۆیاندایە.

فەرموو، ئایا نابینن چۆن بە تاریکستانی ئەو مەرگەدا دەڕۆن و پێی نازانن؟ ڕۆیشتن و هەڵهاتن چ سوودێک دەگەیەنێت؟

کابرای برۆ گیف قسەکانی پێ بڕی:

- بێ قەزابی، ڕاکردنی چی و هەڵهاتنی چی. شەرمە وا ئەڵێی. فەرموو، بڕووانە ئێمە، بە ئارەزووی خۆمان کەوەرپی ئەیجنین. بڕووانە ... (لە ئەم کاتەدا کەمێک لە دەوروبەری خۆی نزیک بووەوە و هەروەک داوای پشتگیریان لێ بکات، ڕووی لە پیاوەکانی تر کرد) ... بڕووانە ... هەر ئەڵێی لە سەیرانین. ئەمە ڕاکردنە. عەیبە وامان پێ ئەڵێی. هەڵهاتنی چی و ڕاکردنی چی؟ بە شەرەفم، ئەو عەلیکۆپتەرە ملم هەڵکێشێ ڕا ناکەم، من ئارییم، خوێنم ئارییە. هەزار عەلیکۆپتەر بە سەرمەوە تەقەم لێ کەن دەست لە گیرفانم دەرناهێنم و بە پیاسە ئەیکوتم.

پیاوە بچکۆلەکەیان سەری بە ئاستەم لار کردەوە:

- سەیرکە قوربان، چۆن بۆ خۆمان لێی دانیشتووین. بە شەرەفم پاڵکەوتن و خەوی وا لە سلێمانیش دەس ناکەوێ. کاکە ئەمە سەیرانە.

- براکانم، هەڵهاتن بە ئەو مانایە نایەت خەڵک بە سەرمەوقولات و بازدان و ڕاکردن تێی بقووچێنن. هەموو ئەم خەڵکە ماڵ و سامانی خۆیان بەجێ

هێشتووە. نازانن چیان بە سەر دێت دەست کێ دەکەون. وڵات کەسی تیادا نەماوە. هەموو بەڕێ کەوتوون و دەڵێن دەچین بۆ ئێران. لە باوەشی ئەم دوژمنەوە دەچن بۆ باوەشی ئەو دوژمن. ئەمە هەڵهاتن و ڕاکردن نەبێت ئەی چییە؟ ئەگەر ئەمە خۆبەدەستەوەدان و بەجێهێشتنی وڵات نەبێت، ئەی چییە؟ لە چواردەوری خۆتان بڕووانن. ئەو زەویە یەک پارچە کێڵراوە. مرۆڤ دەتوانێت بە هەزاران پێڵاوی بەجێماو بژمێرێت. درەختێک نەماوە دوو لق و پۆپی پێوە مابێت. ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئایا مرۆڤی سەیرانکار و گەشتکار و کەوەرجن، ئاوان؟

لچە ئەستووەرەکانی کابرای ڕەشتاڵە وەک برۆ گیفەکانی هاتبوونە پێشەوە و بە حەسرەتەوە بوو ڕێگای قسەکردنی پێ بدرێت:

- کاکە هینی چی ...

دیار بوو وشەی تارماییەکەی لە بیر چووبووەوە. بە دووای هاوکارییدا دەگەڕا و کەمێک لە ئەملاوئەولای ڕووانی:

- خێوی هەڵەبجەی چی؟ خێو و سێبەری چی، توخوا عەیب ناکەی؟ ئەم قسانە هی ناو کتێبن، کاکە. قسەی پیاوی زەرەرلێکەوتوو نین. من وڵاتم بۆ چییە نەتووانم نانێکی ڕەحەتی تیا بخۆم؟ نامەوێ، هەر شوێن زۆرە. ئەرێ کاکە، ئێران بۆ دوژمنمانە. سەیری ئەو هەموو سەمون و خێمە و بەتانیە. کاکە، ئەوانیش ئارین، وەکو من خوێنیان ئاریە، ئەی چۆن؟! ئەچم بۆ ئوروپا. ئەو کوڕەی ئامۆزام دوو ساڵ لە ئەمەوبەر بۆی نوسیبووین خانوو و سەیارە و پارەی بەلاش ئەیەن. ئەوروپیەکان ئینسانن و کوردی ئاریان خۆش ئەوێ. کاکە نووسیبووی، ئەها کچێکی لەگەڵایە باڵای دوو مەتر ئەبێ و ئا ئەمەش (هاتە سەر قن و هەر دوو باڵی خۆی بە تەواوی کردەوە) دەفەی شانیەتی، چاوی شین و قژی زەرد و ... (ڕووی لە ئاسمان کرد و لە چواردەوری خۆی ڕووانی) ... ئێ پارەکەش ئەیەن. ئەو کوڕەی ئامۆزام، درۆ ناکا، موسڵمانە، نوێژکەرە و لە خواترسە. بە خوا موسڵمانی دەرەجە یەکە، فوڵ مواسەفەتە.

پیاوە موزەردە ئارامەکە ئانیشکی دەستی ڕاستی خۆی خستبووە سەر ڕانی ڕاستیی و بە چوارمشقی لە سەر زەویەکە دانیشتبوو. بەری لەپی دەستی لە ژێر چەناگەی خۆی گیر کردبوو و بە هێمنی لە کابرای تووڕەی دەڕووانی:

- هاوڕێیان، من کچێک و برایەکم گیانیان بەخت کردووە. کوڕێکی بچکۆلەشم بە پارچە تۆپ قاچێکی سەقەت بووە. من زەرەر لێکەوتووم. ئەم وڵاتە تەنیا وڵاتی من و تۆ نییە. وڵاتی هەموو کوردێکە تا ئەو ڕۆژەی خۆر سارد دەبێتەوە. ئەو کەسەی ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵێت، وڵاتی تریش بەجێ دەهێڵێت. مرۆڤ نابێت داواکاریی لە سەر خاک هەبێت، دەبێت خزمەتی بکات. ئێمە هیچمان بۆ ئەم وڵاتە نەکردووە، خزمەتی خەڵک و خاک ناکەین. دوژمنەکانمان لە خۆمان زیاتر شەڕی لە سەر دەکەن. تۆ بۆ نایەیت وڵاتەکەی خۆت وەکو ئەوروپا خۆش بکەیت، برایان، ئەوان کێ بۆی خۆش کردوون؟

کابرای گرگنۆکە نەیدەتووانی وەڵام بداتەوە. دیار بوو خۆی لە زەرەرلێکەوتووەکان نەبوو و نەشیدەویست لە ئەو دووایییەدا زیانێک بدات. کابرای تەنیشتی، دەموچاو کونجاویە سمێڵ باریکەکە، هاتە ناو قسەکانەوە و بە دەمیدا هاتەوە:

- ئێ باشە کاکی خۆم، بە چی شەڕ کەین. نە پەشتمان هەیە و نە پەنا. بە خوا بە خوا ئەو ئەوروپا و ئەمەریکایە ڕزگارمان نەکەن کەس ڕزگارمان ناکا. کورە، نەک هەر بە ساقەی حاجی بوش، بە ساقەی دایکیشی بم. زیاتر لە سەر مەڕۆ، کوردی چی، برا ئێمە چیمان پێ ئەکرێ؟ خەڵک ژەمێ نان نەخۆن لە برسان ئەمرن

کابرای موزەرد خەریکی هەڵکێشانی پووزەوانەکەی بوو. وێنەکانیان هەروەک شریتی فیلمێک بن لە بەر چاوی فریشتە هێدی هێدی کاڵ دەبوونەوە و تەنیا گوێێ لە قسەکانیان بوو.

قسەی پڕ گومان و ناکۆک و پچڕپچڕ. قسەکان وەک لە ژوورێکی ترەوە بکرێن و بە دەم باوە بگوێزرێنەوە، بە گوێی فریشتە دەگەیشتن.

- ئێران و تورکیا چەکێک بە دەستمانەوە ناهێڵن. ئاوا بڕووات تەنانەت چەقۆی مەتبەخیشمان لێ دەکڕنەوە. شەڕی ئەم داگیرکارانە تەڕ و وشك ناناسێت. کورتەباڵا و کەڵەگەت و ئازا و نائازا ناناسێت. دارستانێکە و ئاگری تێ بەر بووە. هەموو دارەکان دەسووتێن. درەختی بچووک و گەورە، ساوا و قەڵەمە، تەنانەت درک و داڵ و پووش و کەرتەشی، هەموو دەسووتێن. دوژمنان دەیانەوێت دەریاکە وشک بکەن. هەر ماسیە گەورەکان نامرن، هەر ماسیە بچکۆلەکان نامرن. کیسەڵ و مارماسی و بۆق و تەنانەت سەرەمێکوتەکانیش پێوە دەبن. هەموو شتێکی ناو ئەم دەریایە دەمرێت. جۆری ڕەنگ و شێوە و هۆز و هێلانە یەک پوول ناهێنن. دەریا وشک دەبێت و هیچی تیادا نامێنێت. هاوڕێ شیرینەکانم، دڕەماسی و هەموشتخۆرەکان ڕەنگە لە پێش هەموو ئەوەکانی تر‌ەوە بمرن، ڕەنگە دەیان جۆری ماسی و گیانداری ئاوی تریان لە ورگدا بێت، بەڵام هەر دەمرن و وشکەوەبوونەکە ئەوانیش دەگرێتەوە. تۆڕی ڕاوچیەکان هێندە وردن کە سەرەمێکوتەکانیش پیایدا تێپەڕ نابن. بە تەمای کەس مەبن، دەنا سەدان جاری تریش دەدۆڕێین.

بەس لە چاوەڕوانیی دەراوسێکانتاندا قۆڕە قۆڕی ورگی خۆتان بژمێرن، برالەکانم....

قسەکانی کابرای موزەرد هەر بەردەوام بوون و دەتگوت نووسراوەی سەر کاخەزێکن و دەخوێندرێنەوە. تا دەهات دوورتر دەهاتنە گوێی فریشتە و دوورتر و دوورتر دەکەوتنەوە و لە ورتەورتێکی ڕووت زیاتر لە هیچی تر نە دەچوون.

”هەی هاوار! باوەڕ بە فریشتە ڕاستەکە ناکەن و گوێ لە فریشتە ساختەکە دەگرن.“

کاتێک ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە لەبەر دەرگا کەمێک ڕاوەستان و فریشتە هەندێک لە چواردەوری خۆی و سەر تەپۆلکەکەی ڕووانی. تەپۆلکەکە چۆڵ بوو. خەڵکەکە پێکەوە هەڵسابوون و خۆیان وتەنی ڕووەو ’ئەو دیو‘ ملیان نابوو. بە قووڵیی ڕووانیە ئاسمان.

ئاسمانێکی بۆرهەڵگەڕاو، تۆپەڵە هەوری گەورە گەورە لە ئەملاوئەولاوە پاڵیان لێ دابووەوە. کزەیەکی کەمێک سارد، خۆرێکی دووری کز و بێتاقەت. چەند باڵندەیەکی بەرزفڕی خولخواردوو کە زیاتر وا دەردەکەوتن وێڵ بن و هێلانەیان لێ شێوا بێت. هیچی تر و هیچی تر.

کەویار لە بەردەرگا کەمێک لەگەڵی ڕاوەستا و هەندێک قسەی تریان پێکەوە کرد. دووایی بە خولقێکی زۆری ماڵی زووڵەیخا لەگەڵیان چووە ژوورەوە. هەروەک هەموو جارێکی تر بە خۆشیی و بە دەم قسە و باس و ڕاز و نیازەوە خواردن ئامادە کرا و بە چواردەوری سفرەدا ڕێزیان بەست. هەرچەندە فریشتە لە ماڵێکی ڕێک و پێک و میوانپەروەردا بوو، کەویاری هەبوو، خێزانی پووردەئەڵماس بە تەنگیەوە هاتبووون و نابەدڵیان نەکرد بوو، هێشتا بۆشاییەکی گەورە کەوتبووە ناو دەروونیی و هێندەی دەمە تەندوورێک هەوای ساردی بە ناخییدا دەکرد. بۆشاییەک کە هەستێکی تەنیایی و ڕەنجاوێی لە ناخییدا پەپکەی دەخوارد و خۆی لوول دە دا و ئەمیشی بە خۆیەوە گرمۆڵە دەکرد.

ئەو کاتانەی خۆی بە ڕێبوارێکی وێڵ دەزانی، بە تاک و تەنیا بە لای هەواری گەرم و پڕ قریوە و هەڵادا دەڕۆیشت و لە زەردەخەنەوە و پێکەنینی خەڵکان وردە دەبووەوە و سەرنجی پێوەندیی نێوانیان و ژیانیانی دەدا. ئەم، پاساریەکی لە پۆل بەجێماو، هەناسەسوارێکی زۆر ڕۆیشتووی ماندوو، بێهیوایەکی دڵ پڕ گومان، گرینگ نەبوو بەرەو کوێ بڕووات و بگات بە کوێ. بۆ هەر شوێنێک بڕۆیشتایە هەر خۆی بوو بەس. بەرەو هەر شوێنێک ڕێی بکوتایە گرینگ نەبوو. نە کەس چاوەڕووانی بوو و نە چاوەڕووانی کەسی دەکرد.

لە ئەو ساتەوەختەوە کە خۆی بە سەر ستارەکەدا دابوو و لەگەل پووڕەهەنار دەدووا تا هەرە دووا ساتەکانی ئەم ئێوارەیە کە پیاوە موزەردە ناوچاوان پانەکە بە هێمنی وشەکانی دڵی خۆیی دەهێنایە سەر لێوی و ئینجا بە ئەسپایی هەروەک بێچووە پاساریی تازەفڕ بن، بە نەرمییەوە بەرەڵای دەکردن، وەک شریتی فیلمێک لە مێشکیدا دەهات و دەچوو.

زۆر جار شریتەکەی بەرچاوی بە خێرایییەکی بڕووا پێ نەکرا و هەڵ دەکردەوە و تامەزرۆی دووبارەبیینەوەی هەندێک لە ڕووداوەکان بوو. ئەو ڕووداوانەی تەنیا لە دڵی ئەمدا دەژیان و بەس. نەکەوتبوونە سەر هیچ پەڕە و کاسێتێک. ئەو ڕووداوانەی کە بە تەنیا لە مێشکی ئەمدا هێلانەیان کردبوو.

بە دووبارە وەبیرهاتنەوەی کچە گەنجە دڵ لە مستەکان زەردەخەنەیەکی شیرینی لە سەر لێوی دەپشکوت و لە هەمانکاتیشدا چاوەکانی لە فرمێسک دەزاند. ئەو کچە گەنجانەی بە توێی کراسێک و پانتۆڵێک، یان کراسێک و تەنووریەک، هێندە تەڕبووبوون هیچ لە بەدەنیان نەدەشاردرایەوە. ئاو بە هەموو گیانیاندا دەهاتە خوارێ و شەقشەقەئاسا دەلەرزین. هەوای کچێنی و خۆدەرخستن، خۆشایی سەرنجڕاکێشان و کەمەرشکاندن و کورکێشکردن نەیهێشتبوو بیر لە هەندێک گەرمایی، لە چەند پارچەیەک جلکوبەرگی تووندوتۆڵ و پۆشتە بکەنەوە، پاڵتۆیەکی بارانە، یان هیچ نەبێت قەمسەڵەیەکی باگر. چێژی ئاوەڕدانەوەی کوڕان و نیگای لاوێک بە توێی کراسێکی تەنک وسپی و کەمەرپۆشێک، ملی ڕێگای پێ لەبەر نابوون.

ئێستا لە ناوەڕاست و بە بەر چاوی ئەو حەشاماتە زەبەلاحەوە لە سەرمان و لە تەڕبیداهەڵ دەلەرزین و بە سەما کەوتبوون. سەمایەکی بێ لەزەتی بێ خرۆش، سەمایەکی گاڵتەجاڕی ترسێنەر.

پێی بچکۆلە و ناسکی کچانی تازەپێگەیشتوو کە لە ڕۆژانی ئاسایی و سادەدا بە نەرمییەوە لووت لە زەوی دەدەن و دووبارە بە نەرمییەوە بەرز دەبنەوە. ئێستا لە دەرەوەی هەموو ئەو سنوورانەدا کرابوون بە سوپەر و بە تونديی دەخرانە سەر هەموو جۆرە بەردێک و لە

ناو ئاوی سارد و قوڕاو و چڵپاو و زیخ و وردەبەرد و گەورەبەرد و تیژەبەردا، دەهاتن و دەچوون.

لە قوولەپێش بەرەو ژوور، پێستێکی بە باران سووتاو، کەمێک ئەسمەر و بە سەرما ڕەشهەڵگەڕاو، لە ژێر کراسی تەنکەوە دەبینرا، بەڵام بێ خولق و بێ جۆش، هەروەک خوداوەندی باران غەزەبی لێ گرتبن.

هەموو لە سەرمادا کوڕماو، پەنجەیان نەجووڵاو و چووەوەیەک.

وەبیرهاتنەوەی ئەم دیمەنە، باسی کراسی سپی و کۆبەنگی ڕەنگی سپی، تەنانەت دەیخستە پێکەنینیش. ئەو سااڵەی بیر دەهاتەوە چووبوون بۆ بەغدا بۆ شاری یاری. پاش گەڕان و ئەملاوئەولا کردن لە پڕ نەسرین بە هەڵەداوان تێی خوڕیبوون ڕا بکەن بۆ لای با شتێکیان نیشان بدات. ئەمانیش چووبوون و ڕووانیبوویان پیاوێکی جزداشە لە بەر لە ژێر ڕۆشنایی گڵۆپێکدا ڕاوەستاوە و لە ئەم دیوەوە گەڵوگونی دیارە. بێ ئەوەی بزانێت کێ لێی دەڕووانێت و چی خستووەتە بەردەم خەڵک، بێ پەروا لنگی لێ بڵاو کردبۆوە. نەسرینیش دەستی لە سەر دەمی تا پێکەنینەکەی کەشفیان نەکات بە کچەکان دەڵێت "کچێ، ئێمە لە بەیانیەوە پارەی چی بە خەسار دەدەین؟ خۆزگە دەمانتووانی ئەو گڵۆپە زووزوو دابگیرسێنین و بکوژێنینەوە".

پێکەنینی دڵی گووشراو زوو دەڕەوێتەوە. ئێستا کەس نەیدەزانی ئەو کچانە لە کوێن. چەند ئازاد مێردیانە و کامیان لە ژێر قامچی چارەنووسدا هیوا بە هەڵمژینی دووا هەناسە دەخوازن. چەندیان لە ئەم کۆڕەوە گەورە و گرانەدا بە تەنیا، وەکو بیچمێکی نەبینراو و نادیار بێت، لە نێوان سێبەرەکانەوە ڕووە و هیچ شوێنێک مل دەنێت. وڵات وەک کونی سەربانی دارماوی خانووەگڵێک لە ژێر ئاوی نەفرەتدا بوو. وڵات بەرخێکی ناسک بوو لە شەوەزەنگی ژیاندا کەوتبووە بەردەستی ڕەوە کەمتیارێک. ئەم کەوتبووە سووچێکی دوورە دەستی تەنیایی و ڕووبەڕووی جیهانێکی گەورەی بڕیار دان وەستا بوو. ڕۆشنایی لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو بتووانێت ڕووی تێ بکات.

ئەو شەوە لە ناو جێگاکەی خۆیدا هەر تلیی دەدا و خۆی لە سەر بارێک ڕا نەدەگرت. نائارامیەکی قورس باڵی بە سەر هەموو ژیانیدا کێشا بوو. هەستی دەکرد کەفتێکی سەر دەریایە و خاوەنی هیچ بڕیارێک نییە. تەنها دڵخۆشییەک هەیبوو ئەوە بوو کە وا بڕیارە بە ئەم زووانە بێنەوە بە شوێنیدا. ئەمڕۆ بێت یان سبەی، دەڕووات و ڕێگا دەگرێتە بەر. دەبێت کەویاریش بەجێ بهێڵێت و مانۆاوایی لێ بکات. مانۆاوایی لە کەویار. نەیدەزانی چۆن وا هۆگری بووە. چەند ڕۆق لە مانۆاوایی دەبووەوە! مانۆاوایی و مانۆاوایی و مانۆاوایی. ژیانی پڕ بوو لە وشەی زبر و تێژی دڵبڕ.

ئایا بە هۆی تەنیاییەکەیەوە بوو وا هۆگری کەویار بووبوو یان هەستی بەرپرسیاری بوو، دەیویست ببێت بە دایکێک بۆ کەویار یان کەفارەتی فریشتەبچکۆلەی دەدایەوە؟ یان کەویار تووانایەکی سرووشتیی هەیە و ئەمی بە ئەفسوونی خۆی زەوت و پابەند کردووە؟

قوونپەی گریانێکی قوونڵ لە جێگاکەیدا دەیهێنا و دەیبرد. هەروەک گریانەکە دەستی هەبێت و لە قورگی گیر کردبێت، خەریک بوو دەی تاساند. قورساییەکی لە تووانای ئەو بەدەر لە سەر سینگی بوو. فرمێسک بە خورِ بە هەمان شێوەی ڕێژنەبارانەکەی عەرەبەت بە چاویدا دەهاتنە خوار و بەرەو لای ملی دادەچۆڕان. توند لێفەکەی لە خۆیەوە ئاڵاند و بە دەم گریان و خۆڕاژەنینی بێشکەییەوە، خەوی لێ کەوت.

تەقەی لێدان لە دەرگای ژوورەکەی بە داچڵەکانەوە لە خەوی کرد و لە هەناسەیەکدا هاتە سەر قن.

جارێکی تریش لە دەرگا درایەوە. ئەم جارەیان سووکتر.

لە ئەو دۆخە خەوانووەدا، زانی منداڵێکە لە دەرگاکەی دەدا. دەنگی لێدانەکە لە نیوەی خوارەوەی دەرگاکە بەرز دەبووەوە. وا بوو. هەر پاش چەند هەناسەیەک دەنگی منداڵێک بەرز بووەوە:

- پوورەفریشتە هەستە، دایکم ئەڵێ هەتاوە.

بە سوعبەتەوە وەڵامی دایەوە:

- هەتاوە یان دایکت دەڵێت هەتاوە؟

- ناوەڵا، دایکم ڕاست دەکات، هەتاوە.

فریشتە بە دەم پێکەنینەوە داوای لێکرد بێتە ژوورەوە. پێی خۆش بوو سەروچاوی منداڵەکە ببینێت، بەڵام دیار بوو چەند هەنگاوێکی بچکۆلە لە دەرگاکە دوور کەوتبووەوە.

- نایەم، ئەچین شت ئەدۆزینەوە. خەڵک ... (لە ئەم کاتەدا وەستابوو بۆ ئەوەی قسەکانی تەواو بکات)... خەڵک زۆر شتیان فڕێ یاوە.

- ڕۆڵە ڕەنگە شتی پیس بن.

منداڵەکە گەڕایەوە بۆ لای دەرگاکە و لە درزێکی بچکۆلە ئەوە لە ژوورەکەی دەڕووانی:

- نا پیس نیین. بۆ پیسن؟

لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو:

- تۆ هیچت لێ کەوتووە بۆت بدۆزمەوە؟

هەردوولا کەمێک بێ دەنگ مان. ئەو پرسیارە تێخووڕینێکی بە زەبر بوو و فریشتەی هەژاند. دەنگی پرسیاری منداڵەکە پڕ بوو لە دڵنیایی و ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی لە فریشتە بوو. دەتگوت سوور دەزانێت فریشتە شتێکی لێ کەوتووە.

- نا، سوپاس.

هەر ئەوەندە لە ژێر لێوی فریشتەوە هاتە دەر.

منداڵەکەش دەستێکی نەرمی بە دەرگاکەدا هێنا و ڕووی خۆیی وەر گێڕا و بە هەنگاوی پەلە ڕووەو دەرەوە ڕۆیشت.

ڕاوەستان لە ژوورێکی چۆڵدا ڕووبەری بۆ دڵ وەک سەحرایەک بۆ جانجاڵۆکەیەک بێکۆتایی بێت و مەنگ و پڕ نهێنیی وەک کشان و بە قوواڵییچوونی دەریاکان و تاریک و نووتەک وەک ئێوارەوەختەی پایزێکی درەنگی کوردستان ... ڕاوەستان لە ژوورێکی وادا، لە دڵێکی وادا، بەرامبەر بە خود، بەرامبەر بە دەستە و دائیرەی دادگای مێشک، بەرامبەر شەیتانی شاخداری دەستی ئەملا، بەرامبەر نووزەنووز و منجەمنجی فریشتەی دەستی ئەولا، مرۆڤ بە گاشەبەردی وردوخاشبووندا دەدات.

خۆبینین لە ئاوێنەیەکی بچووکی درزبردوودا، لە خۆڕووانین لە نیگای ئاوێنەیەکی درۆپێنەکراودا، مرۆڤ دەخاتە ناو تەرازووی بێمیهرپی مرۆڤایەتییەوە و خۆی بە کێشراوی دەبینێت.

قژێکی تەڵخی بێ ژیان، توند داهێنراو و لە پشتەملدا توند شەتەکدراو، دوو چاوی ماندوو و لێل و کەمێک سوور هەڵگەڕاو، پێڵووی چاو هەروەک کاژی ماڕێک کە ئەمڕۆ نا سبەینێ دابمالڕێت، ناوچاوان چووەوەیەک، گرژ و تەند و خەتدار، ڕوومەت و گۆنا زەردێکی ڕەشهەڵگەڕاو، دەموڵێو وشک و تاڵ، دوو گوێی کپ و گران، زمانێکی قورس و پەڵاس ئاسایی.

لەشێکی داهێزراوی ئێسک تێکشکاو.

سەرێکی پڕ گومانی نادڵنیا.

پێش ئەوەی بە ئازاد بگات دەکەوتە خەیاڵی ئاڵووڵاوە و پێی وابوو جووت بوونی جەستەیی هەڵکشانێکی بێکۆتاییە بەرەو قوواڵیی گەردوون و هاوکات بەربوونەوەیەکی بێ ئامانە وەکو ئەو ساتەوەختەی ئەستێرەیەکی کشاو هەست بە قورسایی و ساربوونەوەی بچووکترین لە ئەتۆمەکانی دەکات.

هەموو جارێک کە بە دەنگی دایکی یان شتێکی تر لە ئەو خەیاڵە خۆشەی ڕادەپەڕی بە پەلە دەستی خۆیی لە ژێر کراسەکەیەوە و لە ناو دەرپێکەیدا ڕادەپسکاند. گورج دەچووە سەرپێی و بە هەڵەداوان کراسەکەیی چاک دەکرد و هەروەک خۆی لە شتێک بتەکێنێت

یەک دوو لەپی دەستی بە خێرایی بە سەر سکی خۆیدا دەهێنا. ئینجا هەروەک نزایەکی کردبێت و هێمای گیرابوون بکات دوو سێ جار بە هەر دوو لەپی دەستی بە هێمنی دەموچاوی خۆیی هەڵ دەگۆڤی و ڕووەو دەنگەکە هەنگاوی دەنا.

وای دەزانی هەموو دونیا لێی ڕووانیووە.

هیواخواز بوو هەر لە ناو ئەو خەونەدا بتوایەتەوە. هەموو جارێکیش دووای ئەوە هەر بە تاسەوە دەیڕووانیە مانگی ئازاد و یەک دوو جار سەرەتاتکێی دەکرد بەشکم لە دوورەوە ببینێت. هەموو جارێکیش ڕەشەبایەک لە نائومێدییەکی تەنک بەری چاوی دەگرت و نەیدەزانی تامی لێکجووتبوون و سێکس وەک ئەو خەون و خەیاڵانەیە، خۆشترە یان چۆنە.

کاتی بێ لایەن هێدی هێدی بە سەر چوون و ڕاستیەکان دەرکەوتن. خەونەکان لە وێنە فۆتۆگرافە ڕەشوسپیەکانی سەردەمی منداڵیی دەکرد کە ئێستا لچی لێ هەڵ دەقورچاندن و گاڵتەی پێیان دەهات. بە ئەو هەموو بەڵێنەوە ئازاد هەر ئەوەندەی پێ کرا خورووبەک لە ناو ناخیدا ببزووێنێت. خوروەکە لە ناو ناخیدا پەپکەی دەخوارد و هەرگیز نەدەشکا.

هەر جارێک ئازاد دەهاتە لای، پاش کەمێک، پاش یەک دوو تەکانی بێ تام، زۆر پێش ئەوەی ئەم بە ئاستەمیش گەرم دابێت، ئەو بە لادا دەکەوت و دەستی هەڵ دەگرت. گرێکی لە ناو خۆیدا دەکوژاندەوە و یەکێکی کە ناو ئەمدا هەڵ دەکرد. هەرگیز نەیتووانی ڕووخساری هێشتا تینوو و چاوی پڕ ئەڤینی بخوێنێتەوە. نەیدەزانی حەزێکیش لە ناو ئەمدا لە خولیای هاتنەدیدایە ... نەیدەزانی یان ...

بەڵێنەکان لە سەر زاری فریشتە چێژی یادی کاڵەکێکی بۆنخۆشی شیرینیان لە زستاندا دەدا.

ئەگەر دایە حەوا بە بۆنی کاڵەک ئاشنا بووایە، ڕەنگە هەرگیز ...

لە پڕ هاتەوە بۆ ناو جیهانی ڕاستی. خۆی لە ناو ژوورەکەدا بینیەوە. دووبارە لە ناو ئاوێنە درزبردووە بچکۆلەکەدا تەماشای خۆیی کردەوە، نە کەم و نە زۆر، هیچ تواجی نەدا. خاولیەکی بچکۆلەی هەڵگرت و چووە دەرەوە.

دەیانویست هەر ’خۆیان‘ بگەن بە ’ئەو دیو‘.

١٩٩١/٤/١٣، شەممە.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆش بوو. نەک هەر لە بەر ئەوەی هەتاوێکی تا ڕادەیەک گەرم و ئاسمانێکی ساماڵ و دەشت و دەرێکی هێمنی ئارامی بێ با بوو، بەڵکو وەک ڕووخساری خەڵکەکان، چۆنیەتی جووڵە و هەڵسوکەوتیان، ڕەوتی هەنگاو و بریسکەی چاویان، قسە و باس و خواستیان.

هەموو، زۆر یان کەم، لە بنەوە قەتماخەیەکی گەشبینیی لە ناخیاندا دەیبەست، بەڵام هەواڵەکان خۆش نەبوون، هەواڵەکان تا بڵێی جەرگبڕ و تاسێنەر بوون. لە مردنی کۆرپەی ساواوە بە بەرزبوونەوەی پەیژەی تەمەندا بۆ منداڵ و دەستەلاو و گەنج و جەوان و جاحێڵ و ناوەنجی و بەتەمەن و چووەسااڵ، تا پیر و ئەولا تریش، مەرگ هەموویانی گرتبووەوە. مەرگ بە هەموویان گەیشتبوو.

نێر و مێ، هەژار و زەنگین، بێ ئەڤین و ئەڤیندار، نیشتیمانیی و نانیشتیمانیی، ساخ و نەخۆش و تاد.

مەرگ بە هەرچییەک گەیشتبوو گەزیبووی و پڕی کردبوو لە ژەهری خۆی.

شێوازەکانی مەرگ لە ئەو جۆرانە نەبوون کە ئەگەر تەنانەت بە هەستێکی بروسکەیی ناو مۆخیشدا بێت، هەروەک لە نەبوونەوە بە گوێدا بچرپێنن، هەواڵی ماڵئاوایی گەیەندرابێت. مرۆڤ بە دەستێک مشوری خواردبێت و بە دەستێکی تریش چاوەڕووانی مەرگ بوو بێت لە دەرگا بدات. نا!

لە ئەو جۆرە مەرگانەش نا کە لە سەر بەرماڵ و ڕووەو قیبلە، یان لە پێخەفی وشک و کۆمەڵێک باخەڵی گەرم و بە سۆزدا، یان لە نەخۆشخانەیەکی پڕ سستەری جوانکیلە و دکتۆری خۆشقسەدا، بە دۆڵابی پڕ شەربەتی پرتەقاڵ و بسکویتی کەرەوە، مەرگ، ئەگەر

بە داری زۆرێش بوو بێت، دووا ڕووخسەتی وەرگرتبێت و زریکەی لە خوشک و برا و باوک و دایک و کەسوکار هەڵساندبێت. نا!

لە ئەم کۆڕەوەدا مەرگ بووبوو بە خەزان و خۆی کوتاندبووە ناو دڵی بەهارەوە.

کۆڕەوەکە خۆی لە مەرگ دەچوو. شێوەی مرۆڤەکان و شێوەی یەکتر بانگکرد و ڕاکەڕاک و هات و هاوار و لەیەک دابڕان، درۆ و دەلەسە و بەخیلی و ئێرەیی، هەموو لە مەرگیان دەکرد.

گەڵارێزانێک کە لە باخێکی پەژموردەی ناو پاییزیشدا نەبینرێت. خەزانی بەهار. خەزانی دڵی گۆنەکردوو، دڵێک کە هەرگیز نەیدەتووانی بێتە گۆ. خەزانێک کە گەڵای پڕ ڕەنگی پان و پۆڕ و باش خەملاو پێشبڕکێی کەوتنەخوارەوە ڕووەو مەزاری سەر زەوی لە یەک دەکەن.

مەرگ بووبوو بە پیرهەڤۆکێکی قۆڕیتانی زیکن و ماخۆلان و جرجۆڵە. سەری بە هەموو کون و قوژبنێکدا دەکرد. بە دەم ڕێگاوە، بە سەر بارەوە، لە گەوزان و نوقمبوون لە قوڕاو و چڵپاوەدا، لە ماندوویەتیی و پێ بە دووانەهاتندا، لە نەخۆشیی و ناسازیی و بێتیماربیدا، لە کاتی کۆکردنەوەی چیلکە و پووش و پەڵاشدا، لە گەرمەی هاریکاریی و گرتنی دەستی لێقەوماواندا، لە ناوەڕاستی دڵخۆشییدانەوە و بەسەرکردنەوەی هاومرۆڤێکدا، لە خۆشایی دووانەدا نێوان دایکێک و منداڵێکی ژیکەڵەی وەرسدا، دەهات و وەک زەردەزیرەیەکی گرگنی تووتکنی قاچ و دەستهەڵکردووی زووڕەزووڕکاردا چزووی ژەهراویی و بە ئازاری خۆی لە گیانی خاوێنی مرۆڤێک هەڵ دەجەقاند و دڵەتەپێیەک و دووان و سیان و خامۆشیی. فووی لە چرای بەر با و زریان و شەختە دەکرد. چرای ناو جیهانێکی بۆ دووا جار دەکوژاندەوە.

مەرگێکی بێ ڕوومەت و بێ ویژدان و بێ نەزاکەت. زۆر پیرەژن و زۆر کۆڵکەفەق و مەلا، زۆر زرەشێخ و تەنانەت شێخی ئەسڵیش، کەوتبوونە ئەو باوەڕەی کە دەبێت لە ئیزرائیلێک زیاتر هەبێت. بێگومان دەبێت لە ئیزرائیێک زیاتر هەبێت. تا بیریان لێ دەکردەوە و

ڕاستیەکانیان بە چاوی خۆیا دەبینی و زیاتر پێیان لە سەر بەئەژماردیی ئیزرائیلەکان دادەگرت.

بە چاوی خۆیان دەبینی کە مرۆڤ، پێکەوە و دووبوو سێ سێ و چوارچوار دەمردن. مرۆڤ لە ئێرە و لە ئەوێ، لە بەردەمیاندا و لە پشتیانەوە، پێکەوە بە زەویدا دەکەوتن و هەڵ نەدەستانەوە. ... ئە کاری یەک ئیزرائیل و دووان و سیان نەبوو. تۆ بڵێی لە ڕۆژی وادا، یان ڕاستتر لە ڕۆژگاری وادا، ئیزرائیل شاگرد بە کۆنتراکت بگرن؟! تۆ بڵێی شتی وا هەبێت؟ تۆ بڵێی سوچی ئەو شاگردانە بێت کە مەرگەکان لە کاتی وا ناوەخت و نابەجێ و ناقۆڵا و نالەباردا دەهاتن؟!

تۆ بڵێی هی ئەوە بێت کە هەندێکیان نەشارەزایانە و نەکردانە لە بێ ئەزموونیی خۆیان حیزفرسەتانە دەستی خۆیان وەشاندبێت، یان بە هەڵە بێ ئەوەی لە لیستە ئاسمانیەکان بڕووانن و ناوی ئەوانە بە تەواوی بخوێننەوە کە دووارۆژیان هاتووە؟! تۆ بڵێی شاگردی نەخوێندەواریان تیادا بووبێت و تۆفیقی کردبێت بە حەمە و ئامانجی کردبێت بە ڕزگار و گوڵزاری کردبێت بە ئەسرین؟!

تۆ بڵێی بەچکەشەیتانۆکەی بچکۆلەبچکۆلەی سوورفل سوورفل خۆیان نەخستبێتە ناو کۆڕی شاگردەکانی ئیزرائیلە ئەوە و بە ئارەزووی خۆیان مرۆڤەباشەکان و دڵگەشەکانیان نەکوشتبێت؟!

ئەو پرسیارانە، بەتایبەتیی ئەوانەی کە شەیتانۆکە سورفلەکانیان بەرجەستە دەکرد، وایان لە شێخی بیست تەریقەتی دەکرد لە جیاتی شاڵی سەوز و جامانەی سوور، کراسی کڕنەکی ژنان، گوریسی ڕەشماڵ شەتەک دان ببەستێت ... هەرچیەک ببەستێت با ببەستێت هەر ئەوەندەی بەچکەشەیتانۆکەی سوور سوور زەفەری پێ نەبەن و نەیدۆزنەوە.

مەرگ بە ئوتومبێل، بە گوللە، بە مین، بە پارچەتۆپ، بە لافاو، بە باران، بە سەرما، بە سووتا، بە نەخۆشی، بە ترس، بە زراوچوون ... تەنانەت بە هەستی کەمنرخیی و خۆونکردن و ... و دەهات. مەرگ بووبوو بە جۆری چایی، بە جۆری خۆراک، بە کاڵیی و بە کوڵایی و بە برژاویی و بە چی و بە چی دەهاتە سەر مێزی ژیان.

مەرگێکی ئێسکگرانی بۆرەکەوبی.

دەبێت چەند کەس لە قوواڵایی دارستانە مینرێژکراوەکاندا مینێک لە ژێر پێیاندا تەقیبێتەوە؟ چەند کەسیان مردوون و چەندیان بە دەم ئازار و ناڵەوە بە تەنیا مردوون بێ ئەوەی هاواریان بە کەس بگات؟

کەسێکی وا دەبێت چەند ڕۆژ بە دووای خۆیدا نیوەجەستەکەیی و دەزووڵەخوێنی خۆیی ڕاکێشا بێت؟

ئەمانە هەموو هەواڵی ناخۆش و گرا بوون. هەواڵی پڕ خەفەت و گرێ بوون.

هەواڵی ونبوون، لەیەک دابڕان، یەکبەجێهێشتن، یەکترڕاونان و لەیەک نەپرسین و شتی لە ئەو بابەتانەش زووزوو خۆیان بە باسەکاندا دەکرد و گوێی ناحەزی خۆیانیان لە ناو ئامادەبووواندا قوت دەکردەوە.

هەندێک لە ئەو هەواڵانە زۆر جەرگبڕ بوون، زۆر زیاتر لە هەواڵی مەرگەکان، زۆر لە ئەو هەواڵانە وەک فیشەکێکی کوڵ و خرپنی تاپڕێک، بە کاوەخۆ بەڵام بە نهیم خۆیان بە ناو جەستەی گوێگردا دەکرد و ناخیان لە هەرە ناوەوە دەسمی.

یان هەر لە دووڕەوە بە سەدان وردە ساچمەی خڕخڕیان لێ دەبووەوە و لەشیان دەکرد بە بێژنگ.

ئەو جۆرە هەواڵانە پێش هەر شتێک هەستی مرۆڤیان دەشکاند، بە جووتێک گوێی زل و قوتی کەروێشکیەوە دەکەوتنە گیانی ویژدان و پێیان ڕادەبووارد. چڕنووکیان لە گیان دەگرت و پارچە پارچە گۆشتی وردیان لێ دەکردەوە. مرۆڤیان وا دەشکاند نرخی لە نرخی تووڕێکی قوڕاویی بەجێماوی ناو بێستانێک کەمتر بێت، بە شێوەیەک خۆی هەستی پێ بکات تا کەوتوویی خۆی بە چاوی خۆی ببینێت... ببینێت چەند بێ نرخ و بێ بەهایە. ببینێت مرۆڤایەتیی چۆن لە چاوتروکاندنێکدا دەبێت بە یەکانەیەکی زۆرخۆریی دڕاوی خۆپیسکردووی قنڕیخن و هەر بیر لە زیانی دەوروبەری و لە ورگی خۆی دەکاتەوە.

هەرگیز بینیووتانە چۆن دایکێکی بیماری ماندووی ترساو لە قوڕ و چڵکاوێکدا لە کوڕە گەورەی خۆی بپارێتەوە تا بەجێبهێڵێت، کوڕەش پاش یەک دوو ئاوەڕی پڕ کینە و تۆ نەگەیشتن کە چۆن ئەو مرۆڤە بڕنەکردووەی کە بە دایکی دادەنرێت ناتوانێت ببزوێت. هەنگاوەکانی خۆی توندتر دەکات و هێدی هێدی دەنگی ئەو مرۆڤە بە گازەندەیە، لە گوێی دوور دەکەوێتەوە و لە دووای خۆی جێی دەهێڵێت. ئایا هەرگیز بینیووتانە؟!

هەرگیز بینیووتانە برا نووکەشەق خۆبەپیاوزانی خۆی لە کەشکەئەژنۆی خوشکی خۆی بسرەوێنێت و لە ناوەڕاستی حەشاماتێکی چاو لە پشت سەردا تێی بخوڕێت و تاوانباری بکات کە چاوبڕکێ دەکات؟

هەرگیز بینیووتانە کە باوک لە منداڵەساواکەی باوەشی زوێر ببێت و لە ناخی خۆیدا، لە هەرە قووڵایی ڕەگی هەستونەستییدا، خوازیاری ئەوە بێت کە هەرگیز منداڵی نەبووایە؟

خوازیاری ئەوە بێت کە سەڵت و ڕەبەند بووایە و ئێستا وەک ئاسکێک بە دوو قەڵەمباز بگەشتایە بە ئەو دیو.

بینیووتانە پیاو رق بێزاریی لە ژنەکەی بێت و خۆزگەی بە نەبوونیی خواستبێت؟

بینیووتانە چۆن ژنێک لەگەڵ هەموو پیاوێکی بەهێز و بەخۆوە نزای مردنی لە مێردە بێتاوانەکەی خۆی کردبێت و خێسەی ناحەزیی و مەرگی بۆ ڕەوانە کردبێت؟

بیر بکەنەوە مرۆڤ چۆن دەتوانێت ببێت بە گورگ.

لە خەزانی ئەو بەهارەدا مرۆڤ دەبوو بە ئاگر، مرۆڤ دەبوو بە زەروو، مرۆڤ دەبوو بە زەردەزیڕەیەکی تووکنی سەرخڕی چاودەرپۆقیو و هەر لە خۆوە دەی دا بە ئەوەی تەنیشتیەوە.

مرۆڤەکان هەموو بووبوون بە زەردەزیڕەی تووکنی سەرخڕی چاودەرپۆقیو.

کاتێک لە یەکیان دەڕوانیی و سەیری یەکیان دەکرد تەنیا و تەنیا هەر زەردەزیڕەی تووکنی سەرخڕی چاودەرپێقیویان دەبینی و هیچی تر.

هەموو مرۆڤێک بە ئەو شێوەیە خۆی لە ئەوەکەی تردا دەبینی و حەزی لێ نەدەکرد، لە بەرئەوە بە گژ یەکدا دەچوون.

لە ڕاستییدا کە بە گژ یەکدا دەچوون، بەگژ خۆیاندا دەچوون، چونکە خۆیان لە یەکتریدا دەبینیەوە. تا بڵێی ڕقیان لە خۆیان بوو. هەر ئەوە بوو کاتێک وێنە و قەڵافەتەکەی خۆیان لە یەکتردا دەبینی لە دڵەوە دەیانخواست سەری دەربهێنن و بە ئەو ناوەدا بەکێشی بکەن. هەر یەکە و بووبوو بە ئاوێنەی ئەوی تر.

هەموو تەڕ، ماندوو، پەرتەوازە و بێ پارە و بێ وڵات بوون، بێ سەروشوێن و بێ ئاییدنە بوون، بە دووای دار و چیلکە و چی و چیدا دەگەڕان.

هەموو هەر هەمان زەردەزیڕەی تووکنی سەرخڕی چاودەرێقیو بوون لە بەر ئەوەش زووزوو یەکتریان دادەگرتەوە. تا کەمتر باشتر. دەیانویست درەختەکان، ئاگرەکان، نانەتەڕە خووساوەکان هەر بۆ خۆیان بێت.

دەیانویست هەر 'خۆیان' بگەن بە 'ئەو دیو'.

خوداوەندێک لە سەرەوە و شاشەیتانێک لە بن گڵەوە بە جووتە بڕیاریان دابوو بە چەند ڕۆژێک دووبارە کورد بە هەموو مێژووی خۆیدا ببەنەوە و بە نەفرەتی بکەن.

هەرە ئاقڵەکەیان هەر هێندە ئەقڵی بڕی دەکرد بڵێت: خوا خراپتر نەدات!

ڕەنگە خراپتریش هەبێت!

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خودێ دەیزانی هێشتا هەر هێندە زەحمەتی فڕێ داوەتە سەر شانی بەندە شاخ و کلک لێپەیدابووەکان کە لە عەوەی بێن.

دەبێت هێندەی تیادا بهێڵێتەوە بۆ بینینی دووا پەلەقاژە.

"خودا خراپتر نەدات!".

ڕەنگە خراپتریش هەبێت!

دڵم خەبەری داوە کە نابم. تۆ بڕووات بە خەبەری دڵ هەیە؟!

لە ئەو ڕۆژانەدا کوردستان، ئەو پارچە زەویە خودانەفرەتلێکردووەی ئەمان بە پەنجەی ڕێکەوت لە سەری گیرسابوونەوە و لە سەری دەژیان، بەشێک لە زەمین نەبوو. لە ئەو کاتەدا کە دانیشتووانی سەر نیوەی زەمین لە گەرمەی شیرینخەودا بوون، ئەمان بە پێ لە ناو ئەو بارانەدا دەیانکوتا. لە ناو بارانەکەدا بە ڕێگاوە خەویان لێ دەکەوت و ڕاچڵەکینە ناحەزەکان دۆخە ڕاستەقینەکەی وەبیر دەهێنانەوە. کاتێک نیوەکەی خۆیشیان خۆری لێ ئاوا دەبوو ئەمان هەر ڕانەدەوەستان. ئەم جارە لە تاریکیەکی تووتر و لە تەڕییەکی لە پشتەوەهاتوودا گەمارۆ دەدران. جیهان لە دۆخیان بێ ئاگا بوو. کەس باسی نەدەکردن و گوێیان لە کەس نەبوو باسیان بکات. نەیاندەزانی باسیان دەکەن یان نا. تەنانەت ڕادیۆ زلەکەشیان، ئەو ڕادیۆیەی کە دەنگی زیاتر لە نیوەی جیهانی دەگەیاند، نە عەرەبیی و نە ئینگلیزیی و نە فەڕەنسیی و نە ڕووسیی و نە ئەڵمانیی و نە تورکیی و نە فارسیی ... - تۆ بڵێی زمانی تر هەبن – نە هیچ زمانێکی تر باسی ئەمانی نەدەکرد، تەنانەت بە یەک وشەش.

تەنانەت بە یەک وشەش!

بەڵێ، تەنانەت بە یەک وشەش.

پیرەژنێک بە دەستێکی نەکردەوە میلی ڕادیۆیەکەی سووڕاند تا بە ئیستگەیەکی دوورە دەست گەیشت کە پێی وابوو چین و ماچینە. دەنگەکە هێندە دوور بوو لە ئەوە دەچوو کابرا لە ناو بیرێکی تازە هەڵکەندراوی قووڵەوە قسە بکات. زوو بە زوو دەنگەکە ڕای دەکرد و نە دەما. دەنگێکی تر دەهاتە سەری و ئەم هەروەک شەڕی لەگەڵدا بکات و سەری لە ژێر باڵی ئەو کابرایەی تەوە بێت، سەری خۆیی ڕادەپسکاند و نووزەنووزێکی لێ پەیدا دەبووەوە، بەڵام ئەم جارەیان خشەخش و وشەوشێکی ناقۆڵا خۆی دەکرد بە بەیندا و دەنگی هەردوولا دەخنکایەوە. ئەمەش هەر ئاوا یەک دوو هەناسەی دەخایاند و لە پڕ دەنگی کابرای ناو بیر بە گوێیان دەگەیشتەوە....

کچێکی گەنج:

- تو خوا ئەوە بەختە؟ بزانە چۆن ئەم وشەوشە خوێرپیە بەرۆکمان بەر نایا!

یەکێک لە پیرەژنەکان:

- کچەکەم، خۆ گاڵتە نییە، ئەمە دەنگی تۆفان و با و بارانە ... مەگەر نازانی ئەو نەگبەتە لە چ وڵاتێکی دوورەوە قسە ئەکا و دەنگی بە سەر ئەو هەموو کێو و دۆڵ و ئاوانەیا دەرباز ئەبێ؟

منداڵێک:

- هەر باسی کوردیش ناکا.

منداڵێکی تر چاوی لە ڕادیۆیەکە بڕی بوو و بێ ئەوەی سەیری کەسیان بکات، لووتی خۆی دەخوراند:

- جا باسیشی بکا، ئێمە چۆن تێ ئەگەین؟

ژنێکی مەلۆتکە بە دەست لە سەرخۆ بە هێمنی بە پشتی مەلۆتکەکەی سەر باڵی چەپیدا دەهێنا و بە هەمان ئاوازیی هێمنیش خۆی ڕادەژاند:

- سەرخڕ بۆچی تێ ناگەین؟ هەر دوو جاریش ناومان بهێنێ دەزانین، خۆ وەک خوا نەگبەتی کردووین کەریشی نەکردووین! ئەرێ تو خوا دایکم "کورد" بە هەموو زمانێ هەر "کورد" نییە؟.

قسەکان دەهاتن و دەچوون ... کەس گوێی پێ نە دەدان و کەسیش بە ئەو هیوایەوە نەیدەکرد کە گوێیان پێ بدرێت ... ئەو قسانە لە زۆر دەستەدا پەیدا دەبوون...

کاتێک کەویار هاتە ژوورەوە، بێ خواستی خۆی باسەکەی لێ تێک دان.

ژنانی کۆبووەوە بە خەیاڵیاندا نەهات و وا دیار نەبوو باسێکیان لێ تێک درا بێت.

ڕادیۆکە لە شوێنی خۆیدا هەر خەریکی خرخڕ و زیکەزیک و وشەوشەکەی خۆی بوو.

باسی تر، خواستی تر، گازەندە و تکا و ئاهونالەی تر ... هەموو شتی نوێ و لە فۆرم و قاڵبی نوێدا، هاتە ئاراوە.

لە پڕێکدا قسەکانیان زیاتر گەڵاڵە دەکرد، باشتر پەنجەی ئاماژەیان دەخستە سەر گیروگرفتەکان، هیواکانیان بەرجەستەتر بوون، پلان و پڕۆگرامەکانیان - یان ڕاستتر – بە تەمابوونەکانی خۆیان، بە کاڵای داخوازیی و ویستەکان دادەڕشت. وشەی لابەلایی و سەرەمقەست و کونبڕیان کەمتر دەهێنایە ناو دووانەنەکانیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەندەی کۆمەڵ دەستیان بە باسێکی جیدیی بکردایە و بەرەو قوواڵیی باسەکە شۆڕ ببوونایەتەوە، فریشتە و کەویار، خۆیان لە دووانەنەکە دەکێشایەوە و بەجێیان دەهێشتن.

بە چەشنێک ئەوان زەڕنەقووتە بن و ئەمان فێری باڵەفڕێ و وردەفڕینیان بکەن. وەک تەوارێکی دونیادیدە، زۆر بە ئاگا و وریا لە بێچووەکانی خۆی، بەڵام لە هەمانکاتدا چەند شەقەیەکی باڵ لێیان دوور، لە ئەو دوورەوە بە سەرنجی ورد لە چواردەوری خۆی، لە بێچووە تازە ڕاوکارەکانی خۆیی دەڕووانی. لە قەد و باڵا و بەژن و تەنی خۆی کەمێک بە گومان – لە بچووکیی خۆی لە چاو ئەو جیهانە زەبەلاحەدا کەمێک بە ئاگا – وەڵێ کەمێکیش لە خۆڕازیی، یەک دوو ملەقوتێ وریا و لە پاشاندا فڕینێکی بەرز، فڕینێکی بەرز و قوول، فڕینێک تاسەی ماسولکە کێوییەکانی بشکێنێت، کە فێنکاییەک بە دڵی بە گومان بدات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لە دوورەوە - لە دوورەوە هەر چاوێکی لە بێچووەکانی بێت ... بێچووەکانیش هەر بە دڵنیاییەوە ئەو هەستەیان هەبێت کە دایەتەوار غافڵ نییە و لە دوورەوە دەیان بینێت.

بێچووەکان لە ژێر گەرمایی ئەو هیوایەدا کە تەواری دایک دەیانبینێت و ئاگای لێیانە، زوو زوو باڵەفڕکێیەکی نزیک و دووریان دەکرد و هەر زوو بە زوو، هەر وەک ئەوەی ئاسمان دەریایەک بێت و تیایدا بخنکێن، بە پەلە، ڕوویان لە هێڵانە خۆشەکەی خۆیان، لە

هێلینی زێد، دەکردەوە. ترپەدەنگێک کە هی گومان و دڵێکی کەمێک ترساو بوو دەکرا بە گوێی سووکی دونیادیدەیەک بگات.

ئای، هەزار ئای، ئای لە ئەو هەموو تاڵە وردانەی ئەو جیهانەیان پێکەوە گرێ داوە.

ئای، هەزار ئای، ئای لە ئەو هەموو تاڵە وردانەی ئەم جیهانەی ئەمانی پێکەوە بەستووەتەوە – ئەو تاڵە باریکانەی جاری وا هەیە هەر لە خۆیانەوە دەپسێن.

ئەو تاڵە باریکانەی ناشبینرێن و بوونی خۆیان بە ئەوە دەسەپێنن کە دۆستی هەناسەیەک لە ئەمەوبەر دوژمنی ئێستا بێت.

کەویار پێش ئەوەی بکەوێتە قسە لە پێشدا هەر وەک ئەوەی لە نەبووەوە – نا – لە نادیارەوە بانگی بکەن، هەناسە و ڕەنگ و بینایی لە ئەو شوێنەی خۆی نە دەما و بە هەزارا فرسەخ دوور دەکەوتەوە. نیوەنیگا مەستە ئاساییەکەی خۆیی نە دەما و چاوەکانی بە گەورەیی، وەڵێ بە نەرمیی دەکرانەوە. برۆ ڕەشە باریکەکانی بە هەوادا دەچوون و برژانگەکانی وەک پەڕی پڕی کلکی تاوسێک گیف دەبوونەوە. ئەوجا وەک بە دەم خەوەوە قسە بکات لە سەرەتادا بە ئەسپایی لێوەکانی دەبزووواند و تەمە بۆشەکەی دەکەوتە قسە:

- دایکم پێی خۆش بوو ببم بە دکتۆر. خۆیشم هەر پێم خۆش بوو ببم بە دکتۆر. نازانم من لە بەر خاتری دایکم حەزم دەکرد یان دایکم لە بەر خاتری من حەزی دەکرد، بەڵام لە ڕاستییدا گرینگ نەبوو، چونکە هەردووکمان پێکەوە حەزمان دەکرد. هەموو شەوێک بە دە خەیاڵەوە خەوم لێ دەکەوت. لە خەیاڵەکانمدا دەچووم بۆ لای منداڵانی نەخۆش و یەکسەر دەستبەجێ چاکم دەکردنەوە. دەچووم بۆ لای بێچووە پشیلە و تووتکەسەگ و جووچک، ئەوان و هەموو شتێکی تریشم چاک دەکردەوە. بەس ئیتر وردەوردە لە ئەو جۆرە خەیاڵانە ماندوو دەبووم. لە بەر ئەوە نەخۆشیەکانم زۆر قورس دەکرد. منداڵانی خەیاڵەکانمم بە سەرای مەرگ دەگەیاند. وام دەکرد کە دایک و باوکیان لێم بپارێنەوە و بۆم باس بکەن کە چوون بۆ لای هەزاران دکتۆر و بێهوودە هەمان ژمارەی دەرمانیان بەکارهێناوە. نەخێر، چاک نەبوونەتەوە. بۆیان باس دەکردم

کە بیستوویانە تەنها من، بەس من، دەتووانم تیماریان بکەم و چاکیان بکەمەوە. هەر من! گوێت لێیە؟

لە سەر چۆک دادەنیشتن و وەک لە خوداوەندێک بڕوانن سەریان لە ژێر سێبەری باڵای منداکە لەبەردەمیاندا ڕادەوەستام، هەڵ دەبڕی. لێم دەپاڕانەوە و لە دەورم دەگەڕان، بەڵام زوو دەستم دەگرتن و نەم دەهێشت خۆیان بنەوێنن، بەرزم دەکردنەوە.

کاتێک منداڵەکانم بۆ چاک دەکردنەوە ئەوەندە نزای خێریان بۆ دەکردم نەبێتەوە. بە تایبەتیی کە پارەم لێیان وەرنەدەگرت. ئەوەندەیان خۆش دەویستم هەر لە باسکردن نایەت.

- دەزانم بۆچی پارەت لێ وەرنەگرتوون – فریشتە بە زەردەخەنەوە دەیدووواند.
- باشە، بۆچی؟
- چونکە دەزانی خەیاڵە و پارەی خەیاڵییش بە کەڵک نایەت، جا کە وایە مرۆڤایەتیەکە بکەیت باشترە.

کەویار کەوتە پێکەنین. پێکەنینێکی شیرین، بەڵام پێکەنینێکی دوور لە ئەوێ قووڵ و خنکاو:

- نا، هەر حەزم نە دەکرد پارە وەربگرم، حەزم لە پارە نییە.
- ئەی سەردانی گەورەسااڵن و پیاوان و ژنانت نەدەکرد؟
- نا، یەکەم جار وا خەیاڵم نەدەکردەوە، بەڵام دووایی دەچووم بۆ لای ئەوانیش.
- ئێستایش دەتووانیت ببیت بە دکتۆر.
- ناتووانم.
- بۆ ناتووانیت؟

- نازانم بۆ ناتووانم، بەس کە دایکم مرد هەر لە خۆمەوە لە بیرم چووەوە.
- ێ ناگەم!
- کە دایکم مرد هەموو شەوێک هەر خەیاڵم بە ئەوەوە ل دەدا. هەر ئەویش دەهاتە خەونم. بە ڕۆژیش هەر داڵغەم بە دایکمەوە ل دەدا. ئیتر دکتۆرەکەم لە بیر چووبووەوە.
- دایکت نەماوە، بەڵام خۆشەویستیەکەیت هەر ماوە. تۆزێکیش گەورەتر بووە و بەهێز و خۆڕاگریت، ئ منیشت هەیە – لە ئەم کاتەدا فریشتە تینی دەدایە خۆی کە بە دڵنیاییەوە بیڵێت، بەڵام "ئ منیشت هەیە" هەر بە لەرەیەکی گومانەوە خۆیی کێش دەکرد.
- ئاخر دڵیشم خەبەری داوە کە نابم. تۆ بڕووات بە خەبەری دڵ هەیە؟
- نا.
- دایکم بڕووای پ بوو.

فریشتە بە پەلە باسەکەی گۆڕی. دەیویست لە بیری بەرێتەوە. کەویار لە تەمەنێکدا بوو ب لە هەندێک وردەکاریی کۆمەڵایەتیی و خوێندنگا، دەبووایە لە دەرەوە لە گەڵ دەستەخوشک و کوڕانی دەوروبەریدا خەریکی یاریی و سوعبەت و باس ی تەمەنی خۆی بێت، نەک بە ئەم قەوارەیەی کە پیرەژنێکی غەدرلێکراوی جیهاندیتووی تیادا حەشار درابێت.

خۆرەتاوەکەی ئەو ڕۆژە ئەوەندەی دڵ پێی خۆش بێت گەرم بوو. ئاسمان ب گەرد. چەند پەڵە هەورێکی کەمێک تەنک بە وێنەی لە کاروان بەجێماوان، لە ئەملاوئەولاوە ڕاکشابوون و دیاربوو پاش گەڕانێکی زۆر دەیانویست سەرخەوێک بشکێنن.

ماندوو بوون.

پێیانەوە دیار بوو ماندوو بوون.

هەر لەگەڵ زرمە و دووکەڵەکدا تەوێڵە لە ناکاودا ڕاچڵەکی

تەوێڵە، ١٩٩١/٤/١٤

بە دەم وردە قسەوە کەوتنە پیاسەکردن. کە لە ئاوایی دوور کەوتنەوە هەڵوێستەیەکیان کرد و ئاوەڕێکیان بۆ دوواوە دایەوە. هەردوو بە جووتە سەیرێکی ئاواییەکەیان کرد و سەرنجێکیان لە دەوروبەری خۆیان دا. وەک ئەوەی پرسیار لە یەکتری بکەن لە سەر پیاسەکەیان بەردەوام بن، یان نا. بێ ئەوەی شتێک بڵێن بەردەوام بوون.

لە ناو دڵی مەلەسرکەکانی دەوروبەریاندا وردە شەپۆلی نەرمی بە جریوەی سیاچەمانەیەک بە سەر ئاسەواری پووکاوە و خاکەساری ئاتەشگا خامۆشەکاندا دەخوێنرا. بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت سینگی پێی ئەمانیش لە پشکۆی ڕۆحی خەنجەر لێدراوەکان هەڵ دەموت و بە ناو جەستەی نەبینراوی دوو ئەفیندارى باوەش بە یەککردوودا تێ دەپەڕین. بەئەژمارن ئەوانەی بێباک و بێڕیز و بێئاگا لە مێژووی ئاتەشگا وێرانکراوە میزیپاداکراوەکاندا بە سەر ئەم خوێناوی جگەرەدا ڕادەبوورن.

هەردووکیان بە بێدەنگیی و ئارامیی پێیان هەڵ دەهێنا و جار جار سەرنجێک لە ئێرە و سەرنجێک لە شوێنێکی تر، مەلی خەیاڵیان چەشنی مەلە ترساوەکانی چواردەوریان، دەبزووان و لە باڵەفڕکێی نەسرەوتن و نادڵنیاییدا بوون. نەرمەگیا لە ژێر پێی هاتن و ڕۆیشتندا بە لادا هاتبوون، هەرچەندە خەریک بوون ژیانیان بە بەردا بێتەوە و پشتێک ڕاست بکەنەوە ئەگەر مرۆڤ دەست لە ئێخە و بەرۆکیان بەر بدات. گیایەکی خاوەن مێژوو دەبێت بزانێت ئەوەی لە ئەو سنوورەدا بێت شەقی خۆی هەر دەخوات.

بنچکە گیایەک بیت، هەر جۆرە ئاژەڵ و گژوگیایەک بیت، هەر دارودرەختێک بیت، هەر جۆرە مرۆڤێک بیت و هەر جۆرە زمانێک و ئاینێکت هەبێت، هەر هەمووی، لە ئەلفەوە تا یێ پێوەست بە ئەو بستەخاکەیە کە لە سەری شین دەبیت. هیچ فاکتەرێکی تر

بڕیاردەر نییە. خاکە ڕەنگ و تام و بۆن و حەز و ئارەزوو و ... دەکاتە بەرت. ڕەنگە هەر لە بەر ئەوەش بێت هەموو شتێک لە کۆتاییدا دەچێتەوە ناو خاک و دەبێتەوە بە خاک.

بە دەم خەیاڵەوە لە سەر ڕۆیشتن بەردەوام بوون. فریشتە زووزوو یادێکی ئازاد دایدەگرت بەڵام هەر واش زوو بەری دەدا. یادەکان خۆیان سەرپشک بوون، هاتن و چوونیان بە ئارەزووی ئەم نەبوو. هەر جۆرێک سەرەتاتکێ بوو لەگەڵ مێشکیدا و تەواو. ئینجا باوکی و دایکی و برا تاقانەکەی و سەرتاپا ژیانی خۆی بە بەرچاوییدا دەهاتن و دەچوون.

کەویاریش بە ڕووخسارێکی تا بڵێی ڕوون، بەڵام ماندوو و بەپرسیار، بە سەرنجی کورتبالی لە ئێرە و لە ئەوێ دەیڕووانیە چواردەوری خۆی و جارجار بە ئەسپایی مشەیەکی نەرمی بە لووتی دەکرد. جووتێک پێڵاوی کۆنی بەکەڵکنەماوی قەیفەی ڕەنگبووارووی لە پێ دا بوو کە سیمای بە بەرەوەنەمانیان لە سەر نیشتبوو. جووتێک گۆرەوی مۆرباوی دەزوو، دیار بوون شیرازەیان لە هەڵوەشاندنەوەدا بوو، لە سەرەوە لای ملیانەوە دەڵب بووبوون. شەڕواڵێکی پەڕۆی ڕەشی کوڕانە کە کراسێکی پەڕۆی گوڵگەورەی کچانە بە سەریدا شۆڕ بووبووەوە. قەمسەڵەیەکی کوڕانەی دەڵب بە سەر هەموویدا و هەردوو دەستی خۆیی ڕاکێشابووە ناو دوو باڵە درێژە دەڵبەکەیەوە.

هەردووکیان هاوکات جێ بروسکەیەکیان بینی. بە لایانەوە سەیر بوو بروسکەیەک بتووانێت ئاوا دەستوەشێنەر بێت. بە درێژایی دە مەترێک زیاتر زەویەکە بە سووتاوییەوە قڵیشابوو. گابەردێک لە ناوەڕاستی خەتەکەدا وەک ئارەو قاش بووبوو. دوو درەختی باڵابەرزی لق و پۆپ بژی پڕ لە ئەملاوئەولاوە بە تەواوی هەڵ پرووزکابوون.

ئێستا بیریان دەکردەوە کە ئەو هەموو بروسکە و چەخماخەیەی ئەو شەوانە دەیانتووانی سەدان کەس بکوژن. تۆ بڵێی کەس بە هەورەبروسکە مردبێت؟

کۆنە سەنگەری سوپای عێراق داگیرکار بۆ تانک و بۆ سەرباز و بۆ شۆفڵ بە بن هەموو تەپۆلکە و هەورازێکەوە لێ درابوون. هەموو لاڕووخاو و داتەپاو هەر لە سیمای خەندەکی سەربازێکی تازە مردوویان دەکرد. هەر یەکە و بەسەرهاتێکی تایبەتیی لە ڕووخساری دەباری و مشتێک، دوو مشت یان چەندین مشت خوێناویان خواردبووەوە.

درەختەکان بە گشتیی شکێنراو و ڕووتەنە و ڕەشداگیرساو، ئەڵبەت لە ئێرە و لە ئەوێ پەیدا بووبوون کە چرۆ و تەنانەت وردەگەڵایەکی سەوزی ناسک خەریک بوو دەبوو بە بەرگیان. هەموو شتێک بەڵگەی بەسەرهاتێکی پڕ ملمالانێ و یەکتر لە زەویدا بوو.

چەند کەس لە سەر ئەم پارچە زەمینە مەرگ داونی بە عەرزدا و چەند کەسی تر هەمان چارەنووس چاوەڕێیانە؟ ئەوانە کێن کە تا هەرە دووایی هەڵ دەکەن؟ هونەری مانەوە و خۆڕاگرتن چەند گرانە و چی لە سەر بکەرەکەی دەکەوێت؟

کێ دەتووانێت زۆر بمێنێتەوە؟ قۆڕی، توتەڵەمیران، کیسەڵەشینکێ، مشک، سەگ، مرۆڤ، کەڵەشێر، شەڕواڵ، گۆچان، پەپوولە، ماسی ...؟

کیسەڵ زۆر دەمێنێتەوە. کیسەڵ دەتووانێت زۆر بمێنێتەوە. کیسەڵێک دەتووانێت زیاتر لە چوار سەد ساڵ بژی.

بەڵام ئاخر کام کیسەڵە دەتووانێت چوار سەد ساڵ بژی؟

پرسیارێکی گران!

هەر زۆر.

فریشتە لە سەر گۆتوبێژەکەی ناو ناخی بەردەوام بوو. هەر بە ڕاستێی کام کیسەڵە چوار سەد ساڵ دەژی؟

ماکیسەڵێک دەتووانێت. ماکیسەڵێک کە شەق زەمانە بەر گۆزەی ژیانی نەکەوتبێت. ئەو ماکیسەڵە پاش چەندین ئەملاوئەولا کردن، گەڕان و پشکنین، ڕازیبوون و پەشێمانبوونەوە، گومان و دڵنیایی، شوێنێک دەدۆزێتەوە بە لای خۆیەوە باشترین بێت تا هێلکەکانی تیادا بشارێتەوە. ئەو هێلکانەی بەشێکی گەورەن لە بوونی خۆی و کە بەشێکی هەتاهەتایین لە دڵ و دەوونی. بە دزیەوە خۆی خەریک دەکات نەکا هێلکەخۆرێکی ساختەچی بێ ویژدان خۆی مەڵاس دابێت و پاشان بنیشێتە سەریان و تاکبڕیان بکات. بە هەر دوو دەستی خۆی دەگرێت و بە پێیەکانی دەست دەکات بە هەڵکەنین و هەڵ

دانەوە. ئەوجا بە لاقەکانی خۆی گیر دەکات و بە دەستەکانی گڵەفشە و لم بە ئەملاوئەولادا فڕێ دەدات. پاش ئارەقڕشتنێکی زۆر چاڵێکی قوول هەڵ دەکەنێت. چاڵێک زۆر لە باڵای خۆی قوونتر و لە لەشی خۆی پانتر. بە خۆماندووکردنەکەیدا دیارە لە دڵەوە دەخوازێت شوێنێکی باشیان بۆ خۆش بکات. شوێنێک کە ئەگەر چەشنی ناوسکی خۆی نیان و گەرمیش نەبێت، ئەوا هەروەک ئەو شێدار، تاریک، تەڕو بڕ، نەرم و دوورەدەست بێت و بێچووەکان بتووانن لێی ڕازی بن و دوو نزای خێر بۆ دایکەکیسەڵی نەناسراو بکەن. سەرکەوتن لە ئەو کارەدایە کە دەبێت بە مایەی لە دایکبوونی ئەڤینە قوونڵەکەیان بۆ دایکەکیسەڵ. جارجار لە چاڵەکە دوودڵ دەبێت، دەستەوەستان دادەمێنێت و نازانێت چی بکات. چاوە بەپێستەکانی خۆی کەمێک دەتروکێنێت و گەرووی دەست بە لێدان دەکات و سەرە نەرمە ناسکەکەی دەکەوێتە لەرەلەر.

چەندی حەز دەکرد گەر تەنانەت لە دووریشەوە بووایە لە پاشەڕۆدا چاوی پێیان بکەوتایەتەوە. کەمێک سەری خۆیی تێ هەڵ بسوونایە. دڵنیایە هەزار ساڵی تریش بیانبینێتەوە، دەیانناسێتەوە. با ئەمان ئەو نەناسنەوە، ئەوان دەیان ناسێتەوە. هەر ئێستا لەگەڵ ئەوەشدا لە چاوی ناکیسەڵێکەوە هێلکەکان هەموویان لە ئەوە دەچن بە موو جیاوازیان نەبێت، ئەم دەزانێت جیاوازیان هەیە و هەر یەکە و بە بۆنی تایبەتیی خۆیدا دەناسێتەوە.

ئای لە ئەو ئازارە تاڵەی کە سرووشت دادی خۆی لە سەر داوە. گەییەکانی خۆی لە ناخی خۆیدا دەهێنێت و دەبات. هێندە بە ئەزموونە دەزانێت هیچ سکاڵایەک ناگاتە لای هیچ خودایەک و تا ئێستا ڕووی نەداوە و لە ئایندەشدا ڕوو نادات. سکاڵاکان هەموو کورت ژیان و کەم ڕۆن و خوداوەندەکانیش بەرز و دوورن.

ماکیسەڵ بیر دەکاتەوە و هزری بەئەزموونی خۆی دەخاتە گەڕ. بە سەد پشتی خۆیدا دەڕوواتە خوار تا دەگاتە دەمی دەیناسۆرەکان و مەیناسۆرەکان و باشسۆرەکان و خزمسۆرەکان و چاکسۆرەکان و بەدسۆرەکان کە مرۆڤی ئەمرۆ بە ئەقڵە کەمرۆیەکەی خۆیان ناوی تریان بۆ دۆزیوەتەوە ، کەی ئەوسا وا بوو؟

جیهان گەردوونێک بوو بۆ خۆی!

هەموو بستەخاکێک جیهانێک بوو بۆ خۆی.

زەمین بە مەزەنەی ئەقڵ و ڕەوی ئەمان نە سەری هەبوو نە بن، نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی. پڕ بوو لە خۆراکی خۆش و ئاوی سازگار و سەوزەوانی. تا چاو بڕ بکات هەر کەسک، زەرد، سوور، شینی کاڵ، مۆر، وەنوشەیی و پەمەیی ... دەکردەوە.

کوشتن هەبوو، چۆن نەبوو!

بەڵێ کوشتن هەبوو، بەڵام بڕین نەبوو.

ئەو دەمە ئارەزوو سەروبنی هەبوو، وەک ئێستا بێ بن و بێ سنوور و بێ کۆتا نەبوو.

ئەو کاتە چاو تێر دەبوو، دڵ دەئێشا.

ئەو زەمانە تەنیا ورگ تێرکردن و ورگ پڕکردن هەبوو، وەک ئێستا سایلۆپڕکردن و کەندوو پڕکردن و حەشاردان و هەڵگرتن نەبوو.

ئەو کاتە خۆراک هەر بە سەوزیی و هەر بە سوورپی دەخورا. وەک ئێستا بۆ سبەینێ و دووسبەی و سسێ سبەیی و ساڵ و دە ساڵ هەڵ نەدەگیرا. ئەوسا بیرکردنەوە سادە بوو، ئێستا زۆر ئاڵۆزە. ئەوسا خۆراک وشک نەدەکرا، نەدەخرایە قوتووەوە، نەدەبەسترا. هەر بە کاڵیی دەخورا .

ئەوسا دەکرا خۆ بشاردرێتەوە. زەمین گەورە بوو، بوونەوەر بۆی دەکرا و پێی دەکرا سەری خۆی هەڵ بگرێت. زەمین خۆی هەمەڕەنگ بوو و پێویستی نەدەکرد ئەوان و مانان ڕەنگی خۆیان بگۆڕن. ترس هەبوو، ترس وا لە پڕدا پەیدا دەبوو و هەر لە شوێنی خۆیدا ناوکی دەخست، بەڵام زوو دەڕەوێەوە. ئەوەی بخورایە دەخورا و لە بیر دەکرا. وەک ئێستا نەبوو ترس بچێتە ژێر پێستی مرۆڤەوە و لە سەر شانەکانی دابنیشێت و خۆی بە کەمەریدا هەڵ بوواسێت و وەک پووزەوانە بچێتە پاوپۆزیەوە.

ڕق و کینە، داخ و تۆڵە لە ئارادا نەبوو.

جارجار سرووشت فێی لێ دەهات، گاھ بە ئاگرھێنانەوەی ناخی خۆی، گاھ بە فرمێسکی چاوەکانی، گاھ بە ھەناسەی ساردی یان بە تەوژمێک لە دەربڕینی ھەستێکی، تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند و دەبرد و ھەڵ دەلووشی. وەلێ زۆری نەدەبرد بە ھەمان شێوە و لە سەر ھەمان ڕەوت و ئاواز دەست پێ دەکرایەوە.

گلەیی ھەبوو، چۆن نەبوو؟! بەڵام ئاوا وەک ئێستا خەم و مەینەت تا ژێر چەنەی بوونەوەر نەدەھاتن.

سوپاسمەندیی زۆرتربوون لە سکاڵا.

بەڵێ، تا مرۆڤ قوڕمساخ پەیدابوو.

لە ئەو دەمەوە ئەوەی بە زەمین دەکرێت بە ھیچ شتێکی تر ناکرێت. زەمین وا بچکۆلە کراوەتەوە مرۆڤ بە دوو قەڵەمباز ئەم سەر و ئەو سەری دەکات. مرۆڤەکان گالتە بە کەروێشک دەکەن بەڵام خۆیان لە کەروێشک زیاتر سواری یەک دەبن و وەک ماسی گەرا دادەنێن. مرۆڤ لە ھیچ توخمێکەوە نزیک نییە، بەڵکو کۆی ھەموو توخمە خراپەکانە. نان لە دەستی یەک دەفڕێنن و تەقە لە یەکتریش و لە چواردەوری خۆیشیان دەکەن.

سرووشتیان وا دەستەمۆ کردووە جار جار نەبێت لە ئێرە و ئەوێ ترِی دەکەنێت، ھیچی تری پێ ناکرێت. سەری وشک و قانی مرۆڤ کە ھەر خەریکی خۆکوژیی و چواردەورکوژییە بە ئەو تڕە نایەتە ئێش.

ئەمی ماندوو، ماکیسەڵی بە دەم فەلەک و بە دەم مرۆڤەوە خەستە، لە ئەوە زیاتر نایەوێت بیر بکاتەوە. سەری خۆی بە چیەوە بئێشێنێت؟

مرۆڤ گوێ لە مێژووی ھەزار جار دووپاتبووەوەی خۆی ناگرێت، چ جای لە ھی پیرەماکیسەڵێک.

گەر ئێستا ئاگایان لێ بێت، هەروەک درێندە دەنیشنە سەری و هەر چۆنیەک بێت هەر دەیگرن. تا دەتووانن پێ ڕادەبوێرن، بوزی پێوە دەکەن، سوار کۆڵی دەبن و خۆیانی پێوە بادەدەن و لە سەر پشتی سەما دەکەن، شەق تێ هەڵ دەدەن و ملی ڕادەکێشن و قونی خۆیانی بە ڕووتی نیشان دەدەن و بۆی هەڵ دەبەزنەوە و دووایيش ...

دووایيش دەیفرۆشن یان دەیکوژن. بەڵام هەر دەیکوژن. حەز دەکەیت یەک میلیۆن پشتی ڕابردووی بێ تاوان بێت، هەر دەیکوژن.

مرۆڤەکان تام و چێژی هەموو شتێک لە فرۆشتندا دەبینەوە. فرۆشتن و کڕین، کڕین و فرۆشتنەوە، دووایيش بێگومان کوشتن و تۆناکردن!

هەرچیەک بکەن، بە جۆرێک لە کوشتن کۆتایی پێ دێنن.

نا، ماکیسەڵی ماندوو نایەوێت لە ئەوە زیاتر بیر بکاتەوە. دەبێت بە ئەم چاڵە ڕازی بێت و هێلکەکانی تیادا بشارێتەوە. گەر مەسەلە بێتە سەر دڵنیایی ئەوا قسەی خۆمان بێت ئەم چاڵە زۆر لە ورگی ماکیسەڵێکی بە ساڵداچوو، دڵنیاترە. ئیتر ئەم دڵەڕاوکێیە بۆچی؟ درێندەکان هێندە زۆرن و گوللەی وێڵ هێندە بە ئەژمارن کە چاڵێک لە ورگێکی تەنک، زۆر زۆر، دڵنیاترە.

ئایا نابینیت چۆن مرۆڤەکان دەیان دەرگا لە سەر خۆیان دادەخەن و بە ئەو شێوەیە خۆ لە یەکتر دەپارێزن؟ هیچ گیانلەبەرێک هێندەی مرۆڤ لە خۆی و لە یەکتر و لە دەوروبەر ناترسێت. مرۆڤ ترسی کردووە بە گەورەترین باس. گەر دەتەوێت مرۆڤ نەتووانێت زەفەرت پێ ببات دەبێت وەک ئەوان بیر بکەیتەوە. دەبێت بزانیت ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە. دەبێت تۆش دەیان دەرگا لە سەر خۆت پێوە بدەیت و هەموو کەس بە دوژمنی خۆت بزانیت. ئەو کاتە دەتووانیت خۆت بپارێزیت.

تەنها یەک گیروگرفت هەیە، ئەویش ئەوەیە دەبێت تا بتووانیت بکوژیت. نابێت لە کوشتن سڵ بکەیتەوە یان جارِس بیت. دەبێت کوشتن بکەیت بە کولتور. من کوشتنم لە دەست نایەت. بشخوازم ناتووانم.

گەر بڕیار بدەم خۆم ڕابهێنم دەبێت هێدی هێدی ماسولکە و گرێ ئێسک و پروسکم بۆ کوشتن مەشق پێ بکەم. ئیدی وردەوردە لە ناو میلیۆنەها خۆرئاوابوون و خۆرهەڵهاتنی سارد و گەرمدا دە هێندەی ئێستا گەورە ببم، پەنجەکانم ئەستوور بن، ماسولکەکانم توند بن، ددانەکانم بن بە کەڵبە، نینۆکەکانم بە ڕندۆک و دەیان جومگە ئەندامەکانی جەستەم پێکەوە گری بدەن، تا بتووانم بکوژم. ئەویش خۆم نا لە ئەم بوونە فۆرمە ئێستادا، بەڵکو نەوەی نەوەی نەوەکانم، میلیۆنەها ساڵی تر. هەرچەندە بیر دەکەمەوە ئەمە بە من ناکرێت.

من وا ناکەم و لە جیاتی کوشتن هەموو جارێک تا تینم تیادا بێت تێی دەقووچێنم و هەڵهاتن دەکەم بە قەڵغانی بەرگریی. هەر واشم کردووە. هەموو جارێک تا هێزم تیادا بووبێت تێم قووچاندووە. تۆز فریا نەکەوتووە بزانێت لە کوێوە هەڵ دەستێت و لە کوێ دەنیشێتەوە. هیچ عەیبێکی تیا نییە و سوێندتان لە سەرم نییە، ئەمە باشترین شێوەی هونەری مانەوەیە. لانی کەم بە ویژدانترین شێوەی هونەری مانەوەیە.

ئەوە هونەری مانەوەی منە!

دایەکیسەڵ بە لاچاو سەیری چاڵەکە دەکات وەک ئەوەی نزایەکی خوداوەندی کیسەڵی بە سەردا بخوێنێت. بزانن و فێر بن، ئەی منداڵە فرە شیرینەکانم، مرۆڤە قوندەرەکان بە کوشتن تەمەنی خۆیان پڕ دەکەنەوە کە لە ئەو پەڕی گورجی خۆیدا و لە ئاستێکدا کە بتووانن گونی خۆیان بە دەست بگرن، دەگەنە هەشتتا یان نەوەد. ئێوە بڵێن سەد یان سەدوبیستوپێنج. کیسەڵیش هەر بە تێقووچاندن چوار ساڵ پڕ دەکاتەوە. بە چوار پشت دەگەینەوە بە سایۆنۆبەکتریا. ئێمە منداڵدانی بوونین.

هونەری مانەوە هەر بە لاوازبخۆرپی درێژەی پێ نادرێت. نا، نا، ئەوی جگەرگۆشە نەرم و لیکنەکانم. بوونەوەر دەتوانێت بە ڕاکردن، بە خۆشاردنەوە، بە گۆڕینی ڕەنگی خۆی، بە ژەهراویکردنی گۆشتی خۆی، درێژە بە هەبوونی خۆی بدات.

ماکیسەڵ کاتی نییە و هەر ئەوەندە بیر دەکاتەوە. سەرئێشەی فەلەک با لا ئەولاوە بووەستێت. سەرئێشەی مرۆڤ بارێکە بە هیچ شتێک هەڵناگیرێت. ئیتر هێز دەداتە بەر

خۆیی و لە تاو ئازار چاوەکانی دەنووقێنێت. تا دەتووانێت خۆی دەگوشێت. هێلکەکان یەک لە دووای یەک بەرەو چاڵەکە شۆڕ دەبنەوە و بە سەر یکدا دەبارێن. هەموو هێلکەیەک لەگەڵ مالئاواییکردنی لە دایەکیسەڵ ئازارێکی درکاوی پێچاوپێچ لە دووای خۆی وەک یادگاریەک بەجێدەهێڵێت. زۆر ناخایەنێت قەوارەی دایەکیسەڵ بچووک دەبێتەوە. ورگە پفبووەکەی دەنیشێتەوە و کەمێک ئاهی بە بەرخۆیدا دێتەوە. دەحەسێتەوە و سەری سووک دەبێت، بەڵام لە پڕێکدا ترسەکە بۆ یەک چاوتروکاندن لێی دێتە پێشەوە و چاوەکانی لێ بز دەکاتەوە.

ماکیسەڵی بێ چارە. هێلکەی ڕۆنراو چۆن هەڵ دەگیرێتەوە؟ بە پەلەپرووزکێ، بە دەست و پێ و ورگ، گڵەکە بە سەر چاڵەکەدا دەداتەوە و هێلکەکان دادەپۆشێت. هەروەک نزای خێرێان بۆ بکات کەمێک لە سەریان دەمێنێتەوە و هەر بە ماندووبی، بە ئازارێک کە لەسەر کۆمیایەتیی و کە بەڵگەی بێ خەوشە بۆ شەقی ناداد و ناڕەوای زەمانە و باجی مێینەبوون، بە نیوە ورگەخشێ، مل بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەنێت.

هەر دەڕووات و ئاوەڕ دەداتەوە. هەر ئاوەڕدانەوەیەک و دەیەوێت بگەڕێتەوە و هێلکەکان هەڵبگرێتەوە، بەڵام دێتەوە باوەشی پەشیمانیی و لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام دەبێت تا ئیدی چاڵەکە لە چاو ون دەبێت و تەنیا بیر لە پاراستنی کەوڵی خۆی دەکاتەوە.

بێچووەکان لە چاڵدان، ماکیسەڵە لە بەردەم هەڕەشەی ڕاستەوخۆدایە.

ماکیسەڵ ڕەنگە چل یان پەنجە هێلکەیەکی دانابێت و ڕەنگە زیاتریش. لە ئازاردا ژمارەنەکەی لێ تێک چوو.

بەڵام کام کیسەڵە چوارسەد ساڵ دەژی؟

گەر بەخت یار نەبن و پیرهەڤۆکی مەرگ لە سوچێکی ئەم زەمینەوە فووی مەرگی لێ کردبن، ئەوا هەر زووبەزوو ڕێویەکی بە بۆن، گورج بۆنی لیکە هێشتا تەڕەکەیان دەکات و بە خێراییەکی وا کە تەنیا هونەری ململانێ لێی دەگات، چاڵەکە هەڵ دەداتەوە و هێلکەکان دەماشێتەوە. ڕەنگە چەند دانەیەک بۆ بێچوویکانی بباتەوە.

پێوەندیی خوێن!

یارمەتیی ئەوانەی بە خوێن لە نزیکترینەکانن غەریزەی قۆناخی وەحشیبوونە. چیرۆکێکی گاڵتەجارِ بەڵام ڕاستەقینەیە. لە ئەو پێوەندیەدا مرۆڤ زۆر لە ڕێوی ڕێویترە.

ئەڵبەت هەر ڕێوِیی هێلکەخۆر نییە. لە جیهانی ئێستادا هەموو برسیەک هێلکەخۆرە.

خۆئەگەر بەخت یار بن و فریشتەیەک لە کونێکی ئاسمانەوە فووی خێری لێ کردبن ئەوا کات دەڕووات و دەتروکێن.

یەک یەک و دوو دوو، بچکۆلە بچکۆلە، نەرم نەرم، ڕەشۆکە ڕەشۆکە بە لەنجەولار، زەویە نەرمەڵانیەکە هەڵ دەدڕن و دێنە دەرەوە. بێ ئەوەی بزانن بەرەو کوێ مل دەنێن و ڕووەو کوێ دەڕۆن، سەری خۆیان بە هەر چواردەوردا هەڵ دەگرن. جار هەیە دووای یەک دەکەون و ڕوو دەدات یەک بە یەک دووای بۆنی لووتی خۆیان دەکەون. هەموو شتێک بۆیان نوێ و نامۆیە. ملیان دەنێن و دەڕۆن بێ ئەوەی بزانن چی دێتە ڕێیان.

هەر هەموویان، هەر وەک هەموومان، چێژی ژیان و کونجکاوی، یخیان دەدات.

چێیژ ژیان و کونجکاوی!

هەر هەموویان وەک هەموومان ختوولکەی 'چی لە ئەوێدایە کە نایبینم؟' جڵەویان دەکات و قنیان بۆ دوو هەنگاو زیاتر ڕۆیشتن دەچووزێنێتەوە.

هەر هەموویان هەر وەک هەموومان بە دووای ئاوەدانیی و قەرەباڵغییدا وێڵن.

کیسەڵیش هەر شەیدای قەرەباڵخیی و ئاوە. ئاو!

دەی هەر بە ڕاستیی کام کیسەڵ چوار سەد ساڵ دەژی.

کیسەڵی بچکۆلە بچکۆلە یەکی هەر پاروویەکی پڕ دەم دەبن، بە زەرنەقووتەیی لە تاریکایی شەودا دێنە دەرێ و بڵاو دەبنەوە. پێویستە بە تاریکیی بێنە دەرەوە بۆ ئەوەی یەکسەر

هەر لە هەوادا نەخورێن، بەڵام ئێوارەوەختەیەکی تاریکیش هەر دەتووانێت خۆیان لێ بکات بە شەو و فریویان بدات و لە چاڵ بیانهێنێتە دەر.

تا ئێستا نازانرێت کێ فێری کردوون بە تاریکایی بێنە دەری. ڕەنگە ماکیسەڵی دایکیان فێری کردبن کە بۆ دووا جار لە سەر چاڵەکە بێ دەنگ دەمێنێت و چاوی پڕ ئازاری خۆی لێک دەنێت، ئەو ئامۆژگاریەنەیان پێ بڵێت و فێریان بکات چۆن بکەن. کێ چوزانێت؟

زۆرێک لە ئەو بێچووە کیسەڵانە دەبن بە ژێر پێوە یان هەر بە دەستی ئەنقەست پێیان لێ دەنرێت و زۆریان دەبن بە پارووێەک و دەچنە ناو ورگێکی برسیەوە.

ئەو چاڵی ژیانە چەندە لە ئاوەوە دوورە، چەند سەد مەتر؟

بێچووە کیسەڵەکان پێشبڕکێ لەگەڵ یەک دەکەن و یەکتری بۆڕ دەدەن. هەر یەکێک ئازا بێت و بگات بە ئاو و ئاوەدانی. کەس گوێ نادات بە ئەوی تر و کەس ژیانی ئەوی تر بە پوولێک ناگۆڕێتەوە. هەر یەکە و هەوڵی یەکەم پارووە نانی ورگی برسی خۆی دەدات و بەس. هەر یەکە و دەیەوێت بگات بە "ئەو دیو". ئەمە کۆڕەوی ژیانە!

ماکیسەڵ بەسەرهاتی گەلێک هەڵەبجەی بۆ گێڕاونەتەوە و ئەمانیش هەر لە دەست ئەگەری تارمایی هەڵبجەیەک هەڵ دێن.

گەر یەکێکی بێ ئاگا بیانبینێت هەرگیزاوهەرگیز باوەڕ ناکات ئەمانە بێچووی هەمان سک بن.

کێ بڕووا دەکات ڕۆژێ لە ڕۆژان دایکێک ئەمانەی لە یەک سک و یەک ئازاردا لە ئامێز گرتبێت؟

بێچووە کیسەڵی جیهاننەدیتوو نە گەرمیی دەزانێت نە ساردیی، نە هەوراز دەناسێت نە نشێو، نە گۆشتخۆر لە گیاخۆر جیا دەکەتاوە و نە ڕەش لە سپی. تەنیا ڕووەو بۆنی ئاو پێ هەڵ دەگرێت و بەس. شیرین، بەڵام نەفام و کەمئەقڵ کێبەرکێ و یارِیی لەگەڵ سێبەری خۆیاندا دەکەن.

ئای لە ئەو دانەیەی لە پڕێکدا لە هەورازێکی بۆ ئەو بەرزدا تل دەخوات و بەر دەبێتەوە. نە تلێک و نە دوو و نە دە. سەربەرەوخوار هەر خل دەبێتەوە و تا هەرە تەختانییەک ناوەستێتەوە. کاتێکیش دەوەستێتەوە بۆ بەدبەختیی لە سەر سک نانیشێتەوە بەلکو لە سەر گازی پشت دەکەوێتەوە.

ئەمە ئەو ڕۆژە ڕەشەیە کە کیسەڵ لێی دەترسێت.

نیشتنەوە لە سەر پشت.

یەکەم جار لە سەرەتادا ترسێکی گەورە سەرودڵی دادەگرێت و هێندەی تر پێستە بۆرە ڕەشباوەکەی ڕەش دادەگەڕێت. کاتێک ڕاستەوخۆ مەرگ نابێت بە میوانی، تەزوویەکی خۆشیی بە گیانیدا دێت و ترسەکە لە سەر سەر و لەشی دەڕەوێتەوە. ئومێد پەیدا دەکات و دەست دەکات بە جوولاندنی دەست و پێیەکانی. یەکەم جار بە جیا و دووایش هەردووکیان پکەوە. تا وای لێ دێت هەر پێکەوە دەیانبزووێنێت و زۆر ناخایەنێت دەیکات بە پایەدر.

بە هەموو هێزی خۆی تەکانێک بۆ لای ڕاست و یەکێکی تر بۆ لای چەپ، بەڵام بێهوودە.

هەر پایەدر و پایەدر!

پایەدر بە ئەو هیوایەی ئێستا نا ئێستا بکەوێتەوە سەر سک. بۆنی ئاوەکە لە دوورەوە دەگات بە لووتی. ئەو بۆنە گەرمایییەکی زۆری پێ دەبەخشێت و هانی دەدات هێندەی تریش پایەدر لێ بدات.

وردە کیسەڵی تر کە تا نیوکاژێرێک لە ئەوەبەر هاوماڵ و هاوچاڵ و هاودایک بوون، بە لایدا فڕکەیان دێت و هەر ئاوەڕیشی لێ نادەنەوە و نابێت بە پرسیار بۆیان کە بێچووی هەمان ورگ بن. هەر ناشزانن یەکێک لە خۆیانە یان نا.

لە تەنگەتاوییەکی پڕ هیوا و ئومێددا هەموو هەوڵێک دەدات و بانگیان دەکات تا تێیان بگەیەنێت، بەڵام ئەوان لە گەرمەی مەستبوونیان بە بۆنی ئاو، زیاتریش تین دەدەن بە خۆیان و دەفڕکێنن.

ماندوو دەبێت، ماسولکە شلوپتەکانی سڕ دەبن. بە دەم پایەدر لێدانەوە خەوی لێ دەکەوێت و لە خەونیدا گەورە بووە. ئەم ڕۆژەی هەروەک خەونێکی منداڵی دێتەوە یاد. فێری ڕاوکردن و گەڕان بووە. دەستەخوشک و برای پەیدا کردووە و مانێکی گەرموگوڕی پێکەوە ناوە. لە هیچ شتێکی کەم نییە ولە ئەوە زیاتری ناوێت. دەستی خستووەتە ژێر سەری کامەرانیی و هەر تەنیا ئارەزووی ئەوەیە ژیان بە ئەو شێوەیە بەردەوام بێت.

خەونەکەی هەر بە ئەو شێوەیە بەردەوامە تا بەیانی بە دەم پایەدرلێدانەوە لەگەڵ گەرمایی گزنگی خۆرەتاوەکەدا خەبەری دەبێتەوە. ترس دای دەگرێت، بەڵام هەتا هێزی پایەدر هەبێت نائومیدیی بۆ؟

ئەمە دونیایە بەشکم ورچێکی تێر بە لایدا تێبپەڕێت و دەمەلووتێکی فشەی لێ بدات و بیخاتەوە سەر ورگ. بەڵکو مرۆڤچاکێک، گورگێکی چاوتێر، ڕێویەکی تۆبەکردوو، ژیشکێکی خێرخوا بە هانایەوە بێت.

کێ چوزانێت؟

کات دەڕووات و خۆر گەرمتر دادێت و خەیاڵ قوونڵتر دەبێتەوە.

چاوە ماندووەکانی لێک دەنێت و لە خودێ دەپارێتەوە. تەنانەت ڕوو دەکاتە شەیتانەکانیش و داوای بەهاناهاتنیان لێ دەکات. هەر ئەوەندەی یەک تۆزی تریش بژی، هەر یەک جاری تر بکەوێتەوە سەر ورگ، هەر یەک جار دەمی بەر ئاوێکی کەللەتەزێن بکەوێت.

چێژی ژیان و کونجکاوی!

کاتێک خۆرەتاو دەگات بە هەرە ئاستی کورێنی خۆی و سڵ لە هیچ بوونەوەرێکی خوار خۆی ناکاتەوە، بە ئارەزووی خۆی سینگی نێرایەتیی خۆی لێ دەکاتەوە و تیشک و گەرمیی پەخش دەکات. ئەڤین و ڕقی خۆی لە شێوەی گەرماییدا دەنێرێت. کچەکیسەڵی ماندووی هێزلێداچۆڕاو، سەری کەمێک لە دەرەوە و کەمێک لە ناوەوەدا، پایەدر لێ دەدات و ناتووانێت خەیاڵەکانی خۆی پێکەوە گرێ بدات.

وردەوردە لەشی وشک دەبێتەوە، سەری گێژ دەخوات، زمانی وشک دەبێت، لە خەیاڵەکانی خۆی بێتاقەت دەبێت و ناتوانێت سەری ببات بۆ دەرەوە بۆ ناو ئەو دۆزەخەی دەرەوە و لە ناوەوەدا بە شەکەتیی سەری ڕادەگرێت، بەڵام زۆر ناخایەنێت ناوەوەش هێدی هێدی گەرم دادێت. هێندە گەرم کە ئیتر جیاوازیی لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا ناکات، ئەوە نەبێت کە بێز لە بۆنی ناوسکی گەرمداهاتووی خۆی دەکاتەوە. خەیاڵەکان لە پڕ دەبن بە خەونی پەمەیی و ئاڵووااڵ و خۆی تیایاندا نقوم دەبێت.

لە خەونیدا هەر کەمێک تینووە. بووە بە پەپوولەکیسەڵێکی ڕەنگاوڕەنگی سووکەڵە و سەر باڵەکانی دەبریسکێنەوە. لە دوورەوە دەستەخوشک و براکانی خۆی دەبینێت. نازانێت هەر هەموویانن یان نا، ئەوانیش وەک ئەم تیشکیان لێ دەبارێت و بە چواردەوریدا خول دەخۆن.

کام کیسەڵە چوارسەد ساڵ دەژی؟

گەر هەموو شتێک بە خواست و دڵی خۆی بێت، گەر هیچ زلهێزێکی سەرزەوی و بنزەوی هەزاران ساڵ بەر لە ئەوەی هەر ئەم لە دایکیش بێت، بڕیاری کوشتنی نەدابێت، گەر هیچ بوونەوەرێکی برسیی، شەڕانیی و نەیار سەرەڕێی لێ نەگرێت، گەر لە پڕ سروشت پایدۆسی لێ نەکات، گەر لە کاتی خۆیدا بگات بە ئاوێک، ئەوا ڕەنگە... ڕەنگە بتوانێت بژی.

بەڵام چوارسەد ساڵ؟

ئای لە ئەو کیسەڵەی چوار سەد ساڵ دەژی!

فریشتە هەر لەسەرخۆ بە هەنگاوی ورد لە سەر پیاسە و خەیاڵەکەی خۆی بەردەوام بوو کە لە پڕ هەڵوێستەیەکی نەرمی کرد و بە دەم خۆیەوە گوتی: ئای لە ئەو کیسەڵەی چوار سەد ساڵ دەژی!

کەویار هەر یەکسەر ڕووی تێ کرد و گوتی: کام کیسەڵ، کیسەڵی چی؟

فریشتە کە لە یەکەم چاوتروکاندندا خەریک بوو پاشەکشێ بکات، زوو هاتەوە سەر خۆیی و بەردەوام بوو:

- دەڵێن کیسەڵ هەیە چوار سەد دەژی.
- جا ئەوە چۆن دەبێت، مەگەر ئەو نەگبەتە هەر لە کونەکەی خۆی نەیەتە دەرەوە.

فریشتە پێکەنی و فریا نەکەوت هیچ بڵێت کەویار هاتەوە گۆ:

- من نامەوێت جوار سەد ساڵ بژیم، چی لە هەموو ئەو ساڵانە بکەم؟ مەگەر دەست بکەی بە دەرهێنانەوەی چەکە شاردراوەکانی خەڵک و بیانفڕۆشینەوە، خۆ ئیشەڵا ئەمە دووا کۆڕەو نییە. قاچاخچیەتیی و فەرهود و تاڵانیی، ئای کە پارەی چاکی تیایە...

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین. فریشتە دەستی خستە ناو دەستی خۆیەوە و دەست لە ناو دەستدا کەوتنەوە ڕۆیشتن.

کەویار باسی دایکی و ئەم باسی منداڵیی خۆی.

ئەم منداڵیی خۆی لە بوون، ژیان، بەسەرهات و خەونەکانی کەویاردا دەبینیەوە. کەویاریش خۆی لە بەرگ و ڕووخساری فریشتەدا، بەڵام لە دەمێکی بێ کات و شوێندا، دەبینی.

هەنگاوی هێمن و کونجکاو، هێدی هێدی، ساتێک بۆ ئەملا و ساتێک بۆ ئەولا، بەردەوام بوو. دەستی ڕاستی کەویار لە دەستی چەپی فریشتەدا وەک پاسارییەکی ماڵیی لە جیهانی دڵنیاییدا خۆی گرمۆڵە کردبوو. گاھ سەرەوخوارکە و گاھ سەرەوژوورکە بە سەر زەمینێکی پڕ نهێنییدا دەجمان.

لە پڕ زرمەیەکی ناقۆڵا بەرز بووەوە و لە چرکەیەکدا یەک زرمەی تەقینەوەی تری بە دووادا هات و کەویار و فریشتە لە ناو نەرمەگڵێکی قاوەیی باودا بە ئاسماندا چوون. کەویار چەند چرکەیەک بە ئاسمانەوە لە ناو خاکە تەڕ و وردەبەردەکاندا دەخولایەوە و هەر لەگەڵ کۆمەڵێک تۆزی زبر و وردەبەرددا بە دەمدا، چەشنی کەلاکێکی قورس و تەڕ، کەوتەوە سەر زەوی.

فریشتەش هەر دەماودەم لەگەڵ زرمەکەدا بە لای چەپی خۆیدا پتر لە چوار مەتر فڕێ دڕا. هەر لەگەڵ کەوتنەکەیدا یەک لێشاو لە وردەبەرد و زیخ و خۆڵ بە سەریدا باری. لە سەر گازی پشت کەوتەوە و وای هەست دەکرد لە دوواوە یەک دەمە خاکەناس بەر پشتی سەری کەوتبێت. بۆنی سووتاوی گڵ و باروت بە یەکجار قوورگی گرت و سیەکانی تەنی.

تەپ و تۆز و لیتە نەرمەکە هێشتا هەر بە سەریدا دەباری و مێشکی بە لای هیچدا نەدەچوو. دووا وێنەی خۆی و کەویار لە مێشکیدا بەستی. دووکەڵێکی بۆری قارچکیی خۆگرمۆڵەکردوو لە تەنیشت ئەمەوە بەرەو ئاسمان دەکشا و بە سەر سەری هەردووکیانەوە گرمۆڵە دەبوو.

ویستی سەری خۆی بەرز بکاتەوە، نەیتووانی.

لە هەموو ئەندامەکانی لەشی تەنیا هەر بیلبیلەکانی چاوی دەجووڵان، ئەویش بە ئاستەم.

لە تەپەتەپی دڵی زیاتر کە توندتوند بۆ دەرەوەی قەفەسەی سینگی، وەک بیەوێت بێتە دەرێ، لێی دەدا، گوێی لە هیچ شتێکی تر نەبوو. تەپەتەپی دڵی لە ناو کەللەی سەریدا دەنگی دەدایەوە. بەرچاوی تاریک داهات و ئاگای لە هیچ نەما.

هەر لەگەڵ زرمە و دووکەڵەکەدا تەوێڵە لە ناکاودا ڕاچڵەکی.

بۆ ساتێک دار و بەردی تەوێڵە لە ژێر فشاری دەنگەکەدا کپ بوون. خەڵکی تەوێڵە هەموو هەناویان کەوت و هێزی ئەژنۆیان داچۆڕا. هەموو لە دووڕەوە لە شوێنی خۆیانەوە دەیانڕووانیە دووکەڵەکە. شوێنێک کە بەلەز و زریکەزریک مەل و باڵندەکان بەجێیان هێشت.

خەڵک دەستبەجێ دەستیان لە کارەکانیان هەڵ دەگرت و لە هەرە دووڕەوە دیار بوون بە ڕاکردن و هەڵەداوان بەرەو لایان دەهاتن.

"ئەم دیو و ئەو دیو چ جیاوازیەکی هەبوو بۆ ئێمە؟ ڕۆڵەکەم، ڕۆڵە دڵ بە سوێیەکەم ..."

بیمارستانێک لە کرماشان. ١٩٩١/٤/١٧، چوارشەممە

پووڕەئەڵماس وەک بتێکی تووڕە، تەواوی ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ و بەیەکداچوو، لە ناو یەکێک لە ژووڕەکانی نەخۆشخانەیەکی کرماشان بەرامبەر بە فریشتە دانیشتبوو. بێش ئەوەی پێڵووی چاوە بە خوێن سوورەکانی بزووێت لە فریشتەی دەڕووانی.

دەیزانی ئێستا نا ئێستا فریشتە بە ئاگا دێتەوە. ئەوە سێ ڕۆژ بوو بێ لە وڕێنە و لە ئەوێ دوورپێ، ئاگای لە خۆی نەبوو. جار جار وەک مارێکی زۆر خواردوو بە ئاستەم لاپێچێکی بە خۆی دەدا و بە ئاستەم ملی بە لادا بەرز دەکردەوە.

پووڕەئەڵماس هەستا و دەستەسڕەکەی تەنیشتی خۆی تەڕ کرد و کەمێک ناوچاوان و دەموچاوی سڕی و کونەلووتەکانی خاوێن کردەوە و ڕووەو ئاودەستەکان ڕۆیشت.

ئەو قەرەوێڵەیەی فریشتەی لە سەر پاڵ خرابوو، هەروەک ئەوەکانی تر بۆیەکەی لە زۆر شوێنەوە خورابوو و بن پێچکە و شوێن پێچکەکانیشی هەموو ژەنگ گرتبوونی. ئەو ستانەی خۆراکئاو و خوێنی پێوە هەڵ دەواسرێت دیار بوو لە فافۆن بوو و دەستکردی خۆماڵیی ئێرانیی بوو، لە ئەملاوئەولاوە قوپاو بوو و هەر بە لاریش دەوەستا.

چوار قاپ خوێنیان تێ کردبوو و دەیانگوت لە ئەوە زیاتر شک نابەن و ئیتر خوێنی تریان نییە و نەخۆشی لە ئەو جۆرە زۆر. خۆراکئاوەکەی بۆیان هەڵواسیبوو هەر وا هێدی هێدی دڵۆپ دڵۆپ بۆ ناو سۆندە لاستیکە ڕوونەکە بەردەبووەوە و ڕووەو ناوەوەی جەستەی ڕێی دەپێوا. باڵی ڕاستی لە چەندین شوێنەوە بە جێگای دەرزیەکان شین و مۆر بووبووەوە، دیار بوو سستەرەکان بە دووای دەماری باشدا گەڕابوون.

هەر لە سەر ئاوازەکەی خۆی، نیوەتل دان تاوێک بە ئەم دیو و تاوێک بە ئەو دیودا و هوچانێکی کورت، بەردەام بوو. یەک دوو جار چاوی هەڵهێنا و لێکی نانەوە. نیوەخەو و ئازار تێکەڵاو، کەوتە هێڵنج دان. بە بێزارپی و ئازارەوە پێڵووی چاوەکا ی هەڵهێنا، بەڵام

نەیدەتووانی بە کراوەیی بانهێڵێتەوە. ڕووبەڕووی میچەکە لە دەوروبەری خۆیی ڕووانیی. ئەم جارەیان وەک بڕیاری دابێت بزانێت لە کوێیە، هەوڵی دا نەهێڵێت پێڵووەکانی چاوی بەر ببنەوە. بە زەحمەتەوە ملی بە ئاستەم بە لای ڕاستدا جووڵاند.

لە ئەوکاتەدا پووەرەئەڵماس گەیشتە سەری و بە پێکەنینێکی کەمێک شڵەژاوەوە دەستی بە قوربان و بە ساقەبوونی کرد.

هەروەک هەموو ئەمەی لە لا وەک شانۆگەرییەک بێت، ڕووخسارێکی پرسیاراوی هەردوو برۆیی بۆ سەرەوە کشاند و وێستی شتێک بڵێت، بەڵام پووەرەئەڵماس نەیهێشت. ئەویش هەر لە سەر پێچە وردەکانی خۆی بەردەوام بوو. بە ئەسپایی، هەروەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا و لەبەر خۆیەوە بدوێت، پرسی:

- لە کوێم؟ ئێرە کوێیە؟
- کچە جوانەکەم لە دەورت گەڕێم، ئێرە نەخۆشخانەیەکی کرماشانە. بە خوا منیش نازانم ناوی چییە. خەڵکەکە وەکو خۆمانن، کوردن. یا ڕەبی تۆبە، ناوی چییە؟ ناوی هینە ... "خەستەخانەی دووسەد تەخت و خەوی"، ئا، ئا. یەعنی دوو سەد قەرەوێڵەی هەیە. ئیتر چ بکەین بە قوربانت بم؟ بە قوربانی بەشی خوا بم، هەر خۆی ئەزانێ بۆ وامان لێ ئەکا. خۆی باش ئەزانێ.

وزە پێنەماوی و داچۆڕاوی فریشتە لە شێوەی پاڵکەوتنە گرانەکەیدا دیاربوو. چەشنی گوێنیەک گۆشتی تەڕی بێ ئێسک لە ناو پێخەفەکەدا ڕۆنیشتبوو. ڕەنگ پەڕیو و لێو وشک. بە شێوەی جووڵاندنەکەیدا دیار بوو لە وشکیی گەرووی و بۆنی دەم و بۆ ورگی خۆی، هەراسان بوو. نەیدەزانی چی ڕووی داوە و چی بە سەر هاتووە.

هێدی هێدی مێشکی، هەر وەک خۆی وردەپێچی بە خۆی دەدا و بە وردەباڵەفڕ بۆ هەمان ئەو شوێنە دەکشا کە سێ ڕۆژ لە ئەمەوبەر لەگەڵ کەویار بە جووتە پیاسەیان دەکرد.

هەر لە هەمان ڕووانگای ڕاکشانەکەیەوە، کەمێک لە باڵی ڕاستی خۆی و شوێن دەرزیەکانی ڕووانی و هەر بە هەمان تیلەی چاو بەرەو سەرەوەی لای نایلۆنە پڕ لە ئاوە

سەربەرەوخوارەکەی ڕووانی کە موغەزیان پێ دەگوت. هەر بە نزیکەی هەمان ڕەوتیش، بێ ئەوەی زیاتر ملی ببزووێنێت، تیلەی نیگای هاتەوە خوار و بە هەمان ڕەوتەوە سەیرێکی ئەملاوئەولای خۆیی کردەوە. ئەوجا ڕووی بۆ لای پووڕەئەڵماس وەرگێڕا و وێستی خۆی بجووڵێنێت، وەلێ نەیتووانی. هەستی دەکرد بارێکی گرانیان خستووەتە سەر لای چەپی و لە بەرئەوە پێی نەکرا. جارێکی تریش دووبارە هێزی دایەوە بەر خۆیی و هەر نەیتووانی. دیار بوو لە ناوەوەیدا زۆر ناڕەحەت بوو.

پووڕەئەڵماس تێگەیشت و کەمێک خۆی بۆ لای فریشتە لار کردەوە کە بە ماچێکی ناوچاوانی هێوری بکاتەوە. فریشتە هێزێکی تری بەر خۆی دایەوە و تووانی تا نزیکەی نیوە پشت ڕاستکردنەوەیەک بێتە سەر قن و زوو بە دووادا کەوتەوە. هەستی بە بەشی چەپی خۆی نەدەکرد. هەمووی سڕ بوو.

لەگەڵ پووڕەئەڵماسدا پێکەوە سەرلەنوێ هەوڵیان دایەوە. فریشتە خۆیی بینی. هەموو باڵی چەپی، نزیکەی لە بنباخەڵیەوە، نەمابوو. سەری کەمێک بە ئەم دیو و ئەو دیودا با دا. سەیرێکی پووڕەئەڵماسی کرد. هەر بە هەمان خێرایی ڕووانیە کیسەنایلۆنە خۆراکئاوە هەڵواسراوەکە و دەرزیە چەقیوەکەی ناو باڵی ڕاستی.

هەموو لەشی کەوتە لەرزین و لێوەکانی وەک شەقشەقە کەوتە جووڵە و ڕووانیەوە شانی چەپی خۆی کە تۆپەڵێکی گەورەی لەفاف لە سەری هەڵ پێچرابوو.

زرمەکەی سێ ڕۆژ لە ئەمەوبەر دووبارە لە سەریدا تەقیەوە. خۆی و کەویاری بینی بە حەواوە دەخولانەوە. کەویار بۆ لای دەستە چەپی و خۆیشی بە لای دەستە ڕاستی خۆیدا، فڕێ دران و لە ناو تەپوتۆزەکەدا نقوم بوون.

تا گەرووی هێنای قیژاندی و وێستی هەڵ بێت و ڕا بکات. ددانەکیرێی پێ کەوتبوو و بیلبیلەکانی چاوی لە دەریای قوونکەی چاویدا گێژیان دەخوارد و ڕووەو پشتەوەی بینایی دەچوون.

پووڕەئەڵماس هاواری "کچە نەکەی" لێ بەرز بووەوە و یە دوو ژنی تر و پیاوێک بە هەڵەداوان گەشتنە سەریان. پووڕەئەڵماس لە ئامێزی گرژ و جیرەوەبووی خۆیدا

جەستەی فریشتەی یەخسیر کرد و بە دەم قسەوە خەریک بوو بیخاتەوە سەر دۆشەکەکە.

بە هاوکاریی ئەوانەی تر فریشتەیان پاڵ خستەوە.

سستەڕێک بە پەلە ئەمپوڵێکی ئامادە کرد و فیچقاندیە ناو سۆندەی خۆراکئاوەکەوە.

فریشتە هێشتا هەر لە خۆلوولدان و خۆبزووواندندا بوو کە زیاتر ورگ و سێبەندەی دەجوولا. لە ئەوە دەچوو هێزی زیاتر بوو بێت چونکە بە زەحمەت بە ئەو چەند کەسە دابین کرا. پووڕەئەڵماس لە خەم و لە ئاگای ئەوەدا بوو بڕینەکەی نەکولێنڕێتەوە.

فریشتە بە دەم وردەتەکانی نەرمەوە لە هۆش خۆی چوو.

پووڕەئەڵماس بە سەر سەریەوە دڵی پڕ بوو و دایە پڕمەی گریان و بە نەرمی خۆی بە سەردا شۆڕ کردەوە. چەشنی چنارێکی ئاوێزان، لە باوەشێکی گەورەی نیان و میهرەباندا فریشتەی خستە ناو هەناوی خۆیەوە.

- هەمووی سوچی ئێمە بوو کچم. چۆن بەجێمان هێشتی، بۆ بە جێمان هێشتی. هەی هاوار، بۆ بەجێمان هێشتی. ئەم دیو و ئەو دیو چ جیاوازیەکی هەبوو بۆ ئێمە؟ ڕۆڵەکەم، ڕۆڵە دڵ بە سوێیەکەم ...

”خۆ پیاو سەیارەیەکیش بکڕێ گەرانتی ساڵێکی هەر لەگەڵایە“ ...

کرماشان: بیمارستانی دووسەد تەخت و خاپی ١٩٩١/٥/١٩، یەکشەممە

فریشتە نزیکەی پێنج هەفتەی لە نەخۆشخانەی دووسەد تەخت و خاپی بە سەر برد. پوورەئەڵماس کە نزیکەی هەموو ئەو کاتە لە لای بوو، بە هاتن و چوونەوە خەریک بوو. هەواڵی ئۆردوگاکەی خۆیان و هی ئەملاوئەولای پێ دەگەیاند. تا ئەو کاتە هیچ کەسێکیان لە کەسوکار و خزم و ناسیاوی فریشتە نەبینیبوو، بەڵام بە خەڵکدا ڕایان سپاردبوو کە ئەو هەواڵە بە مااڵی ئازاد یان ئازاد خۆی، بگەیەنن.

پوورەئەڵماس کاتێک زانی فریشتە تووانای بیستنی هەواڵی خراپی هەیە، هەواڵی مردنی کەویاری پێ گەیاند. کەویار دەستبەجێ مرد بوو. ئەگەر ئەو چەند کەسە نەبووایە کە بە پەلە گەیشتنە سەریان، ئەوا بە دڵنیاییەوە فریشتەش بە خوێنبەربوون دەمرد.

نامۆیی، تەنیایی، بێهەواڵیی، تاسەی دوورپی، داخی مەرگی کەویار، لەکیسچوونی باڵی چەپی، بێ پارەپی کە هەتا ئەو کاتە هەر پوورەئەڵماس بوو خواردن و کەلوپەلی بۆ دەهێنا، ئایینده‌ونیی و تاد تاد ژیانیان لە فریشتە تاڵ کردبوو.

ئەو پاسدارە ڕەشتاڵە بە تەمەنەی کە بە ”ئاغای ویژدانی“ بانگیان دەکرد زیاتر لە هەموو ئەوانی تر یارمەتی خەڵکی دەدا. هەموو جارێکیش بسکیتێک، شیرینیەک یان ساردیەکی پێ بوو کە خۆی پێی دەگوت ”نەوشابە“. ئاغای ویژدانی هەندێک جار زۆر لە پێویست سوور دەبوو لە سەر ئەوەی فریشتە ساردیەک بخواتەوە. لە ناخی خۆیدا دەترسا و دەیپرسی تۆ بڵێی ئەم کابرایە مەبەستێکی لە ئەم خزمەتگوزارییە نەبێت.

گومانەکانی فریشتە لە ناو ئینشەئەڵلا و ماشائەڵلاکانی ئاغای ویژدانی و ئازارەکەی خۆیدا دەبوو بە ژێرەوە. باسیان دەکرد گوایە کابرا عاشقی دەستخەڕۆ بووە و سوێندی خواردووە هەرگیز ژن نەهێنێتەوە.

ئەو قسانە تەنها لە ناو کوردەکاندا بڵاو بووبووەوە کە بۆ تیمار و چارەسەر لە نەخۆشخانەکە مابوونەوە و کەس سەبارەت بە سەرچاوەکەی و بە ڕاست و دروستی نەدەزانی.

ئەو ماوە دوورودرێژە، بێ لە ئازاری ئەو برینە گەورە بە سوێیەی بنباڵ کە هەردەم تەڕ بوو و لە ئەوە نەدەچوو وشک ببێتەوە، هەرچەندە دونیا گەرم دادەهات، ئەم هەمیشە هەر دەکۆخی و بە بەردەوامیی سەرمای بوو. باران و شێ و ساردیی زتان لە کۆڵ بەهار نەدەبووەوە. بەیانیانی لێ دەربچێت، خۆرەتاوەکە ڕووەو گەرمیی دەڕۆیشت و تا درەنگانێک هەر گەرمایی پەخش دەکردەوە، وەلێ ئەم گەرمی نەدەبووەوە.

پوورەئەڵماس دەستێک جلوبەرگی ناسکۆڵی بۆ هێنابوو. بە ئاستە کەمێک بۆی دەڵ بوون. بە جلکوبەرگی ئەوەوە هێندەی تر بیری ناسکۆڵی دەکرد. هەندێک جار ئامێزە گەرمەکەی ئەو بوون و هەندێک جار غەریبی دووریەکەی بوو.

لاواز بوو. قژی بێ ڕەنگ و بێ ژیان و چاوەکانی چووبوون بە قووڵدا. گەر بە وردیی لێی بڕووانرایە دەبینرا دەلەرزا. دەچووە خەیاڵەوە و لە بەر خۆیەوە بە ئەسپایی لێوی دەبزووواند.

لە پڕێکدا سیمای زەردەخەنەیەک لە سەر لێوی سێبەری کرد و گورجیش دیار نەما. بە هەنگاوی ورد دەڕۆیشت. وەک جاران گورج و گۆڵ و بەپەلە نەبوو.

جار نا جارێک دەتگوت هەر ئێستایە زرمەکە لە سەریدا هەڵ دەستا. لە ناو خۆڵ و گڵبارانەکەدا کە خۆی بە هەواوە فڕێ دەدرا، گوێی لە قیژە تیژەکەی کەویار بوو: ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا.

لە ئەو کاتانەدا بە تەواوی بە هەژان دەکەوت.تواند لە بێخی سەریەوە قژی خۆی لە چنیگ دەنا و ڕای دەکێشا. بە نائارامییەوە و تا ڕادەیەک بە تووندیی خۆی ڕادەژاند و لەبەرخۆیەوە دەکەوتە قسە. نا، نا، نا. ئاقڵ گیان، جا حەدیان چیە. بە قوربانت بم ....

ئەو ماوەیە بێ پسان دەیبینی کە بە هەموو جۆرە ئوتومبیلێك کوردی وەک ئەویان دەگەیاندە نەخۆشخانەکە و کەسوکاری نزیکی پێوەبووەکان لە دەست مینی ئیتاڵی و

سویدی هەر هاوار و فەغانیان بوو. هونەری ئەو مینانە ئەوە نەبوو بکوژن، بەڵکو بە دڵنیاییەوە ئەندامێکی لەش، بە زۆریی لاق و دەست، هەتاهەتایە لێ بکەنەوە تا کەسی پێوەبوو ژیانێکی بە ئازار و کولە ئەمەرگ ژیان بە سەر ببات. هەموو هات و هاواریێک ئەگەر پێوەندیی بە ڕووداوی مینیشەوە نەبووایە ترس سوار کۆڵی ئەم دەبوو و خۆی لە ناو دیمەنی ژێر خۆڵباران و گڵبارینداد دەبینی.

ستافی نەخۆشخانەکە زۆربەیان کورد بوون و بە زاراوەیەکی تر دەدووان، بەڵام هەموویان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ باسی نەخۆشیی و ڕووداوەکاندا بە فارسی دەدووان. دەیانگوت بۆمان نییە بە زمانی "محەلی" قسە بکەین.

پاش ماوەیەک لە چواردیواری ژووری نەخۆشخانەکە بێزار بوو. هەمان دیوار. هەمان شتومەک و هەمان دیمەن و هەر ساتەی بەسەرهاتیکی جەرگبڕیان جەرگبڕتر. نە ڕۆژێک و نە دووان و نە سیان. وەک هەفتەی یەکەم و دووەم نەدەچووە بەر پەنجەرەکە و لە دەرەوەی نەدەڕوانی. هەمان دیمەن وەکو تابلۆیەکی کۆن، تابلۆیەیەکی بێ هونەر. تابلۆیەک تیایدا قەڵەمکێشیی و ڕەنگ و بیرۆکە و کات و شوێن پێکەوە نەدەگونجان.

هاتنوچوونی بێ نیزام و بێ سەروبەری ئوتومبێلەکان، ژنانی پیادەی حیجابی و عەباپۆش، پیاوی گەورەسااڵ بە جلکوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی ناگونجاوەوە، پۆستەرە گەورەکەی ئیمام کە منداڵێک ماچ دەکات و فڕکەفڕکی ئوتومبێلی سوپای پاسدارن و دەنگی بڵندیان ئەگەرچی لە تەنیشت یەکیشەوە وەستاون.

تامەزرۆی بینینی ناسکۆڵ و ئەو ئۆردووگایە بوو کە پوورەئەڵماس بەردەوام بۆی باس دەکرد. لە خەیاڵیدا لە ئەو ئۆردووگایە لەگەڵ خۆشەویستەکانی دەژیا و ناوی ئەم نەخۆشخانەیەی هەر نەشبیستبوو. تامەزرۆی بینینی بوو. ئەو شوێنەی باوەشی بۆ خۆشەویستەکانی ئەم کردبووەوە. لە دوورەوە تامی ماڵی دەدا، ماڵی خۆی.

- کچەکەم، ئەبێ تۆش وەکو ئەم سستەرە شیرینانە لەچک لە سەر کەی و گۆرەوی درێژ لە پێ کەی دەنا خۆ پاسدارەکان شت بە هیچ ژنێ نایەن تۆزقاڵێ سەر و پێی ڕووت بێ. ڕۆڵە گیان.

پوورەئەڵماس بە سوعبەتەوە بەسەرهاتەکانی ئۆردووگای بۆ دەگێڕایەوە.

لە ئۆردووگاکەی دووئاو کورد وەک زەردەوانەی لە تونێکڵەشووتی ئاڵاو بە سەریەکدا کەوتبوون و لاق و دەست و ملی خۆیان لە ژێر هی یەکتردا دەردەهێنایەوە. هەموو لە باڵەفڕکێی کورت و قن لەرزین و گەردوخولدا بوون. هەموو ماخۆلان تێکەوتوو بە هەر چواردەوری خۆیاندا بە مەبەستی بێ مەبەستەوە دەهات و دەچوون. هەم بەری تەختاییەکە و هەم ناو دۆڵەکە و هەم بن گردەکە بە دانیشتووان کرا بوو. یەک دانە درەخت نەمابوو نەسووتابێت و نەبڕدرا بێتەوە. گردەکە بە ناو گرد بوو، هەر بە شاخێکی کوڵەبنە دەچوو کە بە هێنانوبردنی چەرخی چەپ، هەناسە سارد و لێو بەبار، هێدی هێدی کوڵ و کوڵ بووبێتەوە و ئێستا باڵای گردێک بێت.

مرۆڤ گەر بۆ مێژوویەکی دووریش نەگەڕێتەوە ئەوا هەر لە سەرەتای جەنگی عێراق و ئێرانەوە ئەم ناوچەیە جێگای ڕمبازێنی خوێنکردنە کاسە بوو. هەردوولا تۆپی دوورهاوێژیان دەگرتە یەک و لە ئەو بەینەدا گۆزەی خۆیان لە سەری منداڵ و ئاژەڵ و سامانی کورددا، دەشکاند.

ئەمان کەوتبوونە ئەم دیو ئاوەکەوە، بە بەری گردەکەدا.

هەر پاش یەکەم ڕۆژ کە گەیشتنە ئۆردووگاکە ناسکۆڵ هەر لێی نەدەبووەوە. بە زۆر مرخێشی کرد بۆ سەر گردەکە و تا سەرتپۆلکەکەی ڕۆیشتن.

ناسکۆڵ بە هەناسەیەکی سوارەوە دەدووا:

- فریشتە گیان شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە. ئەو ڕۆژەی هاتین بە ئەم دیودا لەگەڵ ماڵێکی تر تا ناو سنوور بە پێ هاتین. لۆریەکی لێ بوو. بە هەزار شەڕەشەق شۆفێرەکەمان قایل کرد تا ئێرە بمانهێنێت. کاکم و پیاوەکان چوونە ناو پشتی لۆریەکە و من و پووری و پیرەژنێکی ئەوان و کوردۆ و لۆرکێش لە پێشەوە دانیشتین. یەکەم کەس سەرکەوتم و کەوتمە لای شۆفێرەکە. جێگەمان تەنگ بوو. قاچ و دەست و ورگ و سەرمان چووبوو بە یەکدا. منی بەدبەخت قاچێکم کەوتبووە ئەم دیوی گێڕەکەوە و ڕەوانەی لای ئیستۆپ و کلاجی کابرام کردبوو. بە خوشکی خۆم بڵێم، ئەو سەگبابە هەتا گەیشتووین یەک میلیۆن جار گێڕی گۆڕیوە. لە پێنجدا سەری گێڕەکە دەیکێشا بە ناوکما و ئەو سەگبابە بە

ئیسراحەتی خۆی دەستی لە سەر گۆی گێڕەکە و ورگم دادەنا. ئیتر لەبەرخۆیەوە دەیگوتەوە: ئەمە خستمانەوە سێ و ئەوە چوار و نەوەڵا با پێنج بێ.

خۆی لە قاقای پێکەنیندا سوور بووبووەوە.

- کچێ هەر باسی چوارەکە مەکە لە کوێدا دەنیشتەوە.

یەکەم جار بوو فریشتە لە پێکەنیندا بەشداریی نەکات.

نیگای بۆ دوورەستانێک هەڵ دابوو، مەلێکی هێلانەشێواو ئاسا، بە ترسەوە لە ناسکۆڵی دەڕووانی.

خاک و خەڵکێک لە سەر دەریایەک لە ئاگر.

لە دوورەوە، لە باکوورەوە، پاوە دیار بوو.

پاوەی جوان!

دۆڵە گەرمەکەی نێوان دوو خرەی شاهۆ و ئاتەشگا. سینگ و مەمکەکەی ساسان. خانووەکان وەکو هەموو شوێنێکی سەر بە هەورامان، بە قەدپاڵدا ڕووەو لووتکە سوار کۆڵی یەکتر بوون.

ئەو دیوی گردەکەش هەروەک ئەم دیو، تەخت بوو.

ئاوەکە لە تەنیشت ئەمانەوە بەرەکەی تەسک بووبووەوە و پردێکی تەختەیان بۆ هەڵ بەستبوو. هەموو کەسێک بە دڵەڵەرز بە سەریدا دەپەڕایەوە. لە دوو سێ شوێنی تریشەوە پردی سیمیان لە ئەم بەرەوە بۆ ئەو بەر لێ دابوو. خەڵک یەک یەک دەچوونە ناو سەبەتەیەکەوە و دادەنیشتن. خزم و کەسوکار یا یەکێک لە حەشامەتەکە پاڵی پێوە دەنان و دەیگەیاندنە ئەو بەر.

دیمەنی ڕەنگاوڕەنگی پڕ ژیانی ڕووبارەکە لە ژێر خۆرەتاوەکەدا دەبریسکایەوە و پرشنگی دەدایەوە. گاه ئارام و گاه سەرکێش وەک ڕەشمارێک دەخشا و هەر مەڵبەندەی بە شێوەیەک دەڕازاندەوە. دیمەن لە سەر دیمەنی سرووشتکردی ڕەنگاوڕەنگ، وا

ڕاوەستابوون هەروەک پۆز بۆ یەێک لێ بدەن کە لە غەیبەوە خەریکی وێنەگرتن یان وێنەکێشانیان بێت. ئەم ڕووبارە ڕێبوارە تینووە گەلێک کەسی لە ئەو حەشاماتە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچابوو، کە وا لە پڕ بە سەریاندا دابوو. لە نزیک تەوێڵەش، چەند شەوێک لە ئەمەوبەر، هەر ئەم ئاوە هێمنە، یان بڵێین باپیرەی، لە دڕەنگە وەختێکدا کەسێکی ئەجەل نەهاتووی لەگەڵ خۆیدا مرخێش کرد.

پوورەئەڵماس و کۆمەڵبە دەنگی کابرایەک ڕاچڵەکین کە هاواری دەکرد فریای کەسێک بکەون ڕزگاری بکەن. ئەمان بە دەم دەنگەکەوە و ڕووبەڕووی دەنگەکە هەنگاوێک دەکەن بە دووان و هەر یەکەی شتێکی دەکرد. کابرایان بینی، لە حەیبەتی گیانی خۆی هانای بۆ کەفی سەر ئاوەکەدا دەبرد و بێهوودە چنگی لێ گیر دەکردن و هەر پەلەقاژێی بوو. بە دەم هاوار و "تۆ بیکە" و "تۆ نەیکەی" و "من باشتر مەلە ئەزانم و تۆ نایزانی" هەوە کابرایان ڕزگار کرد کە گەلێک مەمنوونی هەموو لایەک بوو. هاوکات هەموویان بە دووای ئەو کابرایەدا دەگەڕان کە بانگی لێ دەکردن و فریای کەسێک بکەون.

کابرا، تەڕ و شێواو، هەڵ دەلەرزا و ددانەچۆقێی بوو، بە دەم هەنکەهەنکی هەناسەوە، بە شەرمەزارییەوە گوتی:

- برایان چی لە ئێوە نهێنی بێ، ئەوە هەر خۆم بووم، لە ڕووم نەئەها و بڵێم وەرن ڕزگارم کەن. هاواری یارمەتیم ئەکرد بەس شەرمم ئەکرد بڵێم بۆ خۆمم، ئەموت "وەرن، پیاوی چاک بن ئەو کەسە ڕزگار کەن، وا ئاو بردی".

خەڵکەکەش بە بەسەرهاتەکە و بە چڕوچاو و بە دۆخی کابرا دایانە قاقای پێکەنین.

پوورەئەڵماس کە لە مەرەخەسیی فریشتەدا بۆ کار ڕێی لە ئەو ناوە کەوتبوو، بە دەم داخی دڵی خۆیەوە بە کابرای گوت: "ئاقڵ بووی کوڕم کە هاوارت لە حاجی بووش نەکرد".

خەڵکەکە بە ئەو قسەیە بریندارکراو، بەڵام بە نیوەسوعبەتێکیان وەرگرت و بە دەم پێکەنین و سەربادان و ئاوەڕدانەوەوە، بڵاوەیان لێ کرد.

فریشتە، لە ئەو بەشەی سەرەوەی ڕووبارەکەدا، زۆر دوور لە شوێنی ئەو ڕووداوە کە پوورەئەڵماس دەیگێڕایەوە، ڕادەوەستا و دەیڕوانیە سەرەوەی ئاوەکە کە هێندەی چاو بڕ

بکات خۆیی لە سەر گازەرای پشت لێ ڕاکشاندبوو و لە باوەشی گەرمی دایەزەویدا تەخت بە ئارامیی، پاڵی لێ دابووەوە. نەیدەتوانی لە نهێنی هاوئاهەنگیەکی ئاوا تێ بگات، ئەوە نەبێت لای خۆیەوە وردە شەپۆلی زیوینیی نەرم نەرمی دەبینی سواری کۆڵی یەک دەبوون و خۆیان بە بن ئاوەکەدا دەکرد و دووبارە سەریان لە بن ئاوەکەوە دەردەهێنایەوە. ڕەنگێکی زیوینیی دەمێک کاڵ و دەمێک تۆخ کە لە دوورەوە، بە موزیکێکی خودایییەوە کە هەر لە سەنتوورێکی دونیادیتووەوە دێتە دەر، تێکەڵ بە ئاسۆ دەبوو. ئەو دیمەنە دەبوو بە کونێک لە سروشتدا و ئەمی بە سەر یەک حەشاماتی ئاگرتێبەربووی پڕ قیژە و هاواردا، ڕووەو جیهانێکی هێند دوور، هێند دوور، باڵکێش دەکرد، کە مرۆڤ نەک هەر ڕووخساری مرۆڤی تری نەدەبینی، بەڵکو تەنانەت گیانی خۆیشی لە دەرەوەی ڕووخساری مرۆڤێکدا هەست پێ دەکرد.

چەند ناخۆش بوو!

چەند ناخۆش بوو کە لە پڕ دایاندەچڵەکاند و بە یەک ڕاتەکاندنی پەلە هەڵیان دەدایەوە ناو یەک جیهانی تەڕی ساردی پڕ هاوار و هەرا. ئیتر هەر ئەوەندە بوو. دەنگەکە لە سەریدا دەتەقیەوە و لە ناو خۆڵباران و گڵبارینەکەدا کە خۆی، پێ دەر لە زەوی بە هەواوە و کەللەی سەری پڕ لە قیژاندنەکەی کەویار بوو: ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا.

ئای!

ئای، چەند زووزوو بیری دەکەوتەوە. ئاخر بە تەنیا دەستێک هەموو کارێک جێبەجێ ناکرێت. بە ئەو تەنیا دەستە ڕانەهاتبوو. دەستی دەکردەوە بە خۆڕاژاندن و خەڵکیش بە دیقەتدان و تەماشاکردن و لێڕووانینی. تا یەکێک لە ناسیاوەکانی ئەوێندەرێ دەیناسیەوە و دەچوو بۆ لای و دەربازی دەکرد.

ئێوارەیەکیان چەند هەنگاوێک لە ئەم لای چادرەکەی ئەمانەوە، هەموو دەرودەراوسێی ئەو ناوە کە ئاوا شەش حەوت خانەوادە دەبوون، لە بەردەم چادری ماڵێکی خێزانداری گەورەدا کە باوکیان بە کاک ڕەسوڵ بانگ دەکرا، دانیشتبوون و لە بەردەم ئاگرێکی خۆشی ناو تەنەکەیەکدا هەموو ڕوو لە یەک و لا لە یەک بە سەرهاتی خۆیان بۆ دە جار و بیست جار دوو پات دەکردەوە.

بە سەرهاتەکان هەروەک لە خەونێکدا بن بۆ فریشتە بگێڕدرێتەوە لە سەرخۆ لە بەردەم گلێنەی چاویدا دەڕۆیشتن. گلەیی لە پەتاتەی کوڵاو و خورما کە هەردووکیان ئاوکێشن و پاسدارەکان بە چنگ بۆیان فڕێ دەدایە خوارێ. لە پێشینەی ئەو گێڕانانەوەدا، زۆر دوور لە تووانستی بڕی چاوی خۆی، پاسدارەکانی دەبینی بە سوار پیکئاپەکانیانەوە دوودوو و سێ سێ دانیشتبوون و بە خێرایی، زۆر زیاتر لە پێویست، بە بەردەم حەشاماتەکەدا دەهاتن، سەمون و قوتووە شیر و شتومەکی تریان بە ئاسماندا هەڵ دەدا و زۆربەیان بە سەر خەڵکەکەدا دەبارین و بەر سەروچاو و جەستەیان دەکەوت.

خەڵکەکە هەر بە نزیکەی خێراییەکی ئەوان بە غاردان وەدووی ماشێنەکان دەکەوتن و بە ڕاکردنی نیوەبازدانەوە پڕیان بە دەستکەوتەکەی خۆیاندا دەکرد و لە کاتی هەڵگرتنەوەیاندا بەر یەک دەکەوتن و بە سەر یەکدا دەکەوتن. هەر کەسێکیش بە پەنجەی هەڵکەوت لە ئوتومبێلەکانیان نزیک بکەوتایەتەوە یەکێک لە پاسدارەکان بە چەکەکەی خۆی، ئیتر بە لوولەکەی یان قۆناخەکەی بووایە، لە کابرای دەسرەواند و بە دوو تێخوڕینی دەسەڵاتدارانە کابرای لە خەت لادەری بە فارسیەکی شڕ و کێویلە دەهێنایە تکای بەخشین.

ئێستا کاتێك كزەباكە دەنگی بەسەرهاتی ئاختیوەرەکانی بۆ لای گوێی دەهێنا، ئەو دیمەنانەی بە ئەسپایی لە دوورەوە دەبینی.

هەندێک لە قوتووە شیرەوشکەکان زۆر بە تونديی و بە خێرایی فڕێ دەدران.

یەکێکیان بە بەرچاوی فریشتەوە یەک و دوو سێ ... زرمەی لە سەری مامەپیرەیەک هەستاند و ڕاستەوخۆ دای بە زەویدا. فریشتە قوتووە شیرەوشکەکەی دەبینی بە هەواوە ڕووەو مامەی پیر لە گوڕدا بوو. لەگەڵ چاویەکانگیربوونی لەگەڵ قوتووە شیرەکە هەستابووە سەر نووکی پێ و دەیویست بەرەو ڕووی مامەپیرە ڕابکات و نەهێڵێت بە ری بکەوێت، بەڵام هێندە بە خێرایی ڕوویدا کە لەگەڵ زرمەی سەری مامەپیرەدا، لە جێی خۆیدا بە واقی ورماوەوە ڕاچڵەکی. پاش تلبوونەوە و چەند خولخواردنێک خەڵک بە هاواریەوە چوون. زۆری نەبرد بە هەڵەداوان بردیان و پاش ئاوا نیوسەعاتێک ئامبولانسێک پەیدا بوو.

پاسدارەکان وەک نە بایان دیبێت و نە باران، بە هەمان ڕەوت و شێوە لە سەر دابەشکردنی شتومەکەکان بەردەوام بوون.

هەمان ئێوارە خەبەر هات. مامەی پیرە لە نەخۆشخانە مردبوو.

بێوەژنی خاوەن چادرەکە، ژنەکەی کاک ڕەسوڵ، باسی ئەو ڕەشەبا تونده‌ی دەکرد کە یەکەم هەفتەیان لێرە هەڵی کردبووە سەریان.

ئەو شەوە بارەش، یەک دوو دانە نەبێت، گشت چادری ئەو ناوەی لە بنەوە هەڵتەکاند بوو. خەڵک هەموو بە هاوارهاوار و زووڕەزووڕ دەستیان لە ملی یەک کردبوو تا با نەیانبات. سەرمابردوو و ترساو و خەوزڕاو. باران و سەرما و هەورەگرمە دەستی خەڵکیان بۆ بارەش گرێ دابوو تا بە ئارەزووی دڵی خۆی پێیان بکات.

ئەو شەوە چەندین نەخۆش مردن. ساخەکانیش زۆربەیان نەخۆش کەوتن.

یەکێک لە ئەوانەی ئەو شەوە مرد، کاک ڕەسول بوو. فریشتە تەنیا لە ناو دەنگی کڕووزاندنەوەکەی بێوەژندا بوونی کاک ڕەسولی هەست پێ دەکرد. ئەویش هەر وەک تارماییەکی سەر گلێنەی چاوی کە لە دیمەنێکی کاڵ زیاتر نەبوو. هیچی تری بەدی نەدەکرد. بێوەژن بە دەم وردەگلەییەوە لە بەختی خۆی باسی مێرخاسیی پیاوەکەی دەکرد.

زۆر جار تینی دەدایە بەر خۆی باشتر گوێ بگرێت، بەڵام نەیدەتووانی. چونکە هەر زوو بە زوو وژەوژێک لە ناو کەللەی سەریدا دروست دەبوو، سەرئێشەکەی لێ تونده‌تر دەکرد و ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ دەبوون و دەهاتنەوە یەک. ئینجا زرمە ناقۆڵاکە لە ناوەوەیدا پەیدا دەبووەوە و پڕ بە ناخی دەتەقایەوە.

دەیویست و حەزی دەکرد بیر لە ماڵەوەیان بکاتەوە، نەیدەتووانی.

دەیویست بیر لە ئازاد بکاتەوە، وەلێ هیچی وای وەبیر نەدەهاتەوە. چەند ڕۆژێک لە ئەمەوبەر ناسکۆڵ دەستی خستبووە ناو دەستی و سوعبەتی لەگەڵدا دەکرد. پاشان هێدی هێدی کردی بە باسی جدی و دووایی پێی ڕاگەیاند کە ئازاد ژنێکی تازەی مارە کردووە.

کەمێک چاوەکانی خۆی گلۆفت و دەیویست باشتر لە گڕی ناو تەنەکەکە ورد بێتەوە. هەر ئاگرەکەی بە تەڵخیی دەبینی. ئامادەبووانیش هەموو لە دەمەتەقێیەکی کەمێک بەرز و کەمێک نزمدا دۆخێکی گەرمیان بۆ خۆیان تەنیبوو. نە دەهاتەوە بیری، ئایا لە خەونیدا ناسکۆڵ ئەوەی بۆ گێڕایەوە یان هەر بە ڕاستیی وا بوو.

کاتێک بیستی ئازاد گوتویەتی "فریشتە بە ساخیی بە کەڵک نەدەهات، چ جای لایەکیشی پێوە نەمابێت" ئازاری پێ گەیشت. ئازارێک، لە هەموو ئازارەکانی جەستەی پێکەوە، تووندتر و تیژتر و سڕکەرتر بوو. ئازارەکە لە مێشکی دابوو. وەک ئەوەی بە شەق لە ناو سکیان هەڵ دابێت. هێزی ئەژنۆی شکابوو و هەناوی کەوتبوو.

"با مامۆ حاجی بێخود خۆیان هەڵیبگرنەوە. خۆ پیاو سەیارەیەکیش بکڕێ گەرانتی ساڵێکی هەر لەگەڵایە ...". ئەمانە و جەندین قسەی ناخۆشی تر کە ئازاد کردبوونی بە ئەو مەبەستەی بگەنەوە گوێی ئەم.

لە دڵی خۆیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی دەبێت مامۆی باوکیشی ئاگایا تێوە بێت و پشتگوێیان خستبێت. تۆ بڵێی؟!

ئەی چۆن مامۆی ئازاد دەیبیستنەوە و مامۆی ئەمان نایبیستنەوە؟ تۆ بڵێی مامۆی باوکم شتێکیان لێ بە سەر نەهاتبێت؟

پرسیارەکان وردەوردە بە ئەژماردتر و سامناکتر دەبوون. ئەمیش لە بەردەمیاندا هێندەی تر بچووکتر دەبووەوە.

بەرچاوی هێندەی تر ئێڵ بوو. هەناسەی تا ڕادەی وەستان، سوار بوو.

ئینجا زرمەکە لە سەری دا هەستایەوە و لە ناو خۆڵباران و گڵبارینەکەدا کە خۆی بە هەواوە فڕێ دەدرا، گوێی لە قیژە بە زریکەکە کتوپڕەکەی کەویار بوو:

ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا

- بزانە، سەددام چی پێ نەکردین، ئەوەتا وا لەگەڵی ئاشتیش بووینەوە و ...

وەک شتێک ئاگای تێوە بوو کە خەڵک بە سەر سەریەوە کۆمەڵیان بەستبوو و قسەیان دەکرد و دەهاتن و دەچوون، بەڵام هیچی نەدەبینی. وەک ئەوە بوو لە خەونیدا بێت گوێی لە پووڕەئەڵماس و ناسکۆڵ و ئەوان بوو بە قوربان و بە ساقەی دەبوون و نەیدەتووانی وەڵامیان بداتەوە. تەنیا دەنگەکان بە کزیی بەر گوێی دەکەوتن و دەیزانی لەگەڵ ئەویانە و دەنگی ناسیاوەکانی دەناسیەوە. هەر ئەوەندە بوو ئیدی هێندەی تر بەرچاوی ڕەش بوو و ئاگای لە هیچ نەما.

کاتێک وەئاگاهاتەوە پووڕەئەڵماس لە لایەوە دانیشتبوو. دەیزانی دووبارە هێناویانەتەوە بۆ هەمان نەخۆشخانە. پووڕەئەڵماس لەبەرخۆیەوە قسەی بۆ دەکرد "ئەوە دوو ڕۆژە لێرەی، زۆرتر ڕات ناگرن. جارێ دختۆرەکان نازانن چیتە، بەڵام بە خوا هیچ نییە کچەکەم".

ماندوو و بە ئازار، هیچی پێ نەدەگوترا و ئەوەندەش حاڵیی نەدبوو قسەیەکی تیادا بکات. بەر لە هەر شتێک و زیاتر لە هەر شتێک زۆر شەرمی لە خۆی دەکرد کە بە سەر ئەو ماڵەوە بووبوو بە بار.

پاش کەمێک قسەی لا بە لایی و کورت پووڕەئەڵماس پێی گوت "کچەکەم من ئەبێ بڕۆم. زوو یەمەوە بۆ لات و هەنێ شتی پێویستت بۆ ئەهێنم".

فریشتە بە دووا ماڵئاوایی تێ دەگەیشت. کەویاری دەکەوتەوە بیر "تۆ بڕووات بە خەبەری دڵ هەیە؟!". چاوەکانی بە فرمێسکی تێزاو ئاوسابوون و سوور بووبوونەوە.

- کچم بە خوا زوو یەمەوە بە شوێنتا. خەفەت نەخۆی.

فریشتە بێدەنگ بوو، هیچی نەدەگوت.

- ئەوە جەماعەت لەگەڵ سەددام ڕێکەوتوون. خۆیان ئەڵێن سەددام هەموو شتێکی بە کورد یاوە. هەموو شتێ کچم، هەموو شتێ. ڕاوەستە، ئەوە فەرهاد بە

تەمایە بمانباتەوە، بە خوا ئەتبەم بۆ بەغا و نایەڵم یەک کەس بزانێ. هەر پیاو زۆرن، وەڵا .... خۆ ئیشەڵا لە بەر ئەوەی ئەو نایەوی خۆت ناکوژی. ئەو ئێسکگرانەی بۆرەکەویە.

تا ئەو کاتەی پوورەئەڵماس بە دەنگێکی کزی بە خۆباوەڕەوە ئەوەی پێ دەگوت، ئەم وای دەزانی لە خەونیدا بووە ناسکۆڵ ئەوەی پێ گوتوە.

ڕاست بوو. ئازاد ژنی هێنابووەوە.

ئەوەش ڕاست بوو. مااڵی خۆیان ئیتر نەیاندەویست.

خوا دەزانێت ئازاد چی پێ گوتون. ڕەنگە هەر هیچیشی پێ نەگوتبن.

ڕەنگە وایان زانیبێت خەتای خۆیەتی مینەکەی پیادا تەقیوەتەوە. ئەگەر لە ماڵەوە بە حەیا و حورمەتەوە دانیشتایە، مین لە ئەو دەشتە پیایدا نەدەتەقیەوە.

لە ژێر باری خەم و نارەحەتییدا جەستەی داتەپا بوو.

- کچم، دنیا دەوران دەورانە. هەر وا نامێنێ. خۆت بگرە و خۆت ڕاگرە، خوا خۆی هەموو شتێکت بۆ ئەسازێنێ.... بەڵام پەلەی لێ مەکە. بزانە سەددام چی پێ نەکردین، ئەوەتا وا لەگەڵیشی ئاشت بووینەوە و ئەویش هەموو شتێکمان ئەیاتێ. هەر ئینسان پەلە نەکا، کچم، ئەوانە زەرەر ئەکەن کە بۆ خۆیان ناژین، کچم تۆش تاوێ بۆ خۆت بژی!

فریشتە چاوی لە چاوی بڕی بوو. پوورەئەڵماس درۆی لەگەڵ خۆیدا دەکرد.

- ئەی چۆن؟ هەر مەرگە هیچ شتێ جێگای ناگرێتەوە، کچم. هەر مەرگ. ئینسان هەر بە ڕۆح زیندوو بێ، نەخۆشی و لە جێگاکەوتن چییە؟ بۆم نەگێڕایتەوە. با، با. ... نەوەڵا یا ڕەبی تۆبە، غەفوری ئامۆزای ئازاد مرد. چۆن مردنێ. خوا بستێک عەرز و کێلێکی پێ ڕەوا نەبینی. ئەڵێن لە بەری چۆمانەوە بە سیمەکان پەڕیوەتەوە و قایل نەبووە سەلاجەکەیان بەجێ بهێڵێت. ئەو سەلاجە

گەورەیەشی بە سیمەکەوە بەستووەتەوە و لەگەڵ خۆیا بردوویەتی. لە ناوەڕاستی ئاوەکەیا سیمەکە قرتاوە، سەلاجە و غەفوری پێکەوە بردووە.

فریشتە بە شێوەیەک لێی دەڕوانیی وەکو ئەوەی قسەی لێ دەربهێنێت.

- ئەی کچم، بەس نییە لێرە بە پیاهەڵشاخینێک و تووڕەبوونێک و مۆڕە و خێسەیەک کارەکە بۆ ژنان ئەکەن، بە خوا ئەگێڕنەوە ئەڵێن لە ئەو سنوورەی تورکیا جەندرمەکان بە شەق و بە قۆناخەتفەنگ پیاو و ژنیان تیا نەهێشتووە. ئینجا دزی لە خەڵک ئەکەن و جوێن ئەیەن و زۆریان لێ ئەکەن بڵێن تورکمانین. خەڵکێکی زۆر ئەڵێن باشە تورکمانین. ئەوانیش جیایان ئەکەنەوە و ناویان بە جیا ئەنووسن، ئیتر نازانم، کچەکەم.

فریشتە هەر دەیڕووانیی بەڵام بە کەڵکی قسە بۆ کردن نەمابوو. ئازار تا بنهەنگڵی پووڕەئەڵماس کشابوو، بەڵام بە سەر خۆیی نەدەهێنا. دڵی پڕ بووبوو لە گریان، ماسولکەکانی ڕوومەت و ئێسکەکانی شەولگە و لاچەنەی لەگەڵ ڕەوتی هەنسکەکانیدا دەبزووواند:

- ڕۆڵە بەدبەختە دڵناسۆرەکەم. ئاخ ئەو پاسدارانە چۆن شەق لە ئەو خەڵکە هەڵ ئەیەن، بە خوا بە خوا شەق لە کوڕی وا هەڵ ئەیەن لە ناو خۆمانا کەس ناوێرێ سەیری چاوی بکا، کەچی داخەکەم پیاوێکی تیا نییە هەر بە درۆش شەقێ بهاوێ. هەر بە یەک فێرن. غیرەتی میللی لە ناو ئەم قەومەیا نەماوە کچم. هەموو ئەڵێی توخمی مشکن، بەردەوکن، بەردەوک.

پووڕەئەڵماس دڵی خۆیی ئاوەڵە کردبوو و سەرقاپی لە سەر ناخی خۆی لابردبوو. بە گریانەوە دەدووا و لووتی بە فنگەفنگ دەسڕی و سەری خۆی با دەدا.

- چەند پێی دائەشکێم ئەم پیاوانە ئاوا مەزڵوم و خۆگرمۆڵەکردوو و دەست لە گیرفان ئەبینم. خوایە بە تەمای چی لە ئەم کوردە بکەی؟ خوایە بۆ حوکمەتێکت بە ئیەش نەیا، خۆ پیاوەکانیشی بگرتینایە ئاوا ژن و منااڵی وەک کەر و گا بۆ ناو ئەم مینستان و جەنگەڵەستانە ڕاو نەئەنا. خوایە خۆ ئێمە عیسامان نەکوشتووی؟!

بێ ئەوەی یەک ماسولکەی ڕووخساری بزووێت هەر وەک پێشتر لە پووەرەئەڵماسی دەڕووانیی و چاوەکانی لە قوواڵایی خۆیان و لە ژێر سەنگی فرمێسکدا، ون بووبوون. پووەرەئەڵماسیش لە سەر تروێکی ئەزموونی تەمەن ڕاوەستابوو و لە تارماییەکی دەڕووانیی کە لە ناو دۆڵی هەزار بە هەزاری ژیاندا لە وێنەی منداڵیی خۆی دەکرد کە دووبارە لە سەرەوە دەستی پێ دەکردەوە. هەروەک ئەوەی پێکەوە لە هەمان تارمایی بڕووانن چاویان بڕیبووە هەمان خاڵ و بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت دەستی یەکیان لە سەر دووڕیانی گەرمیان و کوێستانکردنێکی یەکتر بەجێهێشتن بۆ دووا جار دەگووشی.

سەد ساڵ لە ئەمەوبەر، لە ڕێکەوتی ئەم دووانەنەی ئێستای ئەماندا، دووا کوندەپەپوو، کوندەپەپوویەکی خاکیی بەڵەکی خاڵ باریکی ڕەش، چاو گەورە و چەناگە کورت و قیت، لە سەر دارگوێزێکی ڕیچی بە ئاسماناچوو پێڵووی چاوەکانی خۆیی لە شێوەی هەڵدانەوە و دادانەوەی خێرادا دەتروکاند و بیری لە مەرگی هۆزەکەی دەکردەوە کە بە درمێکی نادیار یەک یەک ماڵئاوابیان دەکرد و دەمردن. ئەمیش هەروەکو پووەرەئەڵماس، لە ژێر باری گرانی پرش و خەمدا، لە ژێر سەنگی ترس و تاکبڕبووندا و لە بەردەم مەرگێکدا کە لێی نەدەگەیشت و زۆر گەورەتر و بە دەسەڵاتتر بوو، دۆش دامابوو. سەد ساڵ لە ئەمەوبەر بوو، سەیرێکی دارستانە چۆڵ و هۆڵەکەی ژێر پێی خۆی کرد و بۆ دووا جار پێڵووی چاوەکانی خۆی دا دایەوە و ڕۆحی خۆیی تەسلیم بە شەماڵی ئەو بەرەبەیانییە کرد.

پووەرەئەڵماس لە قسە کەوتبوو و لێوەکانی خۆیی بە نیگەرانییەوە دەکروشت. قەدەرێکی پێ چوو تا خوائاگاداریی لە فریشتە کرد و بەجێیهیشت.

دیار بوو ئاغای ویژدانی چاوەڕوانی ڕۆیشتنی پووەرەئەڵماسی دەکرد، چونکە هەر لەگەڵ ڕۆیشتنی پووەرەئەڵماسدا هات بۆ لای فریشتە و دەستی کرد بە قسە. لە ئەو دووایەدا سەردانەکانی بۆ لای فریشتە زیاتر کردبوو. فریشتە بە تایبەتیی هەستی بە هاتن و هەبوونی ئاغای ویژدانی نەدەکرد و ئاگادار نەبوو چەند زووزوو دێت بۆ لای، بەڵام دەیزانی دێت و قسەی دەکات و وشەکانی سەنگ و قورساییەکی تایبەتییان نەبوو. ئاغای ویژدانی لەگەڵ فریشتە دەدووا و جاروبار وشەیەک یان چەند وشەیەکی کوردیشی تێ دەکرد. کاتێکیش بە زمانی خۆی دەدووا، وشە فارسیەکانی ڕیز دەکرد و لەسەرخۆ و بە هێمنی

ددانی پیادا دەنان و هێندەی تر دەنگی وشەکانی درێژ دەکردەوە. لێتێگەیشتنی کارێکی زەحمەت نەبوو.

کابرا زۆر ناحەز دیار نەبوو. بە ڕووالەت لە پیاوخراپێکیش نەدەچوو. بەڵام کاتێک فریشتە لە خەو یان لە خەیاڵێکی قووڵدا دەبوو، ئەم لە تەنیشتیەوە ڕادەوەستا و هێندە بە تامەزرۆییەوە لێی دەڕوانیی کە دیار بوو هەتا بنگوێی عاشق بە فریشتە بووبوو یان تەماحی تێ کردبوو. ئەوەشی سەیر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە تەنیشتیەوە ڕادەوەستا هەرگیز ڕاستەوخۆ لە فریشتەی نەدەڕووانیی بەڵکو لە ژێر چاوەوە و بە تیلەی چاو لێی ورد دەبووەوە.

ئەم ئێوارەیە بە ڕێزەوە بەرامبەر بە فریشتە دانیشت و سەرگوزشتەی خۆی بۆ فریشتە گێڕایەوە. بە قسەی خۆی باوکی کوردە و خۆی بە کورد دەزانێت. جوێنێکی زۆری بە سەددام و بە عێراق دا و جارجاریش لۆمەیەکی ئێرانی دەکرد. تێکەڵ و پێکەڵ باسی نەخۆشخانەی باش و دکتۆری باش و دکتۆری خزمیانی دەکرد. زوو زوو دەیگوت دەیەوێت "یارمەتی کورد بدات کە زۆر غەدریان لێ دەکرێت". ئینجا دەیگوت پێویست ناکات بیر لە پول و دەستیاو بکەیتەوە چونکە هیچ لەسەر خۆی ناکەوێت و "دکتۆرەکانی خزمی بەخۆڕایی و لە ڕاهی خودا کۆمەک دەکەن".

- بیمارستانی ئیبن سینا، ئەرێ ئیبن سینا، خەیلێ خوبە، یەک تیمارستانی ...

بۆ یەکەم جار ئەو قسانەی ئاغای وێژدانی سەرنجی ڕاکێشا و قسەکانی بە ئاغای وێژدانی بڕی:

- بیمارستان؟

- نا، نا. نا، تیمارستان، نە بیمارستان. بیمارستانی ڕەوانی.

ئاغای وێژدانی بە پەنجە ئاماژەی بۆ سەری خۆی دەکرد.

فریشتە حاڵی نەدەبوو، بەڵام تێگەیشت کە مەبەستی لە نەخۆشخانەیەکی دەروونییە.

- بەڵی، تیمارستانی ئیبن سینا. خانم ببین، ئین تیمارستان خوبترین تیمارستانی دونیا ئەست. بە امام علی قەسەم، خەیلێ خوبە.

فریشتە بە شەڕەشەق، بە پەنجەکانی و بە چاو و بە دەم، سەبارەت بە دوورونزیکیی بیمارستانەکە پرسیاری لێ کرد. لە سەرەتادا ئاغای ویژدانی هەر یەکسەر وەڵامی دایەوە "کرماشان، بەڵام پاش کەمێک وەک پەشیمان بووبێتەوە، بە سەر خوراندنەوە پێی گوت کەمێک دوورترە و لە ئەولی کرماشانەوەیە.

فریشتە دۆش دامابوو. دەیویست باش و خراپی ڕۆیشتن و نەڕۆیشتن لێک بداتەوە، بەڵام نەیدەتووانی باش بیر بکاتەوە. نەیدەتووانی هەر بیر بکاتەوە، بەڵام شتێکی واش نەبوو بە کۆسپی دابنێت. مرۆڤێکی وەک ئەم چ زەرەرێک دەکات؟ زەرەر لە چی؟ هەر ئەوەندەی پوورەئەڵماس بگەڕێتەوە و بۆی باس بکات. مانگێک دەبوو کابرای لە ئەو هاتنوچوونەیدا دەناسی و هەمووان باسیان دەکرد کە یارمەتی خەڵک دەدات. ئەوەشیان دەگوت کە هەر یارمەتی ژنان دەدات، چونکە بە زەعیفە و لاوازیان دادەنێت و گوێ بە پیاوان نادات، بەڵام بە دین و لە خواترسە و زۆر جاران هەر لە ناو ژووری نەخۆشەکان و ڕێڕەوەکاندا نوێژ دادەبەستێت و دوعا بۆ هەمووان دەکات.

فریشتە تینی دەدایە بەر خۆیی و بیری دەکردەوە. "چ زەرەرێک دەکەم؟" "لە چی بترسم، کێ مرخ لە بێبانێکی هەر دەم نەخۆشی وەک من خۆش دەکات؟".

ئەو وشانەی دووایی بە دەنگی بەرز کرد، چونکە ئاغای ویژدانی هەڵی دایە:

- ڤەلا نەمیدونەم چی میگیی، خانوم.

ئاغای ویژدانی لە سەرەتاوە دەستی پێ کردەوە. خوریەکەی وا دەڕست فریشتەی بە قسەکانی ڕازی کرد. بەشکم خوا بکات چاک بێتەوە. ئاغای ویژدانی بۆ سبەینێکەی مەرەخەسیی وەردەگرت و تا دوو هەفتە پێویست نەبوو کار بکات. بە قسەی خۆی "مەن موطمەئینەن بە مودەت دوو هەفتە بە شوما کومەک خواهم ...".

فریشتە نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات "مەمنوون، سوپاس، تەشەکور". هەر لە خۆیەوە وشەی لە زار دەفڕی و پێی وابوو زمانی ئاغای ویژدانییە. کاتێک دێتەوە

پوورەئەڵماس بە باشتربوونەوەی دڵخۆش دەبێت. بەشکم تەنیاییەکە هانی بدات بتووانێت لە سەر پێی خۆی ڕابووەستێت و بتووانێت ڕوونتر بیر بکاتەوە. دووبارە سوپاسی ئاغای ویژدانی کردەوە. ئەم جارەیان بە دەست و بە سەر و بە هەردوو چاوی.

پاش ڕۆیشتنی ئاغای ویژدانی هەر وەک هەموو جارێکی تر کەوتەوە خەیاڵی قوونڵەوە. لە خەیاڵەکەیدا چاک بووبووەوە و ئەم ژیانە تاڵە ناهەمواری ئێستا پایدا تێ دەپەڕێت، وەک ئەوە بوو خەونێک بوو بێت. کەویار پزیشکیی دەکرد. کەویار پزیشکی بوو، هاوڕێی تەنیا و بێکەسیی بوو، کچی دڵسۆزی بوو. لە خەیاڵیدا لەگەڵ ماڵەوە و ئازاد و ناسکۆڵ و ئەواندا هەموو پێکەوە بوون.

- "نا، بخور، بخور، خانوم، هەمێ چیز خوب میشێ ..."

١٩٩١/٥/٢٦ یەکشەممە، تەرمینالی کرماشان

لەگەڵ ئاغای ویژدانی سواری سەیارەیەک بوو. لە ناو هەمەتوێی بەخۆنامۆبوون و دڵشکاوی و ئازار و گوماندا هەموو جارێک موچوورکێکی ساردی بە دڵدا دەهات، بەڵام زەردەخەنە گەرم و شێوە قسەکردنە ئارامەکەی ئاغای ویژدانی دڵی دەهێنایەوە شوێنی خۆی.

سەعاتەوەختێک کەمێک زیاتریان پێ چوو گەیشتن بە شارێک کە گەورە دیار نەبوو. فریشتە هێندە تێگەیشت شارەکە ناوی "ڕەوانسەر" ە و بە تەواوی سەروسیمای شارێکی کوردی پێوە دیار بوو. دڵی چرپاندی بە گوێیدا کە نەخۆشخانەیەکی لە ئەو بابەتە بۆ وا لە شارێکی گەورەی وەک کرماشان دوور بێت. دڵی داخورپا. "تۆ بڕووات بە خەبەری دڵ هەیە؟" کەویار لێی دەپرسی.

هێندە ڕای خۆی گۆڕی بوو هەم شەرمی دەکرد بپرسێت و هەم چیتر تووانای شەنوکەوکردنی نەمابوو. ڕاستە، زۆر دوور بوو لە شوێنی دڵ، دڵ لە کوێ و ئەم لە کوێ، بەڵام هێندەش خۆی بە نامۆ نەدەزانی لە ئەوە دڵگرانتر ببێت کە بوو. کاتێکیش بیری دەکردەوە کە لە ئەو ئازارە ناخۆشە، لە ئەو تەقینەوەیەی لە سەریدا ڕوو دەدات، لە دەنگی قریشکە و زریکەی کەویار بە ئاسمانەوە، لە ورتەورت و چپەچپەکانی ناو کەللەی سەری و لە هەموو ئەو شتانەی دیکە ڕزگاری دەبێت، کەمێک بۆنی هەوای بەخت، بۆنی ئەو ئاوەی بێچووەکیسەڵەکانی بۆ لای خۆی بەکێش دەکرد، دەگەیشتە لووتی. باڵەکانی ئەمیش هەر وا کورت و بچووک لە باوەشێنی قەستی مندااڵنەی دەکرد.

خەمی چی بخوات؟ ئەوان ژنانی ساخ و تەندروست بە زەعیفە دادەنێن نەخوازەڵا ژنی نیوەشێت و سەقەت و پەککەوتەی وەک ئەم. مەگەر کەسێک تێک چوو بێت ئازار و زەرەری باڵندەیەکی وەک ئەمی بوێت.

لە سەفەرەکەیدا لە پاوەوە بۆ کرماشان کە ئاوا دوو سەعاتێک کەمێک زیاتری پێ دەچوو هەموو سەرێکی بە سااڵێک لێ تەواو دەبوو. هەستێکی چەند ناخۆش بوو کاتێک کاتی لێ دەبوو بە بەاڵ. ئەم جارەیان ئەو سەعات و شتێک ڕێگایە هەر بەشی یەک دوو دااڵغەی کرد و گەیشتن. هەر ئاوا دە خولەکێکیش سواری تاکسیەک بوون و بە ماڵی ئاغای ویژدانی گەیشتن. ئاغای ویژدانی هەر وەک لە شتێک بە شک بێت، زۆر زوو، بە پەلە دەرگاکەی لە پشت خۆیانەوە داخست و دەستی فریشتەی کەمێک بە تونڈی گرت و بردیە ژووری. فریشتە کەسی لە ماڵەکەدا بەدی نەکرد. ماڵەکە چۆڵ بوو.

- ئێرە، ئونجا، ئینجا .... بیمارستان نیەس، نیە ... نیست.

- نە، نە، عەجەلە نەکون، فەردا، فەردا.

ئاغای ویژدانی بە هەر دوو دەستی و لێو و دەمی مانای بە وشەکانی دەدا و کاتێک دەیگوت "فەردا" باڵی ڕاستی بەرەو پێشەوە بە نیوەکەوانیی فڕێ دەدا.

ئاغای ویژدانی لە هێورکردنەوەی فریشتەدا سەرکەوتوو بوو. زوو تێی گەیاند کە دایکی ئاغای ویژدانی چووە بۆ ماڵی براکەی و هاکا گەڕایەوە. هێندەش دەست و چاوی خۆی بە دەم قسەکردنەوە بزووااند هەندێک جار ڕووە گەرمەکەی نەدەما و چاوی شکڵی چاوی ساحیرێکی دەگرت و بڕۆکانی - ئا، ئا لە ئەم کاتەدا بیری کەوتەوە – بڕۆکانی هەر وەک بڕۆکانی ئیمام کە ئەم لە ئەوێنەکانی سەر جادەکاندا دەیبینین، بە ئاسماندا دەچوون.

دەستی فریشتەی گرت، ئەم جارەیان بە ئارامیی بێ ئەوەی مەچەکی بگوشێت و ڕای بکێشێت، بردی و ماڵەکەی نیشان دا. ئاودەستێک و ژوورێک و پشتەیوان و کەلەگێیەک. پاشان بردیە ناو کەلەگێکە کە دیار بوو بۆ دانیشتنیش و خەوتنیش بوو.

ئاغای ویژدانی چایی دەم کرد و هەندێک شیرینیی هێنا و بە ئیشارەت لە فریشتەی گەیاند بیخوات و دووبارە بە ئیشارەتەوە پێی گوتەوە: "مادەرم هەر لەحظە خونە خواهید بود". ئەرێ، مامانم، دایە، دایەی مەن. خونە ... خونە.

هەر ئەوەندەی گوت و چووە دەرەوە.

فریشتە کەمێک ئارام بووەوە. ژنێک لێرە بێت باشە. دایکی ئاغای ویژدانی بێتەوە بۆ ماڵەوە باش دەبێت. لە پەنجەرەی ژوورەکەوە ئاغای ویژدانی دەبینی قۆڵی هەڵکردبوو و بە مەسینەیەکەوە لە حەوشەکەدا بە لای دەستەچەپدا پێچی کردەوە.

ئازارەکەی بنقۆڵی کەمی کردبوو و سەرئێشەکەیشی گۆڕابوو بۆ قەتماخەیەک سڕ بوون و لە لێڵیەک کە بەر چاوی گرتبوو. لە بریتی ئازار تەنیا هەستی بەگێژییەک دەکرد. ئێستا کەوتبووە بیر کردنەوە و نەیدەزانی چۆن دووای ئەو پیاوە کەوتووە.

خەیاڵەکانی ناخۆش بوون.

کەویا زوو زوو پێی دەگوت: "تۆ بڕووات بە خەبەری دڵ هەیە؟".

کێ دەڵێت پیاوخراپێک نییە؟

لە هەستی بێکەسیی و ئاوارەیی خۆیدا، لە ئەو ژوورە کە هەروەک خۆرەتاو ساڵەهایەک بێت نەیگرتبێتەوە، زۆر فێنک یان نسرم بوو. جۆرێک لە شێی کەڕووگرتوو لە هەواکەیدا پەنگی خواردبووەوە.

ڕەنگ و ڕووی لە بەر بڕا بوو. نیوەی ئەو دڵگرانییەی هەر بە ئەو نیوسەعاتە کاتەی ئەم دووایییە لێی پەیدا بووبوو. لە ئەو ژوورە بۆسارد لێهاتووەدا دانیشتبوو و هیچی وا شایان باسی شک نەدەبرد خۆیی پێوە مەشغوڵ بکات.

تازە ئەم نەمێردی هەیە نە کەس. هەر پوورەئەڵماس و ناسکۆڵی شک دەبرد. ئەوانیش لێی تێ دەگەن. کێ هەیە بە دووای دەرمانی دەردی خۆیدا نەگەڕێت؟

ئاغای ویژدانی خۆی کرد بە ژووردا. هێشتا هەر قۆڵی هەڵکراو و تەڕ بوو. قورئانێکی بە دەستەوە بوو و یەک دوو جار لە سەر یەک ماچی کرد. بەرامبەر بە فریشتە دانیشت و بە ئەسپایی کەمێک ئەو سینیەی خستە لاوە کە کتری و قۆریەک و دوو پیاڵە و شەکردانێکی لە سەر دانا بوو. ئینجا هەر وەک بیەوێت ئایەتێک بخوێنێتەوە لاپەڕەیەکی هەڵ دایەوە و پشتی خۆی کەمێک چەماندەوە.

ئینجا کەمێک لە فریشتە ڕاما و سەری کەمێک بەرزتر کردەوە و بە فریشتەی گوت کە ئێستا خۆیان وەک دوو کەسی بە تەمەن بە شاهیدیی ئەو قورئانە و لە سەر ئەساسی ئیسلام و بە تەریقەی مەزهەبی شیعە عەقد دەکەن. لەگەڵ بە سەر پرسیارکردنەکەی خۆیدا هەر دوو چاوی بە پڕپی کردبوونەوە و برۆکانی چووبوون بە هەوادا و دوو جار لە سەر یەک وشەی "عەقد" ی دووپات کردەوە.

فریشتە تێ نەدەگەیشت. ئەم دیمەنەی لە کوێی تر بینی بوو؟

ئا، کاتێک کە ئازاد مارەی کرد.

- نا، نا، نا، دایە، دایک ... ماداری تۆ، شوما ... کەی دێتەوە؟
- خانوم، صەبوور باش، لوطفەن صەبوور باش

فریشتە تێ گەیشت بە ڕاستیی لەگەڵ ئەمیەتی و خراپتێگەیشتنێک ڕووی نەداوە. ئاغای ویژدانی بە جیدی بوو. ئیتر بە سەر بادان و بە "نا، نا، نا" ەوە بە قنەخشکێ تۆزێک چووە دوواوە. بە فارسیەکەی خۆی تێی گەیاند کە مێردی هەیە، ئاوارەیە، نەخۆشە و مینی پیادا تەقیوەتەوە و لە ئێران میوانە. هاکا خزموکەسوکار هاتن بە شوێنیدا و لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە.

- مێردم هەیە، مەرد، ئا ئا .... مەرد ... مەن

ئەوەیشی تێ گەیاند کە ئەم وەک باوکی خۆی لە ئەو دەڕووانێت. دووایی پەشیمان بووەوە نەکا بە وشەی باوک تووڕە ببێت. وشەکانی گۆڕی و بە ئاماژەی پەنجە و دەست و دەموچاوی قسەی بۆ ئاغای ویژدانی دەکرد.

- تۆ، شما، شوما برای مەنی، تۆ برای مەنی، مەن خوشکی تۆم، خەیار ... نا، خایەر... خایەری، خاهیری تۆم. من و شوما دکتۆر، بیمارستان ... نەخۆشخانە، خەستەخانە ...
- ئەرێ، ئەرێ، ئینشائەلّا تیمارستان هەم بشێ.
- ئا، ئا، دەم خۆش، تیمارستان. مەن و تۆ، شوما تیمارستان، دکتۆر

ئاغای ویژدانی باش لە فریشتە ێ دەگەیشت. خۆی لە قسەوباسەکان دەدزیەوە. فریشتە بە تەمای شارێک بوو گەورەتر بێت لەکرماشان و تیمارستانێکی بۆ چارەسەری دەردی ئەم تیادا بێت. ئا لە ئەوێدا دڵی پڕ بوو لە گریان و لێو و لچی لەگەڵ دڵپڕبوونەکەدا لۆچ دەبوون.

- خانوم، سەددام کافر ئەست. مەن موسلمانم –قورئانەکەی بەرز کردبووەوە و لێی دەڕووانیی.
- بەڵێ، بەڵێ سەددام کافرە، فاشیستە، سەگوسەگبابە ... بەڵام مەن حەق نەدارم، حەقم بە سەر ئەوەوە نییە ...
- خانوم، مەن بە شوما گوفتەم، مەن موسلمانەم، شوما هەم موسولمان هەستی، مەگەر نا؟

لەگەڵ ئەو وشانەدا ئاغای ویژدانی تووڕەتر دەبوو. فریشتە ڕووخساری ئیمامی ناو وێنەکانی سەر جادە و حەوشە و دیواری نەخۆشخانەکەدا دەبینیەوە.

- مەگەر موسلمان نیستی؟ عەروسیی ...

فریشتە قسەکانی پێ بڕی. دەیزانی و لە ئاغای ویژدانی تێدەگەیشت.

- مەن عەروسییم ناوێ، نا، نا.
- مەگەر موسلمان نیستی؟ چە قەدەر عەجیب، جە قەدەر غەریبی ... چە عەجیبی.
- ئا، ئا، دەم خۆش، من غەریبم، ئاوارەم ...

فریشتە نەیدەزانی ئاغای ویژدانی مەبەستی ئەوەیە کە ژنێکی سەیرە، نەک غەریب، بەڵام هەر لە سەر "نا نا نا" ەکەی خۆی بەردەوام بوو. لە حیرسدا ماسولکەکانی لەشی کۆ و جیر بووبوونەوە و پەنجەکانی کردبوون بە مست و توند توند گرمۆڵەی کردبوون.

- مەن قەبول میکونەم خانوم ... عەروسی. زەنان بایەد قەبول کوننەند.

- من ئاوارە و لێ قەوماوم.

فریشتە تا نزیکەی نیوە هەستاو ڕاستبووبووە و لە دەرگاکەی دەڕووانیی. بە دەستی ڕاستی توند بنباڵی دەستی چەپی خۆی گوشی و تێی گەیاند کە ژنێکی بێ باڵ و کەمئەندام و بەستەزمانە.

- لەعنەتی، حاڵان بەس کون. مەن شوما قەبول میکونەم ... عەروسی ... خانوم ئیزدیواج هەدیەی خودا است. ئایا بە هەدیەی خودا، بە فەضڵی خودای بزورگ، نەمی گویید؟

ئاغای وێژدانی سەبری نەمابوو. بە دەم قسەکردنەوە قورئانەکەی لەگەڵ خۆی برد و لە فریشتە نزیک بووەوە و بە "ششێک"ی بە دەنگ داوای لە فریشتە کرد بێ دەنگ بێت و هیچی تر نەڵێت. ئەوجا دەستی بە خوێندنەوەی قورئانەکە کرد.

فریشتە خۆی پێ نەگیرا. زوو هێزی دایە بەر خۆی و ویستی هەستێتە سەر پێ کە ئاغای وێژدانی بە تووندیی زرم کێشای بە لای چەپی دەموچاوی فریشتەدا و بە لا پانەکەی قورئانەکە هەشت نۆ جار لە سەر یەک، بە تووندیی کێشای بە جێ برینەکەی باڵی چەپیدا و شوێنەکەی کوتایەوە.

فریشتە لە تاو ئازار دڵی سارد بووەوە. دەنگی دەرنەدەهات و دەست و قاچی نەدەبزووا. لە ترساندا بیلبیلەکانی چاوی دەرپەڕیبوون و بە دەم خۆخواردنەوە لە سەر ئەو فەرشە کۆنە گوڵگوڵییەی سەر عەرزەکە دەمووت و ناوچاوانی خۆی دەخشاند و چنگی لێ گیر دەکرد. دەیوسیت هەڵسێت نەیدەتووانی. بە گاوگۆڵکێ کەمێک ڕۆیشت کە ئاغای وێژدانی لە دووەوە بە بنی پێی کە نەعلێکی لاستیکی لە پێدابوو لە سمتی فریشتەی هەڵ دا.

فریشتە دووبارە کەوتەوە، بەڵام هەر دەیویست بە قنەخشکێ خۆی دوور بخاتەوە. فرمێسک و لیک تێکەڵ بە یەک بووبوون و بە دەنگی بەرز دەگریا. بە کوردیەکی شکاوی پڕ وشەی عەرەبیی و فارسی بێ هووده هەر "خوا و ئەڵڵاو خودا" ی ڕیز دەکرد. ئاغای وێژدانی بە دەنگی بەرزی گریانەکەی تووڕەتر بوو. بە هەمان پێی سێ چوار جار بە لەقە کێشای بە جێگای برینەکەی قۆڵیدا.

فریشتە بە دەم ئازارەوە لە هۆش خۆی کەوت.

کاتێک بە ئاگا هاتەوە نەیدەزانی سەعات چەندە. تاریک داهاتبوو. گڵۆپێکی تا ڕادەیەک کز لە ژوورەکەدا داگیرسابوو. هیچی وای نەدەبینی شایانی باس بێت. بەرچاوی تەڵخ و جەستەی لاواز. ئازار لە جەستەیدا نەبوو، بەڵکو هەموو جەستەی لە دەریایەکی ئازاردا بوو. لە کۆش و باوەشی ئازاردا بوو. بۆ یەکەم جار بوو هەست بە دۆخێکی لە ئەو شێوەیە لە ئازار بکات. وەبیری دەهاتەوە: چەند جۆر ئازار هەن؟

ئێستا هەستی کرد ئاغای ویژدانی ئاوی بە سەروچاو و سینگ و شانوملیدا کردووە. سەرمای بوو. تەڕییەکە جلکوبەرگەکەی بە لەشیەوە نووساندبوو. برینەکەی تەڕ بووبوو. چیتر پەنجەکانی بۆ نەدەنووشتانەوە و نەیدەتووانی بیانکات بە مست. ئاغای ویژدانی فریشتەی بە پشت نووساندبوو بە دیوارەکەوە و بە سێ چوار باڵنجی جیاواز لەنگەری ڕاگرتبوو.

- خانوم، بە فضڵی خودا نە نەگوییدە. بایەد باهوش باشی.

ئاغای ویژدانی شیرینیەکەی هەڵگرت و چووە بەردەمی فریشتە کە بە کوڵ و بە دڵ دەگریا. دانە شیرینیەکی هەڵگرت و خستیە ناو دەمی خۆی و دەستی بە جوینی کرد. لەبەر خۆیەوە یەک دوو جار "بارەکەلا" ی کرد و دانە شیرینیەکی لە دەمی فریشتە نزیک کردەوە. فریشتە ئارەقێکی ساردی دەر دبوو، فرمێسک بە ڕوومەتیدا دەهاتنە خوارەوە و تێکەڵ بە لیک و ئاوی دەم و لووتی دەبوون و دەمی بۆ شیرینیەکە نە دەکردەوە.

قژی بە هەموو لایەکدا بە ئاڵۆزکاوی بڵاوبووبووەوە و بۆ گوتنی "نا" نەبێت، زاری قوفڵ کردبوو.

ئاغای ویژدانی پاش کەمێک دەست ڕاگرتن بە زۆری زۆرداری شیرینیەکەی لە دەمولێوی فریشتە هەڵسووی کە بە شێکی زۆری نە دەچووە ناو دەمی فریشتەوە و هەر وا بە پارچەپارچەیی دەکەوتنە خوارەوە بۆ سەر سینگ و کۆشی و کەمێکیشی بە فلیقاوەیی لە سەر ددانەکانی دادەنیشت. شیرینیەکە، شیرینیەکی ئاردیی تا ڕادەیەک وشک، تێکەڵ بە سوێریی فرمێشک و لیکاوەکەی دەمولێوی دەبوو کە خستیە کۆکەکۆک و هەناسەی سوار بوو.

- چە سیرکی لەعنەتی. چە سیرکی لەعنەتی ئینجا میگوزەرە

لە پڕێکدا هەروەک بووبێت بە مرۆڤێکی تر تەزووی دەنگی گۆڕا و قورسیی و گرژبوونەکەی دەست و باڵی ئاغای ویژدانی خاو بووەوە و بە دوو پەنجە بە دەم "بارەکەڵلا" و "ماشائەڵلا" ەوە کەمێک لە تاڵە قژە پێچخواردوو و ئاڵۆزکاوەکانی فریشتەی بەرەو لای گوێچکەی بۆ داهێنا:

- نا، بخور، بخور، خانوم، هەمێ چیز خوب میشێ ...

بە پەلە قورئانەکەی کردەوە و پەنجەی لە سەر لاپەڕەیەک دا نا و دەستی بە خوێندنەوەی ئایەتێک کرد کە هەر خۆی تێ دەگەیشت چی دەڵێت. هەر بە هەمان پەلەکردنیش قورئانەکەی کەمێک بە هێواشی فڕێ دایە ئەو لاوە و خۆی بە سەر فریشتەدا دا. جلکوبەرگەکەی بە نیوە ڕاتەکاندن و ڕاکێشانەوە ئەوەندەی پێویستی پێ بوو، لە بەری داترازاند. لەگەڵ هەموو جووڵەیەکی ناڕازیی فریشتەدا، توند بە برینەکەی قۆڵیدا دەکێشا و فریای زللەیەکیش دەکەوت و لە سەر کارەکەی خۆی بەردەوام بوو. داکەندن و ترازاندنی جلکوبەرگ و سرەواندن لە برینەکەی قۆڵی و لە دەموچاوە تەڕەڕ گەرمداهاتووەکەی فریشتە.

فریشتە بە دەم خۆڕاتەکاندنەوە دونیای ئازاری بەجێهێشت بوو، بەڵام بێ هێز و بێ دەسەڵات بوو. چینێک ئارەقی ڕەشوشینی دەر دابوو. ئاغای ویژدانی دەمی پڕ کردبوو لە بەشێک لە کراسەکەی خۆی و تۆندیش بە لەپی دەستی چەپی سەر دەموڵێو و ڕوومەت و لووتی فشاری خستبووە سەر سەر و ملی.

لە ژێر ئاغای ویدانیدا بێ هووده خۆی ڕادەپسکاند هەوڵی دەدا خۆی با بدات و تلێک بە لایەکدا بدات. نەیدەتووانی هاوار بکات. هەردوو چاوی بە زەقی کرابووەنەوە و دادەخران و دەکرانەوە. لە پڕێکدا کەوتەوە ناو دەریای ئازار. جەستەی لە ناو ئازاردا دەبوو بە مۆم و دەتووایەوە.

ئاغای ویژدانی ماوەیەکی درێژ لە سەر ئەم کارەی بەردەوام بوو. ماوەیەکی وا درێژ کە ئیتر فریشتە هەروەک ئەوەی تەنها بە جەستەی لە ئەوێ بێت، نەدەبزووا. جەستەیەک

قورس، کەلاکێکی تەڕی خوێناوی و ساردەوەبوو. پاش ماندوو بوون ئاغای ویژدانی هەستا و بە دەم دوعاکردن و "ئەستەغفیرەڵڵا" و "یا رب توبە" ەوە بەرەو دەرەوە ڕۆیشت.

فریشتە پارچەپەڕۆیەک بوو. نە دەزانرا و دیار نەبوو بووراوەتەوە و لە هۆش خۆی چووە یان لە ماندوویەتیی و بێ هەناسەییدا لە پەلوپۆ کەوتووە. بە نیوەڕاکشاوی و بە نیوە ڕووت و قوتیی، بە دەموچاوی تەڕ و بە ئارەقە خوساوەبوو، بە نینۆکی خۆیی و بە پەنجە و چرنووکی ئاغای ویدانی بریندار، کەوتبوو. ڕوو لە هیچ شوێنێک لە دونیایەکی سارد و تاریکی دەڕووانیی کە بۆساردەکەی بە قوولایی ناخیدا ڕۆ دەچوو.

پاش کەمێک ئاغای ویژدانی لە جاران لەش سووکتر، بەڵام بە نیگایەکی کەمێک بە خۆی بەگومان، بەتانیەکی بە سەر فریشتەدا دا و خۆیشی چووە ژێری و لە تەنیشتیەوە لێی پاڵ کەوت.

- "... ئینجا کورد نیست، ئین شەهر شەهری فارسا است."

ڕەوانسەر: ١٩٩١/٥/٢٩، چوارشەممە، مانگی ئاغای ویژدانی

هێشتا داوی ڕەش و سپی لێک جیانەدەکرانەوە ئاغای ویژدانی فریشتەی بینی بە ڕووخساری ترساو و گومانەوە لە دەلاقەی پەنجەرە شکاوەکەوە لە حەوشەکە ورد دەبووەوە. فریشتە لەشی خۆیی بە زەحمەت هەڵگرتبوو. کەمێک کوور و جەستەی سارد و گرژ. ئاغای ویژدانی یەکسەر شکی لە فریشتە پەیدا کرد.

دەستی ڕاستی فریشتەی توند توند لە دووا وە شەتەک دا و بە هەمان شێوەش بە تووندی بە کۆڵەکەی شێلمانی ناو ژوورەکەوە بەستیەوە. بە ئیشارەت بە جوانیی تێی گەیاند کە فزە نەکات و ورتە لە دەمی نەیەتە دەرەوە دەنا دەیکوژێت. دیار بوو لە فریشتە نەدەگەیشت چۆن ئەمی بە مێرد قبوڵ نییە و ناڕازییە، لەبەر خۆیەوە سەری با دەدا و بۆڵەی دەهات.

بە مەزەنەی ئەقڵی فریشتە سێ شەو بوو لە مانگی ئاغای ویژدانی بوو. دایکی ئاغای ویژدانی لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو. هەموو جارێک ئاغای ویژدانی زەوقی هەستایە دەستی فریشتەی دەکردەوە، چینێکی لێ دەدا، بەتایبەتیی لە دەموچاوی و لە شوێنی بریندەکەی قۆڵی. بە ئەو شێوەیە فریشتەی دەگەیاندە شەرای مەرگ. فریشتە لە تاو ئازار هاواری لێ هەڵ دەستا، بەڵام هێندە ماندوو بوو، دەنگی وا نووسابوو و ئەوەندە بێ وزە بوو لە نووزەیەکی لاوازی گڕی قووڵ زیاتر هیچی تری لێ نەدەبیسترا. ئاغای ویژدانی هەر لە سەر هەمان باری پێشووی خۆی بە سەر فریشتەدا دەدا و هەتا تاقەتی هەبووایە درێژەی پێ دەدا. فریشتە، بە هەما شێوەی پێشوو، هەروەک یەکەم جار، لە پەلوپۆ دەکەوت و لە هۆش خۆی دەچوو.

ئاغای ویژدانی بە زۆر هەندێک خواردنی بە دەمەوە دەکرد و چای بە قوورگدا دەبردە خوار. فریشتە نە دەیویست بیخوات و نە هیچی پێ قوت دەدرا. لە ناخی دڵیەوە خۆزگەی بە مەرگ دەخواست. پێی وابوو باشترین دیاری مەرگێکی ئانوساتە، هەر لە ئەوێدا بکەوێت و هەڵنەسێتەوە. ڕەنگە بە ئەو سێ ڕۆژە کێشی دە کیلۆیەک دابەزیبێت.

بە تەواوی لاغەر بووبوو. تا بڵێی بێ هێز و لاواز دیار بوو. ئاغای وێژدانیش بۆ کاری دەگمەن نەبێت نە زۆر و نە کەم ژووڕەکەی جێ نەدەهێشت، بەڵام ناچار بوو بچێت هەندێک وردە شت بکڕێت. قۆری و پیاڵەی لە سەر سینیەک کۆکردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە. پیاڵەکەی فریشتە هەر وا بە پڕی چایەکەی تیادا مابووەوە.

لە ڕاچڵەکینی وەنەوزەخەوەکەیدا کە خراپ داچڵەکی، پیرەژنێکی ڕەشتاڵەی بە سااڵداچووی دەموچاو خاڵاوپی لە بەردەم خۆیدا بینی کە بە سەر سەریەوە ڕاوەستابوو. واق ورماو و حەپەساو لە فریشتەی دەڕووانیی و بە سەری پەنجەکانی لە شانی فریشتەی دەژەند.

فریشتە نەیدەزانی کات چەندە و چەند دەمێکە خەوی لێ کەوتووە. هەروەک پیرەژنەکە حەپەساو و شڵەژاو و ترساو، بە دەستی بەستراوی شەکەتدراوەوە لە خەیاڵی ئەوەدا بوو خۆی لە گرانی خەو و خەون و ئازار و ترسەکەدا دەرباز بکات.

بە سەری سووڕماوەوە لە فریشتە نزیکتر بووەوە و بە فارسی هەندێک شتی گوت. فریشتەش لێ نەدەگەیشت و جارجار وشەیەکی دەناسیەوە، بە دەم هەنسکی گریان و خۆڕاژەندنەوە بە کوردیی و بە پەلە سەرگوزشتەی خۆیی بۆ پیرەژن دەگێڕایەوە. ئاماژەی بۆ قۆڵی و بۆ ڕووخسار و جلکوبەرگی خۆی دەکرد.

پیرەژن دەستبەجێ کەوتە ئاو گەرمکردن و شت هێنانوبردن. بە زۆر فریشتەی پشیلەشۆر کرد. هەندێک جلی تازە و خاوێنی کردە بەر نوێ دیاربوون و بە ئیشارەت تێی دەگەیاند نەترسێت. دەیزانی بێ لە دەموچاو و سینگ و مەمکی هەروەها ناوسکیشی بریندار بووە. پیرەژن دەترسا ئەو ئازار و خوێنە هی خوێنبەربوونێکی جدیتر بێت. خەم بە سەروچاویەوە دیار بوو.

درەنگانێک ئاغای وێژدانی گەڕایەوە زۆر بە لایەوە سەیر نەبوو دایکی لە ماڵەوە بوو، بەڵام لە ئەوەش نەدەچوو چاوەڕووانی هاتنەوەی بووبێت. دایکی بە دەم جوێن و دوعاوە دەهات و دەچوو. ئاغای وێژدانی بە کاوەخۆ، هەروەک مەست بێت، دڵخۆشیی دایکی دەدایەوە و پێی دەگوت خەم نەخوات، چونکە لە خۆیی مارە کردووە و ماوەیەکی تر ڕا دێت.

فریشتە تۆزێک هەناسەی ئارامیی هەڵمژیبوو. لە زۆرێک لە قسەکانیان تێ دەگەیشت. لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەیدا ئەو هیوا بچکۆلەیەی لە دڵدا بوو کە ڕەنگە پیرەژن ڕێگای بدات بڕووات. خۆڕاژەندنەکەی زیادی کردبوو. لە بەر خۆیەوە دەگریا و لە پڕێکیشدا پێ دەکەنی. ڕووخساری کەویار سات نا ساتێک دەهاتە پێش چاوی "تۆ بڕووات بە خەبەری دڵ هەیە؟".

کاتێک سەرئێشە تونەدەکە تاوی بۆ دەهێنا ئیتر نە یەدەتووانی گوێی لە هیچ بێت و نە ئاگای لە هیچ دەما. هەر ئەوەندە بوو دونیا لە بەر چاوی ڕەش دەبوو. ئینجا زرمەکە لە سەریدا هەڵ دەستا و لە ناو خۆڵباران و گڵبارینەکەدا کە خۆی بە هەواوە فڕێ دەدرا، گوێی لە قیژە تیژەکەی کەویار بوو: ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا.

پیرەژن پێی وابوو فریشتە شێت بووە. ژنێکی ئاوا کە دیار بوو جوان و بە باڵا بوو هەر وا فڕێ نادرێت، دەبێت لە ماڵەباوانی ون بووبێت. تووڕە بووبوو و بە دەم ئیشارەتی دەست و چاویەوە لە ئاغای ویژدانی کورِی دەخورِی.

- هەر سبەینێ سواری ئوتومبێلێکی دەکەیت و دەیبەیتەوە بۆ شوێنی خۆی. نا، نا، سبەینێ نا. دووسبەی، با ئەو بریانەی دەموچاوی چاک ببنەوە.

- بەڵام دایە من مارەم کردووە، خۆی ڕازی بووە، بە پێی خۆی لەگەڵم هاتووە. ماوەیەکی تر ڕا دێت.

- کورە هەی ئەحمەق، مەگەر تۆ شێتیت؟ خۆت دەزانیت هەتا ئێستا سێ ژن لەگەڵ تۆ ئیدارەیان نەکردوە. تۆ خۆت دەزانی بۆ. هاوزمانەکانی خۆت، هاودینەکانی خۆت تەحەمولیان نەکردویت.

- ئەمە دەیکات، کوردە، کوردەکان تەحەمول دەکەن.

- هەی هەی هەی، کورە قوڕ بە سەر، ئەمانە کوردی کێوین، بە ئیمامی عەلی، قەسەم بە فاتیمە و زەینەب، بە سەری ئیمام، پێت بزانن هەلا هەلات دەکەن. "ئەحمق، اینها کوردی وەحشی کوهیی هەستن".

- مادەر، ئین دوختەر کەسی نەداریێ ...

- ئەی بی شعورە ئەحمق، چەطور دوخەترە بە این قەشەنگی بی کەس و بی دەرە؟ اگر کوردها بیدونن پدر تو دەر می ارند. تا دو روز کە این دوختەر کەمی وضعیش بیهتر شود حتما باید برش گردونی. ئەحمق، و ئالا حتما بە سپاە پاسداران می گەم. بخود اقای رەبانی هم می گەم ...
- مادەر تو چی میگی؟ خود ئاقای رەبانی هم ئەز این کارەها می کونێ ...
- ئاە خەفە شو ئەحمق، بە زار مەسئەلە ئەز این بزورگ تر نیشە ...

شەڕەقسەکەیان هەر بەردەوام بوو.

فریشتە لە بەر ژانی سەری، برینەکەی شانی و ناوگەڵی تاقەتی گوێگرتن لە شەڕی ئەوانی نەبوو، هێندە نەبێت لە دووریەکی تاریکەوە دڵی بە ئەوە خۆش بوو دۆستێک یان پشتێکی بۆ پەیدا بووە.

ئاغای ویژدانی کە لە ئەوە دەچوو فسی ژێر دەستی دایکی بێت و لە ئەوەبەر کەتنی زۆر کردبێت بە دەم بۆڵەبۆڵەوە دوعای دەخوێند و گلەیی لە بەخت و لە دایکی خۆی دەکرد.

ئەو ڕۆژە پیرەژن هەر خەریک بوو. بە زۆر شۆرباوی دەکرد بە گەرووی فریشتەدا و بە دەم کارکردنەوە هەوڵی دەدا دڵخۆشی بداتەوە. هەندێک جاریش لە ئەوە دەچوو فریشتە بە پیس بزانێت و حەز نەکات لێی نزیک بێتەوە.

هەندێک جاریش کە باش لە فریشتە نزیک دەبووەوە و جۆرێک لە شکستەیی کەشتی لە ڕووخساریدا دەخوێندەوە،گومانەکەی دەڕەویەوە و وەک مشورخۆرێک بە دەوروخولی فریشتەدا دەهات و دەچوو. فریشتەش هەندێک جار هێزی بە بەر خۆی دەدا و خۆی کۆدەکردەوە و دەیویست پیرەژن تێ بگەیەنێت:

- تۆ ... تۆ ... شوما کوردی ... نا مێردەکەت کوردە ... من کوردم.
- نا، مەن کورد نیستەم. مەن فارسم. ئینجا کورد نیست. ئین شەهر شەهری فارسا هست. ئینجا هەمێ فارس هەستەن. ایرانیها بفارسی حەرف میزەنەن ...
- نا ... ئەی مێردەکەت؟

- مەن نەمیفەهمەم تو چی میگی ... شوما عیراقی هەستی، مەگێ نە ...

فریشتە سەری بۆ دەلەقاند وەک بڵێ "بەڵێ عێراقیم".

ئیتر تووانای فریشتە بۆ قسەکردن لە ئەوە زیاتر نەبوو. ئێستا دەیزانی پیرەژن خوداخودایەتی لە دەستی ڕزگاری ببێت و تاقەتی ئەو جۆرە باسانە و ڕەنگە هیچ باسێکی تری لەگەڵ فریشتەدا نەبێت.

ئەو بەیانییەی فریشتەی بە ڕێ کرد دیار بوو هەم پێی خۆش بوو لێی ڕزگار دەبێت و هەم لە شتێک دەترسێت. بە زۆر کۆمەڵە تمەنێکی کاخەزیی بە لوولدراوی خستە مشتی فریشتەوە. ئەو شتانەیشی دایە دەستی کە خستبوویە تورەکەیەکەوە و زوو قاپی حەوشەی لە پشتەوە لە سەر پێوە دا. فریشتە فریای کاردانەوە نەکەوت. کاتێک دەستی هێنایەوە بۆ ئەوەی پارە و تورەکەکەی بداتەوە تازە درەنگ بوو. دەرگاکە داخرابوو. دایکی ئاغای ویژدانی دەرگاکەی ڕووەو ژوورەوە بەجێ هێشتبوو.

هەروەک پارەکە ئاگر بێت و دەستی بسووتێنێت نەیدەزانی چی لێ بکات و بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. تمەنە لوولدراوەکان و تورەکەکە بە دەستیەوە هەر وا مابوونەوە. تا تورەکەکەی لە سەر زەویەکە دانا و پارەکەی فڕێ دایە ناویەوە. ئیتر عەباکەی توند لە خۆیەوە پێچا. ئاغای ویژدانی هەر "خوب، خوب" ی بوو و هەر وەکو وەبیری بهێنێتەوە پەچەکەی بۆ دادایەوە. هەنگاوێک و دووان و دووای ئاغای ویژدانی کەوت.

لە ڕێگا ئاغای ویژدانی ترسێک دووای شانوملی کەوتبوو. ترسی هەندێک قسەی دایکی سەبارەت بە کورد ترساندی و نەیوێرا ڕووەو کرماشان بکەوێتەوە ڕێ. لە جیای ئەوە ڕووەو سنە و لە سنەوە بۆ مەریوان سوار سەیارەیەکی بەکرێ بوو. لە سەروچاویدا دیار بوو هەر لە خۆیەوە و لە پرێکدا ئەو بڕیارەی دا. سەیارەکە بە شۆفێرەکەوە پێنج کەسی تیادا بوو.

هەر ئاوا کەوتنە ڕێ دەستبەجێ کاکی شۆفێر گۆرانیەکی عەباس کەمەندی خستە سەری و پاش ماوەیەک گۆڕی بۆ حەسەن زیرەک. سەدای "هۆ کاکی جووتیار" ەکەی زیرەک کەمێک بە کزیی لە ناو بڵندگۆکانەوە بە نەرمەباڵ خۆی دەگەیاندە گوێی سەرنشینان. ڕووخساری ماتەمی سەرنشینەکان کە بەستەڵەکی گرژبوون هێدی هێدی خەریک بوو لە

سەریان دەڕەویەوە شایەتیی لە سەر دەدان کە ڕۆحی هەموویان لە سەر شاباڵی دەنگە گەرمە نەرمە قوولەکەی زیرەک وا جەستە ساردوسڕەکەی خۆیان و قاوغەچینکۆکەی ئوتومبێلەکەیان جێ دەهێڵێت و پێکەوە لە هەرد و یاڵان میوانی پیرەبەهارێک بوون.

هەر ئاغای وێژدانی بە تەنها هەستی بە بوونی خۆی و بە قورسایی لەشی خۆی لە سەر ئوتومبێلەکە دەکرد کە هەندێک جار لە هەورازەکاندا وەک بارهەڵگرێکی ژێر باری نیوەڕۆیەکی گەرم لە نرکەنرک و هرکەهرکی تین و هێز بە بەرخۆداندا بوو. ئاغای وێژدانی حەزی بە گۆرانیەکە نەدەکرد و وا دەردەکەوت دەنگەکە دەستی لە گەرووی گیر کردبێت.

فریشتە هەستی بە جۆرێک لە هێوربوونەوە دەکرد و ترسە گرانەکەی لە ناخییدا دەڕەواندەوە، بەڵام هەر وەک مۆمیایەک دانیشتبوو. بۆ هەر رێبوارێک لە ژنی ئاغای وێژدانی زیاتر لە هیچی تر نەدەچوو. وێنەی هەموو ئەو ژنە عەبابەسەر و پەچە بە سەرانەی دەهاتە پێش چاو کە لە دووای پیاوەکانەوە دەڕۆیشتن.

ئاغای وێژدانی بە ڕووالەت لە پیاوێکی لە خودابەترس و خاوەن ئەزموون و بکردە دیار بوو. هیچی تر لە سەروچاویدا نەدەخوێنرایەوە. ڕەنگی نەخۆشخانەکەی پێوە نەبوو و لە پاسداریشی نەدەکرد. ئەگەر رێبواری سەرە ڕێ سەرنجی بدایە دەیتووانی گەرمایەکی کاڵی زەردەخەنەیەکی دوور لە سەر لالێوی ڕاستی ببینێت. پیاوێک بوو نهێنیی کۆمارێکی لە پشت خۆیەوە پەنهان کردبوو.

- دە فەرموو پیاوەکە وەرە ژوورەوە، دەڵێی گورگ بە دووانەوەن!

لە ڕێگا لە پڕ یەک دوو جار دونیا لە بەر چاوی ڕەش بوو. وای دەزانی دەبوورێتەوە. ئینجا زرمەکە لە سەریدا هەڵسا و لە ناو خۆڵباران و گڵبارینەکەدا کە خۆی بە هەواوە دەبینیەوە گوێی لە قیژە پڕ دەنگەکەی کەویار بوو: ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا ئا

هەر هاوکات بە هاوارەکەی خۆی ناو تەکسیەکەی هەژاند و سەرنشینانی خستە سەر دوعا خوێندن و پاڕانەوە. یەکەم جار دوو سەرنشینەکە و شۆفێرەکە بە ڕاستیی ترسان و کابرا هەر یەکسەر ئیستۆپێکی گرت و هەموو دەستیان کرد بە پرسیار. ئاغای ویژدانی بە ڕووخسارێکی هێمنی لێقەوماوەوە هێوری کردنەوە کە "زوهرەخانمی ژنی ناساخە و باری دەروونیی تەواو نییە و ئێستا ڕووەو لای خزموکەسوکاریان بەڕێوەن". ئەوانیش بە کوردیی و بە فارسیی لەهجەدار دوعای خێری خۆیان بۆ ڕەوانە کرد و باس بوو بە باسی ئەم جۆرە بەڵایانە. ئاغای ویژدانی باری کەوتە ڕاستە و بە فارسیەکی پاراو و لەسەرخۆ درۆی هەڵ دەبەست و ژیانی خۆیی و زوهرەخانمی ژنی کردبوو بە خاوەنی شەش منداڵ. "بارەکەڵلا" و "ماشائەڵلا" لە ناو ئوتومبێلەکەدا دەبارین. هەر لە بەر ئەوە بوو قیژەی دووەم جاری فریشتە، هەرچەندە ناخۆش و چاوەڕوواننەکراو و بەترس بوو، هێندەی یەکەم جار نەیشڵەژاندن.

هەروەک بە ئاشکرا بیانەوێت جیهانە بێکەسیە تەنهاییەکەی خۆیان جێبهێڵن، هەموو پەنایان بردە بەر باسە هاوبەشەکان و بە باسی گرانیی و بەهاری تەمەن کورت و چی و چی یەکتریان داگرتەوە. ئینجا وشەی "ئیشەڵا"ی کوردەکان و "ئینشا ئەڵلا" ی ئاغای ویژدانی لە ناو هەموو ڕستەیەکدا دەبیستایەوە. دەنگی ئەوانەی چواردەوری بە شێوەیەک بۆ فریشتە ئارام بەخش بوو. ئارامیەکە جەستەیی خاو دەکردەوە و ڕووەو خەو دەیبرد و خۆیی لە چاوەڕووانیەکەی عەربەتدا دەبینیەوە.

لە ئەو هەموو حەشاماتە تەڕ و برسی و بە ڕاکەڕاکەیەی دەڕووانیی و چاوەڕێی ئازاد بوو بگەڕێتەوە. ماندوو دەبوو و خۆی دەخستە سەر لای ڕاستی. ماندوویەکە فشاری بۆ

دەهێنا و خۆی دەخستە سسەر لای چەپی و ئازاد لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. لە پەساری نێوان دوو دەرِابەکەدا تکەتکەی بارانی بەر دەکەوت و لەسەرخۆ، بێ ئەوەی پەلەیەکیان بێت، تەرِیان دەکرد و دەچوونە ناو ناخی. حەزی دەکرد بزانێت لات چەندە و چەندە دەبێت ئازاد بەجێی هێشتووە بەڵام سەعاتەکەیی پێ نەبوو.

لە خەونییدا ئارەقی رِەش و شینی دەر دەدا. تای لێ دەهات و هەموو لەشی لە ژێر سوێراوی بارانەکەدا دەچووزایەوە. دەست لە قورِ و پێ لە قورِدا یارمەتی خەڵکی دەدا تا منداڵە مردووەکانیان تەسلیم بە باوەشی خاک و قورِ بکەن. ژنەکانی دەبینی عەباکانی خۆیان فرِێ دەدا و ئینجا هەروەک لە دەست پەتی سێدارەیەک رِزگاریان بووبێت، بە یەک جار پشتیان رِاست دەبووەوە و بە قیت و قنجیی وەک لە پێشکەشکردنێکی شاهانەدا رِاوەستابن، سنگیان بۆ پێشەوە دەکوتا. لە رِۆیشتن و سەرنجدان و یارمەتیدان و کارکردن ماندوو دەبوو و سەرئێشەکەی بۆ دەهاتەوە.

ئینجا ئازارەکەی بنباڵی کە بە زرمەزرمێکی دوور لە گوێ دەستی پێ دەکرد و وەک موزیکی مارشێکی هێرشبەر لە سەر و لە چواردەوری بریندەکە دەسوورِایەوە. ئازارەکە هەم هەڵی دەکۆڵا و هەم دەیسووتانەوە.

بڕووای بە کەس نەمابوو. نەیدەزانی بڕووا بە خەبەری دڵ بکات یان نا. دڵی لە هەموو کەس رەش بووبوو. ئەو ژنەی وەبیر دەهاتەوە کە لە عەربەتەوە تا ئەو شەوەی گەیشتنە بیارە دەیان جاری دەبینیەوە و کە بە بەردەوامیی هاواری دەکرد "هەموتان درۆ دەکەن!".

ئەمیش ئێستا لە خەونەکەیدا وەک ئەو ژنە هاواری دەکرد "هەموتان درۆ دەکەن". "هەموتان درۆ دەکەن". حەشاماتەکەی دەبینی بە رِقەوە لێی ورد دەبوونەوە و لێیان دەرِووانیی. لە ئێرە و لە ئەوێ دەیبینی ژنان لە بەر خۆیانەوە دەگریان و هاواریان دەکرد "هەموتان درۆ دەکەن".

پیاوێک بە سەر لاشەی لە قوڕداگەوزیوی ژنێکدا کەوتبوو و بە دەم باوکەڕۆوە پێی دەگوت "دە ئەم جارە، بەس ئەم جارە ڕاست بەرەوە، شەرت بێ قەت توخنت نەکەوم، کورە مریەم دەستت لێ بەرز ناکەمەوە ...".

فریشتە تا هێزی تیادا بوو پڕی بە قژی کابرادا کرد و بە دەم زریکەوە پێی گوت: "درۆ دەکەیت"، "هەموتان درۆ دەکەن".

ئەم جارەیان لەگەڵ زریکەکەی فریشتەدا کابرای شۆفێر زوو خاوی کردەوە و ئیستۆپێکی توندی گرت. تا ڕادەی ئاشکرایی شڵەژاو بوو. بە فارسییەکی نیوە کوردیی بە کابرای گوت "بەرادەر وەزعی ئەم خانمەی شوما خەیلێ خەراپە". سەرنشینەکەی پێشەوە بە تەواوی ڕووی بۆ دوواوە وەرچەرخاندبوو. دەمی بە پرسیارەوە کرابووەوە و لە جەستەی ژێر عەبا و پەچەکەی دەڕووانیی. ئوتونبێلەکە بە وشەکانی "هەموتان درۆ دەکەن" ئاوسا بوو. بە کابرای تەنیشتی ئاغای وێژدانی گوت "کورە، خۆ کوردە!".

ئاغای وێژدانی هاوکات کە ئەوان خەریکی ئەو مشتومڕە بوون توند لە لاوە فریشتەی بە خۆیەوە نووساندبوو و لە پشتەوە نوقوورچی بە قایمیی لێ دەگرت و ڕای دەتەکاند تا بێدەنگ بێت. وا پێ دەچوو فریشتە بە هۆش خۆیدا هاتبێتەوە چونکە ئیتر فزەی لێ برا. ئاغای وێژدانی بە هەمان هێمنیی خۆیەوە پێی ڕاگەیاندن کە بەڵێ خانمەکەی لە ئەسڵدا کوردە. ئینجا دەستی کرد بە باسی ئازایەتیی و مێرخاسیی کورد و باشیی ژنانی کورد و زوهرەخانمی ژنی کە چەندە لێی ڕازیە.

لەگەڵ ئەو بە ئەزموون و هێوریەشیدا، چونکە هەرگیز لە نزیکەوە لەگەڵ کورددا هەڵسوکەوتی نەکردبوو، هاوسەرنشینەکانی کەم یان زۆر زانیان ئاغای وێژدانی، یان ئەم پیاوە کە ناوی خۆی ناوە ئاغای وێژدانی، ڕاست نافەرموێ و تێشگەیشتن کە پاسدارە. بەڵام هیچی ڕاستیشیان نەدەزانی و لە قووڵایی ناخیانەوە حەزیان لە بگرەوبەردە و کێشەی لابەلایی نەدەکرد و دەترسان.

لە هەناسەیەکدا بێ باوەڕیی و متمانە بەیەک نەکردن وەک سێبەری پەڵەهەورێک سەرودڵیانی گرت و دایپۆشین. بە باس گۆڕینە کتوپڕەکەدا دیار بوو کە گومان لە نێوانیاندا

بوو بە تاکە خاوەن دەسەڵات و هەریەکەیان چووەوە قاوخەکەی خۆی. دەنگی تایە و مەکینەی ئوتومبێلەکە بە سەر ناوەوەدا زاڵ بوو.

کە کاکی شۆفێر دەستی بە لێخوڕین کردەوە کاسێتەکەی دەرهێنا و هیچی تری نەخستەوە سەر. جۆرێک پەشیمان بوونەوە لە سەر ڕووخساری دیار بوو کە لە ئامادەیی سەرنشینێکی نەدیو و نەناسراودا گۆرانیی کوردی لێ داوە. پێوەی دیار بوو لابەلایی دەترسا. ئەوانی تریش کەم تا زۆر، بێ لە قسەی پچڕ پچڕ، بێ دەنگ مانەوە.

دوو سەعات زیاتری برد تا بە سنە گەیشتن. ناو بازاڕی سنە پڕ بوو لە خەڵک. نێرومێ گەورەوبچووک تێکەڵاو بووبوون و خەریکی کڕین و فرۆشتنی خۆیان بوون. ژنان خەریکی بازارکردن و مامەڵەی کڕین بوون.

ئافرەتانی بەساڵداچوو نە عەبایان بە سەر خۆیاندا دابوو و نە پەچەیان هەڵگرتبوو. کچانی جەوان و گەورەساڵیش بە لەچکی ڕەنگاوڕەنگ لە پشتی گوێیانەوە پرچی خۆیان بەرەو دوواوە کۆ کردبووەوە. گەر فریشتە لە ئەو ناوەدا ون بووایە یان دەستێکی خێر بیماشیایەتەوە ئەوا هەرگیزاوهەرگیز نەدەکەوتەوە دەست ئاغای ویژدانی چونکە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ژنانەی تردا نەبوو کە هەموو بە زمانی زگماکی خۆیان بە "ئەچە و مەچە" و "قوروان" و "های لە کویا" لەگەڵ یەکتر دەدووان. فریشتە بە جوانیی لێیان حاڵی دەبوو.

لە بازاڕی سنە کە ئاغای ویژدانی بە "کوردسان" ناوی دەبرد دابەزین. ئاغای ویژدانی پارەیەکی کەمێک زیاتری بە شۆفێرەکە دا کە تا ئەو شوێنە بردبوونی و سوپاسیشی کرد. هەر کە دابەزین دەستی فریشتەی گرت و بە پەلە بردی بۆ لای کەبابخانەیەک و چوون بۆ هەرە ژوور سەرەوە و داوای خواردنی کرد. فریشتە هەروەک بە ڕاستیی شەش منداڵی لە ئاغای ویژدانی بووبێت و دڵی خۆی خستبێتە ناو دەستی دڵنیایی ئەوەوە یەک فزەی بۆ وەڵام نەکرد. هەر دووای کەوتوو و تەواو. بەڵام لە بەر خۆیەوە خۆی ڕادەژاند و ورتەی دەهات. ئاغای ویژدانی خۆرەکەکەی بۆ خستە ژێر عەباکەیەوە و بە دەست توند لە قنەوە ڕووی بەرەو دیوارەکە وەرچەرخاند تا ڕووی لە خەڵک و دەرەوە نەبێت. فریشتە

هەر وا بەئاسانیی پێچی بۆ کردەوە و دووای تەزووی دەستی ئاغای ویژدانی کەوت. دیار بوو بە دەم خۆڕاژەندنەوە دەست و دەمی دەجووڵا.

پاشان بە مینیبوسێک بەرەو مەریوان ڕۆیشتن. بە سەرنشینەکانی تڕەوە نزیکەی دە کەسێکی تیادا بوو. سێ چوار جار لە ڕێگا پاسداران ڕایان گرتن و خۆیان گوتەنی بە دووای "کۆمەڵە" و "دیموکرات" دا دەگەڕان. سەرنشینانیش هەموو بە "ئەستەغفیروڵڵا" و "نا، نا" و "قربان شما" وەڵامیان دەدانەوە. ئاغای ویژدانیش لای دەرگاکەوە دانیشتبوو، هەموو جارێک دەفتەرەکەی دەردەهێنا و نیشانی دەدان. ئەوانیش یەک دوو جار "سەلام، سەلامیان" بۆ دەکرد و بە ڕێزەوە دەیاندایەوە دەستی.

کاتێک گەیشتن بە تەرمینالّەکەی مەریوان کە هەر گۆڕەپانێکی خۆڵین و تەپوتۆزاوی بوو و چەند عارەبانە و دووکانێکی چادر و پەڕۆ و شتومەکی سەرپێی و بچووکیان دەفرۆشت، سەعات و نیوێک دەبوو بە ڕێوە بوون. شتێکی وا ڕووی نەدا جێی سەرنج بێت. هەر وەک ڕێگاکەی سنەیان بێ بەڵا بوون و لە کاتی خۆیدا گەیشتن.

لە مەریوان ئاغای ویژدانی فریشتەی دووای خۆی خست و چوو بۆ هوتێلێک. خۆی و زوهرەخانمی ژنی ناونووس کرد و چوون بۆ هۆدەکەی خۆیان.

پاش کەمێک ڕۆیشت و دەستنوێژی گرت و نوێژی کرد. لە خودا پاڕایەوە کە ئەگەرچی لە عەبدەکانی خۆی ڕازی نەبێت بەڵام وەکو ئومەتی موسڵمان هەر دەیانبەخشێت و بە جەنەتیان شاد دەکات و ئینجا لەبەر خۆیەوە دەستی بە دەموچاویدا دەهێنا و دەدووا "ئەللەزی ئەعدە اللە لیعبادهو ئەلصالحین ...".

بۆ یەکم جار بوو لە فریشتەی پرسی ئەگەر بیەوێت دەستوێژ بگرێت و نوێژ بکات. فریشتە لە ژێر عەباکە و پەچەدادراوەکەوە دیار بوو ئاگای لە هیچ نییە و زۆر لە جەستەی خۆی دوور کەوتبووەوە. هەر لە سەر ورتەورت و خۆڕاژەندنەکەی بەردەوام بوو. ئاغای ویژدانی چووە پێشەوە بۆ لای و عەبا و پەچەکەی لە سەر لابرد و بە پشووەوە تێی گەیاند ئەگەر دەیەوێت نوێژێک بکات "بە این ئومید کە اللە، عزیز و رحمان، شوما ببخشید".

فریشتە هەر دوو چاوی بە زەق کرابوونەوە و بە دەم خۆڕاژەندنەوە، هەروەک گاڵتەی بە ئاغای ویژدانی بێت، زەردەخەنەیەکی دوور لە ئەوێ لە سەر لێوی باڵەفڕەی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت "هەمووتان درۆ دەکەن".

ئاغای ویژدانیش کە وای دەنووانند تێ نەگات، بە پشووەوە پشتی ڕاست کردەوە و هەستا. هەندێک میوەی دەرهێنا کە لە بازاڕ کڕیبووی و شۆردنیەوە. لەبەرخۆیەوە وشەی "ئەستەغفیرواڵا" و "فاحیشە" ی دەگوتەوە. سەری خۆی بادەدا وەک بڵێت لە ئەم ژنە تێ ناگەم.

پاش کەمێک میوە خواردن کە هەندێکی بە زۆری زۆرداری بە دەمی فریشتەوە دەکرد و فریشتە نەیدەتووانی یان خولقی نەبوو دەمی بکاتەوە و بیجوێت، بە کاوەخۆ جلەکانی لەبەر خۆی داکەند و چووە پاڵ فریشتەوە.

فریشتە دەیزانی مەسەلەکە چییە. هەندێک بە قنەخشکێ خۆی دوورخستەوە، بەڵام لە لێدان و کولاندنەوەی بریندەکەی قۆڵی زراوی چووبوو، هەر لە ئاغای یەزدانی دەڕووانی. ئەویش لێی هاتەپێشێ و یەک دوو جار دەستی لێ بەرز کردەوە تا فریشتە لە بەردەمیدا سڕ بوو.

ئەمیش بێ ئەوەی پەلە بکات و تا ڕادەیەکیش خاو، بەڵام بە چاوێکی برسیی و تامەزرۆوە بەشێکی خوارەوەی جلەکانی بەرز کردەوە و خۆی بە سەر فریشتەدا دا.

لە ناو جیهانێکی دوور لە ئەوێدا، لە ناو حەوشەکەی ماڵی خۆیان لە ژێر سێبەری گوڵەهێرۆ و گوڵەمێخەکەکاندا، برا بچووکەکەی لە دەرگا قەستینەکەی دەدا:

- تەق، تەق، تەق. ئەوە بۆ دەرگام لێ ناکەیتەوە. دە پێم بڵێ 'وەرە ژوورەوە'.

قەدەرێک بوو براکەیی لە دەرەوە ڕاگرتبوو تا تووڕەی بکات. بە دەم زەردەخەنە و حەزی دوو چاوەوە کە شیلەی هەنگوینیان لێ دەتکا، دەرگا قەستینەکەی لێ دەکردەوە:

- دە فەرموو پیاوەکە وەرە ژوورەوە، دەڵێی گورگ بە دوواتەوەن!

لێرە، لە نسێمی ژوورێکی زەردەخەنگەڕاودا کە بێ لە چەرپایەکی کۆن و هەرزانبەها و یەک دوو کورسی و مێزێکی شەقوشڕ، هیچ تایبەتمەندیەکی نەبوو، جەستەی بێدەری فریشتە وەک پارچەپەڕۆیەک لە ژێر لاشەی قورسی ئاغای وێژدانیدا کەوتبوو. چاوەکانی لە بنمیچەکە بڕی بوو و دەمی لەسەر وشەیەک دەبزووت و دیار نەبوو چی دەڵێت. لە جێکەوتی نیگایدا لە سەر بنمیچەکە جاڵجاڵۆکەیەک تەنافێکی چڕ و خەستی تێکهەڵچنراوی لێ هەڵ دابوو. بە ئاستەم دیار بوو لە ژێرەوە هەردوو دەستی پێشەوەی بە خێرایی دەبزووواند.

- ئەوە چییە هەتیو، ئەڵێی لە خوێنی ناوگەڵ ئەترسی؟!

بۆ سبەی بەیانی ئاغای ویژدانی جارێکی تریش خۆی بە سەر فریشتەدا دایەوە. پاشان بە پێچەوانەی جارەکانی دیکەوە کە بە پشووەوە هەڵ دەستا، ئەم جارەیان بە پەلە هەستا و لە فریشتەی گەیاند خۆی حازر بکات. دووواییش هەر وەک شتێکی لە بیر کردبێت لە فریشتە نزیک بووەوە و یەک دوو ئایەتی خوێند و یەک دوو جار وشەی تەڵاق بە سەر زماندا هات و زۆری لە فریشتە کرد بە "بەلی" وەڵام بداتەوە.

لە سەرەتادا فریشتە تێ نەدەگەیشت، بەڵام ئاغای ویژدانی دەم و لێوی فریشتەی توند بە پەنجەکانی کۆدەکردەوە و بە دەمیش پێی دەگوت لەگەڵ منداا بڵێ "بەلی"، "بەلی". فریشتە بەڵێی یەک دوو جار لە سەر یەک گوتەوە:

- بەلی
- - مەن هەم موافەق هەستم، خانوم. من بدین وسیله طلاق خود را ئیعلام می کونەم. تو را طلاق می دەهەم، تو را طلاق می دەهەم، تو را طلاق می دەهەم.

ئاغای ویژدانی بە ئەوەندە وەڵامی بە تەڵاقدانەکەی فریشتەی دایەوە. ئەوجا ئەو تورەکەیەی هەڵگرت کە لە بوخچەیەک دەچوو و لە دەرەوە بە فریشتەی دا و بە پێی لەگەڵیدا ڕۆیشت و تا لای دووکانی کڵاش فرۆشێکی برد. لە بەردەم دووکانی کڵاش فرۆشەکەدا بە پەنجە ئاماژەی بە ڕێگاکە کرد کە ئاوا بە ئەو شێوەیە بڕووات.

فریشتە ملی ڕێگاکەی گرتە بەر و ڕۆیشت. نە ئاوەڕی دایەوە و نە تەنانەت ملی بە لایەکدا با دا. خاووخلیچک و بە نیوەچەماوەیی هەنگاوی دەنا. لە پشتەوە چمکی عەباکەی لە عەرزەکە دەخشا و نەرمە تۆزێکی لە دووای خۆیەوە بەجێ دەهێشت.

گەیشتە شوێنێک پڕ بوو لە ئوتومبێلی جیاواز و دیار بوو مەیدانی سەفەرە. لە هەموو لایەکەوە بە کوردی قسەیان دەکرد و هاوار هاوارێک بوو مەپرسە. دەنگەدەنگ و ڕاکەڕاکە کە دەیترساند.

پاش ماوەیەک پێی وابوو زۆر ڕاوەستاوە چونکە ماندوو بووبوو و گەرماکەش تا دەهات پەرێشانتری دەکرد. هەتاوەکە خۆش بوو کاتێک دەیدا لە پشتی، بەڵام برینەکەی قۆڵی دەی ئێشاند و سەری گێژی دەخوارد.

کەمێک لە خەڵکەکە دوور کەوتەوە و لە سەر زەویەکە لێی دانیشت. دەیویست بیر بکاتەوە و بڕیارێک بدات، بەڵام لە مێشکیدا ژاوەژاوێک پەیدا دەبوو و هەر لە خۆیەوە حەزی دەکرد بقیژێنێت. دەشترسا بقیژێنێت و هاوار بکات چونکە دەیزانی سەرئەنجامەکەی باش نابێت. لە پڕێکیشدا دەیویست بگری، ڕا بکات یان خۆی ڕووت و قووت بکاتەوە. لە ئەو بەینەدا تیادا مابوو. ئەوی ئێستا بیری لێ دەکردەوە لە چرکەیەکی تردا هەر لە بیریشیدا نەمابوو.

پاش کەمێک هێور بووەوە. تینی بە بەر خۆی دایەوە تا بیر و مێشکی گرد بکاتەوە و کۆکیان بکات. گوێی لە خەڵک بوو هەموو بە کوردیی دەدووان و لە باس و خواست و هێنان و بردندا بوون. هەستی بە جۆرێک لە دڵنیایی دەکرد کە لێی نەدەگەیشت. لە پڕ خەریک بوو هەستێت و بچێت بە شۆفێرەکان بڵێت پیاوێک ناوی "ئاغا" بوو، نا ... "هین" ... پاسەوان ... پاسدار بوو... بە زۆر مارەی کردووە ... عەیبە، هین ... نەوەڵا ... هەمووتان درۆ دەکەن ... گەوادینە ... هەمووتان درۆ دەکەن....

هێزی دایە بەر خۆی و لە ژێر پەچەکەوە دەیڕووانیی. پیاوێکی سمێڵ بابڕ بە چیچکانەوە بەرامبەری دانیشتبوو و قسەی لەگەڵ دەکرد، بەڵام ئەم هیچی نەدەبیست. پەچەکەی خۆی بە ئاستەم لابرد و بە ئەسپایی و بە زەردەخەنەیەکی شیرینیی ماندووەوە لێی پرسیی:

- چیت دەوێت؟

- من چیم ئەوێ؟ کچی باش تۆ لە بەیانییەوە سەیرمان ئەکەی و سەرت با ئەیەی. حەزی لێ ئەکەی؟

- ها؟ سەرم با دەدەم؟ حەزی لێ دەکەم؟

- گیانە، من لە تۆ ئەپرسم - کابرا وەکو هونەرێکی لە ئاماژەکردندا دۆزییێتەوە، بە پەنجەکانی دەستی ئاماژەی بۆ خۆی دەکرد کاتێک دەیگوت من و ئاماژەی بە فریشتە دەکرد کاتێک دەیگوت تۆ - من لە تۆ ئەپرسم. ئەگەر حەزت لێیە شوێنمان هەیە، شوێنی خۆشمان هەیە.

- منیش عێراقیم. ... نا، نا، کوردم، کوردی عێراقم. مێردەکەم ون بووە.... ئێستا دێتەوە. نا، من ون بووم ...

- کورە حەزمان ئەکرد فەرەنسی بوویتایە. چی لە گورگی عێراق بکەین؟ ئەگەر یەی شوێنمان هەیە و پارەشت ئەیەینێ.

- ئەی مێردەکەم؟ دەمبەن بۆ ... هین ... دووئاو ... ناوی چی بوو، دووئاو ... کەویار خۆی دەزانێت، هەر یەکسەر خۆمان دەچین بۆ ماڵیان.

فریشتە ئەوەی گوت و دەستی کرد بە خۆڕاژەنین و لێوکرۆشتن:

- تو خوا لێم مەیەن، ئاقڵ ئەبم... من ئاقڵم.

کابرا هەستا و چوو بۆ لای دوو برادەرەکەی کە لە دوورەوە وەستابوون و تەماشایان دەکرد. لە نزیکیانەوە کەمێک خۆی هێنا و خۆی برد. دەستی خستە ناو پزووی شەڕووانەکەی و کەمێک خۆی لە سەر لووتی پنجەی پێ بەرز کردەوە، ئینجا لچە ئەستوورە ڕەشەکەیی کەمێک هێنایە پێشێ و گوتی: "قەناعەتم پێ کرد، کوڕی خوا لە بەیانییەوە پێتان ئەڵێم، ئەی فرۆشێ.

یەکێکیان منداڵکارێکی تەسبیح بە دەست بوو. تەسبیحەکەی وەکو باڵی فرڕفرۆکە دەخولانەوە و نائارام و شڵەژاو دیار بوو. بە دەم تەسبیح خولاندنەوەکەدا، پرسی:

- فارسە؟
- فارسی چی کوڕی خوا، کوردە حەیاتەکەی خۆمانە. لە خەڵکی سلێمانی ئەچێ.
- شتی وا نابێ، بابە، قەحبەی چی؟ ڕەنگە گەرمیانیی لێقەوماو بێ.
- جا چییە مردووت مرێ، لە ئەوە خۆشتر هەیە پیاو لە ئەم غەریبایەتیە سواری هاوشاریی خۆی بێ؟ تۆ چیت ئەوێ؟
- من هەقم نییە و شتی وا ناکەم.

سێیەمیان نەیدەتووانی خۆی بە وەستاوی و لە سەر باریّک بە سەقامگیریی ڕابگرێت و زوو زوو بە ئەملاوئەولادا دەیڕووانیی. بە جدییەوە لە ئەوەی یەکەمیانی پرسی:

- ئەگەر قەحبەیە و ئەیا ئەوا ئێمە بیگێین یان یەکێکی تر فەرقی چییە؟ ئەیبەین و تەواو. خۆ بە زۆر سواری نابین. بە چەن ئەیا؟
- چەنی چی مردومرێ. ئەوەندەی حەز لێ ئەکا باسی پارە هەر ناکا. یەکەم جوانیشە، دەم و لێو و چاوی زۆر جوانن.
- دە کەوایە با بیبەین بۆ سنە بۆ هوتێلێک کە نەماننناسن. من وا ئەچم قەمەرەکە یەنم.

کوڕە گەنجەکەیان دڵی پێوە نەبوو، تووڕە دیار بوو، بە ناڕەحەتییەوە پێی گوتن:

- قەحبەیەک سواری قەمەرەکەی خۆمان کەین؟
- هەتیو جا ئەگەر ئەو خێرەی بۆ خۆمان تیا نەبێ، قەمەرەی حیزمان بۆ چییە.؟ خۆ بۆ خۆشی لە کابرای دکتۆرمان نەکڕیوە؟ - بە دەم پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە - جا کە وایە کابرای دکتۆرمان بۆ کوشت؟ بە شەرەفم لەم مەریوانە فشەیە قەت بۆمان نافرۆشرێ. کورە بابە کێ لەم مەریوانە حیزە سەیارەی وا ئەکڕێ؟

کێ لێرە پارەی مارسیدسی وای هەیە؟ وەرن، پاش گانەکەمان ئەیبەین بۆ وەرێ یان تاران. جۆکەرمان بۆ هاتووە، خاڵە، وەرەقەی هەمو حیزبەکانمان پێیە.

کابرا ڕۆیشتەوە بۆ لای فریشتە و بە چیچکانەوە بەرامبەری دانیشت. فریشتە لەبەر خۆیەوە هەر دەیگوت: "هەمووتان درۆ دەکەن ... هەمووتان درۆ دەکەن".

- نا، نا، چاو جوان، درۆ ناکەین. هەستە وەرە، بە قەمەرەکەی خۆمان ئەتبەینەوە بۆ لای مێردەکەو.

فریشتە بە دەم خۆڕاژەندنەوە هەر لە پیاوەی دەڕووانیی، بەڵام ئەو جاڵجاڵۆکە دەم و دەست لیکنەی دەبینیەوە کە لە ناوەڕاستی تەونێکی گەورەدا خەریکی چنین بوو.

- هەستە، هەستە، ئەتبەینەوە، هەستە زوو کە.

فریشتە هەستا و دووای پیاوە کەوت. هەر چواریان سوار ئوتومبێلەکە بوون و کابرای کوڵەبنەی بۆرەش کە دەیئاژووت، ئارامیی لێ هەڵگیرابوو کە بکەوێتە ڕێ. کاسێتێکی گۆرانی تورکیان خستە ناو تەجیلەکەوە و بە دەم دەنگێکی تورکییەوە کە زیاتر لە ئاوازی عەرەبیی دەکرد، ڕێی سنەیان گرتە بەر. سەر و دەستیان لەگەڵ ئاوازەکەدا دەجوولاند و بە دەست چەقەنەیان لێ دەدا.

- بە شەرەفم گۆرانی نییە بە گۆرانی تورکیی بگا، هەتیو ئەو هەموو قنە کە بای ئەیەن. بزانە کچێ لە گۆرانیەکی کوردیا قنێ با ئەیا. ژنی ئێمە چڵکن و کەرباب و دووا‌کەوتوون.

- ئەم ئیبراهیم تاتڵیسازە هەر زۆر خۆشە.

- تەماشا، تەماشا ئەم هولیا ئەفشەرە – کەن، یان ئەم سیانە خانمە، بە قوربانی خوا و پێغەمەری تورک بم، ئا ئەمانە ژنن؟

کابرا ڕەسمەکانی هەردووکیانی لە نێو جزدانەکەی دەرهێنا بوو و زوو زوو ماچی دەکردن. ئینجا بە دەم پێکەنینێکی بێ هۆوە بە چەقەنە لی دانەوە ئاوەڕی بۆ دوواوە دایەوە و پیشانی فریشتەی دەدان.

- تۆ ئەمانە ناناسی؟

ڕووی کردە دووانەکەی تر:

- جا من پرسیار لە کێ ئەکەم، ئەمانەی ئێمە هەر بۆ ئەوە باشن عەرزیان پێ بکێڵی.

- کورە هەتیو - شۆفێرەکە هاتە قسە - ڕەنگە هەر نەشچووبێتە مەکتەب، کێ بناسێ؟

چەرەس و بسکویت و خواردنەوەیان پێ بوو. لە ناوەوە دەیانخوارد و "هانێ هانێ" یان لە یەک دەکرد و بەشی فریشتەیان لێ دەدا. ئەویش هەر خۆی ڕادەژەند و لە ژێر عەبا و پەچەکەوە لەسەرخۆ دەیخواردن.

پێش ئەوەی فریشتە ببەن بۆ هوتێل عەبا و پەچەکەیان هەر بە بەریەوە بۆ تەکاند و بۆ پاککردەوە. کابرای یەکەم کەمێک ڕێکی خست و پێی گوت خۆی توند و تۆڵ نیشان بدات و لەگەڵ خۆیدا بردی. دووانەکەی تریش لە ئەو بەرەوە لە چایخانەیەک چاوەڕوانییان دەکرد.

کابرا خۆی و فریشتەی وەکو غەریب و ژن و مێرد ناساند. زۆر بە ڕێزەوە قسەی دەکرد و کابرای هوتێلی تێ گەیاند کە پارە هیچ گرفتێک نییە. کابرای هوتێل وەڵامی دایەوە نەخێر پارە گرینگ نییە و ماڵ ماڵی کوردی ئەو دیوە.

کابرا ژووڕێکیشی بۆ برادەرەکانی گرت کە گوایا ڕێگەیان دوورە و هێشتا بە ڕێگاوەن. سوپاسی یەکتریان کرد و فریشتەی بردە سەرێ.

لە ژووورەکەدا کابرا ئارامی نەبوو ساتێک چاوەڕێ بێت. فریشتە لە بەر ماندووبی خۆی بە دەستەوە نەدەدا و هەر پێچی بە خۆی دەدا و لە بەر خۆیەوە دەیبزرکاند. دیار بوو زۆر دەترسا و نەیدەوێرا دەنگی بەرز بکاتەوە. پێڵووەکانی چاوی زوو زوو دەفڕین و وەک دەستی لێ بەرز بکەنەوە زووزوو دەستی لە ترساندا بۆ سەر سەروچاوی خۆی هەڵ دەبڕی و هەر بە قنەخشکێ خۆی دوور دەخستەوە.

کابرا بۆ خاوکردنەوە و ئارامکردنەوەی فریشتە دەستی کرد بە باسی سەیارە فرۆشتن و پارەی زۆر و دەوڵەمەندیی و ئەو شتانە. ئێستا بە چاکیی تێ دەگەیشت کە فریشتە خەڵکی سلێمانییە و لێی قەوماوە. هیچ بە خەیاڵیدا نەهات هەندێک پرسیاری باشی لێ بکات و بیر لە یارمەتیدانی بکاتەوە. وردە وردە ئارامی لێ دەبڕدرا و هەر بیری لە خۆڕەحەتکردن دەکردەوە. بە زۆر جلەکانی لە بەر فریشتە داکەند و وەک گورگێکی برسی تێی نیشت. فریشتە لە سەرەتادا خۆی بە دەستەوە نە دەدا و زۆر پێچی بە خۆی دەدا و بە تاکباڵەکەی پاڵ بە کابراوە بنێت و دووری بخاتەوە. کابراش هەر گورج توند پڕی دەکرد بە جێ برینەکەی قۆڵیدا و لە ژێر ئازاردا زەفەری بە شوێنێکی دەبرد.

کاتێک لە سەر فریشتە هاتە خوار و گەڕایەوە بۆ لای هاورێکانی کابرای کوڵەبنە چاوی چووبووە پشتی سەری و وا تووڕە بووبوو کەف لالێغاوی گرتبوو کە گوایا ئەوە چوار سەعاتە لە سەرەوەیە. منداڵکارەکەیان کە نەکردە و ترساو بوو، بە بەردەوام تەسبیحەکەیی بادەدا و وەکو پەراوانەی پانکە دەیخولانەوە و بە تەماشاکردنی خولانەوەی تەسبیحەکەی خۆی مەشغوڵ کردبوو. دەیویست ترسەکەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام چاوەکانی بە پرسیار بوون.

پاش کەمێک وردەقسە و فشەکردن، کابرا هەردوو برادەرەکەی خۆی برد و بە هوتێلە ئەوانەکەی ناساندن و خۆی چوو بۆ نان خواردن. بەڵام پێش ئەوەی بڕووات، وەک شتێکی بیر هاتبێتەوە، چاوێکی لە کوڕە گەنجەکە داگرت و پێی گوت:

- وەرە قاسم، ئەو هەتیوە ماندووە، تۆ نانێکم لەگەڵ بخۆ.

کوڕەگەنجەکەش هەر وەک بە تەمای میهر و چاکەیەکی وا بووبێت، یەکسەر لە مەبەستی برادەرەکەی تێگەیشت و بە زەردەخەنە و نەرمەلۆقەیەکەوە پێچی خوارد و هوتێلەکەیان بەجێ هێشت.

کابرای کوڵەبنە نەچوو بۆ ژوورەکەی خۆی، بەڵکو هەروەکو لە ئەوەبەر لە ناو خۆیاندا لەسەری ڕێککەوتبن چوو بۆ لای فریشتە.

فریشتە بە ژێرکراسێکەوە بەتانیەکی لە خۆیەوە ئاڵاندبوو و لە سوچێکی ژوورەکەدا هەڵتروشکا بوو. ڕووخسار و لەشی تەواو شێواو و زەردە هەڵگەڕاو وەک ئەوەی یەک دڵۆپ خوێنی تیایدا نەمابێت. قژی پتر لە هەر جارێکی پێشوو، ئاڵۆزکاو و پەرێشان بوو. چاوەکانی دەرپەڕیبوون و ترسیان لێ دەباری. خۆڕاژەندنەکەی زیاتر بووبوو و بە پرسەوە لە کابرای کوڵەبنەی ڕەشتاڵەی دەڕووانیی و لێی مۆڕ دەبووەوە، بەڵام زووزوو چاوەکانی دەتروکاند و توند عەباکەی لە ژێر بەتانیەکەوە لە ناو کۆشی خۆیدا گرمۆڵە کردبوو. بە ئەو ڕووخسار و شێوەدانیشتن و ڕووانینەوە نەیدەتووانی بەرامبەر فریو بدات. یەک پارچە هەرەسێک بوو لە ترس.

کابرای کوڵەبنە بێ هیچ ئەملاوئەولایەک بۆی دەرکەوت کە ئەم ژنە هاونیشتیمانییەکی ئاوبردووی لە هەوار بەجێماوی بەدبەختی لێقەوماوە و یەکێک لە خۆیانە. وەک وا هەست بکات کە لە شوێنێکەوە چویان لێیەتی و لێی دەڕووانن کەمێک بە نیگەرانییەوە سەیرێکی نەرمی بە قونچکی چاو و سەری کرد و ورد بووەوە. بۆ ماوەی پێڵووفڕینێک تزوویەکی دوودڵیی و پەشیمانیی سەروسیمای داگرت و پێوەی دیار بوو بیر لە بڕیارێک دەکاتەوە.

بیری لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە لە ڕۆژانی ڕابەڕین و دووای ئەودا لە حکومەتیان دەدزی. ئەو چەند کەسەی کە هەر هاونیستیمانیی خۆیان بوون و بۆ پارە و بۆ لێسەندنی شتومەکی دزراو کوشتیانن. بیری لە چارەنووسی خوشکەکەی دەکردەوە کە بە لەقەی یەک لە دووای یەک پشتی شکاند چونکە لەگەڵ هەندێک کچی تر و کوڕانی گەڕەکدا چوو بوون شورایان دامەزراندبوو. بیری لە ئەو دکتۆرە دەکردەوە کە چوار پێنج ڕۆژ لە

ئەمەوبەر بۆ ئەم سەیارەیەی ئێستا پێیانە کوشتیان و هەر تکای لێ دەکردن و داوای لێ دەکردن قەمەرەکەی ببەن بەس واز لە خۆی بهێنن.

کاتێک زیاتر لە فریشتە ورد بووەوە ڕووخساری فریشتە بیری بۆ سێ ساڵ پێش ئەمڕۆ فڕێ دا. هەر وەک ئێستا خۆی و سێ عەسکەری عێراقی لە ناو چادرێکدا بەرمابەر بە هەمان ڕووخسار ڕاوەستابوون و پێی پێ دەکەنین. هەمان ڕووخسار. هەمان ڕووخسار. تۆ بڵێی هەمان ژن بێت؟ هەمان چاو و لووت و دەم و لێو. هەمان قژ و ناوچاوان و گەردن. هەمان ڕووخساری ترساو. هەمان جۆر دانیشتن و خۆگرمۆڵەکردن و ئەژنۆ لە باوەش گرتن. هەمان ژن!

دەنگی زووڕەزووڕی منداڵان و ژنەکانی ئەو دیو چادرەکە تێکەڵ بە دەنگی پێکەنینەکەی ئەمان دەبوو. ژنە گەنجەکە تاکە چەکمەیەکی سەوزی منداڵی بە دەستەوە لە باوەشی خۆیدا گوشیبوو.چاوەکانی کرابوونەوە و بە حەسرەتەوە دەیڕوانیە چیتە دادراوەکەی چادرەکە کە بایەکە بە ئاستەم هەڵی دەبڕی و دای دەدایەوە.

ئەم لە پۆزێکی نیوەچەماوەدا، لە دیمەنێکی نزیکەی وەک ئەمەی ئێستادا، لە خواردنەوەی گوڕێکدا بوو بۆ سەر ژنەکە کە یەکێک لە سەربازەکان بە عەرەبی تێی دەخوڕی:

- کاکە، کاکە مورتەزیقە، ئێمە وتمان شتومەکی ماڵیان و پارە و ئاڵتوونیان بۆ ئێوە و ژنەکان هی ئێمەن....

عەسکەرەکەی تریان کە لەبەردەم دەرگا پەڕۆینەکەی چادرەکەدا لە پۆزی گۆڵچیەکدا وەستابوو، کەمێک تووندتر تێی خوڕی:

- تۆ عەسکەر نییت. ئێوە هەر هاوکارییتان کردوین. لاچۆ با کاری خۆمان بکەین، دووایی خوا گەورەیە. "اذا شا الله، یمکنک الحصول علیها ایضا". "کل شیء بید الله".

ئەوەندەی پێ گوت و بە دەم خۆیەوە دەدووا "لا حول ولا قوه الا بالله...".

ئیتر عەسکەری سێیەم بە سەر تێیخوڕی کە لاچێت.

ڕووخساری کچە گەرمیانیەکەی لەبەر چاو بوو. ئارەقەی ترس و ماندوویەتی و گەرما لە تەپڵی سەریەوە بە سەر دەموچاو و لاملیدا دەهاتە خوارەوە. لە ناو چادرە گەرمداهاتووە ئێقکردوەکەدا هەر بەرەو ناوەوەی خۆی، خۆی هەڵ دەکۆڵا. دەیویست لە ناو خۆیدا ون ببێت.

ئێستا هەر دوو ڕووخسارەکە، هی کچە گەرمیانیە ئەنفالکراوەکە و هی ئەم، تێکەڵ بە یەک بووبوون و بووبوون بە یەک ڕووخسار و نەیدەزانی کامیان لە کامیان دەچێت. جوان ئەو ڕۆژەی بە بیر دەهاتەوە و لە ڕاستییدا هەرگیزاوهەرگیز لە بیری ناچێتەوە چونکە قەت سەرە نەهاتە سەر ئەم. هێشتا دووا عەسکەریان خەریکی کاری خۆی بوو کە بروسکەی فەرمانیان پێ گەیشت کە دەبێت دەستبەجێ ڕووەو شوێنێکی تر بڕۆن.

ئالۆشێک لە ناو جەستەی گرژیدا پەپکەی دەخوارد. تووڕەییەکی بە سەر هێمنی و پەشیمانییەکەیدا زاڵ دەبوو و چاوی هیچی نەدەبینی. هەناسەی سوار دەکرد و دەیگەیاندە ڕادەی هاوار کردن. دەمارەکانی شەهوەت بووبوون بە هەزاران و لە ناو کەللەیدا لێیان دەدا. بە ناو ژنەکاندا دەگەڕا و لێیان ورد دەبووەوە. ئەمیش وەک عەسکەرەکان یەکێکی تازە مەمککردووی دەویست، بەڵام هەر گەورەساڵ و بەسااڵداچووەکان مابوونەوە. ئەوانیش نەک لە مێ، بەڵکو لە نێریشیان نەدەکرد. هەموویان وەک کۆتەرەداری سووتاوی بەلاداکەوتووی وشکهەڵگەڕاوی ناو دارستانێک، ڕەش و خواروخێچ و بە گرێ. ڕووخساریان هێندە گرژ و بێتاقەت و دوور لە ژیان بوو کە زەوقهەستاوترین نێر نەیدەتوانیی دەستیان بۆ ببات. لە ئەملاشەوە، زیڕەزیڕی منداڵە وردەکان کە لە ژێر کراس و بوخچە و عەباکانەوە بەرز دەبووەوە، تووڕەی دەکرد، بەڵام خۆشاوی زەوقە سەر شێتەکە لە ناو کەللەیدا زاڵ دەبووەوە و هەراسانی کردبوو.

هەمان چێژی شەهوەتی ئەو ڕۆژە کە دەمی وشک داهێنابوو، بەڵام خوێنی هێنابووە کوڵ، ئێستاش هەمان چێژ و هەمان هەست، لە سەروکەللەی ئاڵا بوو.

دەستێکی بە سمێڵە ڕووتاوەکەی خۆیدا هێنا و لە پڕێکدا هەروەک پەلاماری شێرێک بدات و هێزێکی لە ئەو چەشنەی پێویست بێت تا بە عەرزیدا بدات، باوەشی بە فریشتەدا کرد و بە نقەنق گەیاندیە سەر جێگاکە. فریشتە تا ئەوپەڕی خۆی قورس کردبوو و لە ئەوە دەچوو بە قەبارەی خۆی قورِ بێت. شل و توند و قورس.

هێندەی بڵێی یەک و دوو، بە زۆری زۆرداریی و لە ژێر فشار و خۆجێڕکردنەوە و خۆقورسکردن و خۆبادان و خۆتووڕەکردندا، تاڵە نەرمیلکەکانی سمێڵی خۆیی ئاخنیە ناو دەمی فریشتەوە و وشەی "بسمیلا" و "خواگیان هاوار" ی لە زار دەباری..

لە داخی هاوڕێکەی کە ئەوەندە زۆری پێ چووبوو، ئەم زۆرتر مایەوە و نەیدەویست ژووڕەکە بەجێ بهێڵێت.

داخی یەکەم کەس نەبوون، داخی ئەوەی کە بە دەگمەن دووەم کەس هاتووەتەوە و هەمیشە سێیەم و چوارەم و دوواتر بووە و پاشماوەی ئەوانی تری بۆ ماوەتەوە، دروست هەروەکو سەردەمی منداڵیی کە باوکی لە پێشدا خۆی خواردنی دەخوارد و ئینجا بانگی ئەم و کوڕەکانی تری دەکرد. دایکی و کچەکانیش لە دووای هەموویانەوە بەریان دەکەوت. هەموو ئەو ڕابردووە تۆپەڵە رقێک بوو لە گەرووی دەگیرا و دەیویست لە خۆیدا هەڵی بهێنێتەوە و بیخاتە ناو جەستەیەکی دیکەوە.

جەستەی کەوتووی فریشتە ئەو سەرەنوێلکە بوو ئەم پێویستی پێی بوو.

ئێتساش هەر ئەوەندەی پێ بەخشراو بوو کە کوت لە جەستەیەکی خوێناوی بووراوە بدات، جەستەیەک هەر لە ئەوێدا، وەک کەلاکێکی نیوەخوراو، ڕاکشاو بوو. بیری قسەی سەربازەکەی دەکەوتەوە "ئەگەر خوا بیەوێت/ اذا شا الله"، بەڵام خوداکەی ئەم نەیکردبوو بە یەکەمی هیچ شتێک. خەفەت پیشی پێ دەخواردەوە. کەی ئەمیش یەکەم کەس دەبێت ددان لە گۆشتێکی ناسکی تورت بگرێت کە بە دەم ئازار و ترسەوە لێی بپاڕێتەوە؟

بۆ شەوەکەی ئاشکرا بوو خۆیان کاری تایبەتیان هەیە، فریشتەیان بە کوڕە گەنجەکەی هاوڕێیان سپارد. تێیان گەیاند ئاگای لە خۆی بێت و نەبێت بە شەڕ و دەنگەدەنگ و شتی وا تا تووشی کێشە نەبن.

لە سەرەی ئەمیاندا فریشتە بە ڕووت و قووتی، بێ بەتانیی و داپۆشێک، لە سەر پشت پاڵکەوتبوو. گڵۆپی ژوورەکە زەرد و لاواز، ڕووناکیەکی شەرمنی دەهاویشتە سەر فریشتە و ئەم دیو و ئەو دیوی لە ناو تارمایی خۆیاندا ڕەنگ دەکرد. دیوارەکان چڵکن و بۆر، پەردەی پەنجەرەکە قورس و شل و چڵکن.

دیار نەبوو مردووە یان دەژی.

جەستەی لە دەیان لاوە جێ چڕنووک و نینۆکی پێوە بوو. لە دەیان لاوە شین و مۆر بووبووەوە. لە ناوگەڵیەوە بەرەو ڕووی لاڕانی، خوێنێکی گەش بە کزی و بە دەزوولەیی، هەر وەک تیشکی ڕووانکیەکە، ڕێگای خۆی دەگرتە بەر. لە ئەم بەر و ئەو بەری رانیشیەوە تا نزیکەی ئەژنۆی خوێنێکی کاڵی وشکەوەبووی لە سەر بوو.

دیار بوو ئەو کوڕە یەکەم جاری بوو ژنێک ئاوا بە ڕووت و قووتیی لە نێوان زەمین و ئاسماندا ببینێت. هەر لە جێی خۆیەوە لە فریشتە ورد بووەوە و تێگەیشت فریشتە زۆر جوان بووە. ئێستاش هەر پێی جوان بوو. دەیزانی لەشفرۆش نییە. ئاشکرا بوو دووچاری کێشە و دەردەسەرێی کراوە. سەروچاوی کوڕە خەمی پێوە دیار بوو. ئەمە یەکەم تاوانیان نەبوو.

لە ئەم بێنەوبەرەیەدا بوو کە دەنگی کابرای کوڵەبنە ڕای چڵەکاند کە دیار بوو هێشتا نە ڕۆیشتبوون و خۆیان لە پشت دەرگاکەوە ڕاگرتبوو:

- ئەوە چییە هەتیو، ئەڵێی لە خوێنی ناوگەڵ ئەترسی؟! دەی ناوی خوای لێ بێنە، لێیە، مردومرێ، شتی وا دەست کێ ئەکەوێ. هەتیو ئەگینا تەپڵت بۆ لێ ئەیەین. بیسمیلاکەو لە بیر نەچێ، حەڵاڵی کە بۆ خۆو.

هەر ئەوەندەیان گوت و بە دەنگی دوورکەوتنەوەی تەپەی پێیاندا دیار بوو ڕۆیشتن. ئەم دوودڵ و دووسەر. جلەکانی خۆپی بە شەرمێکەوە دادەکەند هەروەک فریشتە بە تاسە و تامەزرۆپی و مەبەستەوە لێی بڕوانێت. ئینجا وردەوردە لێی چووە پێشێ و خۆی بە سەر فریشتەدا دا و چاوی لە چاوی بڕی. فریشتە، خەوی لێ کەوتبوو یا لە هۆش خۆی چووبوو، نە دەجووڵا.

لە ئەو دۆخەدا بە گومان و بە ڕووخسارێکی نەکردەی ترساوەوە دەمی خستە ناو دەمی فریشتە و دەیویست، خۆیان وتەنی "بیکەن"، بەڵام بۆی هەڵندەستا و بۆی نەدەچووە ژووری. پارچە گۆشتێکی نەرمی شل لە ناو دەستیدا بە ئەملاولادا دەکەوت و لەشی فریشتەش لە ژێریدا بە ساردپی و سڕپی، بێ یەک لەرەی ئاوازی ژیان، ڕا خرابوو.

بە دەم شەرمێکی قورسی گرانەوە، هەروەک دڵنیا بێت فریشتە ئاگای لێ بێت خەریکی چیپە، هەروەک خوداوەندێک چاوی لێ بز کردبێتەوە، هەروەک بەرامبەر یەک تەرازووی گەورەی دادەڕپی، ڕاوەستێنرابێت، ئارەقە بە هەموو گیانیدا دەهاتە خوارەوە و پێڵووەکانی چاوی هەڵ نەدەهاتن، بەڵام هەر لە دەرەوەوە، بۆ خوارەوە و بۆ سەرەوە، تەکان و کوتی دەدا.

جەستەی قورسی لە ئەوێداکەوتووی فریشتە لەگەڵ تەکان و کوتی ئەمدا بۆ خوارەوە و بۆ سەرەوە دەبزووا و دەژەنرا. هیچی وای نەخایاند، بێ ئەوەی بتووانێت بچێتە ژووری، دەمارەکانی لەشی کەمێک گرژ بوون و لەگەڵ خاوبوونەوەیەکی ساردی بێتامدا، هەستی بە تەڕپیەکی لینج کرد و بە تەواوپی خاو بووەوە.

هەتا هەڵنەسایەوە سەرپێ و دوور نەکەوتەوە، سەرنجی نەدابوو کە ئەو ژنە بێ جووڵەیەی لە ژێریدا ڕاخرابوو، باڵێکی نییە. تەنانەت لە سەر برینە ڕەشهەڵگەڕاوە چرچەوەبووەکەیەوە خوێن و لینجاو هاتبوونە دەرێ. لە ئەوەش سەیرتر وا دەردەکەوت هەر ئێستا کە لە سەری بەرزبووبووەوە خوێنی لاڕانی و برین و ڕووشاوی سەر ئەژنۆی ببینێت.

یەک دوو هێڵنجی دا. خواردن و خواردنەوەی ئەو ڕۆژە لە پڕێکدا تا سەر سینگی هات و هەر فریای ئەوە کەوت بە پەلە بە دەستشۆرە زەردەهەڵگەڕاوە ژەنگگرتووەکە بگات. لە یەک دوو تەکانی ورگ خاڵیکردنەوەدا بەدەنی بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە هەڵ دەچوو. بارەکە لە ناو ناخی هاتبووە دەرەوە و ئێستا سواری کۆڵی بووبوو. بە لەپی هەردوو دەستی و بە ناوچاوان خۆی لە دیوارەکە گیر کردبوو.

پاش ئەو ڕشانەوەیە، لیکاوێکی زەرد بە دەمیدا دەهاتە خوار و بە دەزوولەپی بەرەو ناو دەستشۆرە پڕبووەکە شۆڕ دەبووەوە. قەدەرێکی پێ چوو تا خۆی بە ئەملادا وەرچەرخان.

بە دیوارەکەوە چەسپ بووبوو و بە گرژیی لە فریشتەی دەڕووانیی. بۆنی ڕشانەوەکەی تێکەڵ بە بۆنی چلکن و بۆوشک و بۆساردی ژوورەکە بووبوو و ئێستا بە باشی دەگەیشتە لووتی و وردەوردە هەراسانی دەکرد.

لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. بە ئەسپایی و بە ترسەوە تۆزێک پەردەی پەنجەرەکەی لادا و سەیرێکی دەرەوەی کرد. تاریک و نوتەک. هەورێکی تەنک ئاسمانی گرتبوو، کزەبایەک کە بۆنی بارانێکی هەناسەکورتی لێ دەهات، بە تەواوی هەروەک هەموو ئەو جارانەی کە لە سلێمانی دەیبینی و هەستی پێ دەکرد، هەڵی کردبوو.

چەند دەترسا و دڵەهۆرەی بوو ئەوەندەش شەرمی لە خۆی دەکرد. ناچار بوو گوێ لە ئەو دووانەی تر بگرێت. لە ئەوەبەر بۆ تاوانی زۆر گەورەتر گوێی لێ گرتبوون و ئێستا نەیدەتووانی شان بۆ داواکانیان هەڵ بتەکێنێت.

بە تانیەکی بە فریشتەدا دا و دڵی پڕ بوو لە گریان. لە ئەم لاوە کیسە بچکۆلانەکەی فریشتەی بینی کە زیاتر لە تورەکەیەک دەچوو. پریاسکەیەکی تیادا بینیەوە. پریاسکەیەکی چلک پێوە بووباردوو کە دوو وێنەی ماڵەوە و مستیلەیەک و نینۆککەرێکی تیادا بوو. دەفتەری تێبینیەکان لە ژێر فشاری هێنان و بردن و هەڵگرتندا لوول بووبوو.

ئەمانە بۆ ئەم هیچ مانایەکیان نەبوو، بەڵام وێنەکان هێندەی تریان ترساند. ئەو چاوانە بە ئەژماردتر دەبوون کە سەرنجیان دەدا.

دەفتەری تێبینیەکانی هەڵگرت و هاتە ئەم لاوە و بە دەم پێکردنی جگەرەیەکەوە بەرەو لای کورسیەکی نیوەداخوراو ڕۆیشت و لە سەری دانیشت.

لە هەستی پەشیمانیی و شەرمدا، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت بە ڕووتیی دانیشتبوو. چ وەک باڵا و چ وەک مرۆڤ خۆی بە بچووکیی دەبینیەوە.

بە خوێندنەوەی یاداشتنامەکە شپرزەتر بوو. تا باسی دایکی ئاغای وێژدانیشی بە خواروخێچیی تیادا بوو. پەڕەکان چرچ و لۆچ و چڵکن و لە هەندێک شوێندا خوێنی بواردوویان هەڵگرتبوو.

وشەکان تاک و تەرا و دوور لە یەک و مانانەبەخش بوون. وشەکان جارێک گەورە و جارێک بچووک، پچڕ پچڕ و بەریەک نەکەوتوو، بەڵام هەر ڕێبواری سەر ڕێگایان لەگەڵ کاروانی بارگرانی خۆیاندا سەرەوخوار و سەرەوژوور دەبرد. هەندێک جار لە بەر چاوی ئەمدا دەست و لاقیان یان لێ پەیدا دەبوو. دەستی یەکیان دەگرت و ڕایان دەکرد.کاڵ دەبوونەوە و گاهە هەوراز و گاهە نشێو لە بەر دەستی هەڵ دەهاتن. هەندێک جاریش لە ئەوە دەچوون بیانەوێت لە ناو خۆیان و لە سەر پەڕە چرچە شێواوە چڵکگرتووەکان ون بن.

لە دەرەوە بارانێکی هێمن هەر وەک ئاورشێن بکات یان فرمێسکی ئاسمان بێت بۆ زەوی، بە ئارامیی دەهاتە خوار. مەلەکان لە ناو گەرمیی دڵنیایی هێلینەکانیاندا سەر لە ژێر باڵی یەکتر لە خەوی کامەرانیی بێئاگاییدا بوون.

تا سەعات چواری بەیانی جگەرەی لە سەر جگەرەی دادەگیرساند. هەندێکیانی تا ئەو کاتەش مژ لێ دەدا کە ئیتر بۆنی فیلتەرێکی ئێسبێستی تاڵیچکە دەگەیشتە سەر زمانی و هەندێکیشیانی هەر پاش یەک دوو مژ بە پەنجەی ڕق و تووڕەیی لە ناو تەپڵەکەدا لوول دەدا و دەخنکاند.

دەفتەرەکەی فریشتەی خستبووە سەر ڕانی و بیری لە خۆی دەکردەوە. هێشتا تەمەنی نەگەیبوو بە بیست ساڵ جاشیەتیی کردبوو، خەڵکی بە گرتن دابوو، دزی کردبوو، پارەی

خەڵکی خواردبوو و بە دەیان و سەدان تاوانی دیکەی ئەنجام دابوو، بەڵام لە قووڵاپی دڵیەوە زەرەری کەسی نەدەخواست. نەیدەزانی چۆن یەکەم جار دەستی پێ کردووە و نەیدەزانی چۆن واز بهێنێت. دژی کەس نەبوو و نەیدەویست پیاوخراپیی بکات. حەزی نەدەکرد ئاوا ئاوارە و سەرگەردان بێت و بە درۆ و لە سەر درۆ بژی.

بە ئەسپایی مژی لە سیغارەکەی دەدا کە تازە پێی کردبوو و لە بەر خۆیەوە دەدووا: "دزی و درۆ. دزی و درۆ. دەستدرێژیی بۆ سەر خوشک و دایکی خەڵک و ئینجا خوا ئەزانێ چی تریش ئەکەم. خوایە گیان، مێشک قەیناکات، بەڵام بۆ وێژدانت لێ سەندوومەتەوە؟".

لە خۆی دەپرسی "تۆ بڵێی وێژدان سەرئەنجامی ئەقڵ بێت؟".

لە سەر کورسیەکە بە سەر خۆیدا تەپی بوو. بە گرانیی و بە نیوەپاڵکەوتنەوە سیغاری دەکێشا و دەیزانی خەوی لێ ناکەوێت. گوێی لە قسە بزرکاندنەکانی فریشتە بوو. ناوەکان کە فریشتە دەیبردن هەموویانی دوو جار و سێ جار بەر گوێ دەکەوتەوە. دەیزانی کەویار هەر لە ئەو ڕووداوەدا بووە و مردووە. دیار بوو خەون بە کەویارە دەبینێت. کەویار لەگەڵی دەدووا و پێکەوە قسەیان دەکرد.

بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ ئەو وشە پچڕ پچڕانە ڕادەگرت کە جار جار لە دەمی فریشتەوە بە دەنگێکی لاواز و گڕ و کپی چرپەوە دەهاتنە دەر.

فریشتە زۆر زۆر دوور لە ئەو ژوورە قەبزە بۆساردە، لە خەونێکی خۆشی شیرینی ڕەنگاوڕەنگدا لەگەڵ ناسکۆڵ و کەویار و خەزێم و بەفراو و ئەوانی تردا، لە ئاپوورەیەکی زەردوسووری بە ئاهەنگدا، لە دەوری ئاگرێکی گەورەی باڵابەرزی حاڵێهاتووی بە زیکردا کە دەست و باڵی بە هەموو لایەکدا فڕێ دەدا، وەستابوو. هەموویان بە دەنگێکی شادی بەرز قسەیان بۆ یەک دەکرد و بە شیرینیەوە لە یەکیان دەڕووانیی و پێ دەکەنین.

- حاجی بوش، ئەمەریکا حەیاتەکە هەموویمان بۆ چاک ئەکا.

شاری سنە، ١٩٩١/٦/٣، دووشەممە

بوومەڵێل خەریک بوو دەکەوت و زەمینەی وەدەرکەوتنی پرشنگە برسیەکانی تیشکی خۆر، وەک بێچووە کیسەڵە بۆ ئاو تینووەکان، بەرەو سەر زەمین بە ڕێوە بوون. هەردوو کابرا بە دەنگەدەنگ و پێ ڕابووواردن کوڕەیان بە ئاگا هێنا. لە ئەو دیو دەرگاکەوە و بە دەم گاڵتەپێکردنەوە لێیان پرسی "پێی ماوە یان نا؟". بە گرانیەکەوە کە بۆی نەدەشاردرایەوە وەڵامی دانەوە کە هەتا ئێستا کردوویەتی.

فریشتە هەر بە ئەو شێوەیەی دوێنێ لە سەر گازی پشت بوو.

هەر سێکیان پێکەوە چوون بۆ خواری. بە دەم ڕێگاوە جوێنیان بە ئەو بەیانیە دەدا کە پێیان وا بوو لە ساردیی و شێدا زیاتر لە پاییزێک دەچێت وەک لە کۆتایی بەهارێک. کاتێک گەیشتنە خوار جگەرفرۆشەکەی لای هوتێلەکەوە، خۆیان وتەنی یەکی دەبڵێک جگەر و گونیان داوا کرد. بە سەوزە و پیاز و نانی گەرمەوە تێی ورووکان. بە دەم بابۆڵەی گەورەگەورەوە کوڵەبنە لچ ئەستوورەکەیان بە کابرای برژێنەری دەگوت "ئێمە خەڵکی شارە حەیاتەکەین، دەبڵ لێی ئەیەین".

- بەڵێ قوربان، ڕاست ئەفەرموون.

- ئێمە ئەزانین چۆن لێی ئەیەین و چۆنی بخۆین.

قەپاڵی گەورەی لە بنەوە لە پارووەکە دەگرت. پارووەکە هێندە گەورە بوو کە بە یەک دوو پەنجە پاڵی ڕووەو ناو دەمی پێوە دەنا و دوو هاوڕێکەی پێی پێ دەکەنین. سێ چوار کەسی تر لە ئەملاوئەولاوە بە هێمنی و بێدەنگیی دانیشتبوون و خۆراکیان دەخوارد. بە ڕووخساری پرسیارییانەوە لێیان دەڕووانی.

- عافیەتان بێت... - کابرای برژێنەر پێی گوتن - .

ئەوەیان کە یەکەم جار قسەی لەگەڵ فریشتەدا کرد، بە دەم پاروولاندنەوە نەیهێشت کابرای برژێنەر زیاتر بڵێت:

- ئێمە بۆ ئێوەش ئەخۆین. ئێمە سەری ئەوەی ئێوەش بە قوڕا ئەکەین. وا سەری سەددامان خوارد، سبەی سەری ئەوەی ئێوەش ئەخۆین. بە سەری ئێوە هەموویی بۆ ئەکەین بە ئەو دیوا. ئەم جارە بێتەوە ئاو – دیوی ئەکەین.

"ئاودیوەکەیی" بە ئاماژەی سەر کرد و لەگەڵ گوتنی وشەکەدا سەری لە ئەم بەری شانی ڕاستیەوە بۆ ئەو بەری شانی چەپی خۆی فڕێ دا. بە دەم جووینەوە زاری هەر وا کراوەبوو و خواردنەکەی تیادا دیار بوو.

ئەوەی دووەمیان بە زاری پڕ لە خۆراک و بە دەستی پڕ لە بابۆڵەوە ڕووی بە لای هەموویاندا وەردەگێڕا و پێی گوتن:

- سوێند بە خوا گیان، حاجی بوش، ئەمەریکا حەیاتەکە هەموویما بۆ چاک ئەکا.

کابرای برژێنەر لە بەر ڕێزی میوانداری هەوڵی دەدا هاوکات لە هەر سێکیان بڕووانێت، دیار بوو زیاتر گوێی بۆ دەنگی ڕادیۆکە شل کردبوو. ڕادیۆی تاران پەیامی خۆی پەخش دەکرد:

"هێزەکانی ئەمەریکا و ئوروپا شاری دهۆکیان لە شیمالی عێراق خستووەتە ژێر دەستی خۆیانەوە و باسی چاککردنەوەی کارەبا دەکەن. دەگوترێت کە هەموو ناوچەکانی شیمالی عێراق دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. هاوکات نوێنەری بەرەی کوردستانیی کە بۆ دووەم جارە لە بەغدادن داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان دەکەن و رای دەگەیەنن کە هەموو شتێکیان لەگەڵ عێراق تەواو کردووە و دوور نییە تا سەرەتای هاوین دۆخی سیاسیی بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی. شایانی باسە نوێنەرەکانیان لە ئاستی زۆر بەرزدا گەش بینن. ئەوان هەروەها هەمیشە دۆستایەتیی نزیکی خۆیان لەگەڵ تاران پشتڕاست کردووەتەوە و سوپاسگوزاری تورکیان بۆ ئەوەی دەروازەی سنووری لە سەر کوردە هەڵهاتووەکان کردووەتەوە.

دەوڵەتی ئێران دەسخستنە ناو عێراق بە کارێکی خراپ دەزانێت و لە بەر ئەوە داوا لە کوردە عێراقیەکان دەکات کە ئەوان موسڵمانن و ئامۆژگاریان دەکات دەست نەخەنە ناو دەستی ئەمەریکاوە، چونکە لە دووایيدا ئەمەریکا پشتیان لێ دەکات و دۆستی کورد نییە. هەروەها ئێران داوا دەکات خەتێکی نەفڕینیش بۆ شیعەکان بکرێتەوە و رازی نییە ئەمەریکا دەستوەربداتە ناو کاروباری عێراقەوە ...".

کابرای کوڵەبنە کە بە باشیی گوێی بۆ رادیۆکە شل کردبوو و دیار بوو فارسیەکەی باش بوو، بە دەنگێکی بەرزی گیڤەوە ڕووی لە خەڵکەکە کرد:

- ئەیخا، بە سەری ئێوە دەستی تێ ئەخا و نۆرەی ئێوەش یەت.

کەس تووانجی نەدا و ڕادیۆکە چوو بۆ سەر باسی وڵاتانی تر و کێشەی تری جیهان. کابرای یەکەم کە ئەوە قەدەرێک بوو خواردن و سەوزەی بۆ فریشتە دانابوو، لە کۆڕە گەنجەکەی خۆڕی کە هەستێت و بە ڕاکردن بۆی ببات. ئینجا بە دەنگێکی نزم پێی گوتن:

- دووایی ئەیبەین بۆ لای گەڕاجەکە و بەرەڵای ئەکەین.

کۆڕەگەنجەکە بە ڕێگاوە بیری لە ئەوە دەکردەوە کە دووای خواردنەکە هەندێک پارە لە هاوڕێکانی بسەنێت و بە دەستی خۆی فریشتە بباتەوە بۆ سلێمانی. هەر لە خۆیەوە دڵنیا بوو فریشتە گوێی لێ دەگرێت و ئەم دەیگەیەنێتەوە.

کاتێک گەیشتە سەرەوە و دەرگای ژوورەکەی کردەوە فریشتە چۆن بەجێهێڵرابوو هەر بە ئەو شێوەیە مابووەوە و نەبزووا بوو.

خواردنەکەی دانا و چووە تەنیشتی. دەستی فریشتەی خستە ناو دەستی خۆی. ساردیی دەستی ترساندی. دەستی فریشتە سارد و ڕەق و جیر و قورس بوو.

هەرگیز دەستێکی وا سارد و گرانی مرۆڤێکی لە دەستی خۆیدا هەست پێ نەکردبوو. تۆزێک بە ئەسپایی جوولاندی و بانگی کرد. دەستێکی بە ئارامیی بە ناوچاوان و قژیدا هێنا، بەڵام


فریشتە دەنگ و کاردانەوەی نەبوو. قژی هەروەک دوێنێ بە ژاکاوی و ئاڵۆزکاوی بە هەر چواردەوری خۆیدا بڵاو بووبووەوە. دەموچاوی زەردهەڵگەڕابوو و پێستی لەشی وشکبووبووەوە و بەرەو ڕەشداگەڕان بەڕێوە بوو. چاوەکانی بە نەرمیی کەمێک کرابوونەوە و دەیڕووانیە بنمیچەکە.

کوڕە لە ترسان بەهەناسەبڕێ کەوت و هەناسەی سوار بوو.

ژوورەکە هەندێک ڕووناک بووبووەوە. خۆر لە پشت و لە نێوان هەورێکی تەنک، بەڵام چڵکن و بۆرباوەوە، خەریک بوو سەری دەر دەهێنا. دیار بوو بە شەرمەوە بە سەر زەمینی پڕ تاواندا هەڵ دێت.


"خۆم چۆن بڕوا بەکەم؟ لەرزداری وەڵامەکەم. لەنما باوەڕێك خاوەنیم لەوەیە کە
شارستانیەکەمان بن مانایە و لە هەر شتێکیش بن مانا تر لەوەیە کە لەمە بە گشتی بدانی
بیادا نانرێت"

ئولۆف لاگەرکرانتز
"Min Första krets" بازنەی یەکەمم
چاپی ساڵی 1982



تارمایی هەڵەبجە

بۆ ئەوانەی
لە دەردی غوربەتی نالی
و
لە خەمی دڵی سالم
دەگەن.

ڕێبوار ڕەشید



١

١. نەخەڵەتابی قسەی ناشیرین و بێ سەر و بن بە دایک و خوشکم بڵێی

سلێمانی: تووبیەلیک، چوارشەممە ١٩٩١/٤/٣٠

سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ بوو. وزەوژ و دەنگ و هەرا تێکەڵ بە گرمەگرمە هەمیشەییەکی شار بوونبوو. هۆزنی ئوتومبێلەکان لە جاران خێراتر و ناشارتر و پترتر لە دوورەوە دەگەیشتنە گوێ. دەنگی جۆراوجۆری بڵندگۆی مزگەوتەکان لە نێو هاژەهاژەکەدا دەتوایەوە و سەدای ناڕامی دەنگەکان باڵی بە سەر شاردا کێشابوو. لە نزیک گەرەکی ئەمانیشەوە هەڵبەخەڵبێکی ناقۆڵا تا دەهات زیاتر دەبوو و زۆرتر پەرەی دەستاند. شەقەی باڵەفڕکێ و باڵەتەپەی بەردەوامی پاسارییەکان کە هەر بە هەوادا دەهاتن و دەچوون و نەیاندەتوانی ئۆقرە بگرن سەرنجی مرۆڤەکانی جارێک دوور و جارێک نزیک فرێدەدا. دانیشتوان لە ماڵ دەهاتنە دەر و بێ ئاوەڕدانەوە ملی ڕێگەیان دەگرت. لە کۆڵانەکانەوە جۆگەی بە پێچ و دەوری خەڵک ڕێچکەیان بەستبوو پەیتا پەیتا دەڕژانە شەقامەکانەوە.

ئەم ڕاوەستابوو و ماتەمێکی سەیر دایگرتبوو.

هەرچەندە ئازاد پێش ئەوەی بروات داوای لێبوردنی لێ کرد، بەڵام ئەم هەر ئەوەندەی مەلی خەیاڵی بە ڕووداوەکەی بەیانییەوە بگیرسایەتەوە یەکسەر قوواڵیە هەنسکی گریان لە سەر سنگ و گەرووی نۆرە بڕیبان لە یەک دەکرد و فرمێسکی قەتیسماوی گەرمیان دەزانده چاو. ژانێکی گورچکبڕ خۆیی تێ دەنااڵند و جێی خۆیی لە ناخیدا خۆش دەکرد.


لەوە نەدەچوو ئەم جارەیان لە ئازاد ببوورێت.

تا ئێستا دەیان جار لێی بوری بوو.

یەکەم جار ئازاد لێیدا تەنیا مانگێک بوو گواستبوویەوە. ئەم بە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی خۆیی دادەنا. هەرە هێوجرە بچکۆلەکەی نەبێت کە نۆ ساڵانە بوو و دڵی پر بوونبوو لە گریان، باقی خێزانەکە لێیان دەدا. یەکێک پرچی ڕادەکێشا، ئەوی تر زڵەی لێدەدا، یەکێکی تر نووکەشەقی تێهەڵدەدا، دەستێک نووقوڕچی نوند و دەستێکی تر مستەکۆڵەی قورس و باسکێکیش سیخورمەی خێرا خێرا.

ئازاریک بروسکەیی، ئازاریک بە پێچ و ئازارێک خاو، بەڵام پتەو، بە هەموو نەندامێکی لەشیدا تێپەڕدەبوون و ماوەیان نەدەدا ئەگەر بۆ چرکەساتێکیش بوو بێت بەرمنگاری یەکێک لە ئازارەکان بێتەوە. هەر خۆی ڕادەپسکاند و بە دەم ڕۆیشتێکی ناپێناوە لە سووچێک دەگەڕا تا تێیدا کوشکەڵە بکات، بەڵکم ماندوو بێ و دەستی لێهەڵگرن.

ئازارەکان ئاوڕیان بۆ هێنابوو، بەڵام دەمی خۆیی گەیاندبووە کلیلە و نەیدەهێشت. نووزەش لە دەمی بێتە دەرێ، بە هێواشیش دەڕۆشت و هەنگاوەکانی بە پاڵە نەدەنا. نەیدەویست لە بەردەمیاندا بگری. نەشیدەویست لە بەردەستیاندا هەڵبێت و قیژی ئەوەیان بکات دوای بکەون.



The Shadow of Helebce
(Tarmayi Helebçe)
By: Rébwar Reshid


First published 1998 in Sweden.

All rights reserved. No part of this publication may be reproduced, stored in a retrieval system, transmitted or utilized in any form or by any means, electronic, mechanical, photocopying, recording or otherwise, without permission in writing from the author.
It shall not , by way of trade or otherwise, be lent, re-sold or hired out, without the author's permission.

All the characters in this book are ficitious, and any resemblance to actual persons, living or dead, is purely coincidental.

Copyright © by Rebwar Reshid.
ISBN 91- 630 - 6429 - 4

تارمایی هەڵەبجە


The
Shadow of
Helebce
Sha struggles for her life in a war-torned colonized country, in a middle of a tough man-dominated society, under the very harshness of war, hunger, cold and the mercy of an unknown deadly destiny:
The Shadow of Helebce.
Rêbwar Rashid